# بزاڤی بارزانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بزاڤی بارزانی


## د. فەرەیدوون نووری





ناوی کتێب: بزاڤی بارزانی
نووسەر: د. فەرەیدوون نووری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٣٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگریی: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

**پێشکەشە**:

بە گیانی پاکی دایکم کە لە رۆژگارێکی ئەستەمدا
بەتەنیا پێی گەیاندم.

# پێشەکی

دوا بە دوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە هۆی رینسانسەوە شێوازی دەسەڵاتیان لە رۆژئاوا بە شێوەیەکی بەرفراوان بە قازانجی بە هێزبوونی دەوڵەتانی نەتەوەیی گۆڕی، وردە وردە سەرەتاکانی پێوەندی و تەعامول لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دەستی پێکرد. یەکێک لە سەرەکیترین ئاکامەکانی ئەم پێوەندییانە بەدیهاتنی روانگەیەکی نوێی هزری و رامیاری لە پێش چاوی خەڵکان و تاڕادەیەکیش دەسەڵاتدارانی ناوچەی رۆژهەڵات بوو، چونکە بە هۆی ئەو پێوەندی و پێکدانانە بوو کە گەلانی رۆژهەڵاتی لەگەڵ شێوازی نوێی رامیاری و ئابووری و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی هزری و کەلتووری و زانستی کە بەرهەمی رنیسانس بوون ئاشنابوون.

لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێ کە پێش لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئوروپائییەکان لەگەڵ گەلانی رۆژهەڵاتدا کێشەی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان کە ئەمڕۆ بۆتە گرنگترین کێشەی وڵاتە بەربڵاوەکانی رۆژهەڵات کە چەندین گەلی جیاواز و جۆراوجۆریان بە کەلتوور و مێژوو و ئاواتی تایبەتەوە لە نێو سنووری سیاسی دەسەڵاتێکدا کۆکردووەتەوە شوێن و پێگەیەکی ئەوتۆی لە قامووسی سیاسەت و لە نێو رەوتی بڕیارە گرینگەکانی ئەو وڵاتانەدا نەبووە. بە کورتی پەرەساندنی رادەی گرنگی کێشەی کەمینەکان زیاتر لە هەموو شتێک دەرئەنجامی سەرهەڵدانی مەکتەبێکی هزرییە بەنێوی ناسیونالیزم کە ئەویش بۆ خۆی یەکەم جار لە رۆژئاوا سەری هەڵدا.

ناسیونالیزم و نەتەوەگری هۆکارێکی گرنگ و بەهێز بوو کە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندن و تەکامولی هەمەلایەنەی خۆی بوو بە هۆی لاوازبوون و دامرکاندنی دەسەڵاتی بەرفراوانی مەسیحیەتی سەر بە کلیسای ناوەندی و پاپا لە نێو حکومەتان و دڵی خەڵکی رۆژئاوادا. لە واقیعدا سەرهەڵدانی وەک شنەی شەماڵی گیانبەخشی مۆمی تازە هەڵکراوی ئازادی دەهاتە ئەژمار کە لەگەڵ خۆیدا موژدەی ئازادی و سەربەستی گەلانی ئوروپای لە ژێر تەوقی دەسەڵاتی کلیسا و رێبەرانی پاوەنخوازی ئایینی بە کۆمەڵگای



رۆژئاوا بەخشی و بوو بە دەستپێکی دانانی بەردی بناغەی دەوڵەت و حکوومەتانی چکۆلە بەڵام خاوەن هێزی نەتەوەیی.

هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی ئەو جۆرە سیستەمە و گەشەکردنی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی دەوڵەتانی نەتەوەیی ناسیونالیزم لە سێبەری پێوەندی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا سنووره جوگرافییەکانی بەزاند و وردە وردە بوو بە کەرستەیەک کە لە کاتی دروستبوونی ئاڵۆزی لە نێوان دەوڵەتانی رۆژئاوایی و دەسەڵاتی رۆژهەڵاتدا رۆژئاواییەکان بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم نەیارانی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەردەگرت و دەسەڵاتی رۆژهەڵاتیان تووشی مەترسی جیدی دەکرد.

لە نێو تەواوی کەمینە و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەی کورد بە هۆی پێگەی جوگرافیایی و مەوقعیەتی ژێئۆپۆلتیکی و ئیستراتیژیکی کوردستانەوە و هەروەها بەهۆی مێژووی تایبەت و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی گەلی کورد کە هەنوکە گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتی دونیا دێتە ئەژمار و دۆخی نالەباری سیاسی و پێکهاتەی جۆراوجۆری جەماوەری و وەزعی جوگرافیایی سروشتی و ئیسناسی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردی تێدا دەژیت و... خاوەنی گرنگی تایبەتە. ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم سەرەتای لە دایکبوون و سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردە لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی هۆکارەکانی پەرەسەندن و گەشەی رەوتی ئەم دیاردەیە بە خوێندنەوە و چاوپێخشاندن بە سەر هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەک لە دوای یەکەکانی سەد ساڵەی رابردووی مێژووی کورد بەباشی دێتە بەرچاو.

هەر چەند ئەم سەرهەڵدان و شۆڕشانە کەلانی کەم بە پێی ئیدعای رێبەران و پێکهێنەرانی سەرەکی خۆیان بۆ دابینکردنی مافی رەوای گەلی کورد لە بارودۆخ و زرووفی جیاوازی مێژووییدا پێک هاتبوون بە ئامانجی سەرەکی خۆیان نەگەیشتن و لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێ هۆکاری ناوەکی و دەرەکی تووشی هەرەس هێنان و دامرکان بوون. بەڵام بێ گومان لە بەرزکردنەوەی دەنگی گەلی کوردا و خستنە سەر باسی کێشەی کورد وەک گرنگترین مەسئەلەی دەوڵەتانی ئێران، تورکیە، سوریا و عێراق و لە ئاکامدا لە راکێشانی بیروڕای گەلانی ئازادیخوازی جیهان بۆ سەر مەسائلی کوردستان و بەئاگا هێنانەوەی جەماوەری جیهانی لەو واقعانەی کە لە کوردستاندا روویان دەدا کاریگەریی هەرە گرنگیان هەبوو.

بە هۆی کاریگەریی بەرچاوی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی گەلی کورد لە سەر

بەهێزتربوونی بیرۆکەی ناسیونالیزم کە خۆی بۆ خۆی هۆکاری سەرەکی ئەم سەرهەڵدانانە دەهاتە ئەژمار و رۆڵی ڕێبەرانی کورد لە هیدایەت کردنی ناڕەزایەتی گەلی کورد دژ بە سیاسەتی دوور لە دادوەری حکومەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست راڤەکردنی گۆڕانکارییەکانی مێژووی رامیاری و کومەڵایەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ لە بەرچاوگرتنی کاریگەریی سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی گەلی کورد لەسەر سیاسەتی ئەقلیمی دەوڵەتەکان و پێکهاتنی موعادلاتی سیاسی ناوچە ئاکامی زانستییانە و ڕێکوپێکی لێ ناکەوێتەوە و دەبێتە هۆی بەهەڵەداچوونی ئەو پسپۆڕ و توێژەوانانەی کە بیانەوێ مێژووی هاوچەرخی ئەم ناوچەیە بخەنە سەر تەرازووی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە.

سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی ئەو کێشەیەی کە ئەمڕۆ بە کێشەی کورد ناوبانگی دەرکردووە دەگەڕێتە وە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی دەورانی دەسەڵاتداریی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە ئێران بە نێوی شەڕی چاڵدیران کە لە ساڵی ٩٢٠ھ - ١٥١٤م لە گۆڕەپانێکدا بە هەمان ناو لە نێوان لەشکری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سوپای شا ئیسماعیلی سەفەوی رووی دا و بە هۆی هەرەسهێنانی سوپای سەفەوی بەشێکی زۆری جوگرافیای کوردستان لە خەریتەی سیاسی ئێراندا برا و لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا.

چوار سەد ساڵ دواتر لە درێژەی ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەکەدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاوکات لەگەڵ کۆتایی شەڕی عالەمی یەکەمدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تووشی داڕمان بوو و هەڵوەشایەوە. لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە گرنگەدا زۆربەی گەلانی ژێردەسەڵاتی عوسمانیدا توانییان بەهاوکاریی وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی جیهانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزرێنن. تەنیا گەلی کورد نەبێت کە نەتەنها دەیتوانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێک بێنێت. بەڵکو وڵاتەکەی بە سەر سێ دەوڵەتی تازە پێکهاتووی تورکیە، عێراق و سوریادا دابەش کرا و بەو شێوەیە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی کە لە رووی یاسای ئیدارەی دەوڵەت و کەلتووری کۆمەڵایەتی و شێوازی دەسەڵاتداری پێکەوە جیاوازی بەرچاویان هەبوو.

ئەم ڕووداوانە بێگومان لە چارەنووسی گەلی کورددا کاریگەری تایبەتیان پێک هێنا، چونکە کوردەکان کە بە هۆی ئەم ڕووداوانەوە لەیەک دابڕابوون وردەوردە لە پانتایی زەماندا بەهۆی زەختی دەسەڵاتی ناوەندی حکوومەتەکانی ناوچەوە چوونە ژێر کاریگەری کەلتووری حکومەتی ناوەندی و تا رادەیەک لەگەڵ هاونژادانی خۆیان لەودیوی سنوورە



سیاسییەکانەوە جیاوازییان تێدا بەدی هات.

هەر بەهۆی کارتێکردنی بەهێزی (ساختاری) رامیاری وڵاتانی جۆراوجۆر بوو کە لە دایکبوون و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا لە کات و سات و مەودانی زەمانی جیاوازەوە بەرچاو دەکرێت بۆ نموونە لە کوردستانی ئێران نزیکەی نیو سەدە دواتر لە ناوچەی کوردنشینی تورکیا بزووتنەوەی کوردی سەری هەڵدا و پارتی سیاسی کوردی بە پرەنسیڤی حیزبی ڕێکوپێک لە دایک بوو کە ئامانجی سەرەکی ڕێبەران و ئیستراتیژی پارتەکە پەرەپێدانی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی بوو، کە ئەویش بۆ خۆی بەرهەمی سروشتی بەرەنگاری لە بەرامبەری سیاسەتی ناعادلانەی پەهلەوی ئەوەڵ دژ بەگەلی کورد بوو کە هەندێ هۆکاری ناوچەیی و نێو دەوڵەتیش لە پەرەسەندنیدا کاریگەر بوون.

دیارە یەکەم شوێنی لە دایکبوون و سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کورد لە هەموو رەهەندەکانی خۆیدا کوردستانی بن دەستی ئیمراتۆریەتی عوسمانییە، کە ئەم پرۆسەیە بەرهەمی جیاوازی سروشتی نێوان کورد و تورکە کە تەواوی بوارەکانی نەژادی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویدا و هەروەها دژ کردەوەیەکی مەنتیقی بوو لە بەرامبەری سیاسەت و روانگەی میلیتاریستی دژە مرۆڤانەی دەرباری سەلاتینی عوسمانی بە نیسبەت گەلی کورد و هەروەها هەوڵێکی وشیارانەی کوردەکان بۆ دەرباز بوون لەژێر گوشاری دامرکێنەری ئیستراتیژیەتی شوێنی تورکەکان کە ئارام ئارام لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا پێکهات و دواتر باقی ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەبەر و هاوکات لەگەڵ تێپەڕبوونی زەماندا وەها پەرەی سەند کە دەیان ساڵە بووتە یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

شەڕی عالەمی یەکەم بە پێچەوانەی باقی گەلانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی عوسمانی بوو گەلی کورد دەرئەنجامی نێگەتیڤی زۆری لێ کەوتەوە و بوو بە هۆی دابەشبوونی دووبارە و لێکدابڕانی زیاتری خەریتەی سیاسی کورد کە لە چاڵدیران بۆ جاری یەکەم لێکترازا بوو.

سیاسەتی شوونیستی و سەرکوتکەرانەی تورکانی وارسی عوسمانی بووە هۆی گوشاری زیاتر لەسەر کوردی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی تورکیا هەر بۆیە دەکرێ بگوترێ ناسیونالیزمی کورد سەرەتا دەرەنجامی بڕبڕەکانی گەلی کورد بوو دژ بە سیاسەتەکانی ڕێبەرانی تورکیە کە بۆ بەرگریکردن و پاراستنی شوناسی گەلی کورد سەری هەڵدا.

عێراقی نوێ یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە ئاکامی شەڕی عالەمی یەکەم لە ژێر

کاریگەری سیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵاتی جیهانی بە تایبەت (ئینگلیز) بە شێوەیەکی دەستکرد لە پێکەوەنانی دوو نەتەوەی سەرەکی جیاواز (عەرەب و کورد) و چەندین نەتەوەی تری وەکو تورکمان و کلد و ئاشووری و... پێکهاتووە بە پێی مێژووی رابردووی ئەم وڵاتە حەق و مافی گەلی کورد لە پێناو بەختەوەری نەتەوەی فرمانڕەوادا (عەرەبی سونە) قوربانی کراوە و هەڵبەت باقی دانیشتوانی تری عێراق بە تایبەت عەرەبی شیعە بە درێژایی مێژوویی ئەو وڵاتە وەکوو گەلی کورد تووشی چەوسانەوە و ئازاری زۆر بوون بەڵام ئەوەی کە لێرە دەمانەوێ بیخەینە بەرباس و لێکوڵینەوە راڤەکردنی رەوتی ناسیونالیزمی کوردە لە عێراق و ڕۆلی بنەماڵەی بارزانی بەتایبەت مەلا مستەفای بارزانییە.

ناسیونالیزمی کورد لە عێراق کە پاش دروستبوونی خەریتەی دەستکردی ئەو وڵاتە لەلایەن حکوومەتی بەریتانیاوە سەری هەڵدا بەرهەمی جیاوازی و دووبەرەکی ئاشتی هەڵنەگری نێوان کەلتوور، زمان، نەژاد، مێژوو، ئادابی کۆمەڵایەتی و... نێوان دوو گەلی کورد و عەرەبە کە بە هۆی هەوڵ و تێکوشانی پاوانخوازانەی نەتەوەیی فەرمانڕەوا بۆ رێگەنەدان بە بەشداری کردنی کوردەکان لە بازنەی دەسەڵاتی سیاسیدا گەشەی کردووە و پەرەی سەندووە. جگە لەوەی کە باسمان کرد، هۆکار گەلێ تری دەرەکی و ناوەکی وەک وەزعی جوگرافیایی عێراق و دەستێوەردانی دەوڵەتانی گەورەی وەک یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە جاروبار بەرژەوەندییەکانی لە ناوچە و لە عێراق لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی بەریتانیا. کە لە ژێر سێبەری سیستەمی (قیومیت) سەرپەرشتیاریدا دەستی بەسەر کیانی سیاسی، کەلتووری، ئابووری و نیزامی عێراق راگرتبوو. یەکیان نەدەگرت و هەروەها پەرەسەندنی رادەی گوشاری سیاسی و نیزامی لە سەر گەلی کورد لەلایەن دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کە هەمویان سیاسەتێکی توندڕەوانە و ڕەگەزپەرستانەیان پەیڕەو دەکرد و... سەرجەمی ئەو هۆکارانە بوون کە کوردستانی عێراقیان کرد بە کانگەی دووەمی ناسیونالیزمی کورد لە سەراسەری سەدەی بیستەمدا و هەر لەو ناوچەیە بوو کە رێبەرانی وەک شێخ مەحموودی حەفید و خانەدانی بارزانی سەریان هەڵدا و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییان بە درێژایی دەیان ساڵ دژ بەدەسەڵاتی داگیرکەری عوسمانی و پاشان بەریتانیا و حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ڕێبەرایەتی کرد و مێژووی هەشتا ساڵەی رابردووی عێراق و کوردستانیان کرد بە گۆڕەپانی بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد.



قەیرانی کوردستانی عێراق هەر لە سەرەتای پێکهاتنی ئەم وڵاتەوە لە پانتایی جوگرافیای ناوچەدا سەری هەڵداوە و تاڕادەیەک پەرەی سەندووە کە کێشەی کورد دائم یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی دەوڵەتی ناوەندی عێراق بووە. بە جۆرێ کە هەمیشە زەین و مێشکی تەوای رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی حاکمی عێراقی داگیر کردووە، ئەو دەوڵەت و حکومەتانەی کە برێکیان بەهۆی ناتەوانی لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردستاندا فەشەلیان هێناوە و تووشی دارمان بوون، هەرگیز نەیانتوانیوە و یا نەیان ویستووە رێگەچارەیەکی راست و گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقعی کێشەی کورددا بگرنە بەر و هەردەم هەوڵیان داوە لەباتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ڕێزگرتن لە مافی ئەو گەلە و جێبەجێکردنی داخوازییە ڕەواکانی رێبەرانیان ئەسلی کێشەکە پشتگوێ بخەن و لێی نەکۆڵنەوە. پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادانی فراوان و خوێن ڕشتنی بەرفراوان لە نێوان کورد و دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵات لە عێراق بە جۆرێ کە کوردستانی عێراق لە هەشتا ساڵی رابردوو یەکێک لە پڕ ئاژاوەترین ناوچە خوێناوی و قەیراناوییەکانی جیهان بووە. سەرەڕای ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە و کاریگەری وەزعی ئەو کوردستانی عێراق لەسەر بارودۆخی ناوچەی رۆژهەڵات تا ئێستە بە شێوەیەکی جدی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراق نەخراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە هەر بۆیە بەشی هەرەزۆری هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی قەیران لەو ناوچەیەدا نادیارن و بیروڕای گشتی جەماوەری رۆژهەڵاتی ناوین و دونیایش لە رەوتی واقیعی زۆرینەی رووداوەکان ئاگادار نین. هەوڵدان بۆ دیراسەکردن و خوێندنەوەی دووبارەی بەشێک لە رووداوەکانی بزاڤی نەتەوەیی گەلی کورد لە عێراق و ڕۆڵی بارزانییەکان لە گۆڕان و پەرەپێدانی ئەم بزاڤەدا دەتوانرێ هەنگاوێک بێت هەرچەند چکۆلە بۆ ڕۆشنکردنەوەی هێندێ حەقایقی بەشی لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە عێراقیدا و دەکرێت لە داهاتوودا بەشێوەیەکی جیدی کاری لەسەر بکرێت.

ئەوەی کە لە بەردەستی خوێنەری بەڕێزدایە لە واقیعدا دەقی بڕوانامەی زانستی نووسەرە کە لە پاییزی ١٣٨١هـ./٢٠٠٢ لە زانکوێ بەهەشتی تاران وەک یەکەم بڕوانامەی زانستی ماستەر لەسەر مێژوویی گۆڕانکارییە ڕامیارییەکانی کوردستانی عێراق و ڕۆڵی بارزانیی نەمر لە بزاڤی نەتەوەیی کورددا پێشکەش بە دەستەی باڵای توێژینەوەی زانستی بەشی مێژووی هاوچەرخ کراوە.

نامەوێ بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو تەنگوچەڵەمانە بکەم کە لە ماوەی نووسینی ئەم

بڕوانامەیەدا تووشی بووم چونکە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە سەرەتایەک بوو بۆ دەستپێکردنی بزاڤێکی خوێندکاری زانستییانە و ئەکادیمیک کە بووە هۆی دیراسەکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردی و دەیان بڕوانامەی باش لەسەر مێژوو، ئەدەبیات، کەلتووری نەتەوەیی کورد، بزاڤی نەتەوەیی و جوگرافیای کوردستان و... لەلایەن خوێندکارانی هێژای کوردە و هاتە نووسین و بەشێک لە شووناسی نەتەوەیی گەلەکەمان بە شێوەی زانستی خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی ئێرانی و کاریگەری تایبەتی کردە سەر گۆڕینی رادەی تێگەیشتنی مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارانی بەشە جیاوازەکان لە مەسئەلەی گەلی کورد کە خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی یەکجار گەورەیە و لێرەوە بۆ هەموو ئەو خوێندکارە هێژایانە هیوای سەرفرازی و سەرکەوتن دەخوازم.

ئامانجی سەرەکی ئەم نووسراوە وێڕای هەوڵدان بۆ روون کردنەوەی زانستی بەشێک لە مێژووی جوولانەوەی کورد لە کوردستانی عێراق ڕاڤەکردنی شوێن و پێگەی بنەماڵەی بارزانییەکانە بەتایبەت مەلا مستەفای نەمرە لە گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و عێراقدا هەر بۆیە هەوڵ دراوە مێژووی پڕ لە هەورازی ئەم بزاڤە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا دوارۆژی ژیانی مەلا مستەفا بە لەبەرچاوگرتنی هۆکار و شەرایەتی پێکهێنەری دیراسە بکرێت.

سەبارەت بەو کتێب و وتار و بابەتانەی کە لەسەر کێشەی کورد و بزاڤی بارزانی پێشتر نووسراون دەبێ بگوترێ زۆربەی ئەو کتێبانە یا لەلایەن نووسەرانی بیانی (ئورووپی و رووسی) و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوایی دۆستی کوردەوە نووسراون و پاشان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی کە لەوانە دەتوانرێ بە بەرهەمی بە نرخی کەسانی وەک کۆچێرا، جاناتان رندل، دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی، لازاریف، درک کنیان، ئادموندز، رابرت اولسن، نیکتین، مینورسکی، دینتەر گویشتەر و... ئاماژە بکرێت. ئەگەرچی بەشێکی گرنگی مێژووی گەلی کورد بەتایبەت لە سەدەی ڕابردوودا لە دوو توێی بەرهەمی ئەم کەسایەتییانەدا خۆی دەبینێتەوە و بەبێ چاوخشاندن بەسەر ئەم بەرهەمانەدا ڕاڤەکردنی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد ئەنجامی زانستی لێ ناکەوێتەوە بەڵام دەبێ بگوترێت کە زۆرینەی ئەو کەسایەتییە بیانییانە کە لەسەر مەسئلەی کورد کتێبیان نووسیوە یان نوێنەری سیاسی وڵاتانی خۆیان بوون لە ناوچەکەدا و یا ڕۆژنامەنووس و هەواڵگری ئاژانسەکانی هەواڵنێری بوون هەر بۆیە دەبێ بۆ کەڵک وەرگرتن لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانەدا ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەوان بەرژەوەندی



دەوڵەت و گەلی خۆیان هەردەم لەپێش چاو گرتووە و ئەم ڕاستییەش بێ گومان کاردانەوەی کردۆتە سەر تێڕوانینی ئەوان بۆ کێشەی کورد.

بەشێکی تری ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر مێژووی کوردستانی عێراق نووسراون لەلایەن هێندێ کەسایەتی سیاسی و زانستی گەلی کوردەوە نووسراون کە زۆربەیان لە ئەندامان و کادیرانی ڕێبەرایەتی پارت و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانن و هەرکامیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە چاو لە رووداوە مێژووییەکان دەکەن و بڕێکیان بیرەوەرییەکانی خۆیانیان لەگەڵ ڕوانگەی تایبەتدا لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان تێکەڵ کردووە و کە لە ناویاندا دەکرێ ئاماژە بە کتێب و بەرهەمەکانی کەسانی وەک کاک مسعود بارزانی، رەفیق حلمی، دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد، دکتور قاسملو، حوسەین مەدەنی، کەریمی حیسامی، مامۆستا عەلائەدین سەجادی، مامۆستا ڕۆژبەیانی، عەلی عەبدوڵلا، نەوشیروان مستەفا ئەمین، دکتور شێرکۆ، وەلید حەمدی، غەنی بلوریان و عەبدوڵلا ڕەسولی پشدەری و دەیان بەرهەمی تر بکرێت. سەرجەمی ئەم بەرهەمانە لە خاڵێکی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە ئەویش ئەوەیە کە لە دیوی نیوی ڕووداوەکانەوە هەڵقولاون و زۆربەی هەرەزۆری ئەو لایەنانەی کەوا نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی بیانی باسیان نەکردووە لەم بەرهەمانەدا بەدی دەکرێت.

بەشێکی تری سەرچاوەکان ئەو کتێب و وتار و بابەتانەن کە لەم دواییەدا لە لایەن خوێندکارانی کورد و غەیری کوردی زانکۆکانی کوردستان و وڵاتانی ناوچە و جیهانەوە لەسەر کێشەی کورد هاتوونەتە نووسین کە هەموویان بەشێوەی کتێب، بڕوانامە و وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی لە شوێنی خۆیاندا بایەخی تایبەتییان هەیە.

لێرەدا بەئەرکی خۆم دەزانم سوپاسی تەواوی ئەو خۆشەویستانە بکەم. چ ئەو بەڕێزانەی کە بەختی کەڵک وەرگرتن لە بەرهەمەکانیانم بۆ ڕەخسا چی ئەو کەسانەی کە بەرهەمەکانیان بەدەستی ئێمە نەکەوتن سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەمووی ئەو کەسانە دادەنوێنم کە لەم ڕێگەیەدا پێش ئێمە هەنگاویان هەڵگرتووە و چرای ئاوڕدانەوە لە مێژووی گەلەکەمانیان هەڵکردووە.

ئەم پێشەکییە نابێ بەبێ ئاماژەکردن بە هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستای تێکۆشەر و ڕۆشنبیری ماندوونەناسی گەلەکەمان بەڕێز **کاک بەهرامی وەڵەدبەگی** سەرۆکی ئەنەستیوی کورد لە تاران کە لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە و هەتا سپاردنی بەچاپ

بەردەوام یارمەتی داین کۆتایی بێت، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. سوپاسی بیر و هەستی جەنابییان دەکەم.

ڕێنمایی مامۆستایانی پسپۆری بەشی مێژووی هاوچەرخی زانکۆی بەهەشتی تاران بەتایبەت دکتور عەلی ئەسغەری موسەدیق و دکتور کەریمی سولەیمانی لەبیر ناکەم. بەبێ ئامۆژگاریی دڵسۆزانە و حەکیمانەی مامۆستای خۆشەویست و پسپۆری لێهاتووی کورد **دکتور وەهابی وەلی** کە بەدەیان جار لە بیر و بۆچوون و ڕێنمایی بەڕێزیان بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانم کەڵکم وەرگرتووە ئەم توێژینەوە بەئەنجام نەدەگەیشت پڕ بەدڵ سوپاسی بەڕێزیان دەکەم هەردەم خۆم بەقوتابی جەنابییان دەزانم. زەحمەتی هەردوو بەڕێزان کاک پەیمانی کاکە برایی و خاتوو ئازینی وەڵەدبەگی کە ئەرکی ئامادەکردن و تایپی مەتنی فارسی ئەم نووسراوەیان گرتە ئەستۆ لە بیر ناکەم و هەروەها. لوتف و زەحمەتی برای بەڕێز جەنابی کاک بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس و سەرجەم کاربەدەستانی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیری و کەلتوورییە جێگای ڕێز و سوپاسی ئێمەیە.

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ نووسەر بەهیچ شێوەیەک بڕوای بەوە نییە کە ئەم کتێبە هەڵە و کەموکورتی تێدا نییە بەڵکو لە عەینی حاڵدا خوازیاری ئەوەیە کە خوێنەرانی هێژا و پسپۆرانی بواری مێژووی بزاڤی بارزانی بەناردنی بیر و ڕای زانستی خۆیان لە دەوڵەمەندکردنی نێوەڕۆکی زانستی ئەم بەرهەمەدا بۆ چاپەکانی داهاتوو یارمەتیمان بدەن.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم کتێبە لە دووبارە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی زانستی بەشێک لە بزاڤی بارزانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت و هەنگاوێک بێت بۆ هاندانی نەوەی نوێ بۆ سەرلەنوێ دیراسەکردن و ڕاڤەی مێژووی گەلەکەمان چونکە بەڕاستی هەر **گەلێ مێژووی ڕابردووی خۆی بەباشی نەزانێ و پێگەی هەنووکەیی خۆی لەنێو گەلانی جیهاندا لێ ون دەبێت و گەلێکیش کە تووشی وەزعی ئەوەها بێت چارەنووس و داهاتوویەکی لێڵی لە بەردەمدایە**. هەر بۆیە دەبێت ڕێگەی دواڕۆژی خۆمان بۆ دابینکردنی بەژیانێکی پڕ لە بەختەوەری و لێواولێو لە مرۆڤ دۆستی بە خوێندنی مێژووی ڕابردوو لەبەرچاوگرتنی وەزعی هەنووکەییمان درێژە پێ بدەین.

فەرەیدوون نووری

نیسانی ۲۰۰۳/ گوڵانی ۱۳۸۲

تاران

# پاژی یەکەم

# تێڕامانێکی کورت لەسەر مێژووی کورد

# کورد، پێش لە دایکبوونی مەسیحەتا

سەرەکیترین باس سەبارەت بەمێژووی کورد، پێش لە دایکبوونی مەسیح ئەو بابەتانەن تێیاندا هەوڵ دراوە بنچینە و ڕەگەزی ئەوان بناسرێت و بناسێنرێت. بابەتی ڕەگەز (ration) خاوەن ڕەهەندێکی ڕامیاریانەیە، بەو جۆرە، کە جیاوازیی ڕەگەز یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕسکانی ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕامیارییە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم دژایەتییانە هۆکردی وێنای زەینیی مرۆڤن سەبارەت بەڕەگەز، هەڵبەت خودی ئەو وێنایانەش بەرهەمی دۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی تایبەتن. وەک گوتراوە «ڕەگەز، بریتییە لە دەستە، یان گرووپی مرۆڤ کە تایبەتمەندیی هاوبەشیان پێکەوە هەیە. کە بەماوەت بۆیان ماوەتەوە؛ ئەگەرچی ئەو دەستە لە باری داوونەریت یان نەتەوایەتییەوە لێک نەچن[١]» بیروڕای زانیاران سەبارەت بەڕەگەز و ڕەچەڵەکی گەلی کورد فرەچەشن، جۆراوجۆر و جاروباریش جیاواز و تەنانەت دژوارن. «هەروەها گوتراوە، لەمێژینەترین خێڵی زاگروس «گۆتی»یەکان بوون کە لە باکوری عیلامەوە تا «ئاتنە»یان، کە ناوچەیێکی زۆر فراوانیان بەدەستەوە بووە تەنانەت لە سەردەمی سۆمەر و عیلامییەکان و لە سەرەتای سەدەی ٢٦ی پێش زاییندا وڵاتانی ئاکەد و سۆمەر و عیلامیان داگیرکردووە و، ١٢٥ ساڵ دەسەڵاتی بابلیان بەدەستەوە بووە[٢]»، هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە دەسەڵاتدارێتیی ڕەگەزی ئاریا لە باکوری ڕۆژئاوای ئێران و سووریادا لە گۆتییەکانەوە دەستی پێ کردووە.

بێ گومان لە سەرزەوینی گۆتییەکاندا؛ کوورتییەکان و کووسییەکانیش ژیاون، هەروەها کووسییەکان لە سەرزەوینی کاردۆکان و کوورتییەکاندا ژیاون. نزیکایەتی و تێکەڵاویی ئەم گەلانە بەڕادەیەکە هەندێ کەس لەسەر ئەو ڕایەن هەر سێ ناوی گۆتی، کووسی و کوورتی ناوی یەک گەلن و لایان وایە کوورتی و کووسی لە خێڵە گەورەکانی گۆتییەکانن، کە پێکەوە ژیاون و دواتر ناوی کوردیان وەخۆگرتووە.[٣]

هەندێ پسپۆڕ کورد بەکۆنترین دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێن و بڕوایان وایە

---

١- فرانسوا، دۆفۆنت، ڕەگەز خوازی (ڕاسیزم) وەرگێڕ: حوسێن شەهیدزادە، تاران، دەزگای بڵاوکردنەوە و فێرکاریی شۆڕشی ئیسلامی، ١٣٦٩

٢- ئیحسان نووری، مێژووی ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد، مهاباد، سەیدیان ١٣٦١ ل ٢

٣- هەمان سەرچاوە ل.٣



«مێژوو گەلێکی بەمێژینەتر لە کوردی بەخۆوە نەدیوە[١]» لە بەشێکی کتێبە ناودارەکەی گەزینفۆندا و باسی پاشەکشێی دە هەزار هێزی سەربازیی کرێگرتەی یۆنانی گەزینفۆن خاکی کوردستانی ئەمڕۆ تا کەنار زەریای سەروو (ڕەش) بەزێدی کوردۆنییەکان ناو دەبات کە دانیشتوانی هەر وەک کوردەکانی ئەمڕۆ چیایی و چالاک و بزێو بوون و هەر لەو هەرێمە جوگرافیاییەدا ژیاون کە ئەمڕۆ نیشتمانی کوردەکانە. بەپێی توێژینەوەی هەندێ مێژوونووس و توێژەری ناودار و ڕۆژهەڵاتناسانی ناوازەی وەک هارتمان، تیۆدۆر نۆلدکە و وێسباخ سەلماندوویانە ئەو کوورتییانەی مێژووناسانی کەونارا و لەوانە (ئیسترابۆنی جوگرافیزان ئاماژەیان پێ کردووە کوردبوون[٢] و کەسانێکی تری وەکو دیمۆرگان و مادسیۆن زیاتریش دەچنە پێشەوە و) مادەکان بەلقێک یان بەشێک لە وەچە و بەرەی گۆتییەکان و کاسییەکان دەزانن[٣].

مەردۆخ ڕای وایە مادەکان باوباپیری کوردەکانی ئەمڕۆن، هەڵبەت ڕۆژهەڵاتناسانی گەورەی وەک پرۆفیسۆر «سایس» لەم بارەیەوە لەگەڵ مەردۆخ تەبایە و هەندێ لە مێژوونووسی ئێرانی وەک موشیرولدەولە (پیرنیا)ش لەسەر هەمان ڕان[٤].

بەهەر چەشنە مادەکان پاش پێکهێنانی یەکیەتی ناوخۆیی، بەڕێبەرایەتیی دیاکۆ لە ساڵی ٧٠٨ پ.زدا گەلانی هاوئایینی خۆیان واتە پارسی کە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراندا دەژیان، خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و ئێکباتان یان هەمەدانی ئێستایان کردە پایتەختی هەرێمی دەسەڵاتەکەیان، پرۆفیسۆر سایس لەم بارەوە دەڵێ: «مادەکان ئەو خێڵە کوردانە بوون، لە ڕۆژهەڵاتی ئاشووردا دەژیان و سنووری نیشتمانەکەیان تا باشووری دەریای قەزوین بوو[٥]» هەندێ لە مێژوونووس و خاوەن ڕا پێیان وایە زمانی مادەکان هەمان زمانی کوردەکانی ئەمڕۆ بووە[٦].

لە دەیەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، کە نوێنەرانی دەستە و گەلە

---

١-حەسەن ئەرفەع، کوردەکان و توێژینەوەیەکی ڕامیاری و مێژوویی، ... لاپەڕە ٨٥

٢-واسیلی، نیکتین، کورد و کوردستان، و، محەمەد قازی (تهران،نیلوفر.١٣٦٦) ل ٣٤و٣٥

٣- نووری، پێشوو ل ٦٦٥

٤- مەردۆخ- ڕۆحانی تاریخ مشاهیر کرد، تاران، سرووش ١٣٧١، بەرگی ٣ ل ١ و ٢

٥- محەمەد ئەمین زەکی، تحقیق دەربارەی کرد و کردستان ترجمە حبیب الله تابانی، تاران، ئایدین ١٣٥٧ ل ٦٨

٦- عەلائەدین سەجادی مێژووی ڕاپەڕینی کورد، محمدی، ١٣٥٧ ل٢

جۆراوجۆرەکان بۆ قەبووڵکردنی ئاینی نوێباو دەچنە لای پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، بەپێی وتەی دۆستان و خەلیفەکانی پێغەمبەر: «یەکەم کەس لە نەتەوەی کورد کەسێک بووە بەناوی جابان (لە هەندێ سەرچاوەدا بەگاوان- گابان ناو دەبرێت - و...)» کە لە ساڵی ١٨ی کۆچی لە مەدینەدا چووە سەر ئاینی ئیسلام. پاشتر، هاوکاتی داگیرکرانی ئێران بەدەستی موسوڵمانەکان و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانین. ئاینی ئیسلام بەهێز و خێراییەکی فراوانەوە لە ناو نەتەوەی کورددا گەشەی کرد. پاش ئەوە کوردەکان بەجیدیەتێکی زۆرترەوە لە نێو سوپای موسوڵمانەکان و لە سەردەمی ئومەوی و عەباسیدا ئامادە دەبن و هەندێ لە بنەماڵەی کوردی وەک شەددادییەکان، حکوومەتی بەشێک وڵاتی کوردستانیان بەدەستەوە گرتووە. ئەم حکوومەتە لە ساڵی ٣٤٠ی ک دا لەلایەن محەمەد کوڕی کەرتەرەوە دامەزرا و خەڵکی ژێر دەسەڵاتەکەیان زیاتر ئەرمەنی بوون مێژووی پاشایەتیی بنەماڵەی شەددادییەکان بەتەواوی پڕە لە خەبات بۆ برەوپێدانی ئاینی ئیسلام. «ئێستاش دوو مزگەوت لەسەر شێوازی بیناسازیی ناوچەیی ئەوان لە شارێکدا کە بەشاری هەزار و یەک کلێسە ناوداره، ماوەتەوە. بنەماڵەی پاشایەتیی شەددادییەکان لە ئاکامدا لەلایەن تورکە سەلجووقییەکانەوە هەڵوەشایەوە[1]».

«بنەماڵەیێکی تری کوردەکان کە حەسەنوابییەکان بوون لە ساڵی ٣٤٨ی ک ٩٥٩ ز. لە باشووری کێوی بیستووندا حکوومەتیان بەدەستەوە بووە، کە ئەوانیش لەلایەن سەلجووقییەکانەوە لەناوچوون. پاشتر واتە لە ساڵی ٣٨٠ی ک.م/ ٩٩٠ی ز.شدا مەروانییەکان هاتنە سەر کار کە دەسەڵاتەکەیان ناوچەی دیاربەکر (ئامەد) و هەندێ لە شارەکانی ئەرمەنستان و بۆ ماوەیەکیش شاری ئۆرنەی دەگرتەوە. ڕەگ و بنچینەی دامەزرێنەرانی ئەم دەسەڵاتدارانەش کە لە ساڵی ٤٨٩ی ک دا بەدەستی سەلجووقییەکان لەناو چوون، کورد بوون.[2]

لە نێوان هەموو زنجیرە حکوومەتەکاندا کە لەلایەن کوردەکانەوە دامەزراون، ئەییوبییەکان چ لە بواری هێزی ڕامیاری و سەربازییەوە و چ لە باری بەرینایەتیی ئەو هەرێمە جوگرافییە کە لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووە و هەروەها لەو ڕووەوە کە لە بەرامبەر

١- نیکتین کرد و کردستان ل ٣٨٦ و ٣٨٧

٢- علاالدین سجادی تاریخ جنبش های کرد، ترجمة احمد محمدی(انتشارات محمدی١٣٧٥)ج ٢ ل١٤.



هێرشی خاچپەرستەکاندا خزمەتی زۆریان بەژیانەوەی هێزی بەرگریی ئیسلام گەیاندووە گرینگیی تایبەتی هەیە.

ئەم حکوومەتە لە ساڵی ٥٦٩ ک. لە میسر و لەلایەن سوڵتان سەلاحەدینی ئەییوبییەوە دامەزرا. سەلاحەدینی ئەییووبی ڕێگای بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی ئیسلام خۆش کرد، ئەییووبی قارەمانێ بوو لە ناو کوردەکانەوە هەستابوو و، هەوڵ و تێکۆشانی خاچپەرستەکانی بۆ داگیرکردنی بەیتولموقەدەس پووچەڵ کردەوە و لە وڵات و سەرزەوینە ئیسلامییەکان دەری کردن. هەر بۆیەش ناوی لە مێژووی شەڕی دژی خاچپەرستەکاندا وەکو سەردارێکی سەرکەوتوو دەدرەوشێتەوە.

تەشقی دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی خودی سەلاحەدیندا بوو، ژمارەیێکی زۆر لە خێڵ و ئەمیرە کوردەکان لە شەڕی دژی خاچپەرستەکاندا بەشدار بوون کە لەوانە عەشیرەتەکانی هەکاری- میهرانی- حەمیدی و زۆزاییەکان بوون، سەلاحەدین جگە لە میسر، سووریا و جەزیره و ئەرمەنستانیشی گرت[1]».

سەلاحەدینی ئەییووبی وێڕای ئەو خزمەتانەی کە بەهۆی شەڕ کردن لەگەڵ خاچپەرستەکاندا، بەئیسلامی گەیاند، هەوڵی دا گەندەڵیی دامەزراوەیی و حکوومەتی لەناو ببات و شپرزەییە کۆمەڵایەتییەکان بەهەوڵ و تێکۆشانی زۆر لە ڕێگای چاکسازییەوە چارەسەر بکات و لەو بوارەشدا سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا. «بەهۆی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەوە بوو کە شادومانی و لە خۆ بوونەوە وەکو ڕابردوو گەڕایەوە بۆ ناو ئیسلام و موسوڵمانەکان[2]». گرینگیی ئەو خزمەتانەی کە ئەو بەئیسلامی گەیاندووە بەو ڕادەیەیە کە هەندێ لە مێژوونووسانی موسوڵمان بەیەکێک لە بژوێنەرەوە گەورەکانی ئیسلامی دادەنێن.

## بارودۆخی کوردەکان پاش دارمانی ئەییوبییەکان تا سەدەی ١٩ی زایینی

هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر وڵاتانی ئیسلامی و داگیرکردنی بەغدا لە ساڵی ٦٥٦ کۆچیدا بووە هۆی هەڵاوگێڕبوونی عەباسییەکان و سلاجقەی ڕوم و شام و هەروەها لەناو چوونی یەکێتییە ڕواڵەتییەکەی کۆمەڵگەی ئیسلامی. مەغۆلەکان هەموو ناوچەکانی ژێر

١- زکی، محمدامین، کرد و کردستان، ترجمه حبیب الله تابانی، (تهران، ایدین، ١٣٧٧) ل ١١٧

٢- محمود، محمد، نقشەهای استعمار در راه مبارزه با اسلام، ترجمه سیدجواد هشترودی، تهران، فراهان ١٣٤٦ ل ٥

دەسەڵاتی عوسمانی و هەروەها کوردستانیشیان داگیر کرد. ماوەیەک پاش دارمانی ئێلخانییەکان لە ئێران هێرشبەرێکی بەهێزی تریش هەوڵی دا کە جارێکی تر ڕووداوێکی لە چەشنی کارەساتی مەغۆلەکان بخولقێنێتەوە. تەیموور پاش سێ جار هێرش کردنە سەر ڕۆژئاوای ئێران توانیی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ سەرانسەری ئێران بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. کورد لەو نەتەوانە بوون کە بوێرانە لە بەرانبەریدا وەستان و بەرگرییان کرد و توانییان لە ناوچەگەلی وەکو «ئامێدی»دا چەند میرنشینێک بۆ خۆیان دامەزرێنن[١]. وێڕای ئەو هەموو شپرزەیی و هەوراز و نشێوەی کە لە بەردەم کورددا هاتبوونە ئاراوە، هێشتا وڵاتی کوردستان بەسەر وڵاتانی تردا دابەش نەکرابوو، ئەگەرچی حکوومەتێکی سەربەخۆ بەواتای تەواو لەم سەرزەوینەدا بوونی نەبوو، بەڵام هێشتا سنووورە سیاسییەکان پەیکەرە یەکپارچەکەیان لێک نەپچڕی بوو. تا لە ساڵی ٩٢٠ ک (١٥١٤ز)دا هێزەکانی سوپای شا سمایلی سەفەوی لە شەڕێکدا لەگەڵ سوپای سوڵتان سەلیمی عوسمانی لە ناوچەی چاڵدێراندا، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای گۆلاوی «ورمێ»وە، تێک شکان. ئەم تێکشکانەی هێزەکانی حکوومەتی سەفەوی خراپترین و کارەساتبارترین ئاکامی بۆ کوردەکان بەدواوە بوو، چونکە بەهۆی ئەم شەڕەوە، بۆ یەکەمجار وڵاتی کوردستان دابەش کراو عوسمانییەکان ٢/٣ی خاکی کوردستانیان داگیرکرد و تا دارمانی دەوڵەتی عوسمانی لە هەموو سەردەمەکاندا لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا مایەوە.[٢]

لەم کاتە بەدواوە بەرەبەرە میرنشینە نیمچە سەربەخۆکانی کورد لەم سەرزەوینەدا پێک هاتن. کورد لە پێناوی ئەو نیمچە سەربەخۆییە بەڕواڵەتەدا کە لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە پێیان درابوو بەڵێنیان دا هاوکاریی ئەو حکوومەتە بکەن.

بەم پێیە پەیماننامەیێک لە نێوان سوڵتانی عوسمانی و بیست و سێ میرنشینی کوردیدا ئیمزا کرا کە سەدە و نیوێک بەردەوام بوو. لە ڕاستای ئامانجەکانی ئەو پەیمانەدا، کورد لە زۆربەی شەڕەکاندا گیانیان لە دەست دا. لە ساڵی ١٦٨٣ز.دا تورکەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیماننامەی ناوبراو هەوڵیان دا هێرش بکەنە سەر میرنشینە کوردییەکان و هەر ئەمەش بووە هۆی ناکۆکی لە نێوان کورد و تورکەکاندا.

١- عبدالقادر ابن رستم، سید الاکراد (تهران، محمدرئوف توکلی، ١٣٦٦) ل ٦ و ٧

٢- منوچهر پارسادوست، ریشەهای تاریخی اختلافات ایران و عراق تهران شرکتهای انتشار ١٣٧٠ ب ٥ ل ٣٣ و ٣٤



سوڵتان سەلیم، حاکمێکی بۆ بەڕێوەبردنی ئەمارەتە کوردنشینەکان دیاری کرد کە ناوەندی ئەو هەرێمە شاری دیاربەکر بوو، پاشتر هێرشی کردە سەر کوردستان و دەسەڵاتی کوردەکانی کەم کردەوە و جۆرێ ئۆتۆنۆمیی سنووورداری بۆ دیاری کردن[١]. چەند دەیە پاشتریش یەکێک لە جێنشینەکانی، واتە سوڵتان مەحموود ویستی کە ئەو ئۆتۆنۆمییە سنووردارەش لە کورد بگرێتەوە و بەتەواوی کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. بێ گومان بزووتنەوەی نەتەوەیی نێوان ساڵەکانی ١٨٤٣ تا ١٨٦٤ بەڕێبەرایەتیی بەدرخان پاشا، هۆی لەناوچوون و بەتەواویی دارمانی میرنشینە کوردەکان بوو، کە بەدەستی سوپای عوسمانی و بەهۆی هێرشی محەمەد ڕەشید پاشاوە لە ساڵی ١٨٤٣ز.دا ڕووی دا و ئەمەش بەهۆی نابەرابەریی هێزی سوپای بەدرخان پاشا و ئەو هێزە فرە و فراوانەوە بوو کە لەلایەن تورکەکانەوە هێنرابوون. هۆیەکی تریش نەبوونی چەک و پێداویستی بوو بەدەستی سوپای کوردەوە، لەم شەڕەدا کورد شکان و ڕێبەرەکەیان، واتە بەدرخان پاشا گیرا و بۆ دوورگەی «کربەد» ڕاگوێزرا[٢]. جگە لەم ڕاپەڕینە، شۆڕشگەلێکی تریش لە ساڵەکانی پاش ئەو ڕووداوەدا دژی عوسمانییەکان سەری هەڵدا و لەوانە شۆڕشی یەزدانشیر لە ١٨٥٥ و... بوو، کە هەموویان بەتوندوتیژی و بەوپەڕی دڵڕەقییەوە سەرکوت کران.

لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران و سەردەمی حکوومەتی سەفەوی، بەتایبەت سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا سیستەمێکی حکوومەتیی چەقخوازانەی توندوتیژ بەسەر کورددا زاڵ بوو و بەو هۆیەوە کە کورد بکرێنە دیواری بەڵاوەگێڕ و پێشەنگی بەرگری کردن لە بەرانبەر هێرشکارە ڕۆژهەڵاتییەکان و بەتایبەت ئوزبەکەکاندا و هەروەها بەو هۆیەوە کە بەرگیری کردن لە پێکهێنانی سوپا و هێزی شەڕکەر و شۆڕش و بزووتنەوەی نەتەوەیی لەلایەن کوردەوە، بەشێوەیەکی زۆرەملێ و بەکۆمەڵ کۆچیان پێ کرا، ئەمەش تەنیا یەکێک لەو شێوە توندوتیژی و زەبروزەنگانە بوو کە بەرامبەر بەنەتەوەی کورد ئەنجام دەدرا. ئەو کوردانەی کە ئەمڕۆ لە باکوری خۆراسانی ئێران و لەناوچەکانی قووچان و بێجنووردا دەژین بەشێک لەو کوردە ڕاگوێزراوانەی ئەو سەردەمەن. بەو هەموو ڕۆژڕەشی و چەوساوەیییەوە بنەماڵەگەلێک لە ناو ئەم نەتەوەیەدا سەریان هەڵداوە کە لە مێژووی

١- وەلید حەمدی، «کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا» ترجمە: محمد نوری توفیق ژوئن ١٩٩٧ ل ٥٤ و ٥٥

٢- مینورسکی، کورد، تێبینی و وردبوونەوە، ترجمە محمد سعید محمدکریم (هەولێر، زانستگای سەلاحەددین ١٩٨٤.

ڕامیاریی ئێراندا دەورێکی بەرچاویان هەبووە، بۆ نموونە بنەماڵەی زەند کە سەر بەعەشیرەتی لەک بوون و کەریم خانی زەند لەو بنەماڵەیە بووە کە لەساڵی ١١٦٣ک دا توانیی دەسەڵاتی ڕامیاریی ئێران بگرێتە دەست و ماوەی سی ساڵ و هەشت مانگ بەباشترین و مرۆڤانەترین شێواز و بەشێوەیەکی کەم وێنە ئەو دەسەڵاتە بەڕێوەببات. وەکیل و روعایا١٣ی سەفەری ساڵی ١١٩٣ لە شیرازدا کۆچی دوایی کرد. جێنشینەکانی کە ئەبولفەتح خان و لوتفعەلی خان بوون، ئەگەرچی تا ساڵی ١٢٠٩ی ک حکوومەتیان بەدەستەوە بوو[١]، بەڵام جگە لە دوایین کەسی ئەم بنەماڵەیە هیچ جێنشینێکی تری کەریم خان شیاوی و توانایی بەڕێوەبردنی وەکو کەریم خانیان نەبوو.

## دابەشبوونی کورد لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە

گرینگترین مەسەلە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا مەسەلەی لەبەرچاوگرتنی پێوەندیگرتنە لە نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا. خاڵێکی گرینگ کە نابێ فەرامۆش بکرێت، ئەوەیە کە لێکچوویی و چوونیەکیی دانیشتوانی هەردوو دیوی سنوورە سیاسییەکانی وڵاتێک لە ڕووی کولتووری، نەتەوەیی و تری تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە چۆن و تا چ ڕادەیەکە کار دەکاتە سەرهاوبەندێتی و شوێنکەوتوویی ڕامیاریی ئەوان لە وڵاتەکەیاندا. هەروەها کە ئاشکرایە کورد لە دەوروبەری سنوورگەلی ڕامیاری وڵاتە جیاوازەکانی وەکو عیراق، سووریە، ئێران، تورکیە و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا نیشتەجێن. بێ گومان هەبوونی ئەم گرووپە نەتەوەیی و ئاپۆڕەییە لە هەردوو دیوی سنووری ئەو وڵاتانەدا بۆتە هۆی هاتنە ئارای جۆرێ چاودێری و بەرنامە دارشتنی ڕامیاریی تایبەت لەلایەن داوودەزگاکانی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتانەوە، لەسەر چۆنێتیی پێوەندییان لەگەڵ کورددا، کە لە جێگای خۆیدا شایانی سەرنج پێدانی تایبەتە. بۆ ئەوەی مەبەستەکە باشتر ڕوون بێتەوە سەرنج دەدەینە دابەشبوونی کورد لە هەر کام لەم وڵاتانەدا کە نەتەوەی کورد دەبێتە یەکێک، یان تەنیا کەمینەیەک کە لەو وڵاتەدا بوونی هەیە.

١- ئەمین زەکی پێشوو. ل ٤٧٧-٤١٥.



## ئا- کوردی تورکیە!

بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٠، دانیشتوانی وڵاتی تورکیە ٣٥/٧٠٠/٠٠٠ (سی و پێنج ملیۆن و حەوسەد هەزار کەس) بووە، کە ٢٣,٨٪ی ئەم دانیشتوانە کورد بوون، بەپێی توێژینەوەکان کوردەکان ژمارەیان لەو وڵاتەدا گەیشتبووە ٨ تا ١٢ ملیۆن کەس[١]، کە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی تورکیە هەوڵیان داوە ژمارەی دانیشتوانی کورد فرە کەمتر لەو ژمارەیە ڕاگەیەنن. لەوانەشە بەهۆی توندوتیژی و سەرکوتکردنی بەردەوامی کورد لەلایەن دەوڵەتی تورکییەوە ژمارەیەکی زۆری کورد لە خۆدەرخستن وەکو هاووڵاتیی کورد پارێزیان کردبێت.

گەشەکردنی ئاپۆرەی جەماوەر لە کوردستانی تورکیە ٢,٨٨٪ لە سەرانسەری وڵاتی تورکیەدا ٢,٦٥٪بووە، پەرەسەندن و چاکسازیکاری لە بواری تەندروستیی گشتیدا و کاریگەرێتیی ئەو دیاردەیە لەسەر دابەزینی مردنی منداڵان بۆتە هۆی بەرزەوەبوونی ڕادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوان و بەشێوەی ناونجی ئەو ڕادەیە گەیشتووەتە ٣,٢٧٪ و لە یەک کیلۆمەتری چوارگۆشە لە کوردستانی تورکیەدا ٣٣ کەس ژیان بەسەردەبەن[٢]» ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لە وڵاتی تورکیەدا بەگشتی لە یەک کیلۆمەتری چوارگۆشەدا ٤٣,٩ کەس دەژین، بەگشتی هەنووکە دانیشتوانی کوردی تورکیە یەک لەسەر چواری سەرلەبەری هەموو وڵاتەکەیە.

## ب- کوردی عیراق

«بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی عیراق شەش ملیۆن و نیو بووە کە لەم ژمارەیە نزیکەی ٥,٠١٨,٢٩٦ عەرەب و ١,٠٤٢,٧٧٤ کورد و ٧٧٤ ٢٣٦ کەسیش لە کەمینە نەتەوەییەکانی تری دانیشتووی وڵاتی عیراق بوون»[٣] بەپێی سەرچاوەی پێشوو کوردەکان ٢٧,٢٪ لە دانیشتوانی عیراقیان پێک هێناوە، ئەو

١- کەندال، عیسمەت شەریف وانلی و مستەفا نازدار، کردها، ترجمە: ابراهیم یونسی، (تهران ڕوزبهان ١٣٧٢) ل ٨٩

٢- ساڵح عومەر، عیسا، بحران آفرینی ابر قدرتها در کردستان عراق (تهران انتشارات توکلی.١٣٨٠) ل٢٦

٣- کەندال- پێشوو، ل ٩٣

سەرچاوەیە نیشان دەدات سەرجەمی دانیشتوانی عیراق تا ئەوکاتە گەیشتۆتە ١٢٤ ٠٠٠ ١١ کەس کە ٠٠٠ ٨٠٠ ٢ کەس لەوانە کوردن، لەم سەرژمێرییەدا کورد ٢٦,٧ ٪ی سەرجەمی دانیشتوانی عیراقیان پێک هێناوە.[1]»

ئەمڕۆکە پاش تێپەڕبوونی ٢٧ساڵ، دەتوانرێ بگوترێ بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی لەدایکبوون و زیادکردنی دانیشتوانی کوردستانی عیراق، ڕێژەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە نەک کەم نەبوونەتەوە بەڵکو بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە، کە لەوانەیە بتوانرێ بگوترێ هەنووکە بەرێژەی یەک لەسەر چواری دانیشتوانی عیراق کوردن.

## ج- کوردی ئێران

لەوانەیە بتوانرێ بگوترێ ئێران تەنیا وڵاتێکە کە کورد لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا بڵاوبوونەتەوە. ئەم بڵاوبوونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچاندنی زۆرەملێ و ڕاگواستنی کورد لەلایەن پاشا جیاجیاکانی ئێرانەوە، هەر لە شا عەباسی سەفەوییەوە تا نادر شای هەوشار و ڕەزای پەهلەوی. هەڵبەت لە سەردەمە جیاجیاکاندا دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە ئامانج و مەبەستی تایبەتییان بووە بۆ ڕاگواستن و کۆچاندنی زۆرەملێی کورد و بڵاوکردنەوەیان لە ناوچە جیاجیاکانی ئەو وڵاتەدا. بۆ نموونە شا عەباسی یەکەمی سەفەوی زیاتر لە ١٥٠,٠٠٠ کوردی بۆ ناوچەی خوراسان گواستەوە، بۆ ئەوەی بەر بەهێرش و دەست درێژیی بێگانەکان و ئوزبەکەکان بۆ سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بگرن، هۆی ئەمەش نەترسی و چالاکیی کورد بوو لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا.[2]

کوردی ئێران پێکهاتەی خێڵ و عەشیرە و تایەفەگەلی جیاجیان کە ئەمڕۆ لە پارێزگا جیاجیاکاندا بڵاوبوونەتەوە. بۆ نموونە خێڵی جەلالوەند لە پارێزگاکانی قەزوین، خۆراسان و فارس، خێڵی دولفان لە کەلاردەشت و مازندەران، خێڵی خاجەوەند لە کەلارستاق و کەجوور، خێڵی ڕەشوەند لە ڕودبار و ئەلەموتی پارێزگای قەزوین، خێڵی سۆفی لە گیلان، خێڵی کەلهوڕ لە قەزوین و کرماشان و خێڵی باتوویی لە پارێزگای قەزویندا پەرشوبڵاو بوونەتەوە.[3]

کورد لە پارێزگاکانی تری ئێرانیشدا نیشتەجێن، بۆ نموونە خێڵی براخۆی لە پارێزگای

١- مسعود بارزانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨- ١٩٦١، ل ٣٤ و ٣٥
٢- کلیم اللەتوحدی، حرکت تاریخی کرد بەخراسان در دفاع از استقلال ایران، مشهد ١٣٦٦ ب١ و٢.
٣- حیدربهتویی کرد و پراکندگی او در گسترە ایران زمین، (تهران. مؤلف ١٣٧٧)



بەلووچستاندا دەژین. کۆچکردنی کورد بۆ شارە جیاجیاکان و بەمەبەست و ئامانجی جیاجیاوە بەشێوە کۆچی بەکۆمەڵ ڕووی داوە. هەروەکو ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کورد کۆچیان کردووە بۆ تارانی پایتەخت و نیشتەجێ بوون. هەڵبەتە یەکێک لە هۆیەکانی کۆچکردنی کورد بۆ تاران ئەوەیە کە لەو شارەدا ئیمکان و پێداویستییەکانی ژیانی ئەمڕۆییانە گەلێک لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە واتە پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کرماشان و ئیلام زیاترە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی پەرشوبڵاوی یەکجار زۆری کورد و هەندێ هۆکاری تر، دەستخستنی ئامار و ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی کوردی ئێران کارێکی گەلێک ئەستەمە. هەرچەندە کە دەکرێت بگوترێت کە ژمارەی کورد لە ئێران دابەزینی ٨ تا ١٠ ملیۆن دەبێت.

## د- کوردی سووریە

سووریەش لەو وڵاتانەیە کە بۆ لەناوبردنی هەست و بیری نەتەوایەتیی کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی جیدی سیاسەتێکی توندوتیژی بەرامبەر بەو گەلە بەکار دەهێنێت. لە ڕاستای بەڕێوەبردنی هەمان سیاسەتدا بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی سووریە بەمەبەستی پێکهێنانی پشتوێنەی ئاسایش، کوردیان گوێزاوەتەوە ناوچە عەرەبنشینەکان، بۆ ئەوەی کوردی ئەو وڵاتە لە کوردی وڵاتانی تورکیە و عیراق دوور بخەنەوە، هەروەها هەوڵی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکانیان داوە (رامیاریەتی تەعریب بەعەرەبکردن و..) بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٦ کە لە وڵاتی سووریەدا ئەنجام درا، ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە ٧,٥ ملیۆن کەس ڕاگەیێندراوە و ژمارەی دانیشتوانی کوردی سووریە ٨٢٥,٠٠٠ کەس بووە، لەم سەرژمێرییەدا کوردەکانی ئەو وڵاتە بە ١١ ٪ی سەرجەمی دانیشتوانی سووریە دانراون[1].

لە ساڵی ١٩٩٠دا کورد بەشێوەیێکی بەرچاو گەشەیان کردووە و ژمارەیان گەیشتۆتە ١٢٥٠٠٠٠ کەس[2]، هەنووکە کە زیاتر لە یەک دەیە لەو کاتە تێپەڕیوە بەگوێرەی گەشەکردن و فرەبوونی دانیشتوانی کوردی ئەم وڵاتە و دانیشتوانی سووریە بەگشتی چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوانی کورد لەو وڵاتەدا لە ١٥٠٠٠٠٠ کەس تێپەڕ بووبێت.

١- کەنداڵ، وانلی و مستەفا نازدار پێشوو، ل ٢٥٣
٢- هەمان، ل ٢٦٨

## هـ- کورده لە کۆمارەکانی سۆڤیەت

بەدەستەوەدانی زانیاری سەبارەت بەژمارەی کوردی دانیشتووی کۆمارەکانی سۆڤیەت بەتەواوی کارێکی ئاسان نییە. ئەو سەرژمێرییانەی کە تا ئێستا ئەنجام دراون زۆر ناتەواوتر لەوەن کە پشتیان پێ ببەسرێت و وێنەیێکی تەواو لەو دیاردەیە بداتەوە، یەکێک لە سەرەکیترن هۆیەکانی ئەم ئالۆزی و لێڵییە لە نیشاندانی ژمارە و ئامارەکاندا ئەوەیە کە لەبەر هەندێ هۆی جیاجیا کورد نەیانویستووە لە شوناسی خۆیان دەربخەن و خۆ ئاشکرا کەن. ئەمڕۆکە کورد لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، واتە وڵاتانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان، قەزاقستان، قرقیزستان و تورکەمەنستاندا بەپەرشوبڵاوی ژیان بەسەردەبەن.

## و- کۆچکردنی کورد لەم دەیانەی دواییدا و دابەشبوونیان بە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا

لەم چەند دەیەی دواییەدا کورد بەهۆگەلی جۆراوجۆرەوە و لەوانە گرفتی ڕامیاری و ئەمنیەتی، پەیداکردنی بژێوی، تەنگەژە و قەیرانە ناوچەییەکان، خوێندن یان خۆدەرباز کردن لە تەنگەژە ئابوورییەکانەوە کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەت وڵاتانی ئەوروپا. هەر بەم هۆیەوە ئەمڕۆکە بەملیۆنان کەس لە کورد نیشتەجێی وڵاتانی ئەوروپان و لەوێ خەریکی کارکردنن: ئاڵمانیا، سوید، فەرەنسە، بلژیک، هوڵندا، بەریتانیا و... لەو وڵاتانەن. ئێستاش کۆچی بەکۆمەڵی ئەو کوردانەی کە بۆ کار دەگەڕێن یان پەنابەری سیاسین، لەو وڵاتانەوە کە کەمینەی کوردیان تێدایە بەرەو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ناوەڕاست بۆتە گەورەترین گرفت و کێشەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا. گرینگیدان بەکێشەکانی مافی مرۆڤ و گۆڕینەوەی زانیاری لەمەڕ چۆنێتیی دۆخی گوزەران لەلایەن کۆچکردووە کوردی دانیشتووی ئەوروپاوە، لەگەڵ خزم و کەسوکاری خۆیان لە نیشتمانەکەیاندا، هۆکارێکی هەرە بەرچاوە بۆ هاندانی کورد بۆ کۆچکردن بۆ ئەو وڵاتانە.

دانیشتوانی کوردی وڵاتی سوید نزیکەی ٦٠ هەزار کەسن و ئەمڕۆ ئەم کوردانە منداڵ و زارۆکی خۆیان دەنێرنە ئەو قوتابخانە و فێرگەیانەی کە لەوێدا زمانی کوردییان پێ دەوترێتەوە؛ ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لە وڵاتەکەی خۆیاندا کە بەشێوەی چەند پارچە لەژێر دەسەڵاتی وڵاتانی تردایە، فێربوونی زمانی زگماکیی خۆیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگای قوتابخانە و بەرنامەی ڕەسمییەوە ئیمکانی نییە و ئەمەش یەکێک لە هۆکارە



هەرە کاریگەرەکان بووە لەسەر بەرزبوونەوە و هەڵکشانی بیری نەتەوەگەری لە نێوان کورددا.

## - هەلومەرجی جوگرافیایی و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستانی عیراق:

کوردستانی عیراق هەڵکەوتووی ئاسیای ڕۆژئاوا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ئەم ناوچەیە یەکێک لە ناوچە هەرە ستراتیژیکەکانی جیهانە و زیاتر لە ٢,٣ سەرچاوە گرینگەکانی نەوت و گازی لە خۆگرتووە.

کوردستانی عیراق لە ڕاستیدا ناوەند و دڵی جوگرافیای هەموو کوردستانە چونکە پێوەندیدەری کوردستانی ئێران و باکوری کوردستان، واتە کوردستانی تورکیەیە. هەروەها لەگەڵ کوردستانی سووریەشدا کە ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستانە سنووری هاوبەشی هەیە، «ئەم بەشە لە کوردستان لە بواری سروشتیی جوگرافیاییەوە وڵاتێکی بەرز و کوێستانییە و بەشگەلێکی زۆر لەم وڵاتە دارستانە و لە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە دەست پێ دەکات و تا کوێستانەکانی تورکیە درێژ دەبێتەوە. بەرزترین شوێن لەو ناوچەیەدا شاخی حەسارۆستە لە زنجیرە شاخەکانی هەڵگورددا کە دەڕوانێتە سەر ڕێگایەکی گرینگی سەر سنووری عیراق (هاملتۆن) و ٣٧٢٧ مەتر لە ڕووبەری زەریا بەرزترە[١]».

نشێوبی کێوەکان و بەرزاییەکان ڕوو بەباشوور و باشووری ڕۆژئاوایە و بەدەشتە بەپیتەکانی هەولێر و هەریر و شارەزوور کۆتایی دێت. زنجیرە کێوی ڕووت و بێ دارستانی جەبەل حەمرین کە بەرزییێکی کەمیان هەیە ئەو دەشتە ناوبراوانەی سەرەوە لە دەشتی میزۆپۆتامیای خواروو دادەبڕن و سنووری سروشتیی نێوان کورد و عەرەب پێک دێنن. ڕووبارەکانی دەجلە، زێی گەورە و زێی بچووک و دیالە (کە لە ناوچەی کوردستاندا سیروانی پێ دەگوترێت) بۆتە هۆی بەپیت و بەرەکەتبوونی خاکی ناوچەکە و هەروەها گەشە کردن و چوونە سەرەوەی ئاستی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان[٢].

جووتیارەکانی کوردستانی عیراق لەو ناوچەیەدا توتن، گەنم، برنج، زەڕات، عەلی بابا، نۆک، نیسک، فاسۆلیا، ماش، پەتاتە، چۆنەرقەن، پیاز و... بەرهەم دێنن و لە

١- ساڵح مەلا عومەر عیسا پێشوو، ل ٣١

٢- کەنداڵ، وانلی و مستەفا نازدار پێشوو ل ١٧٤

باخەکانیشدا درەختی مێو، گوێز، سێو، هەنجیر، هەنار، هەرمێ، قۆخ، قەیسی، زەیتوون، فەندوق، هەڵووژە، خورما، گێلاس، لیمۆ و نارنج، بەڕادەیێکی بەرچاو چاندراون. خەڵکی کوردستان وێڕای کاروباری کشتوکاڵی بەباخداری و ئاژەڵداریشەوە خەریکن. بەشێ لە ئابووریی سوننەتیی ئەو ناوچەیە لەم بوارانەوە بەرهەم دێت.

ئەو ئاژەڵانەی کە لە کوردستاندا بەخێو ئەکرێن بریتین لە: ئەسپ، هێستر، مانگا، مەڕ، بزن، گامێش و ...[١]

جگە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەشێوەی سوننەتی، سەرچاوەگەلی سروشتی و ژێرزەوینی کوردستانی عیراق یەکێک لە گرینگترین و بەرچاوترین پتانسیەلی هێزەکی ئابوورین، بەشێوەیەک ئەگەر ئەو سەرچاوە دەست لێ نەدراوانە بەکەڵک وەرگرتن لە شێوازی زانستی و تەکنەلۆژیای ڕۆژ بەرهەم بهێنرێن، باشترین وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە ڕاستای گەشەکردن و پەرەئەستاندنی پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگەی کوردستاندا بەدی دەهێنێت.

گرینگترین سەرچاوەی سروشتی و ژێرزەوینییەکانی کوردستانی عیراق بریتین لە: نەوت کە ڕێژەیەکی فرە زۆر لە سەرچاوەی نەوتی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخۆ دەگرێت، بەردی ئاسن، کرۆم، مس، فافۆن، ئاڵتوون، بۆکیست، گۆگرد و پۆڵا، چیمەنتۆ و گەچ.

سەرچاوە ژێرزەوینییە ناوبراوەکانی ناوچەی کوردستانی عیراق بەشێوەی پەرشوبڵاو لە هەموو ناوچەکەدا هەن، گرینگترین سەرچاوەی نەوتی ئەو هەرێمە دەڤەری نەوتاویی دەوروبەری کەرکووکە و ئەمڕۆ، یەک لە گرینگترین و تەنگژاویترین ناوچەی کوردستانی عیراقە و ئەو ناوچە ستراتیژی مشتومڕی زۆری لەسەرە لەلایەن هەردوو لایەنی ڕکەبەری کورد و حکوومەتی عیراقەوە.

بەگشتی ڕووپێوی جۆگرافیایی کوردستانی عیراق ٧٤٠,٠٠٠ کیلومەتری چوار گۆشەیە. گرینگترین شارەکانی ئەو ناوچەیە بریتین لە: کەرکووک، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، مووسڵ (نەینەوا)، لەنێوان ئەو شارانەدا شاری کەرکووک بەهۆی ئەوەوە کە لە دەڤەرە هەرە نەوتاوییەکانی وڵاتی عیراقە گرینگیی تایبەتی هەیە.

دەوڵەتی عیراق بەمەبەستی تێکدان و شێواندنی یەکێتیی نەتەوەیی و کولتووریی خەڵکی ناوچەکە، لە مێژە بەگرتنەبەری سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکووک هەوڵی ئەوە دەدات پێکهاتەی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بەگوێزانەوەی عەرەب لە ناوچەکانی

١- سەجادی پێشوو ل ١٠



ناوەڕاست و باشوورەوە بۆ ئەم دەڤەرە لە ڕاستای بەرژەوەندیی عەرەبدا بگۆڕێت و بەگوشار خستنە سەر کوردی ئەو ناوچەیە بەکۆچکردن و جێ هێشتنی نیشتمانەکەیان ناچاریان بکات.

گرتنە بەری ئەو شێوازە بەو هۆیەوەیە کە دەوڵەتی عیراقیش لەسەر ئەم بڕوایە نییە بتوانێ بۆماوەیەکی درێژخایەن لەداهاتوودا بەپاراستنی ئەو شێوە چەقخوازانەیەی ئێستا درێژە بەحکوومەتکردنی خۆی لە کوردستاندا بدات.

لە بواری کولتوورییەوە سلێمانی گرینگترین شاری کوردستانی عیراقە و بەمەڵبەندی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی نوێباوی کورد دێتە ئەژمار. شاری هەولێر مێژوویترین و کۆنترین مەڵبەندی شارستانییەتە لە سەرانسەری کوردستاندا و بەپایتەختی کوردستانی عیراق دادەنرێت.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی کورد

بۆ پشکنینی بارودۆخی هەر گەل و نەتەوەیەک و لێکۆڵینەوی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گەل و نەتەوەیە دەبێ چەند هۆکارێکی گرینگی کۆمەڵایەتی بخرێنە بەرباس و شیکاری. بەم شێوەیە، دەتوانرێ بگوترێ بەئاگابوون لەسەر بیروبڕوا، داوونەریت شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی هەرنەتەوەیەک سەبارەت مەسەلەگەلێکی وەکو بنەماڵە، عەشیرەت یان خێڵ و ئاین و ئاینزا، لەلایەن توێژەرانەوە لە دەڤەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا وەکو ئەوە وایە کە فێرخوازێک بەئاگابێ لەسەر ئەلفوبێی زمانێک بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو دەقانەی کە بەو زمانە نووسراوە بخوێنێتەوە و دەرکیان بکات. و بەکورتی ناسینی شوێن و پێگەی ئەم دامەزراوانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا سەرەتاترین هەنگاوەکانن، کە دەبێ لە بواری مەسەلەکانی بەرتوێژینەوەدا هەڵبگیردرێن. بۆ ئاشنایی زۆرتر لەم بارەیەوە هەوڵ دەدرێت لە شوێن و پێگەی چەند بابەتێک کە لە ڕوونکردنەوەی بارودۆخی کورددا کارکردی بنەماییان هەیە بکۆڵرێتەوە.

### ئا- بنەماڵە

لە سەردەمانی پێشووەوە تا ئەمڕۆ و لە نێوان هەموو نەتەوەکاندا بنەماڵە دەورێکی یەکجار گرینگی بووە لەوەدا کە مرۆڤ پەسەندی کۆمەڵگەی خۆی بکات.

زەینی منداڵ بەهۆی هەستەوەریی تایبەتەوە لە قۆناخێکی تایبەتدا کە باوک و دایکان

بەهەستەوەرییەوە منداڵانی خۆیان پەروەردە کردووە، خاوەن وزەیەکی کاریگەری هەڵگری ڕادەسەرە، هەر بەو هۆیەشەوە زۆربەی کردەوە و ڕەفتارەکان و هەروەها بیروباوەڕی دایک و بابان لە دروستبوون و پێکهاتنی جۆری کەسێتی منداڵاندا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەبێ، تا ئەو ڕادەیەی کە زانیاری ناودار «ئەریکسۆن» لەم بارەیەوە ئەڵێ «دایک و بابان لە سەردەمی پەروەردەکردنی زارۆکاندا بەڕەفتار و کردەوەی خۆیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ناخۆ وریا ڕێساگەلی بنەمایی سەرچەشنە کولتوورییەکانی خۆیان لە سیستەمی کۆ ئەندامی دەماریی مناڵاندا جێگیر دەکەن» بیردۆزەکانی فرۆید سەبارەت بەکۆڵینەوەی وێژدانی ناخۆوریا و کاریگەرێتی ڕابوردووی تاک لەکردەوەکانیدا بەڵگەیەکی تره لەسەر کاریگەرێت بنەماڵە لەسەر کەسێتیی منداڵ[١].

لە ناو نەتەوەی کوردیشدا بنەماڵە خاوەنی وزەی پتەو و هێزی ڕاگیرکەرە، لەم ناوچەیەی جیهان (کوردستان)دا بەگشتی باوک ڕۆڵی سەرەکیی لە هەموو کاروبارە گرینگەکانی ناو بنەماڵەدا دەبینێت. هەوڵ و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ئەرکێکی گرینگە کە لەبەرامبەر ئیرادەی پیاوانە و خواستی باوکانەدا، خراوەتە ئەستۆی پیاو و دەبێ قەبووڵی بکات، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پیاو لە بڕیاردانەکاندا لە پلەوپایەی سەرەوەدا وەستاوە. بەمانەشەوە ژن وەکو نامووسی بنەماڵە جێگایەکی تایبەتی هەیە. هەروەها کە مینۆرسکی بەجوانی بەوەی زانیوە «لە بواری کەسێتی و تایبەتمەندیی ئاکارییەوە ژنانی کورد لە پلەی سەرتر لە ژنانی موسوڵمانی تردا دادەنیشن. ژنانی کورد لە ڕووی داوونەریتی کۆمەڵایەتییەوە، لە بەرامبەر ژنانی موسوڵمانی تردا خاوەنی ئازادیی زیاترن[٢]. داوێنپاکی و ئاکار و خووڕەوشتی جوان دیارترین تایبەتمەندییەکانی ژنی کوردن و ئەمەش سەرەتاییترین چاوەڕوانییەکە، کە هەر پیاوێکی ئاسایی کورد لە هاوسەرەکەی خۆی دەیکات. گرینگترین کارکرد و دەوری ژن لە بنەماڵەدا پەروەردەکردنی منداڵە بەپێی سەرچەشنە دیاری کراوەکانی کۆمەڵگە. زیادبوونی ژمارەی منداڵان لەهەر بنەماڵەیەکدا کە ئەنجامی منداڵبوونی یەک لەدوای یەک و بێ بەینە بەدیارترین تایبەتمەندیی بنەماڵەی کورد دێتە ئەژمار. ڕادەی سەری ژمارەی خێزانی ناو بنەماڵە و ئەرکی پێویستی

١- بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە، باقر ساروخانی- مقدمەای بر جامعەشناسی خانوادە، تهران، سروش، ١٣٧٥ چاثی ٢ ل ١٢

٢- بڕوانە: نیکتین، پێشوو ل ٢٢٣



پەروەردەکردن و پارێزگاریکردن لە منداڵان کە بەماوەی کەم لە دوای یەک لە دایک بوون لەو هۆکارانەن کە ژنانی کورد پابەندی مێردەکانیان دەکەن و، کاریگەرێتی دەستەبەرکردنی لەسەر پێوەندیی بنەماڵە زیاتر دەکاتەوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ماف و یاساوە، لە ناو کورددا بەشێوەی جیدی پشتگیریی بنەماڵە و خێزان دەکرێت ڕوانگەی ئاینی جەماوەری کوردیش هۆکارێکی ترە کە زیاتر ڕەوایی دەبەخشێتە خێزان و بنەماڵە لە زەینی مرۆڤی کورددا. چونکە بەپێی بیروبڕوای موسڵمانەکان هیچ شتێک لە ئاینی ئیسلام و لای خوای گەورە لە زەماوەند (زەواج) پیرۆزتر و پەسەندکراوتر نییە. بەکورتی دامەزراندن و پاراستنی ڕەسەنایەتی و شوێنگەی خێزان گرینگترین و بەرجەستەترین دیاردەی گونجاو و بایەخی کۆمەڵایەتییە. زۆربەی هەرەزۆری کەسێتییە ناودارەکان لە مێژووی ئەم گەلەدا لە داوێنی بنەماڵە ناودار و دەرکەوتووەکاندا پەروەردەکراون.

## ب- عەشیرە، یان خێڵ و سیستەمی خێڵەکی لە کوردستاندا

لەوانەیە بێ موناقەشەترین و ڕواڵەتیترین مانا و واتایێک کە لە وشەی خێڵ لە زەینی مرۆڤدا جێگەی خۆی دەکاتەوە، ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بگرێتەوە کە، ژیانی خۆیان لە ڕێی ئابووریی شوانکارەیی پشت بەستوو بەئاژەڵداری بەڕێوە دەبەن. بەڵام ئەمڕۆ مەبەست لە خێڵ و عەشیرەت بەکۆی ئەو هۆز و قەبیلەیانە دەوترێ کە زەمینە و پێوەندیگەلی هاوبەشی جۆراوجۆر و هەروەها نزیکایەتییان پێکەوە هەیە و تاک و گرووپە بچووکەکانی ناو ئەو (کۆ)یە لەوانەیە چالاکیی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەبێت و سیستەمی ئابووریی ئەوان، سنوورەکانی پێوەندیی خێڵەکی و پێوەندیی بەرهەمهێنەرانەی پشت بەستوو بەئاژەڵداریی سوننەتی ببەزێنێت.

خاڵی گرینگ و شایانی سەرنج ئەوەیە کە «لە هەر جێگایەکدا جەماوەرێکی عەشیرەیی بوونی هەبێت، بەشێوەی هێزەکی و کارەکی (بالفعل وبالقوة) وزە و هێزێک بوونی هەیە کە ئامادەی جووڵانەوە و سەربازی و ڕامیاریی خێرایە[١]» بەچاوگێڕانێکی خێرا بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە عەشیرە گرینگترین بەش و لە ڕاستیدا ئەستوونی پێکهێنەری گشتیی سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئەو گەلەیە. دەتوانرێ بگوترێ کە ئەم پێکهاتەیە تایبەتمەندیی کوردەکانە لە هەموو بەشە

١- رضا شعبانی، مبانی تاریخ اجتماعی ایران (تهران، فومس ١٣٧١) چاپی ٢، ل٦٤

جیاجیاکانیدا. بەشێوەیەک کە پەیکەری کۆمەڵایەتیی کورد لە ژمارەیەکی زۆری عەشیرە پێک دێن و ئەم عەشیرەتانەش بۆ خۆیان خاوەنی سیستەمێکی تایبەت بەخۆیانن. بەجۆرێ کە هەرکام لەوانە خاوەنی پێکهاتەیەکی ڕامیارین. دەسەڵاتی سەرەکی عەشیرە لە دەستی سەرەک عەشیرەدایە و هەموو ئەندامانی عەشیرە و خێڵ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەون. هەموو بڕیارەکان لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندییان بەعەشیرەوە هەیە و هەروەها مەسەلە گرینگ و سەرەکییەکان، وەکو شەڕکردن، ئاشتی و دۆستایەتی لەگەڵ خێڵ و عەشیرەکانی تردا لەلایەن سەرەک عەشیرەوە دەردەچێت. لە ناوچە جوگرافییە جیاجیاکاندا ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتیی عەشیرە لە ئەستۆی ئاغا و بەگ و شێخەکاندایە. پاش مردنی هەر سەرەک عەشیرەیەک سەرۆکایەتیی عەشیرەکە دەگوێزرێتەوە بۆ گەورەترین کوڕی سەرۆکەکە، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا عەشیرەگەلی بەئەژمار دەژین، لەوانە؛ عەشیرەی برادۆستی، هەرکی، گەردی، سەندی، سوورچی، گۆرانی، بارزانی و زێبارین. لەناو ئەوانەدا بارزانییەکان بەو هۆیەوە کە دەورێکی بەرچاویان لەگۆڕانکاری و وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەدەی دواییەی کوردستانی عیراقدا هەبووە بەرچاوترن و گرینگییەکی تایبەتیان هەیە. بابەتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەش لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بەدەور بینینی ئەو عەشیرەتە لە گۆڕانکاری و پێشڤەچوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عیراقدا.

عەشیرەتی بارزانی لە ناوچەکانی بارزان، مێرگەسوور، شێروان و، دەوروبەری ئەوانەدا دەژین. گەشەکردن و دەسەڵاتدارێتی و دەستڕۆیشتوویی تەریقەتی نەقشبەندی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا و پێوەندیی گەورەپیاوانی خێڵی بارزان لەگەڵ ئەو ڕەوتە فیکرییەدا دەور و گرینگایەتییەکی بەرچاوی هەبووە لە بەرزکردنەوە و قایمترکردنی شوێنگەی ئەم بنەماڵەیە لە گۆڕانکاری و وەرچەرخانە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی عیراقدا.

یەکەم هەوڵدانی زیرەکانە بۆ بەرینکردنەوەی ناوچەی جوگرافیایی ژێر دەسەڵاتی بارزانییەکان بەسەرۆکایەتیی شێخ تاجەدین دەستی پێ کرد، کە لە موریدە بارزانییەکانی بنەماڵەی نەقشبەندی بوو. هەر لەم کاتەدا و بەرێبەرایەتی و ڕێنوێنیی ئەو پیاوە، چەند هۆزێکی بچووکی وەکو بەرۆژی، نزاری، دۆلەمەری و مزوورییەکان یەکیان گرت و عەشیرەتێکی گەورەیان بەناوی بارزانی پێک هێنا. ئاکار و خوو و ڕەوشتی کوڕەکانی شێخ تاجەدین و گرتنەبەری ڕێبازێکی هاوکات لەگەڵ میهرەبانی و دڵسۆزیدا بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی کاریزمایی باوکیان لە سەردەمی ئەوانیشدا پارێزراو بێت و دەسەڵاتی



مینۆکی (مەعنەوی)ی ئەو شێخە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئەو عەشیرەتانە یەک بگرن و لە کۆی ئەوانە عەشیرەتی بارزان پێک بێت و یەکێتییەکەیان بەردەوام و پارێزراو بێت و وەکو یەکەیەکی نەتەوەیی خۆ بنوێنێت. ئەمڕۆ و لە ڕابردووشدا عەشیرەتی بارزانی وەکو چەق و مەڵبەندی سەرەکی خەباتکاریی جەماوەری کوردستانی عیراق دژی ڕژێمی دەسەڵاتداری عیراق دەورێکی بەرچاوی لە وەرچەرخانە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم چەندەیەی دواییەدا بینیوە؛ ئامانجی سەرەکیی ئەوان وەدەستهێنانی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد بووە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عیراق و تەنانەت لە جیهانیشدا بەشێک لە بوون و مانەوەی خۆیان بەهۆی چەند کەسێک لە گەورەکانی ئەو عەشیرەتە و بەتایبەت مەلا مستەفا بارزانیی نەمرەوە دەستەبەر کردووە. هەڵبەت بارزانییەکان خۆشیان بەشێکن لە بزووتنەوەی مێژوویی و گۆڕانکار و پێشڤەبەری نەتەوەی کورد، لە پێناوی وەدەستخستنی مافی ڕەوادا و کارتێکراوی بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی هاوچەرخ و پێش خۆی، لەوانە، کۆماری کوردستان.

بارزانییەکان ئەمڕۆ کادیری ڕێبەرایەتیی ئاستی سەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق پێک دێنن. مەسعوود بارزانی ڕێبەرایەتیی ئاستی باڵای ئەو حزبەی بەدەستەوەیە، حزبی ناوبراو یەک لە هێزمەندترین و چالاکترین حزبەکانی وڵاتی عیراق و هەموو کوردستانە و بەو هۆیەوە کە ناوەند و ئەستوونی سەرەکیی ئەو حزبە پشت ئەستوورە بەکۆڵەکەگەلی قایم و یەکگرتووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، سەرەتی زیاتری لە حزبە بەرانبەرەکانی خۆی لەدەستدایە. بەجۆرێ کە لەم چەند دەیەی دواییدا دەسەڵاتی ناوەندیی عیراق هەرگیز نەیتوانیوە ئەو حزبە بپێچێتەوە و لەناوی ببات.

توێژینەوەیەکی مێژوویی خێرا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەوانەیە بارزانییەکان بەهۆی وزە و وشیاریی ڕێبەرێکی وەکو مەلا مستەفا بارزانییەوە لە هەموو بارودۆخە تەنگژاوییەکاندا بوونەتە بڕبڕەی پشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و تەوەرەی هەموو چالاکییە ڕامیاری و سەربازییەکانی ئەو حزبە بوون و تا ئەو ڕادەیە خاوەنی وزە و هێزی کاریزمایی و کاریگەر بوون کە لە بارودۆخە تەنگژاوییەکاندا بەهەزاران هێزی مرۆڤی لاو و، پیر و، شاری و لادێیی و خوێنەوار و نەخوێنەواریان لە بەردەستدا بووە بۆ بەختکردنی گیانیان لەپێناوی ئامانج و مەبەستەکانیاندا. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە کە لە دەوربینینی هەرە بەرچاوی عەشیرەتەکانی تری کوردستان و وزە و هێزی نەتەوەخوازانەی ئەوان لە تەواوکردن و پێگەیاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەرەو پێش بردنی گۆڕانکاری و

وەرچەرخانە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان لەناو سیستەمی وڵاتی عیراقدا، نکووڵی بکرێت. بەڵکو مەبەستە کە خوێنەرەوەی هێژا لە پرۆسەی توێژینەوەدا سەبارەت بەبزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گشتێتییەکی کۆمەڵایەتیی گرینگ و ڕاستییەکی نکووڵی هەڵنەگر بەناوی عەشیرە و هۆز وەکو ئەکتەرێکی بەرچاو و هۆکارێکی بنەمایی و سەرەکی لەبەرچاو بگرێت، کە توانایەکانی لە بەدیهێنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی عیراقدا کاریگەرێتی تایبەت و جیدیی هەبووە و بەکورتی دەتوانرێ وزەی شاراوەی سەربازی و هێزی بەرگریکارانەی ژیانی عەشیرەیی، بەهەوێن و بنەمای هاتنە ئارای بزووتنەوەی بارزانی بێتە ئەژمار. ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتێک بەهەموو ڕەهەندەکانی ژیانی تاکی کوردەوە دیارە، بەبێ بێنەوبەرە پێکهاتەی هۆزی و عەشیرەییەکەیەتی؛ هەر چەندە ساڵانێکی زۆرە پرۆسەی نیشتەجێبوون و یەکجێ نشینیی کوردەکان دەستی پێ کردووە و ڕواڵەتێکی جیدیی بەخۆوە گرتووە، بەڵام کورد هێشتا نەیانتوانیوە خۆ لە بەندوبەستی یاسا و ڕێسای عەشیرەیی ڕزگار بکەن. هەڵبەت گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا دەژین لە کەم ڕەنگ کردنەوەی پێوەندییە عەشیرەیی و خێڵەکییەکانی کورددا کاریگەر دەبێت، بەڵام تا بەئەمڕۆ کورد لە زۆربەی ناوچەکاندا و بەشێوەیەکی سەیر بەتایبەت لە ڕواڵەتی تاکێکی عەشیرەیی و خێڵەکیدا دەردەکەوێت. بەمەرجێک توێژەران، کورد بەهەمان شێوەی کە بوونی هەیە قەبووڵ بکەن و لەگەڵ نموونە و سەرچەشنە کۆمەڵایەتییە وەرچەرخاو و پەرەسەندووەکاندا بەراوردی نەکەن و توێژینەوەکانی خۆیان پەرە پێ بدەن و بەردەوام بن لەو کارەی خۆیاندا بەئاسانی دەتوانن هەموو لایەنی چاکە و خراپە (نیگەتیڤ و پۆزەتیڤ)ی ئەم نەتەوەیە بخەنە بەر شیکاری و بەڵگە بۆ بۆچوونەکانیان بدۆزنەوە.

ئەگەر کورد بەهۆگەلی جۆراوجۆرەوە بەئاژاوەچی و لە فەرمان دەرچوو دێنە بەرچاو و لەو وڵاتانەدا کە ژیانی تێدا بەسەر دەبەن، بەئاسانی پێملی نەزمی گشتی نابن، هەرگیز بەو واتایە نییە کە توندوتیژی و شەرارەت و ئاژاوەگەری بەشی جیانەکراوە و زاتی و سروشتیی ئەو گەلە بێت، چونکە بەپێچەوانەوە کورد لە بازنەی عەشیرەکەی خۆیدا و لە پێوەندییە خێڵەکی و عەشیرەییەکانیدا، لەو شوێنەدا کە مافەکانی لەبەرچاو دەگیرێت و کەرامەت و ڕێزە مرۆڤانەکەی ژێرپێ ناخرێت، زۆر بەهێوری پێملی داوونەریت و ڕێسای خێڵی و عەشیرەییەکەی دەبێت و گوێڕایەڵی سەرەک خێڵە.

جەنگاوەرێکی ئازا و لەخۆ بووردەیە کە ئامادەیە گیانی خۆی لەپێناوی کۆمەڵەکەیدا



بەخت بکات و تەنانەت بەرەگ و ڕەچەڵەکی ڕەسەنی خۆیەوە و بەڕابردووە پڕ لە خەباتکارییەکەیەوە شانازی دەکات. سوارچاکێکی پێکەوتوو و زانایە کە جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگەکەیی پێ دەکەوێت و ئاشقی چەکەکەیەتی و، بەکورتی ئەمڕۆ کورد تەنیا دەوارنیشینەکانی سەر بەرەگەزی هیندئەورووپین کە، تا ئەم سەردەمەی ئێمە ئەو شێوە ژیانەی خۆیان پاراستووە[1].

## ڕوانینێک بەرەو ئاین و ئاینزاکانی کورد (ئایندارێتی)

لە کۆمەڵگە سوننەتییەکاندا، ئاین دەوری سەرەکی و بنەمایی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێت و کاریگەرێتیی زۆر و بەربڵاوی لەسەر کولتووری کۆمەڵایەتیی، مادی و ڕامیاریی مرۆڤەکاندا هەیە. بەدرێژایی مێژوو تا ئەمڕۆ، مرۆڤ بەردەوام کردار و هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ یاسا دانراو و دڵخوازەکانی خۆیدا، یان ئەو یاسایانەی کە لە دیترانی وەرگرتووە دەگونجێنێت و هەوڵ دەدات کە هەموو ئامراز و پێداویستییەکی کە پێویستە بۆ بەختەوەری و مانەوەی خۆشبەختانەی خۆی وەدەستی بهێنێت «دەرک پێکردن و دۆزینەوەی ڕێگای بەختەوەری، بەزنجیرە ڕێسا و پرەنسیپێکەوە بەستراوە کە بۆ پتەوکردنەوە و قایم کردنەوەی کارەکە پشتی پێ دەبەستێت و جیهانی بوونیش کە خۆی بەشێکە لەو جیهانە، ڕاڤە دەکات. ئاین بریتییە لە کۆ و سەرجەمی بیروباوەڕ و بڕیارە گونجاوەکان لەگەڵ ئەو بیروڕایە کە لە درێژایی ژیاندا دێنە ئاستی کردەوە و جێبەجێ دەکرێن[2]. لە وڵاتی کوردستانیشدا کە ئەمڕۆ بەیەکێک لە سوننەتیترین کۆمەڵگەکانی جیهان دێتە ئەژمار بەشێوەییێکی ئاسایی ئاین باڵی بەسەر هەموو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی جەماوەری کورددا بڵاوکردۆتەوە. زۆربەی جەماوەری کورد لەسەر ئاینی ئیسلامی و لە نێوان موسوڵمانەکانیشدا سوننەکان و شوێن کەوتووانی ئاینزای شافیعی زۆرینەی جەماوەری لە خۆگرتووە. نزیکەی سێ ملیۆن کەس لە ناو کوردەکاندا سەر بەئاینزای جەعفەری (شیعە)ن کە زۆربەی ئەوانە لە ناوچەکانی ئیلام، کرماشان، هەمەدان و خانەقیندا بەپەرشوبڵاوی ژیان بەسەردەبەن. سۆفیگەری (تەسەووف)یش لە کوردستانا و لەنێوان کوردەکاندا بەشێوەییێکی تایبەت تەشەنەی کردووە.

ئەندێشەی سۆفیگەری لە چوارچێوەی دەستەگەلی جیاجیای وەکو بەکتانشینەکان لە

---

١- واسیلی نیکتین، ترجمە محمد قازی، کرد و کردستان، لاپەرە ٣١.

٢-جلال الدین مدنی، مبانی و کلیات علوم سیاسی تهران علامە طباطبائی١٣٧٤ ب١ ل٢١٥ و٢١٦.

باکوری ڕۆژهەڵات و قادرییە و نەقشبەندییەکان لە ناوەند و ڕۆژئاوا و نووربەخشییەکان لە باشووری کوردستان، لە ناو کورد مورید و شوێنکەوتووی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە. کەمینە ئاینییەکانی وەکو یەهوودی، عەلەوی، بەهایی و مەسیحیش لە ناو کورد هەن و لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا پەرشوبڵاو بوونەتەوە.

پاش دامەزرانی حکوومەتی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کوردە یەهوودییەکانیش وەکو هەموو یەهوودییەکانی جیهان کۆچیان کرد بۆ ئەو وڵاتە، شوناسی کولتووری و ئاینی کوردە مەسیحییەکانیش لەگەڵ کوردە ئاشوورییەکاندا تێکەڵاوی یەکتر بوون. وێڕای ئەو ئاین و بوارە فیکرییانەی کە ناوبران، دەستەگەلێکی ئاینی تر لە کوردستاندا هەن کە لەوانە دەتوانرێ ئاماژە بەکوردە ئیزەدییەکان بکرێت. ئەم ئاینە سەر بەئاینە کۆنەکانی پێش ئیسلامە کە خاوەنی سیستەمێکی چینایەتی ڕێکوپێک و مودێرنە بەسەرەوەی هێرەمە چینایەتییەکەی ئەم پێکهاتەیەدا دەستەی شێخەکان وەستاون کە یەکەم چینی ئەو پێکهاتەیەن. لە چینی خوارەوەتردا پیرەکان (پیرخدر)ن کە چینی ناوەنجیی پێکهاتەکەن. لە چینی خوارەوەی هێرەمەکەشدا کەسانێک هەن کە بەبەشی خوارەوەی کۆمەڵگە دێنە ئەژمار. سەرۆکی ئێزەدییەکان ئەمیرە، کە دەسەڵاتێکی زۆری کاریزمایی هەیە و، گەیشتن بەپلە «میری» تایبەتە بەچینی یەکەمی ئەو هێرەمە و تاکەکانی ناو ئیزەدییەکان خاوەنی داوونەریتی تایبەت بەخۆیانن و لەوانەیە تەنیا بەش و دەستەیەک بن کە بەبێ کارتێکراویی عەرەبە موسوڵمانەکان، مەسیحییەکان، یەهوودییەکان و ئاینەکانی تر بیروبڕوا کەونارییەکەی خۆیانیان پاراستووە. بەپێچەوانەی وێناکردنی جەماوەری خەڵکی ئیزەدییەکان شەیتان پەرست نین. لە ئاینی ئەواندا یەکپەرەستی گرینگییەکی بەرچاوی هەیە و بەئاگابوون لە ڕەمز و نهێنییەکانی سروشت هۆکارێکی بەرچاوە کە لە ڕێگەی ئەوەوە هەقیقەتی هەبوونی ئافرێنەر بۆ خاوەن باوەڕەکان ڕوون دەبێتەوە. ئەهلی حەق و کاکەییەکان بۆ خۆیان بەشێک لە پێکهاتەی جەماوەری گەلی کوردن کە زۆربەیان لە پارێزگای کرماشان یا لە کوردستانی عیراق دەژین.

بەهەرحاڵ ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی کورد لەلایەن ئاین و ئاینزاکانەوە کارتێکراویی زۆری پێوە دیارە و ئاین و ئاینزا، بەدرێژایی مێژوو یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی گۆڕانکاریی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بوون لە ناو کورد. توێژینەوەیەکی خێرا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە زۆربەی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکانی گەلی کورد لەلایەن ڕێبەرانی ئاینی و شێخەکانەوە دامەزراون و گەڵاڵەیان بۆ داڕێژراوە.



ڕاپەڕینەکانی شێخ عەبدوڵڵای نەهری، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، شێخ مەحموودی بەرزنجی و شێخ ئەحمەد بارزانی نموونەگەلێکی بەرچاو و شایانی تێڕامانی لەو جۆرە بزووتنەوەیانەن کە هەرکامەیان لە جێگای خۆیدا کاری زۆری کردۆتە سەر پێگەیشتن و پێشڤەچوونی پرۆسەی ڕاپەڕینی نەتەوەیی گەلی کورد، بۆ گەیشتن بەمافی ڕەوای خۆیان. ئەوەی کە، چ هۆکارگەلێک بوونەتە هۆی ئەوەی، زۆربەی ئەم ڕاپەڕینانە لەلایەن پیاوان و ڕێبەرە ئاینییەکانەوە دابمەزرێن و گەڵاڵەیان بۆ دابڕێژرێت و بەڕێوە ببرێن پرسیارێکی سەرەکی و بنەماییە کە وەڵامەکەی لە پێوەندی و هەڵسوکەوتەکانی ناو عەشیرە و خێڵەکانی گەلی کورددا بەر چاو دەکەوێت. ئەوەی کە شێخەکان و پیاوە ئاینییەکان دەسەڵاتێکی مەعنەویی هەرە زۆریان بەسەر موریدەکان و پەیڕەوەکانی خۆیاندا هەبووە و، بە لە بەرچاوگرتنی شوێنگەی ڕێبەرایەتی و پێویستی گوێڕایەڵبوونی مورید و شوێن کەوتووەکانیان لەوان و ڕێزلێگرتنیان لەلایەکەوە و توانایی مادی و سەربەخۆیی ئابووریی ئەو ڕێبەرانە، کە ئەویش بەهۆی باج و مالیات و زەکات نەزر و نزوور و خەڵاتدانەوە لەلای شوێنکەوتووەکانیانەوە بووە لەلایەکی ترەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم کەسایەتییانە ئەو دەسەڵاتە هەرە بەرچاوە کاریزمایەتەکە لەدەستیاندا بێت، کە بەئاسانی بتوانن لە ڕەوتی خەباتە سیاسییەکان و پێکدادانە سەربازییەکاندا دەور و ڕۆڵی سەرەکی و بنەمایی بگێڕن و، بتوانن هەر کاتێک ویستبێتیان بەهەزاران هێزی لاوی چالاک بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی کاروباری پێویست کۆبکەنەوە.

بابەتێکی گرینگی تر کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە: بەلەبەرچاوگرتنی ئەو سیاسەتە توندوتیژ و زەبروزەنگاوییە بێ ڕەحمانەیە کە لە سەردەمانی ڕابردوودا لەلایەن ئیمپراتۆریی عوسمانی و ڕژێمە پاشایەتییەکانەوە و دواتریش لەلایەن داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی ڕامیاریەتی پان عەرەبیزم و پان تورکیزمەوە دژی گەلی کورد بەڕێوەچووە، زۆر ئاساییە کە، نوخبەکان و ڕێبەرانی عەشیرە و پیاوە ئاینییە کوردەکان لە بەرپەرچدانەوەی ئەو بێدادی و ستەمە نەتەوەییانەدا لە پێناوی بەرگریکردن لە مافی پێشێلکراوی گەلەکەی خۆیاندا ڕێبەرایەتیی ئەو نەتەوەیە لە ئەستۆ بگرن.

بەکورتی، ئاین لە ڕابردوو و ئەمڕۆدا وەکو سەرەکیترین و کاریگەرترین هۆکار لەسەر گۆڕانکارییە بنەماییەکانی ئەم کۆمەڵە دەورێکی هەرە بەرچاوی بووە و ئەمڕۆش بەو هۆیەوە کە، کەشوهەوای کۆمەڵگەی کوردستان کەشوهەوایەکی ئاینییە، پیاوە ئاینییەکان خاوەن ڕێز و دەسەڵاتی زۆرن و لە پەیوەندییە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم گەلەدا ڕۆڵ و شوێنگەیەکی بەرچاویان هەیە.

# پاژی دووەم

# لێکدانەوەی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کوردی

بەبڕوای زۆربەی زانیاران زاراوەی ناسیۆنالیزم پێناسەیەکی تایبەتی نییە، بەڕای دکتۆر هووشەنگی موقتەدەر «ناسیۆنالیزم» بەتەواوی دیاردەیەکی مەنتیقییە و نابێ لە جیهانی نامەنتیقی و سۆزداریتی و خەیالاویی ویژدانی ناخۆ وریای بەشەردا بەدووی بنج و بناوانەکانیدا بگەڕێین. بەبڕوای ئەو، ناسیۆنالیزم دژە کردەوەیەکی دەروونیی مرۆڤە لەهەمبەر گەڤە و هەست بەناهێمنایەتی کردندا.[1]

روون و ئاشکرایە پێوەندیی دەروونی و خۆشویستنی نیشتمان لەلایەن مرۆڤەوە، پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە و یەک لە سروشتیترین بەندیوار بوون و ئەویندارێتیی مرۆڤە لە ناو قوتابخانە هزرییە جیاجیاکاندا و هەروەها لە ئاینە مەزنە ئیلاهییەکاندا شوێنی جۆرێ لە پەسندبوونی خۆشەویستییەکی دەروونی بەرامبەر بەنیشتمان دەرک پێ دەکرێت، دەگێڕنەوە: پێغەمبەری ئیسلام ئەویندارییی تاک بەرامبەر بەنیشتمانەکەی بەنیشانەی ئاینیی خاوەن بڕواکان داناوە. «حب الوطن من الایمان». ئەمە ڕوونکەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە پێغەمبەری ئیسلامیش ئەم دیاردەیە بەدیاردەیەکی سروشتی و تەنانەت بەحەز و ئەو ویستێک دەزانێت کە شایانی ڕێز لێ گرتنە.

بەمەیشەوە لە واتای نوێی خۆیدا ناسیۆنالیزم بەرەنجامی ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانانەیە کە لەم چەند سەدەی دواییە و لە جیهاندا ڕوویان داوە «لەم چەند سەدەیەی دواییدا بوو، کە هەندێ لە بیرمەندان و زانیارانی ڕامیاری وەکو ماکیاڤێللی، ژان بۆدەن و جان لاک پێناسەیەکی تازەیان لە ڕامیاریەت بەدەستەوە دا، بۆ یەکەمجار بوو، چەمکی نەتەوە کە بریتی بوو لە کۆمەڵە مرۆڤێکی خاوەن زمان، ڕەگەز، مێژووی هاوبەش یان بەجێگەی وشەی ئۆمەت (هاوبەشیی ئاین) دانرا و بەم پێیە چەمکگەلێکی وەکو شەڕە ئاینییەکان بە شەڕە نەتەوەییەکان گۆڕدرا[2]».

---

١- هوشنگ مقتدر، سیاست بین المللی و سیاست خارجی (تهران، مفحوس، ١٣٧٠) ل ٥٨ و ٥٩.

٢- محمد طباطبایی، ڕوابت بین‌الملل و نظم نوین جهانی، تهران، سازمان عقیدتی سیاسی ارتش جمهور اسلامی ایران ١٣٧٣، ل ١٥٠.



بۆ نموونە پۆڵۆنییەکان، ئەرمەنییەکان و مەکدۆنییەکان خاوەنی ئەو جۆرە لە ناسیۆنالیزم بوون. گەلی پۆڵۆنی دەوڵەتی پۆڵۆنیا و ئەرمەنییەکان دەوڵەتی ئەرمەنیا و لەم دواییانەشدا مەکدۆنییەکان دەوڵەتی مەکدۆنییەیان دامەزراند. «ناسیۆنالیزمی مودێرن لە سەدەی ١٧و١٨ لە باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپادا سەری هەڵدا، ئەوجار لە نێو ئەمریکاییە کۆچەرەکاندا، ڕەگی داکوتا، لە سەدەی ١٩دا وەکو بزاڤێکی سەرانسەری، ئەوروپای داگرت. تەنیا لە سەدەی بیستەمدا بوو کە ناسیۆنالیزم، ڕەنگی بزووتنەوەیەکی جیهانگرانەی بەخۆوە گرت[1].» بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم لە ماوەی سەدە و نیوێکدا بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو و هەر لەم قۆناخە لە مێژووی جیهاندا، ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەکانی جیهان نەتەوە- دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند، لە ساڵی ١٨٥٠ی زایینیدا تەنیا ٦ دەوڵەت لە ئەوروپادا هەبوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٠دا ژمارەیان گەیشتە ١٥ دەوڵەت و لە ساڵی ١٩٥٠دا بوونە ٢٧ دەوڵەت. ژمارەی ئەندامەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٠دا چوار جار زیاتر بوو لە ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیەدا ئەندام بوون[2].

بەشێک لە نووسەران لە نێوان ناسیۆنالیزم بەواتای ڕووداوێکی مێژوویی و ناسیۆنالیزم بەواتای مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژیک و بیروبڕواییدا جیاوازی دادەنێن. هەروەها کە گوترا، ناسیۆنالیزم بەواتای هەستێکی دەروونی و سۆزدارییە، بەرامبەر بەنیشتمان، هەستێکی پاکی مرۆڤانە، کە شایانی ڕێزلێگرتنە، بەڵام مەسەلەکە ئەو کاتە تێک دەچێت و ئاڵۆز دەبێتەوە کە ئەم هەستە پاکە، کە شایانی ڕێز لێ گرتنە جاروبار بەهۆگەلی جیاجیاوە دەکەوێتە خزمەتی هەندێ مەبەست و ئامانجی ڕەگەزپەرستانەوە؛ دەبێتە ئامرازێک بەدەستی دەستە، یان گرووپێکی مێشک وشک و بەرچاو تەنگەوە کە بەهۆی ئەوەوە بیرۆکە ڕەگەزپەرستانەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و لە ئاکامدا دەبێتە ڕامیاریەتێکی نامرۆڤانەی ڕاسیستی و ناسیۆنال شوڤینستی. لەم حاڵەتەدایە کە ناسیۆنالیزم دەبێتە ئامێرێک بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی بێ ڕەحمانەی گرووپە نەتەوەییەکانی تر و مەجبوور کردنیان بەتەسلیم بوون لە بەرامبەر ڕوانگەی فرەخوازانەی بەڕێوەبەرانی ڕامیاریەتە شۆڤینییە دژەمرۆڤییەکان- کە هەڵبەت ئەم ناسیونالیزمە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی لە دەست داوە.

---

١- حسین مدنی، کوردستان و استراتیژیی دەوڵەتان لاپەرە ٣٥٢، ٣٥٣.

٢- ناسیۆنالیزم، گل جی بارکلی، ترجمە: یونس شکرخواه، لاپەرە ٤.

دەرکەوتنی دیاردەی ناسیۆنالیزم لەناو ئەوگەلانەدا، کە سیستەمێکی ناوەندخواز بەسەریاندا زاڵە، پرۆسە و ڕەوتێکی ئاساییە و وەڵامێکی مێژووییە بۆ ڕامیارییەتە نادادگەرییەکانی کەمینەی دەسەڵاتدار، هەروەها کە وتوویانە: «ناسیۆنالیزمی نەتەوەی بن دەست، لە ناوەڕۆکدا دژ بەزوڵم و ستەمی نەتەوەی دەسەڵاتدار سەر هەڵدەدات، لە خۆیدا هەڵگری ئیدەیەکی ئینسانی و دادپەروەرانەیە، چونکە هەوڵ دەدا بەلابردنی ستەم، خۆی بگەیەنێتە پلەی نەتەوەی دەسەڵاتدار، تا لە کیانێکی سەربەست و سەربەخۆدا، ژیانێکی ئازاد و دوور لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی بۆ نەتەوە ژێر دەستەکەی دابین بکات.[١]»

وێڕای ئەوانەی باسی لێ کرا، پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی نوێ، بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرەنجامی ڕاستەوخۆی فرەخوازی و چاوچنۆکیی ئیمپراتۆریی نێونەتەوەیی بوو و دژ کردەوەیەکی سروشتی و ئاسایی بوو لەلایەن جەماوەری خەڵکی ئەفریقا و ئاسیاوە بەرامبەر بەئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیستە ڕۆژئاواییەکان، کە وەکو پرۆسەیەک هەوڵیان دەدا جەماوەری خەڵکی ئەو دوو کیشوەرە لە بواری ڕامیاری، کولتووری، سەربازی و ئابووریی و... هتدەوە چەپاو بکەن. لە ئاوەها بارودۆخێکدا سەرهەڵدانی بنەماکانی ناسیۆنالیزم لە نێوان جەماوەر و خەڵکی بن دەستدا دیاردەیەکی بەتەواوی ئاسایی و چاوەڕوانکراو بوو.

شەڕی یەکەمی جیهانی پێش هەموو شتێک گۆڕەپانی پێکدادان و لە ڕووی یەکداوەستانی زلهێزەکانی جیهان بوو، بەرچاوترین بەرەنجامی ئەم شەڕە لە ڕۆژهەڵاتی ئەم گۆی زەوییە و لە نێوان نەتەوە موسوڵمانەکاندا دارمان و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بوو، لە بەشە جیاجیاکانی سەر بەو ئیمپراتۆریەتەدا. زۆربەی ئەو گەلانەی کە سەر بەو ئیمپراتۆریەتە بوون لە ساڵەکانی پاش شەڕی یەکەمدا، بەسەرپەرشتیی و ڕێنوێنیی هێزە سەرکەوتووەکان، لە نیشتمانەکەی خۆیاندا دەوڵەتی نەتەوەییان دامەزراند.

کوردستانی عوسمانی، تەنیا جێگەیەک بوو کە لەو سەردەمەدا خەڵکەکەی نەیانتوانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆخۆیان دامەزرێنن. وڵاتە زلهێزەکان بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستەبەر بکرێت و بتوانن بەئاسانی سەرچاوە گرینگ و بژێوییەکانی ئەو ناوچەیە چەپاو بکەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو نیشتمانەدا دیاردەی ناسیۆنالیزم دەرکەوتووە و

١- حسین مدنی پێشوو لاپەرە ٣٥٣.



بەرجەستە بۆتەوە، ئەو وڵاتەیان لە نێوان سێ وڵاتی تورکیا، عیراق و سوریادا، دابەش کرد، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد کە زۆر دەمێک بوو لە نێوان ئەو گەلەدا هاتبووە ئاراوە. بۆ دەرککردنی زیاتری بارودۆخەکە و دۆزینەوەی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی نوێ لە کوردستاندا، پێویستە بڕوانرێتە چۆنێتیی پێکهاتنی بنەما و زەمینەکانی ئەو ڕەوتە.

**وردبوونەوە لە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کورد:**

«منم کە پاشای وڵاتم، نەک سوڵتانی عوسمانی- ئەگەر ئەو لە من بەهێزترە، لە بەرامبەردا من لەو شەریفترم.» ئەم وتە توند و بوێرانەیە، کە ئەمیر بەدرخان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەنێردراوی پاشای فەرەنسای وتووە لە ڕاستیدا گەوهەری کیانی زەینی و مەزنخوازیی خانەدانە کوردەکانە. ئەو (ئەمیر بەدرخان) خۆی بەشەریفتر لە سوڵتانی عوسمانی دەزانێت و وەکو داگیرکەرێک پێیدا دەڕوانێت و تووشی وەسوەسەیەکی گەورە بووە کە هاوسەنگیی هێزەکان تێک بدات.[١]

ئەمیر بەدرخان کە لە ساڵی ١٨٢١دا ئەمیری ناوچەی بۆتان بوو، یەکەم دەسەڵاتداری کورد بووە لە مێژوودا کە مەسەلەی نەتەوەیی لە مشتومڕ و پێکدادانەکانی نێوان سوڵتانی عوسمانی و خانەدانە کوردەکاندا هێنایە ناو تێهەڵچوونە فیوداڵییەکانەوە و هەر بەو هۆیەوە لەوانەیە بتوانرێ بگوترێ کە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردە.

هەروەکو لە نووسراوەکاندا هەیە (ئەمیر بەدرخان) پیاوێکی ئایندار و بەباوەڕ بوو؛ بەوردی یاسا و ڕێساکانی ئاینی بەڕێوە دەبرد؛ لە کاتی خۆیدا نوێژی دەکرد و، پیاوێکی خاوەن بەڵێن بوو؛ دڵفراوانی و هاودەردی کردن لەگەڵ فەقیرەکان و یارمەتیدانی خەڵکی دەست تەنگ و خەڵات و بەخشین بەمەلاکان و خووڕەوشتی شایانە و شکۆدارێتی و سام و هەیبەتی ئەو پیاوە، ببووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی لادێ زۆر ڕێزی لێ بگرن و وەکو پێغەمبەری «دووەم» سەیری بکەن[٢].

خاڵی گرینگ و شایانی سەرنج پێدان ئەوەیە کە ئەمیر بەدرخان بەهەوڵ و کۆششی خۆی و هەروەها بەدەرخستنی توانایی ڕامیاری و سەربازی، توانیبووی چوارچێوەی تەنگەبەری

١- کریس کۆچرا، جنبش ملی کرد، ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، چاپ دوم ١٣٧٧ ل ٢٢

٢- کریس کۆچرا، پێشوو، ل ٢٢

عەشیرەیی و تایەفەیی تێک بشکێنێت و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا حکوومەتی نەتەوەیی کورد دابمەزرێنێت. ئەمیر لە ساڵی ١٨٢٨ ، واتە حەوت ساڵ بەر لەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، هێندەی لەخۆڕابینیبوو کە هێزی چەکدار و سوارچاکە شەڕکەرەکانی بۆ یارمەتی حکوومەتی عوسمانی نەنێرێت و هەوڵی ئەوەشی دابوو سەرۆک عەشیرە و گەورە پیاوانی کورد، بەتایبەت مەحموود خانی ئەمیری ناوچەی وان و نوورولڵا بەگی هەکاری بەپێویستیی سەربەخۆبوونی کوردستان قایل بکات.[١]

هەوڵ و تێکۆشانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژەکانی ئەمیر بەدرخان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی ڕامیاری و هەروەها بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو، هەرگیز لە چاوی دەسەڵاتداران و سوڵتانەکانی عوسمانی ون نەبوو.

حکوومەتی عوسمانی ئەو کات کە لە مەبەست و ئامانجە ڕاستەقینە و نەتەوەخوازانەکانی ئەمیر بەدرخان گەیشت، هەوڵی دا کە بەکەڵک وەرگرتن لە شێوەی هێرشی سەربازی و شەڕخوازانەی بەربڵاو، شاڵاو بباتە سەر نیشتمانەکەی و ئەو ئەمیرە لە دەسەڵات بخات.

پاش ئەو ڕووداوە ئەمیر زۆر بەئاستەم دەیتوانی هێرش و شاڵاوی عوسمانییەکان لە ساڵەکانی ١٨٣٦-١٨٣٨دا پاشگەز بکاتەوە و، لە ئاکامدا، لە ساڵی ١٨٣٩دا پەیمانی ئاشتی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا دەبەستێت؛ چەند هەفتەیەک پاش ئەوە هێزەکانی ئیبراهیم، کوڕی محەمەد عەلی پاشای والیی میسر، هێزەکانی عوسمانی لەو وڵاتە ڕاودەنێن. ئەو شکستە لە چاوی کوردەکان و ئەمیر بەدرخانەوە کە جگە لە تۆڵەسەندنەوە لە تورکان، بیریان لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە، وەکو نیشانەیەک بوو بۆ شۆڕشێکی گشتگیر[٢].

بەدرخان هەلی لە پەرێشانی و سەرلێشێواویی بارودۆخی عوسمانییەکان قۆستەوە و ئاقاری دەسەڵاتەکەی لە"وان" و تا مووسڵەوە و سابڵاخ و ورمێ و دیاربەکر پەرە پێ دا و چەند کەس لە خانە گەورەکانی کوردی وەکو کورحوسێن قارز و ئاجرە و ئەمیر ئەردەڵان پاڵیان پێوە دا، ئەمیر بەدرخان لە ماوەی ساڵەکانی ١٨٤٤-١٨٤٦دا لەوپەڕی شکۆ و دەسەڵاتداریدا بوو، سکەی لێ دا و لە نوێژی ڕۆژی هەینیدا خوتبەی بەناوەوە

١- کۆچرا، پێشوو لاپەڕە ٢٣

٢- کۆچرا پێشوو، لاپەرە ٢٣



دەخوێنرایەوە. سنووری وڵاتی ژێر دەسەڵاتی ئەو لە ڕۆژهەڵاتەوە سنوورەکانی وڵاتی ئێرانی بەزاند و لە ڕۆژئاواوە، تا ناو میزۆپۆتامیا درێژەوە بوو، و لە دەروازەی دیاربەکرەوە تا دەروازەکانی مووسڵی دەگرتەوە و سەروەت و سامانەکەی لە ئەژمار نەدەهات[١].

ئەمیر بەدرخان لە ساڵی ١٨٤٦دا هەروەکو لە ساڵی ١٨٤٣ش دا ئەو کارەی کردبوو هێرشێکی تری کردە سەر نەستوورییەکان کە ئەنجامێکی مەرگاویی بوو: سوڵتانی عوسمانی دوابەدوای نارەزایەتی و دەنگهەڵبڕینی پاریس و لەندەن لەشکرێکی بۆ تەمێ کردنی ئەمیر هەنارد، ئەو کاتە ئەو لە قەڵاکەی خۆی لە ئێرۆخرا مانی گرتبوو و خۆی بەدەستەوەدا و لەلایەن عوسمانییەکانەوە ڕاگوێز کرا بۆ قەندییەی قەبروس و پاشان ناردیانە دیمەشق و لە ساڵی ١٨٧٠ هەر لەو شارەدا کۆچی دوایی کرد[٢].

ئەگەرچی ئەمڕۆ ژمارەیەک لەو کوردانەی کە لە چوارچێوەی حزبە پیشکەوتنخواز و نوێباوەکاندا چالاکی دەکەن، لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەمیر بەدرخان تەنیا فئۆدالێکی گەورە بووە، بەڵام توێژەرە واقیع بینەکان و لەوانە ڤیلیام ئیگلتۆن بەکوردێکی نەتەوەخوازی دەزانن؛ بەمەیشەوە بڕوایان وایە کە هێشتا مەبەست و ئامانجە سەرەکییەکانی بەدروستی نەناسراوە.

بەهەرحاڵ دەبێ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەمیر بەدرخان لەبازنەی سیستەمێکی دەرەبەگایەتیدا سەری دەبێ بەوە قایل بین کە یەکێک لە قارەمانە گەورەکان و داڕێژەرانی بیری سەربەخۆیی کوردە لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینیدا. تەنانەت بەمەرجێ هەموو سەرەتییەکانیش لەبەرچاو نەگیردرێ و تەنیا ڕووبەری ناوچە جوگرافیاییەکانی ژێر دەسەڵاتی لەبەرچاو بگیردرێ، ئەوجار پەی بەوە دەبرێت بەگشتی کوردستان، هەر لە کوردستانی ئێرانەوە تا کوردستانی تورکیا لەژێر دەسەڵاتیدا بووە، لەمەیشەوە بەو بەرەنجامە دەگەین کە ئەمیر لە هەموو کەسایەتییە پێشوو و هاوسەردەمەکانی خۆی زیاتر بووە و ئەمەش شتێکی نکووڵی هەڵنەگرە.

دەسەڵاتدارێتی و هەستی دادپەروەرانە و هاودەنگبوونی لەگەڵ جەماوەردا ڕێز و نرخ و دەسەڵاتێکی لە ڕادەبەدەری بە ئەمیر بەخشیبوو. کەسانی پاش خۆی کە لەباری ڕامیارییەوە هێندەیان لەباردا نەبوو، هەشتا ساڵ پاش مردنی، بۆ کۆکردنەوە و

١- بڕوانە واسیالی نیکتین، کورد و کوردستان، ل ٣٨٨

٢- کۆچرا، پێشوو ل ٢٤

یەکانگیرکردنی جەماوەری لادێ و خانەدانە کوردەکان بەناوی خەبات لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا کەڵکیان لە خۆشەویستبوون و ڕەوایی بوونی ئەو لەلای جەماوەر، وەردەگرت.

تەسلیم بوون و ڕاگوێزانی ئەمیر بەدرخان و ژمارەیەکی زۆری گەورەپیاوانی کورد لەگەڵ ئەودا بووە هۆی ئەوەی، بۆشاییەکی هەرە گەورەی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانڕەوایی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەمیردا بەدی بێت، کە هەوڵ و کۆششی سوڵتانەکانی عوسمانی لە ڕێگای دەسەڵاتدارە تورکەکانەوە جێگەی سەرۆکە ناوچەیی و میراتگرە کوردەکان و داسەپاندن و دامەرزاندنی داوودەزگایەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەوانەوە بەهیچ جۆرێ توانای ئەوەی نەبوو کە بۆشایی دەسەلات پڕ بکاتەوە کە دوابەدوای داڕمانی دەسەڵاتی خانایەیتی ئەمیر بەدرخان هاتبووە ئاراوە.

بەڕاگوێزانی ئەمیر بەدرخان و سەرۆکە دەسەڵاتدارە کوردەکانی تر لەگەڵ ئەودا، نەزم و هێمنایەتیی ڕامیاریی ناوچەکە لە ناوچوو و ئاژاوە و ناڕێکوپێکی و ناهێمنایەتی هاتە ئاراوە و سەردەمێکی بەتەواوی پەرێشان خۆی زاڵ کرد.

لەو کەشەدا و لە ناو ئەو بۆشاییەدا کە بەهۆی داڕمانی دەسەڵاتی خانەدانی پێشووەوە هاتبووە ئاراوە دەستە و کۆمەڵە لادێییەکان بۆ دەربازبوون لەو ناهێمنایەتییە ڕوو لە زیادبوونەی، کە ژیان و بوونی ئەوانی لەگەڵ گەڤەیەکی جیدیدا ڕووبەڕوو کردبووەوە؛ بەدووی ڕێبەرگەلێکدا دەگەڕان کە وەشوێنیان کەون و لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا، بۆ دەرکەوتن و ئامادەبوونی شێخەکان و ڕێبەرە ئاینییەکان بۆ ئەوەی خۆ بکێشنە ناو کاروباری دنیاییەوە، کە تا ئەو کاتە ئەو کارانەیان بەنالەبارو ناشایان دەزانی، هەلێک باشتر لە هەرکاتێکی تر ڕەخسابوو، بەم شێوەیە بوو، کە بەرەیەکی نوێی ڕێبەران خۆیان دەرخست، کە دەسەڵاتی یەکجار زۆری ئاینی ئەوان لە ناو مورید و شوێنکەوتووەکانیاندا جێنشینێکی هێزمەند هێزەکیی لێ دروست کردبوون بۆ ئەوەی بتوانن جێگای ڕێبەرە ڕاگوێزراوە و کورد پڕ بکەنەوە، ئەم شێخانە لە نیوە سەدەی پاش ئەو هەلومەرجەدا و لە گۆڕانگارییە مەزنە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەوری سەرەکی و گرینگیان بینی.

«شێخەکانی شەمزینی (شەمزینییەکان خۆیان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە، خزمایەتییان لەگەڵ شێخ عەبدولقادری گەیلانی دامەزرێنەری تەریقەتی قادریدا هەیە.) شێخ عوبەیدوڵڵا ماوەیەک پێش ساڵی ١٨٣٠ لەدایک ببوو، سامان و شکۆ و ڕێزێکی هەرە زۆری لە باوباپیریەوە بەمیرات وەرگرتبوو و بەخێرایی نیشانی دا کە زیاتر لەوان مەیلی



بەم دونیا بێ نرخە داوە و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێبەرێکی ئاینییە ڕێبەرێکی دونیاییش بێت[١]».

سەرەتای هەوڵەکانی ئەو، بۆ ئامادەبوون لە کاروباری بەربەرەکانێکاندا بەشەڕی ساڵەکانی ١٨٧٨-١٨٧٧ی نێوان ڕووسیە و عوسمانی دەستی پێ کرد، کە ئەو لە پاڵ عوسمانییەکاندا سەرۆکایەتیی دەستەیێکی چریکیی کوردی بەدەستەوە بوو، بەرەنجامی ئەم بەشداریکردنەش جگە لە ئەزموونێکی تاڵی شکستی سەربازی هیچی بەدواوە نەبوو، بەڵام ئەم ڕەوتە هەرگیز نەبووە بەربەستێک لە بەردەم ئەوەدا کە وەکو «سەرۆکی نەتەوەی کورد» بناسرێت[٢].

شێخ عوبەیدوڵڵا پیاوێکی سادە، دەست پێوەگر، دادپەروەر و یەکجار ئایندار و پابەند بەداوونەریتی ئاینی بوو و هەروەها ئاواتی گەورەی ئەو بەختەوەریی نەتەوەی کورد بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر حەزی لە دەسەڵاتی دونیایی و ڕێبەرایەتیی خێڵ و عەشیرەتەکەی خۆی بوو. ئەو حەزە هێندە زۆر بوو کە وەکو مرۆڤێکی مەقام پەرست دەنوانەوە، ئەمەش تا ئەو ئەندازەیە بوو کە شێخ نەیدەویست تەنانەت لە دوورترین شوێن و ناوچەکانی وەکو بارزانیشدا ڕکەبەرێکی هەبێت.

شێخ عوبەیدوڵڵا چارەسەری ڕۆژەڕەشیی کوردی تەنیا بەوە دەزانی کە نیشتمانەکەی سەربەخۆ بێت و لە نێوان کوردستانی ئێران و عوسمانیدا یەکێتییەک پێک بێنێت. لە یەکێک لە وتووێژەکانی خۆی لەگەڵ نوێنەری یەکێک لە هێزە ڕۆژئاواییەکاندا، کە دۆستی بووە دەڵێ: «ئەمیر و سەرۆکەکانی کوردستان، چ ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی تورکدا بوون و چ ئەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوون و هەروەها جەماوەری کوردیش هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ ئەو حکوومەتەدا ناتوانرێ بەم شێوەیە درێژە بەکار و بارەکان بدرێت. دەبێ کارێ بکرێت دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بە مەسەلەکە بزانن و لەم بارەیەوە توێژینەوەیەک ئەنجام بدەن. گەلی کورد گەلێکی جیاوازە، خاوەنی زمان، کولتوور و داوونەریتی تایبەت بەخۆیەتی، ئێمە دەخوازین کاروباری خۆمان لە دەستی خۆماندا بێت[٣]»

١- کریس کۆچرا پێشوو لاپەرە ٢٦
٢- کۆچرا پێشوو ٣٧
٣- کۆچرا پێشوو ٣٧

ئەگەرچی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ناو بازنگەی دامەزرێنەرانی ناسیۆنالیزمی کورددا دادەنرێت بەڵام؛ ئەو دوو کارەی کە لە ساڵەکانی ١٨٧٩ و ١٨٨٠دا گەڵاڵەی بۆ داڕشتن و ڕێبەرایەتیی کردن، زۆر تێپەڕتر و کەم خایەنتر بوون لە چالاکییەکانی ئەمیر بەدرخان پاشا، بەتایبەت هێرش کردنە سەر ئێران هەرگیز بەرەنجامێکی باشی بەدواوە نەبوو. دەوڵەتی ئێران بەتوندی دەنگی هەڵبڕی و ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی کە شاری تەورێز لەلایەن سەرهەڵداوانی سەر بەشێخ عوبەیدوڵڵاوە وەکو ناوەندی شۆڕش ڕاگەیەندرا شارەکانی ورمێ، بناو و مەراغە کەوتنە هەڕەشەی جیدی: پشتیوانی شۆڕشەکانی ئەو وڵاتە، ئەوروپاییەکان، بەتایبەت بەریتانیا و فەڕەنسا بوون و مەبەستیشیان دەست تێوەردان بوو لە کاروباری عوسمانییەکاندا، ئەو شۆڕشە بەهاوکاریی سەربازیی ئێران و عوسمانی سەرکوت کرا و کۆتایی بەچالاکییەکانی هێنرا، شێخ عوبەیدوڵڵا برایە ئەستەمبووڵ و لەوێوە بەرەو شاری مەککە ڕاگوێزکرا[1].

ئیمپراتۆریی عوسمانی لەو دۆخەدا دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمی تێ دەپەڕاند کە پێکهاتە کۆن و گەندەڵەکەی لە ناوخۆدا لەگەڵ گرفتی جیدی و فراواندا ڕووبەڕوو بووبووەوە و ئەوەیش لە جموجووڵ و هەوڵدانی چاکسازیخوازەکان و ڕۆشنبیرە تورکەکان سەرچاوەی گرتبوو، ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە ئاگایان لە ئاویلکەکان و دوا هەناسەی ئەو ئیمپراتۆرییە بوو و، هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی ڕێگایەک بۆ دەربازکردنی ئەو دامەزراوەیە کە برستی لێ بڕابوو بدۆزنەوە و دەستیان دایە دامەزراندنی، ڕێکخراوەی نهێنی و جاروباریش ئاشکرا، بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

هەڵبەت هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان بەبێ ئاکام نەمایەوە و بووە هۆی ئەو شۆڕشەی کە بە«شۆڕشی تورکە لاوەکان» ناوی دەرکرد.

هاوکات لەگەڵ لاوازبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئەو ئیمپراتۆرییەدا، بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی لەلایەن تورک و عەرەب و ئەرمەنییەکانەوە، لە ناوچە جیاجیاکانی ئیمپراتۆرییەکەدا گەیشتە سەرترین ڕادەی خۆی.

بەو جۆرەی کە لە مێژوودا باس کراوە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم گرووپانە بۆ وەدەست هێنانی شوناسی سەربەخۆ، بەهۆی پشتیوانیی وڵاتە هێزمەندەکانی ڕۆژئاوا، سەرەنجام ئاکام و بەرەنجامی خوازراوی وەدەست خست و، ئەمەیش لە حاڵێکدا بوو کە هێزە

١- واسیلی نیکتین کرد و کردستان ل ٥٦.



ڕۆژئاواییەکان مامەڵەیەکی دوژمنانەیان لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا، وەکو ڕێبەری ناسیۆنالیزمی کورددا هەبووە، هەروەها کە وترا، شێخ عوبەیدوڵڵا لە درێژەی هەوڵدانەکانی ئەمیر بەدرخاندا توانیی بناغەی یەکەم بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بەشێوە نوێباوەکەی و بەکەڵک وەرگرتن لەو ئەزموونە ناوبراوە، دامەزرێنێت.

وەدەست هێنانی سەرکەوتن لە لایەن ئەوەوە بۆ دامەزراندنی «کۆمەڵی یەکگرتووی جەماوەری کورد» کە یەکەم یەکێتیی کوردەکان بەشێوە نوێباو بوو، نیشاندەری دەرکەوتنی ئاسویەکی نوێ بوو بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد[1].

شێخ عوبەیدوڵڵا لەگەڵ بەربەست و گرفتی بێ ئەژماردا ڕووبەڕوو بوو، چونکە ئیمپراتۆریی عوسمانی تەنیا دوژمنی ئەو نەبوو، بەڵکو، هەروەک لە پەیماننامەی بەرلین، کە لە کۆتایی شەڕی نێوان ڕووسیە و عوسمانی و لە ١٣ی ژانۆیەی ١٨٧٨دا بەسترا دەردەکەوێت کە هەموو هێزە ئەوروپاییەکان لەگەڵ بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی کورد دژایەتییان دەکرد[2].

هەڵبەت ڕووسیا و بەریتانیا بۆ دژایەتی کردنەکانی خۆیان بەڵگەی تایبەت بەخۆیانیان هەبوو، چونکە بەمەرجێک کورد سەرکەوتنیان وەست بهێنابا، لەوانەبوو وەکو ڕابردوو بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە زلهێزە بۆ لەوەودوا دەستەبەر نەبووایە.

لە یەکەم ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا پاش چەند دەیە شۆڕش و ڕاپەڕینی پەرش و بڵاو، چینێکی ناوەنجی لە کوردستاندا هاتنەمەیدانی خەباتەوە دەتوانرێ بگوترێ کە زۆر پێشتر لەوەی چاکسازیخوازانی عوسمانی شۆڕشە نوێیەکەی خۆیان سەرخەن، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهۆی هەوڵ و چالاکیی خەباتکاران و تێکۆشەرانی کوردەوە خۆی دەرخستبوو، هەر ئەو چینە ناوەنجییە کە زۆربەیان لە بنەماڵە و بەرە و سنەوەی ئەمیرەکان و شێخ و زەویندارە پێشووەکانی کورد بوون لەو کاتەدا بنچینەی سەرەتایی و سەرەکیی ناسیۆنالیستیی کوردیان دامەرزاند بوو و، هەنگاوی سەرەکییان بۆ بیچمدان بەپرۆسەی ناسیۆنالیزمی کوردی هەڵگرتبوو.

ئەم ڕێبەرە نوێباوانە کە بەبێهوودەبوونی شۆڕشەکانیان زانیبوو و دەرکیان بەپێویستبوونی یەکانگیریی کورد کردبوو لە ساڵی ١٩٠٨دا یەکەم ڕێکخراوەی ڕامیاریی

١- ڕابرت ئوکسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ترجمە ابراهیم یونسی (تهران، نگاه ١٣٧٧) ل ٢٣

٢- ڕابرت ئۆکسن، قیام شێخ سەعید پیران. ل ٣٥

کوردیان دامەزراند. هەڵبەت چەند ساڵ پێش ئەوە واتە لە ساڵی ١٨٨٧دا مەدحەت بەدرخان یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بەناوی کوردستان لە قاهیرەدا دامەزراند کە لەوەدا بەتوندی ڕەخنەی لە ڕامیارییەتەکانی عوسمانی لە ناوچەی کوردستاندا دەگرت و، ئەم پرۆسەیە لەوانەیە پێشەنگی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی چینی ناوەنجی و خوێندەواری کورد لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بووبێ.

کریس کۆچرا لیستەیەکی تەواو لەو ڕێبەرە نوێباوانە کە جێگای ڕێبەر و ئەمیرە سوننەتییە پێشووەکانیان گرتبووەوە بەدەستەوە دەدات و ئەو بەرەنجامەی وەدەست خستە ڕوو کە: «ئەم بەدرخانانە و بەرەو نەوەی ئەمیرەکانی سۆران و بابان و وەچەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا- عەبدولقادر و تەها شەمزینان- و دوو ژنەڕاڵی کورد بەناوی شەریف پاشا و لوتفی پاشا و چەند کەسی تر لە خانەدان و گەورە پیاوانی دیاربەکر، بنچینە ناسیۆنالیستەکانی کوردیان دامەزراند و پاشتر زلهێزەکان لەگەڵ ئەو ژمارە کەسایەتییانەدا ڕووبەڕوو بوونەوە.[١]»

ژمارەیەک لە نووسەران لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم ڕێبەرە نوێباوانەی بزووتنەوەی کورد، تا پێش سەرکەوتنی شۆڕشی تورکە لاوەکان پێشڕەوی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بوون لەناو کۆڕ و گرووپە پەرش و بڵاوەکاندا، هەندێ لەوانەش کەسانێ بوون کە لە کۆمیتەی «ئیتیحاد و تەرەقی»دا چالاکییان دەکرد.

هەروەها کە ئاماژەی پێ کرا، مەدحەت بەدرخان یەکەم گۆڤاری کوردی بڵاو کردەوە و، زەمینە و لەحنی ئەو بڵاڤۆکە کە بەدوو زمانی کوردی و تورکی بڵاودەبووەوە بەگشتی کولتووری و فێرکارییانە بوو، بەڵام وەکو نێوانجییەکی کاردا بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کاری دەکرد و لاپەڕەکانی وەکو مینبەرێک بوو بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزمە کوردەکان تێیدا بئاخڤن[٢].

چوونە سەرکاری تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٨دا هاوکات بوو لەگەڵ چالاکی کردنی ڕێکخراوە و گرووپە جیاجیا ناسیۆنالیستە کوردەکانی وەکو (تەعالی و تەرەقی)ی کوردستان و (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی) لە ئەستەمبووڵ و ڕێکخراوە کوردییەکانی تر لە بەتلیس، مووش و مووسڵدا کە خەریک بوون خۆیان دەردەخست.

١- کۆچرا پێشوو ل ٣١-٣٧

٢- کنداڵ و کۆمەڵێ نووسەر- ابراهیم یونسی- تهران ڕوزبهان ١٣٧٢ چاپ ٢ ل ٧٠- ٦٩



پانتایی ئەم ڕەوتە ناسیۆنالیستییە تەشەنەی کردبووە ناو بڵاڤۆک و چاپەمەنییەکانیشەوە. ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی کوردیی تایبەت لەو سەردەمەدا بڵاو دەبوونەوە کە گۆڤاری (تەعاون و تەرەقیی کورد) و ڕۆژنامەی «هەتاوی کورد» لەوانە بوون.

تورکە لاوەکان پاش سەرکەوتن هەندێ بەڵێن و بڕیاریان بەهەموو نەتەوە و ئەتنییەتەکانی ناو ئیمپراتۆریی عوسمانی دا و، ئاماژەیان بەلەبەرچاوگرتنی ماف و ئازادییە شارستانییەکان و هەروەها ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی حکوومەتی عوسمانیدا دەکرد، یاسای بنەڕەتییان دانا و قۆناخێکی ئازادیی ڕێژەیی بۆ تورک و نەتەوەکانی تر هاتە ئاراوە کە نووسەرانی کتێبی (کورد) بە بەهاری تورکە لاوەکان ناوی دەبات[١]. یەک لە گرینگترین کارەکان، کە شۆڕشگێڕە لاوەکان ئەنجامیان دا، دەستەبەرکردنی مەشرووتیەتی لیبراڵی بوو لە ساڵی ١٨٧٦دا، ئەم سەردەمە وەکو مانگی هەنگوینی «کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی» و سەرجەمی بزووتنەوەگەلی ناسیۆنالیست وایە. خانەدانە کوردەکان دیسانەوە ڕێگەیان پێ درا بگەڕێنەوە قوستەنتینییە و هەر لەوێدا یەکەم ڕێکخراوەی نەتەوەیی کورد دادەمەزرێنن[٢].

بەهۆی ئەم ئازادییە کەم خایەن، بەڵام کەم وێنەیەوە، ژمارەی گرووپە کوردەکان زیادیان کرد و ڕادەی چالاکییە سیاسی و کولتوورییەکان ڕەوتێکی بەرەو سەری لەخۆ گرت. ئەمیر عەلی بەدرخان، ژەنەراڵ شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادر لەدوای شێخ عوبەیدوڵڵا کە سەرۆکی سەنای عوسمانی بوو، کۆمەڵەی (تەعالی و تەرەقی)ی کوردستانی دامەزراند. گۆڤارێکی تورکیی بەناوی (کورد تەعاونی و تەرەقی) کە ئۆرگانی ئەو حزبە ناوبراوە بوو بڵاو دەبووەوە کە سەرنووسەرەکەی جەمیل بەگ بوو.

نووسەرانی کتێبی کورد ئەو گۆڤارە ناوبراوە بەمەڵبەندی باس و وتووێژ کردن سەبارەت بەکێشە پەیوەندیدارەکان بەکولتوور و زمانی کوردی و یەکێتیی نەتەوەیی کوردەوە دادەنێن و باس لەوە دەکەن کە کوردی دانیشتووی ئەستەمبووڵ زۆر بەو گۆڤارە کەیفیان دەهات[٣].

ماوەیە پاشتر بەهۆی ئەو ئازادییەوە کە هەبوو، ڕێکخراوە و کۆمەڵەیەکی تر بەناوی «کۆمیتەی کورد» کە ناوەڕۆکێکی خەڵکی تری هەبوو، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی زانست

١- کۆچرا پێشوول ٧٠-

٢- هەمان ل ٢٨

٣- کنداڵ و نووسرانی تر پێشوول ٧١

و مەعریفەی کوردی سەری هەڵدا. هەر لەم سەردەمەدا بوو کە شێخ عەبدولقادر لە دەستەی تەعالی و تەرەقی کشایەوە و گۆڤاری «هەتاوی کورد»ی بڵاوکردەوە. بێ گومان هەوڵ و چالاکییەکانی ئەو ڕێبەرە کوردانە لە بەدیهاتنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا کاریگەریی تایبەت و بەرچاوی بووە. (درک کینیان وێڕای ئاماژە کردن بەدەور و کاریگەرێتیی ئەوان لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی ئەو ڕەوتەدا بڕوای وایە کە ئەم گرووپانە وەکو «هەوێن»ی ناسیۆنالیزمی کوردی بوون و بەم پێیە نەختێ خۆی لە دەوری سەرەکیی ئەوان لە گۆڕانگاری و پێشڤە چوون و پێگەیاندنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، دەدزێتەوە.(١)

بەڵام توێژینەوەکانی تر ڕوونی دەکەنەوە کە خەباتکاران و خوێنەواران (چینی ناوەنجی)ی لاوی کورد لە ناوەندەکانی شارگەلی وەکو دیاربەکر، بەتلیس، مووش، ئەرزەنجان و مووسڵدا ئەنستیتۆگەلی کوردییان دامەزراند، بۆ نموونە ئەنستیتۆی مووش لەگەڵ عەشیرە گەورەکانی ئەو ویلایەتەدا پێوەندیی هەبوو، هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی دامەزراوەکەدا، لە ساڵی ١٩٠٨دا باشگایە پەرەی پێدار، ٧٠٠ ئەندامی هەبووە، و لە ماوەی چەند مانگدا ژمارەی ئەندامەکانی بەهەزاران کەس گەیشتووە.(٢)

بەم پێیە دەبێ بگوترێ کە بەهاری تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٨دا باشترین هەلی خستە دەستی ناسیۆنالیستە کوردەکان کە لەو هەلومەرجەدا گەشە بکەن. بەڵام پێبەند بوون بەئاین لەلایەن کوردەوە بووە بەربەستێک بۆ پێگەیشتن و کامڵ بوونی پرۆسەی ناسیۆنالیزمی کوردی. چونکە هەستەوەریی لە ڕادەبەدەری ئاینی لە لای کوردەکانەوە بووبووە هۆی ئەوەی کە وەکو ولاتی ئیسلامیی دایک (Metro pole)ی بڕواننە ولاتی عوسمانی.

مێژوونووسی کورد ڕەمزی قەزازیش بڕوای وایە کە هەستی نەتەوەیی و ئەتنیەتە ئیسلامییەکانی ناو ئیمپراتۆریی عوسمانی لەبەراورد لەگەڵ ئەتنیەتە مەسیحییەکانی ئەو ئیمپراتۆرییەدا کەمتر بووە و بڕوای وایە «بزووتنەوەی کوردەکان هاوکاتە لەگەڵ بزووتنەوەی گەلی عەرەبدا و لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێ کرد... ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا بزووتنەوەیەکی کولتووری بوو.(٣)»

---

١- کردها و کردستان، درک کنیان، ابراهیم یونسی تهران- نگاه ١٣٧٢- ل ٧٢ و ٧٣

٢- هەمان ل ٧٢

٣- ڕەمزی قەزاز بزووتنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد لە کۆتایی سەدەی نوزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست، چاپخانەی ژین لاپەڕە ٢٢ و ٢٣



تورکە لاوەکان کە تازە دەسەڵاتیان گرتبووە دەست نەیانتوانی لە بەرامبەر بزووتنەوەی کوردەکانی ناو ئیمپراتۆریی عوسمانی بەهەر شێوەیەک و لە هەر چوارچێوەیەکدا، چ کولتووری و چ ڕامیارییەوە، خۆ ڕاگرن؛ هەر بەو هۆیەوە پاش ڕاپەڕینی لایەنگرانی سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٩دا و هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی ئەواندا، تورکە لاوەکان بیانوو و هەلی گونجاویان دەستکەوت بۆ ئەوەی کورد سەرکوت بکەن، کە لە ڕاستیدا چاوەڕوانی ئەو هەلە بوون و خراپترین زەبریان لە بزووتنەوەیی نەتەوەیی کورد وەشاند و، هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، لە بەرامبەر ڕێکخراوە چالاکە ناسیۆنالیستە کوردەکاندا دژ کردەوەی توندوتیژیان لێ وەشایەوە و کەوتنە ئازاردانی کوردەکان. تا کۆتایی ئەو ساڵە ١٩٠٩ سەندیکاکان و بڵاوکەرەوە ناتورکییەکان داخران و ژمارەیەکی زۆر لە کەسێتییە ناودارەکان کوژران(١).

تورکانی لاوی سەرهەڵداو، کە لە کاتی سەرکەوتنی خۆیاندا پەیمان و بەڵێنیان بەکەمایەتییەکانی نیشتەجێی ناو سنوورەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی دابوو و بڕیاریان دابوو ئازادی دەستەبەر بکەن مافەکانیان لەبەرچاو بگرن، بەڵام ئەوەی کە بووە هۆی توند و تیژی کردن و بەڕێوەبردنی ڕامیاریەتی توندوتیژی دژی کورد کە ژمارەیەکی زۆریان تا پێش سەرکەوتنی شۆڕشەکە لە پەنای تورکە سەرهەڵداوە ناسیۆنالیستەکاندا و لە ناو ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی وەکو «کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی»دا نزیکەی دە ساڵ خەباتیان کردبوو، لە لایەکەوە بیروباوەڕی پان تورکیستی و تۆرانچێتی پەرگر لەناو ئەو گرووپەدا و لەلایەکی تریشەوە زیاد کردن و هەڵکشانی ئاستی خوازیاریی نەتەوە و ئەتنییەتەکانی ناو شۆڕشی برایم پاشای سەرەک عەشیرەتی میلانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بوو. وێڕای ئەوەش لایەنگریی بێ سێ و دووی کورد لەو دروشمانەی کە گرووپە ڕامیارییەکان هێنابوونیانە ئاراوە، گومانی تورکە لاوەکانی بەرامبەر بەمەترسیی کێشەی کورد لە ڕابوردوو زیاتر کرد.

برایم پاشا سەرۆکی عەشیرەتی میلان بوو (کە تورک میلی پێ دەڵێن) دەکەوێتە ناوچەی شارویران لە نێوان دیاربەکر و حەلەبدا. ئم. وایدمەن دەنووسێ: برایم پاشا هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک سەربەخۆی بۆ خۆی دروست کردبوو و لە ساڵی ١٩٠٨دا

---

١- جاوید انصاری کردستان، "میراث امپریالیزم هنوز وجود دارد" قسمت ١: Avahi انگلستان ١٩٩٥/٢/١، وەرگیراو لە، بانک اطلاعاتی و نشریات خارجی وزارت ارشاد اسلامی

بەئاشکرا یاسای بنەڕەتیی ڕەت کردەوە و لە بەرامبەریدا هەڵوێستی گرت، بەڵام تورکە لاوەکان لەگەڵی بەشەڕ هاتن تا لە ئاکامدا لە شاخەکانی عەبدولعەزیزدا کوژرا[١].

تورکە لاوەکان پێشتر لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا بەناوی «کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی» توانیبوویان عەرەب و کورد بکێشنە ژێر دروشمەکانی خۆیانەوە کە ڕەنگ و بۆنی پان ئیسلامیزمیان پێ دابوو. بەڵام پاش سەرکەوتنیان و هەڵکشانیان بەرەو دەسەڵات کاتی بەڕێوەبردنی بەڵێنەکانیان گەیشتبوو تورکە لاوەکان بەیەکجاری ڕامیاریەتی پان ئیسلامیزمیان وەلاوە نا و، تۆرانیگەری و پان تورکیزمیان کردە ئامانجی خۆیان. هەر لە ڕاستای بەڕێوەبردنی ئەو ڕامیارییەتەدا ڕێبەرەکانی ئیتیحاد و تەرەقی «ئەو بەڵێنانەی» دابوویان وەژێر پێ دەنێن و بەتورک کردنی کورد دەست پێ دەکەن و هەموو دامەزراوەکان؛ ڕۆژنامە و گۆڤار و قوتابخانە کوردییەکان دادەخەن[٢].

بڕیاری کوشتنی ئەمیر عەلی بەدرخان و شەریف پاشا دەردەچێت؛ بەدرخانییەکان دەست دەدەنە ڕاگوێزانی خۆخوازانە؛ بەندیخانەکان لە چالاکیکەرە کوردەکان دادەخرێت.

هەندێ دەست دەکەنە خەباتی نهێنی. لە دێرسیم و سلێمانیدا کورد شۆڕش دەکەن و شێخ مەحموودی بەرزنجی خوازیاری چۆڵ کردنی بەتەواوەتیی ناوچەی بابان دەبێت لە هەموو هێز و داوودەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی عوسمانی و بۆ ئەم کارەش خەباتکارانی زێباری و بارزانی پشتی دەگرن. بەم پێیە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەگرێتەوە و هەنووکە ویلایەتی بابان لە کوردستانی باشووردا ڕووداوگەلی تازەی بەخۆوە بینی و گۆڕانکاری و وەرچەرخانی نوێ و لە هەمان کاتدا درماوی و شکستۆک هاوکات لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی خوێناویدا کە بەرەنجامی بەرخۆدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە لەبەرامبەر ڕامیاریەتی توندوتیژی تورک ستراتیژیی تۆرانچێتیدا بەرەبەرە دەستی پێ دەکرد.

لە درێژەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەدا شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کە لە ساڵی ١٨٨٠ەوە و هاوکات لەگەڵ شێخ عوبێدوڵڵای نەهریدا خەباتی خۆی دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەست پێ کردبوو و لەئاکامدا گیانی خۆی لەو ڕێگەیەدا بەخت کرد؛ لە دەیەی یەکەمی سەرەتای سەدەی بیستەم و هاوکات لەگەڵ دەسەڵات گرتنە دەستی تورکە

١- کرد در دایرەالمعارف اسلام ترجمە اسماعیل فتاح قازی اورمیە، صلاح‌الدین ایوبی ١٣٦٧ ل ١٠٤
٢- کۆمەڵی نووسەران، کردها، ل ٧١ و ٧٢



لاوەکاندا دەسەڵاتێکی بەرچاوی لە ناوچەی بارزاندا وەدەست هێنابوو، گەشە و پەرەسەندنی ئەو دەسەڵاتە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە هەڵکشان بوو بۆ (بابی عالی) جێگەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی نەبوو. لە ئاکامدا شێخ لە بەرامبەر ئەوەدا کە پێملی بڕیاری (بابی عالی) بێت هەندێ خواستی خۆی دەربڕین؛ کە هەموو بەندەکانی ئەو خواستنامەیە بیری ناسیۆنالیستیی نوێی پێوە دیارە؛ دەقی خوازیارینامەکەی ئەو حەوت بەندی لەخۆ دەگرت و بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- یەکێتیی داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتی لە پێنج قەزای ناوچەی کوردستاندا.
٢- ڕێگەدان بەفێرکردنی زمانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکاندا.
٣- خستنە سەرکاری قایمقامەکان و بەڕێوەبەران و تری کاربەدەستان و بەرپرسانی کورد.
٤- بەڕێوەبردنی یاسا و داد بەپێی بڕیارەکانی شەریعەتی ئیسلامی.
٥- خستنە سەرکاری دادگەر (قازی) و موفتیی پەیڕەوی ئاینزای شافیعی.
٦- وەرگرتنی باج بەپێی بڕیارەکانی شەریعەت.
٧- ئەو باجەی کە لە بەرامبەر لێ خۆشبوون لە کاری جەستەیی وەردەگیرێت بەردەوام وەربگیردرێت، بەو مەرجەی کە خەرجی ئاوەدانکردنەوە و کاروباری ئەو پێنج قەزا (ناوچە) کوردنشینە بکرێت.[١]

دەقی خوازیارینامەکە نیشاندەری جۆرێ بیرۆکەی ئاینی و ناسیۆنالیستی و هەروەها دەربڕی وردبینی و زیرەکیی شێخ عەبدولسەلامە؛ هەروەها کە ئاشکرایە بەندەکانی ١ و ٢ و ٣ و ٧ ڕوونکەرەوەی هەستی نەتەوەخوازانەی ئەوە و بەندەکانی تر نیشاندەری دڵەڕاوکە ئاینییەکان. ڕووبەڕووبوونەوەی تورکە لاوەکان، کە ئێستا خاوەنی بیرۆکەی شۆڤێنستین لەگەڵ ئەم خوازیارییانەدا، بووە هۆی بەدیهاتنی شەپۆلێکی بەربڵاوی ململانێ و بەگژداچوونی هەردوولا و دیسانەوە ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ تۆرانچێتیدا ڕووبەڕوو کردەوە.

کە ئەنجامی ئەم ڕەوتە سەرکوتکردنی کورد و کوشتنی ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و لەوانە شێخ عەبدولسەلام بوو بەدەستی تورکەکان[٢].

بەپێچەوانەی ڕای ئەو کەسانەوە کە بڕوایان وایە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە

١- ڕابرت اوکسن، قیام شیخ سعید پیران، ترجمە ابراهیم یونسی(تهران، نگاە١٣٧٧) لاپەڕە٤١ و٤٢
٢- هەمان، ل ٤٢

ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕەنگی ڕامیاریی نەبووە و تەنیا هەوڵێکی کولتووری بووە، بزووتنەوەی ناوبراو هەڵگری ڕەهەندی ڕامیاری بوو؛ دژ کردەوەی توندی تورکەکان لە هەمبەر ئەو ڕەوتەدا نیشاندەری ڕادەی باری سیاسیی بزووتنەوەکەیە و ئەوەیە کە تورکە لاوەکان لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیەدا هەستیان بەمەترسیی زۆر کردووە و لێی بەدگومان بوون و بەرەو هەڵوێست گرتنی دژایەتیکەرانە و دوژمنکاری ڕای کێشاون. پاشان لە ساڵی ١٩١٣و هاوکات لەگەڵ دیکتاتۆریەتی ئەنوەر پاشادا پێکدا هەڵپژانی تورکە لاوەکان و ناسیۆنالیستە کوردەکان دەگاتە ئەوپەڕیی کامڵبوونی خۆی، ساڵێک پاشتر شەڕی یەکەمی جیهانی دەست پێ دەکات. لەو کاتەدا کورد کەم تا فرە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە لە شەری هاوپەیمانەکان یارمەتی عوسمانییەکان دەدەن و بەشێک لە کوردستان لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا و فەڕەنساوە داگیر دەکرێت[1]. شەڕی یەکەمی جیهانی کاریگەرییەکی قووڵی بوو لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی و بارودۆخی نەتەوەی کورد، کە لە بەشێکی جیاوازدا باسی لێ دەکرێت.

بێ گومان یەکێک لە گرینگترین پاڵنەرەکانی تورکە عوسمانییەکان بۆ هێرش بردنە سەر ناوچەی ڕۆژئاواوی باشووری گۆلاوی ورمێ و داگیرکردنی ئەو ناوچەیانە و هەڕەشە کردنە سەر ناوچەی سابلاخ (مەهابادی ئێستا ) دوورکەوتنەوە و خۆگێل کردن بوو لەبارودۆخ و گرفت و کێشە ناوخۆییەکانی عوسمانی و هەوڵێکی بێهوودە و بێ ئەنجامە کە تورکەکان بەکەڵک وەرگرتن لەوە دەیانەوێ سەرپۆش بخەنە سەر خواستی نەتەوەخوازانەی کوردە تازە ڕاپەڕیوەکانی ئێمپراتۆریی عوسمانی و، یان ئەوەی کە ئەو کێشەیە پشتگوێ بخەن و بەو پێیە خۆ لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ناو کۆمەڵگەی تورکی بدزنەوە، وێڕای ئەوە هەستی پەڕگیری تۆرانچێتی بەرەنجامی بێ هەتوانیی تورکە لاوەکان دەردەخات بەرامبەر بەچارەسەرکردنی گرفت و کێشە بێ ئەژمارەکانی وڵاتی عوسمانی لە هەموو بوارەکاندا. تورکەلاوەکان دیسانەوە هاوکات لەگەڵ پرۆسەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵادا هەوڵی زیندووکردنەوەی پرۆژە و گەڵاڵەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدیان دابوو و دەیانویست بەداگیرکردنی ناوچە سوننی نشینەکانی ئازەربایجانی ئێران، هەرێمێکی تایبەت و دیاریکراو بۆ کورد پێکەوە بنێن و، کوردە ناسیۆنالیستەکان بەهۆی ئەو خەڵاتەوە هێور بکەنەوە.

ئەوەی ئاشکرا و بڕاوەیە ئەوەیە کە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان ئەو تەنیا

١- کۆچرا، جنبش ملی کرد ل ٣٢



شوێنە بوو کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەیەی یەکەمی سەدەمی بیستەمدا تێدا دەرکەوت و گەشەی کرد و کوردی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەدامەزراندنی حزب و دەستە و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی کوردی، داوایان لە سیستەمی مەشرووتەی عوسمانی کرد مافی کورد لە بەرچاو بگرن؛ وەڵامی توندوتیژ و سەرکوتکەرانەی تورک لە هەمبەر ئەم داخوازییەدا، ناسیۆنالیستە کوردەکانی مەجبوور کرد کە خەباتی خۆیان بەگوڕتر بکەنەوە و هەوڵ بدەن کە لەگەڵ کوردە ناسیۆنالیستەکانی ناو وڵاتی گەلانی عەرەب و ئەرمەنیدا خۆیان یەک بخەن عوسمانی بۆ پەرەپێدانی چوارچێوەی ناسیۆنالیزمەکەی خۆیان هەوڵیان دا کە کوردی ئێران بخەنە جموجووڵ و ڕووبەڕووبوونەوە و ناکۆکیی نێوان کوردە ناسیۆنالیستەکان و ئەو لاوە تورکانەی کە لە ساڵی ١٩٠٩دا دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، سەرنجی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردی بەرەو لاوازی و بێ توانایی ناوەکیی پێکهاتە بەدیهاتووەکان ڕاکێشا و بەوەیان زانی کە دەسەڵاتی حکوومەتدا تا چ ڕادەیەک بێ هەتوان و لاوازە و شکستۆکە و پێوەندیی نێوان ئەم دامەزراوانە لەگەڵ خەڵکیدا چەندە ناسک و پچڕان هەڵگرە، بۆ ئەوەی ئەو لاوازی و کەموکوڕییانە لە ناوبچن ڕێبەرانی ناسیۆنالیزمی کورد بەمەبەستی پێکهێنانی پێوەندی لە نێوان خۆیان و تری نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا هەوڵی کاریگەریان دا، کە دووان لەو نەتەوانە، عەرەب و ئەرمەنییەکان بوون، لە ماوەی ئەم چالاکییە نهێنییەدا زنجیرەی پێوەندی لە نێوان خەباتکارە کوردەکان و نیشتمانپەروەرە ئەرمەنی و عەرەبەکاندا لە پێناوی خەباتی هاوبەش دژی دیکتاتۆریی «ئیتیحادییەکان» پێک هات و ژمارەیەک لەلایەن ئیمام یەحیا شێخ سەعید ڕێبەری شۆڕشگێرانی یەمەن بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ بزووتنەوەکەیان نێردرانە بۆ کوردستان[1]». هاوکات لەگەڵ پێوەندی سازکردن لەگەڵ عەرەبەکان و هاوسۆزی دەربڕین لەگەڵ خەباتەکەیاندا، ناسیۆنالیستە کوردەکانی عوسمانی، کوردستانی ئێرانیشیان لەبەرچاو بوو. هۆکارگەلێکی بەئەژمار و لەوانە لاوازیی لەڕادەبەدەری سیستەمی حکوومەتی قاجاری، پرشوبڵاویی خێڵ و عەشیرە کوردەکان، هەلومەرجی جوگرافیایی و سروشتیی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و هەروەها هیوادار بوون بەئەگەری پشتیوانی کردنی ڕووسەکان لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەهۆی دوژمنایەیتی لە مێژینەی عوسمانی و ڕووسەکان، ڕێبەرە کوردەکانی دڵخۆش دەکرد و هەڵی دەنان بۆ بانگەشە و برەوپێدانی ناسیۆنالیزمی کوردی.

١- کردها، هەمان، لاپەرە ٧٢

خەباتکارانی بەوەیان زانیبوو کە ویلایەتی باشووری کوردستان لە بواری ڕامیاری و ئابوورییەوە لەگەڵ بەشەکانی تری ئێراندا پێوەندی قایم و زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە؛ هەر بەو هۆیەوە هێشتا کەشوهەوایەکی گونجاوی بۆ برەوپێدانی بیرۆکەی نەتەوەخوازی تێدا بەدی ناکرێت. بەلەبەرچاو گرتنی ئەو هەلومەرجە بوو کە ناوچەی عەشیرەیی ڕۆژئاوا و باشووری گۆلاوی "ورمێ" یان وەکو باشترین و یەکەم جێگا هەڵبژارد کە ناوچەیەکی زۆر گونجاو بوو، بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی ئەوان. لەم کاتەوە نوێنەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی چالاکییەکانی خۆیان لە ئازەربایجاندا دەست پێ کرد و کەسانێکی وەکو عەبدولڕەزاق بەدرخان، شێخ عەبدولقادر و کوڕەکەی واتە سەید تەها زۆر چالاکانە بەبەربلاوی کۆششیان دەکرد؛ ئەوان زیاتر هەوڵیان دەدا کە سەرنجی ئەرێنیی سەرکردەکانی ڕووسیەی تەزاری بەرەو گەلالە و پرۆژەکانی خۆیان ڕابکێشن و بەپشتیوانیی سیاسی و مادیی ئەوان پەرە بە بیروباوەڕەکانی خۆیان بدەن.

ترس لە پەرێشانتربوونی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە، سەرهەڵدانی تەنگژەی تازە و لە ئاکامی ئەوەشدا لێک نزیکبوونەوە و پێوەندی گرتنی زیاتری نێوان تورک و ئاڵمانەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بۆ تەشەنەکردن و گرتنەدەستی دەسەلات بانگەشەیان دەکرد بووە هۆی دروستبوونی لەمپەر لە بەردەم پشتیوانی کردنی ڕووس لە پرۆژەکانی ڕێبەرانی کورددا.

ئەو فاکتەر و دیاریکەرە گرینگانە لە ناوچەی کوردنشینی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و وێڕای ئەوەش هەلومەرجی زاڵ بەسەر بارودۆخی ئێران و عوسمانیدا و کاریگەرێتیی ئەوانە لەسەر ئامانج و خواستەکانی ڕووسیاش کە بریتی بوون لە:

١- پێویستیی پێکهاتنی یەکێتی لە نێوان خێڵ و عەشیرە کوردە پرشوبلاوە کوردەکاندا.
٢- لاوازی و بێ هەتوانیی ڕوو لە زیادبوونی دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی و پێشێلکردنی مافی کوردی ژێر دەسەلاتی ئەو دوو دەوڵەتە.
٣- بوونی ڕاستییەکی ڕامیاری- سەربازی وەکو ئیمپراتۆریی ڕووسیا لە ڕۆژهەلاتی نزیکدا کە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و عوسمانیدا جیاوازبوو، ڕێبەرانی ناسیۆنالیستی کوردی ئومێدەوار و گەشبین کرد بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی خۆیان لە ئێراندا پەرە پێ بدەن.

سیاسەتڤانە ڕووسەکان بەباشی لە جیاوازییە ناوەڕۆکییەکانی ئەو هەلومەرجەی بەسەر کوردستانی ئێران و عوسمانیدا زاڵ بوو هاتبووە ئاراوە بەئاگا بوون، ئەوان دەیانزانی



کوردی ئێران هێشتا ئەو ئامادەبوونەی تێدا نییە بیرۆکەی ناسیۆنالیستە کوردەکانی عوسمانی وەربگرێت و لێی تێ بگات.

چونکە سەرەڕای هەبوونی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان کورد و ئازەرییەکانی ئازەربایجاندا، سەرۆک عەشیرە و خانەدانە کوردەکان کە ڕێبەرایەتیی جەماوەری کوردیان بەدەستەوە بوو پێوەندییەکی قایمیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئێراندا هەبوو. لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا زۆر ئەستەم بوو ڕێبەرانی عەشیرە کوردەکان لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا کە لەوانە نەبوو ڕووسەکان پشتگیریی بکەن و عوسمانییەکانیش دژایەتییان لەگەڵ دەکرد، پێوەندیی دۆستانەی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئێراندا تێک بدەن.

وێڕای ئەمەش ناسیۆنالیستە کوردەکان هێشتا نەیانتوانیبوو لەگەڵ پەیکەرەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردیدا پێوەندی دروست بکەن و بۆچوونەکانی خۆیانیان تێ بگەیەنن. تا ئەم کاتە بەشی زۆر و سەرەکیی ڕکەبەرەکانیان ئەو سەرۆکە خۆپارێز و حولحولی مەزاجانە بوو کە زیاتر لە هەر بیر و ئەندێشەیەکی تر کەیفیان لە هاوڕێیەتیی دەوڵەتی ناوەندی بوو و گیرۆدەی بیروباوەڕە عەشیرەییەکان بوون.

بەم پێیە پرۆژەکانی عەبدولڕەزاق بۆ داگیرکردنی بەشێک لە وڵاتی ئێران و سەندنەوەی دەسەلاتی حکوومەتدارێتی لە شای ئێران ڕووبەڕووی دژایەتیی توندی نیرانۆف وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بووەوە چونکە ئەو مەسەلەیە لە دیدی ڕووسەکانەوە پێشەکییەک بوو بۆ تەنگژاویترکردنی هەلومەرجی ناوچەی ڕۆژئاوا و باشووری ئازەربایجان و ئەبووە هۆی دروستبوونی زیاتر ئاژاوە و ناکۆکی لە ناوچەکەدا.

لەم هەلومەرجەدا کونسولی ڕووسیاش لە مەبەستەکانی عەبدولڕەزاق بەئاگا بوو و چەندوچۆنیی پرۆژە و گەلالەکانی بۆ ڕوون بووەوە. وێڕای ئەوەش چونکە عەبدولڕەزاق بەهۆی پێشینەی سیاسی و بەتاوانی پیاو کوشتن بەدوایدا دەگەڕان و دەوڵەتی عوسمانی داوای لە ئێران کرد کە بیداتەوە دەستیان، عەبدولڕەزاق کە ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە ببووەوە بەرەو ڕووسیا هەڵهات و لەوێدا پەردەداریی دەرباری تەزاری پێ سپێردرا.[١]

بەم پێیە هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ پەرەپێدانی ناسیۆنالیزم لە ئێران و ئازەربایجاندا ڕووبەڕووی بەربەست و لەمپەری جیدی بووەوە و سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا.

---

١- کۆچرا پێشوو ل ٣٠

ناکامی و بەئامانج نەگەیشتنی نەتەوەخوازەکان و ڕێبەرە ناسیونالیستە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بۆ دنەدان و هەڵنانی کوردەکانی ئازەربایجان ئەو مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە کە پێچەوانەی بارودۆخی ناو وڵاتی عوسمانی و کێشە و ناکۆکیی نێوان کورد و تورک و نارەزایەتیی کوردەکان بەرامبەر بەدەوڵەتی ناوەندیی ئێران تا ئەو ڕادەیە قووڵ و جیدی نەبوو کە کورد لەو بارودۆخە ناهەموارە دەرباز بن و ڕوو بکەنە مەسەلەی ناسیۆنالیزم و، ڕۆحییە و ورەیەکی بەرهەڵستکارانە و بەرگریکارانەی گشتگیر و هەمەڕەنگ هەندێ لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەرامبەر بەئێران و ناسیۆنالیزمی ئێرانی بێننە ئاراوە.

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی نوێباو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا هاتە دی. لەساڵی **١٩٢٧**دا هەموو ڕێکخراوە ناسیۆنالیستە کوردییەکان لە ڕێکخراوەیەکدا بەناوی "خۆیبوون" یەکیان گرت. ڕێکخراوەی "خۆیبوون" لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا و لەلایەن ژمارەیەک لە کوردە ڕۆشنبیرەکانەوە دامەزرا و ئامانجی ئەو ڕێکخراوەیە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەو ناوچەیانە بوو کە زۆربەی دانیشتووەکانی کورد بوون. یەکەم کۆنگرەی "خۆیبوون" لە لوبناندا بەڕێوەچوو. ئەم ڕێکخراوەیە لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا پێوەندیی هەبوو و لە ناویاندا جێگەی خۆی کردبووەوە[1]. هەوڵ و تێکۆشانەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجیش پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشبوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی ئەڵقەیەکی گرینگی تری ئەو هەوڵ و خەباتە بوو کە لەلایەن ڕێبەرانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی خۆیان واتە دامەزراندنی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان ئەنجام درا. ڕووکردی حکوومەتی بەریتانیا لەمەڕ ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود ڕووکردێکی ڕاستگۆیانە نەبوو.

ئینگلیز وەکو ئامرازێک مامەڵەیان لەگەڵ ڕاپەڕینەکە دەکرد. بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە زەخت و پاڵەپەستۆ بخەنە سەر دەوڵەتی عوسمانی کە لە بەرامبەر خواستەکانی خۆیاندا پێملی بکەن. بەڵام ئەو کاتەی دەستیان بەدابەشکردنی میراتەکەی عوسمانی لە نێوان خۆیان و فەڕەنسییەکاندا کرد و جێژن و ئاهەنگی داسەپاندنی سیستەمی سەرپەرشتیاری (قیمومیت)یان بەڕێوەبرد، دەمامکی درۆ لەسەر ڕاستییەکان لادرا و، پشتیوانی کردنیان لە بزووتنەوە خەڵکییەکان بەدرۆ کەوتەوە و ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموودیان کردە قوربانیی

١- ادگار ابالاس، جنبش کردها- ترجمه اسماعیل فتاح قاضی- تهران نگاه ١٣٧٧، ل ٢٦



بەرژەوەندییە کۆلۆنیالیستی و داگیرکارانەکەی خۆیان. لە **٩**ی ژوئەنی **١٩١٩**دا شێخ مەحموودیان بەبریندارکراوی گرت و بۆ دادگایی کردن بردیانە بەغدا و لە دادگای سەربازیی سوپای بەریتانیادا دادگاییان کرد. وەڵامی شێخ مەحموود لە بەرامبەر بەخستنەپاڵی تاوانەکان کە لەلایەن بەریتانیاوە خرابوونە پاڵی نیشاندەری ورەی بەرزی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی ئەو شێخە خەباتکارەیە؛ «من لەسەر خواستی گەلەکەم و بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لەگەڵ ئێوە پەیمانم بەست، بەو مەرجەی ئێوە گەرەنتیی ئەو ئازادییە بکەن؛ ڕێگام پێ دان بێنە ناو نیشتمانەکەمەوە، ئێوە لەگەڵ من درۆتان کرد و مەبەستێکی ترتان هەبوو، من کە لەلایەن جەماوەری گەلەکەمەوە هەڵبژێردرابووم بەڵێندەر و بەرپرس بووم کە لە بەرامبەر مەبەستە خراپەکانی ئێوەدا بوەستم. چاوەڕوانی ئەوە ناکەم لەلایەن دوژمنەکەمەوە خێر و خۆشی ڕووم تێ بکات و ئامادەم لە پێناوی گەلەکەمدا بمرم.[1]» ئەو خاڵەی دەبێ سەرنجی پێ بدرێت ئەوەیە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەئامانج نەگەیشتنی بزووتنەوە بەئەژمارەکانی گەلی کورد سادەیی و گەشبینیی چەندپاتەوە بوو و تاقەت بڕە لەلایەن ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوانەوە کە بەردەوام لە بەرامبەر دەسەڵاتداران و دوژمناندا بەهەڵەیدا بردوون و ئەو گەورە پیاوانەی بەجۆرێ کردووەتە ئامراز کە بەدەستەی ئەو زلهێزانەوە، هەموو ئەو ئامانجانەی لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و چەکداریدا وەدەستیان خستوون، زۆر بەئاسانی لە پشتی مێزی وتووێژەوە پێشکەشی ڕکەبەرەکەیان کردوون.

خەیانەتکردنی ئینگلیز بەڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود، ئەو کاتە بوو کە ئاگادار بوون شێخ مەحموود، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەی تێ دەکۆشێت؛ نەک پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز، دووبەرەکایەتییان خستە ناو ڕیزەکانی جەماوەرەوە. لە حاڵێکدا بەو هەموو درۆودەلەسەیە مەلیک فەیسەڵیان کردە شای عیراق و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر جەماوەری موسوڵماندا بوەستێت. ئەمەیش ڕوونکەرەوەی ئەو خاڵە گرینگەیە کە ئەوەی لە دیاریکردنی ستراتیژیی ڕامیاریەتیی دەرەکیی زلهێزەکاندا بەشێوەی سەرەکی دەور دەبینێت، دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی خۆیانە نەک پێوەندیی ئەخلاقی و هەستی مرۆڤدۆستیی ڕێبەرانی ئەو زلهێزانە، چونکە بێ گومان ئەو سوود و قازانجانەی لە شوێنە نەوتاوییەکانی

١- مەردۆخ ڕۆحانی- مشاهیر کرد، انتشارات سروش، تهران، ١٣٧١ لاپەرە ٦٨

عیراق دەکەوتە دەستی بەریتانیاوە، لە دیدی ڕامیارانی واقیعگەرای ئەو وڵاتەوە زۆر بەرچاوتر و گرینگتر بوو لە مافەکانی گەلی بن دەست و فەقیری کورد.

لە ناو سنوورەکانی تورکیای نوێشدا، بەڕێبەرایەتیی شێخ سەعیدی پیران و جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا خەباتێکی بەربلاوی تر دژی ڕژێمی شۆڤینیستی تورکیا دەستی پێ کرد کە بەداخەوە بەهۆکارگەلێکی جیاجیای وەکو: ناهاوسەنگیی هێزەکانی هەر دوولایەنی ڕکەبەر، بەتوندی تێک شکاو سەرکوت کرا، بەرەنجامی ئەم تێکهەڵچوونانە زیاتر لە هەر شتێکی تر وێرانی و فەقیریی لە ڕادەبەدەر و ناهێمنیی بۆ گەلی کورد بەدواوە بوو. سەرهەڵدانی بنەماڵەی بارزانی شەپۆلێکی بەربلاوی تری سەر بەو ڕەوتە کە بابەتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەی بۆ خۆی تەرخان کردووە و لێرەدا لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەخرێتە بەرباس و بەتایبەتی لە دەوربینینی ڕێبەری مەزن و دەسەڵاتداری بزووتنەوەکە واتە مەلا مستەفا بارزانیی نەمر دەکۆڵدرێتەوە.

(بارزانیی نەمر) زیاترین کاریگەرێتیی هەبوو لە بەجیهانی بوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا و ماوەی چەند دەیەیەک وەکو ڕێبەری ڕاستەقینەی ئەو ڕەوتە لە کوردستانی عیراقدا خەبات و چالاکیی کرد.

بەهەرحاڵ وڵاتانی ناوچەکەش لە هەلومەرجە جیاجیاکاندا هەوڵیان داوە بەگرتنەبەری تاکتیکی ڕامیاریی کەمخایەن و تێپەڕ، لە پاڵ پشتیوانی کردن لە بزووتنەوە نەتەوەیییەکانی کورد لە ناو سنوورەکانی یەکتریدا، وەکو ئامرازێک بۆ زەخت و پاڵەپەستۆ خستنە سەر دراوسێکانی خۆیان و لە ڕاستای دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەربگرن. بەڵام ستراتیژی سەرجەمی ئەوانە کۆششێک بووە بەمەبەستی بڕینەوە و نابووتکردنی هەر جۆرە بزووتنەوە و هەوڵێک لە پێناوی بەدیهاتنی مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردا کە دەبووە هۆی بەهێزبوون و پەرەسەندنی سنووری دەسەڵاتی چالاکیکارانی کورد لە هەر کام لە چوار بەشەکەی کوردستاندا و لەم بوارەدا بەتەواوی هاو بیروڕان. بەڵام لە سەرکوتکردن و لەناوبردنیاندا بەتایبەت لە کوردستانی عیراقدا، واتە لەو ناوچەیەدا کە ئەمڕۆ پەیڕەو (ئەساسنامە)ی هەبوونی کورد تا ڕادەیەک خاوەنی گەرەنتیی نێونەتەوەیییە پێکەوە تەبا نەبوون. پان عەرەبیزم و ناسیۆنالیزمی پەرگیری عەرەبی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کورد و بزووتنەوە نەتەوەیییەکەیدا بەناکامی گەیشتووە، هەوڵ و کۆششی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا لەم سەدەیەی دواییدا، بۆ لەناوبردن و بنبڕکردنی ئەم ڕەوتە سەری داویە لە بەرد.

# پاژی سێیەم

# کاریگەرێتیی شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر بارودۆخی کوردستان

ئەگەرچی شەڕی یەکەمی جیهانی بەهۆی ڕووداوەکانی ناو ئەوروپاوە ڕووی دا، بەڵام چونکە بەشێک لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە ڕکەبەرەکان لە ئاسیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو؛ کاریگەرێتیی هەرە زۆری لەسەر بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی ناوچەکە دانا.

شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردی عوسمانی و ئێرانی خستنە جموجوڵی ڕامیاری و چەکدارانەی بەربڵاو، بەو جۆرەی دەتوانرێ بگوترێ دەستپێکردنی شەڕەکە هاوکاتە لەگەڵ کرانەوەی بەشێکی تازە لە مێژووی ناوچە کوردنشینەکان، هەڵبەت کاریگەرێتیی شەڕەکە لەسەر هەردوو دیوی سنوورەکانی ئێران و عوسمانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا یەکسان نەبوو و ئەم نایەکسانی و جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە، کەشوهەوای ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەهۆی تایبەتمەندیگەلی نەتەوەیی و پێشینەی چالاکیی ناسیۆنالیستە کوردەکان بەنیسبەت بارودۆخی ئێرانەوە زیاتر ئامادەی گۆڕانکاری و سەرهەڵدانی بزووتنەوە نوێیاوەکان بوو.

لە وڵاتی عوسمانیدا، تورکە لاوەکان پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٩ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و سەرهەڵدانی لایەنگرانی سوڵتانیان سەرکوت کرد، هەستی تۆرانچێتییان لە ڕاستای بەهێزکردنی پان تورکیستدا پەرە پێ دا و هەر بەو مەبەستە یەکێتییەکی سێ قۆڵی لە نێوان ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا و جەمال پاشادا پێک هات، کە مەبەستی سەرەکی لەو یەکێتییە، پێکهێنانی ئیمپراتۆری توورانی گەورە و نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئاڵمان بوو و، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی ١٩١٤دا بەشێوەی نهێنی پەیماننامەی سەربازییان لەگەڵ ئاڵماندا کرد، ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە لە ڕاستیدا ئیمزاکردنی بەڵگەنامەی دابەشبوونی عوسمانی بوو لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا.

هەروەها کە کەنداڵ نووسیویەتی: «یەکێتییە سێ قۆڵییەکە لە ناو وەهم و خەیاڵێکی



دەستکردی خۆیاندا بەهیوای پێکهێنانی توورانی گەورە، واتە هەموو ئەو سەرزەوینانەی تورکانی تێدا ژیاون دەستیان بەسەر کرد و بەبیانووی شەڕەوە زیاتر لە یەک ملیۆن ئەرمەنی و ٧٠٠,٠٠٠ کوردیان کوشت»[١].

تورک بەخۆش خەیاڵیی خۆیان و بەو هیوایە ئاڵمان و هەڤاڵبەندەکانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، لە خەیاڵی خۆیاندا نەخشەی ئیمپراتۆرییەتە توورانییەکەی خۆیان دەکێشا و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەستیان دایە کوشت و کوشتاری کەمایەتییە کورد و ئەرمەنییەکان و هەوڵیان دا لە ڕێگەی کۆچاندنی زۆرەملێی ئەو نەتەوانەوە بۆ ناوچە تورکنشینەکان پێناسە نەتەوەییەکەیان بسڕنەوە، بەو هۆیەوە کەشێکی سەرکوتکەرانە و دەمکوتکەرانە بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا زاڵ بوو، ڕێکخراوە کوردییەکان کە بەمەبەستی پەرەپێدان بەناسیۆنالیزمی کوردی پێک هاتبوون نەیانتوانی لە بەشداریکردنی جەماوەر لە شەڕ بەرگیری بکەن لە ڕاستای بەرژەوەندییی تورکەکاندا لە ئارادا بوو، شەڕەکە ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە بەمەبەستی سیستماتیک کردن و پێکهێنانی ئارمانێکی نەتەوەیی ئەنجام دەدران، لە بزاوت دەخست، داوا لێ کردن بۆ جیهاد لە ژێر ئاڵای ڕووکەشی ئیسلامدا لە ئاڕاستەیەکی بەتەواوی بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خۆی دەرکەوت[٢].

بەهۆی پڕوپاگەندەی بەربڵاوی تورکەوە بۆ تێکدانی زەینی موسوڵمانە کوردەکان و بەشداریکردنیان لە شەڕدا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری کورد خاوەنی بیروباوەڕی ئاینی بوون و تەنانەت شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵاش کە لەو سەردەمدا سەرۆکی سەنای عوسمانی بوو بەناچاری لەڕاستای بەرژەوەندیی تورکەکاندا چوونە ناوجەرگەی شەڕەکەوە.

تورک بەوپەڕی فێڵبازی و کردەوەی تەفرەدەرانەوە دەیانویست بەدەست دان لە هەستی ئاینیی کورد کە تەنیا بواری هاوبەشی کورد و تورک بوو، بەکێشانە ناوەوەی کورد بەرەی سەربازیی خۆیان بەهێز بکەن و بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مەبەستە سەربازییەکەی خۆیان کەڵکیان لێ وەربگرن، بەڵام لەو حاڵەتەشدا و هاوکات لەگەڵ ئەو هەوڵدانەدا کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان لە ژێر چاودێریدا بوون «بەشێوەیەک کە دەتوانرێ لیستەیەکی دوور و

١- کەنداڵ پێشوو ل ٧٤.

٢- واسیلی نیکتین، کرد و کردستان محمد قاضی، کانون فرهنگی انتشارات درایت بەرگی ٣ ل ٣٩١

دریژ لە ناوی ئەو نیشتمانپەروەرانەی لە سەردەمی شەڕدا بەدەستی تورک ئیعدام کراون بخرێتە بەردەست.»[1]

بەڵام دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە ڕوانینی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ بانگەوازی جیهاد لەلایەن سوڵتانەوە بەتەواوی یەکسان نەبووە و ئەو بانگەوازە لەگەڵ دژکردەوەگەلی جۆراوجۆر و هەندێ جاریش دژبەیەکدا لەلایەن کوردەوە ڕووبەڕووبووەوە، لەو بارەیەوە کەنداڵ نووسیویەتی:

«کورد زۆربەیان وەڵامی ئەرێنییان بەبانگەوازەکەی خەلیفە دایەوە، بەڵام بەشێک لەو جەماوەرە، بەتایبەت عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان و دانیشتوانی دێرسیم لەو شەڕەدا بەشدارییان نەکرد و، هەندێ لە عەشیرەتەکانی باکوریش ڕاستەوخۆ لە پاڵ سوپای ڕووسیادا دژی عوسمانییەکان شەڕیان کرد.»[2]

فتوای ڕاگەیاندنی جیهاد لەلایەن سوڵتانەوە کە بەخەلیفەی فۆرمالیتەی موسوڵمان دەهاتە ئەژمار، ئەو بەشەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریی هێنایە ناو شەڕەکەوە، کە لە ژێر دەسەڵاتی پیاوە ئایینییەکان و شێخەکاندا بوو. چونکە ڕێبەرانی ئەو بەشانە پشگیریی فتواکەی سوڵتانیان کرد. هەڵبەت نابێ ئەو پاڵنەرەش لە بەرچاو نەگیرێت کە، وەدەست خستنی چەک و کەرەستەی سەربازیی پێشکەوتووتر لەوەی کورد خاوەنی بوون وەکو هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئەوەی عەشیرەتە کوردەکان خۆ بکێشنە ناو شەڕەکەوە.

«بەپێی نووسراوەکەی لازاریۆف سوپای حەمیدییە و عەشیرەتەکانی نزیک سنووری ڕووسیا یەکەم دەستە و کۆمەڵێک بوون کە تەنانەت پێش دەستپێکردنی شەڕ دەستیان دایە کوشتنی ڕووسەکان و ئەوەی بوویان چەپاویان کرد.»[3]

تورک لەم سەردەمەدا لەگەڵ ئەوەدا هەوڵیان دەدا عەشیرەتە کوردەکان بنێرنە شەڕی ڕووس، درێژەیان بە ڕامیارییەتە دوژمنانەکانی خۆیان دەدا دژی ئەو گەلە؛ شەڕی یەکەمی جیهانی کەشێکی نایەوە لە ژێرسای ئەو کەشەدا تورک ڕەوتێکی خێراتر و یەکانگیرتریان بەڕامیارییەتەکانیان دژ بەکورد بەخشی.

١- هەمان ل ٣٩١
٢- کەنداڵ پێشوو، ل ٧٨
٣- س، لازاریۆف، کێشەی کورد- ترجمە نادی ادرمکو، لە ڕووسیەوە بۆ فارسی د. کاوس قەفتان (بەغدا، الحاحز ١٩٨٩ بەرگی ٢ ل ٥٧٧



ڕاستییەکی بەرچاو کە بەتەواوی جەماوەر لێی بێ خەبەر بوون، ڕاگواستنی بەکۆمەڵی کورد بوو لە کاتی شەڕەکەدا (١٩١٨-١٩١٤)، بەبیانووی چۆڵکردنی خانووبەرە بەهۆی هێرشی ڕووسەوە، کورد بەو ڕاگواستنانەدا پەرش و بڵاو دەکرانەوە و لە سەرۆکەکانیان دوور دەکەوتنەوە.

ژمارەیەکی زۆر لەو حەوتسەد هەزار کەسەی کە ئەو کارەساتەیان بەسەر داهات، بوونە قوربانی (کوژران)[1]. دەوڵەتی عوسمانی شەڕی یەکەمی جیهانیی وەکو شەڕێکی ئاینی، واتە (جیهاد) بەجەماوەری دانیشتووی ناو ئیمپراتۆرییەکە ناساند. زۆربەی کوردە ساویلکەکان زۆر بەخۆشحاڵی و کەیفەوە پێشوازییان لەو دەرفەتە پێشهاتووە کرد کە، هەلێکی وای بۆ ڕەخساندبوون لە پێناو سوڵتان- خەلیفەدا شەڕ بکەن. بەڵام هەر لە ناو ئەو جەماوەرەدا هەندێ لە زانایانی ئاینیی کورد پشتیوانییان لەو بانگەوازە نەکرد و بە«بانگهێشتنێکی بێ جێ» بۆ جیهادیان دادەنا. خوێندەوارانی کورد ئەو شەڕەیان بەهەلێک دەزانی بۆ پێشڤەبردنی مەبەست و ئامانجە نەتەوەییەکان، هەڵبەت لە کۆتایی شەڕەکەدا هەلێکی زۆر لەبار بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە ڕەخسا کە لە کیس چوو».[2]

کورد دراوسێی دیوار بەدیواری دوژمنە لەمێژینەکەی ئیمپراتۆری عوسمانی، واتە ڕووسیا بوون. ڕووس ئەگەرچی کوردیان ئومێدەوار کردبوو، بەڵام لە ئەنجامدا ڕامیارییەتەکەیان بەزیانی کورد بوو و کەوتە سەر ڕەوتی بەرژەوەندی و پشتیوانی کردن لە ئەرمەن؛ «کە بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەرمەنەکان سەری هەڵدا و گەشەی کرد و بەهێز بوو- باب عالی- کوردی لە ئەرمەنەکان سوور کردەوەو ئەم کارەش بووە هۆی کوژرانی هەزاران ئەرمەنی.»[3]

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕەکەدا، هێزەکانی سوپای ڕووسیا کە لە ساڵی ١٩٠٩دا لە ئێران بوون، هێرشیان کردە سەر کوردستان و بەیارمەتیی ئەرمەنی و ئاشوورییەکان دەستیان بەکوشتاری کورد کرد. ئەو کوشت و کوشتارە، وێڕای نەخۆشی و گرانی و کوشتنی ئاژەڵ و ئەو لە ناوچوونانەی لە کاتی کۆچاندنی بەزۆرملێی کورد لە سەرماوسۆڵەی تاقەت پڕووکێندا، سەپێندرا، ئەو تاوانە بوو کە سەرەک عەشیرەتە

١- واسیلی نیکتین، پێشوو ل ٣٩٢
٢- درک کنیان، کردها و کردستان، ترجمە ابراهیم یونسی (مؤسسه انتشارات پگاه، تهران، ١٣٦٧) ل٧٥
٣- هەمان لاپەڕە ٧٤

کوردەکان لە ڕێگەی جیهاد لە پێناوی سوڵتاندا، دایان. لە مانگی مارچی ١٩١٨ پەیماننامەی برێست لیتۆفسک کۆتایی بەشەڕی نێوان ڕووسیا و عوسمانی هێنا؛ لەم کاتەدا سوپای روسیا برستی لێ برابوو و وڵاتەکەی تووشی شۆڕش و سەرهەڵدان هاتبوو. ئیمپراتۆری عوسمانی لە سی و یەکەمی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا بەئیمزاکردنی پەیماننامەی ڕاوەستانی شەڕ، لەناو پاپۆری ئاگامەمنوونی بەریتانیا و لە زەریای ئێژە دوایین هەناسەی هەڵکێشا. تورکە لاوەکان پێش کۆتایی هاتنی شەڕ لە ساڵی ١٩١٥ کە هێشتا وڵاتەکەیانیان بەبراوەی شەڕەکە دەزانی؛ ڕامیاریەتە دێرینەکانی خۆیان سەبارەت بەنەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆرییە بەڕێوەبرد و، کوردیان هان دا لە جێگەی ڕووکردنە ڕامیاریەتی نەتەوەیی خۆیان و پاڵ پێوەدان بەبزووتنەوە نەتەوەییەکانیانەوە، خۆبخەنە ناو بازنگەی پان ئیسلامیزمەوە.

بەڵام بارودۆخ لە ئێراندا جۆریکی تر بوو: لە لایەکەوە دەوڵەتی ناوەندی بەشێوەی ڕەسمی بێ لایەنیی خۆی ڕاگەیاندبوو و لە لایەکی ترەوە گرووپە توندڕەوە شۆڕشگێڕەکان خوازیاری بەشداریکردنی ئێران بوون لە شەڕەکەدا و، پاڵ پێوەدانی ئێرانییان بەئاڵمان و عوسمانییەوە بە هەڵێکی مێژوویی دەزانی بۆ ئەوەی کۆتایی بەئامادەبوونە زۆرەملێیەکەی ئینگلیز و ڕووس بهێنن و دەستیان لە دەستتێوەردانی کاروباری وڵاتەکەیان کورت بکەنەوە. ئەو گرووپە بەرەو شاری قوم کۆچیان کرد و لەوێوە چوونە کرماشان و گەلاڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کاتییان ڕاگەیاند.[1]

هەر لە ساڵەکانی پێش دەستپێکردنی شەڕ و هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئاڵمان لە وڵاتی عوسمانیدا، حەز بەهاوکاریکردنی ئاڵمان لە دڵی هەندێ لە بەرپرسانی ئێران لە ئارادا بوو. «مورتەزا قولی خانی سەرداری ماکۆ لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهاندا بەیارمەتیی نابیوسەڵتەنەی ئێران واتە ناسرولمولک کە لەو کاتەدا لە ئاڵمان بوو، لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە وتووێژی کرد.»[2]

لە ویلایەتی کوردستانیشدا ژمارەیەک لە گەورەپیاوان و کەسێتییە دەرکەوتووکانی وەکو شێخ محەمەد مەردۆخ عیزولمەمالکی ئەردەڵان و عەباس خانی سەردار ڕەشید پاڵیان بەو گرووپە کۆچکەرەوە دا. عیزولمەمالک لەو دەوڵەتە کاتییەدا، وەزارەتی بەرژەوەندیی

١- مجتبی برزویی، اوضاع سیاسی کردستان (له ١٢٨٥ تا ١٣٢٥) نشر فکر لف، بەرگی ١ ١٣٧٨، ل٢٨.

٢- کێشەی کورد بەرگی ٢ ل ٥٦٠



جەماوەر و بازرگانیی پێ سپێردرا و شێخ محەمەدی مەردۆخ لە شاری سنە ڕۆژنامەی «دەنگی یەکێتی- ندای اتحاد-»ی بڵاو کردەوە و، هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانەدا عەباس خانی سەردار ڕەشید خەریکی کۆکردنەوەی سوپا بوو بۆ شەڕ لەگەڵ عوسمانی.[1]

هەڵبەت ڕوانینی جەماوەری کوردستان بەگشتی بۆ کێشەی شەڕ یەکسان نەبوو. هۆی بەشداریکردنی سەرەک عەشیرە ئاینی و نەتەوەییەکان لە باشووری کوردستان لە شەڕەکەدا ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆییەی ئێران بوو کە بەمەبەستی دەوربینێن بوو لە پاراستنی تەواوێتیی سنوور و سەرزەوینی ئێران و هەروەها وەڵامێکیش بوو بۆ بانگەوازی نەتەوەخوازانی لایەنگری ئاڵمان، بەڵام ئەوەی لە باکوری کوردستاندا دیاریکەر بوو، دەسەڵاتی عوسمانی بوو لەسەر عەشیرەتە کوردەکانی ئەو ناوچەیە و دژ کردەوەکانی جەماوەری ئەو دەڤەرە تا ڕادەیەک لە ژێر چاودێریی عوسمانی دابوو.

«ڕووس بەهۆی ئاگاداربوونیان لە پێوەندیی نێوان ئازەربایجان و عوسمانی، ماوەیەکی کەم پاش دەستپێکردنی شەڕ لەلایەن عوسمانییەوە و تەنانەت پێش جووڵانەوە چەکدارانەکانی کورد و عوسمانی دەستیان بەگرتنی سەرۆک و بازرگانە کورد و هاووڵاتییە عوسمانییەکان کرد لە شاری تەورێزدا»[2]

نیکتین کنسوولی ئەو سەردەمەی ڕووسیا لە ورمێ، سەبارەت بەچوونە ناو شەڕی کورد بۆ یەکەمجار دەنووسێ: دەستدرێژیی عەشیرەتە کوردەکان بەهۆی ئەو بانگەوازە بوو کە لەلایەن تورکەکانەوە بۆ جیهاد ئەنجام درابوو... بەهۆی ئەم بانگەوازەوە بوو کورد سەریان هەڵدا و لە زستانی ١٩١٥-١٩١٤ وەکو لافاو بەرەو دەشتە بەپیتەکەی ورمێ شۆڕبوونەوە»[3] بەڵام کەسرەوی بڕوای وایە (هۆی سەرەکیی چوونە ناو شەڕی کورد ئەبێ لە ڕکەبەریی لە مێژینەی نێوان کورد و ئەرمەنەکاندا بدۆزرێتەوە کە، لەلایەن ڕووسەوە چەکیان پێ درا بوو و هەڵبەت حەز بەچەپاو کردن لەلایەن کوردەوە بەیەکێکی تر لە هۆکارەکان دادەنێت.

١- شیخ محمد مردوخ تاریخ کرد و کردستان انتشارات عریقی ج ٢ ل ٢٢٦

٢- خاطرات لیتن سرکنسول آلمان در اثنای جنگ جهانی اول- ویلهلم لیتین ترجمه پرویز صدری (تهران، انتشارات ایرانشهر) صفحه ٦٣

٣- بازیل نیکتین، ایرانی که من دیدم یا خاطرات نیکتین، کنسول سابق روسیا در ایران محمدعلی فروغی (تهران، معرفت ١٣٢٩) ل ٣٢٣ و ٢٣٠

"ریچارد کاتم" ڕای خۆی بەو جۆرە دەردەبڕێت کە: بینینی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی توندوتیژ و نەگونجاوی ڕووس لەلایەن کوردەوە و هەروەها نەفرەتی کورد لە ئامادەبوونی سەربازانی ڕووسی لەو دەڤەرەدا زیاتر لە ڕاگەیاندنی جیهاد، کاری کردە سەر کورد و دەنووسێ «وێڕای ئەوەی کوردی ئێران ئامانجێکی باش بوون بۆ بانگەشەکردنی تورکیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەڵام ئەو نەفرەتەی لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی هەتاوییەوە بەهۆی داگیرکردنی ئازەربایجان لەلایەن ڕووسەوە لە دڵی کوردەکاندا مابووەوە زیاتر لە فەرمانی جیهادی سوڵتانی عوسمانی کاریگەر بوو. جگە لەوەش بانگەوازی تورکیای عوسمانی سەبارەت بەهێرش بردنە سەر گوندە ئەرمەنی و ئاشووری نشینەکان لە تورکیا و ئێران زۆر سەرنجی کوردەکانی ڕاکێشا»[1]

دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەو دەرفەتەی هێنایە ئاراوە کە کورد ڕک و دوژمنیی خۆیان بەئەرمەنەکان نیشان بدەن و ئەوەیش بێ گومان کاریگەرێتی ئاین بوو لەسەر ئەو هەڵوێستەی کورد.

لە مانگەکانی سەرەتای شەڕدا ژمارەیەک لە پیاوانی ئاینی و موفتییەکانی کوردستانی عوسمانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چوونە ڕۆژئاوای ئازەربایجانەوە و دانیشتوانی ئەو دەڤەرەیان هەڵنا بۆ ئەوەی لە بەرامبەر مەسیحییە کافرەکاندا (بە وتەی ئەوان) جیهاد بکەن؛ ئەم مەسەلەیەش کاری کردە سەر هەڵوێست گرتنی جەماوەری ئەو دەڤەرە دژی مەسیحییەکان. هەروەها کە نووسراوە «هاوکات لەگەڵ پێشڤەچوونی سوپای تورک بەرەو ناوەندی ویلایەتی ئازەربایجان، نیگەرانییەکی زۆر کەوتە ناو هاووڵاتییە مەسیحییەکانی تەوریزەوە. چیرۆک و حەقایەتی تۆقێنەر لە بارەی دڵڕەقیی کوردەکان دەگێڕدرایەوە»[2]

دەستدان لە هەستەوەریی کورد و کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئاینی ئەوان بۆ ئەوەی بکێشرێنە مەیدانی تێهەڵچوون و شەڕەوە بەگشتی بەزیانی ڕووسەکان بوو و کارێکی وای کردە سەر ڕووسەکان کە تارادەیەک سەبارەت بەچارەنووسی ئەو گەلە بەرامیاریەتەکانی خۆیاندا بچنەوە؛ چونکە تا ئەو کاتە (پێش شەڕەکە) بەپێچەوانەی ئەوەوە کە ناسیۆنالیستە کوردەکان هەوڵیان دەدا سەرنجی ڕووسیا بەرەو کێشە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕابکێشن، ڕووس هیچ گرینگییان بەو کێشەیە نەدەدا و ئەو هەوڵ و کۆششەیان پێ هیچ بوو؛ هەنووکە عوسمانییەکان خەریک بوون بەکەڵک وەرگرتن لە

١- احمد کسروی، تاریخ هیجده ساله ایران، چاپ دهم (تهران، امیرکبیر ١٣٧١) سفحه ٥٩٩
٢- لتین پێشوو ل ١١١



هەستەوەریی ئاینیی لە کورد نزیک ببنەوە. وەکو نووسراوە «وەزارەتی شەڕی قەفقاز (K.B.O) لە سەرەتای شەڕەکەدا ژمارەی ٢٥ هەزار چەک و ١٢ ملیۆن فیشەک و ٢٠ هەزار ڕۆبلی بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کورد و ئەرمەن و ئاشورییەکان تەرخان کرد. ئیسمایل ئاغای شکاک سەرۆک عەشیرەتی زازا لە ئێران و شێخ عەبدولقادر، عەبدولڕەزاق بەدرخان و سەرۆکەکانی تری کوردی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ئامادەبوونی خۆیان دەربڕی بۆ بەشداریکردن لەو پرۆژەیەدا»[1] نووسەرانی تری وەکو نیکیتینیش ئاماژەیان بەو پرۆژەیە کردووە.

مەبەستی سەرەکیی ڕامیارە ڕووسەکان لە گرتنەبەری ئەو ڕامیارییەتە، بەرگریکردن بوو لە سەرهەڵدانی هەستەوەریی ئاینی و دژە ڕووسی کورد و لە قۆناغی دواییشدا پێوەبوون ناوچە کوردنشینەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و، بتوانن پاش شکستهێنانی بەتەواویی تورک و دابەشبوونی ئەو ئیمپراتۆریەتە پان و بەرینە، کە لە گوڕوتین کەوتبوو بەشی خۆیان وەربگرن. کەنداڵ لەو بارەیەوە دەنووسێت: «ڕووسیای تەزاری (لە سەردەمی شەڕدا) لە هەمان کاتدا کە بەڵێنی یارمەتیی بەبڕی زۆری مادیی بەکورد دابوو بەکردەوە خەریک بوو خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد، کوردستان بەسەرزەوینەکەی خۆیەوە بلکێنێت. ڕووسەکانیش وەکو وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی تر، بەریتانیا و فەڕەنسا، کە لە هەوڵدانی خۆیاندا بەمەبەستی بەرینکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان و کاروبارە کۆلۆنیالیستییەکانیان لە کەسایەتییە ناودارە کورد و عەرەب و تورک و ئەرمەنییەکان کەڵکیان وەردەگرت، لە پێشڤەبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کوردیان کردبووە کەرەستە و ئامرازی دەستی خۆیان.»[2]

بەڵام لە نێوان کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەو چین و کەسایەتییانەش هەبوون کە هەستی نەتەوایەتی تا ئەو ڕادەیە لە زەین و دەروونیاندا جێگیر بووبوو و خۆی گرتبوو کە تەنانەت فتوای جیهادەکەی خەلیفەش نەیتوانی ئەو هەستە لە زەینیاندا بسڕێتەوە و نەک تەنیا وەڵامیان بەم بانگەوازە، واتە ڕاگەیاندنی جیهاد، نەدایەوە بگرە هەڵوێستی دژکارانەیان لە بەرامبەریدا نواند. یەک لەو شێخانە ناوی شێخ بابا بوو و لە دەڤەری سابڵاخ (مەهاباد) دەژیا و ژیانێکی تێکەڵاو بە خواپەرستی و خەڵوەکێشیی هەبوو و لەلایەن کوردەوە ڕێزێکی لە ڕادەبەدەری هەبوو دژی شەڕ هەڵوێستی گرت و لە زستانی ١٩١٦-

١- نیکتین هەمان ل ٢٣٢
٢- کردها کۆمەڵێ نووسەر ل ٧٤

١٩١٥دا بەهۆی بیروباوەڕی دژ بەجیهاد و دڵسۆزی و بەرەحمی بەرامبەر بەمەسیحییەکان، لە لایەن تورکەوە لە سێدارە درا، شێخ بابا ئەو جیهادەی دژ بەیاساکانی ئیسلام دەزانی و بەلەبەرچاوگرتنی بەرەنجامەکانی، لاگیریی شەڕەکەی نەدەکرد».[1]

تورک لە بەرامبەر ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە دژی ئامادەبوونی ئەوان بوون لە ئێران و لەگەڵ فتوای جیهاددا نەبوون، دژ کردەوەیان لە خۆنیشان و بەتوندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردن. «بۆ نموونە تەنیا لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا دوو کەس لە سەردارە دژ کارەکانی خۆیان واتە محەمەد حوسێن خان و سەیفەدین خانیان لە سێدارە دا و بۆ ترساندنی جەماوەری خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پەیکەرەکانیان بەسێدارەکانەوە هێشتەوە».[2]

ڕکەبەریی نێوان ڕووس و عوسمانییەکان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات بەسەر کورد و کەڵک وەرگرتن لەوان لە ڕاستای بەهێزکردنی بەرەکانی شەڕی خۆیان، لە بەرژەوەندیی عوسمانی و بەزیانی ڕووسەکان بوو. تەنانەت ئەو بەشە لە هێزە کوردییەکان کە پێشتر قەرار و بەڵێنیان لەگەڵ ڕووسەکان هەبوو چوونە ریزی عوسمانییەوە و هێرشیان کردە سەر یەکەی ڕووسەکان.

ئەو هێرشبردنە بەهۆی پشتگیری کردنی هێزە سەربازییەکانی عوسمانی لە کورد و هەناردنی چەک و کەرەستەی شەڕ بۆ جەنگاوەرە کوردەکان و هەروەها دەستدان لە هەستەوەریی ئاینیی کورد لەلایەن ڕێبەرە ئاینییەکانی لایەنگری عوسمانی، کە لە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی پان ئیسلامیزمدا بوون، توندوتیژتر بەڕێوە چوو.

ئەو خاڵەی دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە پیاوە ئاینییەکان بەگشتی و بەردەوام لەو ململانێیانەدا لایەنگری هێزەکانی عوسمانی بوون و لە ڕاستیدا عوسمانییەکان وەکو پردی پێوەندی لەگەڵ جەماوەری عەشایەری کورددا کەڵکیان لێ وەردەگرتن.

لایەنگری کردن و پاڵپێوەدانی پیاوە ئاینییە کوردەکان بەعوسمانییەوە، هەرگیز بەواتای ئەوە نەبوو کە ڕووس هەوڵ نەدەن بۆ ئەوەی سەرنجی کورد بەرەو خۆیان ڕاکێشن. بگرە هەوڵی ڕووسەکان لە ماوەی دوو ساڵی سەرەتای شەڕدا بۆ پێوەندی گرتن و ڕێککەوتن

---

١- نیکتین، ایرانی کە من می شناختم، همان، ل ٣٣٢ و ٣٣٣

٢- کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، (کردها در سالهای جنگ جهانی) ترجمە: نادی س ٦١.



لەگەڵ کوردی دەوروبەری گۆلاوی ورمێ بەو هۆیەوە نەگەیشتە ئامانجی خۆی کە کورد بەهۆی پشتیوانی کردنی ڕووس لە ئەرمەن و هەروەها هەڵسوکەوتی نەگونجاوی سەربازە ڕووسەکان لەگەڵ جەماوەری ناوچە کوردنشینەکان لەپێش دەستپێکردنی شەڕ بەڕەسمی، نەفرەتێکی مێژووییان لە ڕووس هەڵگرتبوو.

بازیل نیکیتن سەبارەت بەو هەوڵدانانە دەنووسێت: «... بیستم لە دەڤەری چالاکییەکانی ژەنەڕاڵ باراتۆف (فەرماندەی هێزی ڕووسیا لە ئێران»یشدا پەیمانێک لەگەڵ کوردەکاندا بەسراوە، بەڵام ئەنجامێکی باشی بەدواوە نەبووە، هەرگیز بڕوا بەبەڵێنی ئەوان ناکرێت... من خۆم لە ورمێ تووشی ئەو هەڵانە بووبووم، بەڵام کە تێ گەیشتم هەر پەیمانبەستنێک لەگەڵ کورد بێ ئەنجامە، دەستم دایە خوێندنەوە سەبارەت بەبارودۆخی کوردستان و زمانی کوردی».[1]

بەو نەفرەتە گشتییە کە لە دڵی کورد بەرامبەر ڕووس هەبوو و بیرەوەریی فەرامۆش نەکراوی ڕامیارییەتە داگیرکەرانەکەیان لە سەردەمی مەشرووتە و زەبروزەنگی لە ڕادەبەدەری هەزاران سەربازی ڕووسی سەبارەت بەگەلی کورد، ناتوانرێ بگوترێ کەوا سەرەک عەشیرە مەقامپەرستە کوردەکانی دەوروبەری گولاوی "ورمێ"، حەزیان بەهاوکاری لەگەڵ ڕووس نەدەکرد. بەڵام ئەگەر حەز و مەیلی لەو چەشنە هەبووە، دژایەتیکردنی پیاوە ئاینییەکان و شوێنکەوتووەکانیان و خەڵک و جەماوەری شارە کوردنشینەکانیش لەمپەرێک بوو لە بەردەم ئەوەدا کە ئەو حەز و مەیلە هەرگیز نەچێتە ئاستی کردەوە؛ وێڕای ئەو لەمپەرانە ترس لە تۆڵە ئەستاندنەوەی تورکیش لەو هۆکارە بەربەست دروستکەرانە بوو لەسەر ڕێگای چوونە پاڵ ڕووس، لەلایەن ئەو گرووپانەوە. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی پێکدادان و تێهەڵچوونەکان، چوونە سەرەوەی زەخت و پاڵەپەستۆی تورکە لاوەکان لەسەر کورد بەمەبەستی سەربازگیری و هەروەها پێشڤەچوونی سوپای ڕووس لە وڵاتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٦، بەهۆی هەوڵی کوردە ناسیۆنالیستەکانی عوسمانییەوە بۆ ئەوەی کوردی ئێرانیش بکێشنە ریزی خۆیانەوە، بووە هۆی دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی ڕامیاری لە ئازەربایجان، کە بەڕێوەبەرانی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەیە شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا و کوڕەزاکەی واتە سەید تەها ئەفەندی و سەرۆکە کوردەکانی تری عوسمانی بوون.

---

١- بازیل نیکتین، پێشوو، ل ٢٣

ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوەیە لە کردەوەدا سەرکەوتنی شایانی وەدەست نەهێنا، بەڵام دامەزراندنی ڕێکخراوەکە بۆ ناسیۆنالیستەکانی ناو وڵاتی عوسمانی بەسەرکەوتنێکی بەرچاو دەژمێردرا. لەبارەی ناکامبوونی ئەم ڕێکخراوە ڕامیارییەوە کە بە«کۆمەڵەی ئیستخلاسی کوردستان» و «کۆمیتەی ڕزگاریی کوردستان»یش ناوبردەیە، نیکتین دەنووسێ: «ڕۆژێ لە شاری ورمێ کوردێکی (استخلاس) هات بۆ بینینم و لە لایەن «ئەو کۆمیتەیەوە نامەیەکی پێ دام لە ناوەڕۆکەکەیەوە باسی ئازادیخوازی و سەربەخۆیی کوردستان هەڵدەهێنجرا و هەندێ شتی دژی تورک تێدا نووسرابوو، ئەگەرچی سەرۆکی کۆمیتەکە لە کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکان بوو، لە مەبەستەکانیاندا بەئاکام نەگەیشتن»[1] (مەبەست لە سەرۆکی بەدەسەڵات سەید تەها ئەفەندی بوو.)

لازاریۆفیش بەئاماژەکردن بە«کۆمەڵەی ڕزگاریخواز (استخلاس)ی کوردستان» ئامانجی سەرەکیی ئەو کۆمیتەیە بەیەکگرتنی سەرجەمی ناوچە کوردنشینەکان و پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی دەزانێت و ڕای خۆی وەها دەردەبڕێت کە ئەو حزبە ناوبراوە بۆ کاردانان لە سەرجەماوەر و ڕاکێشانی ئەوان بەلای خۆیدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا.[2]

بەهەر حاڵ ئەو کوردانەی فەرمانبەری فەرماندەکانی عوسمانی بوون لە یەکەم گرووپەکان بوون کە لەگەڵ ڕووسەکاندا پێکدا هەڵپڕژان، دەستەیەک لەوانە لە ٨ی ژانیڤەریدا بەفەرماندەیی موختاربەگی شەمخاڵ، فەرماندەی عوسمانیی شاری تەورێزیان داگیرکرد، ئەم جەنگاوەرانە کە جلوبەرگی ناوچەیی خۆیان لەبەردابوو لەلایەن ژمارەیەکی کەمی تورک و عەرەبەوە هاوڕێیەتی دەکران. جەماوەری تەورێز هەندێ خەڵاتیان پێشکەش جەنگاوەرەکان کرد و پارێزگاریی کنسوولگەریی ئاڵمان بەکوردەکان سپێردرا؛ بەژنوباڵای پێکەوتوو و جلوبەرگی ناوچەیی هێزە کوردییەکان کاری کردە سەر دیپلۆماتە ئاڵمانییەکە و سەبارەت بەکوردەکان نووسی «ئەم سەرۆکە کوردانە پیاوگەلێکی شکۆدار بوون، ئەگەر کەسێک بۆ یەکەمجار ئەوانی دیتبا؛ وای هەست دەکرد کە (شا)یەتی هەر بەخۆیان دەکەوێت؛ ئەوان بەپێچەوانەی شێوەی باوی ڕۆژهەڵاتی جیهان، چاو دەبڕنە چاوی مرۆڤ و مەردانە دەستیان دەگوشن. کوردەکان دەبێ بەرەی کاردۆش (کاردۆخ)ە بەمێژینەکان بن کە

١- هەمان، پێشوو ل ٢٣
٢- بڕوانە، کێشەی کورد بەرگی ١ ل ٢٢٥



گەزەنفۆن لە بارەیانەوە دواوە، ئایا ئەمانە ئەو نەتەوە مەزنە نین کە لە شاخەکانی کوردستاندا نیشتەجێ بوون؟ من هەرگیز و هیچ کاتێک جوانی و پێکەوتوویییەکی لەو چەشنە مەردانەیەم کە پێکەوە کۆکرابێتەوە نەدیتووە، بینینی ئەوان لەو ڕۆژانە و لەژێر وێنەی قەیسەردا ئەو هەستەی تێدا ورووژاندم کە ئەوانە خاوەنی ڕەسەنایەتیی خوێن و ڕەگەزن[1]». ئەو کە بەچاوی خۆی داگیرکردنی تەورێزی لەلایەن ئەو هێزانەوە بینیبوو، ڕادەگەیەنێت کە، هیچ کردەیەکی چەپاوکەرانە و تاڵانکەرانە لەلایەن عەشایەرە کوردەکانەوە لە تەورێز ئەنجام نەدرا. ئامادەبوونی سەرکەوتووانەی کوردەکان لە تەورێز کەمی خایاند و لە کۆتایی مانگی ژانیڤەری ١٩١٥دا بەرەو مەهاباد و سابڵاخ پاشگەز بوونەوە.

ئەوانەی لەم مەسەلەیە ئاگادار بوون هۆی شکست هێنانی کورد بەعوسمانییەکان دەزانن. بەرێکخستنی ناتەواو و نەبوونی چەک و کارزان نەبوون و پشتیوانیی نەکردنی تەدارەک و کاتی پێویست، دەرفەتی سەرکەوتنیان دایە دەستی ڕووس. ناکۆکیی ناوخۆیی لە نێوان ڕێبەرە کوردەکانی وەکو میرزا فەتاحی قازی و کەسانی تر، لەگەڵ ئەفسەرە تورکەکاندا لەسەر شێوازی درێژەدان بەشەڕەکەیش دەورێکی بەرچاوی بوو لە لاوازکردنی هێزەکانی عوسمانیدا.[2] عوسمانییەکان خوازیاریی ئەم فەرماندە کوردانەیان سەبارەت بەدروستکردنی هێڵێکی بەرگریی قایم و پتەو لە میاندواو پشتگوێ خست و زیاتر وایان پێ خۆش بوو ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵن. ناکۆکیی نێوان ڕێبەرە کوردەکان و فەرماندەکانی عوسمانی لەسەر چۆنێتیی دابەشکردنی چەک و کەرەستە سەربازییەکان گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئەفسەرە تورکەکان لەوانە حیلمی بەگ و فەوزی بەگ لەلایەن کوردەوە کەوتنە بەر هێرش و ناچاربوون بەوەی کە بڕێکی زۆر لەو چەک و کەرەستانە لە نێوان عەشایەرە جیاجیاکاندا و بەشێوەی یەکسان دابەش بکەن.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە دەتوانرێ بگوترێ ئەو قەزاوەتەی نیکتین سەبارەت بە ڕێککەوتن و هاودەنگیی کورد و عوسمانییەکان تا چ ڕادەیەک پشتی بەڕاستی بەستووە، لەوێ کە دەنووسێ «بنەمای پێوەندیی نێوان تورک و کوردەکان لەکاتی شەڕەکە قایم نەبوو و کەسایەتییە زاناکان هیچ بڕوایەکیان بەوە نەبوو.»[3]

١- لیتین، پێشوو ل ١١٧ و ١١٨
٢- بڕوانە نیکتین، ایرانی کە من می شناختم ل ٢٣٣ و ٢٣٤
٣- بازیل نیکتین پێشوو ل ٢٣٣ و ٢٣٤

خۆراگری و بەرگریکردنی کورد تا پاش چوونەوە دواوەی هێزەکانی عوسمانی واتە تا ساڵی ١٩١٦ی خایاند؛ قەزاکەکان و سوپای داگیرکەری ڕووسیان هێندە تووڕە کردبوو کە لە ڕووداوی داگیرکردنی مەهاباد قەزاقە سیرباییەکان کە بە(دراگن) ناودار بوون هەشت هەزار کەس لەدانیشتوانی مەهابادیان کوشت و «ڕێبەری بەرخۆدانی نەتەوەیی، واتە میرزا فەتاحی قازی کە، سەردەمی لاوێتی و پیریی خۆی بۆ خزمەت بەجەماوەری ئەو ناوچەیە تەرخان کردبوو و هەر بەو هۆیەوە دوژمنەکانی کورد بۆ خوێنی سەری دەگەڕان تا دوایین فیشەک شەڕی کرد و پاشان لە سەنگەرەکەی هاتە دەرەوە و بەدوژمنەکەی گوت، ئێستا ئێوە دەتوانن لەسەر پەیکەری من و کوڕەکەمەوە تێپەڕن و شارەکەم داگیر بکەن، لەو کاتەدا حەقدە فیشەکیان بەسنگیەوە نابوو[١]» بەشێوەیەکی زۆر دڵتەزێن کوژرا.

یەک لە بەرچاوترین کاریگەرێتیی هاتنی ڕووس بۆ ناوچە کوردنشینەکان و داگیرکردنی شاری مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەر، پتەوبوونەوەی شوێنگەی بنەماڵەی قازی پێکهاتنی ئەو هەلوزەمینە گونجاوە بوو لە زەینی خەڵکیدا، بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتیی ئەو بنەماڵەیە لەسەر خۆیان قەبووڵ بکەن، ئەمەیش بەهۆی بەرگری کردن و چالاکییە دلێرانەکەی فەتاحی قازی و گیان بەختکردنی خۆی بوو لە پێناوی بەرگری لە گەلەکەی.

سەرەڕای ئەوە کە (ساڵداتەکان) و قەزاقە ڕووسەکان پاش داگیرکردنی مەهەباد و تاڵانکردنی ماڵ و سامانی میرزا فەتاح و ئاگربەردان لە بازاڕی شارەکە و کتێبخانە گەورە و بەنرخەکەی سەیفولقوزات، کوڕە مامی میرزا فەتاح و شاعیر و گەورەپیاوی ئاییینی ئەو سەردەمە، کە زیاتر لە هەشت هەزار بەرگ کتێبی دەسنووس و بەنرخی تێدابوو و هەروەها کوشت و کوشتاری خەڵک و خولقاندنی کارەساتی دڵتەزێن و ترسناک لەو ناوچەدا، ئەم ڕووداوە بووە هۆی ڕێزداری و حورمەتی زیاتری بنەماڵەی قازی و هەروەها زیادبوونی دەسەڵاتی ئەوان و دەوربینییان لە کاروباری ڕامیاری و گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئەو ناوچەیە وەکو ڕێبەری خاوەن ڕەوایی بوون لەلایەن خەڵکەوە.

ئەو زەمینە بوونە هۆی ئەوەی، پاش شکستهێنانی ڕووس لە ساڵی ١٩١٥ لە بەرامبەر هێزی هاوبەشی تورک و کورددا، بەلاگیری کردنی ئەفسەرە تورکەکان و بەهۆی دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیەوە حکومەتی شارەکانی میاندواو و مەهاباد سپێردرا بە میرزا فەتاح و کوڕە مامی ئەو واتە قازی عەلی و هەر لە پەنای ڕێبەرایەتیی ئەو بنەماڵەیەدا بوو کە جەماوەری کورد لە بەرامبەر داگیرکەرانی ڕووسدا بەرگری و دلاوەریی زۆریان لە خۆنواند

١- کەمال مەزهەر ئەحمەد (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا) ل ٦٣



کە وێنەی ئەو تەنیا لە ناو خەڵکی تەنگستان و لە بەرامبەر هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیادا بینراوە.

بنەماڵەی قازی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بنەماڵەیەکی ئاینی و شارنشین بوون کە هەندێکیش حەز و عەلاقەی مالکێتییان تێدا بوو و ئامادەبوونیان لە گۆڕەپانی خەباتدا و چالاکییە ڕوشنبیرییەکان ئەوانی دەخستە ڕیزی چینی ناوەنجی و پێشکەوتووی شارنشینەوە. بەگرتنە دەستی حکومەتی میاندواو و مەهاباد لەلایەن ئەم بنەماڵەیەوە یەکەم هەنگاویان هەڵگرت بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان دەسەڵاتی عەشایر و شارنشینەکانی باکوری کوردستاندا بەدی بهێنن و توانییان دەسەڵاتی زاڵی سونەتیی سەرەک عەشیرەتەکان بسڕنەوە، ئەمەش گۆڕانگارییەکی بەرچاو بوو، ئەم کارە بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە کە دواتر لە مێژووی ئێراندا ڕوویان دا و لەوانەش دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. ک[١] و دواتریش حزبی دیموکرات و کۆماری مەهاباد بوون، ڕواڵەتێکی کاملی بەخۆوە گرت.

ئەگەرچی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، وەکو کوردستانی عوسمانی نەبووە هۆی بەدیهاتنی ناسیۆنالیزمی عەشیرەیی و بەهێزبوونی ئەو دیاردەیە، بەڵام کاری زۆری کردە سەر پتەوبوونی دەوربینینی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی پیاوە ئاینییەکان کە نموونەیان بنەماڵەی قازی لە باکوری کوردستانی ئێران و شێخ محەمەدی مەردۆخ بوون. هەڵبەت دەستەوتاقمێک لە ڕێبەرە ناسیۆنالیستەکانی داهاتووی کوردی لەناو ئەو بنەماڵەیەوە، دەرکەوتن. ڕۆڵی بنەماڵەی قازی لە بەرخۆدانی دلێرانەی جەماوەری خەڵکی بەرامبەر بە ڕووسەکان زەمینەیەکی گونجاوی دروست کرد بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە لە دەیەکانی پاشتر و گۆڕانکارییەکانی کوردستاندا؛ سەرهەڵدانی مێژوویی قازی محەمەد و ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد یەکێک لە بەرهەم و بەرەنجامەکانی ئەو بنەما مەعنەوییە بوو کە لە کوردستانی باکور و بەهۆی کارتێکردنی ئەو گۆڕانکارییانەوە بوو کە لە شەڕی یەکەمی جیهانی سەرچاوەی گرتبوو و دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیەی هەڵکێشا بووە سەرەوە و دوو دەیە دواتر و لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا خۆی دەرخست، هەڵبەت دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە وزە هەڵسەنگێنەرە کولتوورییەکەی قازی خۆی و کردەوە گونجاو و ئاوەزیانەکەی ئەو گەورە پیاوە لە بەدیهاتن

١- ژیانەوەی کوردستان.

و دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و هەروەها جێگیربوون و سەقامگیربوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی دۆخ و شوێنگەی بنەماڵەی قازیدا شتێکی نکوڵی هەڵنەگرە.

بەهەموو ئەو زەخت و پاڵەپەستۆیانەوە کە کورد بەهۆی هێرشی قەزاکە ڕووسەکانەوە تووشی هاتن، شەڕ هەرگیز نەیتوانی زەمینەیەک دروست بکات بۆ ئەوەی کورد و ئازەربییەکان پێکەوە هاوکاری بکەن و، ئەتوانرێ بگوترێ کورد لەم بوارەوە و لە ڕووی ڕۆحییەوە سەربەخۆ دەجووڵانەوە؛ ئازەربییەکان نەک هەر لە بەرگریکردن لە بەرامبەر ڕووسەکاندا یارمەتیی کوردیان نەدا بگرە بەپێی نووسراوەکانی لیتن کە خۆی شایەتی ڕووداوەکە بووە، لەلایەن هەندێ گرووپی چەکداری ئازەربییەوە و بەزۆری شوجاعودەوڵە «بۆ خۆ شیرین کردن» هێرشیان دەبردە سەر دوا چۆڕی سوپای کورد و تورک. هەر بەو هۆیەوە هێزەکانی میرزا فەتاحی قازی پێش پاشگەز بوونەوە لە میاندواو دارولحکومەی ئەو شارەیان ئاگر تێ بەردا»[1].

بەهۆی ئەو هەڵسوکەوت و هەڵوێستانەوە کە کەشوهەوای شەڕەکە بووبووە هۆی بەدیهاتنی، ناکۆکی لە نێوان کورد و ئازەربییەکاندا هاتە کایە و ڕۆژ بەڕۆژ ئەو ناکۆکییە زیاتر دەبوو. بەم پێیە جەماوەری باکوری کوردستان بەڕێبەرایەتیی قازی فەتاح کە لە ناوچەی ساوجبلاغەوە تا مەهاباد خاوەنی دەسەڵاتێکی بێ سنوور بوو بەشێوەی نارەسمی و بۆ یەکەمجار بەڕێوەبەرایەتیی ناوچە کوردنشینەکانیان بۆ ماوەیەکی کەم بەدەستەوە گرت کە، ئەم ڕووداوە لە جۆری خۆیدا ئەزموونێکی ڕامیاریی بەنرخ بوو.

یەکێکی تر لە بەدواهاتەکانی شەڕی یەکەمی جیهان کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی بنەماڵەی موکری بوو؛ ئەم بنەماڵەیە لە کارامەترین هێزە سیاسییە کوردەکان بوون کە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا تەبا بوون و لە سەرلەبەری ماوەی دەسەڵاتداریتیی زنجیرەی پاشایەتیی قاجاریدا بەشێوەیەکی جیدی و بەڕاستی خزمەتیان بە وڵاتی ئێران کردبوو؛ کوشتنی محەمەد حوسێن خانی سەیفولسەڵتەنەی سەرداری موکری و عەلی خانی کوڕی لەلایەن عوسمانییەکانەوە کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە هێنا. بێ گومان بنەماڵەی قازییەکان و سەرەک عەشیرەکانی موکریان لەوەی کە میراتگرانی عەزیزخان دەستیان لە دەسەڵات بڕا زۆر خۆشحاڵ و ڕازی بوون، چونکە ئەو ڕووداوە هاوسەنگییەکی لە نێوان هێزەکانی ناوچەکەدا دروست دەکرد کە لەڕاستای بەرژەوەندیی ئەواندا بوو.

١- ویلهلم لیتن، خاترات لیتن، ل ١٤٥- ١٤٣



«لە بەشەکانی تری کوردستاندا سوپای ڕووس لە (جمادی الثانی)ی ساڵی ١٣٣٤ ک.م شاری سنەیان داگیرکرد و ژەنەراڵ باراتۆف فەرماندەی هێزە داگیرکەرەکان، خێڵ و عەشیرەکانی لەگوندی «دادانە» کۆکردەوە و شووڕای یەکێتیی عەشایەریی دامەزراند. ڕووسیا هەوڵی ئەوەی دەدا کە جەماوەری بەشەکانی باشووری کوردستان بەلای خۆیدا بکێشێت، تورکەکانیش لە دژ کردەوەیەک لە بەرامبەر ئەو کردەیەی ڕووسەکاندا بەکەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی شێخ مەحموودی بەرزنجی کە لە شێخە دەسەڵاتدارەکانی سلێمانی بوو، لە ماڵی مەحموودخانی کانی ساناندا یەکێتیی عەشایەری تازەیان دامەزراند کە لە کوردەکانی هەورامان پێک هاتبوون.[1]» ئەمەش یەکەم دەرکەوتن و چالاکیی شێخ مەحموودە لە کوردستانی ئێراندا کە بێ گومان لە دانانی بنچینەی هاوکاریی نێوان ئەو و سەرۆکەکانی هەورامان، واتە جەعفەر سوڵتانی لەهۆنی و مەحموودخانی کانی سانانیدا زۆر کاریگەر بووە.

دەوڵەتی عوسمانی دەیویست لە کوردستان تەنیا سەروکاری لەگەڵ کورددا بێت و ئەوەش بەو هۆیەوە بوو کە کوردەکانی ئێران و عوسمانییەکان لە مەسەلەی ئاییندا هاوبەش بوون و بەمەرجێکیش کە ئەگەر لایەنگران و دانراوەکانی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، یان دەوڵەتی کاتی دەسەڵاتی ئەو ناوچەیەیان بەدەستەوە دەبوو ئەم هۆکارە هاوبەشە ئایینییە کە کاریگەرێتیی زۆری لەسەر پێوەندیی هەردوولا بوو، لە بەین دەچوو. «هەر بەو هۆیەوە بوو کە ئەگەرچی لەلایەن دەوڵەتی کاتییەوە موشیرولسەڵتەنە لە ناوچەکانی کوردستاندا دەسەڵاتی پێ درا، بەڵام بەهۆی پاڵەپەستۆ خستنە سەر لەلایەن عوسمانییەکانەوە و بەهۆی پێداگریی کورد و هەروەها دەستڕۆیشتوویی سەردار ڕەشید، ناوبراو حکوومەتی کوردستانی پێ سپێردرا.[2]» ڕەوتی ڕووداو و هەڵوێستی کەسایەتییە دەستڕۆیشتووەکان ئەو ڕاستییە دەردەخات کە کورد لە پاڵ ئەوەدا بە ئێران وەفاداربوون دەیانویست کاروباری کوردستان لەلایەن کەسایەتییە ناوچەیییەکانەوە بەڕێوە بچێت و ئەم داخوازییە لەلایەن عوسمانییەکانیشەوە پشتگیری دەکرا؛ چونکە ئەو حکوومەتە دەیویست سەروکاری لەگەڵ دەسەڵاتدارە کوردەکان لە کوردستاندا هەبێت.

بەگشتی دەتوانرێ بگوترێ ئەگەرچی هەستی نەتەوایەتیی کوردی لە کوردستانی ئێراندا بوونی هەبوو بەڵام کەم ڕەنگ و زۆر لاوازتر لە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بوو.

١- بڕوانە مەردۆخ تاریخ کرد و کردستان بەرگی ٢ ل ٣٢٨
٢- هەمان پ ٢، ل ٣٣٢

بەتەواوی لەو کێشمەکێش و ململانێیەدا کە لە نێوان ناسیۆنالیزمی مودێرنی ئێرانی و هەستی نەتەوایەتیی کوردەکاندا هەبوو؛ ناسیۆنالیزمی ئێرانی کوردەکانی خستبووە ژێر کاریگەرێتیی خۆیەوە؛ بەو شێوەیە کە لە ڕوانگەی ئەو نەتەوەیەوە (کورد) بەگشتی لە نەتەوەکانی ناو وڵاتی ئێرانی بوون. هەر بەهۆی ئەو هەست و سۆزەوە بوو کورد بەشێوەیەکی چالاکانە لە کاروباری ڕامیاریی ئێراندا بەشدارییان دەکرد، وزە و ورەی ئەو هەست و سۆزە ناسیۆنالیزمە ئێرانییە بەو ڕادەیە بوو کە هەموو هەوڵ و کۆششی ڕووسەکان لە پاش شکست هێنانی عوسمانی بۆ ئەوەی کورد بخەنە خزمەتیی خۆیانەوە و لەو بوارەشدا بانگەشە و پڕوپاگەندەیەکی لە ڕادەبەدەریان ئەنجام دا، بەڵام هیچ دەستکەوتێکی بۆ ئەوان نەبوو.

هەوڵ و دڵەڕاوکەی ڕووسەکان لەم مەسەلەیە تا ڕادەیەکی زۆر ترس لە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئینگلیز بوو لە ئێراندا؛ چونکە لەو سەردەمەدا ئینگلیز بەتەواوی وڵاتی عیراقیان خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، لەوانەیە بەهۆی ترسان لە دەسەڵات گرتنە دەستی ئینگلیز لە ئێراندا بوو، **کە** مینۆرسکی پێشنیازی دایە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا **کە** بەڵێنی ئۆتۆنۆمی بەکوردە ئێرانییەکان بدرێ و ئەمەش لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە لاگیریی لێ کرا»[1].

لە مانگی ژووئەنی ساڵی ۱۹۱۷دا پەیماننامەی دۆستایەتی لە نێوان ڕووس و سەرەک عەشیرەتە کوردەکاندا بەئامادەبوونی زاخارچێنکۆی ئەفسەری ڕامیاریی سوپای ڕووسیا و نوێنەری ژەنەراڵ باراتۆف فەرماندەی گشتیی سوپای ڕووس لە ئێران ئیمزا کرا. بەڵام کوردەکان بەخێرایی پشتیان لە پەیماننامەکە هەڵکرد و هێرشیان کردە سەر یەکەکانی سوپای ڕووسیا.

هێزە سەربازییە ڕووسەکان لە تاران خوازیاری کوشتاری کورد بوون؛ بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ئەو خوازیارییەی پەسەند نەدەکرد. بەپێی وتەکەی گۆلسینۆف کە کنسوولی ڕووسیا بوو لە شاری ماکۆ، گرینگتر ئەوەبوو نان و ئاو بدرێتە کورد، چونکە ئەو ڕامیارییەتە دەستکەوتی زیاتر بوو و لایەنی چاکەی لە ڕووسەکانەوە دەخستە ڕوو.[2] بەم پێیە ڕامیارییەتی ساختە و دووڕووانە و کۆڵۆنیالیستانەی ڕووس بۆ ڕازی کردنی کورد و هەڵنانی ئەوان دژی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بێ ئاکام مایەوە و سەریان دای لە بەرد.

---

١- لازاریف (مسئله کرد) ب ١، ل ٦٥٧-٦٥٦

٢- هەمان ب ٢ ل ٦٥٧-٢٥٦



## کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، دارمانی عوسمانی و دابەشبوونی کوردستان

شکست هێنانی شا سمایلی سەفەوی لە ۹۲۰ی ک.م لە شەڕی چالدێران، بەرامبەر بەسوڵتان سەلیمی عوسمانی خراپترین ئاکامی بۆ کورد بەدواوە بوو. وێڕای ئەوەی کە شەڕی نێوان تورکە سوننەکانی عوسمانی و شیعەکانی سەفەوی، کە بەبڕوای خۆیان هەردوو لایان خەریکی بەڕێوەبردنی جیهاد بوون بۆ پەرەپێدانی ئاینی ئیسلام و زۆربەی ئەم شەڕانەش لە وڵاتی کوردستان ڕووی دا و لە ئاکامی ئەوە کاریگەرێتیی خراپ و نەریتی بەناشیرینترین شێوە لەسەر بارودۆخی ڕامیاری، ئابووری و کولتووریی ئەو گەلە دانا، بووە هۆی دابەشبوونی نیشتمانی کورد و لکاندنی بەشێکی بەرین لەو نیشتمانە بەوڵاتی عوسمانییەوە. ئەو ئەزموونە تاڵە بەرەنجامی خۆپەرەستیی سەفەوییەکان بوو؛ ناشایستیی یەک لە دوای یەکی دەسەڵاتدارەکانی تری ئێرانیش، دواتر بەسەر جەماوەری کورددا سەپێندرا، وەک بڵێی مێژووی ئەم گەلە بەردەوام دووپات و چەندپات دەبێتەوە.

بەدەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی و دەرکەوتنی نیشانەی لاوازی و بەرەو دارمان چوونی حکوومەتی بڕست لێبڕاوی عوسمانی، زلهێزەکانی جیهان کەوتنە بیری ئەوەی ببنە خاوەنی بەشگەلێک لەو ئیمپراتۆرییە بەرینە، یان بەوتەیەکی تر بیریان لەوە دەکردەوە، بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە داهاتوودا و بەهۆی دابەشبوونی ئەو ئیمپراتۆرییەوە دەستەبەر بکەن. وڵاتانی گەورە و سەرکەوتووی شەڕەکە، وەکو فەڕەنسا، بەریتانیا و ڕووسیا، کەوتنە هەوڵ بۆ وەڵامدانەوە و دەستەبەرکردنی ئامانجە مەزنخوازییەکانی ڕابوردووی خۆیان و هەروەها گەرەنتیکردن و سەقامگیرکردنی هەلومەرجی خۆیان لە داهاتوودا.

دابەشبوونی وڵات، دەوڵەت و ئیمپراتۆرییە شکست خواردووەکان لە شەڕەکەدا بەبەشی باکور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواش، دراوەی ئەو ڕوانین و مەسڵەحەتە ساختە و بڕیاردراوانەیە کە بەدرێژایی مێژوو چەندپات بوونەتەوە، هەر بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە هەندێ لە نەتەوە و گەلەکانی جیهان بەسووچ و قوژبنی ئەم زەوینەدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە و نیشتمانە ڕاستەقینەکەیان بەهۆی ئەو ڕووداوە تاڵ و کارەساتبارانەوە دابەش بووە و لەناوچووە. نیشتمانی گەلی کوردیش پاش شکست هێنانی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەسەر چەند وڵاتی تردا دابەش کرا.

پێش کۆتایی هاتنی شەڕ ئینگلیز و فەڕەنسا بڕیارنامەیەکیان پێکەوە ئیمزا کرد کە ناوی سایکیس پیکۆ بوو؛ بەپێی ئەو بڕیارنامەیە و پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، کەناری

وڵاتی سووریە لە باکوری بەندەری سوور بۆ وڵاتی فەڕەنسا، عیراق و بەشێک لە فەلەستین بۆ ئینگلیز و لە ئاکامیشدا، بغاز، ئەرزەرووم، ترابزۆن، وان و بەتلیس بۆ وڵاتی ڕووسیا دابین کران.[١]

«هۆی پشتگیریکردنی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لەو پەیماننامەیە ئەوەبوو کە بەپێی پەیماننامەکە بەشێک لە کوردستان خرایە سەر خاکی ئەو وڵاتەوە. ئەم پەیمانە بەتەواوی پەیمانێکی نهێنی بوو کە لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا لە قاو درا و دەنگ و هەراکەی هەموو جیهانی گرتەوە»[٢].

وتوویژ بەشێوەی نهێنی لەسەر چۆنێتیی دابەشکردنی کوردستان لە نێوان زلهێزەکان بەتایبەت فەڕەنسا و ئینگلیزدا، بەدرێژایی شەڕەکە لە ئارادا بوو. بەو شێوەیەی کە پێش ئەوەی ئەو دوو وڵاتە پەیمانی کۆتایی هێنان بەشەڕ (مۆدر) لەگەڵ تورکیا ئیمزا بکەن، لەسەر دابەشکردنی کوردستان لە نێوان خۆیاندا ڕێک کەوتبوون و بەخێرایی پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەکە، بەریتانیا موسڵی داگیرکرد[٣].

کورد لەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی شەڕەوە و دوای شەڕ بەدی هاتبوون، خافڵ نەبوون و لەسەر بزووتنەوەکەشیان کاریگەریتیی هەبوو. بەو شێوەیە پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەی کۆتایی هێنان بەشەڕ چالاکیکارانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەخێرایی دەستیان دایە ژیاندنەوەی بزووتنەوەکەیان و هەوڵی تازەیان دەست پێ کرد. «لەو هەوڵانەش ئەوەبوو ئەمیر سورەیا پاش بەستنی پەیمانی مۆدر modros بەخێرایی لە شاری قاهیرە کۆمیتەیەکی بەناوی «ئەنجوومەنی سەربەخۆیی کورد» دامەزراند. لەلایەن ئەمیر ئەمین عالی و کامەران عالی بەگ و سەناتۆر عەبدولقەدیر و چەند کەسێتییەکی تریشەوە کۆمەڵەیەک بەناوی «کورد تەعالی جەمعییەتی» دامەزرا و ماوەیەکی کەمیش دوای دامەزراندن ئەو ڕێکخراوەیە کۆمەڵەیەکی، تر واتە «کورد میللەت فرقەسی» و «کورد تەشکیلاتی» سەریان دەرهێنا.

١- حمید عنایت، اندیشه های سیاسی در اسلام معاصر، ترجمه بهاالدین خرمشاهی (تهران، خوارزمی، ١٣٧٢) ج ٣، ێ ٢٤٢

٢- هەمان، ل ٢٤٣

٣- عزیز الحاج، القضیة في الشریفان (بغداد، مطبعة الاثار، ١٩٥٨) طبع ٢، صفحة ٣٢٢



ساڵی ١٩١٨ ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لەلایەن فەڕەنسا و بەریتانیاوە بڵاوکرایەوە کە لەوەدا بەرگری لە مافی کەمە نەتەوەییەکانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی کرابوو. ویلسۆنی سەرەک کۆماری ئەمریکایش لە ژانوێەی هەمان ساڵ بنەما چوارینەییەکەی خۆی بۆ هاتنە ئارای ئاشتیی جیهانی پێشکەش کرد و لە بەندی ١٢ی ڕاگەیاندنەکەی خۆیدا باسی لە مافی گەل و کەمە نەتەوەکانی ناو وڵاتی عوسمانی کردبوو و بڕیار وابوو ئەو ئیمکانە بەهەموو ئەو گەلانە بدرێت کە ئازادانە و بێ لەمپەر بەپەرەپێدانی پرسی نەتەوەیی خۆیانەوە خەریک بن.[١]

ناسیۆنالیستە کوردەکان، کە زۆربەیان لە دەرەوەی وڵاتی تورکیادا بوون دەستیان دایە هەوڵ و کۆشش بۆ بەدیهێنانی وڵاتێکی کوردی و هەر لەو ڕاستایەدا کێشەی نێوان خۆیان و ئەرمەنەکانیان چارەسەر کرد، ئەم کەسانە لە هەوڵدانەکانی خۆیاندا پشتیان بەپرۆژەکەی ویلسۆن و هەروەها ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی فەڕەنسا و بەریتانیا بەستبوو کە لەوەدا پشتیوانی لە مافەکانی کورد دەستەبەر کرابوو.

کورد بەمەبەستی بەدواداچوونی خواستەکانی خۆیان و هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی ڕێبەرانی وڵاتە هێزمەندەکانی جیهان، بۆ باسکردن لەسەر مافە سەرەکییەکانی گەلی کورد وەفدێکیان بەسەرۆکایەتی شەریف پاشا ڕەوانەی پاریس کرد تا بەشداری کۆنگرەی ئاشتی بکەن کە، ئامانجی سەرەکیی بەڕێوەبەرانی کۆنگرەکە دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو لەژێر ناوی مافی نەتەوەیی گەلاندا[٢] ئەگەرچی هەوڵدانی ئەم دەستەیە ئەنجام و ئاکامە چاوەڕوانکراوەکانی نەپێکا؛ بەڵام بووە هۆی ئەوە زەمینەی پێویست بۆ باس لە مافی گەلی کورد لە پەیماننامەی سیڤەردا دروست ببێت. لە ساڵی ١٩٢٠ و لە درێژەی وتوویژی زلهێزەکانی جیهاندا، کە بەهۆی دابەشکردنی عوسمانی بەڕێوە دەچوو، وڵاتانی بەریتانیا، ئیتالیا، فەڕەنسا، یۆنان، ڕۆمانیا، یۆگۆسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا، بەلژیک، ژاپۆن و پۆلۆنیا لەلایەکەوە و حیجاز و ئەرمەنستان و بەرپرسانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەلایەکی ترەوە بۆ یەکەمجار و لە بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەییدا دان بەمافە ڕامیارییەکانی نەتەوەی کورددا دانرا. ئەم پەیماننامەیە دامەزراندنی کۆمۆسۆنێکی لە بەرنامەکانی خۆیدا پێشبینی دەکرد کە وا بڕیار بوو گەڵاڵەیەک بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستان

١- درک کنیان، کردها و کردستان، ل ٧٧

٢- ماجد عبدالرضا، المسالة الکردیة في العراق ١٩٤٨(بغداد مطبعة دار الحیاة، ١٩٧٠) ص ١٧٨.

(ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات کە زۆربەی دانیشتووەکانی کورد بوون) و باشووری ئەرمەنستان و باکوری سووریا و ناوچەی میزۆپۆتامیا دابڕێژێت. دەوڵەتی قوستەنتینییە (ئەستامبووڵ) بەڵێنی دا بڕیارەکانی کۆمۆسیۆن جێبەجێ بکات بەمەرجێک لە ماوەی یەک ساڵدا زۆربەی کورد بیانەوێ وڵاتێکی ئۆتۆنۆم دامەزرێنن و، لەلایەن کۆمەڵی نێونەتەوەییەوە بەشایستەی ئەوە دابنرێن و ڕێگای ئەو کارەیان پێ بدرێت.

(بەندی ٦٣ی ئەم پەیماننامەیە "سیڤەر:) بەڵێنی لە وڵاتی عوسمانی دەسەند کە بڕیارەکانی کۆمۆسیۆن جێبەجێ بکات. بەندی ٦٤ هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە بووە هۆی ئومێدەواری و خۆشحاڵیی ناسیۆنالیستە کوردەکان، وەکو شاکارێکی ڕامیاری بوو بۆ (دواخستن)، بەپێی ئەو بەندە هەر کاتێک پاش تێپەڕینی ساڵێک بەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پەیماننامەی سێڤەردا، بەمەرجێ کورد توانییان ئەوە بسەلمێنن کە زۆربەی جەماوەری ئەو ناوچەیە ویستیان لە تورکیا جیابنەوە و سەربەخۆ بن و ئەنجوومەنی کۆمەڵی نێونەتەوەیی، جەماوەری کوردی بەشایستەی ئەو سەربەخۆییی زانی، لەو حاڵەتەدا تورکیاش هەر لە ئێستاوە قاییل بە پەسندکردنی ئەو پێشنیازە دەبێت و چاوپۆشی لە هەموو ماف و سەرەتی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا دەکات[1]» نەختێ وردبوونەوە لەو بەشەی پەیماننامەکە ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو گشتە ئەگەر و بەڵام و مەرج دانانە دیار و پێوارانە لە جۆری خۆیدا دەتوانێ وەکو نکووڵی کردن بێت لە ئەگەری وەدەستهێنانی سەربەخۆییی کوردستان، هەروەها مێژووش ئەوەی سەلماندووە، کە گەلی کورد ئەمڕۆش بەتێپەڕبوونی زیاتر لە هەشتا ساڵ بەسەر ئەو کێشەیەدا، نەیتوانیوە ئەو ڕێسا و سەرەتییە دانراوانەی لەو کاتەدا بۆی دیاری کراون لە کردەوەدا ئەزموونیان بکات.

گرینگیی ئەم پەیماننامەیە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە، بۆ یەکەم جار و بەپێی ئەو پەیماننامەیە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بەشێوەیەکی جیدی و ڕەسمی سەبارەت بەپرسی کورد، وتووێژیان کرد و لەو کاتەوە گومانێک لە جیهانی بوونەوە و نێونەتەوەیی بوونی پرسی کورددا بوونی نییە بەوپەڕی داخ و کەسەرەوە ئەو پەیماننامەیە هەرگیز ڕووی کردەوەی بەخۆوە نەبینی و ئەمڕۆ وەکو نووسراوەیەکی ناکاریگەر و مردوو، داکەوتووە. بەڵام گەلی کورد و بەتایبەت ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی ئەو گەلە ساڵانی ساڵە بەندەکانی

١- بڕوانە جاناتان ڕندل، با این ڕسوایی چە بخشایشی، ل ١٥٦ و بحران افرینی قدرتهای بزرگ در کردستان عراق، ل ٥٣ و ٥٤



٦٢ و ٦٣ و ٦٤ی ئەم پەیماننامەیە بەبەڵگەیەک دەزانن بۆ نیشاندانی کاریگەرێتیی مافەکانیان لەسەر ڕێسا و یاسا نێونەتەوەییەکان و بەڕێوەنەچوونی ئەو بەندانەی پەیماننامەکەش بەخەیانەتی زلهێزەکانی جیهان دەزانن بەئامانجە گەورەکانی گەلی کورد. گومانێک لەوەدا نییە ئینگلیز و زلهێزە جیهانییەکانی تر لەو کاتە مەسەلەی بەرگری کردن لە مافی کوردان وەکو کەرەستە و ئامرازێک بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە پاڵەپەستۆ بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان. چونکە هاوکات لەگەڵ ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە و ڕاگەیاندنی پشتیوانی کردن لە سەربەخۆییی کورد وەکو دروشم، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە باشووری کوردستان بەڕێبەرایەتیی شێخ مەحموود لەلایەن بەریتانیاوە سەرکوت کرا. ئایا ئەو دژوازی و لێکدژبوونە کە لەناو گوتار و کردەوەی ڕێبەران و ڕامیارانی بەریتانیادا بەدی دەکرا ڕوونکەرەوەی ئەو ڕاستییە نەبوو کە بەریتانیا تەنیا لە ڕواڵەتدا بانگەشەی بەرگریکردنی ئازادیی نەتەوەکانی دەکرد و بەدووی دەستگەیاندن و پاراستنی بەرژەوەندی و ئامانجە کۆلۆنیالیستییەکانی خۆیەوە نەبووە؟

ماوەیەک پاشتر، پەیماننامەی "لۆزان" بە جێگەی پەیماننامەی سێڤەر ئیمزا کرا و لەو بڕیارە تازەیەدا هیچ باسێک لەسەر مافی نەتەوەیی گەلی کورد و دامەزراندنی حکوومەتی کوردی نەکرا؛ بەپێی پەیماننامە تازەکە هەموو سنوور و چوارچێوەکان تێک دران و لەوەدا تەنیا باس لەسەر یەکسانیی مافی شارستانی و ڕامیاریی کەمینە ناموسوڵمانەکان کرا»[1] ئەم پەیماننامەیە وێڕای ئەوەی هێڵێکی ڕزگاریکەری کاتیی بەناوی «هێڵی برۆکسەل»ەوە دیاری کرد، ڕێکخراوەی نێونەتەوەییشی پێملی ئەوە کرد کە سەبارەت بەم ناوچەیەی کوردستان (مووسڵ) توێژینەوە ئەنجام بدات. بەڵام سەبارەت بەکوردی تورکیا ناتەواو و دوور لە وێژدان بوو. هیچ کات ڕاپرسی گشتی لە کورد نەکرا و مافەکانیان ژێر پێ خرا.

لە نێوان تورکیا و بەریتانیادا لەسەر خاوەندارێتی و داگیرکردنی مووسڵ ناکۆکی بەدی هاتبوو و بەندی سێیەمی پەیماننامەی لۆزان ڕای گەیاند بوو، بەمەرجێ هەردوو حکوومەتی تورکیا و بەریتانیا لە ماوەی ٩ مانگ پاش ئیمزاکرانی ئەم پەیماننامەیە نەگەیشتنە چارەسەرێکی گونجاو، ئەو کێشەیە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بۆ ئەوەی

١- واسیلی نیکتین، کرد و کردستان، ل ٣٩٤

ڕێگەچارەیەکی ژیربێژانەی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی کۆمۆسیۆنێکی پێکهاتوو لە ئەندامانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی لە ٣٠ی ئەوریلی ١٩٢٤دابمەزرێت.[١]

کۆمۆسیۆنەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە، بەمەرجێک پشت بەبنەما نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان ببەسترێت باشترین ڕێگەچارەی گونجاو، دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردییە، چونکە کورد زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەن. «بەمانەیشەوە بۆ پاراستن و مانەوەی وڵاتی عیراق لە بواری ئابوورییەوە بەلەبەرچاوگرتنی پێداگری و پشتیوانی کردنی بەریتانیا لەوەی ئەو ناوچەیە بەعیراقەوە بلکێندرێت، کۆمۆسیۆن ئەو پێشنیازەی پێشکەش کرد کە ویلایەتی مووسڵ بەپێش مەرجێکەوە بخرێتە سەر خاکی عیراق[٢].»

لە ئاکامدا هیچ کاتێک پەیماننامەی سیڤەر جێبەجێ نەکرا و، پاش دوایی هاتنی دوژمنی و ڕکەبەرێتییەکان و دوا بەدوای بەسرانی ئەو پەیماننامە جۆراوجۆرانەی باسیان کرا، کورد تەنیا نەتەوەیەک بوون کە نەک هەر بە ئامانجی خۆیان واتە دامەزراندنی حکوومەتی سەربەخۆی کوردی نەگەیشتن بگرە بەسەر سێ وڵاتی تورکیا و سووریا و عیراقدا دابەش کران؛ هەردوو وڵاتی عیراق و سووریا خۆیان بەشێک بوون لە خاکی وڵاتی عوسمانی کە پاش کۆتایی هاتنی شەڕ، بەپشتیوانیی بەریتانیا و فەڕەنسا هاتنە ئاراوە. مستەفا کەمالیش بەتەفرەدانی کورد، مەجبووری کردن کە هاوکاریی لەگەڵدا بکەن و ئەم کارەش بووە هۆی نابووتبوونی کورد. ئەتاتورک کوردی بە«برادەر و بەرابەر» لەگەڵ تورک دادەنا و بەم کارەش وای لەوان دەکرد بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمنانی خۆیدا واتە هێزە داگیرکەرەکانی فەڕەنسا و یۆنان لە ڕۆژئاوا و هێز و سوپای ئەرمەنییەکان لە باکوری ڕۆژهەڵاتدا، یارمەتیی بدەن. بەڵام پاش ئەوەی گەیشتە ئامانجەکانی خۆی بۆ ساتێکیش ماوەی بەکورد نەدا و سەرەتاییترین مافەکانی ئەو (برا)یانەی ژێر پێ خست و هەموو کەرەستەیەکی کە هەیبوو، بۆ لەناوبردنی پێناسی نەتەوەییی ئەوان کەڵکی لێ وەرگرت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٢٧ لە دەڤەری کەرکووک کاریگەر بوو لەسەر گوێ نەدان بەبزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی کورد لەلایەن زلهێزەکانەوە. گرینگی ئەو دەڤەرە نەوتییانە تا ئەو ڕادەیەیە کە ئەمڕۆکەش ٧٥٪ی نەوتی

---

١- بڕوانە، عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية (بغداد، دار شؤن العامة، ١٩٨٨) بەرگی ١، ل٢٧٢ و ٢٧٣.

٢- کنداڵ وانلی و مستەفا نازدار پێشوو، ل ١٨٤



عیراق بەرهەم دێنن. هەر بەو هۆیەوە بوو کەوا پەیماننامەی لۆزان بەجۆرێ داڕێژرا کە قۆناخێکی نوێی کۆیلەێتیی بەسەر گەلی کورددا سەپاند؛ وڵاتانی تورکیا و بەریتانیا لەسەر نەوتی مووسڵ تووشی ناکۆکی بوون و هەردووی ئەو وڵاتانە بۆ دەست گەیاندن بەبەرژەوەندییە ڕامیاری و ئابوورییەکانی خۆیان بەبێ سەرنجدان بەخواستی ڕەوا و ئاشکرای کورد کە داوای وڵاتێکی سەربەخۆیان دەکرد، خۆیان بەپشتیوانی ئەو ویلایەتە دادەنا.[١] کۆی ئەو پاڵەپەستۆیانەی خرانە سەر جەماوەری کوردی عیراق و ئەو مافانەی لێیان زەوت کرا، بووە هۆی نارازیبوون و دەنگ هەڵبڕینیان بەرامبەر بەحکوومەتی عیراق تا کاتی دامەزراندنی حکوومەتی عیراق و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ڕووکەش بۆ ڕەواییدان بە دەسەڵاتی بەکرێگیراوێکی وەکو مەلیک فەیسەڵ. هەستی نەتەوەخوازانە و نەفرەتی جەماوەری کورد لەوەی کە خراونەتە پاڵ وڵاتێکی عەرەبییەوە، بەڕادەیەک بوو کە کوردی ناوچەی سلێمانی لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدارییان نەکرد و دانیشتوانی کەرکووکیش بڕیاردانی خۆیان دواخست.

ئەگەرچی بەهۆی دابەشبوونی کوردستان و لکاندنی بەشە جیاوازەکانی ئەو سەرزەوینە بەوڵاتانی عیراق، سووریە، تورکیاوە، ئەگەر و ئیمکانی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لەناو چوو و ئەم بەشانە خرانە پاڵ وڵاتە جیاجیاکانەوە، بەلەبەرچاوگرتنی یاسا دانراوە جیاوازەکان لەو وڵاتانەدا و چەقخوازیی لە ڕادەبەدەری بەڕێوەبەرایەتی و لە ئاکامی ئەمەشدا سەپاندنی بەشگەلێک لە کولتووری دەسەڵاتدار بەسەر ئەو جەماوەرە کوردەدا، کە لەو وڵاتانەدا وەکو کەمە نەتەوەیی وابوون؛ بووە هۆی بەهێزبوونی ئەو جیاوازییانەی کە چ لە ڕووی شێوازی خەباتکارییەوە و چ لە ڕووی ڕوانگەی زاڵ بەسەر حزبە جیاوازەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردیدا، لە وڵاتە جیاجیاکاندا، ئەمەش لە جۆری خۆیدا زەبرێکە لە پەیکەرەی برینداری ناسیۆنالیزمی کوردی کەوتووە، بەو هۆیەوە کە بەجیاکردنەوەی ناوچە و بەشە جیاجیاکانی کوردستان هێز و توانای کوردستانیان کەم کردەوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لەناوی ببەن. ئەمڕۆ لە نێوان کوردی وڵاتە جیاجیاکاندا، بەلەبەرچاوگرتنی ڕێژە، دانیشتوانی کوردی عیراق لە بەرامبەر گشتی دانیشتوانی ئەو وڵاتەدا و ئەزموونی ڕامیاری و سەربازی و هەروەها بارودۆخی جوگرافیایی ناوچە کوردنشینەکەی عیراق و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی ئەم دواییانە لە ڕۆژهەڵاتی

---

١- جانانان ڕندل پێشوو، ل ١٥٨

ناوەڕاست و جیهانیشدا، ئەو بەشە لە کورد بارودۆخ و بەختێکی باشتر و زیاتریان هەیە لە بەرامبەر کوردی بەشەکانی تردا بۆ ئەوەی مافەکانی خۆیان وەدەست بێنن و بگەنە ئامانجەکانیان. هەر بەو جۆرە کە سالآنی سالّە جەماوەری کوردی عیراق بەهۆی گۆڕانکاری و ئەو وەرچەرخانانەی کە لە ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە و بەپشت بەستن بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆیان، بەپشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، خەریکی ئەزموونکردنی سیستەمێکی فیدرالین لە باکوری عیراقدا.

ئەگەرچی چەند سالّێک پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی واتە سالّی **١٩٢٦** سەرەک وەزیرانی عیراق لە مەجلیسی شۆرای ئەو وڵاتەدا ڕای گەیاند بوو؛ «دەبێ مافی کورد بەخۆیان بسپێرین؛ فەرمانبەری ئیدارەکانیان دەبێ لە خۆیان بێ و زمانی کوردی وەکو زمانی ڕەسمیی ئەوان بناسرێت و منداڵ و زارۆکیان لە قوتابخانەکاندا فێری ئەو زمانە بکرێن[١]» بەڵام حکوومەتە جیاجیاکانی عیراق هەرگیز بەمەیل و خواستی خۆیان ئامادە نەبوون ئەو زەمینەیە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکەن و ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستانی عیراقدا و لە پاش چەند دەیە، دەیبینین بەرەنجامی هەوڵ و خەباتی بێ وچان و بەردەوامی ئەو گەلە و ڕێبەرانی مەزنی ئەو گەلەیە و هەروەها شتێکە کە ئەو خەڵکە خۆیان وەدەستیان هێناوە، نەک ئەوەی حکوومەت بەوانی بەخشیبێت.

بەتێپەڕبوونی کات و سالآنێکی زۆر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا کوردی عیراق هیچ کاتێک لە حکوومەت و دەسەڵات ڕازی نەبوون و ئەمەش نیشاندەری ئەوە نییە ئەو تایبەتمەندییە نەتەوەییە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت، زۆر کەمن ئەو وڵاتانەی (لە خراپترین) حالّەتدا لە ڕووی پرسی هێمنایەتییەوە ڕووبەڕووی گرفتێکی زۆرتر لە گرفتەکانی عیراق بووبنەوە؛ وڵاتی عیراق تووشی گرفتی ئەتنیکی و قەبیلەییە و پاراستنی هێمنایەتیی وڵاتێکی بەو تایبەتمەنەییانەوە و بەو کێشە فرە و فراوان سیاسییانەوە نەک لە ئاستی دەسەڵاتی وڵاتی عیراقدا بگرە لە ئاستی دەسەڵاتی وڵاتێکی پێشکەوتووشدا نییە[٢].

کۆی هەموو گرفتە ناوخۆییەکانی وەکو نالێکچوویی نەتەوەیی و کولتووریی بەشە جیاجیاکانی عیراق، جوگرافیای سروشتیی ئەو وڵاتە، گرفتی سەرچاوەگرتوو لە حزبی

١- جاناتان ڕندل، پێشوو ل ١٥٩

٢- واسیلی نیکتین، پێشوو ل ٣٩٩



ڕامیاری دەسەڵاتدار، شەڕی نەوت و بەدواهاتەکانی، زەمینەیان خۆش کردووە بۆ ئەوەی کوردی عیراق بتوانن بۆ گەیشتن بەئامانجە لەمێژینەکانی خۆیان هەنگاو هەڵبڕن و هەلومەرجێکی وەها بڕەخسێنن کەوا وێنا بکرێت پێشبینییەکەی پڕۆفیسۆر بەس پاسارگە زۆر لە ڕاستی دوور نین، ئەو بڕوای وایە کە: «هیچ سەیر نابێ کە ئەو گەلە (گەلی کورد) کە بەردەوام لە ڕەنج و ڕۆژەڕەشیدا ژیاوە و خاوەنی گیانێکی واقیعبینە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە لە ڕووی هێزی ئینسانییەوە ژمارەیان کەمە، بەڕێوەبەرایەتیی هەموو کاروباری ڕامیاریی وڵاتی عیراق بگرێتە دەستی خۆیەوە.»[١]

١- واسیلی نیکتین پێشوو، ل ٣٩٩

## چۆنێتیی دامەزران و پێکهاتنی حکوومەتی عیراق

هێشتا شەڕی یەکەمی جیهان دوایی نەهاتبوو کە ئیمپراتۆریی گەندەڵ و هەڵوەشاوەی عوسمانی هەندێ بەشی وڵاتەکەی خۆی کە نەتەوەگەلێکی جیاجیای وەکو عەرەب و ئەرمەنی و... هتد. تێدا دەژیان لە دەست چوو. لە ١١ ی مارچی ١٩١٧دا واتە ساڵێک پێش کۆتایی هاتنی بەرانبەرکێ سەربازییەکان، بەغدا کەوتە ژێر ڕکێفی هێزەکانی ئینگلیزەوە کە لەلایەن ژەنەراڵ – مۆرد-ەوە ڕێبەرایەتی دەکرا و ساڵێک پاشتر بەیارمەتیی عەرەب وڵاتی سووریاشیان داگیر کرد؛ بەم پێیە ناوچە عەرەبییەکانی عوسمانی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی هێنرانە دەرەوە و بەڕێوەبردنی وڵاتی عیراقی داگیرکرا و تا ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ کەوتە بازنەگەی دەسەڵاتی سەرۆکی بنکەی هێزە گشتییەکانی بەریتانیاوە کە لەلایەن -مادۆنش- بەرپرسی باڵای وڵاتەوە ئەنجام دەدرا.[١] ئینگلیز هەر لە کاتی هاتنە ناوەوەیان بۆ بەغدا ڕایان گەیاند: «ئینگلیز بەئامانجی ڕزگارکردنی خاکی عیراق هاتووەتە ئەو وڵاتەوە، نەک بەئامانجی داگیرکردنی[٢].»

بەداگیرکردنی شاری مووسڵ لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨، هەموو ناوچەکانی وڵاتی عیراق کەوتە ژێر ڕکێفی ئینگلیزەوە، لەم هێرشەدا ئەوان (ئینگلیز) بەگشتی ١٠٠,٠٠٠ کەسیان کوژرا و بریندار بوون، کە زۆربەیان هیندی و تورک (دانیشتوانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا)ی دانیشتووی ناوچە و وڵاتە کۆڵۆنییەکانی بەریتانیا بوون. سەرەتا جەماوەری عیراق بەرامبەر بەو هێرشە داگیرکەرانەیە هیچ دژکردەوەیەکیان لێ نەوەشایەوە چونکە زۆربەی ئەوانە ڕکوکینە و دوژمنیی عوسمانییەکان لە دڵیاندا مابووەوە، بەو هۆیەوە کە عوسمانی بەشێوەیەکی نامرۆڤانە لەگەڵ، گەلی عیراقدا هەڵسوکەوتیان کردبوو؛[٣] گەلی عیراق سەرەتا نەک تەنیا لە بەرامبەر ئەو داگیرکارییەدا بەرگرییان لەخۆیان نەکرد بگرە لە ژێر کاریگەرێتیی شۆڕشی عوسمانیدا بەدەرکردنی سوپای تورک لە ناوچەکانی خۆیان لەگەڵ بەریتانیادا هاوکارییان کرد. ئەم هاوکارییە، هەوڵدانێک بوو بۆ

١- استیون همزلی، لانگریک، عراق ١٩٥٠- ١٩٠٠ تاریخ سیاسی و اجتماعی و اقتصادی ترجمه علی درویش مشهد استان قدس، ١٣٦٧، ص ٢٠٠

٢- ه. لجمیلی، تاریخ سیاسی عراق، ترجمه محمد حسین زواز کعبه، مرکز هنری سازمان تبلیغات اسلامی تهران ١٣٧٠ س ١١

٣- هەمان، ل ١١



ڕزگاربوون لە دەستی ستەم و زۆری عوسمانییەکان، هەڵبەت ئەمەش تا ئەو کاتە بەردەوام بوو کە ئامانج و مەبەستەکانی بەریتانیا بۆ جەماوەری عیراق ڕوون نەبووبووەوە.

ماوەیەک پاشتر واتە ئەو کاتەی گەلی عیراق بۆیان ڕوون بووەوە کە ئامانجی بەریتانیا داگیرکردنی عیراقە نەک ڕزگارکردنی و ئامادەبوونی ئەوان مەترسییەکی گەورەیە لەسەر دەسەڵاتە نەتەوەیی ئیسلامی و، ڕزگاربوون لە چنگی عوسمانی و کەوتنە ناو داووبەندی بەریتانیاوە، بەواتای پەنابردنە بەئاگر لە ترسی ئاو، بەرەبەرە گرووپگەلی بەرگری و بەرخۆدانیان پێک هێنا هەڵبەت هەندێ لە چینەکانی ناو کۆمەڵ بەتایبەت زانایان هەر لە سەرەتاوە ئەو مەترسییانەیان هەست پێ کردبوو.

لە ئاکامدا لە مانگی مەی ١٩٢٠دا، جەماوەری موسوڵمان کە بەگشتی لەسەر ئاینزای شیعە بوون دژ بەهێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیا ڕاپەڕین، لەم ڕاپەڕینە جەماوەرییەدا ژمارەی ٤٢٤ کەس لە سوپای ئینگلیز کوژرا و ١١٢٨ کەس بریندار بوون و ١٦١٥ کەسیش ون بوون، هەروەها خەسارەت و زیانی ماڵی بەبڕی ٤٠٠ ملیۆن لیرە لە بەریتانیا کەوت. بەم پێیە بەریتانیا بەتەواوی ڕووبەڕووی مەترسی بووەوە[١]».

لەو کاتەدا شێخ محەمەد تەقی شیرازی- مەرجەعی تەقلیدیی ئەو کاتەی شیعە فتوایەکی دەرکرد: «ئەرکە بۆ گەلی عیراق داوای مافەکانی خۆی بکات و لە هەمان کاتدا هێوری و هێمنایەتی بپارێزێ. ئەگەر ئینگلیز داخوازییەکانیان جێبەجێ نەکەن، بۆیان هەیە بکەونە بەرگری کردن لە خۆیان[٢].»

بڵاوبوونەوەی ئەو فتوایە لە وڵاتێکدا کە نیوەی دانیشتووەکانی شیعە و شوێنکەوتووی ئەو ڕێبەرە ئاینییەن و، بەڕێوەبردنی فتوا و فەرمانەکانی بەئەرکی شەرعیی خۆیان دەزانن کاریگەرێتییەکی وەهای بوو کە عەشایەرەکانی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست. لە مانگی جولای ساڵی ١٩٢٠ سەریان هەڵدا کە بەرەبەرە هەموو ناوچەکانی عیراقی گرتەوە. ئینگلیز لەو کاتە ڕووبەڕووی شالاوێکی هەرە گەورەی دەنگهەڵبڕینی گشتی و جەماوەری بوونەوە کە دەسەڵاتی ئەوانیان دژ بەبیروبڕوا ئاینی و ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان دەزانی و بۆ ئەوەش هەوڵیان دا ڕێگەچارەیەکی زیرەکانە بدۆزنەوە تا هێمنایەتی و

١- بنجامین، سودران، خاورمیانه، نفت و قدرتهای بزرگ، ترجمه؛ عبدالحسین شریفیان (تهران، شرکت سهامی کتابهای جیبی، ١٣٥٢) صفحه ٢١٢ و ٢١٣

٢- ع. الجمیلی، پێشوو، ل ١٣

بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکەی خۆیان بپارێزن. هەر بەو هۆیەوە پێوە بوون دەوڵەتێکی ژێردەستی خۆیان لە عیراق دابمەزرێنن. ئەوان پێشنیازیان کرد (پێرسی کاکس)ی ئینگلیزی سەرۆکایەتیی حکوومەتەکە بەدەستەوە بگرێت، بەڵام جەماوەری گشتی و ئاینی بەتوندی نارازیبوونی خۆیان دژ بەو پێشنیازە دەربڕی»[1] ئینگلیز چارەسەر و کۆنترۆڵی تەنگژەکەیان وەها دەدی کە بەرپرسانی حکوومەتەکە لەناو کەسانێکدا هەڵبژێرن تا رادەیەک خاوەنی ڕەوایی بوون و پەسەندی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بن لەلایەن جەماوەرەوە. بەو هۆیەوە بڕیاریان دا، کەسێک بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری سەرۆک وەزیرانی کاتی هەڵبژێرن و لەو ڕێگەیەوە هاوکات لەگەڵ بەرگریکردن لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کاتیی شۆڕش و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم، ڕێگە بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتی خۆیان لە داهاتوودا خۆش بکەن.

(پێرسی کاکس) لە ڕێکەوتی ١١ی ئوکتۆبەری ١٩٢٠ وەکو نوێنەری باڵای بەریتانیا چووە عیراق. کاکس سەرەتا دەیویست تالبولنەقیب بکاتە بەرپرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کاتی بەڵام دواتر بڕیارەکەی گۆڕی و ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی عەبدولڕەحمان نەقیبەوە[2].» عەبدولڕەحمان کەسایەتییەکی ئاینیی خاوەن ڕێز و ڕەوایی بوو لەناو جەماوەردا. مەبەستی کاکس لەو کارەی خۆی هێورکردنەوەی دەنگ هەڵبڕینی جەماوەر بوو کە بەهۆی ئامادەبوونی سوپای ئینگلیز لە عیراق سەری هەڵدابوو. عەبدولڕەحمان وای بۆ دەچوو بەمەرجێ پلەیەکی سیاسی لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا قەبووڵ بکات پێگەی ئاینیی خۆی لەناو جەماوەردا لە دەست دەدات. میس بێل لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەدژکردەوەی عەبدولڕەحمان بەرامبەر بەپێشنیازی نوێنەری حکوومەتی بەریتانیا بۆ قەبووڵکردنی پلەی سەرۆک وەزیران، دەنووسێ: «ئەشرەف (عەبدولڕەحمان) دەڵێ: ئەو پێشنیازە بەپێچەوانەی توندترین بنەماکانی بیروباوەڕی منە، من قەبووڵی ناکەم و ئەو کارە ئەنجام نادەم[3].»

سەرەنجام کاکس توانیی عەبدولڕەحمان بەو کارە قایل بکات؛ ڕازی بوونی عەبدولڕەحمان بەهۆی کاکس-ەوە، لە دیدی دۆست و هاوکارە ئینگلیزەکانیەوە کارێکی یەکجار سەیر و سەر سووڕهێن بوو، هەر لەم بارەیەوە میس بێل دەنووسێ: «ڕازی کردنی

١- هەمان، ل ١٥

٢- هەمان

٣- سالح ملا عمر، عیسی، پێشوو. ل ٤٨



سەرۆک عەبدولڕەحمان بۆ هاتنە ناو کاروباری گشتییەوە وەکو موعجیزە وابوو، ماوەی نیو سەعات ماینەوە و لە خۆشییاندا باڵمان لێ ڕوا، زۆر سوپاسی سەرۆک ئەشرەفمان کرد؛ هەر بەو جۆرەی کە سوپاسی نوێنەری باڵامان کرد[1].» کۆششی بەریتانیا بۆ سپاردنی دەسەڵات بەکەسێکی وا، دەستەبەرکردنی بەرگریکردن لە ڕاپەڕینی جەماوەری بوو کە بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستی پێ کردبوو. لە ڕاستیدا ئەو کەسانە وەکو ئەکتەرێکی بێ ئیرادە بوون لەناو ئەو سیناریۆیەدا کە بەریتانیا و بەکرێگیراوەکانی دایان ڕشتبوو و بەڕێوەیان دەبرد. بەهەبوونی ئەو هۆکار و ئیمکانانەش تەنگژەکان لە عیراق هێور نەبووەوە و پێکدادان و تێکهەڵچوونەکان بەردەوام تا ئەو کاتەی کە چێرچیل ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە سەندەوە و گرتییە ئەستۆی خۆی و لە ١٢ی مارچدا کۆنفرانسێکی بۆیەکانگیرکردنی سیاسەتی گشتیی ئینگلیز لە ناوچەکە لە قاهیرە بەڕێوەبرد، درێژەی هەبوو.

لەو کۆنفرانسەدا ئەو بابەتانەی خوارەوە خرانە بەرباس:

١- پێوەندی و هاوکاریکردنی هەردوو وڵاتی بەریتانیا و دەوڵەتی نوێباوی عیراق.

٢- دیاریکردنی (حاکم)ێک بۆ دەوڵەتی عیراق.

٣- چۆنێتیی پشتیوانی کردن لە دەوڵەتی نوێباو بەجۆرێ کە لەمەولا زیاتر بۆ بەرگریکردن لە خۆی، بەرپرسیار بێت.

٤- بارودۆخی کوردستانی عیراق و چۆنێتیی پێوەندی گرتنی لەگەڵ عیراقدا.

سێر پێرس کاکس ساناترین بابەت لەناو بابەتە پەسەندکراوەکانی کۆنفرانسەکەی قاهیرەدا بەو بەندە دەزانێ کە باس لە چۆنێتیی دیاریکردنی دەسەڵاتداری عیراق دەکات. لەنێوان پاڵێوراوەکان و بەکرێگیراوە عیراقی و لاوەکییەکاندا کە بۆ پاشایەتیی عیراق دیاری کرا بوون، لە ئاکامدا ڕای ئینگلیزەکان هاتە سەر (فەیسەڵ)ی کوڕی حوسێن شەریفی پاشای حیجاز[2].

«فەیسەڵ لە مانگی مەی ساڵی ١٨٨٣و لە شاری مەککەدا لە دایک بوو و لە ٢٣ی ئەگۆستی ١٩٢١دا بووە شای عیراق، بەو پێیە کارەساتی هەڵاوگێڕبوونی تاج و

١- عبدالرزاق، الحسني، تاريخ الوزارات العراقية (بغداد، داراالشؤن الثقافية العامة ١٩٨٨) جزء ١ ل، ٣٧-٣٥

٢- بڕوانە، سالح ملاعمر عیسی، بحران افرینی قدرتهای بزرگ در عراق ٤٩٨

تەختەکەی لە سووریا قەرەبوو کرایەوە و ئینگلیز توانییان بەو کارە ئاگری (ڕاپەڕینی بیستەم)ی عیراقییەکان کپ بکەنەوە[1]»

فەرەنسییەکان بەئاگابوون لەوەی کە مەلیک فەیسەڵ بەکرێگیراوی ئینگلیز بوو بەگرتنە دەستی پاشایەتیی عیراق لەلایەن ئەوەوە ناڕازی بوون و ئەو ناڕازیبوونەی خۆشیان نەشاردەوە. بەهەر حاڵ لە ۲۲ی ژووئەنی ۱۹۲۱دا ئەمیر فەیسەڵ چووە مووسڵ و لە ۲۳ی ئەگۆستی ۱۹۲۱دا بووە پاشای عیراق[2]» لە دیدی فەڕانسەوە کە «ئەویان لە ۲٤ی جولای ۱۹۲۰دا لە دیمەشق ڕاونابوو، پیاوێکی بێ ئیرادە و لە ڕووی دەروونییەوە لاواز بوو، بەڵام ڕواڵەتێکی مەترسیداری هەبوو[3]»

ئینگلیز بۆ ئەوەی بتوانن ڕەوایی بدەنە حکوومەتی مەلیک فەیسەڵ لە عیراق، بڕیاریان دا بۆ ڕاکێشان و بەدەستهێنانی بیروڕای جەماوەر لەسەر پاشایەتیی ئەو هەڵبژاردنێکیان بەڕێوە برد، بەپێی ئەو نیشانانەی بەدەستەوەن شێوازی دەنگدان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بوو؛ لە هەندێ جێگەدا کەسێک دەهاتە شوێنی دەنگدان و دەیگوت: «من دەنگی خۆم دەدەم بەو کۆمەڵە هەڵبژێرە (واتە ژمارەی ئەو پیاوانەی تەمەنیان زیاتر لە بیست ساڵ بوو)» و ئەندامانی بنکەکەیش، دەنگەکەیان دەخستە لیستەکەوە. لە جێگایەکی تردا سەرەک عەشیرەتێک دوو یان سێ هەزار کەس لە عەشیرەتەکەی خۆی کۆ دەکردەوە و دەنگی خۆی دەدا و هەموو خەڵکی عەشیرەتەکەشی بەگشتی لەگەڵیدا تەبا بوون[4]. سەرەنجام لە بیست و سێی ئەگوستی ۱۹۲۱دا بەسروودی «خوا شا بپارێزێت» پاڵی بەتەختی شایەتییەوە دا. هەڵبەت نوێنەرانی سلێمانی و کەرکووک ئامادە نەبوون، چونکە فەلسەفەی ئەو دەنگدانە بێ ڕکەبەرە، تەنیا بەهادان و ڕەواییدان بوو بەحکوومەتی فەیسەڵ[5].

چاوچنۆکیی مەلیک فەیسەڵ بۆ گرتنە دەسەڵات و پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی بەخێرایی بووە هۆی ناڕازیبوون و زویربوونی ئینگلیزەکان. «ئێستا شێوازی هەڵسوکەوتکردن دیاری کراوە، ئینگلیزەکان خێرا وشیارییان بەفەیسەڵ دا، ئەوە لە بیر نەکات کە ئەوان کردوویانە

١- ع. الجميلي، پێشوو، ل ١٦
٢- ساڵح ملا عمر، پێشوو، ل ٤٩
٣- کریس کۆچرا، پێشوو ل ٤٩
٤- هەمان، ل ٧٦
٥- بازیل نیکتین، کردها بەروایت خودشان، اسیای فرانسه ١٩٣٥، ل ١٤٩



بەپاشای عیراق. بەڵام مەلیک فەیسەڵ تەنیا بیر لە یەک شت دەکاتەوە: جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی ئەستوونەکانی دەسەڵات و پەرەپێدانی ئەو سنوورانەی بۆ دەسەڵاتداریێتیی ئەو دیاری کراوە.»[1]

هەر لە سەرەتای حکوومەتەکەی فەیسەڵەوە کێشەی کورد وەکو یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی وڵاتی عیراق خۆ دەردەخات و بەگرینگی ئەکەوێتە بەرچاو، چونکە لەلایەکەوە بەشێکی زۆر لە دانیشتوان و پێکهاتەی ئەتنیکیی ئەو وڵاتەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو کورد بوون. فەیسەڵ لە لای کەمینەیەکی زۆر کەمی عەرەبی سوننەوە پیشتوانی دەکرا، کە زۆربەیان لە ناوەندی وڵاتەکەدا دادەنیشتن و لایەنگرانی ڕاستەقینەی ئەو بوون، هەر ئەو ئەفسەرە ناوچەییانە بوون کە لە حیجازەوە لەگەڵیدا هاتبوونە عیراق و لەلایەکی تریشەوە فەیسەڵ وای دەزانی کە ئینگلیز هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە بیر لە وڵاتێکی سەربەخۆی عەرەب دەکەنەوە و عەرەبەکان بۆ ئەو مەبەستە هەڵدەنێن، پێوەن لە کاتی پێویستدا «لە کورد بەدژی عەرەب کەڵک وەربگرن، بەریتانیا بۆ پاراستن و پشتگیریکردن لەو سیستەمە پاشایەتییەی خۆیان بۆ عیراقیان داڕشتبوو گەڵاڵەیەکی چڕوپڕیان داڕشت و بەڕێوەیان برد. یەکەم هەنگاو دوا بەدوای دیاریکردنی پاشا، دامەزراندنی سوپای عیراق بوو؛ سەرەتا و لە ساڵی ۱۹۲۱دا ژمارەی هێزەکانی سوپای عیراق ۱۳۰۰ کەس بوون بەڵام بەرەبەرە ژمارەیان زیاتر بوو، بەجۆرێ تا ساڵی ۱۹۲۵ ئەو ژمارەیە گەیشتە ۷۵۰۰ کەس[2]. هەرچی ژمارەی هێزەکانی سوپای عیراق زیاتر دەبوو بەو ڕێژەیە ژمارەی هێزی سەربازیی بەریتانیا لەو وڵاتە کەمتر دەبووەوە و بەجێگەی هەناردنی هێزی پیادەی زەوینی زیاتر لە ڕێگەی ئاسمان و بەکەڵک وەرگرتن لە فڕۆکە و لەلایەن ئەفسەرە پایەبەرزەکانەوە یارمەتیی فەرماندەیی سوپای عیراقی دەدا بۆ شەڕ دژی کورد. بەهێزکردنی بنیاتە سەربازییەکانی ئەو پێکهاتە ڕامیاری و ساوایە کە هاوکات نالێکچوو و نایەکگرتووە و زۆر زەبرهەڵگر و شکستۆک بوو، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی ئەو سیستەمە و ئینگلیزیش بەتەواوی لەو مەسەلەیە ئاگادار بوون و، هەر لەو ڕاستایەدا، لە مانگی جولای ۱۹۲۱ بەریتانیا زانکۆیەکی سەربازیی لە وڵاتی عیراقدا کردەوە[3]».

١- کریس کوچرا پێشوو ل ٧٧
٢- سامي شورش، الحاضر والمستقبل، العراق وكردستان العراق، الحيات، انگلستان، ١٩٩٤/١١/٧
٣- لانگریک، پێشوو، ل ٢٣٨.

بەم پێیە جوگرافیای ڕامیاریی ناوچەکە، لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز و بەهۆی دامەزرانی وڵاتێکی بەڕواڵەت سەربەخۆ، بەڵام بەتەواوی ژێردەستە، لە ناوچەیەکدا کە بەشێک لە خاکی ئیمپراتۆریی گەورەی عوسمانی بوو، گۆڕدرا.

پاش دامەزرانی وڵاتی عیراق و لە سێیەمین دەورەی سەرەک وەزیریی عەبدولڕەحمان ئەلنەقیبدا، لە نێوان بریتانیا و عیراق پەیماننامەیەک ئیمزا کرا کە گەرەنتیی پێوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتەی دەکرد، واتە بەریتانیا وەکو دەوڵەتی سەرپەرشتیار (قیم) و عیراق وەکو سەپەرشتیکراو (تحت قیمومیت)، ئەم پەیماننامەیە لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ ئیمزا کرا، بەپێی ئەم پەیماننامەیە عیراق بەڵێندار کرا بۆ ئەوەی بەپەیڕەوکردنی پێشنیازەکانی نوێنەری باڵای بەریتانیا یاسایەک بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی عیراق و هەروەها هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورا دابڕێژێت.

لە بەندەکانی تری پەیماننامەکەشدا کۆنترۆڵ کرانی سوپای عیراق لەلایەن ئەفسەرە بەریتانییەکانەوە و چاودێری کردنی کارمەندە بەریتانییەکان بەسەر کاروباری بەڕێوەبەرایەتیی عیراق و، دابینکردنی مووچەیەکی بەبڕی زۆر و لە ئاکامیشدا دابینکردنی سەرەتی و دەسەڵاتی بێ سنوور و بێ بێنەوبەرە بۆ نوێنەری باڵای بەریتانیا، باسی لێ کرابوو. تا شۆڕشی ١٤ی جولای ١٩٥٨ بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم، عیراق بەتەواوی لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی بەریتانیادا بوو و سوود و قازانجی زۆری لەو وڵاتە دەست کەوت.

# بەشی سەرەكی

# پاژی یەکەم

## کورتە باسێک لە مێژووی بزاڤی بارزان پێش مەلا مستەفا

بەرزان کە هەندێکیش (بارزان)ی پێ دەڵێن گوندێکە لە ناوچەی (زێبار) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ. لە مێژوودا، شێخەکانی دانیشتووی ئەم گوندە، هەر بەناوی ئەم شوێنەوە، دەناسرێن[١]. ئەو شێخانەی کە چارەنووسیان بەوجۆرە دیاری کرابوو کە، دواتر یەکێک لە گرینگترین شۆڕشە مێژووییەکانی گەلێکی چەوساوە، دژی ڕژێمی چەوسێنەری عێراق، دامەزرێنن ڕێبەرایەتی بکەن. وڵاتی بارزان و هەموو کوردستانی عێراق لە سەردەمی عوسمانیدا بە بەشێک لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەژمێردرا.

ڕێبەری و سەرۆکایەتی ئەم عەشیرەتە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لە ئەستۆی زانایەکی پایەبەرز و بەتوانا بەناوی (شێخ تاجەدین) دا بوو. بەوجۆرەی سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن، ئەو سەرەڕای زانیاری و فیقاهەت (زانای عیلمی فقە) ئەهلی تەریقەت و یەکێک لە خەلیفەکانی شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندیش بوو، توانای زانستی و دینداریی گەورە پیاوی ئەم بنەماڵەیە بووە هۆی ئەوەی جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی بارزان و زێبار وەکو مورید لە دەوری ئەو کۆبنەوە و بەم شێوەیە یەکەمین بنچینەی فیکری و ئاینزاییەکان، کە خاڵی دەستپێکی شۆڕشی داهاتووی بارزانی بوو لە زێد و نیشتمانەکەی خۆیاندا دابڕێژرێت. هەموو سەرچاوەکان ئاماژەیان بەکارتێکراویی خەڵکی بارزان و شێوەی ژیانی ئەوان لەلایەن هۆکارە ئاقاری و جوگرافیاییەکانی ئەو وڵاتەوە، کردووە.

بارزان ناوچەیەکی بەرز و کوێستانییە لە کوردستان و دەکەوێتە نێوان سنووری سێ وڵاتی ئێران، تورکیا و عیراقەوە. ئەم ناوچەیە ئێستا بەشێکە لە پارێزگای هەولێری کوردستانی عیراق. کوێستانی بوون و، نەبوونی زەویی کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا، بووەتە

١- عەلائەدین سەججادی، پێشوو، لاپەرە ١٢٧



هۆی ئەوەی خەڵکی بارزان زیاتر لە ڕێی ئاژەڵداری و گرتنی شیلەی داری قەزوان و کەتیرە و، ڕاوچێتییەوە باری ژیانیان هەڵسووڕێنن و بەگشتی خەڵکێکی بەقەناعەت و زەحمەتکێش بن[١].

بارودۆخی جوگرافیایی ناوچەی بارزان، سەرەڕای ئەو کاریگەرییەی لەسەر ژیان و گوزەرانی ڕابردووی خەڵکی ئەم ناوچەیەی داناوە، کۆسپێکی گەورەش بووە لەبەردەم پەرەسەندنی بازرگانی و هەروەها ئاڵوگۆڕ و پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەوان و گەشەکردنی ئابووریی ئەم ناوچەیەشی لەگەڵ گرفتێکی گەورەدا ڕووبەڕوو کردووەتەوە. بەڵام لە هەمان حاڵیشدا، ئەم بارودۆخە تایبەتە، ئەو هەلەی بۆ خەڵکی ناوچەکە ڕەخساندووە دا بتوانن کولتووری ڕەسەنی خۆیان بپارێزن تا ئەو ڕادەیەی کە ڕاستگۆیی و یەکڕەنگیی ئەوان هەمیشە لەسەر زاری هەمووان بێ.

سەبارەت بەچۆنێتیی نیشتەجێبوونی ئەم بنەماڵە لە ناوچەی بارزاندا دەگوترێ کە شێخەکانی بارزان لە بنەماوە لە بنەماڵەی ئەمیرەکانی ئامێدی بوون؛ مەسعوود ناوێکی لەم بنەماڵەیە، پشت لە ژیانی خانەدانێتی و ئەمیری دەکات و بەهۆی گۆڕانکارییەکی ڕۆحی و دەروونییەوە ڕێگەی خەڵوەت و گۆشەنشینی هەڵدەبژێرێت و ژیانێکی فەقیرانە و ئاسایی لە داوێنی شاخەکانی زێباردا دەست پێ دەکات و شەو و ڕۆژ خەریکی عیبادەت و ڕاز و نیاز لەگەڵ خوای خۆیدا دەبێت[٢].

بەپێی سەرچاوەیەکی تر شێخەکانی بارزان لە بەرەی ئەمیرە بادینانییەکانن و هەمان سەرچاوە شەجەرەی بنەماڵەی بارزانی بەم جۆرە باس کردووە: مەلا مستەفای کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی عەبدورەحمانی کوڕی مەلا تاجەدینی کوڕی عەبدولسەلامی کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەممەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی عەبدورەحیمی کوڕی سەعید[٣]» لە بەشی کۆتایی شەرەفنامەی بەدلیسیدا شەجەرەی ئەم بنەماڵەیە لە مەلا تاجەدین بەدواوە باس کراوە.

١- بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٨
٢- بابامەردۆخ: مشاهیر کرد، ، ج: سوم، امرا و خاندانها (تهران، انتشارات سروش، سال ١٣٧١ م، صفحه ٥٣٢)
٣- بڕوانە هەمان سەرچاوە: الاکراد في بهدنیان

لە سەردەمی مەلا عەبدورەحمان و مەلاعەبدولسەلام کە هاوچەرخی مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندی (١١٩٣-١٢٤٢ ک.م) بوون، بنەماڵەی بارزان لە ڕێگای پێوەندی لەگەڵ خەلیفە سەید تەهای شەمزینانییەوە کە خۆی خەلیفەی مەولانا خالید بوو لە کوردستاندا، تێکەڵ بەئەهلی تەریقەت بوون. لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا، خەڵکی کوردستان بەڕێبەرایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان دژی عوسمانییەکان سەریان هەڵدا و عەبدولسەلامی بارزانیش لەگەڵ بنەماڵە و موریدەکانی خۆی زۆر چالاکانە لەو هەستانەوە و شۆڕشەدا ئامادەبوو و کاریگەرییەکی بەرچاوی کردە سەر شۆڕشەکە، هەرچەند لە ئەنجامدا ئەم شۆڕشە بەڕێککەوتن و هاوکاریی وڵاتانی ئێران، عوسمانی و ڕووسیا تێک شکا و سەرۆکی شۆڕشەکەش بەناچاری خۆی تەسلیمی عوسمانی کرد و لە تاراوگەیەکی خۆخوازانەدا لە تایف نیشتەجێ بوو، تا ساڵی ١٣١٠ ک.م کۆچی دوایی کرد هەر لەوێ ژیا، بەڵام بەهەرحاڵ خاڵێکی بەرچاو و گرینگ بوو لە سەرەتای خەباتی نەتەوەیی جەماوەریدا؛ کە ژیانی ڕامیاریی ئەوان لە سەدەی دوایی بەردەوام تێکەڵ بەشەڕ و خەبات بوو دژی ئەو سیستەمە ئیستبدادییەی ئەوانیان لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێ بەری کردبوو.

لەوانەیە ئامادەیی کاریگەری بارزانییەکان لە پرسی ڕامیاری و ڕکەبەرییە سەربازییەکاندا، زەمینەی بۆ ڕاپەرین و بزووتنەوە نەتەوەییە گشتگیرەکانی ئەوان لە دەیەکانی دواتردا خۆش کردبێت.

دوای مردنی شێخ عەبدولسەلامی دووەم کوڕە گەورەکەی واتە شێخ محەمەدی بارزانی دەستی کردە خەبات دژی دەسەڵاتی خانە ستەمکار و بەکرێگیراوە ناوچەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕێگای باوکی درێژە پێ دا. بەڵام هێندەی نەخایاند حکوومەتی عوسمانی بەیارمەتیی بەکرێگیراوە ناوچەییەکان گرتی و لە بەتلیس خرایە بەندیخانە و پاش ماوەیەک لە بەندیخانە ئازاد کرا و ڕاگوێزیان کرد بۆ ویلایەتی مووسڵ.

هۆی ئەوەی کە ئەمیر و خانە ناوچەییەکان لەگەڵ بارزانییەکاندا دژایەتییان دەکرد چ بوو؟ بەچ هۆیەکەوە لە سەرکوتکردنی بارزانییەکاندا هاوڕێیەتی و هاوکاریی عوسمانییان دەکرد؟

بێ گومان دەوڵەمەندی و دەستڕۆیشتوویی بەرچاوی ئایینی بنەماڵەی بارزانی کە لە سەردەمی شێخ تاجەدینی کوڕە گەورەی عەبدولسەلامی یەکەمەوە، زەمینەکانی خوڵقابوو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهۆی زیرەکی و وشیاری و لێهاتوویی شێخەکانی بارزان و پەیڕەوی



کردنی بێ سێ و دووی موریدەکانیان کە ڕێسایەکی بڕاوەیە لە تەریقەتدا زیاد و زیاتر دەبوو. زەمینەی بەخیلی و ڕقوکینی لەناو خان و دەرەبەگەکانی ناوچەکە و بەتایبەت ناوچەی زێباردا بەرامبەر بارزانییەکان دروست کرد و بارزانییەکانیان بەڕکەبەری خۆیان دەزانی و گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم بنەماڵەیان بەهەڕەشەیەک دەزانی لە بەرامبەر مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا. هەر بۆیە دژایەتی و ڕکەبەرایەتی ئەوان لەگەڵ بارزانییەکاندا ڕەنگێکی جیدیی بەخۆوە گرت. (کاتێک کە شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم (برای شێخ تاجەدین) بوو بە جێگری باوکی ڕووبەری دەسەڵاتداریێتی ئاینی و سیاسی و ئابووریی ئەم بنەماڵەیە تا ئەو ڕادەیە پەرەی سەندبوو کە ئاغەواتی ناوچەکە بەناچار ملکەچ و تەسلیمی بنەماڵەی بارزانی بوون[١].

پێشتر، دەستڕۆیشتوویی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی شێخ عەبدولسەلام بووە هۆی ئەوەی کە ڕکەبەرەکانی ئەو بەکەڵک وەرگرتن لە شێوازگەلی جۆراوجۆر و لەوانە، داواکردنی یارمەتی لە بابی عالی، بەڵێنی لەناوبردنی بنەماڵەی بارزانی بدەن و وەهایان نیشان دا کە شێخی بارزانی خەریکی ئاژاوەچێتی و یاخیگەرییە. بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو. ڕاپۆرت و گوزارشتی بەردەوامی خانەکانی زێبار بووە هۆی گومانی خراپی بەڕێوەبەرانی حکوومەتی عوسمانی و تەنانەت بابی عالی بەرامبەر بەو بنەماڵەیە (بارزانی) و ئەو بەدگومانییە کە گەیشتە جێگایەک پێوەندیی نێوان بابی عالی و شێخەکانی بارزان بەتەواوی سارد بووەوە. پاش ماوەیەک شێخ عەبدولسەلام لە وتووێژێکدا (لەگەڵ بەرپرسانی بابی عالیدا بۆ ئەوەی پێوەندییەکی دۆستانە و بڕواپێکردنێکی دوو لایەنە بێتە ئاراوە مەرجگەلێکی دانا و ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە ناوچەی بارزان بە بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عوسمانی دەهاتە ئەژمار.

یەکەم داخوازیی شێخ عەبدولسەلام، لابردنی ئەو بەرپرس و کاربەدەستانە بوو کە بەفیتنەگەری و دنەدان ڕێگەیان بۆ دژایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان بابی عالی و شێخەکانی بارزاندا خۆش دەکرد. مەرجێکی تر ئەوە بوو کە حکوومەتی عوسمانی دەبێ چالاکیی ئاوەدانکردنەوەی ئابووری و فیکری و کولتووری ئەنجام بدات و قوتابخانەش بکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە بتوانن زمانی دایکی خۆیانی تێدا بخوێنن، دەربڕینی

---

١- بڕوانە عەلائەدینی سەجادی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی گەلی کورد، وەرگێڕانی محمد احمدی (انتشارات محمدی سقز، ل ١٥٦)

ئەو خوازیارییانە لەلایەن شێخەکانی بارزانەوە هێندەی تر بابی عالیی تووڕە و بەدگومان کرد و ئەو بڕوایەی ئەوی بەهێز کرد کە ئەو داواکارییانە ڕێگە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی جیا و سەربەخۆ خۆش دەکەن و شیاوی ئەوە نین لەلایەن شێخێکی شوێنکەوتووی تەریقەتەوە دەرببڕێن.

وێڕای ئەمەش لەو کاتەدا ناکۆکی کەوتبووە نێوان ڕووسیا و عوسمانییەوە، بەو جۆرە ڕاپۆرتیان دابوو کە بارزانییەکان دنەی ڕووسەکانیان داوە کە لەگەڵ بابی عالیدا دوژمنایەتی بکەن، کۆی هەموو ئەو هۆکار و ڕاپۆرتانە نەفرەت و ڕکوکینی عوسمانییەکانی لەسەر شێخەکانی بارزان زیاتر کرد. جگە لە کێشە و کاروباری پێوەندیدار بەویلایەتی کوردستانەوە، کێشە ناوخۆییەکانی حکوومەتی عوسمانی و ڕکەبەرایەتیی توندوتیژ و زێدەگاڤی حزبە ڕامیارییەکانی ئەو وڵاتە، هۆکارێکی تر بوو کە ئەو ناکۆکی و دوژمنایەتییانەی پەرە پێ دەدا.

حزبی (حوڕییەت)، بەرە (ائتلاف) و حزبی ئیتیحاد و تەرەقی پێکەوە لە ڕەوتی بزاڤی ڕامیاریی ناو حکوومەتی عوسمانیدا ڕکەبەرییان دەکرد. ئەندامانی حزبی ئیتیحاد و تەرەقی لەو بڕوایەدا بوون کە شێخەکانی بارزان بەپشتیوانیکردن لە حزبە ڕکەبەرەکانی ئەوان، دەوری گرینگ دەبینن لەئاژاوەگەری و دروستکردنی پێکدادانەکان لە ئەستەمبوڵدا.

تێکچوونی هاوسەنگیی دەسەڵات لە ئەستەمبوڵ کاری زۆری کردە سەر پێوەندیی نێوان بارزانییەکان و حکوومەتی عوسمانی، بەگرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن حزبی حوڕییەتەوە، بەو هۆیەوە کە شێخەکانی بارزان لەگەڵ سەرۆکەکانی ئەو حزبەدا پێوەندییان هەبوو، پێوەندیی نێوان ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ بابی عالیدا باشتر بوو. لەلایەن نازم پاشای والیی بەغداوە بڕیاری بەخششی گشتی بۆ هەموو بارزانییەکانی ئەستەمبوڵ دەرچوو و نازم پاشا داوای لە بابی عالی کرد، کە شێخ عەبدولسەلام خەڵات بکات[١]».

لە حاڵێکدا کە نێوانجیگەریی بەرپرسانی حزبی حوڕییەت پێوەندییە ساردوسڕەکەی نێوان بنەماڵەی بارزانییەکان و بابی عالیی بەتین کرد بوو، سەرکەوتنی حزبی ئیتیحاد و تەرەقی ئەو ڕەوتەی تێک دا و جارێکی تر پێوەندییەکان ڕوویان بە کزییەوە نا، بەو شێوەیەی کە زۆری نەخایاند «نازم پاشای والیی پێشووی بەغدا و نێوانجیی سەرەکیی نێوان بابی عالی و بارزانییەکان بەهۆی بەرپرسانی ئەو حزبەوە لە کار لابرا» حزبی

١- هەمان ل ١٥٧



ئیتیحاد و تەرەقی بۆ نیشاندانی دژایەتی و دوژمنایەتیی خۆیان و ترساندنی شێخەکانی بارزان و بەڕێوەبەران و لایەنگرەکانیان، سلێمان بەگی نەزیف، کوڕی سەعید بەگ کە دوژمنایەتییەکی لە مێژینەی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدا هەبوو، کردە والیی ویلایەتی مووسڵ کە، ناوچەی بارزان بەشێک لە ناوچەکانی سەر بەو ویلایەتە بوو. ڕووداوی تیرۆرکرانی شەوکەت پاشا سەدرلئەعزەم و سەرەک حکوومەت و بەرپرسی کابینەی حزبی ئیتیحاد و تەرەقی و پەنابردنی گومان لێکراوەکەی ئەو تیرۆرکارییە کە لەلایەن حکوومەتەوە بەشوێنیەوە بوون، بۆ شێخ عەبدولسەلام، بیانوویەکی تازە بوو، بۆ ئەوەی هێرش بکرێتە سەر بارزان و ئەوەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو.

«سلێمان نەزیفی پارێزگاری مووسڵ خوازیاری گەڕاندنەوەی سەفوەت بەگ (بکوژی شەوکەت پاشا) بوو، شێخ ئەو کابرایەی تەسلیم نەکردەوە و لە ئەنجامدا سلێمان نەزیف شاڵاوی بردە سەر ناوچەی بارزان، ژمارەی لە ڕادەبەدەری هێز و چەک و کەرەستەی شەڕ هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی شێخ عەبدولسەلام نەتوانێ بەرگری لە ناوچەکە بکات و بەناچار بەرەو ئێران ڕۆیشت و لەگەڵ سمایل خانی سمکۆدا دیداری کرد، کە ئەو کاتە سمکۆ خەریکی خەبات بوو دژی حکوومەتی ئێران و، پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریی لەگەڵدا بەست[١]». ئەو دیدارە یەکەم پێوەندیی ڕامیاری بوو لە نێوان بنەماڵەی بارزانییەکان و ڕێبەرە خەباتکارەکانی هاونەتەوەی خۆیان لە ئێراندا؛ کە دواتر ئەو پێوەندییانە قایمتر کرانەوە و پەرەیان پێ درا، بەجۆرێ کە لە کاتی کۆماری مەهاباددا بارزانییەکان و هێزە سەربازییەکانیان لە دامەزراندن و بەرگریکردن لەو کۆمارەدا دەوری بەرچاو و سەرەکییان هەبوو[٢].

لە کاتی گەڕانەوەی شێخ عەبدولسەلام لە دیدارەکەی لەگەڵ سمکۆدا کەسانێک کە خۆیان بەلایەنگر و مورید و دۆستی بنەماڵەی بارزانی ناساند پێداگر بوون لەسەر ئەوەی دەبێ شێخ ببێتە میوانی ئەوان. میوانییەکە داوێک بوو لەلایەن عوسمانییەکانەوە پێشتر بۆ گرتنی شێخ عەبدولسەلامیان نابووەوە.

میواندارەکە کەسێک بوو بەناوی سۆفی عەبدوڵڵا و لە سەرۆکانی عەشیرەتی شکاک کە لە تورکیای ئەمڕۆدا نیشتەجێ بوو، ئەو خەیانەتی بەمیوانەکەی خۆی کرد و بەشێوەی

١- بابا مردوخ روحانی (شیوا) ل ٥٣٢
٢- ویلیام ایگلتن، جمهوری مهاباد ص ١٥٨

نهێنی تورکەکانی ئاگادار کرد کە شێخ عەبدولسەلام لە ماڵەکەی ئەو دایە و بەم شێوەیە جارێکی تر خائینان و شەڕەخۆرانی ناوخۆ لەبەر تەماح بەوپەڕی گەمژەیی و ساویلکەییەوە، یەکێکی تر لە خزمەتگوزاران و خەباتکارە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکانی ئەو گەلەیان تەسلیم بەدوژمنەکەی کرد و لە نێوان خزمەتگوزاری و خەیانەتدا ڕێگەی دووەمیان هەڵبژارد. هەڵبەت ئەو مەسەلەیە یەکەمین و دوایین خیانەت نەبووە کە بەکرێگیراوەکانی ناوخۆ بەرامبەر ڕێبەرە ئازادیخوازەکانی ئەو سەرزەوینە تووشی بوون.

بەپێی سەرچاوەکان، شێخ لە مەبەستی میواندارەکەی خۆی گەیشتبوو و هەوڵی دا بەڕێی باس و وتووێژەوە مەبەستەکەی پێ بگۆڕێت. بەڵام ئەو هەوڵدانە بەرەنجامێکی نەبوو، کاتێ هاوڕێکانی شێخ کە ژمارەشیان زۆر کەم بوو ویستیان بەرگری لە خۆیان و شێخ بکەن، شێخ ڕێگەی پێ نەدان، شێخ دەستگیر کرا و سپێردرایە بەرپرسانی حکوومەتی و سەرەتا ناردیانە (وان) و لەوێشەوە نێردرایە مووسڵ، لە ڕێکەوتی یەکەمی کانوونی ١٩١٤دا خۆی و سێ کەس لە هاوڕێکانی واتە: «محەمەد ئاغاهێشتی» سەرۆک عەشیرەتی ڕێکان و «عەبدوڵڵا ئاغای» مزووری و «عەلی» کوڕی محەمەدئەمین ئاغای مزووری بەو تاوانە پووچ و ناڕاستەی گوایە بەگژ هێزەکانی سوپای عوسمانیدا چوون و بەمەبەستی شەڕ لەگەڵ ڕووسەکاندا لە مووسڵەوە تێپەڕیون، بەشێوەی فۆرمالیتە دادگایی کران و بڕیاری کوشتنیان بەسەردا سەپا.

شێخ عەبدولسەلام لە کاتی بەڕێوەچوونی بڕیارەکەدا دەستنوێژی گرت و بەدەستی خۆی پەتی سێدارەکەی خستە ملی خۆیەوە و گیانی خۆی لە پێناوی خەباتی دژی سیستەمی ملهوڕ و دیکتاتۆردا بەخت کرد، لەپێناوی خەبات دژی سیستەمێکدا کە کەمترین مافی جەماوەر و هاوڕەگەز و نەتەوەکانی ئەوی لەبەرچاو نەدەگرت؛ شێخ بەر لە مردنی وتی: «کوشتنی من هیچ سوودێکی بۆ حکوومەتی عوسمانی نییە، قوڕ بەسەر حکوومەت. دەبێ حکوومەت ئەوە بزانێ، پاش مردنی من بارزان نامرێ و لەناو ناچێ» ئەمانە دوایین ڕستەگەلێک بوون کە لە زاری ڕێبەری خەباتکاری بارزانییەوە بیسران.[1]

پاش کوژرانی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزانی، ڕێبەرایەتیی ئەو بنەماڵەیە کەوتە ئەستۆی براکەیەوە، واتە شێخ ئەحمەد؛ ڕووداوی کوژرانی شێخ عەبدولسەلام هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی کە ماوەی چوار ساڵی خایاند و لە

١- سجادی- پێشوو ١٣١، ١٣٢



گرینگترین دەرەنجامەکانی ئەو شەڕە تێکشکان و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشبوونی سەرزەوینەکەی ژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆرییە لەمێژینە بوو «ساڵی ١٩١٨، ساڵی کۆتایی هاتنی شەڕ، وڵاتە سەرکەوتووەکان، ئەو ناوچە ئیسلامییانەیان کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، بەناوی سەربەخۆییەوە لە نێوان خۆیاندا بەش کرد و بەو پێیە بەشێک لە کوردستان، لەوانە ناوچەی بارزان و ناوچەگەلێکی عەرەبنشینیش، بەناوی وڵاتی عیراق، کەوتە ژێر سەرپەرشتیاریی ئینگلیزەوە[1]»

لە ماوەی نێوان ساڵەکانی شەڕ و تووشبوونی دەوڵەتی عوسمانی، بەشەڕێکی قورس و فۆرمالیتەوە، هەلێک ڕەخسا بۆ ئەوەی بارزانییەکان وزەی لە دەستچووی خۆیان وەدەست بێننەوە و شێخ ئەحمەد کە ئێستا جێنشینی براکەی و ڕێبەری بنەماڵەی بارزانی بوو، بەباشی کارەکانی ڕاپەڕاند؛ بەو جۆرەی کە لە کۆتایی شەڕی یەکەمدا، ئەو کاتەی عیراق کەوتە ژێر سەرپەرشتیاریی بەریتانیاوە و ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی ٥ی تشرینی ١٩١٨دا هاتنە ناو خاکی عیراق و شاری مووسڵەوە؛ دەسەڵاتی شێخەکانی بارزان بەڕادەیەک بوو، توانییان، هەموو عەشیرەتەکانی ناوچەی بارزان یەکانگیر بکەن و بیانهێننە ژێر سایەی ڕێبەرایەتیی خۆیانەوە[2]. وا دیارە ڕامیارە ئینگلیزەکان لەو سەردەمەدا بەهۆی بارودۆخی نالەبار و ئاڵۆزبوونی دۆخی ئەو سەرزەوینانەی کەوتبوونە ژێر سەرپەرشتیارییەوە؛ لە هەلومەرجێکی وەهادا نەبوون بەتوندی و بەتەواوی بتوانن بارزانییەکان سەرکوت کەن و لەوانەشە هێشتا بەهۆی ئاگادار نەبوونیانەوە لە هەبوونی زێڕی ڕەش (نەوت) لە دەڤەری کوردستاندا بنەمای ڕامیارییەتی نوێ و ستراتیژیی دامەزراندنی حکوومەتی عەرەبی لە وڵاتی عیراقدا کە خاوەنی جوگرافیایەکی مرۆڤیی نالێکچوو و ئاشتی هەڵنەگر بوو؛ نەهاتبووە ئاراوە، هەر بەو هۆیەوە سیاسەتمەداری وشیار و خاوەن پلەوپایەی وەکو سی. جی. ئیدمۆندز پاشتر نووسیی: «ڕامیاریەتیی بەریتانیا لەو سەردەمەدا ئەوەبوو کە بە دامەزراندنی چەند ویلایەتێکی نیوە ئۆتۆنۆمی کوردی، لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی هەر سیستەمێکی حکوومەتیدا کەم و زۆر پێوەندییان بەو حکوومەتەوە هەبێت کە لە داهاتوودا لە خوارووی عیراقدا دادەمەزرێت بەرگری لە شەڕ و پێکدادان بکات لە کوێستانەکان واتە وڵاتی کوردستاندا[3]».

١- بابا مردۆخ ڕوحانی، شیوا، پێشوو ل ٥٣٢

٢- سجادی، پێشوو، ل ١٣٣

٣- درک کنیان، کردها و کردستان، ابراهیم یونسی (تهران انتشارات نگاه) مەی ١٣٧٢ ل ٩٣

هەر لەم کاتەدا شۆڕشی بارزانییەکان بەهەموو ئەو لەمپەر و بەربەستانەی کە لە بەردەمیدا بوون، درێژەی بەخەباتی خۆی دەدا بەڵام، نەک بەشێوەیەکی هێزمەند و دەسەڵاتدارانە، لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، واتە لە شاری سلێمانیدا شۆڕش و ڕاپەرینێکی تر بەرێبەرایەتیی شێخ مەحموود بەرزنجی بەوپەڕی هێز و توانا و دەسەڵاتەوە تەنگی بە هێزەکانی حکومەتی بەریتانیا هەڵچنی بوو.

ڕێبەرایەتیی ئەم شۆڕشە لە ئەستۆی کەسایەتییەکدا بوو کە سەر بەبنەماڵەیەکی شایستە و باوەڕپێکراو بوو، وێڕای ڕۆڵ و دەوربینینی ئەو کەسە وەکو ڕێبەرێکی ڕامیاریی چالاک، پێگەی بنەماڵەکەی هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەوەی لەلایەن جەماوەرەوە وەکو ڕێبەری ئەو شۆڕشە زیاتر ڕەوایی پێ بدرێت و جێگەی باوەڕی هەمووان بێت.

شێخ مەحموود تەنانەت پێش شەڕی یەکەمی جیهانیش بەرامبەر بەدەسەڵاتی پشت بەستوو بەتورکە عوسمانییەکان شەڕی کرد بوو، لەم شەڕانەدا قارەمانانە دەرکەوتبوو. «دەسەڵاتی ئەو ڕێبەرە ڕامیاری و ئاینییە بەو ڕادەیە بوو کە لە ساڵی **١٩١٩** و بەکۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی سوپای ژێر دەسەڵاتی ئەو بەرامبەر بەمەبەستی بەریتانیا بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی شێخ، هێرشیان کردە سەر شاری سلێمانی و نوێنەری ئەو وڵاتەیان گرت و خستیانە بەندیخانەوە، هەروەها سوپای ئینگلیزیان تێک شکاند کە لە کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی ڕێ کەوتبوون، شێخ مەحموود سەربەخۆیی ڕاگەیاند و بەڕەسمی خۆی بە مەلیکی کوردستان دانا[١]». سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیز لەو کاتەدا سەرکوتکردنی شۆڕش و سەرهەڵدانە جەماوەری و نەتەوەییەکان بوو، بۆیە بەیارمەتیی بەکرێگیراوە ناوخۆییەکان ئەو شۆڕشەی تێک شکاند و ڕێبەرەکەیشی بۆ وڵاتی هیندستان ڕاگوێز کرد.

وا دەردەکەوێت ڕوانینی دەوڵەتی بەریتانیا و دەسەڵاتدارەکانی عیراق بۆ کێشەی شۆڕشی شێخ مەحموود و هەروەها هەوڵی تورک کە بەتازەیی سەربەخۆییان وەدەست هێنابوو، بۆ لکاندنەوەی دیسانەوەی ویلایەتی موسڵ بە سەرزەوینەکەی خۆیانەوە، بەرپرسانی بەریتانیای خستبێتە دۆخێکی نالەبارەوە و بەناچار لە باس و لێکۆڵینەوەی خۆیاندا سەبارەت بەداهاتووی ڕامیاریی سەرزەوینی کوردستان و وڵاتی تازە دامەزراوی عیراق بەو ڕادەیەی شایانی لە بەرچاوگرتنی ڕۆڵی بارزانییەکان بووە لە هاوکێشەی

١- هەمان، ل ٩٤



دەسەڵاتدارێتی و گۆڕانکارییەکان لە داهاتووی ڕامیاریی عیراقدا سەرنجیان نەداوەتە ئەو ڕۆڵە و کوردیان پشتگوێ خستووە. بەریتانیا هێشتا هیوادار بوو بتوانێ بەهۆی ڕێبەری کوردەکانەوە کە خاوەنی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بوو بەرگری لەوە بکات کە تورک دەسەڵات بەسەر مووسڵدا بگرن، چونکە تورکیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی پەرە بەدەسەڵاتی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بدات. لەوانەیە هۆی هێنانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان هەر ئەو مەسەلەیە بووبێت. ڕوانینی تایبەت و سەرنجی بەریتانیا بۆ شێخ مەحموود بەمەبەستی کەڵک وەرگرتن لە بەرگریکردن لە دەسەڵاتی تورک نیشاندەری تایبەتی شێخ مەحموود بوو وەکو ڕێبەرێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ناو جەماوەری کورددا و وەکو ئەوە بوو حکوومەتی بەریتانیا دان بەوەدا بنێت کە، «لە پشت بەستن بەتوانا و ئیمکانەکانی خۆمان نائومێد بووین و بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە مەحموودمان گەڕاندەوە، تا هەستێکی نەتەوایەتیی یەکگرتوو پێک بێنێت و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات[١]» و دواتر ڕوون بووەوە کە شێخ مەحموود ئەو کەسە نەبوو ئینگلیز دەیویست بەپشت بەستن بەدەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتی ئەو، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە بەر بەدەسەڵاتی تورک بگرێت شێخ لە سەرەوەی دەزگایەکی بندەستە و ژێردەسەڵاتی خۆیدا بنێت و ئاوات و هیوا دێرینەکانی گەلێکی بندەست پشتگوێ بخات و سەرپۆشێک بەسەر ڕاستییەکاندا بدات چونکە شێخ مەحموود ماوەیەکی کورت پاش گەڕانەوەی لە تاراوگە و کاتێ لەگەڵ پێشوازیی زۆری جەماوەردا ڕووبەڕوو بووەوە، جارێکی تر خۆی وەکو مەلیکی ویلایەت و حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان ناساند. حکوومەتی بەریتانیا ئەو کردەیەی شێخی بینی و بەوەی زانی ئەو بەهیچ جۆرێ پێملی هێزە بیانییەکان نابێت و پێوەیە دەسەڵاتی خۆی لە سەرانسەری کەرکووک و مووسڵدا پەرە پێ بدات. لە فێڤرییەی ساڵی **١٩٢٣**دا و لە وەڵامدانەوەی ئەوەدا کە شێخ مەحموود لەسەر خواست و داواکاریی ئەوان نەچووەتە بەغدا، شاری سلێمانییان بۆمباران کرد و شێخ بەناچاری پەنای بردە بەر شاخەکانی دەوروبەر و تا ساڵی **١٩٣٠** درێژەی بەخەباتی خۆی دا. لە ئاکامدا خەبات و کۆششی شێخ مەحموود وەکو هەموو ڕاپەڕینەکانی تری گەلی کورد لە بەرامبەر بەرەی بیانییەکان و کۆنەپەرستە ناوخۆییەکان و خەیانەتی هێزەکانی ناوخۆدا شکستی

١- هەمان، ل ٩٦، بەنقل از سی.جی ادموندز

٢- بڕوانە علاالدین سجادی، تاریخ مبارزات ڕوشنفکری کرد و کوچرا جنبش ملی کرد و درک کنیان کردها و کردستان ل ١٠٩ و ١٠٢

هێنا[٢]، لەم کاتەدا هەموو هێز و ئیمکانەکانی بەریتانیا و دەوڵەتە نوێیەکەی عیراق زیاتر بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی باشووری کوردستان کەڵکی لێ وەردەگیرا و، هەر بەو هۆیەوەیە کە لە سەرچاوەکاندا هاتووە: «لە ئاوریلی ١٩٣٠ و لە شاری سلێمانیدا بەهۆی شۆڕشی شێخ مەحموود و هێرشەکانی بۆ سەر حکوومەتی عیراق، بنچینە و ئەستوونەکانی ئەو حکوومەتە کەوتبوونە لەرزە بۆیە لە ناردنی سوپا بۆ ناوچەی بارزان دەستیان ڕاگرت، ئەم مەسەلەیە تا ساڵی ١٩٣٢ی خایاند[١]».

گومانێک لەوەدا نییە کە شۆڕشە بەئامانج نەگەیشتووەکەی باشووری کوردستان بووە هۆی ئەوەی بارزانییەکان بکەونە بەهێزکردنی هێزەکانی خۆیان، بەڵام بەمەیشەوە هەرگیز حکوومەتی بەریتانیا چاوی لە ڕاپەڕینی بارزانییەکان خافڵ نەکرد. لەو سەردەمەدا ڕێبەرایەتیی عەشیرەتی بارزان لە ئەستۆی شێخ ئەحمەدی برا و جێنشینی شێخ عەبدولسەلامدا بوو. شێخ ئەحمەد کەسێ بوو: «بۆ یەکەم جار کە لە دەرەوەی دەڤەری بارزاندا ناوی کەوتە سەر زاران، لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٩دا بوو؛ واتە ئەو کاتەی لە ڕاپەڕینەکەی بادیناندا دوو کەس لە ئەفسەرەکانی بەریتانیا بەدەستی ئەو کوژران؛ لەو کاتە بەدواوە شێخ ئەحمەد بە یەکێک لە دوژمنە سەرەکییەکانی بەریتانیا دەهاتە ئەژمار[٢]». کوژرانی ئەو ئەفسەرە ئینگلیزانە لەلایەن ڕێبەری لاوی بارزانییەکانەوە، نیشانەدەری دژایەتی و ناڕازیبوونی ئەو ڕێبەرەیە بەرامبەر بەئامادەبوونی ئینگلیز و بێگانەکان لە کوردستاندا. شێخ ئەحمەد لە هەلومەرجێکدا ڕێبەرایەتیی گەلەکەی خۆی بەدەستەوە گرت کە لەلایەکەوە بەهۆی تێکشکانی ئاڵمان و هەڤاڵبەندەکانیەوە و هەروەها دارمان و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی و لەلایەکی تریشەوە ئامادەبوونی هێز و سوپای ئینگلیز و فەڕانسە لە ناوچەکە بارودۆخی ڕامیاریی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چاو ڕابردوو گۆڕانکاریی بەخۆوە بینیبوو. گەلە موسوڵمانەکان هەرگیز بەوە قایل نەدەبوون بچنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی بیانییەوە. لە ناوچەی بارزانیشدا بەهۆی پێگەی دینیی بنەماڵەی شێخ ئەحمەدەوە و بەپێی ئەو باوەڕەی کە بەڕەوایی و شەرعییەتی ڕێبەرایەتییەکەی هەبوو، جەماوەر بەگشتی ئامادەبوون بۆ جێبەجێکردنی دەستوور فەرمانەکانی. بوێریی کەم وێنەی ڕێبەری بارزانییەکان و ئەوەی بەئاشکرا

١- سجادی، پێشوو، ل ١٦٢

٢- ڕووحانی، بابامردوخ، شیوا، پێشوو، ل ٥٣٢



دژایەتیی خۆی بەرامبەر بەئینگلیزییەکان دەردەبڕی، هۆکارێکی گرینگی تر بوو کە بڕوای جەماوەری خەڵکی ئەویان بەڕزگارکەری خۆیان دەزانی، هەروەها ڕایان لەسەر باوباپیریشی وابوو و بڕوایان وابوو لە دونیای غەیبەوە ئیلهامی پێ دەکرێت. شەرعییەتە ئاینییەکەی بووبووە هۆی ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵاتی زیاتر بێت[١].

یەکەم هێرشی سەربازیی ئینگلیز بەدژی شێخ لە ساڵی ١٩٢٧ ئەنجام درا کە لەوەدا لەشکرێکی سەربازیی عیراق و ژمارەیەک لە ئەفسەرە ئینگلیزەکان بەرەو بارزان چوونە پێشەوە بۆ ئەوەی کاری شێخ ئەحمەد یەکلایی بکەنەوە، بەڵام لە چەند کیلۆمەتری بارزاندا ڕێگای پێشڤەچوونیان لێ گیرا[٢]» و هێزەکانی حکوومەت کە، لە ناوچەی (بلێ) واتە لە چەند کیلۆمەتریی ناوچەی بارزاندا بەریان پێ گیرابوو بۆ ئەوەی درێژە بەهێرشەکەی خۆیان بدەن مۆڵگەیەکی سەربازییان دامەزراند؛ ئەم ڕووداوانە لە کاتێکدا ڕوویان دەدا کە لە باشووری کوردستاندا شێخ مەحموود تەنگی بەهێزە هەڤاڵبەندەکانی دەوڵەتی عیراق و بەریتانیا هەڵچنیبوو هەر لەم ساڵانەدا بوو کە کوردی دانیشتووی دەڤەری ئارارات، لە وڵاتی تورکیا بەدژی دەسەڵاتی تورک سەریان هەڵدا و شێخ ئەحمەد «ژمارەیەک لە هێزە چەکدارەکانی خۆی نارده یارمەتیی ئەوان و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی تورکیا بەتوندی لە بەرامبەر دەوڵەتی عیراقدا دەنگ هەڵبڕێت و دوا بەدوای ئەم دەنگهەڵبڕینە هێرشی سەربازی بکاتە سەر ناوچەی بارزان بۆ سەرکوتکردنی ئەو (یاخییانە[٣]). هەناردنی هێزی چەکدار بۆ ناو سنوورەکانی تورکیا سەرەتای ڕەوتێکی نوێیە لە خەبات و سەرهەڵبڕینی بارزانییەکان بەڕێبەرایەتیی بنەماڵەی بارزانی، بۆ ڕزگارکردنی ئەو گەلە ستەم لێکراوەی هەموو مێژووی ڕابردووی تێکەڵ بەژان و ڕەنج بووە. بەم پێیە ئەو کردەیەی لە ساڵی ١٩٣١ ئەنجام درا، یەکەم کردەی ڕامیاریی ڕێبەرانی بارزانییە کە ڕاپەڕینەکەی ئەوان وردە وردە لە ڕواڵەتی خەباتێکی عەشیرەیی و بەمەبەستی ڕزگارکردنی عەشیرەت لە دەستی دیکتاتۆرەکانی عیراق دەکاتە خەباتێکی نەتەوەیی بۆ ڕزگاریی گەلی کورد. لەوەدا گەلێک بەهەموو هەستێکی خۆیەوە و بۆ داواکردن و وەدەستخستنی مافە پێشێلکراوەکانی لە ڕابوردوودا بێتە ناو مەیدانێکی بەربەرەکانێی ناهاوسەنگەوە و لە بارودۆخێکی یەکجار دژواردا. هەناردنی هێزی یارمەتیدەر لەلایەن شێخ ئەحمەدی

١- هەمان، ل ٥٣٣

٢- هەمان، ل ٥٣٤

٣- جنبش ملی کورد، ل ١٤٧

بارزانەوە نیشاندەری هەبوونی فیکرە و ئیدەیەکە بۆ خەبات لە پێناوی ڕزگاریی گەلی کورددا کە شوێنکەوتووەکانی بەڕێبەری ڕامیاری و ئاینیی ڕاستەقینەی خۆیانی دەزانن و، دوژمنەکانی بەکەسێکی دەزانن کە هەوڵ دەدات ئاینی ئیسلام بەلاڕێدا ببات و ئاینێکی تازە بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت. هەروەکو ئەوەی کە بەرپرسانی عیراقی ڕایان گەیاند «شێخ ئەحمەد ئیدیعای خوایەتی دەکات[1]» و هەندێ سەرچاوە و نووسەری ڕۆژئاواییش دیمەنێکی ئاوەژوو لە ژیان و خەباتی ئەو کەسێتییە خەباتکارە مێژووییە کوردە لە عیراق و کوردستان دەخەنە بەرچاو و لاگیریی ئیدیعای بەرپرسانی عیراقی دەکەن. «ئەمرۆکە بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاینی براکەی مەلا مستەفا بارزانی دروست بووە یان نا، کارێکی دژوارە؛ ئەو تاوانبار بوو بەوەی ئاینێکی تازەی داناوبوو و بانگەشەی بۆ دەکرد، یان بڕوای بەئاینی مەسیحی هێنا بوو... لەوانەیە ئەمەش بەو هۆیەوە بێ گۆشتی بەرازی حەڵاڵ کرد کە پێشتر بەشێوەیەکی سوننەتی حەرام کرابوو[2]». ئەو سەرچاوانە سەبارەت بە کەسێتیی ئەو ڕێبەر و پێشەوایە زیاتر لەوەش چوونە پێشەوە و جگە لە خستنە پاڵی ئەو تۆمەتە چەوتانەی پێشەوە و تۆمەتی ئەوەی گوایە لە ڕووی دەروونییەوە تێک چووە؛ لەم بارەیەوە نووسیویانە «جێگری شێخ عەبدولسەلام شێخ ئەحمەدی ئێستا بووە کە لە کاتی لاویدا نیشانەگەلێکی لەسەر نالەباریی دەروونی لێ دەرکەوتبوو[3]». سەبارەت بەوە دەبێ بەپارێزەوە لەو تاوان و درۆودەلەسانە کە لە سەرچاوەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا ئاماژەیان پێ کراوە وردبینەوە. چونکە یەک لەو هۆکارانەی کە دەستڕۆیشتوویی و بڕواپێکراویی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بنەماڵەی بارزانی دەستەبەر دەکرد بێ گومان پێگەی ئاینی و شوێنکەوتوویی تەریقەتی نەقشبەندی بوو لەلایەن ئەو بنەماڵەیەوە وەکو ڕێبەری ئاینی جەماوەری کورد. ئەوەش کە ئیدیعا کراوە گوایە شێخ ئەحمەد لە ڕووی دەروونییەوە لە تەمەنی لاویدا لە دۆخێکی نالەباردا ژیاوە، ناڕاستە و بەڵگەش ئەوەیە مێژووی ڕاپەڕینی بارزانی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە، شێخ ئەحمەد وەکو پێشینیانی خۆی لە ڕێبەری کردنی گەل و عەشیرەتەکەیدا نەک هەر سەرکەوتوو بووە بگرە بۆ یەکەمجار لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی ئەودا و بەپێی فەرمانی ئەو دەستەیەکی چەکداری بارزانی لە ڕووی ویست و حەزی خۆیانەوە نێردرانە ناو وڵاتی تورکیاوە بۆ ئەوەی یارمەتیی هاوڕەگەزەکانی خۆیان

١- هەمان، ل ١٤٦

٢- هەمان، ل ١٤٤

٣- کوچرا، پێشوو، ل ١٠٤



بدەن لەو شۆڕشەدا کە دژ بەتورکیا سەری هەڵدابوو، ئەمەش کردە و بڕیارێکە لە مرۆڤێکی لەباری دەروونییەوە نالەبار، ناوەشێتەوە.

بەڵام هۆی ئەوەی دژکارەکانی ڕاپەڕینی بارزانی و کرێگرتەکانی حکومەتی ئینگلیز دەستیان دایە بانگەشەی بەربڵاو و، تاوان و درۆودەلەسەی لەو چەشنەیان دەخستە شوێن شێخ ئەحمەدەوە، چ بوو؟ و زەمینەی ئەو تاوان و درۆیانە کامە بوو؟ هەروەک ئاماژەی پێ کرا جەماوەری دانیشتووی بارزان دواتریش ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتووەکانی ڕاپەڕینی بارزان، پێش ئەوەی ڕێبەرە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو بنەماڵەیە بەڕێبەری شۆڕش و فەرماندەیەکی سەربازی بزانن و دەستوور و فەرمانەکانیان وەکو دەستوور و فەرمانێکی مەسڵەحەتی ڕامیاری جێبەجێ بکەن، ئەوانیان بەڕێبەر و سەرکردەی ئاینی و عیرفانیی خۆیان دەزانی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێزیان لێ دەگرتن، هەروەها کە دکتۆر شێرکۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە؛ «هۆی ئەو تاوان و درۆ خستنە پاڵە، لەوانەیە ئەوە بوو بێت کە شێخ هەروەکو باوباپیرانی لەلایەن شوێنکەوتووەکانیەوە یەکجار ڕێزی لێ گیراوە و تەنانەت لەوانەیشە خۆی وەکو شێوە و دەرکەوتنێکی جیاواز زانیبێت. بەهۆی ئەو بیروبڕوا عیرفانییەوە کە بوویەتی- و. ک[1]».

بێ گومان پسپۆڕان، شارەزایان و لێپرسراوە ئینگلیزەکان لە عیراق، بەهۆی شارەزایی تەواویان لە هەلومەرجی جوگرافیایی و بەئاگابوون لە دۆخی ڕامیاری و کولتووریی ئەو وڵاتە و هەر بەو هۆیەشەوە ئاگادارییان لە ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتە و تەندراوەی دانیشتوان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەڤەرەکە بەشێوەی هەمیشەیی خۆیان کەوتنە بانگەشە و بەشێوەیەکی زیرەکانە دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی دەنگۆی گۆڕینی دینی خەڵکی و، ئیدیعایان دەکرد کەوا ڕێبەرە بارزانییەکە لەو ئاینەی ئەوان لای داوە و گۆڕانکاریی بەسەردا هێناوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە ساویلکە و بێ ئاگایە لە بارودۆخی ڕامیاریی جیهانی و ناوچەکە، دنە بدەن لە پێناو پاراستنی ئاینەکەیاندا تا بەدژی بارزانییەکان هەڵوێست بگرن هەروەها شێوازی هەمیشەیی ئەوان لە هەموو جێگایەکی جیهاندا ئەوە بووە کە هەوڵیان داوە هێزە ناوخۆییەکان بەگژیەکدا بدەن و ڕامیاریەتیی لەمێژینەی (ناکۆکی بنێرەوە و دەسەڵات بگرە دەست) لەو وڵاتەدا جێبەجێ بکەن و لەو ڕێگایەشدا کەم تا فرە سەرکەوتنیان وەدەست هێنا.

١- دکتر شیرکو، مسئله کرد، ل ١١٦

سەرچاوە ئینگلیزییەکان تەنانەت هیچ ئاماژەیەکیان بەناردنی هێزی یارمەتیدەر لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە بۆ یارمەتیی شۆڕشی ئاراراتی ساڵی ١٩٣١ نەکردووە و ڕادەگەیەنن کە بەهۆی ئاژاوەیەک کە لەپڕ ناوچەی بارزانی لەراندەوە ئەوە بوو کە «شێخ ئەحمەد ئاینێکی نوێی بەسەر جەماوەردا دەسەپاند[١]».

لێپرسراوانی دەوڵەتی بەریتانیا گەلێک جار لە نووسراوە و ڕاپۆرتەکانی خۆیاندا مەسەلەی لادانی ئاینی و تەنانەت (مورتەد) بوونی شێخ ئەحمەدیان ڕاگەیاندووە. وەکو ئەوەی لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیاندا نووسیویانە «لە جولای ساڵی ١٩٣١دا، شێخ ئەحمەد دیسانەوە لە باری دەروونییەوە تێک چوو و فەرمانی بەشوێنکەوتووەکانی خۆی دا... «گۆشتی بەراز ببرژێنن و بیخۆن» و بەم کارەش بچنە سەر ئاینێکی نوێوە[٢].

هەوڵدانەکانی بەرپرسانی حکوومەتی ئینگلیز بۆ ئەو مەبەستە بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی بارزانییەکان وەکو بزووتنەوەیەکی لە ئاین دەرچوو بخەنە بەرچاو و، سەرپۆش بدەن بەسەر مەبەست و پاڵنەرە ڕامیارییەکاندا کە ئەو ڕاپەڕینەیان هێنابووە ئارا و بەبێدەنگ کردنی ئەو ڕەوتە، ڕاستییەکان بەپێچەوانەوە نیشان بدەن؛ هەروەها کە بەئاشکرا ڕادەگەیەنن بەپشت بەستن بەهێزی هیچ گریمانەیەک ناتوانرێ ئاژاوەکانی ناوچەی بارزان تا ساڵی ١٩٤٣ بە شتێک دابنرێت کە لە ناسیۆنالیزمی کوردی سەر چاوە دەگرێت.[٣]»

لەلایەکی ترەوە هەر لەو کاتەدا بەهۆی سەرهەڵدانی جەماوەری لە ناوچە ئاشوورییەکاندا، خەڵکی ئەو دەڤەرە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە کەوتنە بەر کوشت و کوشتار و سەرکوتکران و ئەو کەمە نەتەوەیان لەو وڵاتە دەرکرد و ئەوانیش پەنایان بردە بەر دەوڵەتی عیراق (حکوومەتی بەریتانیا و بەرپرسەکانی ئەو وڵاتە لە عیراقدا ئەو هەلە لە بار دەزانن بۆ ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکەدا و بڕیار دەدەن بەگوێزانەوەی ئەو کۆمەڵە ڕاونراوە لە تورکیا بۆ ناوچە کوردنشینەکان تا لەلایەکەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تەندراوەی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە تێک بدەن و لەلایەکی ترەوە ڕێگا خۆش بکەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەبیانووی پشتیوانی کردن لە مەسیحییە ستەم لێکراوەکانەوە، لە

---

١- کوچرا، پێشوو، ل ١٤٨

٢- لانگریک، عراق، ١٩٥٠- ١٩٩٠

٣- کریسی، کوچرا، پێشوو، ل ١٤٧



کاروباری کوردستاندا دەستتێوەردان بکەن و بەدووبەرەکی و دژایەتی نانەوە لە نێوان کوردە موسوڵمان و ئاشوورییەکاندا توانای سەربازی و ماڵیی کورد و بارزانییەکان تێک بشکێنن و لە ماڵەکەی خۆیاندا لەگەڵ ئەو میوانە نەخوازراوەدا تووشی شەڕیان بکەن و، ئەم پلانەش کارساز نەبوو و دووربینی و میوانداریێتیی کورد و ئەمەکداری و نمەک گیربوونی میوانەکە ئەو گەلاڵە نالەبارەشی پووچەڵ کردەوە.[١]

وا دیاربوو ئینگلیز بەنیشتەجێ کردنی ئەو کۆچەرانە لە ناوچەی بارزاندا دەیانویست ڕێگە خۆش کەن بۆ هێرشی عیراق بەمەبەستی سەرکوتکردنی گرووپە دژ بەئاین و ناموسوڵمانەکان و هەروەها بارزانییە لە دین دەرچووەکان، بەڵام بەمەش ڕازی نەبوون و ئەو کاتەی بینییان دەسەڵاتی شێخ ئەحمەد ڕوو لە زیادبوونە و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی برادۆستیش بەرەبەرە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، حکوومەتی عیراقیان هەڵنا بەمەبەستی کۆنترۆڵی بارزانییەکان و بەبیانووی ئەوەی ئەیانەوێ فێرگەی سەربازی بۆ ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکان بکەنەوە، سوپای عیراق و ئینگلیز لەو ناوچەیەدا جێگیر بکەن، کاتێ ئەوان هێزەکانیان ناردە ناوچەکەوە، ڕێبەری بارزانییەکان بەباشی لە مەبەستەکەیان گەیشت کە هێرشکردنە سەر بارزان بوو و، خۆی بۆ ئەگەری هەر هێرشکارییەک ئامادە کرد. ئینگلیزیش کە لە ئامادەبوونی بارزانییەکان و پشتیوانی کرانیان لەلایەن عەشیرەتە کوردەکانی ترەوە، بەئاگا بوون، لە هێرشکردنی هاوبەش لەگەڵ عیراق و دژ بەبارزانییەکان پاشگەزبوونەوە؛ بەڵام ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی ڕەوتی درێژەخایەنی شۆڕشێکی نەتەوەیی بوو کە پێنج دەیە پاشتریش بەردەوام بوو.

کەڵک وەرگرتن لە ئاین یەکێک لە شێوازە لە مێژینەکانی وڵاتە کۆڵۆنیالیستەکان بووە بۆ لەناوبردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، کە بەگشتی لە هەموو سەردەمی کۆڵۆنیالیستی کلاسیکدا لە نێوان گەلە ستەم لێکراو و چەوساوەکاندا بەشێوەیەکی پێشکەوتووانە خۆی دەرخستووە. داگیرکەران و کۆڵۆنیالیستان بەئاگایی لەوەی کە گەلە ژێردەستەکان هەستەوەریی یەکجار زۆریان لەسەر ئاین هەبووە و بیروبڕوای ئاینی کاریگەرێتیی هەرە زۆری لەسەر هەڵوێستە ڕامیارییەکانی جەماوەری موسوڵمان بووە، هەوڵیان داوە بەردەوام گوڕوتینی شۆڕشەکان و بزووتنەوە ئیلهام بەخشەکان بەهۆی دەنگۆ خستنەوەی درۆودەلەسە

---

١- ڕووحانی، شیوا، مشاهیر کرد، ج ٣ ل ٥٣٤ و علاالدین سجادی تاریخ جنبشهای ازادی بخش مردم کرد ل ١٦٣و ١٦٤و ١٦٥

و بەپێچەوانە نیشاندانی ڕاستییەکان لەلایەن کرێگرتە کۆنەپەرست و بێ ئاگا ناوخۆییەکانەوە تووشی گرفت بکەن و زەبری جیدیی لێ بووەشێنن. لە کوردستانی عیراقیشدا حکوومەتی ئینگلیز بۆ نابووتکردن و لەناوبردنی ڕاپەڕینی بارزانییەکان سیناریۆیەکی لەو چەشنەی داڕشت سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە دوای ئەوەی دەوڵەتی ئینگلیز لە ڕێگەی هێرشی سەربازییەوە بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان هیچ ئەنجامێکی تا ساڵی **١٩٣١** دەست نەخست، هەوڵی دا بەخەڵەتاندنی کەسێک بەناوی شێخ ڕەشید لۆلان بەو بیانووەی شێخ ئەحمەدی بارزان بۆ لەناوبردنی هەموو موسوڵمانەکان دەستی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا تێکەڵ کردووە و، دنەیان دا دژی (بە وتەی ئەوان) ئەو بێ دینە شەڕ بکات ... شێخ ڕەشید بەهۆی ساویلکەیی یان هەر شتێکی ترەوە، بوو بەگەمەجاڕی بەرپرسە ئاژاوەچییەکان و هێرشی بردە سەر شێخ ئەحمەد[١]» و بێ دینیی ئەوی ڕاگەیاند و دەستی دایە جیهاد دژی ئەو ڕێبەرە. بەم جۆرە لە **٢٦**ی نۆڤەمبەری **١٩٣١**دا شێخ ڕەشید لایەنگرەکانی خۆی بەناوی جیهادەوە بەرەو ناوچەی بارزان هەنارد و ئەو ناوچەیەیان گەمارۆ دا؛ شێخ ئەحمەد داوای لە حکوومەتی عیراق کرد بەرگری لە هێرشی شێخ ڕەشید بکات بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆیی دروست نەبێت؛ بەڵام حکوومەتی عیراق ماوەیەکی کەم بوو لە ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود نەجاتی بووبوو بەهۆی هەڵنانی ڕامیارە ئینگلیزەکانەوە بەبیانووی ناردنی هێزی چەکدار لەلایەن بارزانییەکانەوە بۆ شەڕ دژی تورکیا، لەگەڵ بەهێزکردنی شێخ ڕەشیددا، خۆی کێشایە ناو شەڕەکەوە و لە ڕۆژی نۆیەمی دیسەمبەری ئەو ساڵەدا بەتەواوی ناوچەی بارزان گەمارۆ درا.[٢] دەوڵەتی عیراق بڕیاری دا بەهێرشبردن بۆ سەر زێدی شێخ ئەحمەد، لە بێڵەوە زەبری خۆی بووەشێنێت، لە حاڵێکدا دەیزانی هەموو نیهادپاکەکانی عیراق پشتیوانیی ئەخلاقیی لێ دەکەن.

شێخ خۆی بۆ بەرگریکردن ئامادە کرد و سوپایەکی بەفەرماندەیی برا گەنجەکەی خۆی کە توانای ئەوەی هەبوو چەند دەیە بەدەسەڵات و خۆڕاگرییەوە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق بەدەستەوە بگرێت- بەڕێ کرد بۆ بەرگریکردن لە هێرشبردنی شێخ ڕەشید، مەلا مستەفا لە یەکەم ئەزموونی سەربازیدا هێرشبەرەکانی شێخ ڕەشیدی تێک شکاند، کە بەڕای خۆیان بۆ شەڕی دژی کافرەکان نێردرابوونە ئەوێ و بەیارمەتیی خودا سەردەکەون. مەلا مستەفا یەکەم نیشانەی جەربەزە و شایستەیی و کارزانیی خۆی

١- کوچرا، پشینین، ل ١٤٨

٢- ڕوحانی، پیشین، ل ٥٣٢



دەرخست و، هێزەکانی دەوڵەتیشی ناچار کرد پاشەکشێ بکەن و ژمارەیەکی زۆر لەو سوپایەش لەلایەن بارزانییەکانەوە بەدیل گیران.

"لە بەرامبەر ئەوەدا و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە ڕۆژی دواتر هێزی ئاسمانیی ئینگلیز زۆربەی لادێکانی بارزانی گەمارۆدا و سەبارەت بەبۆمبارانی ناوچەکە ڕاگەیاندنی بڵاوکردەوە و داوایان لە خەڵکی کرد خۆیان لە شێخ ئەحمەد جیا بکەنەوە. بەپێی سەرچاوەکان بۆمباران زۆر بەقورسی دەستی پێ کرد و جەماوەری دانیشتووی لادێ لەو هێرشانەدا بەر پەلامار دەکەوتن؛ لە ڕەوتی بۆمبارانەکاندا پێشمەرگەکانی بارزانی لە **٢٧**ی ئاوریلی **١٩٣٢** فڕۆکەیەکی ئینگلیزیان خستە خوارەوە و خەلەبان و یاریدەرەکەیان بەدیل گرت و زۆر بەمیهرەبانییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردن. شێخ ئەحمەد (کە بە وتەی دوژمنەکانی) تاوانی بێ دینی خرابووە پاڵی! بەمیهرەبانیی ئیسلامی و ئینسانییەوە لەگەڵیان دەجووڵایەوە و داوای لە ئینگلیزەکان کرد بۆ تیمارکردنی شانی خەلەبانەکە پزیشکێک بنێرنە ئەوێ و، هەوڵی دا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تەنگژاویی ناوچەی بارزان و نابەرابەری و ناهاوسەنگیی هێز، لەو ڕێگەیەوە کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێت[١]".

ئینگلیز کە بەو هەموو وەحشیگەرییەوە بەبێ گرینگیدان بەژیانی جەماوەری بارزان گەلاڵەی هەموو ئەو وێرانی و شەڕ و ئاژاوەیان داڕشتبوو، بەهۆی پاراستنی گیانی دیلکراوەکانی خۆیانەوە بۆمبارانەکەیان وەستاند. لە ستراتیژیی ئینگلیزەکانەوە وا دەردەکەوت بەمەرجێک ئەو فڕۆکە بەریتانییە بەو شێوەیە نەخرایەتە خوارەوە، شەڕ و بۆمباران و کوشتار درێژەی دەبوو. بەهەرحاڵ بەهۆی نێوانجیگەریی کاپیتان هۆڵتەوە کۆتایی بەشەڕەکە هێنرا و بۆ ماوەیەکی کورت ئاگربەست کرا. بەڵام جارێکی تر لە مانگی مەی هەمان ساڵدا شەڕ دەستی پێ کراوە. چونکە دەوڵەتی عیراق پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کاری شێخ ئەحمەد و بزووتنەوەکەی یەکلایی بکاتەوە، «لە ژانیڤەری ساڵی **١٩٣٢** دەوڵەتی عیراق داوا لە کۆمیسەری باڵای بەریتانیا دەکات کە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی زەوینیدا چالاکیی ئاسمانی بەشێوەی نمایشی لە ئاسمانی ناوچەی زێبار و بارزاندا ئەنجام بدەن» و لە ئاکامدا «خوازیاری هاوکاری تەواوی هێزی پاشایەتیی ئینگلیز لە شەڕەکەدا دەبێت[٢]».

بەم پێیە دەوڵەتی عیراق بەبێ گوێدان بە سەرما و سۆڵەی ناوچەکە لە هەمان ساڵ و لە

١- کریس کوچرا، پێشوو، ل ١٥٠-١٤٩

٢- هەمان، ل ١٤٩

نۆیەمی فێڤریەدا هێرشێکی تر دەست پێ دەکات و ئەنجامی ئەم شەڕەش شکستێکی تر و کوشتارێکی یەکجار زۆری تر بوو لە سوپای عیراق. بەو هۆیەوە دەوڵەتی عیراق چالاکییە سەربازییەکانی تا وەرزی، بەهار دواخست.

لە سەرەتای مانگی مارچی ۱۹۳۲ دەوڵەتی عیراق ڕای گەیاند کە دەیەوێ لە ناوچەی "بلە"دا بنکەی حکوومەتی دابمەزرێنێت و ماوەی دوو ڕۆژی بۆ شێخ ئەحمەد دیاری کرد تا ڕازیبوونی خۆی سەبارەت بەو مەسەلەیە ڕاگەیەنێت، مانای ئەمەش کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەردا گرتنی تەواوە بەسەر ناوچەکە و بەرگریکردنە لە جوولانەوەی هێزەکانی بارزانی؛ شێخ ئەحمەد بەمەسەلەکە ڕازی نابێ و لە ئەنجامدا لە نیوەی مانگی مارچ سوپایەکی زۆر و زەبەند کە لە هێزی سوار و تۆپخانە و هێزی پۆلیس- کە پێشتر ئامادە کرابوون- بەپشتیوانیی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا ناوچەکەیان داگیر کرد؛ هەرچەند لە نێوان سوپای هەردوو لادا (کورد- عیراق و بەریتانیا ) لاسەنگییەکی بەرچاو هەبوو، سوپای شێخ ئەحمەد لە سەرەتای شەڕەکەوە خۆڕاگرییەکی زۆریان نواند. لە هەردوو پێکدادانەکانی نۆزدەیەمی مارس و سێیەمی ئاوریلدا زەبرێکی کوشندە لە سوپای عیراق کەوت، کەڵک وەرگرتن لە شێوەگەلی تاکتیکی و چالاکیکردنی زەبرلێدان و کشانەوە لەلایەن بارزانییەکانەوە تەنگی بەسوپای دەوڵەتی هەڵچنی و لە ئاکامدا تەنیا بەهۆی پشتیوانیی هەمەلایەنەی سوپای ئینگلیزەوە بوو کە دەوڵەتی عیراق وێڕای لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆری هێزی ئینسانی و کەرەسەی سەربازی توانیی دەست بەسەر ناوچەی بارزاندا بگرێت؛ "فڕۆکەکان هەموو ناوچە ئاوەدانەکانیان خستبووە ژێر ئاگری بۆمبەوە، لەلایەکی ترەوە بەدەرکردنی ئاگاداری و ڕاگەیاندنەکانیان بەزمانی کوردی و عەرەبی داوایان لە دانیشتوانی ناوچەکە دەکرد خۆبەدەستەوە بدەن؛ بارزانییەکان بەهۆی قورسیی هێرشە ئاسمانییەکانەوە ناچاربوون پەنا ببەنە شاخەکان و بچنە ناو ئەشکەوت و خۆ لە پەسیوی کێوەکان پەستێون؛ بەڵام سوپای عیراق درێژەیان بە هێرشەکانی خۆیان دا؛ هەندێ لە بارزانییەکان گەڕانەوە بۆ لادێکانی خۆیان؛ شێخ ئەحمەد و چوارسەد کەس لە پێشمەرگەکانی ئەویان خستە ژێر ئاگرێکی قورسەوە و ئەوانیش لە سنووری باکوری ناوچەی بارزانەوە چوونە ناو خاکی وڵاتی تورکیاوە و داوای پەنابەرێتییان لەو دەوڵەتە کرد[1]". بەم پێیە وڵاتەکەی خۆیان بەجێ هێشت و بوونە پەنابەری دەوڵەتێکی تر و تورکەکانیش ئەوانیان بردە شاری ئەدەنە، حکوومەتی عیراقی ئەمجارەیان مەبەستەکانی

١- بابا مردوخ ڕوحانی، شیوا، ل ٥٣٦



خۆی لە ناوچەکانی (مزووریی سەروو)، (بەڕۆژ) و (بەریان)دا بەڕێوەبرد و بەپێی گەڵاڵە و پلانەکانی خۆیان داوودەزگا و یەکەی سەربازییان دامەزراند، بەڵام ئایا ڕاستی ئەوەبوو کە بەڕۆیشتن و نەمانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا هەموو شتێک کۆتایی پێ هات و ئاگرەکە کوژایەوە؟[1]) ئینگلیز و عیراقییە کرێگرتەکانیان بە مراز و ئامانجەکانی خۆیان دەگەن؟ بەگوێرەی قەزاوەتی مێژوو ئەوانە هەرگیز نەگەیشتنە ئامانجەکانیان بگرە ڕووداوەکانی دواتر ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئەو شکستە و دووربوونەوە لە نیشتمان و زێدی خۆیان تەنگەژە و وەرچەرخانێک بوو کە ڕێبەری داهاتووی بارزانی لەسەر درێژەدان بەڕێگا پڕ هەوراز و نشێوەکەی خۆی شێلگیرتر و ئامادەتر دەکرد؛ هەروەها کە گوتراوە؛ گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەکان لە هەلومەرجی تەنگەژە و قەیراناویدا دێنە ئاراوە و بۆ بارزانییەکانیش هەر ئەوە ڕووی دا پاش ئەوەی چوونە ناو خاکی تورکیاوە، دەوڵەتی تورکیە ژمارەیەک لە هاوڕێکانی شێخ ئەحمەدی بەتاوان و بیانووی ئەوەی ئەوانە بەشێک لەو کوردانەن کە لە سەرهەڵدانەکەی ۱۹۳۰ی ئاراراتدا بەشدارییان کردبوو و دواتر پەنایان بۆ شێخ ئەحمەد بردبوو خستنیە بەندیخانەوە و شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی تری لە ئەدەنەدا نیشتەجێ کرد[2]).

ساڵێک پاش ئەو ڕووداوە «دەوڵەتی بەریتانیا بڕیاری دا، ئەو عەشیرەتە ئاشوورییانەی لە تورکیا دەرکرابوون لە نێوان سنووری هەردوو وڵاتی عیراق و تورکیا نیشتەجێ بکات»، چونکە ئەم مەسەلەیە بەزیانی تورکیا بوو، بەمەبەستی بەرگریکردنی ئەگەری جموجۆڵی دژ بەو وڵاتە بارزانیی لە ئەدەنەوە گوێزایەوە بۆ کۆیان کە موڵکی بارزانییەکان خۆیان بوو و بەریتانیاش ئەم کارەی بەلاوە خۆش نەبوو» و لە پێوەندیی دووبارە و سەرهەڵدانی دووبارە بەڕێبەریی شێخ ئەحمەد ترسا چونکە ئینگلیزەکان بەباشی ئاگاداری ئەوە بوون کە شێخ ئەحمەد چەندە دەستی دەڕوات و جەماوەری بارزانیش چەندە ڕێبەرەکانی خۆیان خۆش دەوێ و ئاگایان لەوەش بوو هەر بەمەرجێ شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی بێنەوە بارزان، عیراق و بەریتانیا دەبێ چاوەڕوانی دەردی سەری جیدی بن کە لەو ڕاپەڕینە بۆیان دەکەوێتەوە، هەر بەو هۆیەوە هەر سێ حکوومەتی تورکیا، عیراق و بەریتانیا دەستیان تێکەڵ کرد و تورکەکان شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانیان و لەوانە مەلا مستەفای گەنجیان دایەوە دەستی حکوومەتی عیراق. بەڵام مەرجی دانەوە دەستی ئەوانیان بە بەخشینیان و پاراستنی گیانی ئەوان دیاری کرد. بەپێی ڕێکەوتنەکە بارزانییەکان درانەوە بەعیراق،

١- کوچرا، پیشین، ل ١٥١

٢- سەجادی، پێشوو، ل ١٧٣

بەڵام بەجێگەی ئەوەی بۆ ناوچەی بارزانیان بگەڕێننەوە سەرەتا بردنیانە مووسڵ و پاش ماوەیەک ناردنیانە ناسریە و حللە و دیوانییە و کەرکووک و لە ئاکامدا شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانیان گوێزایەوە بۆ سلێمانی. کارمەندە دەوڵەتییەکان و جەماوەری سلێمانی و لاوە ڕۆشنبیر و هەروەها نیشتمانپەروەرەکان لەو ماوەیەدا میواندارێکی باش بوون و هەوڵیان ئەوەبوو هاوڕێ و هاودەمی ڕێبەرە ڕاگوێزراوەکانی خۆیان بن و لە خەم و کەسەری لە ڕادەبەدەریان کەم بکەنەوە و ڕەنج و ماندوویی ئەو شکستە و دووری لە نیشتمانەکەیان بەمیهرەبانی و میوانداریتیی قەرەبوو بکەنەوە[1]) ئەوەی کە بە چ هۆیەکەوە و لەوانەیە لە ڕووی خواست و داواکاریی موستەشارەکانی ئینگلیز بەردەوام شێخ ئەحمەد و بارزانییەکان لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگوێزرانەوە ئەوە بوو کە دەوڵەتی عیراق دەترسا بەمانەوەی ئەو کەسانە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا خەڵک و جەماوەری ناوچەکە وەکو جەماوەری ناوچەی بارزان ئەوان بەڕێبەریی خۆیان هەڵبژێرین و نارازیبوون و دژایەتییەکانیان کە شێوەیەکی پرشوبڵاوی هەبوو بەدەوری تەوەرە و خولگەی ئەو ڕێبەرایەتییەی ئەواندا کە پێشینەکی دوورودرێژ و ڕووناکی هەبوو، کۆبکەنەوە و ڕێکوپێکی بکەنەوە. حکوومەتی عیراق لە پێوەندیی خەڵکی سلێمانی و بارزانییەکان دەترسا و ئەم ترسە بێ هۆ نەبوو. عیراقی و کرێگرتەکانیان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بارزانییەکان لە حکوومەت یاخی بوون و دژ بەحکوومەت چالاکی دەکەن و، دەبێ بکوژرێن، بەمەیشەوە سلێمانی شوێنێکی باش و لەبار بوو و ئەو حەوت ساڵەش کە بارزانییەکان لەو شارە مانەوە ماوەیەکی زۆر بوو بۆ ئەوەی بارزانی بەکەڵک وەرگرتن لەو دوو هۆکارە خەونی گەڕانەوە بۆ ناو عەشیرەتەکەی خۆی و ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەکەیان دژی عیراق بەمەبەستی ڕزگاربوون لە ستەمی نەتەوەیی و دەست گەیاندن بەمافەکانی خۆیان، بێنێتە دی. هەروەها کە گوترا شۆڕشەکەی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە قوربانیی ئەو پلانەی لەلایەن هەردوو دەوڵەتی عیراق و بەریتانیاوە داڕێژرا بوو و تورکیاش بەهەموو توانای خۆیەوە هاوکاری کردن و بەم شێوەیە شۆڕشەکەی شێخ ئەحمەد بارزانی سەرەڕای هەموو دلێری و لەخۆبوردوویی خۆی و هاوڕێکانی ئاکامێکی باشی بەدواوە نەبوو[2].

ڕاستە شێخ ئەحمەد نەیتوانی بگاتە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانی شۆڕشەکەی

١- هەمان، ل ١٤٣

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ١٥١



خۆی، بەڵام شۆڕشەکەی زەمینەساز و ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی دواتر و وێڕای هەموو هەوراز و نشێوەکان برا بچووکە دلێرەکەی بە دەرچوون و خۆدەربازکردنی مێژوویی خۆی، کۆت و بەندی دیلی و دوورە وڵاتیی پساند و بزووتنەوە کپ کەوتووەکەی کوردی گەشاندەوە و درێژەی پێ دا و خەباتی نەتەوەیی و گشتگیری لە ماوەی نزیک بە پەنجا ساڵدا ڕێبەرایەتی کرد، هەروەها لەم باسە و لە بەشە داهاتووەکاندا باسی دەکرێت، شۆڕشی نەتەوەیی کوردی بەجیهان ناساند و هاواری بندەستی و چەوساوەیی ئەو گەلەی گەیاندە گوێی هەموو جیهان.

هەر لەو کاتەدا شێخ ئەحمەدی بارزانی لە وڵات دوورخرابووەوە، بەرپرسانی عیراقی هەوڵیان دەدا لە کوردستاندا (ئاشتیی عەرەبی) بەشێوەی یەک لایەنە دابمەزرێنن، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکیان وەدەست نەهێنا و جەماوەری کورد لەلایەکەوە بەهۆی ڕەفتاری ناپەسەندی حکوومەتەوە بەرامبەر بەڕێبەرە دوورخراوەکانیان و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو بەڵێنانەوە لەلایەن بەرپرسانی حکوومەتییەوە پێیان درابوو و هەرگیزیش ڕووی کردەوەیان بەخۆوە نەبینی و هەڵسوکەوتی نالەبار لەگەڵ بارزانییەکان و سووکایەتی پێکردنیان؛ خۆیان پێ ڕانەگیرا و لە نەبوونی شێخ ئەحمەد یەکێک لە هاوڕێکانی ئەو کە ڕێبەری عەشیرەتەکانی بارزانی بوو و ناوی خەلیل خۆشەوی بوو بۆ درێژەپێدانی ڕێگەی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بۆ چالاکیکردنی چەکدارانە و بزووتنەوە هەڵدەبژێرن و ئەویش بەئیلهام وەرگرتن لە خەباتەکەی شێخ ئەحمەد خەباتی دژی حکوومەتی دەست پێ کرد. جەماوەری بارزانیش هەموو پاڵیان پێوە دا و خواستیان ئەوەبوو تۆڵەی شێخەکانی بارزان لە حکوومەت بکەنەوە. بەو شێوەیەی کە ناوچەی بارزان و ناوچە کوردنشینەکان بۆ هێزەکانی حکوومەتی عیراق بووە پارچە ئاگرێک و تەنگژە هەموو ناوچەکەی گرتەوە. لەو ماوەیەدا شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی دوور خرابوونەوە نۆ جار کابینەی عیراق گۆڕدرا؛ بێ گومان یەکێک لەو مەسەلانەی بوونە هۆی ئەو گۆڕانکارییە فراوان و یەک لەدوای یەکانەی دەوڵەت لە عیراقدا، ئەوە بوو بەرپرسانی حکوومەت نەیانتوانی هێمنایەتیی وڵات بپارێزن و شۆڕشی ناوچە کوردییەکان سەرکوت بکەن[1]).

ڕاپەڕینەکەی (خەلیل خۆشەوی) تا ئەو ڕادەیە گوڕوتینی پەیدا کرد کە حکوومەتی عیراق لە سەردەمی سەرۆک وەزیریی یاسین هاشمیدا، ناچار بوو بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە لە ناوچەی بارزان، دەستە و دامێنی حکوومەتی تورکیا بێت، کە دیار بوو تورکیا

١- سەجادی، ل ١٤٥ و ١٤٦

ئەگەر لە هیچ شتێکی تردا لەگەڵ حکوومەتی عیراق ڕێکەوتنی نەبووایە، لە مەسەلەی سەرکوتکردنی بزووتنەوە و ڕاپەڕینە کوردییەکاندا هاوڕێی ئەو حکوومەتە بوو و بەشداریی تێدا دەکرد و، داوای لە تورکیا کرد بۆ ئەوەی سەر هەڵداوەکان لە کاتی هەڵهاتندا نەچنە ناو ئەو وڵاتەوە و سنوورەکانی خۆی دابخات و هێزی سەربازی لەو سنوورانەدا جێگیر بکات و، دەوڵەتی تورکیاش ئەو کارەی کرد. هەر بۆ وەڵامدانەوە بەو داخوازییە بوو (کە لە کۆتایی مانگی سێپتامبەردا مودیری ناحیەی شەمزینان لە تورکیا، داوای لە هاوتاکەی خۆی لە مزووری سەروو دەکات، بۆ هەماهەنگکردنی ئۆپەراسیۆنی دژی ڕێگرەکانی بارزانی کە بەشاخەکانی مالکۆڵا و دارستانەکانی ڕووباری حاجی بەگدا بڵاوبوونەتەوە لە (بێرۆخ)دا کە لادێیەکی سەر سنوور بوو یەکتری ببینن)

گومانێک لەوە دا نییە کە بەرپرسە ناوچەیی و سەر سنوورییەکانی عیراق و تورکیا بەهەماهەنگی و لەسەر دەستووری بەرپرسە پایەبەرزە ڕامیاری و ئەمنیەتییەکانی خۆیان بۆ وتووێژکردن لەسەر دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی جەماوەری کە خۆیان بەڕێگر ناویان بردبوون، کۆبوونەوە و دانشتنیان هەبووە؛ لە پاش ئەو ڕووداوە بوو کە، حکوومەتی عیراق جارێکی تر دەسەڵاتی لە ناوچەی بارزاندا گرتە دەست و لەو ناوچەیەدا حکوومەتی نیزامیی ڕاگەیاند.

پاش داگیرکردنی ناوچەی بارزان، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە شۆڕشگێڕەکان، حکوومەتی عیراق دادگایەکی فۆرمالیتەی دامەزراند، ئەو داگایەی کە بێ دادگەریی لە ڕادەبەدەر و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پاڵنەر و هۆکارەکانی ئەو شۆڕشە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوان و چەند کەسێک لە ڕێبەرانی شۆڕشەکەی سپاردە پەتی سێدارە. «کەسانێکی وەکو مەلا عومەری گۆران، مەلا زادە ئیسماعیل، محەمەد مەحموود، فارس عەلی و چەند کەسی تر بەبێ تاوان گیران و بڕیاری کوژرانیان درا و گوللەباران کران، ژمارەیەکی زۆریش گیران و هەموویان خرانە بەندیخانەوە، سەرەڕای ئەوەش دادگای نیزامی ڕازی نەبوو و ڕاگەیاندنێکی بە چەشنی خوارەوە بڵاو کردەوە:

١- ڕێبەران و سەرۆکەکانی ناوچەکە دەبێ بدرێنە دەستی دادگای نیزامی.

٢- جامانە و ڕەشتیی سوور، کە کورد لە سەریان دەپێچن دەبێ لاببرێت و جامانە و ڕەشتیی ڕەش بپێچنەوە.

٣- ئەوانەی ئاژاوەچی و یاخیبووەکان دالدە دەدەن دەبێ سزا بدرێن[1]».

١- سەجادی، پێشوو، ل ١٧٣



دادگا نیزامییەکە پێش ئەوەی بتوانێ بەکەڵک وەرگرتن لە زەخت و گەڤە و زەبروزەنگ کۆتایی بە سەرهەڵدانەکە بێنێت، خۆی کۆتایی پێ هات و ئەمەش لە حاڵێکدا بوو شۆڕشەکەی «خەلیل خۆشەوی» هێشتا لە نیوەی ڕێگەدا بوو و، حکوومەتی عیراق تەنیا ئەو کاتە توانیی بەسەر شۆڕشەکەدا سەرکەوێ کە هێزەکانی سوپای تورک سنوورەکانی خۆیان لەگەڵ عیراق داخست و ڕێگەی بەگەڕانەوە و چوونە ناوەوەی هێزەکانی خەلیل خۆشەوی نەدا. بەم پێیە هێزە چەکدارەکانی خەلیل خۆشەوی کەوتنە ناو داوێکەوە کە تورکیا و عیراق بۆیان نابوونەوە و بە هێرشکردنی خێرای هێزەکانی سوپای عیراق، سەرەڕای بەرگری و خۆڕاگریی دلێرانەیان لە شەڕێکی نابەرابەردا تێک شکان و ڕێبەری شۆڕشەکە، واتە خەلیل خۆشەوی و سەلیم خۆشەوی و ژمارەیەکی تر لە سەرکردەکانی ئەو ڕاپەڕینە شەهید بوون و تەرمەکانیان کەوتە دەستی سوپای حکوومەت[1]. لەم کاتەوە تا دەرچوون و گەڕانەوە مێژووییەکەی ڕێبەری لاو و تازەی بارزانی واتە مەلا مستەفا هەواڵێکی باوەڕپێکراو لە هیچ ڕەوت و ڕووداوێکی گرینگی تر بەدەستەوە نییە.

بەم پێیە شێخ ئەحمەد جێگای خۆی بۆ ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی بارزانی ئەداتە براکەی خۆی واتە مەلا مستەفا و تا کۆتایی تەمەنی لە ساڵی **١٩٦٩** چالاکییەکی ئەوتۆ لە مەیدانی سیاسەتدا لە خۆی نیشان نادات. خاڵێکی گرینگ سەبارەت بەخەباتی شێخ ئەحمەد دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە سەرکردە پایەبەرزەکانی عیراق و کرێگرتەکانی بەریتانیا دەنگۆی بێ دینیی شێخ ئەحمەدیان زەق کردەوە بۆ ئەوەی پاڵنەر و ئیلهامە ناسیۆنالیستییەکەی ئەو ڕاپەڕینە بشارنەوە و، بەداخەوە لەو ڕێگەیەشدا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا، چونکە هیچ کەسێک بەپێچەوانەوە هیچ توێژینەوەیەکی ئەنجام نەدا، واتە بۆ ئەوە نەگەڕا پاڵنەرە ناسیۆنالیستییەکانی ئەو بزووتنەوەیە بدۆزێتەوە.

بەڵام ئەو ڕاستییانەی کە شێخ ئەحمەد پێوەندیی لەگەڵ سەرکردەکانی بزووتنەوەی تورکیادا هەبووە و هێزی چەکداری بۆ یارمەتیی ئەوان ناردووە و لەگەڵ ڕێبەرانی ئاراراتدا پێوەندیی بووە ئەوە دەسەلمێنێت، کە شێخ ئەحمەد بونیاتنەری بنچینەی نوێی شۆڕشی بارزان بوو دژی حکوومەتی عیراق، کە دواتر ئەستوونەکانی خەباتی ماندوونەناسانەی مەلا مستەفا لە ماوەی چەند دەیەدا لەسەر ئەو بنیاتانە دامەزرا بوو، بەو شێوەیە دەور و ڕۆڵی سەرەکی و بنەمایی ئەو لە بەردەوامبوون و پێگەیشتنی ڕاپەڕینی بارزانی و لە ساڵە

١- علاالدین سەجادی، پیشین، ل ١٧٣

تەنگژاوییەکانی نێوان هەردوو شەڕی جیهاندا و تەنانەت پێشتر لەوەش، شتێکی نکوولّی هەلّنەگرە. پاش ئەوەی شێخ ئەحمەد ڕێبەرایەتی ڕامیاریی حزب دەداتە دەستی براکەیەوە ڕاپەڕینی بارزانییەکان بەیارمەتیی ڕێبەرایەتی و ئازایەتی و بوێریی ئەو کەسایەتییەوە پاش تێپەڕکردنی قۆناخێکی داکشان و لاوازبوون گیانێکی تازەی بەبەردا دێتەوە. مەلا مستەفا بارزانی کە یەکێک لە ناسراوترین ناوەکانە لە مێژووی ڕامیاریی ئەم سەدە دواییەی کوردستاندا و ئەو کەسەیە کە وێنەکەی لە هەموو شوێن و مالّێکی کوردستاندا هەر لە مالّێکی ئاساییەوە لە کوردستانی تورکیا و ئازەربایجانەوە بگرە تا نووسینگە و شوێنی کاری ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی کوردستان و تەنانەت ئەوروپا و واشنتۆنیش، داکوتراوە، ناوازەیی ئەو کەسایەتییە بەو ڕادەیەی کە زۆربەی خەلّک ڕووبەری ڕاپەڕینی بارزانی بە سەرلەبەری ئەو ماوەیە دەزانن کە ئەو ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینەکەی بەدەستەوە بووە. هەروەها کە نووسەرێک لەم بارەیەوە ئەنووسێ:

«غير أن أطول الثورات الكردية على الإطلاق كانت ثورة البارزانيين التي إندلعت في كردستان العراق وتزعمها الملا مصطفى البارزاني سنة ١٩٤٣ وكانت الثورة أن تحقق عدة انتصارات بفضل تبنيها لأسلوب حرب العصابات لولا أن القوات المركزية استطاعت مطاردتها وعملت على القضاء عليها مستخدمة كل ألوان البطش والتنكيل حتى انهزمت قوات البارزاني سنة ١٩٤٧ واستطاع الهروب من خلال السلاسل الجبلية متجها الى الإتحاد السوفيتي...[١]»

١- احمد تاج الدين، الاكراد تاريخ شعب وقضية الوطن، الدار الثقافية للنشر، الطبعة الاولى/١٤٢١ ٢٠٠١م.

درێژخایەنترین شۆڕشی کورد بێ گومان شۆڕشی بارزانییەکان بوو کە لە کوردستانی عێراقدا سەری هەلّدا و ڕێبەرایەتیی ئەو شۆڕشە لە ئەستۆی مەلا مستەفای بارزانیدا بوو لە سالّی ١٩٤٣دا، خەریک بوو هەندێ سەرکەوتن لە سایەی شەڕی پێشمەرگایەتییەوە بەدەست بێنێت، ئەگەرچی هێز و سوپای حکوومەتی ناوەندی دەیتوانی هێرش بکاتە سەری و بەکەلّک وەرگرتن لە زولّم و زۆر سزایان لێ بسێنێتەوە و کاریان یەکلایی بکاتەوە؛ تا ئەوەبوو لە سالّی ١٩٤٦دا سوپای بارزانی شکستی هێنا و توانییان لە ڕێگەی زنجیرە شاخەکانەوە بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت خۆ دەرباز بکەن.

# پاژی دووەم

## دەرکەوتنی مەلا مستەفا بارزانی لە گۆڕەپانی خەباتدا

### ئا: ڕەوتی سەرەتای ژیانی بارزانی و تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی

مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمی زاینیدا لە دایک بووە، واتە ئەو سەدە پڕ لە ڕووداو و کارەساتەی دوو شەڕی لە دەیەکانی دووەم و چوارەمدا ڕوویان دا و هاوسەنگیی هێز و شرۆڤەکارییە ڕامیارییەکان بەهۆی بەرەنجامی ئەم شەڕانەوە تێک چوون. «سەرچاوەی ئیلهامە سەرەتاییەکانی مەلا مستەفا ئەوەبوو کە بنەماڵەکەی وەکو بنەماڵەیەکی شێخایەتی خاوەنی پێگەیەکی بەرز بوون، ئەوەی لە کوردستاندا سەرچاوەی دەسەڵات بوو[1]».

دۆخ و هەلومەرجی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی بارزان لەو ساڵانە و هەروەها ساڵەکانی دواتریشدا بەجۆرێ بوو کە مەلا مستەفا هەر لە منداڵییەوە بەشەڕ و بەندیخانە و ڕاگواستن و تاراوگە ئاشنا بوو و هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا عوسمانییەکان باپیر و برا و باوکی مەلا مستەفایان بەبیانووی سەرکێشی و یاخیبوونە یەک لەدوای یەکەکانیان دژ بەدەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان و ناوچەی بارزاندا، سزا دابوو؛ ئەو لە بارودۆخێکدا گەشەی کرد و گەورە بوو کە لە ڕووی ناچاری هەر لە منداڵییەوە تووشی ڕاگواستن و بەندیخانە بوو. هێشتا کۆرپەیەکی نۆ مانگان بوو لەگەڵ دایکی و ئەندامانی تری بنەماڵەکەیدا لە شاری مووسڵ خرایە بەندیخانەوە؛ ئەو لەلایەن براگەورەکەی خۆی، واتە شێخ ئەحمەدەوە پەروەردە کراوە کە لە ڕووی مەعنەوییەوە دەسەڵاتێکی زۆری بەسەریدا بوو؛ بەجۆرێ کە هەمیشە لە حوزووری ئەودا بەپێوە دەوەستا و بەردەوام پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بەر لە هەمووان خواردن بە شێخ بدرێت[2]» لە ڕووی ڕواڵەتەوە مەلا مستەفا پیاوێکی کورتە باڵا بوو و سیمایەکی کراوە و برۆی پڕی هەبوو، کەسێتیی ئەو بەجۆرێ بوو کورد دەیانگوت هەر لە دوورەوە هەست بەدەسەڵاتی لە ڕووی مەعنەوییەوە دەکەن، مەلا مستەفا خاوەن درکێکی باڵا و وزەی دیاریکردن و لێکدانەوە

١- جاناتان ڕندل، با این رسوایی چه بخشایشی، ابراهیم یونسی، ل ١٤٨

٢- هەمان صفحه ١٤٩



بوو کە ئەو درک و هێزە زیاتر پشتی بەتوانایی و بەهرە بەستبوو تا شیکاری و لێکدانەوەی ڕووداوەکان، زۆر ڕقی لە پێداهەڵدان و زمانلووسی بوو زۆر زوو لە تەفرەدان و فێڵبازییەکان دەگەیشت، ژیانێکی ئاسایی هەبوو؛ خەنجەرێکی درێژ و چەماوە بەبەر پشتبێنەکەیەوە بوو، جگەرەی دەستپێچی بەتووتنی کوردی دەکێشا و دارجگەرەکەی لە داری بلاولووکی کێوی بوو، میوان و هەواڵنێرەکانی تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجیشدا قەبووڵ دەکرد، بەبێ هیچ دەنگ و فەنگێک سەفەری دەکرد، بەهۆشیاری و زیرەکییەوە بۆ بەرگریکردن لە پلانی جاسووس و سیخوڕەکان بەردەوام و هەموو شەوێک لەگەڵ پارێزەرەکانیدا جێگای دەگۆڕی و لە لادێیەکەوە بۆ لادێیەکی تری دەگوێزاوە، چونکە دەیزانی بەوردی هاتوچۆی ئەویان خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە، هەر ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوەی کە ناوازەیی ئەو زیاتر لە ناوداری و ناوازەیی بنەماڵە و پێشینیانی خۆی بێت و لە سنوورەکانی کوردستان تێپەڕێت.

«ڕەوتی ژیان کاریگەرێتی جیدیی لەسەر ڕەفتار و کرداری ئەو دانا بوو، چونکە پاش شکستی ١٩٣٢ و ڕاگواستنی لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە بەناچاری چەند ساڵێکی لە سلێمانیدا بردە سەر، ئەو شارە ناوەندی کولتووریی کوردستانی عیراق بوو و هەر لەم شارەدا بوو کە بەرەبەرە لە شۆڕشگێڕێکی یاخیی چیانشینەوە بووە ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگارکەر و ئازادیخوازی گەلی کورد. لەو ماوەیەدا بەناچاری و زۆرەملێ لە سلێمانی نیشتەجێ کرابوو هەردوو ساڵ جارێک و بەشێوەی پرشوبڵاو سەرهەڵدان و بزووتنەوە لە کوردستاندا ڕوویان دەدا و سەرکوت دەکران»[1]

### ب: یەکەم هەوڵەکانی بارزانی و حزبە ڕامیارییەکانی کورد (برایەتی، ئازادیی کورد)

شاری سلێمانی ناوەندی کولتووریی کوردستان بوو، مەلا مستەفا لەو شارە و بەهۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ بورژوا کوردەکاندا لە ڕووی هزرییەوە گۆڕان و وەرچەرخانی بەخۆوە بینی. (هەر لەو سەردەمە بوو دوو سیستەمی حزبی گەورە و دەرکەوتوو، نەتەوەخوازە کوردەکانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردبوو. «یەکەمیان کۆمەڵەی برایەتی بوو کە لەلایەن شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودەوە و لەسەر شێوازی کۆمەڵە دامەزراوەکانی- قوستەنتینییە- دامەزرا بوو. کە بورژوا و دەوڵەمەندەکانی دەگرتەبەر و محەممەد سدیق شاوەیس، ئیسماعیل حەقی شاوەیس و مەلا ئەسەدی مەلای سلێمانی ئەندامی ئەو کۆمەڵە بوون، و مەلا مستەفا بارزانی لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی ئەو ڕۆشنبیرە

١- هەمان، ل ١٥١.

شارستانییانەدا بەشداریی دەکرد[١]. ) گومان لەوەدا نییە ئەو بۆچوون و گەلاڵانەی لەو کۆبوونەوەی نهێنییانەدا دەخرانە ڕوو و دواتر بەتێکەڵبوون لەگەڵ گرووپی (دارکەر)دا حزبی هیوایان پێک هێنا، لە بەدیهێنانی ئاسۆی فیکریی نوێی مەلا مستەفادا بۆ داڕشتنی ستراتیژیی داهاتووی ڕاپەڕینەکەی کاریگەرێتییان هەبوو. (سازمانی برایەتی تایبەت بەبورژوا (اعیان)ەکان بوو ڕێگەیەک بۆ چوونە ناوەوەی ئەو لاوە کوردانەی کارتێکراوی حزبی شیوعیی عیراق بوون و هەروەها چاکسازیخوازەکانی (گروپی بەغدا)ش والا نەدەکرایەوە. بەو هۆیەوە لاوەکانی کورد لە سازمانێکی دیاریکراو و جیا لە برایەتی، بەناوی ئازادیی کورددا کۆبوونەوە و سازمانێکی تریان دامەزراند، ناوی دارکەر بوو و لە ژێر کاریگەرێتی و شێوازی کاربوناڕۆکانی[٢] ئیتالیادا بوو. دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە بریتی بوون لە نوری شاوەیس، یونس ڕەووف (دڵدار)ی شاعیر، کە سروودی ئەی ڕەقیب یەکێکی لە شیعرەکانی، عەبدوڵڵا تۆفیق جەوهەر، بەهۆی ئەوەوە ئەندامی حزبی برایەتی بوو دواتر لە ڕێکخراوەکە دەرکرا. ئەندامەکانی دارکەر زیاتر لە نێوان لاوە خوێنەوارە کوردەکان هەڵدەبژێردران. ئەم ڕێکخراوە بەتەواوی لەسەر بیروبڕوای چەپخوازانە بوو و سەرلەبەری گەلاڵە و بەرنامەکانی ڕەنگی ناسیۆنالیستییان پێوە بوو[٣]. ئەمانە لە پێناوی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عیراق و سەربەخۆیی تەواوی کوردستاندا خەباتیان دەکرد و لە ژێر کاریگەرێتیی حزبی شیوعیی عیراقدا بوون، لەم بارەیەوە یەکێک لە دامەزرێنەرانی لە وتووێژ لەگەڵ کریس کۆچرادا، سەبارەت بەستراتیژیی ئەو حزبە وتوویەتی: «ئێمە دژی فاشیزم و هیتلەر و، لایەنگری دیموکراسی بووین، زۆر دژ بەئیمپریالیزم و بەتایبەت ئینگلیزییەکان بووین». بەهەر حاڵ حزبی (دارکەر) جەغزی چالاکییەکانی خۆی بەرین کردەوە، بەو شێوەیە پەلوپۆی هاوێشتە دەرەوەی سلێمانی و لە ساڵی ١٩٤٠ەوە چەندین بنکەی نهێنیی لە هەولێر، بەغدا، مووسڵ و ... دامەزراند[٤].

١- کوچرا، پێشوو، ل ١٦٩

٢- (Carbonaro) بەواتای خەلووزچی، دەستەیەکی شۆڕشگێڕ بوون لە دەوروبەری ساڵی ١٨١١ و لە ئیتالیا دامەزران و ئامانجیان یەکێتیی ئیتالیا و دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری بوو. بەو هۆیەوە ناوی خەڵووزچییان لێ نرا، کە کۆبوونەوەکانی خۆیان لەناو خەڵووزچییەکاندا بەڕێوە دەبرد و لەزاراوە و وشەکانی ئەوان کەڵکیان وەردەگرت.

٣- لاکر، کمونیسم و ناسیونالیسم در خاورمیانه ص ١٧٧

٤- کوچرا، پێشوو، ل ١٧٠-١٦٩



### ج- دامەزراندنی حزبی هیوا، پێوەندیگرتنی بارزانی لەگەڵ ڕۆشنبیرە شارییەکاندا

لە ساڵانی شەڕی جیهانیی دووەمدا، ماوەیەک پاش شۆڕشەکەی ڕەشی گەیلانی، بەرپرسانی حزب و ڕێکخراوە جیاوازەکان بەقۆستنەوەی هەل لەو کەشە کراوەیەی بەدی هاتبوو لە ئەنجامی کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆی ئینگلیز بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان، لەبەرئەوەی لە بەرەکانی شەڕ و لە شوێنی تردا خەریکی شەڕ بوون، هەستان بەوەی لە نێوان سەرجەمی حزب و لایەنە ڕامیارییەکاندا یەکێتی پێک بێنن و جیاوازییە بیروڕاییەکانیان چارەسەر بکەن و لەپاڵ ئەوانەشدا سەرلەبەری ڕەوتە سیاسییەکان هاوتەریب کەن و سەربەخۆیی کوردستان کە دوایین ئامانجی هەمووان بوو، بکەنە تەوەرەی سەرەکی و ستراتیژیی هاوبەشی هەمووان و لەو هەلومەرجە ڕەخساوە بەباشی کەڵک وەربگرن. هەر ئەم مەسەلەیەش بووە هۆی بەدیهاتن و دامەزرانی حزبی هیوا، ئەم حزبە گشتگیرە سەرجەمی چالاکیکارە ڕامیاری و تێکۆشەرە نەتەوەخوازە کوردەکانی پێکەوە کۆکردەوە، ڕۆشنبیران، فێرخوازانی زانستگا، قوتابیان، کرێکاران (کۆمپانیای نەوت و هێڵی ئاسن)، جووتیاران و ئەفسەران ڕۆڵێکی بەرچاویان لەو یەکگرتنەدا گێڕا.

«بنکەی حزبی هیوا لە شاری بەغدا بوو و لە هەموو شارەکانی کوردستاندا پەلوپۆی بڵاوکردبووەوە؛ (گۆڤاری ئازادی) ئۆرگانی ڕەسمیی حزبەکە بوو. هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەو حزبە لێکچوونی نزیکی لەگەڵ بۆچوون و هەڵوێستەکانی حزبی شیوعیی عیراقدا هەبوو، لەوانە قۆڵی چەپی هیوا بەشێوەی ئاشکرا کۆمۆنیست بوو[١]». چالاکیکارە ڕامیارەکانی ئەو حزبە لە شاری سلێمانی، میواندارانی میهرەبان و زیرەک و لێهاتوو بوون، لە ڕووی سیاسییەوە هەموویان کەسایەتیی پێگەیشتوو و پوختە و بەئاگا بوون و بەتەواوی ئاگایان لەو هەلومەرجی ڕامیارییە بوو کە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ بوو و هەروەها کاریگەرێتیی شەڕی جیهانییان لەسەر چارەنووسی گەلە دوور و نزیکەکان لە بەرچاو بوو، هەر بەو هۆیەوە توانییان کاریگەرێتی چاکەیان لەسەر ئەو میوانە ڕاگوێزراوانەی خۆیان هەبێت کە بەناچاری لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆیاندا دەبوو لە سلێمانی درێژە بەژیانی خۆیان لە دۆخی دوورەوەخراویدا بدەن. ئەو نەتەوەخوازانە دەیانگوت: «ئەو (مەلا مستەفا) هەردەم ڕێزی لە زانین دەگرت و بەرەبەرە سەرنجی دایە بیردۆزە ڕامیاری و جیهانبینییەکان و هەستە نیشتمانپەروەرییەکەی ئەوانی لە لا زۆر جوان بوو.[٢]» جیاوازیی بۆچوون لە نێوان لاوە نەتەوەخوازە خوێنەوارە شارییەکان و

١- هەمان، ل ١٧٠

٢- جاناتان ڕندل، پیشین، ل ١٦٤

ڕێبەرە عەشیرەییبە بارزانییەکاندا شتێکی زۆر ئاسایی بوو کە لە بارودۆخ و هەلومەرجی ژینگە، لەو شێوازە خەباتکارییە سەرچاوەی دەگرت کە هەردوو لایەنەکە تا ئەو کاتە پێوەی خەریک بووبوون. بەڵام ئەم جیاوازییانە لە بۆچوونەکانیاندا لە بەراورد لەگەڵ خاڵە هاوبەشەکانیاندا لەسەر ڕزگاریی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عیراق شتێکی ئەوتۆ نەبوو، لەلایەکی ترەوە هەلومەرجەکە جۆرێ بوو هەردوو لایەنەکە مانەوە و بەردەوامبوونی خۆیان لەو دۆخە دژوارە ڕامیارییەدا تەنیا لە یەکێتیی و یەکدڵیدا دەبینی. چونکە سەرەڕای ئەوەی ناسیۆنالیستە شارییەکان دژ بەژیانی عەشیرەیی و خەباتکردن بوون لەناو سیستەمێکی فئودالیدا.

لە بەرامبەر ئەوەدا بۆ کۆکردنەوەی هێزی چەکدار و پڕکردنەوەی بۆشایی نەبوونی ئەو هێزە لەلایەن خۆیان، حەزیان بەنزیکبوونەوە و کشان بەرەو بارزانی دەکرد کە توانایی ئەوەی هەبوو هێزی چەکدار بە مەبەستی بەرگریکردن بەرامبەر هێرشە بێ سێ و دووەکانی حکوومەتی عیراق کۆبکاتەوە. تەنیا بەیارمەتی و پشتیوانیی ئەو هێزەوە بوو کە خەونی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ و کوردستانی ئۆتۆنۆمیش دەهاتە دی. بەچاوگێڕانێک بەسەر مێژووی ڕاپەڕینی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق و بەشەکانی تری کوردستاندا ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد زۆرجار بەهۆی تێکهەڵچوونی توێژە بنەماییە پێکهێنەرەکانیەوە کە بەگشتی بریتی بوون لە دوو بەشی سوننەتیی عەشایەر لەلایەکەوە و ڕۆشنبیر لەلایەکی ترەوە، لاواز بووە و لە ناوەوە گۆڕاوە و لە ئامانجەکانی دوورکەوتووەتەوە، بەڵام سەبارەت بەڕاپەڕینەکەی بارزانی دەتوانرێ جیا لەوە بیر بکرێتەوە، لەو دەمانەدا هەزاران کەس لە هێزە پەروەردەکراوەکان دەچوونە ڕیزی خەبات کە پاش خۆدەربازکردنە مێژووییەکەی لە سلێمانی، چووبووە چوارچێوەی خەباتێکی نەتەوەییەوە. بارزانی ئێستا پاش ساڵانێکی زۆر دوور خراوەیی و نیشتەجێ کرانی زۆرەملێ لە شار و شارۆچکە جیاوازەکانی عیراق لە ساڵی ١٩٣٦ لە ناسریەوە گوێزرا بووەوە بۆ سلێمانی. ئەم ڕاگواستان و نیشتەجێ کردنە لە لایەکەوە بووە هۆی پێوەندیی ڕامیاری و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە نێوان بارزانی و هێزە لاوە چەپخوازە خوێنەوارەکان و لەلایەکی ترەوە مستەفا قەرەداغی کە لەو کاتە پارێزگاری سلێمانی بوو لەسەر ویستی دەسەڵاتدارانی عیراق و بەرپرسانی حکوومەتی بەریتانیاوە پاڵەپەستۆی زۆری خستە سەر بارزانییەکان و ئەو مووچەیەی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ بارزانییەکان دیاری



کرابوو بەبێ لەبەرچاوگرتنی گرانی کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو و لە دۆخی شەڕەکە سەرچاوەی گرتبوو، کەمی کردەوە و، ئەم کردەوانەی ئەو تەنیا ڕێگایەکی بۆ بەردەوامبوونی ژیانی ڕامیاریی مەلا مستەفا هێشتەوە و ئەوەش پساندنی کۆت و زنجیری کۆیلەیەتی بوو. بەم پێیە یەکەم بەردی بناخەی ڕاپەڕینی مەلا مستەفا بارزانی دانرا.[١]

## د- یەکەم خۆدەربازکردنی بارزانی لە سلێمانی

بارزانی لەو ماوەیەی نیشتەجێی سلێمانی بوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێوەندیی بەکۆمەڵ و لایەنە ڕۆشنبیرە کوردەکانەوە گرت «ئەو دەرفەتەشی دەست کەوت لە مزگەوتی سەلام خۆ بەفێربوونی زانستی فیقهەوە خەریک بکات و لەو ماوەیەدا بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ بارزانیدا پێوەندییان هەبوو ئاشکرا بوو کە، بارزانی بەدووی هەلێکدا دەگەڕێ خۆی لەو شارە دەرباز بکات. بەڵام ترسی ئەوەی بگیرێت و نیگەرانی لەو هەلومەرجەی شێخ ئەحمەدی تێ کەوتبوو، تووشی دوودڵیی کرد بوو[٢]».

ئەگەرچی بارزانی دەترسا لەوەی حکوومەت و کرێگرتەکانی بۆ تۆڵەکردنەوە لەو کردەوەیەی، دەست بداتە ئازار و ئەشکەنجەی برا گەورەکەی و کەسانی تری بنەماڵەکەی، بەڵام بەهەر حاڵ مەلا مستەفا تەنیا ڕێگەی بەخۆدەربازکردن زانی و (پاش ماوەی دە ساڵ ڕاگواستن و بەندیخانە و لە ژێر چاوەدێریدا بوون، ئاکام لە ساڵی ١٩٤٣ و بەکەمبوونەوەی چاودێری کردنی ئینگلیز بەهۆی کاروباری شەڕی دووەمی جیهانەوە هەلی بۆ ڕەخسا و لەو دەستبەسەرییە خۆی دەرباز کرد، گێڕانەوەیەک کە زۆریش جێگەی بڕوا نییە لەم بارەیەوە دەڵێ: «هۆی خۆدەربازکردن و گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئەو شاخانەی تێیدا لە دایک بووبوو، ئەوەبوو کە مووچەی بڕیاردراو لەلایەن دەوڵەتەوە بەهۆی گرانیی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ بەخەرجیی بنەماڵەکەیدا نەدەگەیشت، دەگوترێ بارزانی کاتێ بەو دۆخە ناهەموارەی زانی دەستی بەسەری خێزانەکەیدا هێنا و، بەجێگەی ئەو دراوەی بۆ ڕۆژی تەنگانە لەوێدا دەیشاربییەوە دۆزییەوە، لەو ڕووداوە زویر بوو ڕۆیشت[٣]».

ئەگەرچی یەک لە هۆیەکانی خۆدەربازکردنی بارزانی لە ڕاگوێزەکە بەهۆی تەنگژەی داراییەوە بوو، بەڵام بێ گومان هۆکاری سەرەکیی ئەو کارە مێژووییە پاڵنەرە

---

١- سجادی، علاالدین، پیشین، ل ١٤٨
٢- کوچرا، پیشین، ل ١٧٢
٣- جاناتان رندل پیشین ص ١٦٥

ڕامیارییەکان بوو کە لە ناوەڕۆکی ئەو خۆ دەربازکردنەدا دەتوانرێ هەڵبێنجرێت. دیارە لە کەسایەتییەکی چل ساڵ تەمەن بەو پێشینە خەباتکارییەوە و هەروەها ئەو کەسەی خاوەنی ئەزموونی زۆری ڕامیاری و چەکداری بوو هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا ماوەی تەمەنی خۆی لە دۆخێکدا بژی کە وەکی مەرگێکی زیندوو وابوو، یان بەوتەیەکی تر زیاتر لە مەرگی دەکرد تا لە ژیان.

لەو حاڵەتەدا بارزانی خۆی بۆ دەربازبوونە مێژوویییەکەی بەیارمەتیی دۆستان و هاوبیروباوەڕەکانی ئامادە دەکرد، دۆخی ڕامیاریی عیراق لە هەموو کاتێکی تر گونجاوتر بوو؛ ڕووداوی کودەتاکەی ڕەشید عالی بووە هۆی نەفرەتی جەماوەری عیراق بەرامبەر بەحکوومەتی بەریتانیا و، سەرەڕای ئەمانەش ئینگلیز لە هەوڵدا بوون بۆ ئەوەی بەکەڵک وەرگرتن لە کێشەی کورد، جەماوەری کورد هەڵنێن بۆ ئەوەی بچنە ناو ڕیزەکانی سوپای بەریتانیاوە[1].

لەو کاتەدا حکوومەتی عیراق هیچ دەسەڵاتێکی لە باکوری کوردستاندا نەبوو، ئەمەش ئەو هەلە بوو بارزانی بەدوایدا دەگەڕا. ئەو (بارزانی) لە جولای ١٩٤٣دا لەگەڵ ژمارەیەک لە دۆستانی خۆی لە سلێمانی دەرچوو و لە ڕێگەی سنووری پێنجوێن، سەردەشت سپوە، لاجان، ناودەشت و سریشمەوە لە ماوەی حەوت ڕۆژدا خۆی گەیاندەوە ناوچەی بارزان کە شوێنی لە دایکبوونی خۆی و زێدی باوباپیرانی بوو. حکوومەتی عیراق کاتێ بە ڕووداوەکەی زانی، کار لە کار ترازا بوو و بەوتەی خودی بارزانی حکوومەت بۆ بەدەستەوەدانی بەزیندوویی یان مردوویی خەڵاتێکی بە بڕی ٥٠٠٠٠ دینار دیاری کردبوو، بارزانی ڕووداوەکە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە «لە دیوەخانی کاک مامەند ئاغای کۆلیج دانیشتبووین قەرەنی ئاغای مامەش هات گوتی، دەنگ بڵاوە گوایە مستەفا بارزانی بەنهێنی سلێمانیی بەجێ هێشتووە و حکوومەت خەڵاتێکی گەورە ٥٠٠٠٠ دیناری داناوە بۆ هەر کەسێ بەزیندوویی یا بەمردوویی بیداتە دەستی حکوومەت، جا داوای لە کاک مامەند کرد ئەم دەرفەتە لە دەست خۆی دەر نەکا، کاک مامەندیش وەڵامی دایەوە «ئەو کەسەی بارزانی بگرێ هێشتا لە دایکی خۆی نەبووە[2]».

بەم پێیە بارزانی بەیارمەتیی سەرەک عەشیرەکانی ئێران و دۆست و ئاشنای هەردوو

١- کمونیسم، ناسیونالیسم در خاورمیانە وەلاکر س ١٧٧.

٢- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد (١٩٣١-١٩٥٨) ل ٨٦.



دیوی سنووی ئێران و عیراق توانیی جارێکی تر خۆی بگەیەنێتەوە ناو بارزانییەکان. کە بارزانی گەیشتەوە ناوچەی بارزان دۆست و هاوڕێ لەمێژینەکانی کە پەنایان بردبووە چیاکانی دەوروبەر و خۆیان نەدابووە دەستی حکوومەت بەگەرمی پێشوازییان لێ کرد. یەکەم دژکردەوەی حکوومەت بەرامبەر بەو کردەوەیە ئەوە بوو شێخ ئەحمەد و ٨١ کەس لە هاوڕێکانی ئەوی لە سلێمانییەوە بەرەو حللە ڕاگوێزا و ئەو دژکردەوەیەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو چونکە حکوومەت لەوە دەترسا شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانیشی خۆ دەربازکەن و خۆیان بگەیەننەوە مەلا مستەفا.

«بەرپرسانی ئینگلیز بەخێرایی پاش ئەو ڕووداوە دەستیان دایە قسە بڵاوکردنەوە و سەرکێشی و یاخیگەری و فێڵبازی و ناسازگارییان خستە پاڵ ئەو. ئەو بەرپرسانە زۆربەی کات ئەو ڕێبەرەیان بەدیکتاتۆر و ڕێگر ناودەبرد. ڕاپۆرتە زانیارییەکان سەبارەت بەئەو دەیانگوت؛ (مەلا مستەفا) وەها نیشان دەدات کە نوێنەری ناسیۆنالیزمی کوردە، بەڵام لە ڕاستیدا دەیەوێ دەستی بۆ یاخیگەری و ڕێگری وەکو ڕابوردوو، ئاوەڵا بێت[1]».

وردبوونەوە لە ڕاپۆرتی نوێنەرەکانی حکوومەتی بەریتانیا سەبارەت بەڕاپەڕینەکەی بارزانی و بەتایبەت ئەو نووسینانەی ئەوان لەسەر باری دەروونی و ڕۆحیی ڕێبەری ئەو ڕاپەڕینە و دۆخی تاکەکەسیی ئەو پیاوە لێهاتووە، بەئاشکرا ڕوونکەرەوەی ڕادەی ڕک و دوژمنایەتیی نێوان بارزانی و ئینگلیزە، ئینگلیز لە هەموو کۆڵۆنیاکانی خۆیان بەدرێژایی مێژوو لە ئاسیا و ئەفریقادا، هەر کاتێ لە سەرکوتکردنی بزووتنەوە و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لەلایەن خۆیان و کرێگرتەکانیانەوە هیوابڕ بوون، هەوڵیان داوە دەست بدەنە بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە و سەرەونخوون نیشاندانی ڕاستی و بەبانگەشە پڕ لە درۆکانی خۆیان. ئازایەتی، دلێری، نەبەزی و خۆڕاگریی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکان بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیان بەمەقامپەرستی، شێتی، وەحشیگەری، چەتەیی و ڕێگری دەناساند و ئەمەش شێوازی دیار و ناسراوی کۆڵۆنیالیستی بەریتانیا بوو. بەهەر حاڵ ئێستا بارزانی زۆر بەهێزتر و دەستڕۆشتووتر لەوە بوو ئەو درۆ و دەلەسە و بانگەشە سەقەتانە بتوانێ خەسار لە ڕاپەڕینەکەی بدات. هەر ئەو سەرۆکە یاخییە کە ئینگلیز وەکو مرۆڤێکی مەقامپەرست و ڕێگر ناساندبوویان!! بەپێی ڕاپۆرتەکانی خۆیان کە دواتر ئاماژەی پێ کراوە کردەیەکی وای لێ نەوەشابووەوە مایەی نیگەرانی بێت و ڕێگە خۆش

١- جاناتان ڕندل، با این ڕسوایی چە بخشایشی. ل ١٦٤

دەکات بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی عیراق و خوازیاری هەندێ چاکسازیکاری دەبێت لە کوردستان و هەوڵی ئەوەش دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازیکارییانە لەگەڵ حکوومەتی عیراق ڕێک کەوێت.

لەو کاتەدا بارودۆخی ئەم بەشەی کوردستان لە ڕادەبەدەر نالەبار بووە، لادێکان چۆڵ و تەنانەت هەندێکیشیان وێران بوون، لە سەرلەبەری ناوچەکەدا کشتوکاڵ وەستا بوو و برسێتی و وێرانی گەیشتبووە ئاستێکی یەکجار مەترسیدار.

گەندەڵی هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەتی گرتبووەوە، پارێزگارانی هەولێر و مووسڵ بۆ یەکجاریش سەردانی ناوچەکەیان نەکرد و ڕێگەوبان کەوا باشترە بەمێگەلەڕێ ناو ببرێن یەکجار وێران بوون و زۆربەی بینا گشتییەکانی وەکو قوتابخانە و نەخۆشخانەکان ڕووخابوون[١].»

لەو هەلومەرجەدا خواستەکانی بارزانی لەمەڕ چاکسازیکاری، بێ گومان هەوڵێکی ئاوەزیانە بوو، بۆ ئەوەی بتوانرێ دۆخێک بخولقێنرێت تێیدا لانی کەم هەلومەرجێک پێک بێت و لەو هەلومەرجەدا جەماوەر لای خوارووی ئاسایشی گشتی بەخۆوە ببینن و پێویستییە سەرەتاییەکانیان لەم بەشەی کوردستاندا دەستەبەر بکرێت.

بارزانی بەباشی بەئاگا بوو لەوەی دەستکەوتەکانی شەڕ جگە لە وێرانی و دەربەدەریی جەماوەری خەڵک چیتر نابێت، بەڵام هەندێ کاتیش دۆخەکە وەها بوو جیا لە شەڕ هیچ ڕێگایەکی تر بۆ مانەوە و بەردەوامبوون نەدەمایەوە و ڕوانینی حکوومەتی عیراق بەرەو کێشەی کورد ڕوانینێکی ئەمنیەتی و سەربازییانە بوو، بارزانییەکان ناچار بوون لە بەرامبەر جەنایەتەکانی ئەو ڕژێمە دەسەڵاتدارەدا دژکردەوەی چەکدارانە نیشان بدەن. هەر لەو کاتەدا ویست و داخوازییەکانی بارزانی هەرچی بوو، بەپێی شێوەی ئاسایی داوودەزگا بڕۆکراتیکەکانی ڕۆژهەڵات پشتگوێ دەخران و لەسەریەک کەڵەکە دەکران بەبێ ئەوەی کەسێک لێیان بپرسێتەوە، حکوومەتی عیراق بەخۆنەبان کردن لە خوازیارییەکانی بارزانی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیکاری، نیشانی دا بەهیچ جۆرێ چاوی بەبوونی بارزانی هەڵنایە و بەهیچ شێوەیەک بەرنامە و گەلاڵەیەکی بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە نالەبار و کارەساتبارەی کوردستان نییە.

(هەر لەو کاتە مەلا مستەفا لە ناوچەی بارزان و دەوروبەری زنجیرە چاوپێکەوتن و

١- هەمان، ل ١٧٢



گفتوگۆیەکی لەگەڵ سەرەک عەشیر و گەورە پیاوانی «لادێکاندا ساز کرد و جەماوەری ئەو دەڤەرە پێشتر کاتی هاتنەوەی بۆ ناوچەی بارزان دەستە دەستە بۆ چاوپێکەوتنی دەچوون و بەهەناردنی نامە و پەیامی دۆستانە ژمارەیان لە ڕادەبەدەر بوو، پێداگرانە ئەمەکداریی خۆیان بۆ بارزانی نیشان دەدا و ڕایان گەیاند بوو کە بەگیان و ماڵی خۆیان پشتیوانی لە بیروبڕوا پیرۆزەکەی بارزانی واتە خەباتی دژی حکوومەتی عیراق، دەکەن[١]» وەکو بڵێی خەڵکی بەوەیان زانیبێت چ ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێویان لە بەردەمدایە.

### ه- یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی چەکدارانە لەگەڵ حکوومەتدا

بارزانی تێ گەیشت لەوەی حکوومەت نایەوێ گوێ بداتە هەوڵ و تێکۆشانە ئاشتیخوازانەکەی ئەو و خۆی لێ نەبان دەکات، بۆیە هێزە بەئەمەک و وەفادارەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و لە بارودۆخەکە بەئاگای کردن و گوتی: «لەم دوو مانگی ڕابوردووەدا، خۆمان لە لێدانی حکوومەت پاراست، بەو ئومێدەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بدۆزێتەوە، بەڵام وا دیارە حکوومەت گوێ ناداتە ڕژانی خوێنی هێزەکانی خۆی، ئێمەش ناتوانین لەوە زیاتر چاوەڕوانی بکەین، بۆیە من پرستان پێ دەکەم کە لە پۆلیسخانەکانی ناوچە بدەین و داگیریان بکەین[٢]». هێزەکانی بارزانی لەپاڵ ئەوەدا کە ڕایانگەیاند ئامادەن بۆ بەڕێوەبردنی دەستوور و فەرمانەکانی فەرماندەی خۆیان، ئامادەیی خۆیان بۆ هێرش کردنە سەر بنکەکانی پۆلیسی حکوومەت لەو ناوچەیە دەربڕی. سەرەتا هێرشیان کردە سەر بنکەکانی (شانەدەر) و (خێرەزۆک) ئەم پێشدەستییە دەبووە هۆی ئەوەی کتوپڕ بچنە سەر هێزەکانی حکوومەت و لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر ٢١ بنکەی پۆلیسدا بگرن و بەگشتی ناوچەکانی مێرگەسۆر و شێروانی گەورە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و چەک و کەرەستەی زۆر و زۆربەند وەدەست خەن. ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی ناوازەیی مەلا مستەفا هەموو شوێنێک بگرێتەوە و حکوومەتی عیراق ناچاربوو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ناوچەکە بگرێتە دەست، هێزی چەکدار و کەرەستەی شەڕی زۆر و فراوان بنێرێتە ناوچەکە.

هەر لەم سەروبەندەدا ژمارەیەک لە کوردەکانی تورکیا بەڕێبەرایەتی سەعید بێرۆخی، کە

١- هەمان بەنقل از کلمان خیاط (کردها خواستار خود مختاری هستند) پیشرفت مصر ٢٠ مەی ١٩٤٦ بەنقل از ڕامبوص.

٢- مسعود بارزانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل ٩٠.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان بەیاخی ناوی دەبەن! هاتنە کوردستانی عیـراق و چوونە ڕیزی هێزەکانی بارزانییەوە. ئەنجامی تێژبوونەوە و پەرەسەندنی پێکدادانەکان ئەوەبوو ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و بارزان کەوتە دەستی هێزەکانی بارزانی. هەر لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵە و لە نزیکی مێرگەسۆر هێزەکانی بارزانی یەکەیەکی ١٥٠ کەسیی حکوومەتیان تێک شکاند و ناچاریان کردن پاشگەز ببنەوە. لە درێژەی ئەم پێکدادانانە و بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی بارزانی لە ئۆکتۆبەری ساڵی **١٩٤٣** حکوومەتی عیـراق لەشکرێکی ناردە بەرەی شەڕی دژی بارزانی کە لە یەکەکانی پیادە و ژاندارم و هێزی ئاسمانی پێک هاتبوون. ئەو شەڕە لەلایەن ئەفسەرێکی لێهاتووی ئینگلیزەوە بەناوی ژەنەراڵ برۆمیکۆوە چاودێری دەکرا، کە ناوبراو سەرۆکی هێزی چەکداری بەریتانیا بوو لە عیـراق. بەڵام ئەمجارەش بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی حکوومەتی عیـراق و دەوڵەتی بەریتانیا و کرێگرتەکانیان و بەهۆی بەرخودانی نەترسانە و دلێرانەی پێشمەرگەکانی بارزانی و ڕێبەرایەتیی لێهاتوو و زیرەکانەی مەلا مستەفاوە، ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکان بەسەرکەوتنی هێزەکانی بارزانی کۆتایی پێ هات و لە ئاکامدا و پاش ٢٠ ڕۆژ شەڕ و پێکدادانی توندوتیژ هێزی حکوومەت پاش ئەوەی نزیکەی ٦٠ کەسیان لێ کوژرا و ژمارەیەکی زیاتر لەوەشیان لێ بریندار بوو شکستیان هێنا و پاشگەز بوونەوە، ژەنەراڵ برۆمیکۆ بۆ پاساودانەوەی ئەو شکستە کارەساتبارە دەڵێ: «هۆی تێکشکانی هێزی حکوومەتی عیراق ئەوەبوو بەشێوەی پێویست پەروەردە نەکرابوون[١]».

سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی بارزانی لە ماوەی چەند مانگدا لەگەڵ ئەوەدا ئەو ئیمکانەی بۆ بارزانی پێک هێنا کە هێزە حکوومەتییەکان لە ناوچەکە وەدەرنێت، بڕێکی زۆری چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ کەوتە دەستی پێشمەرگە و ئەوەشی بۆ حکوومەتی عیراق ڕوون کردەوە کە بەم ئاسانییە و بەکەڵک وەرگرتن لە شێوەی چەکدارانە ناتوانی ڕاپەڕینەکەی بارزانی لەناو ببات. حکوومەت بیری لەوە کردەوە لە ڕێگەی وتووێژی ئاشتیخوازانەوە چارەیەک بۆ تەنگژەی کوردستان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو، بدۆزێتەوە و، هەر بەو هۆیەوە هەوڵی ئەوەی دا لەگەڵ بارزانیدا پێوەندی بگرێت. بارزانی ئەو هەوڵەی پەسەند کرد و ڕایگەیاند کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە ڕێگەی وتووێژەوە ئامادەیە. لە ئەنجامدا حکوومەت لە **١٩٤٣/١١/٢٩** کەسێکی بەناوی نووری

١- بابا مردوخ روحانی، شیوا، مشاهیر کرد ص ٥٣٦



ئاغای ڕەواندزیی نارد بۆ ئەوەی لەگەڵ بارزانیدا وتووێژ بکات، بارزانی لەگەڵ ئەوەدا، کە بەگەرمی بەپێشوازی نێردراوەکەی حکوومەتەوە چوو، ئەوەی وەبیری هێنایەوە کە ناکۆکیی نێوان ئەو و حکوومەت، لەسەر مافی نەتەوەیی گەلی کورد شتێکی بچووک و کەم بایەخ نییە.

«ماوەیەکی کورت پاش ئەوەی نووری لەگەڵ وەلی ئاغا چووە بەغدا و ویست و بیروڕاکانی بارزانیی بە بەرپرسانی حکوومەتی ناوەندی ڕاگەیاند، چونکە حکوومەتی عیراق دەستپێکەری شەڕ بووە وەکو شێوەی باو دەبێ بەبەرپرسانی ئەو حکوومەتە بۆ نیشاندانی نیەت باشیی خۆیان یەکەمجار هەنگاو هەڵبگرن. لەم کاتەدا حزبی هیوا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی ئەو خەباتە گرینگە لەو دۆخە ناسکەدا هەبوو.

یەک لەو هەوڵدانانەی حزبی هیوا کە شایانی سپاس و ستایشە، دەرکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەگەلی گرینگ بوو لە بەغدا و شارە گەورەکانی عیراق و کوردستان کە لەو شوێنانەدا پشتگیریی ڕاپەڕینەکەی بارزانی کرابوو و دژی کردەوە وێرانکارییەکانی بەرپرسانی حکوومەتی لە کوردستاندا و دژی جەماوەری کورد، بەتایبەت خەڵکی ناوچەی بارزان هەڵوێستیان گرتبوو. بەیاننامە و چالاکییە کولتوورییەکان و هەروەها پڕوپاگەندەکانی حزبی هیوا سەرنجی هەردوو حکوومەتی عیراق و بەریتانیای بەلای خۆیەوە ڕاکێشا و بەوەیان زانی کە وەرچەرخانێکی نوێ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا ڕووی داوە و تێ گەیشتن کە ئەو پرۆسەیەی لە کوردستان لە ئارادایە یاخیگەرییەکی عەشیرەتیی بێ بەرنامە و گەلاڵە نییە، کە بتوانرێ بەئاسانی سەرکوت بکرێت. بگرە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی چەکدارانەیە کە گەلی کورد بەتایبەت چینی ڕووناکبیر و لاوەکانی کورد پشتگیریی دەکەن[١].»

سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی بارزانی لە لایەکەوە و هەوڵە پڕوپاگەندەییەکانی حزبی هیوا لە لایەکی ترەوە حکوومەتی عیراق و بەریتانیای خستبووە دۆخێکی یەکجار ئاڵۆزەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕەوتە و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی حکوومەتی عیـراق و بەریتانیا، شەڕی جیهانیی دووەمیش گەیشتبووە تەشقی خۆی و حکوومەتی بەریتانیا یەک لە گرینگترین دەوڵەت و هێزەکان بوو کە لەو تەنگژە و ململانێیەوە تلابوو. لە ساڵی

١- بڕوانە، بارزانی – مسعود، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل ٩٥

١٩٤٣ و لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا ئەڵمانیا سەرکەوتنی وەدەست هێنا بوو، حکوومەتی سۆڤیەت هەڤاڵبەندی بەریتانیا بوو و تورکیا بێ لایەنیی خۆی ڕاگەیاند بوو کە ئەو بێ لایەنییەی تورکیا ترسی خستبووە بەر ئینگلیز، چونکە لەوە دەترسان بەمەرجی درێژەکێشانی شەڕەکە، لەوانەیە ئەڵمانییەکان لە خاکی ئەو وڵاتە بۆ پێشڤەبردنی ئامانجە سەربازییەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن و لەوێوە کردەوەی چەکدارانە دژی بەریتانیا و هەڤاڵبەندەکانی ئەنجام بدەن. هاوکات لەگەڵ هاتنە ئارای ئەو کێشانە خەباتی بارزانی لە ناوچەکەدا بەگوڕوتینەوە بەردەوام بوو و بەریتانیا لەوە دەترسا کە، بەمەرجی دەستێوەردانی زیاتر لە کاروباری باکوری عیراق، ببێتە هۆی ترساندنی بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا، لەوەی کە ئاژاوەکە ڕووبکاتە وڵاتەکەی ئەوان و تورکەکانیش بەو هۆیەوە پاڵ بەئەڵمانیا و هەواڵبەندەکانیەوە بدەن. بەم پێیە ئینگلیز هەوڵیان دا، بەهەر شێوەیەک لە نێوان عیراق و بارزانییەکاندا ڕێککەوتن ساز بکەن.

لەوانەیە یەکێکی تر لە گرینگترین مەبەستەکانی بەریتانیا بۆ هێنانەئارای هێمنایەتی لە کوردستان ئەوەبوو کە ئەو حکوومەتە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەبوو بەوەی لە دەمودەستی شەڕی جیهانیی دووەمدا بەرەیەکی نوێ لە باکوری عیراق و لە پاڵ سەرچاوە گرینگە نەوتییەکانی کەرکووک و مووسڵدا بکرێتەوە و تەنگژەی باکوری عیراق سەرنجی دەوڵەتانی هەڤاڵبەندی ئاڵمانیا ڕابکێشێت بۆ ئەوەی بەمەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی بەریتانیا پشتگیریی ڕاپەڕینەکەی بارزانی بکەن و لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو ڕاپەڕینە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گەشە بکات و وەهای لێ بێت لە داهاتوودا توانای کۆنترۆڵکردنی نەبێ و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ڕووبەڕووی مەترسیی جیدی بکاتەوە، بەو هۆیەوە بەریتانیا، عیراقی هەڵنا بۆ ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بارزانیدا دەست بەوتووێژ بکات، بەم پێیە جارێکی تر دانیشتنەکان دەستیان پێ کردەوە و پاش چەند کۆبوونەوە بڕیار درا لە کوردستان و ناوچە کوردنشینەکاندا ڕێگە بەخوێندن و نووسین بەزمانی کوردی بدرێت. بەپێی پێویست قوتابخانە و نەخۆشخانە بکرێنەوە و بەندکراوەکان ئازاد بکرێن و ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوە و هێزە چەکدارە ناوچەییە کوردەکان هێمنایەتی و بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەکە بگرنە ئەستۆ[1]». هەڵبەت ئەو وتووێژ و ڕێکەوتنانە بەئاسانی ئەنجام نەدران. دەوڵەتی بەریتانیا بۆ ئەوەی سنووری کێشەکە

١- بابا مردوخ- شیوا- پیشین- ص ٥٣٧



بەربڵاوتر نەبێتەوە وەکو تاکتیک سەیری مەسەلەکەی کرد و، باڵوێزی بەریتانیای لە عیراق سەبارەت بەداهاتووی کوردستان حکوومەتی عیراقی هۆشیار کردەوە و ئەو حکوومەتەی لە بەرامبەر تەنگژەی جیدیی کوردستان بەبەرپرس دانا، بۆیە کۆرنڤالیس باڵوێزی ئەو کاتەی بەریتانیا لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ نووری سەعیدی سەرەک وەزیرانی ئەو کاتەی عیراق دەڵێ: «هەموو ئەم تەنگژە و کێشانە بەهۆی ناشایستیی دەوڵەتی عیراقەوەیە کە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای لە سلێمانیدا هێشتەوە لە کاتێکدا مووچەیەکی کەمی بۆ دیاری کردبوون و بێ ئومێدی کردبوون. هەروەها گوتی: بەگشتی ناوچەی بارزان و زۆر ناوچەی تری کوردی عیراق تووشی قاتوقڕی و برسێتی بوون و لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بەو مەسەلانە هۆشیاریی زۆر دراوەتە دەوڵەتی عیراق هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکان هەڵنەگرتووە[1]».

گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی بارزانی بەشێوەی جیدی بووە هۆی نیگەرانیی بەرپرسانی عیراق و بەریتانیا و، باڵوێزی ئینگلیز جارێکی تر لەگەڵ سەرەک کۆمار و جێگری پاشایەتیدا چاویان بەیەک کەوت و، سەرنجیان بەرەو مەترسیی جیدیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانە و گشتگیر، کە هەموو کوردستانی گرتبووەوە ڕاکشا. کورنڤالیس لە ڕاستیدا لەو هەقیقەتە دەترسا کە گەندەڵی هەلومەرجێکی وەها لە کوردستاندا بێنێتە ئاراوە بەتایبەت هەموو (یەکە ناوچەییەکان) بگرێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی پارێزگاریکردن لە ناوچە نەوتاوییەکان و هێڵە پێوەندییەکان دژوار ببێتەوە»[2]. لەم کاتەدا پێوەندییەکان یەک لەدوای یەک لە نێوان بارزانی و باڵوێزیی بەریتانیادا ئەنجام دران و نامەگەلێک لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرا. لەو نامانەدا لە چۆنێتیی دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش لە باکوری عیراق پێکەوە دوان. بارزانی لە نامەکانی خۆیدا لەگەڵ ئەوەی دڵنیایی و متمانەپێکردنی خۆی سەبارەت بەبەریتانیا ڕاگەیاندبوو و دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ بەریتانیا دەربڕیبوو، دەوڵەتی عیراقی تاوانبار کردبوو بەدەستدرێژیکردن بۆ سەر ناوچەی بارزان، ئەوا ئەوی ناچار کردووە بەرەڤانی لە خۆی بکات و جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە بەڵێنی بەخششی دەوڵەت «لە فریودان زیاتر چیتر نییە و داوا لە باڵوێزی بەریتانیا دەکات بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکان ئەفسەرێک بنێرێتە ناوچەکە،

١- کوچرا، پێشوو، ل ١٧٣

٢- هەمان، ل ١٧٥.

بارزانی دەنووسێت: «بەهەرحاڵ ئێمە فەرمانەکانی دەوڵەتی بەرێزی ئێوە بەشانازییەوە دەخەینە سەر چاو و سەرمان»[١]. «لە ئاکامی وتووێژەکاندا بارزانی داوا لە باڵوێزەکە دەکات بەحکوومەتی عێراق ڕاگەیەنێت بیانبەخشێت و لایەنگران و دۆستەکانی ئازاد بکات و حوکمی ناوچەی بارزانی بخاتەوە دەستیان»[٢]. باڵوێزی بەریتانیا داوای لە دەوڵەتی عیراق کرد کێشەی کوردی چارەسەر بکات و پێوەندی لەگەڵ ڕێبەرە کوردەکاندا بگرێت. لەم کاتەدا نووری سەعید لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٤٣دا جارێکی تر کابینەکەی خۆی دروست دەکاتەوە و لەو کابینەیەدا سێ وەزیری کوردیش هەبوون. ئەحمەد موختار بابان وەزیری دادپەروەری، عومەر نەزمی وەزیری ناوخۆ، ماجید مستەفا وەزیری ڕاوێژکاری کاروباری کوردستان.

### و: دەوری ماجید مستەفا لە پێوەندیی نێوان بارزانی و حکوومەتی عیراقدا

«یەکێک لە کەسێتییە سیاسییەکانی عیراق لەم سەدەیەی دواییدا ماجید نوورییە کە بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لە بارەیەوە دەربڕاوە و، لە گەورە پیاوان و دەوڵەمەندانی سلێمانی بووە. خەباتکارانی حزبی هیوا بەچاوی لێپرسراو و کرێگرتەی ئینگلیز و خایەن سەیریان دەکرد و ڕقیان لێی بوو[٣]». ئەو پێشتر لە پۆستگەلێکی جوراوجۆر لە ناوچە جیاجیاکانی عیراقدا کاری کردبوو و کەسێکی وردبین و ڕامیارێکی زیرەک بوو و لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا بەجوانی هەڵسوکەوتی دەکرد و بەپێکەنین و بزەیەکی زیرەکانە دۆست و دوژمنی بەخواستەکانی خۆی قایل دەکرد. ماجید مستەفا ئەندامی حزبی هیوا نەبوو و بۆ ئەوەی بتوانێ بەبۆچوونەکانی خۆی قایلیان بکات هەوڵی دەدا زۆرتر لەو حزبە نزیک ببێتەوە[٤]». لەناو ئەندامانی حزبی هیوادا دوو جۆر بیروبۆچوون لە بارەیەوە هەبوو، بۆچوونی زۆرینەی ئەندامەکانی ئەو حزبە ئەوەبوو ماجید مستەفا کەسێکی مەترسیدارە و ئێستا و لەم دۆخە ناسکەدا بوونی ئەو لەناو کابینەی نووری سەعیددا نیشانەدەری ئەوەیە شتێکی لە ژوور سەردایە و کورد وتەنی ئەم ماستە بێ موو نییە. بۆچوونی دووەم سەبارەت بەو کەسێتییە ئەوەبوو کە بۆچوونی یەکەم تەنیا ڕواڵەتی شتەکەیە و ماجید

١- هەمان، ل ١٧٥.
٢- هەمان، ل ١٧٥.
٣- هەمان، ل ١٧١.
٤- بڕوانە، سەجادی، پێشوو، ل ١٥٣.



مستەفا شایانی ڕێزلێگرتنە و پیاوێکی گەورە و بەڕێزە. ماجید لە حزبی هیوا نزیک کەوتەوە و بەوە قایلی کردن کە، من بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد ئەو بەرپرسایەتییەم قەبووڵ کردووە و داوای لە دەوڵەت کرد سێ کەس لە ئەفسەرە کوردەکان بنێرێتە ناوچەی بارزان بۆ ئەوەی پێوەندیی لەنێوان دەوڵەت و هێزە کوردییەکەدا دروست بکەن. دەوڵەتی عیراق ئەو داخوازییەی پەسەند کرد و فەرمانی پێویستی دەرکرد و بەحزبی هیوا ڕاگەیەندرا سێ ئەفسەر لەلایەن خۆیانەوە هەڵبژێرن و بەدەوڵەتیان بناسێنن. بەم پێیە سێ کەس لە ئەفسەران بەناوی ئەمین ڕواندزی، عیزەت عەزیز و سەید عەزیز عەبدوڵڵا هەڵبژێردران و نێردرانە لای ماجید مستەفا. ماجید مستەفا ئەو سێ ئەفسەرەی وەکو دروستکەری پێوەندی هەنارده میرگەسۆر تا چاویان بە مەلا مستەفا بکەوێت و وتووێژی لەگەڵدا بکەن.

حزبی هیواش مەلا مستەفای لەو مەسەلەیە ئاگادار کردەوە و سەبارەت بەڕاستگۆیی ئەو سێ ئەفسەرە دڵنیایان کردەوە. پاش ئەوەی ئەفسەرەکان چاویان بە مەلا مستەفا کەوت و وتووێژیان لەگەڵدا کرد، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن داخوازییەکانی مەلا مستەفا بەو شێوەی خوارەوە ڕابگەیەنن و هەر کاتێ ئەو ویست و داخوازییانە دەستەبەر کران، مەلا مستەفا تفەنگەکەی دادەنێت:

١- دیاریکردن و دامەزراندنی ویلایەتی تایبەتی کوردستان کە پێنج پارێزگای: کەرکووک، هەولێر، سلێمانی، خانەقین و دهۆک بگرێتەوە.
٢- دیاریکردن و دانانی وەزیرێکی کورد بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا کێشە و گرفتەکانی ناوچە کوردنشینەکان چارەسەر بکات.
٣- دیاریکردنی کەسێتییەکی کورد وەکو جێگر لە هەموو وەزارەتخانەکاندا.
٤- زمانی کوردی بەزمانی ڕەسمیی ناوچە کوردنشینەکان بناسرێت و دەوڵەت بەشێوەیەکی تەواو و ڕێکوپێک پشتیوانی لە ئابووری و کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە بکات و گۆڕانکاری لەو دوو بوارە گرینگەدا بەدی بهێنێت.

بەڵام سەبارەت بەکاروباری پۆلیس و سوپا و کاروباری مالی هەر لەسەر شێوەی ڕابردوو کار بکرێت. داخوازییەکانی مەلا مستەفا لەلایەن سەرۆک عەشیرەتەکانەوە پەسەند کراو درایە دەستی دەوڵەتی عیراق[١]».

١- علاالدین سجادی، تاریخ جنبش های ازادی بخش مردم کرد ص ١٨٢

پاش ئەوەی داخوازییەکانی بارزانی گەیشتە دەوڵەت، ماجید مستەفا بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی و جێبەجێکردنی ئەو داخوازییانە، بەباشترین شێوە لە بەغداوە بەرەو بارزان بەڕێ کەوت و، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و ئەندامانی حزبی هیواوە، کە لەسەر ئەو بڕوایە بوون بۆ جێبەجێکردنی کاروباری کوردەکان دەچێتە بارزان - ڕەوانە کراو لە ڕێگەی هێڵی ئاسنی بەغداوە بەرەو کەرکووک بەڕێ کەوت و لە مێرگەسۆردا لەگەڵ بارزانی چاویان بەیەک کەوت و پاش ماوەی یەک هەفتە لە ١٥/١/١٩٤٤دا گەڕایەوە بەغدا. لە گەڕانەوەیدا داخوازییەکان و ئەو خاڵانەی لە سەری ڕێک کەوتبوون بەکابینەی حکوومەت ڕاگەیاند و سەبارەت بەمەسەلە و پێشنیازە پێشکەشکراوەکان لەو چاوپێکەوتنەدا سێ جۆر گێڕانەوەی جیاواز هەن کە بریتین لە:

ئا- ڕاپۆرتی ماجید نووری بۆ شۆرای وەزیران - ب: ڕاپۆرتی باڵوێزی بەریتانیا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان. ج: گێڕانەوەی کوردەکان.

بەگشتی و بەپێی سەرچاوە جیاجیاکان، لەم دانیشتنانەدا لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە ڕێک کەوتبوون: گەڕاندنەوەی شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی، دامەزراندنی ویلایەتی گەورەی کورد کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی عیراق بگرێتەوە، دانانی کوردێک لە پلەی وەزارەتدا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ویلایەتە، پەرەپێدانی لانی زۆری ئۆتۆنۆمیی کولتووری و ئابووریی کوردستان، لەسەر کار لابردن و گوێزانەوەی هەموو فەرمانبەرە ناکارامەکان و ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتەکەی خۆیان کەڵکی خراپەیان وەرگرتووە لە کوردستان، ڕەسمی بوونەوەی زمانی کوردی، ڕۆیشتنی مەلا مستەفا بۆ بەغدا بۆ ئەوەی وەفاداریی خۆی بە حکوومەت ڕابگەیەنێت.[1]» یەکێک لەو خاڵە گرینگانەی لەو سەردەمەدا لەسەری ڕێک کەوتن و کاریگەرێتییەکی هەرە بەرچاوی لەسەر بزووتنەوەی کوردی دانا، دیاریکردنی چەند ئەفسەرێکی کورد بوو بۆ ئەوەی پێوەندی لە نێوان بارزانی و دەوڵەتدا دروست بکەن. بەپێی بەڵگە و سەرچاوەکان ماجید مستەفا لەو ماوەیەدا کە کرابووە لێپرساوی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەردەوام جەختی لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە و دوور لە توندوتیژی کردبوو، لەوانەیە دۆخی سروشتی و جوگرافیایی ناوچەکە و ژمارەی زۆر و بەرچاوی هاوڕێکانی بارزانی و هەروەها یەکێتی نێوان ڕێبەرانی بزووتنەوە و لێهاتوویی و کارزانیی ئەوان لەو هۆکارانە بوون کە کاریان کردبووە سەر ماجید مستەفا بۆ ئەوەی کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی و زێدەگاڤی بۆ چارەسەرکردنی

١- بدوانە، اسرار بارزان، اردلان، ل ٧ و مرگ بود ص ٣٢



مەسەلەکە پێشنیاز نەکات. چونکە ئەو هۆکارانەی سەرەوە هەموو هەوڵ و کۆششی ڕابردوویان، (واتە کەڵک وەرگرتن لە زەبر و زەنگ و زێدەگاڤی بۆ نابووتکردنی بزووتنەوە کوردییەکان بێ ئاکام هێشتبووەوە). کەوابوو بڕیاردان لەسەر ڕێگەچارەی سەربازی و چەکدارانە دووپات و چەند پاتبوونەوەی ئەو ئەزموونە تاڵانە بوو کە کاربەدەستانی حکوومەتی عیراق زۆرجاران بەرامبەر بەمەسەلەی بارزانییەکان تاقییان کردبووەوە.

لە ئاکامی وتووێژەکاندا، وا پێشنیاز کرا کە بارزانی بۆ نیشاندانی نیەتپاکیی خۆی بەحکوومەتی ناوەندی بچێتە بەغدا، حکوومەتی عیراق وەکو تاکتیکێک وتووێژ و ڕێکەوتن لەگەڵ بارزانیی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی خۆ لەو دۆخە ناهەموارە دەرباز بکات، دەنا ئستراتیژیی ئەوان سەرکوتکردن و نابووتکردنی شۆڕشی بارزانی بوو.

حکوومەتی عیراق بۆ پێشڤەبردنی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی دەستی دایە گۆڕانکاری لە کوردستان و هەر لەو ڕاستایەدا لە ١٢ فێڤریەی ١٩٤٤ شێخ ئەحمەدی بارزانی و هاوڕێکانی کە پاش ساڵانێکی زۆر ڕاگوێزرابوون، گەڕاندەوە زێدی خۆیان، شێخ ئەحمەد لە گەڕانەوەی بۆ نیشتمان لە لادێیەک بەناوی سرێشمە لەلایەن ئەحمەد شابازەوە کە لە دۆستان و هاوڕێی نزیکەکانی بارزانی بوو بەگەرمی پێشوازیی لێ کرا و هەر لەو دێیە دەستەیەک لە بارزانییەکان کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەیان بوو، بۆ پێشوازی و پاراستنی ڕاگوێزراوەکان لە درێژایی ڕێگاکە تا دەگەنەوە بارزان ئامادە بووبوون و بارزانی خۆی لە دێی شانەدەر چاوەڕێی براگەورە و هاوڕێکانی دەکرد، بەپێی وتەی خۆی ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژی ژیانی بووە. کاتێ شێخ ئەحمەد گەڕایەوە هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە هاتنە پێشوازی و خۆشحاڵیی خۆیان لە گەڕانەوەی ئەو ڕێبەرە دەربڕی و ڕایانگەیاند کە لەگەڵ بارزانییەکاندا هاودڵ و هاوڕێن. سەرەڕای ئەمانەیش هێشتا کەسانێکی وەکو شێخ ڕەشید لۆلان و کەلحێ ڕێکانی هەبوون کە ڕکوکینەیان لە بنەماڵەی بارزانی بوو و نەیاندەتوانی ئەو ڕکوکینەیە بشارنەوە[1]).

دە ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە بارزانی لەگەڵ چەند کەس لە سەرۆک عەشیرە و هاوڕێکانیدا بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتن بۆ ئەوەی ئەو وەهم و گومانەی کە باڵی بەسەر پێوەندییەکاندا کێشابوو، لەناو ببات و ئەو ڕێکەوتنانەی پێویستن لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتدا ئیمزا بکات. ئەم چاوپێکەوتنە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی بارزانی بتوانێ لەگەڵ بەرپرسانی سەرەوەی حزبی هیوادا دیدار بکات و سەرلەنوێ سەبارەت بەبۆچوونەکانیان لەسەر

١- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد پێشوو، ل ١٠٥.

چارەسەرکردنی کێشەی کورد باسیان لەگەڵ بکات. بارزانی لە یەکێک لە باشترین و ڕازاوەترین ئوتێلەکانی عیراق (شط العرب) نیشتەجێ بوو و بەشێوەی ڕەسمی کە شایانی پاشای وڵاتێک بوو میوانداری کرا، لەو ماوەیەدا لەگەڵ جێگری پاشایەتی (نائب السلطنة) و سەرەک وەزیران و ژمارەیەک لە وەزیرەکاندا وتووێژیان کرد و حکوومەت بەڵێنی دا، ئەم خاڵانەی ماجید لە بارەیانەوە قسەی لەگەڵ کردبوون جێبەجێ بکرێن. بارزانی پاش یەک هەفتە بەرەو بارزان گەڕایەوە[١].

دیداری بارزانی و سەرۆکە کوردە هاوڕێکانی لە بەغدا، زیاتر لە دیدارێکی ڕەسمی دەچوو تا ئەوەی شوێنکەوتوویی خۆیان نیشان بدەن و بچنە ژێر ڕێبەرایەتیی حکوومەتەوە. بەپێی سەرچاوەکان بارزانی و هاوڕێکانی بەجلوبەرگی پێشمەرگەوە لە شەقامەکانی بەغدادا دەگەڕان و لەگەڵ خۆیاندا چەکیان هەڵگرتبوو، ئەمەش ڕۆژنامەنووسانی ڕەگەزپەرستی عەرەبی پەرگیری تووڕە کرد و، بەو هۆیەشەوە بوو کە بارزانی ناچاربوو ماوەی دانیشتنەکەی خۆی لە بەغدا کورت بکاتەوە. هەروەکو هەندێ لە سەرچاوەکان ئاماژەیان کردووە: «بارزانی لە ماوەی دانیشتنەکەی خۆی لە بەغدا لەگەڵ باڵوێزی بەریتانیا دیداری کرد و لەم دیدارەدا باڵوێزی بەریتانیا سەبارەت بەهەر کردەیەکی بیر لێ نەکراوە هۆشیاریی بەبارزانی دا و هەوڵی دا بیهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەوڵەت لە داهاتوودا هەڵسوکەوتی دەگۆڕێ و هەوڵ دەدات بەڕێوەبەرایەتیی باکور (کوردستان) ڕوو بەباشی پاڵ پێوەنێت.

ئەو خاڵەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە ئامادەبوونی بارزانی لە بەغدا و لەو دۆخە ناسکەدا و مێوانداریتیی شایانە و باشکۆی حکوومەت لە بارزانی و هاوڕێکانی و هەروەها دیداری ئەو ڕێبەرە شۆڕشگێڕە لەگەڵ بەرپرسانی سەرەوەی حکوومەتی عیراقدا بەڕاستی نیشاندەری ئەوەبوو کە لە دوایین ساڵەکانی شەڕی جیهانیی دووەمدا شۆڕشی بارزانی لە بواری ڕامیاری سەربازییەوە تا ئەو ڕادەیە پەرەی سەندبوو کە بەرپرسانی حکوومەت وێڕای ئەوەی بەوتووێژکردن لەگەڵ بارزانی قایل بووبوون و دانیان بەوە دانا کە بزووتنەوەکەی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینێکی ڕەوا بووە نەک یاخیگەری و ڕێگری، هەوڵیان دا لە بەرامبەر ئەو هێزە ڕوو لە گەشەسەندنەی و ئەو کەسێتییەدا وەکو ڕێبەری ڕاستەقینە و نکووڵی هەڵنەگر، لە ڕێگەی ڕێککەوتن و وتووێژەوە بچنە پێشەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر بارزانی خاوەن هێز و شکۆ نەدەبوو، بەهیچ شێوەیەک حکوومەتی عیراق نەیدەتوانی خۆی

١- مسعود بارزانی ل ١٠٥



بەوە قایل بکات میوانداریيەکی بەو چەشنە باشکۆی بۆ ڕێک بخات، ئەویش لەو حاڵەتەی هەر لەو ساڵەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی ئەو حکوومەتە بەدەستی هاوڕێکانی کوژرا بوون. هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا ماجید مستەفا هەوڵی دا بەهەر شێوەیەک بۆی بلوێت دەرفەتێک بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی باشترین کەڵک وەربگرێت بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و هێمنایەتی، هەر بەو هۆیەوە بوو نووری سەعیدی هەڵنا بۆ ئەوەی بچێتە کوردستان و بارودۆخەکە ببینێت. بەڕێز مەسعوود بارزانی لەم بارەیەوە دەنووسێت[١]: «یەک لەو هەنگاوانەی ماجید هاوێشتی، بانگهێشتکردنی ژمارەیێکی زۆر لە سەرۆک هۆزەکانی کورد بوو بۆ کەرکووک، داواشی لە نووری سەعید کرد بێتە کۆبوونەوەکە و گوتەیێک پێشکەش بکات، لەو کۆبوونەوەدا نووری سەعید قسەی کرد و مەدحی گەلی کوردی کرد و بەڵێنی دا ئەم پەیمانە بەجێ بهێنێ[٢]».

هەندێ لە سەرچاوەکان دەڵێن: «ماجید مستەفا لەو دیدارەدا سەرۆکە کوردەکانی ڕێنوێنی کرد چۆن داوای مافی کورد بکەن و بە چ شێوەیەک لەگەڵ کێشەی کورد ڕووبەڕوو بینەوە و ئەگەر دەوڵەت بەڕاستی لەگەڵیاندا ڕێک نەکەوت بە چ شێوەیەک پاڵەپەستۆی بخەنە سەر[٣]». ئەو دژکردەوە و ڕووبەڕووبوونەوانەی ماجید مستەفا سەبارەت بەکێشەی کوردستان، بڕوای ژمارەیەک لە ئەندامانی حزبی هیوای سەبارەت بەو پیاوە کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی لە ڕاستای بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانەکەیدا بوو بەهێزتر کرد.

لە حاڵێکدا هەوڵی ئاشتیخوازانە و تێکۆشانی ئەفسەرە کوردەکان و ماجید مستەفا خەریک بوو دژایەتییەکانی نێوان حکوومەت و بارزانییەکانی کاڵ دەکردەوە، وەرچەرخان و گۆڕانکاریی نوێ لە جیهاندا خەریک بوو ڕووی دەدا، کە بارودۆخی عیراق و سیاسەتی بەریتانیای سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە و بەتایبەت کێشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی دەخستە ژێر کاریگەریتیی خۆیەوە. ئەو گۆڕانکارییە نوێیە لەوە سەرچاوەی دەگرت کە دەستتێوەردان و یارمەتیی مادی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هاوکێشەی هێزەکانی لەو شەڕەدا بەقازانجی هێزە هاوپەیمانەکان شکاندەوە و شکستی یەک لەدوای یەکی ئەڵمانییەکان لە بەرەکانی شەڕدا دەلاقەگەلێکی نوێی لەبەرچاو هێزی هاوپەیمانەکاندا کردەوە.

١- کوچرا، پێشوو، ل ١٧٧

٢- بارزانی، پیشین ص ١٠٦

٣- سجادی پیشین ص ١٨٦

دەوڵەتی بەهێزی نووری سەعیدی سەرەک وەزیری عیراق داتەپی و نووری لەسەر کار لابرا، ئەم گۆڕانە کتوپڕە لەو دۆخە ناسکەدا بووە هۆی سەرسوڕمان و داخ و کەسەری هەمووان بەتایبەت کورد کە هیوایان بەدوارۆژی وتوویژەکان پەیدا کردبوو، ئەگەرچی ڕادەربڕین و قەزاوەت سەبارەت بەکردەوەی سیاسیی ئەم سەرەک وەزیرە بەهێز و ناودارە عیراقییە کە هەشت جار لەم وڵاتەدا کابینەی دامەزراند، کارێکی سانا نییە، بەڵام ئەوەی ڕوون و دیارە ئەوەیە کە ئەو بەرەچاوکردنی بارودۆخی ناسکی جیهان لە سەردەمی خۆی و کەڵک وەرگرتن لەو وێنەیەی لایەنگرەکانی وەکو لایەنگری مافەکانی کورد خستبوویانە ڕوو، هەوڵی دەدا لانی کەم لایەنی نەتەوەیی ناوەنجیی کورد بەلای خۆیدا بکێشێت و بەوتەیەکی تر لە بارزانی دووریان بخاتەوە، بەڵگەش ئەوەبوو کە لە سەفەرەکەی خۆی بۆ کەرکووک داوا لە وەزیری ڕاوێژکار لە کاروباری کوردستان واتە ماجید دەکات لە کوردستان بمێنێتەوە و چەک و کەرەستەکانی شەڕ لە بارزانییەکان بسێنێت و بیداتە حکوومەت. ماجید جێبەجێبوونی ئەو داخوازییەی مەرجدار کرد بەو چاکسازیکارییانەی لەلایەن دەوڵەتەوە بەڵێن درابوو و بەهۆی سەرنج نەدان بەو چاکسازیکارییانە لەلایەن دەوڵەت و حکوومەتەکەی نووری سەعیدەوە بەتوندی ڕەخنەی لە دەوڵەت گرت[١].

تەنگژەی عیراق و کوردستان لە ئاکامدا دەبێتە هۆی دارمانی دەوڵەتەکەی نووری سەعید لە ٣ی ژووئەنی ١٩٤٤ و ئەو مەسەلەیە نیگەرانیی ئینگلیزی لە بەرامبەر ڕووداوەکانی کوردستان زیاتر کرد. لەگەڵ دارمانی کابینەی نووری سەعید و پێکهێنانی کابینەی نوێ لەلایەن حەمدی پاچەچییەوە کە ماجید هیچ جێگە و پێگەیەکی لەوێدا نەبوو بارودۆخ باری ئاسایی خۆی لە دەست دا و کێشەکە بەرەبەرە ئاڵۆزتر بوو و، پێوەندییەکان تا ئەو جێگەیە کاڵتربوونەوە، کە ئەو نیمچە هێمنایەتییەی بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی زۆرەوە بەدیهاتبوو، تێک چوو جارێکی تر کوردستانی عیراق بەرەو ڕووداوی تازە ملی دەنا. کاری ئەفسەرە ناوبژییەکان کۆتایی پێ هات و تەنانەت ڕێگایان پێ نەدرا بچنەوە سەر کارە پێشووەکانیان و کابینەی نوێی حکوومەتیش کەمترین بایەخی بەو خاڵە داواکراوانەی سەبارەت بەناوچە کوردنشینەکان دیاری کرابوون، نەدا. بەرپرسانی سوپا بەدگومان بوون لەو ئەفسەرانەی گەڕابوونەوە بۆ بەغدا، لەناو ئەو ئەفسەرانەدا بەپێی داخوازیی ڕێبەرانی حزبی هیوا عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو هەوڵێکی تازەیان

١- بڕوانە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، مسعود بارزانی ص ١٠٦ و کریس کۆچرا پێشوو ل ١٧٩



بۆ دروستکردنەوەی متمانەپێکراویی ئەو حزبە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانی عیراق دەست پێ کرد. هەر بەو مەبەستە عیزەت عەبدولعەزیز بۆ دروستکرنەوەی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی سیاسیی کوردەکانی سووریا کە ناوی (خۆیبوون) بوو نێردرایە سووریا و مستەفا خۆشناو و میر حاجیش بۆ پێوەندگرتن لەگەڵ ئەندامە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی (ژ-ک) چوونە شاری مەهاباد لە کوردستانی ئێران. لەوانەیە مەبەست لەو هەوڵانە ئەوە بووبێت حزبە سیاسییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا پێوەندی و یەکێتی لەناو خۆیاندا دروست بکەن و پێکەوە بەرنامەی خەباتێکی بەربڵاو و گشتگر و هاوکات و هەماهەنگ و ڕێکوپێک بۆ دەربازبوون لە ستەمی نەتەوەیی دابڕێژن و دەست پێ بکەن. دەوڵەتی عیراق بەو کارەی زانی و هەروەها کە چاوەڕوان دەکرا بەهاتنەوەی ئەو ئەفسەرانە بۆ بەغدا لەگەڵ دژکردەوەی توندی حکوومەتدا ڕووبەڕووبوونەوە و، فەرمانی دەرکردنیان لە سوپا دەرچوو، میر حاج کە پێش ئەوانی تر هاتبووەوە گیرا و بۆ کەرتولعیمارە دوورخرایەوە. مستەفا خۆشناو و عیزەت عەبدولعەزیز لەو ڕووداوە بەئاگابوون و خێرا خۆیان گەیاندە بارزان، ئەم ڕووداوە نیشاندەری تێکچوونی پێوەندییەکان و نالەباربوونی هەلومەرجەکە بوو[١].

کردەوەکانی حکوومەتی عیراق و ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن نیشتمان پەروەرانی کوردی نێو دەزگا حکومییەکانی ناوەندەوە دەگەیشت نیشاندەری ئەو ڕاستییە بوون کە حکوومەتی عیراق مافی کورد لەبەرچاو ناگرێت و بەنیازی ئەوەیە کە تا پێداویستییەکانی ئۆپەراسیۆنێکی بەربڵاوی نیزامی بەپاڵپشتی هێزەکانی ئیمپریالیزمی بریتانیا جێ بەجێ بکات. هەر بۆیە بارزانی بۆ جارێکی تر هەوڵی دا تا ئامادەکاری پێویست بۆ بەرگریکردن لە بەرامبەر ئەو هێرشە بەربڵاوەدا پێک بێنێت[٢].

ئەزموونی چەن ساڵەی خەبات ئەو ڕاستییەی دەرخستبوو کە یەکەمین هەنگاوی گرنگ بوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ڕێکوپێکی بەرەنگاری کۆتایی هێنانە بە دووبەرەکی خێڵ و عەشیرەتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و یەکخستنی هەموو هێز و توانای سەرەک خێڵ و عەشیرەتەکانە تا بەو شێوەیە دەروازەکانی کوردستان لە ڕووی دوژمن دابخرێت. هەر بۆیە پێویست بوو تا بارزانی وێڕای دەست پێکردنی گەشتێک بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی

١- بڕوانە، سەجادی، پێشوو، ل ١٦١ و ١٦٠.

٢- هەمان، ل ١٨٨.

کوردستان بە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستان ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ فێڵ و هێرشەکانی حکومەتدا بدۆزێتەوە.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە گرینگە بارزانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ گەشتەکەی خۆی بۆ ناوچەی زیباری و سوورچییەکان دەست پێ کرد و تکای لێ کردن ناکۆکییەکان وەلابنێن و پێک بێنەوە و ئەو کۆنە قینی هۆزایەتی لە بیر بەرنەوە و کێشەی گەل بخەنە ژوور هەموو کێشەیەکەوە، بەڵێنی تەواوی لە سەرۆک هۆزەکان وەرگرت کە لایەنی گەل بگرن و دوای هەڕەشە و تەماحی حکومەت نەکەون پاشان هاتەوە بارزان بۆ دەست پێکردنی قۆناخی تر کە بریتییە لە گەشت بە ناوچەی هەولێردا[1].

هەموو سەرچاوەکان سەبارەت بەو سەفەر و دیدارانە و هەروەها ڕاوێژکارییەکانی مەلا مستەفا بارزانی هاوڕان. لەوانە، یەکێک لە سیاسەتڤانە دەستڕۆشتووەکانە کە ئەمڕۆ یەک لە ئەندامە پایەبەرزەکانی حزبی یەکێتی نیشتمانییە لە کوردستانی عیراقدا، لەم بارەیەوە دەڵێت: مەلا مستەفا لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٤، لەگەڵ هەندێ لە ئەفسەرەکانی سەردانی هەموو سەرەک هۆز و پیاوە دەمڕاستەکانی زێباری، سوورچی، هەرکی، خۆشناو، شەقلاوە، دەشتی هەولێر گەشتێکی سیاسیی دەست پێ کرد، هەر لەم گەشتەدا سەردانی سەعید قەزاز، موتەسەریفی هەولێری کرد. حکوومەتی عیراق لە گەشتەکەی مەلا مستەفا و، چالاکیی ئەفسەرەکان کەوتە گومان و هێزەکانی جەیش و شوورگەی ساز دەدا[2]».

سەرچاوە ناوبراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن بارزانی وای مەبەست بوو، لە بەهاری داهاتوو سەردانی ناوچەکانی تری کوردستان بکات. بەڵام بارودۆخی گشتی تێک چوو، بەرەبەرە دوژمنایەتیی نێوان حکوومەتی عیراق و بارزانی بەهۆی خۆنەبانکردنی حکوومەت لە داخوازییە دیاریکراوەکان کە لەلایەن ڕێبەرە کوردەکانەوە ڕاگەیەندرابوو، خۆی دەردەخست. بارزانی لە دوایین هەوڵەکانی خۆیدا بۆ بەرگریکردن لە خراپتر بوونی بارودۆخەکە و دەست پێکرانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتدا جارێکی تر نامەیەکی بۆ وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەو کاتەی عیراق نووسی و داخوازییەکانی ڕاگەیاندەوە، لەو بارەیەوە نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: «لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ مەلا مستەفا یادداشتێکی دا بەوەزارەتی ناوخۆ، کورتەکەی ئەمە بوو:

١- بارزانی، مسعود، پێشوو، ل ١١٠
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٣ لاپەرە ٤٨



١- یەکخستنی ناوچە کوردنشینەکانی کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، دهۆک و خانەقین.
٢- دانانی وەزیرێکی کورد لە وەزارەتدا کە بەرپرسی کوردستان بێ.
٣- لە هەر وەزارەتێکدا جێگرێکی وەزیر لە کورد دابنرێ.
٤- کاروباری ڕۆشنبیری، ئابووری، کشتوکاڵ، جگە لە کاروباری جەیش و شوورگە لەژێر دەسەڵاتی ئەم وەحدە ئیدارییەدا بێ[1]».

وردبوونەوە لە دەقی ئەو نامەیەی مەلا مستەفا بۆ وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەوکاتەی حکوومەتی عیراقی ناردووە و بەراوردکردنی لەگەڵ داخوازی و ڕاگەیاندنە پێشووەکانی ڕێبەری بارزانییەکان، یان نوێنەرەکانی، ڕوونکەرەوەی ئەوەیە کە هەرچی کات تێ دەپەڕێ، ڕواڵەتە سیاسییەکانی ئەو شۆڕشە زیاتر خۆ دەردەخات، هەموو داخوازییەکانی بارزانی لە حکوومەتی عیراق ناوەڕۆکی سیاسی و نەتەوەییان هەیە و بەهیچ جۆرێ گومان لەوە ناکرێت ئێستا ئیتر ڕاپەڕینەکەی بارزانی ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی سیاسی و ئەو خۆیشی ڕێبەری ڕزگاریخوازی هەموو جەماوەری کوردستانی عیراقە، هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی بارزانی نەیتوانی خواست و ویستی بەرپرسانی حکوومەتی عیراق بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی بارزانی بەکەڵک وەرگرتن لە کەرەستەی سەربازی، کەم بکاتەوە.

پەرەسەندنی بزووتنەوەی بارزانی لە کوردستان تا ئەو ڕادەیە ئینگلیز نیگەران دەکات کە بۆ بەرگریکردن لە ڕوودانی تەنگژەی سەربازی لە باکوری عیراقدا هەوڵ دەدەن حکوومەتی عیراق ناچار بکەن هەندێ چاکسازی ئەنجام بدات، هەر بەو هۆیەوە «کۆرنڤالیس لە دیدارێکدا لەگەڵ وەزیری نوێی کاروباری ناوخۆ پێشنیازی پێ دەدات کە بەرنامە چاکسازییەکان لە کوردستان جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی بارزانی جارێکی تر بەبیانووی پارێزگاری لە مافی کورد خۆ دەرنەخاتەوە و جەختیش دەکاتەوە کە دەوڵەتی عیراق نابێ بەبێ ڕاوێژکاری لەگەڵ ئەو (نڤالیس)دا بڕیارێک دەربکات کە ببێتە هۆی شەڕی چەکداری[2]». گومان لەوەدا نییە کە ڕادەی توانا و هەروەها پەرەسەندنی ڕەهەندی جوگرافیایی شۆڕشی بارزان مەسەلەیەکی وانەبوو کە ئینگلیز پشتگوێی بخەن و هەر بەو هۆیەوە بوو ئینگلیز دەترسان شۆڕشێکی بەهێز و توانا لە کوردستان ڕووبدات، لەبەرئەوە هەوڵیان دا بەرپرسانی عیراق بەقەرەبووکردنەوەی کەمایەسی و بێبەریکردنی لە

١- هەمان، ل ٤٩ و ٥٠
٢- جنبش ملی کرد، کوچرا، ل ١٨٠

ڕادەبەدەری ناوچەکە ناچار بکەن، لە لایەکی ترەوە بەریتانیا هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی لە نێوان حکوومەتی عیراق و کورددا وتووێژ دەست پێ بکات و بەوپەڕی زیرەکییەوە هەوڵیشی دەدا تا ئەو کاتەی بارودۆخەکە بەلایەکدا دەکەوێ بەرگری لەوە بکات کە گرفت و کێشە نوێیە سەربازییەکان لەو ناوچەیەدا دەربکەون و بەپێی ئەو سەرچاوانەی خۆیان نووسیویانە: «ڕاپەڕینی مەلا مستەفا لەو کاتەدا بەباشی داخوازیی خۆی بەشێوەی ئاشکرا بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاند. لەم ڕووەوە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا لە ڕاپۆرتێکی خۆی بەئاماژەکردن بەچەند چالاکییەکی چەکدارانەی هێزەکانی مەلا مستەفا لەوەی کە هێز و توانای ئەو شۆڕشە ڕوو لە زیادبوونە نیگەرانیی خۆی ڕادەگەیەنێت[1]». ترس لە پەرەسەندنی بەردەوامی ئەو شۆڕشە تا بەو ڕادەیە بوو کە باڵوێزی ئینگلیز لە عیراق ناچار بوو چەندجار لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانیدا دیدار و وتووێژ بکات. گومان لەوەدا نییە کە بارزانیش هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئەو پێوەندییەوە لەگەڵ باڵوێزی بەریتانیا و بەرپرسانی تری ئەو حکوومەتە لە عیراق سەرنجیان بۆ کێشەی کورد ڕابکێشێت و هاوکات لەگەڵ پێوەندی لەگەڵ ئەوانەدا ئەوەیان پێ بڵێت کە سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتنی شۆڕشی بارزانی هیچ مەترسییەک ناخاتە بەردەم بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی بەریتانیا؛ پێوەندیی نێوان بارزانی و باڵوێزی بەریتانیا «کنیان کۆرنڤا ئەلیس» شتێکی نکووڵی هەڵنەگرە. بەردەوامبوونی پێوەندی لە نێوان بارزانی و ئینگلیز هەوڵێکی بێ ئومێدانە بوو لەلایەن بارزانییەوە کە بەو هۆیەوە و لە ڕێگەی پاڵەپەستۆ خستنە سەر عیراق لەلایەن ئینگلیزەوە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ و سەربازییانە دژی شۆڕشی بارزانی کەم بکاتەوە و، دەتوانرێ بگوترێ لەم پێوەندییەدا بەوتەی بارزانی خۆی دووربینییەک ڕەچاو کرا بوو.

هەر لە میانەی ئەم ساڵانەدا بارزانی بۆ ئەوەی ئەستوونەکانی دەسەڵاتی ناوخۆیی قایم بکاتەوە و دەستڕۆیشتوویی خۆی پەرە پێ بدات لەگەڵ کچی مەحموود ئاغای زێباریدا زەماوەندی کرد و بەم زەماوەندە سیاسییە، دوژمنی لەمێژینە و بەتوانای خۆی هێنایە ڕیزی هەڤاڵبەندەکانی خۆیەوە و بازنگەی دەستڕۆیشتوویی تا سەر سنوورەکانی ئێران بەرین کردەوە. بارودۆخ بەجۆرێک بوو دەتوانین بڵێین فەرمانی چۆڵکردنی ناوچەی بارزان لەلایەن هێزە دەوڵەتی و فەرمانبەرە حکوومەتییەکانەوە لەسەر باوەڕی ڕاوێژکاری سیاسی ناوچەی

١- و. همدی، ترجمه بهزاد خوشحالی، کردستان و کرد در اسناد محرمانه بەریتانیا ص ١٣١



باکوری عیراق کە ئەفسەرێکی لێهاتوو بوو بەناوی ماژوور کەنیچ، هەوڵێکی پارێزگارانە بوو بەرامبەر پەرەسەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی هێز و توانای بارزانی، بۆ بەرگریکردن لە ڕوودانی پێکدادانی سەربازییانە ئەنجام دراو و پاش دەرچوونی ئەو فەرمانە و لە ماوەی ڕۆژ و مانگەکانی داهاتوودا کە ئەو هەلومەرجە بەدووی خۆیدا هێنابووی، سەردەمێکی هێمن و نارەسمی لە باکوری عیراق هاتە ئاراوە؛ هێزە دەوڵەتییەکان لە باکوری عیراق کشانەوە. ناوچەکە لە کردەوە سەربەخۆ بوون و بارزانی خۆی بەڕێبەری کوردستان دادەنا و بۆ لەناوبردنی گرفتی ناو عەشیرەکان تا شاری دهۆک چوو[1]. دەتوانرێ بگوترێ کە هەوڵدانی بارزانی لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤ بەتەواوی زەمینەیەک بوو بۆ ئەوەی ئامادەییەک بەدی بێنێت بە مەبەستی بەرگریکردن لە هەمبەر هێرشی هێزەکانی حکوومەتدا و بێ گومان بارزانی ئەو کارەی بە شتێکی چاوەڕوانکراو دەزانی. لەم هەلومەرجەدا باڵوێزی بەریتانیا لە عیراق بانگ کرایەوە بۆ وڵاتەکەی، لە دەمودەستی بەجێهێشتنی عیراق ئەو باڵوێزە بۆ چەندەمین جار هەوڵی دا جارێکی تر بارزانی هان بدات تا پێملی دەستوور و داخوازییەکانی حکوومەتی عیراق بێت و بەهیچ شێوەیەک کارێکی وا نەکات کە ببێتە هۆی ئاژاوە لە باکوری عیراق. هەر لەو ڕاستایەدا لە ٢٠ی مارچی ١٩٤٥ بەدوای وتووێژە سەرزارەکی و نووسینە پێشووەکانی خۆیدا نامەیەکی بۆ بارزانی نارد و تێیدا نووسی: «بەو هۆیەوە کە نەمتوانی ڕووبەڕوو خواحافیزی لە جەنابت بکەم داوای لێبووردن دەکەم، بەڕای من پێویستە ژیانێکی نوێ لە ناوچەکە دەست پێ بکات کە بەئاشتی و هێمنایەتی پشتی بەستبێت. ئەمڕۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد یەکجار لە دوێنێ ساناترە. بەریتانیا هەنووکە گرفتاری دوژمنایەتیی ئەڵمانیا و ئیتاڵیایە، کەواتە داوا لە جەنابتان دەکەم دۆستایەتیی بەریتانیا هەڵبژێرن نەک هاوکاری دوژمنەکانی ئەو وڵاتە». وردبوونەوە لە بەشی دوایی ئەو نووسراوە و لەحنی ئەدەبیی ئەو وشانە کە تێیدا بەکارهێنراون ڕوونکەرەوەی ئەو ترسەیە کە ئینگلیز لە دڵیاندایە لەوەی هێزە یەکگرتووەکان سەرنجیان بدەنە ناوچە نەوتاوییەکانی کەرکووک، کە بۆ ئەوان بایەخێکی زیندووی هەبوو و، درێژەی نامەکە بەڵێنێکە کە ئەو بۆ ئومێدوارکردنی بارزانی بەئاساییبوونەوەی پێوەندییەکان ئاماژە بەمەسەلەی یاسای لێبووردنی گشتی دەکات کە دەستووری کاری دەوڵەتی عیراقە. (هەر لەو کاتەدایە کە حکوومەتی عیراق لەسەر ڕازیبوونی مەجلسی سەنا و عەوام، یاسای لێبووردنی گشتیی بارزانییەکان بەژمارەی

١- هەمان ل ١٣٣

١٨٠٠ی ساڵی ١٩٤٥ لە مانگی ئاوریلدا بڵاو دەکاتەوە، لەوەدا هێزەکانی بارزانی دەکەونە بەر لێبووردەیی و هەموو چالاکییەکانیان دژی حکوومەت تا پێش ٢٢ی فێڤریی ١٩٤٤ دەگرێتەوە، بەڵام ئەم یاسایە گشتگر نەبوو، کاریگەرێتیی سنووورداری هەبوو[1])، «چونکە هەموو ئەو چەکدار و پۆلیس و فەرمانبەرانەی لە شۆڕشەکەی بارزانیدا بەشدارییان کردبوو بەر ئەو لێبووردنە نەدەکەوتن[2]» ، ئەو یاسایەی سەرەوە بەهیچ شێوەیەک ئاشتی و هێمنایەتیی لە باکوری عیراقدا جێگیر نەدەکرد. چونکە زۆربەی ئەندامانی شۆڕشەکەی بارزانی ئەفسەری سوپا و فەرمانبەری دەوڵەتیی حکوومەتی عیراق بوون و دەتوانرێ بگوترێ ئەوانە ئەستوونی سەرەکی هێزە خەباتکارەکان بوون و بەر ئەو لێبووردنە نەدەکەوتن، بارزانی هەرگیز نەیدەتوانی مامەڵە و ڕێککەوتنی لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا هەبێت، چونکە لەو حاڵەتەدا بەشێکی زۆر لە هێزە سیاسی و چەکدارەکانی ناو شۆڕشەکە کە لە پێناوی خەبات بۆ ڕزگاریی نیشتمان و گەلدا بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان وەلاوە نابوو، دەبوونە قوربانی.

لەم کاتەدا دوژمنایەتیی دەوڵەتە هێزمەندەکان لە ئەوروپا ڕوو لە کۆتایی بوو و ئینگلیزیش بەبانگکردنەوەی باڵوێزی خۆی کۆرنڤا ئەلیس کە لەگەڵ بارزانیدا ئاشنایی لەمێژینەیان هەبوو، بەکردەوە کۆتایی بەپێوەندییە تایبەتییەکەی خۆیان لەگەڵ بارزانی هێنا. باڵوێزی تازەی بەریتانیا لە سەرەتای دەستبەکاربوونەکەی خۆی لە عیراق بۆ سڕینەوەی نیگەرانیی بەرپرسانی حکوومەتی عیراق بەهۆی پێوەندییەکانی بەریتانیا و بارزانی ڕای خۆی بەو جۆرە دەربڕی: «بەرپرسانی سەرەوەی ئینگلیزی هەرگیز گوێ نادەنە ئەو کوردانەی خۆیان بە ڕێبەری جەماوەر دەزانن، کورد تەنیا بەهاووڵاتیی عیراق دەزانن نەک وەکو کەمینەیەکی تایبەت» .

ئەم ستراتیژییە دوژمنانەیەی دەوڵەتی بەریتانیا لە ڕاستیدا ڕێگەپێدان بوو بەعیراقییەکان تا کوردستان بخەنەوە بەر هێرش، بەو هۆیەوە بەرەبەرە کەوتنە تەدارەک و چەکدارکردنی ئەو سوپایەی دەبوو لە هێرشکردنە سەر بارزانییەکاندا کەڵکیان لێ وەربگیرایە. هەڵبەت بارزانی بەتەواوی لە مەبەستی حکوومەت بەئاگا بوو و هەر لەو کاتەدا هێزێکی گرینگی سیستماتیک لەناو بزووتنەوەکەی بارزانیدا پێک هات.

١- جنبش ملی کرد ص ١٨١

٢- کریس کوچرا، پێشوو، ل ١٨٠



## ز- لیژنەی ئازادی و دەوری ئەو لیژنەیە لە گۆڕانکاری و بەردەوامبوونی ڕاپەڕینەکەدا

سەردانی ئەفسەرە نێوبژییەکان بۆ ناوچە کوردنشینەکان لەو هەوڵانە بوو کە بەپێشنیازی ماجید مستەفا و لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە ئەنجام درا. ئەو ئەفسەرانە هەموویان کورد و ئەندامی حزبی هیوا بوون، کە بەڕۆیشتنیان بۆ کوردستان و پێوەندیگرتن لەگەڵ ڕێبەری شۆڕشدا چوونە ڕیزی لایەنگرەکانیەوە و ئەو کاتەی لە گەڕانەوەیاندا بۆ ناو یەکەی سوپاکەیان کەوتنە بەر گومانی حکوومەت و تەنانەت هەندێکیان و لەوانە عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو کەوتنە بەندیخانە و بڕیاری دوورخستنەوەیان بەسەردا سەپا، بەتەواوی خۆیان یەکلایی کردەوە و چوونە ناو ڕیزی شۆڕشەکەی بارزانییەوە. بەهۆی بەدیهاتنی گۆڕانکاری لە بارودۆخی عیراقدا بەتەواوی پێویست بوو کورد لە هەلومەرجی سیاسی و سەربازیی وڵات و پێوەندییە جیهانییەکان ئاگادار بن بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی گونجاو و مەنتیقی بۆ درێژەپێدانی خەباتەکەیان هەڵبژێرن.

هەر لەو ڕاستایەدا ئەو ئەفسەرانە پاش چەندین کۆبوونەوە لیژنەیەکیان بەناوی لیژنەی ئازادییەوە دامەزراند کە فەرماندەی ئەو لیژنەیەش لە ئەستۆی ڕێبەری لەمێژینە واتە مەلا مستەفا بارزانیدا بوو. لیژنەی ئازادی بەیانێکی دەرکرد و لەوەدا لەگەڵ ئەوەی بوونی خۆی ڕاگەیاند، مەبەست و بەرنامەکانی خۆی بەشێوەی خوارەوە دیاری کرد:

١- ڕزگارکردنی کوردستان و ئازادکردنی لە زوڵم و زۆرداری.

٢- پێکهێنانی دەستەی چەکدار بۆ پاراستنی کوردستان.

٣- پێکهێنانی پێوەندیی برایانە لەگەڵ هەموو حزب و ڕێکخراوە نیشتمانی و ئازادیخوازەکانی ناوچەی کوردستان.

٤- گەیاندنی دەنگی گەلی کورد و زۆر لێکراوەکانی کوردستان بەهەموو ڕای گشتیی جیهان بەهۆی باڵوێزخانەکانی دەوڵەتانەوە.

٥- ڕیسواکردنی سیاسەتی دوژمنکارانەی حکوومەتی بەغدا سەبارەت بەگەلی کورد[1]»

لیژنەی ئازادی پاش ئەوەی بوونی خۆی ڕاگەیاند، لەلایەن هەموو جەماوەری کوردستان و بەتایبەت قوتابیان و فێرخوازانی زانستگاوە پشتیوانیی لێ کرا. یەکەم هەوڵی بەرچاوی لیژنەکە ناردنی نامەیەک بوو بۆ ڕژێمی عیراق تێیدا داوا لەو ڕژێمە کرابوو

١- مسعود بارزانی، پێشوو ل ١١٠ و نەوشیروان مستەفا ئەمین پێشوو، ل ٤٩

سەرنج بداتە داخوازییەکانی گەلی کورد سەبارەت بەدەستەبەرکردنی مافە سەرەکی و مرۆڤییەکانی و، باری نائاسایی و ئامادەیی سەربازییانە بەکۆتایی بهێنێت، وێنەی ئەو نامەیە بۆ هەموو باڵوێزخانە گرینگەکان نێردرا بۆ شاری بەغدا. ئەو کردەیە هەوڵێکی دەست ئەنقەست بوو بۆ ئەوەی کێشەی کورد بەهەموو وڵاتانی جیهان بناسێنرێت. لێژنەی ئازادی تەنانەت خۆیان لە ئاگاکردنەوەی ڕۆشنبیرانی عەرەب و فێرخوازانی زانستگا نەبان نەکرد، یەکەم دژکردەوەکان بەدەرکردنی بەیانێک دەستی پێ کرد کە لەلایەن لاوە کوردەکانەوە بۆ پشتیوانی کردنی بێ سێ و دوو لە لێژنەی ئازادی دەرچوو و لە ئاستێکی بەربڵاودا بڵاوکرایەوە و بۆ ئاگاداربوونی حزبی هیوا لەو کردەیە وێنەیەک لەو بەیانە بۆ نووسینگەی ناوەندیی ئەو حزبە بەڕێ کرا، کە لە ئەنجامدا شەپۆلێکی هەرە گەورەی پشتیوانی کردنی بەدووی خوێدا هێنا.

پرسیاری بنەمایی ئەوەیە لەو سەردەمەدا کە حزبی هیوا لە عیراق درێژەی بەبوونی خۆی دەدا و ئەندامانی سەرەکیی دامەزرێنەری لیژنەی ئازادی بەتەواوی ئەندامی حزبی هیوا بوون، هۆی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نوێ بەناوی (لیژنەی ئازادی) چ بوو؟ بۆچوون لەسەر ئەو بابەتە وایە کە لەوانەیە ئەو ئەفسەرە لاوانە وایان دانابێت حزبی هیوا لەمەولا لە ڕێبەریکردن و ڕێنوێنکردن و هەروەها هەوڵدان بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە دەوری نابێت و ئەم دامەزراوەیە بەو مەبەستە دامەزرابوو کە بۆشایی هاوڕێیەتی نەکردنی حزبی هیوا لە بزووتنەوەکە پڕ بکاتەوە و یان لەوانەشە بۆچوونی دەستەی دامەزرێنەر ئەوە بووبێت کە حزبی هیوا مەسەلە سیاسییەکانی بزووتنەوەکە ڕێبەری بکات و بەڕێوەی ببات، بەشی بەرەوانی و سەربازیش بەشێوەی جیا لەژێر چاودێریی لیژنەی ئازادیدا بەڕێوە بچێت. ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان و هەوراز و نشێوەکان لە داهاتوودا نیشانی دا کەوا کاروباری سەربازی و چەکدارانە بەلێژنەی نوێباو سپێردرا.

هەڵبەت لەو سەردەمەدا حزبی هیوا تووشی ناکۆکیی ناوخۆیی بووبوو، ناکۆکییە سەرەکییەکانی ئەندامانی حزبەکە لەسەر دوو بابەت بوو: یەکەم ئەوەی ئایا پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی بارزانی پێویستە یان نا؟ دووەم بۆ سەرکەوتنی شۆڕشە ڕزگاریخوازەکەیان پێویستییان بەکامە لە دوو دەوڵەتە بەهێزەکەی ڕووسیا و بەریتانیا هەیە[1]؟ بەپشت بەستن بەو بەڵگە و سەرچاوانەی بەدەستەوەن دەتوانرێ بگوترێ ئەندامانی هیوا بەردەوام بوون لەسەر پشتیوانی کردنی خۆیان لە بزووتنەوەی بارزانی و

١- نەوشێروان، پێشوو، ل ٥٠



نووسراوە فرە و فراوانەکان لە نێوان حزبی هیوا و لیژنەی ئازادی و بارزانیدا ڕوونکەرەوەی ئەو ڕاستییەن.

گومان لەوەدا نییە کە لەو ماوەیەدا حکوومەتی عیراق جووڵانەوەکانی بارزانی و پێوەندییەکانی ئەوانیان لەگەڵ هیوا و لایەنگرەکانی تریان خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە، هەروەهایش حزبی هیوا بەوردی لە جووڵانەوە سەربازییەکانی حکوومەت ئاگادار بوو و بارزانی و هاوڕێکانی ئەویشی لەو بارودۆخە ئاگادار دەکردەوە.

«لە مانگی مارچی ١٩٤٥ لەلایەن حزبی هیواوە هەواڵ بەناوچەی بارزان درا کە تیپی چواری سوپای عیراق گەیشتووەتە باپشتیان و مەبەستی وایە ڕۆژی پێنجی مانگ هێرش بکاتە سەر ناوچەی بارزان، بارزانییەکان خۆیان بۆ بەرەڤانی ئامادە کرد و هێڵی بەرەوانی و بەرەکانی شەڕیان بەو شێوەیەی خوارەوە دیاری کرد:

هێڵی بەرەوانی لە ڕۆژهەڵات (شێتنە) بەڕێبەرایەتیی مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحموود لە ناوچەی مێرگەسۆر و برادۆست. هێڵی بەرەوانیی ڕۆژئاوا: ناوچەی ئامێدی و ڕێکانی بەفەرماندەیی عیزەت عەبولعەزیز و عەبدولحەمید باقر، هێڵی بەرەوانیی باشوور بەفەرماندەیی شێخ سەلام کوڕی شێخ عەبدولسەلام. بارزانی بەو فەرماندانەی سپارد بوو تا لە شەڕ و هێرش و پێکدادان خۆ بپارێزن، مەگەر ئەو کاتەی ناچار ببن بەرگری لە خۆیان بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەو جموجووڵەدا دیسانەوە دیدار و چاوپێکەوتنەکان لە نێوان بەرپرسە دەوڵەتی و لێپرسراوەکانی ئینگلیز لەلایەکەوە و بارزانی و ئەفسەر و هێزە لایەنگرەکانی لەلایەکی ترەوە دەستی پێ کردەوە»[1] پێوەندی و نامەگۆڕینەوە و وتوویژ لە نێوان بارزانییەکان و حزبی هیواشدا بەردەوام بوو، لە پاڵ ئەو پێوەندی و نامەگۆڕینانەوەدا کەوا کۆمیتەی ناوەندیی حزبی هیوا هەبوونی دامەزراوەیەکی سیاسی و چەکدارانەی ڕێکوپێک و سیستماتیک بەپێویست دەزانێت بۆ ئەوەی پێی وایە بەهۆی دامەزراوەیەکی لەو چەشنە سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز دەستەبەر دەبێت. حزبی هیوا لە دەستپێشخەری و ئامادەیی سەربازیی هێزەکانی بارزانی بۆ بەرگری لە بەرامبەر هێرشی سوپای عیراق دەوری سەرەکیی هەبوو. دەسەڵات و وزەی ڕوو لە زیادبوونی هێزەکانی بارزانی و ڕادەی ئامادەیی و توانای ئەوان کە بێ گومان ئینگلیز بەتەواوی ئاگاداری بوون، بووە هۆی ئەوەی ئینگلیز هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆیان جارێکی تر دەست پێ کردەوە، بەو مەبەستەی یان لە ڕێگەی وتوویژ چارەسەری گرفت و کێشەکان بکرێت یان

١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بارزانی و بزووتنەوەی...١١١-١١٣و سەجادی مێژووی بزووتنەوەی ل١٨٨

ئەوەی لە بەرامبەر بارزانییەکاندا دان بەجەرگی خۆیاندا بنێن بۆ ئەوەی ماوە و دەرفەتی پێویستیان بەدەستەوە بێت تا هێزە چەکدارەکانی خۆیان بەمەبەستی سەرکوتکردنی یەکجارەکیی شۆڕشی بارزان و بزووتنەوەی کوردستان ئامادە بکەن، هەر لە ڕاستای ئەو ستراتیژییەدا نوێنەری باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ڕێگەی پارێزگاری هەولێرەوە بارزانیی ئاگادار کردەوە کەوا ئامادەیە بۆ چارەسەری کێشەکە لەگەڵ بارزانیدا دیدار و وتووێژ بکات. (نوێنەری ناوبراو کاپیتان ستۆکس هاتە هۆریان و لەوێ چاوی بەبارزانی کەوت و وتووێژی لەگەڵ کرد. لەو وتووێژانەدا نوێنەری بەریتانیا داوای لە بارزانی کرد خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای عیراق بپارێزێت کە لە ژێر چاودێریی بەرپرسانی سیاسی و ئەفسەرە بەریتانییەکان لە ناوچەی بارزان دەیانەوێ بەمەشق و ڕاهێنانی سەربازییەوە خەریک بن، مەبەست لەو مەشق و ڕاهێنانەش فێرکردنی شێوەگەلی نوێی سەربازیانەیە و حکوومەتی عیراق ئامانجی سیاسی و سەربازیی لەو ئارایشتە نییە و نابێ ئێوەش بەو شێوەیە بیر بکەنەوە. هەروەها ئەو نێردراوەی باڵوێزخانەی بەریتانیا پێشنیازی کرد کەوا پێویستە بارزانییەکان ملکەچی دەستوور و فەرمانەکانی حکوومەتی عیراق بن و ئەو ئەفسەرانەش کە هاتوونە ڕیزی هێزەکانی بارزانییەوە بگەڕێنەوە سەر شوێنەکانی خۆیان لەناو سوپای عیراقدا.

وتەکانی نێردراوی باڵوێزخانەی بەریتانیا، بارزانیی ڕووبەڕووی دۆخێکی ئاڵۆز کردەوە. بارزانی لە وەڵامی ئەو وتانەدا هەڵوێستی بێ بێنەوبەرەی خۆی نواند و وتی: ئێمە هەرگیز ئەفسەرە کوردەکان تەسلیمی سوپای عیراق ناکەینەوە. وتووێژەکان لە ڕۆژانی دواییدا لەسەر داخوازی پارێزگاری هەولێر بۆ چاوپێکەوتنی مەلا مستەفا و قەبووڵ کردنی ئەو داخوازییە لەلایەن ڕێبەری بزاڤەوە درێژەی کێشا. لەم چاوپێکەوتنەدا کە لە ئاوایی «مەزنە» ڕووی دا نوێنەرانی حکوومەت داواکارییە کۆنەکانی خۆیان جارێکی تر دووپات کردەوە و بارزانی بەبێ هیچ جۆرە ترس و دوودڵییەکەوە پێی لەسەر داخوازییەکانی خۆی داگرت و پەیامێکی بۆ سەرۆکی باڵای ئەرتەشی عیراق لەو ناوچەیەدا نووسی کە دەقەکەی ئاوا بوو: «خەبەرمان پێ گەیشتووە کە ئێوە بە بیانووی ڕاهێنان و مەشقی سەربازی خەیاڵی هێرش بردنتان هەیە. بۆیە پێتان دەڵێم کە هەر شتێک ڕووبدات بەرپرسیارێتی هەر چەشنە خەسارەتێکی گیانی و ماڵی لە ئەستۆی ئێوەیە»[1] بۆیە فەرماندەی سوپا لە وەڵامی ئەم پەیامەدا بەڵێنی دا کە حکوومەت بەنیازی ئەوە نییە هێرش بکاتە سەر

١- هەمان، ل ١٢١



ناوچەی بارزان بەڵام مەلا مستەفا هەر نیگەرانی وەزعەکە بوو کە دەوڵەتی عیراق و بریتانیا چالاکییەکی تازەیان بۆ وتووێژکردن لەگەڵ مەلا مستەفا دەست پێ کرد، هەر بۆیە پارێزگاری هەولێر لە ٣٠ ی مانگی ئاورێلدا خەبەری دایە مەلا مستەفا کە «میجرموور» ڕاوێژکاری ڕامیاری و نیزامی بریتانیا دەیەوێ چاوی بە ڕێبەرانی بزاڤ بکەوێت، مەلا مستەفا بۆ نیشاندانی هەڵوێستی جوامێرانەی خۆی ئەو داخوازییەی قەبووڵ کرد. بەڵام کاتێ نوێنەرانی کورد گەیشتنە شوێنی دیاریکراو بۆ چاوپێکەوتنی موور پێشتر ئەو شوێنەی بەجێهێشتبوو هەر بۆیە چاوپێکەوتنەکە ڕووی نەدا.[1]

کەمێ دواتر بە بارزانی خەبەر گەیشت کە ئیسماعیل نامیق وەزیری بەرگری بەنیازە لەگەڵ عیزەت عبدالعزیز لە «پیرمەم» چاوپێکەوتن بکاتن. ئەم جارەشیان نوێنەرانی بارزانی گەیشتنە شوێنی دیاریکراو بۆ چاوپێکەوتنەکە و چاوەڕوانی وەزیری بەرگری بوون بەڵام چاوەڕوانییەکە بێ سوود بوو چونکە ئیسماعیل نامیق پێش هاتنی ئەوان گەڕابوویەوە بۆ بەغدا و نوێنەرانی بارزانی لەجیاتی ئەو لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی ئەرتەشی عیراق سالح سائب چاوپێکەوتنیان کرد و، دوای ئەو دیدارە بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن و لەوێ لە باڵیۆزخانەی بریتانیا چاویان بە «میجرموور» کەوت. ڕەنگە لەو دیدارەدا بەڵێنی ئەوە درابێت کە حکوومەتی بەغدا و وەزارەتی بەرگری لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی چوونەتە ڕیزی شۆڕشەوە هەڵسوکەوتی خراپ ناکات هەر بۆیە دوای ئەم دیدارە بوو کە ئەفسەرانی کورد خۆیان تەسلیمی ئەرتەشی عیراق کرد. بەڵام سوپای عیراق ٢٠ ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە لە دادگای سەربازیدا (بەشێوەی غیابی) ئەفسەرە ناوبراوەکانی دادگایی کرد.

ژمارەیەک لەو ئەفسەرانە پێش تەسلیم بوونەوە لە مەبەستی حکوومەتی عیراق گەیشتن و جارێکی تر چارەیان بەوە زانی بچنەوە ڕیزی بزووتنەوەکەی بارزانی[2]، لە دوایین دیداری نوێنەرانی حکوومەت لەگەڵ بارزانی واتە لە ٢٠ی ژوییەدا پارێزگاری هەولێر جارێکی تر شێلگیرانە پاڵەپەستۆی خستە سەر بارزانی تا مل بۆ داخوازییەکانی حکوومەتی عیراق نەوی بکات. بارزانی کە ئێستا لە هەر کاتێکی تر زۆرتر ئامادەی بەرگریکردنە وتەکانی پارێزگاری هەولێری بەهەند نەگرت و هەر جۆرە پەسەندکردنی داخوازییەکانی حکوومەتی بەدەستەبەرکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد و خۆی مەرجدار

١- سەجادی، پێشوو، ل ١٩٠

٢- بارزانی، پێشوو، ل ١١٩

کرد کە ئەو کاتە ئەو حکوومەتە خۆی لێ نەبان کردبوو؛ ئەو وتووێژانە پاش چەند مانگ گەیشتە بنبەست و کوردستان کەوتە ناو دۆخێکی ناخۆش و نالەبارەوە و نەبوونی و فەقیری گەیشتبووە ئەو پەڕەکەی خۆی، حکوومەتیش بەجێگەی ئەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لە ڕادەبەدەرانە بدات، بەئامادەکردنی هێزە سەربازییەکانی خۆیەوە خەریک بوو کەوا بەبیانووی مەشق و ڕاهێنانەوە بۆ شەڕ ئامادەیان بکات، بۆ ئەوەی هێرشێکی بەربلاو بکاتە سەر ناوچەکە. مەبەستی سەرکوتکارانەی حکوومەتی عێراق بۆ بارزانی و هاوڕێکانی بەتەواوی ڕوون بوو. هەر بەو هۆیەوە بوو کە بارزانی لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٦/٢٥ دوای ئەوەی لەگەڵ فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی خۆیدا دیداری کرد، سەفەری کرد بۆ ناوچەکانی دهۆک، ئاکرێ، شنگار، شێخان، ڕەواندز، کۆیە، ڕانیە، هەڵەبجە و خانەقین کە بێ گومان مەبەستی لەو سەفەرانە بەئاگاکردنی سەرۆکی عەشیرەتە جیاجیاکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بوو، لە ئامانجەکانی حکوومەتی عێراق و ڕاوێژکاری بوو لەگەڵ ئەواندا بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی مەنتیقی بەمەبەستی بەرگریکردن بەرامبەر هێرشەکەی حکوومەت کە، بەو زووانە ئەنجام دەدرا؛ لەو سەفەرانەدا توانیی ڕەزامەندیی هەموو سەرۆک عەشیرەکان وەدەست بێنێت. بارزانی لە گەڕانەوەدا بۆ بارزان نامەیەکی لە پارێزگاری هەولێرەوە پێ گەیشت تیایدا نووسرا بوو. «پێویستە لە ماوەی ٣ ڕۆژدا خۆت و سەرۆک عەشیرەتەکان تەسلیمی دەوڵەت بن، بەپێچەوانەوە بەرپرس دەبیت لە بەرامبەر هەموو ئەو زەرەر و زیانە گیانی و ماددییانەدا پێک دێن»[١] ئەو نووسراوە ئۆلتیماتۆمێکی توندوتیژە و لەوانەیە بتوانرێ بگوترێ ڕاگەیاندنی شەڕە لەلایەن حکوومەتەوە. حکوومەتی عێراق و هێزەکانی بەریتانیا ئێستا ئیتر کات و دەرفەتێکی باشیان دەست کەوتبوو بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان، هەر بەو هۆیەوە کەنداڵ میر ڕاوێژکاری سیاسیی مووسڵیش لە هەوڵدانێکی هەماهەنگکراو لەگەڵ حکوومەت نامەیەکی بۆ بارزانی نارد و تێیدا نووسیبووی (ئەگەر بڕیارەکانی حکوومەت جێبەجێ نەکەن لە هەموو بەخششەکانی ئێمە بێ بەری دەبن).[٢]

باکوری عێراق و کوردستان و ناوچەی بارزان هەنووکە وەکو هەمارێکی بارووت وایە کە تەنیا بەپزیسکێک دەتەقێتەوە. هەوڵی بەربلاو و هەمەلایەنەی ئینگلیز بۆ ماوەدا و ناکۆکی خستنە نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکە و عەشیرەتەکانی بارزان لەلایەکەوە و

١- سجادی پێشوو، ل ١٦٦

٢- هەمان، ل ١١٧



ئەفسەرە نیشتمانپەروەر و بەئاگاکان لە لایەکی ترەوە وەکو ستراتیژی دیار و پێوار، بەوشیاریی هێز و لایەنە ڕۆشنبیرەکان و دامەزراندنی (لیژنەی ئازادی) سەریان دای لە بەرد. بەمەرجێک بەریتانیا و حکوومەتی عێراق بیانتوانیایە بەئامانجەکانی خۆیان بگەن و بنە هۆی ڕێگەگرتن لە ئامادەبوونی هێزە ڕۆشنبیرەکان لە ڕیزی شۆڕشەکەی بارزانیدا، بێ گومان لە قۆناخی دوایییدا بەپڕوپاگەندە و درۆودەلەسە وایان نیشان دەدا کە بزووتنەوەی بارزانی و بەبۆچوونی ئەوان ئەو ڕەوتەی لە بارزان لە ئارادایە، سەرهەڵدانێکی عەشیرەتییە و بەسەرپێچی و لادان لە یاسا ڕاهاتووە. کاتێ بارزانی بەوەی زانی کە، گومان لەوەدا نییە بەریتانیا لە پێناوی دەست گەیاندن بەبەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆی بزووتنەوەکەی ئەو دەکاتە قوربانی، بڕیاری دا لە بۆچوونی حکوومەتی سۆسیالیستیی سۆڤیەتی سەبارەت بەبزووتنەوەکە ئاگادار بێت و هەر بەو مەبەستە یەکێ لە هاوڕێ نزیکەکانی خۆی بەناوی (مامەند مەسیح) ناردە کوردستانی ئێران کە لەو سەردەمە لە ژێر دەسەڵات و چاودێریی یەکێتیی سۆڤییەتدا بوو، بۆ ئەوەی داوا لە نوێنەری ئەو حکوومەتە بکات تا بۆ بینینی ناوچەی بارزان بێتە ئەو ناوچەیەوە. لە وەڵامدانەوەی ئەو داواکارییە، بەوتەی بەڕێز مەسعوود بارزانی، دوو کەس لە ئەفسەرانی سۆڤیەتی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستانی عێراق نێردرانە ناوچەی بارزان و پاش چەند کۆبوونەوە، بەڵێنیان دا پشتگیریی شۆڕشی بارزان بکەن و بڕیار درا بارزانییەکان لەگەڵ حزبی کۆمەڵەی (ژ.ک) پێوەندی دروست بکەن و هاوکارییان هەبێت. پاش ئەو ڕێکەوتنانە دوو ئەفسەرە ناوبراوەکە گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران»[١]. سەرچاوەکانی تر لەو بارەیەوە هیچ شتێکیان نەنووسیوە و، بەمەرجێ شتێکی لەو چەشنە ڕووی دابێت لەوانە نییە کە بەریتانییەکان بێ ئاگا بووبن لێی. گومان لەوەدا نییە یەکێک لەو هۆکارانەی کە بەریتانیای لە داهاتووی بزووتنەوەی بارزانی ترساندبوو ئەو ئەگەرە بوو کە بەمەرجێ سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان لەگەڵ حکوومەتە سۆسیالیستییەکەی سۆڤیەتدا پێوەندی دروست بکەن. سەبارەت بەدەڤەرە نەوتاوییەکەی کەرکووکیش کە ئینگلیز وەکو سەرچاوەیەکی هەرە گرینگ سەیریان دەکرد ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بووبوونەوە کە بەسەرکەوتنی کورد ئەو دەڤەرەش دەچووە ژێر دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەکەیانەوە، ئایا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە دوارۆژ ڕووبەڕووی مەترسییەکی حەتمی نەدەبووەوە؟

١- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل ١٢٨

## ح: پێکدادانی چەکدارانە لە ساڵی ١٩٤٥دا

هەروەک ئاماژەی پێ کرا لە دیدارە پێشووەکانی نێوان هەردوو لایەنەکە (بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی عیراق) ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان نەدۆزرایەوە، هەر بەو هۆیەوە حکوومەتی عیراق بۆ ئەوەی زیاتر کۆنترۆڵی بارودۆخی ناوچەی بارزان بگرێتە دەست، بڕیاری دا جارێکی تر بنکەکانی ژاندارمیری لەو ناوچەیەدا بکاتەوە. دەنگ هەڵبڕینی بارزانییەکان بەرامبەر بەو کردەوەیەی حکوومەت کاری نەکردە سەر بڕیارەکە و هەر لەو کاتە یەکێک لە هاوڕێ نزیک و باوەڕپێکراوەکانی ڕێبەری بارزانییەکان بەناوی ئولوو بەگ لە بنکەیەکی سەربازی و لە ناوچەی مێرگەسۆر لەلایەن پۆلیسەکانی حکوومەتەوە کوژرا و ئەوەیش ئەو پریسکە بوو کە ئاگری شەڕی هەڵگیرساند. جەماوەری خەڵک بەئاگاداربوونەوە لەو ڕووداوە بڕیاریان دا بەرگری بکەن و لە یەکەم هەوڵی خۆیاندا ئەو بنکە سەربازییەیان گرت و ئەو کرێکارانەی خەریکی دروستکردنی بینای بنکەکە و فێرگە بوون لەلایەن هێزەکانی بارزانییەوە دەرکران. لەو دەمودەستەدا مەلا مستەفا لە دەرەوەی بارزان بوو و لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە بەنامەیەک لەو ڕووداوە ئاگادار دەکرێتەوە، شێخ ئەحمەد لە نامەکەیدا نووسیویەتی:

«شەڕ لە نێوان هێزەکانی بارزان و دەوڵەتدا دەستی پێ کرد و بارزانییەکان هەندێ لە بنکەکانی دەوڵەت و لەوانە مێرگەسۆریان گرت و ئولوو بەگی خاڵیشمان کوژرا، کەواتە بگەڕێنەوە[1]». بارزانی وای نەدەزانی لە نەبوونی ئەودا شەڕ دەست پێ بکات، دیدارەکەی خۆی بەنیوەچڵی هێشتەوە و ڕێگەی بارزانی گرتەبەر بەو هیوایەی بتوانێ بەرگری بکات لەوەی بارودۆخەکە خراپتر بێت. بەڵام کار لە کار ترازا بوو، لەمێژ بوو حکوومەتی عیراق و بەریتانیا بۆ بیانوویەک دەگەڕان تا بەبۆنەی ئەوەوە بارزانییەکان سەرکوت بکەن.

ڕۆژی دوای ئەو ڕووداوە ئەسعەد ئاغای خۆشەوی سەرای بارزان (بنکەی نوێنەری دەوڵەتی ناوەندی)ی گرت و بارزانی بەرامبەر بە هۆشدارییەکانی کۆڵۆنێل میری ئینگلیزی، داوای کرد هەموو هێزە چەکدارەکان لە ناوچەکە بکشێنەوە و بەم پێیە هەموو شتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە و گرینگ و لە هەمان کاتیش چارەنووساز دەستیان بەیەکەوە دا.

١- سەجادی پێشوو، ل ١٦٧



لە ١٨ی ئەگۆستی ١٩٤٥ ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار دەدات کە بەخێرایی ناوچەی بارزان بەهۆی هێزی چەکدارەوە داگیر بکات و (جەنایەتکارەکان بگرن[1]) لەو دەمەدا حکوومەتی عیراق لەسەر دووڕیانێکی هەڵبژاردنی دژواردا ڕووبەڕوو بوو: لەلایەکەوە بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست ڕێگە بەوە بدات خەباتکارانی بارزانی کە لەلایەن حکوومەتەوە بەجەنایەتکار دادەنران ! درێژە بەبوونی خۆیان بدەن و لە باکوری عیراق و ناوچەی کوردستان بابەتێک بەناوی ئۆتۆنۆمی، یان هەر جۆرە سیستەمێک کە کەمترین نیشانی لە چەق سڕینەوە تێدا بێت، بێتە ئاراوە و، لەلایەکی تریشەوە بەئاگا بوو لەوەی کە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی بارزانی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتە بەربڵاوەی لەناو جەماوەردا هەیبوو و، هەروەها هەڵکەوتوویی و باری جوگرافیایی ناوچەی باکوری عیراق، کارێکی سانا نییە.

بەرپرسانی حکوومەتی بەریتانیش بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی نیوبەند (دیفاکتۆ) و پێکهاتەی نالێکچووی دانیشتوانی عیراق و دەستڕۆیشتوویی بزووتنەوەی بارزانی لەناو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا، هەروەها بەهرەمەندیی ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و ئەندامە پایەبەرزەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە بواری زانستی سیاسی و بەئاگابوونیان لە بارودۆخی سیاسیی جیهان و گرینگایەتیی ستراتیژیی ئەو دەڤەرە جوگرافییە لە دیدی دەوڵەتە بەهێز و هێرشبەرەکانی دنیاوە، زۆر حەزی لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی بارزانی نەبوو بەو شێوەیەی کە عیراقییەکان و دەوڵەتەکەیان دیارییان کردبوو، کە ئەویش سەرکوتکردنێکی بەتەواوی و خێرا بوو بەکەڵک وەرگرتن لە هێزی چەکداری. پێشنیازی ژەنەراڵ ڕانتێنی ئینگلیزی سەبارەت بەدواخستنی هێرشی سەربازییانە نیشاندەری ترسانی ئینگلیز بوو لەوەی کە تەنگژەیەکی سەربازی بێتە ئاراوە، لە کاتێکدا هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی بارزانییەکان بەم زووانە سەرکوت بکرێن و لەناو بچن. بەڵام عیراقییەکان پێداگر بوون لەسەر ئەوەی بەکەڵک وەرگرتن لە هێرشی خێرای سەربازی لە کەمترین ماوەدا ناوچەی بارزان داگیر بکەن. ئینگلیز لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سیستەمی چالاکیکاری سوپای عیراق هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بەیاسا و ڕێسای سەربازیگەریی جیهان نییە و زۆربەی سەربازە چەکدارەکان بەشێوەی پێویست بۆ ئامادە بوونیان لەو شەڕدارانە هاتوون؛ هەر بەو هۆیەوە بوو کە باڵوێزخانەی بەریتانیا بەسەرەک وەزیرانی عیراق ڕادەگەیەنێت کەوا دەوڵەتەکەی ئەو مەیلی لەوە نییە هیچ هاووڵاتییەکی بەریتانی لە پێکدادانە

١- کوچرا، پیشین، ل ١٨٣

ناوخۆییەکانی عیراقدا بەشداری بکەن. هەوڵەکانی بارزانی بۆ بەرگریکردن لە پێکدادانی چەکدارانە کاری نەکردە سەر گۆڕینی بڕیارەکەی حکوومەتی عیراق و لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٨/٨ کابینەی حکوومەتی ئەحمەد پاچەچی ئەو بڕیارەی دەرکرد: (پاش گەیشتنی ئەو هەواڵانەی باسی تێکچوونی ئاسایش دەکەن لە ناوچەی بارزان و دەوروبەری و، لەبەرئەوەی ئەو کردەوە تاوانبارانەی مەلا مستەفا بارزانی و تاقمەکەی دژی ئاسایشی گشتی ئەنجامیان داوە و چونکە پێویستە هێمنی و ئارامی بگەڕێتەوە و تاوان ڕوونەداتەوە، بڕیار درا ناوچەی بارزان بەهۆی سوپای عیراقەوە داگیر بکرێت، پێویستە دەستی بەسەردا بگیرێ و تاوانباران بگیرێن و بدرێن بەدادگا. دەسەڵات درا بەوەزیری بەرگری، بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم بڕیارە، تا چی پێویست بێ بیکا[1]».

لە مانگی ئاگۆست حکوومەتی عیراق ژمارەیەکی زۆر هێزی چەکدار کە زیاتر لە چل هەزار کەس بوون و لە هێزی شەڕکەری سوار و پیادەی عیراقی و هەزاران کوردی کرێگرتە پێک هاتبوون و جارێکی تر بەهۆی ترس خستنەبەر و شڕەخۆرییەوە چووبوونە ڕیزی هێزە سەرکوتکەرەکانی بەغدا، ناردە کوردستان. هێزی ئاسمانیی بەریتانیا و عیراق پشتیوانیی ئەو لەشکرە چەکدارەیان دەکرد. لە هەمبەر ئەو لەشکرەدا مەلا مستەفا توانیبووی ٥٠٠٠ کەسی چەکدار بۆ بەرگریکردن لە کوردستان و ناوچەی بارزان ئامادە بکات».

ئەگەرچی بارزانی لە سەفەر و دیدارەکانی خۆی کە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عیراق بەڵێنی هاوکاری کردنی لە ژمارەیەکی زۆری ڕێبەر و سەرۆک عەشیرەتەکان سەندبوو بەڵام لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستپێکردنی پێکدادانی چەکدارانەوە، دەرکەوت ژمارەیەکی زۆر لەو سەرۆک عەشیرەتانە چوونەتە ڕیزی سوپای عیراقەوە و بەپێی نووسینەکەی بەڕێز مەسعوود بارزانی: لە سەرۆک هۆزەکان، کەمیان لەسەر پەیمانی خۆیان مابوون، ئەویش تا ماوەیەکی کورت، ئەوانی دی هەموویان چەکی خیانەتیان هەڵگرت و دەگەڵ حکوومەت کەوتن و بوون بە جاش، هەندێکیشیان پێش ئەوەی هیچ بکەن گیران و خرانە زیندانەوە.»

لەم قۆناخەدا هێزەکانی دەرەوەی ناوچەی بارزان لەناو هاوڕێکانی بارزانیدا ئامادەبوونیان هەیە. وێڕای ئەمەش ژمارەیەک لە ئەفسەرانی لێهاتوو کە لە ژێر چاودێریی هێزەکانی ئینگلیز فێری زانست و تەکنیکی سەربازی بەشێوەی نوێی چەکدارانە کرابوون لەناو ڕیزی هێزەکانی بارزانیدا دەبینران.

١- بارزانی- پێشوو، ل ١٢٥



لەو پێنج هەزار چەکدارە خەباتکارەی کوردستان و ناوچەی بارزان سێ هەزاریان بارزانی و ئەوانی تریان لە ناوچەگەلی وەکو باڵەک، برادۆست و زێبارەوە هاتبوون. ڕاپەڕینەکە لەلایەن قوتابیان و جەماوەری خەڵکەوە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و بەربڵاو پشتگیری دەکرا. چونکە هەموو جەماوەری خەڵک بەتەواوی ئاگادار بووبوونەوە و گرینگایەتیی ئەو ڕاپەڕینەیان بۆ دەرکەوتبوو. یەکەم پێکدادان لە پرۆسەی ئەو شەڕە نابەرابەرە لە جێگایەک بەناوی سیدەکان ڕووی دا و جارێکی تر تامی تاڵی شکستی بۆ هێزەکانی حکوومەت بەدواوە بوو. بەپێی سەرچاوەکان زیاتر لە هەزار کەس لە هێزەکانی حکوومەت لەو شەڕەدا کوژران. لە بەرەکانی تری شەڕ وەکو مێرگەسۆر، بارزان، ئاکرێ و زاخۆ، هێزەکانی حکوومەتی زەبری قورس و کوشندەیان لێ کەوت و شکستیان هێنا[1]».

سەرکەوتنی یەک لەدوای یەکی بارزانی لە بەرە جیاجیاکانی شەڕدا واتە لە ڕۆژهەڵات، ناوەند و ناوچەی ڕۆژئاوادا بەهۆی دەستڕۆیشتوویی و بڕواپێکراویی ئەو ڕێبەرەوە بەردەوام بوو. بەرخودانی دلێرانەی پێشمەرگە خەباتکارەکان لە شەڕ و پێکدادانە جیاجیاکاندا، وێڕای نابەرابەریی زۆر لە ڕووی ژمارەی چەک و هێزی ئینسانی و پێداویستییە سەربازییەکانەوە بووبووە هۆی سەرسوڕمانی هەموو بەرپرسانی پایەبەرزی حکوومەتی و بەپێی نووسراوەکان دۆخ و کەشوهەوایەکی خەمگین بەسەر کۆڕ و کۆبوونەوە دەوڵەتییەکاندا سێبەری کردبوو. فەرماندەی باڵای سوپا هۆی ئەو بەرخودان و سەرکەوتنە نەترس و دلێرانەیەی بەیارمەتیدانی ئەوان لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە دەزانی کە بێگومان مەبەستی ئەو یەکێتیی سۆڤیەت بوو.[2]»

لەوانەیە عیراقییەکان بۆ پاساودانەوەی ناشایستەیی و شکستەکانی خۆیان و بەهەند نەگرتنی لایەنەکانی شۆڕشی بارزانی، بەبێ بەدەستەوەدانی هیچ بەڵگەیەک وڵاتە بیانییەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە یارمەتیی ئەو شۆڕشە دەدەن. هەروەها ئینگلیزیش بۆ بەکەم دانانی ئەو شۆڕشە مەزنەی بارزانی هۆی شکستە یەک لەدوای یەکەکانی هێزەکانی حکوومەتی بەهەڵە فرە و فراوانەکانی فەرماندە سەربازییەکانی عیراقی دادەنا. «ژەنەراڵ ڕانتۆن لە ڕۆژی یازدەی سێپتامبەردا سەرۆکی حکوومەتی عیراق بەتوندی سەرکۆنە دەکات و ڕادەگەیەنێت کە فەرمانادەیی کردنی هێزەکانی عیراق لە هەمبەر کورد یەکجار شپرز و پڕ

١- کۆچرا پێشوو، ل ١٨٣
٢- هەمان، ل ١٨٤

له هەڵە بووە و نابێ تەنیا لە یەک بەرەی شەڕدا لەگەڵ دوژمن شەڕ بکرێت[١].» هێزی ئاسمانیی عیراق بەپشتیوانیی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا بەمەبەستی زەبر وەشاندن و شکست پێ هێنانی کورد بەتوندی بنکەکانی ئەو هێزانەیان بۆمباران کرد، وێڕای ئەوە و بەو هۆیەوە کە هێزەکانی بارزانی بەناو شاخەکاندا پرشوبڵاو بووبوونەوە و تەنیا لە یەک شوێندا کۆ نەبووبوونەوە، خۆیان بەدەستەوە نەدا و بەرخودانەکەیان بەربڵاوتر بوو. هەرچی کات بەسەر شەڕەکەدا تێ دەپەڕی بەرخودان و قارەمانێتی نواندنی بارزانییەکان زیاتر و زەبر لێکەوتن و خەساری هێزەکانی حکوومەتیش زیاتر دەبوو. هێزەکانی ئینگلیز و حکوومەتی عیراق لە حاڵێکدا کە لەگەڵ بەرخودانی چاوەڕوان نەکراوی هێزەکانی بارزان ڕووبەڕوو بوونەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی گومان لەوەدا نەماوە کە ناتوانن بەبەردەوامبوون لەسەر ئەو شێوازە، بەسەر بارزانییەکاندا سەرکەون. کەوابوو وایان بەباش زانی دەست بدەنە ستراتیژییە کۆن و باوەکەی خۆیان کە زۆر مەترسیدار بوو ئەویش ئەوەبوو (ناکۆکی بنێرەوە و دەسەڵات بەدەستەوە بگرە). لە حاڵێکدا کە شەڕ بەتوندی لە هەموو بەرەکاندا بەردەوام بوو لەپڕ ڕووداوێکی نوێ ڕووی دا و وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەو کاتەی دەوڵەتی عیراق کە ڕێگەی پێ درابوو بەکەیفی خۆی چی پێویستە بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان ئەنجامی بدات، بڕێکی زۆر چەک و پارەی لە نێوان سەرۆکی ئەو عەشیرەتانەدا کە دوژمنایەتیی دێرینەیان لەگەڵ بارزانییەکاندا هەبوو، دابەش کرد و هانی دان بۆ دژایەتی و خەیانەتکردن بە بارزانییەکان و، بەم کارە دوو کەس لە سەرۆکە دەستڕۆیشتووەکان بەناوی مەحموود ئاغای زێباری (خەزووری بارزانی) و مەحموود خەلیفەی برادۆستی قوت کردەوە بۆ خەیانەتکردن بە بارزانییەکان و، بەپێی سەرچاوە ئینگلیزییەکان (لە ١٤ی سیپتامبەردا لەپڕ بارودۆخ بەلای باشەدا گۆڕا! و مەحموود ئاغای زێباری، خەزوور و هەڤاڵبەندی بارزانی خۆی تەسلیمی بەرپرسانی حکوومەت کرد. خەیانەتی سەرۆک عەشیرەکان، لە پێشدا سوورچی و گرینگتر لە هەمووان زێبارییەکان جارێکی تر لەوپەڕی دەسەڵاتدا بارزانییەکانیان ڕووبەڕووی شکستێکی تاڵ کردەوە.

لە ئەنجامی ئەو یەکگرتنەی بەرەی خەیانەتی ناوخۆیی لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی عیراقدا لە شەڕی چارەنووسسازی شاخی (پێرس هێزەکانی بارزانی شکان و حکوومەت لە یەکەمی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥دەستی بەسەر ئەو شاخەدا گرت و لە حەوتەمی ئەو مانگەدا

١- ڕوحانی بابا مردوخ، پیشین ٥٣٨



بارزانیان داگیر کرد[١]»، شکانی بارزانییەکان بەدەستی بەرەی یەکگرتوو (هێزەکانی حکوومەت و لایەنی خەیانەتکاری کوردی کە بەهۆی خۆفرۆشیی هەندێ لە سەرۆک هۆزەکان بەحکوومەت زانیارییەکی زۆر و نکووڵی هەڵنەگری خستە دەستی حکوومەتەوە، بارزانی بەرەو ڕووی تەنگژەیەک بووبووەوە چونکە تورکەکانیش سنوورەکانی خۆیان لەسەر ئەوان داخستبوو، هەڵبەت ئەمە یەکەمجار و دوایین جار نەبوو کە بارزانییەکان تووشی تەنگژە و گرفتی لەو چەشنە دەبوون. ئەو کاتەی ڕێبەرانی شۆڕش خەیانەتی هێزە عەشیرەییەکان و سەرۆکەکانی ئەوانیان بینی بەو ئەنجامە گەیشتن کەوا بەردەوامبوون لەسەر ئەو شەڕەی لە سەرەتاوە مەبەست لەو شەڕە دەستەبەرکردنی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد بووە و هەنووکە وەهای لێ هاتووە کورد ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە و کایەیەکیان دەست پێ کردووە لە هەر شێوەیەکدا لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی دوژمندایە، ڕێبەرانی سیاسی و چەکداری و هەروەها سەرۆک عەشیرەتەکان چارەیان بەوەدانا ڕێگەی کوردستانی ئێران بگرنەبەر و بچنە ڕیزی ئەو شۆڕشەی لەو ناوچەیە و بەڕێبەرایەتیی قازی محەممەد هاتبووە ئاراوە. هەروەها سەرچاوەکان نووسیویانە «سەرەنجام لیژنەی ئازادی بڕیاری دا پێش وەرزی زستان بۆ بەرگریکردن لە زیانی گیانی وماڵی بەرەو کوردستانی ئێران پاشەکشە بکات. پێشتریش پرس و ڕای بە سۆڤیەتییەکان و کۆمەڵەی (ژ- ک)یان کردبوو و، هەردوو لا داواکەی بارزانییان قەبووڵ کردبوو، بارزانییەکان ڕۆژی ١١/١٠/١٩٤٥ لە سێگۆشەی سنوور بەخاووخێزانەوە لەگەڵ تاقمێک لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی کورد خۆیان گەیاندە کوردستانی ئێران[٢]» شۆڕشەکەی بارزانی لەم قۆناخەدا وێڕای سەرکەوتنە گرینگەکان لە سەرەتاوە لە گەیشتن بەئامانجەکانی مایەوە.

سەبارەت بەهۆکارەکانی شکانی ڕاپەڕینەکە لەم قۆناخە دەبێ بگوترێ کە وێڕای ناهاوکێشیی هێزی چەکدار و کەرەستە و پێویستییە سەربازییەکان لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕەکە و هاوکاریی سەربازی و سیاسیی بەریتانیا لەگەڵ حکوومەتی عیراق کە کاریگەرێتیی زۆری لەسەر شکست هێنانی شۆڕشەکە هەبوو؛ خەیانەتی هێزە ناوخۆیی و سەرۆک عەشیرەتەکانیش کە بەهۆی بەڵێنی درۆی حکوومەتی عیراقەوە زۆر بێ شەرمانە بەڵێنی خۆیان لەگەڵ بارزانیدا پساند و خۆیان خستە خزمەتی دوژمنەوە، هۆکارگەلێکی بەرچاو بوون لەو شکست هێنانەدا. وێڕای ئەمەش مەسەلەیەکی گرینگی تر کە دەبێ

١- کوچرا، پێشوو، ١٨٥. بارزانی پێشوو، ل ١٣٦ و ١٣٥.

٢- حسین مدنی، کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، ل ٢١٣ و ٢١٤.

ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە بارزانییەکان لە ڕووی جێگیرکردن و دامەزراندنی هێزەکانی خۆیانەوە و بەکۆکردنەوەیان لە ناوچەی بارزان و دەڤەرە نزیکەکانی ئەو ناوچەیە، ئەو هێزانەیان کێشایە بازنگەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی نابەرابەر و نایەکسان کە ئەنجامەکەی جگە لە شکست هیچی تری بەدواوە نەدەبوو. چونکە هێزێکی عەشایەری کە خۆی لەخۆیەوە سەری هەڵدابێت و بەبێ پشتیوانی و بەرگریکەری دەرەکی خۆی کێشابێتە ناو شەڕێکی کلاسیکی درێژخایەنەوە، ئەگەرچی وەکو بارزانییەکان نەترس و دلێریش بن بەڵام لە هەمبەر هێزێکی بەرفراوانی چەکدار و سەربازیی حکوومەتێکدا خۆیان پێ ناگیرێت. بەمەرجێک بارزانی بەجێگەی ئەوەی هەموو هێزەکانی خۆی لە بارزان و دەوروبەری ئەو ناوچەیەدا کۆ بکردبایەتەوە بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دابەشی بکردایەن، بەرنامەی هێرش و چالاکیی پارتیزانی واتە (زەبرلێدان و دوورکەوتنەوەی بۆ ئەو مەبەستە و دژی حکوومەت دابڕشتبایە و ڕێگەی بدایە لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان چالاکیی چەکدارانەیان دژ بەحکوومەت ئەنجام بدایە، ئەگەرچی بەشێوەی پرشوبڵاویش، لەوانە بوو بەم شێوەیە بیتوانیایە حکوومەت بکێشێتە ناو شەڕێکی دەروونی و دارمێنەوە و ناچاریان بکات ملکەچی داخوازییەکانی بن.

# پاژی سێیەم

# بارزانییەکان و کۆماری کوردستان

## ئا: بارزانی لە ڕێگەی بەرەو ئێراندا

هێرشی بەربڵاوی هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عیراق بەپشتیوانیی هێزی ئاسمانیی عیراق و بەریتانیا لە لایەکەوە و، خەیانەتی عەشایەری ناوچەکە، کە لەجیاتی ئەوەی بەرامبەر بە دەستدرێژکار و داگیرکەران شەڕ بکەن، لە ڕیزی ئەواندا و دژی بارزانی شەڕیان دەکرد. لە لایەکی ترەوە و داخرانی سنوورەکانی تورکیا بەفەرمانی بەرپرسانی دەوڵەتی تورک بۆ بەرگریکردن لە چوونە ناوەوەی پەنابەرە کوردە عیراقییەکان کە بووبووە سیناریۆیەکی فرەپات و، بارزانییەکانی خستبووە ناو دۆخێکی تەنگژاوی و مەترسیدارەوە، بووبوونە هۆی نالەباربوون و ئاڵۆزیی هەلومەرجەکە. هاوکات لەگەڵ پێشڤەچوونی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی عیراق بۆمبارانکردنی ناوچە ئاوەدانەکانی کوردستان و ناوچەی بارزان بەتوندی درێژەی هەبوو و بارزانی تێ گەیشت کە مانەوە و درێژەدانی زیاتر بەبەرخودان دەبێتە هۆی تاوسەندنی زیاتری هێرشکارییەکانی ڕژێمی عیراق و، پاشماوەی هاوڕێکانی و جەماوەری بارزان بەکوشت دەدرێن. بەو هۆیەوە فەرمانی دەرکرد کەوا ژن و منداڵ و بە تەمەنەکان، هەرچی شمەک و کەرەستەی پێویستییان بۆ دەبرێ، هەڵگرن و بەرەو شاخەکان وەڕێ کەون. «بۆمباران بەهوێ فڕۆکە و دەبابە و تۆپخانەوە زیاتر دەبوو و هەموو ڕێگاکانیان بەو هۆیەوە لە بارزانییەکان بەستبوو بەمەبەستی ئەوەی بیانگرن یان بیانکوژن. بەڵام بارزانی بوێرانە و ماندوونەناسانە هەرچی کەسوکار و ژن و منداڵ و کەرەستە و شتومەک هەبوو لەگەڵ ئەوانەشدا ئاژەڵی بردە جێگایەک بەناوی کانی ڕەش بۆ ئەوەی لە بۆمبارانی دوژمن بیانپارێزێت[1]». بارزانی دەیزانی بەمەرجێک پێش هاتنی وەرزی زستان هێزەکانی خۆی و لایەنگرەکانی ڕەوانەی کوردستانی ئێران نەکات و بەو هۆیەوە کە تەنیا ڕێگەی مانەوە بوو لە مردن نەجاتیان

١- سجادی، پێشوو، ل ٢٥٤



نەدات، تووشی سەرمای زستان و بەفروبۆرانی کوێستان و هێرشی سەربازەکانی عیراق و هەڤاڵبەندەکانیان دەبن. بەو هۆیەوە فەرمانی دا پاش ئەوەی جەماوەری خەڵکی ناوچەکەیان بەجێ هێشت، هێزە چەکدارەکانیش بەرەو سنووری ئێران پاشەکشێ بکەن[1]. بەم پێیە پاشەکشەی بارزانی هاوکات لەگەڵ تاکتیکی لێدان و دەربازبووندا دەستی پێ کرد. وا دیارە بارزانی و ئەندامە پایەبەرزەکانی حزبی هیوا، پێش پاشەکشێ لەگەڵ حزبی (ژ-ک)دا سەبارەت بەپاشەکشێ کردنی هێزەکانی بارزانی بۆ ناو خاکی ئێران وتووێژیان کردبوو و لەسەر ئەو بابەتە ڕێک کەوتبوون.

ڕاستییەکانی داهاتوو واتە دەوری بارزانی و هێزە چەکدارەکانی لە بەهێزکردنی کۆمارە نوێباو و ساواکەی مەهابادا و بەشداربوونیان لە پاراستنی کۆمار ئەو کۆمەڵە هۆکارەن کە گومان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە لادەبەن. شۆڕشیگێڕانی بارزانی پاش چوونە ناوەوەیان بۆ کوردستانی ئێران، لەلایەن ڕێبەرانی کۆماری مەهابادەوە پێشوازییان لێ کرا و بەوپەڕی ڕێز و شکۆوە لە لادێکانی دەوروبەری شاری مەهاباد نیشتەجێ کران و مێواندارە کوردە ئێرانییەکان بەپێی توانا پێداویستییە سەرەکییەکانیان بۆ میوانەکانی خۆیان دەستەبەر کرد.

میواندارەکان بۆ ئەوەی باشتر خزمەتی جەماوەری ئاسایی بارزانییەکان بکەن، ئەوانیان بەسەر ٤٩ لادێی ناوچەکەدا دابەش کرد و بەم پێیە شێخ ئەحمەد لە مەهاباد، بارزانی و چەند کەس لە خزمە نزیکەکانی لە شاری شنۆ، شێخ سلێمان و بنەماڵەکەی شێخ محەممەد سەدیق لە نەغەدە و محەممەد خالید لە لادێی کۆکی و ئەسعەد خۆشەوی لە ناوچەی تەرگەوەڕدا نیشتەجێ کران. پاش نیشتەجێ کردنی جەماوەری ئاسایی، هێزە چەکدارەکانیش لە دەستەگەلی تازەدا ڕێک خران دراو و چەک و کەرەستەی پێویستیان پێ درا، بەهاری ساڵی داهاتوو لە نێوان ئەفسەرە خەباتکارەکاندا کە لە عیراقەوە لەگەڵ بارزانیدا کۆچیان کردبوو کەسانێک بە مەبەستی فەرماندەیی ئەو دەستە چەکدارە ڕێکخراوانە هەڵبژێردران[2].

چوونە ناوەوەی سێ هەزار چەکداری بارزانی بۆ ناو سنوورەکانی ئێران شتێک نەبوو حکوومەتی ئەو سەردەمەی ئێران لێی بێ ئاگا بێ و سەرنجی پێ نەدابێت. حکوومەتی

١- بارزانی، پێشوو، ١٣٧
٢- هەمان، ل ١٤٠

ئێران بەهۆی دامەزراندنی حکومەتی ئۆتۆنۆمی مەهاباد و ئازەربایجان لە باکوری رۆژئاوای ئەو وڵاتەدا تووشی گرفت بووبوون، بەئاگا بوون لەوەی کە پاڵپێوەدانی بارزانییەکان بەکۆماری مەهابادەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو کۆمارە و هەر بەو هۆیەشەوە سەرهەنگ پزشکیان، فەرماندەی مۆڵگەی سەربازیی سەردەشت ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا کە بەهۆی «مام عەزیزی قەرەنی ئاغای مامش»ەوە لەگەڵ بارزانیدا پێوەندی دروست بکات و لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە بارزانی بەڵێن درا کە هەموو پێداویستییەکانی ژیان و لەوانە زەویی کشتوکاڵ لە نزیکی شاری تاران دەدرێتە بارزانی و مەلا مستەفاش وەکو نوێنەر لە شاری تاران پەسەند دەکرێت، ئەمەش مەرجدارە بەوەی کە بارزانییەکان بەرەو مەهاباد نەچن و نەچنە ریزی هێزەکانی قازی محەممەدەوە، بارزانی ئەو پێشنیازەی ڕەت کردەوە و هیچ دوودڵییەکی لە خۆی نیشان نەدا، لە هەمبەر ئەوەدا کە بچێتە ریزی هێزەکانی کۆماری مەهابادەوە[١].

پاڵ پێوەدانی بارزانی و ئەفسەرە لێهاتوو و هێزە چەکدارەکانی هاوڕێی بەقازی محەممەد و کۆمارەکەی، ڕووداوێکی یەکجار ئیجابی و ئەرێنییە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورددا، چونکە ئەوە یەکەمین جار بوو کە ڕێبەری بزووتنەوەی بەشێکی کوردستان – کوردستانی عیراق– واتە مەلا مستەفا بارزانی و هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێبەرە سنوورە سیاسییەکانی نێوان دوو وڵات کە گەلێکیان لێک پساند بوو، دەبەزاند و، وەکو هێزێکی پشتیوانیی بەهێز وابوون کە لەپەنای ئەواندا تینوگوڕی بزووتنەوەکەی کوردستانی ئێران زیاتر دەبوو و بنەماکانی کۆماری نوێباو و ساوای کوردی ئێران قایمتر دەبوو، شۆڕشی بارزانییەکان لەم قۆناخەدا ڕەنگدانەوەیەکی یەکجار بەربڵاوی لە کوردستانی ئێراندا هەبوو کە ماوەیەکی کەم بوو سەرنجی دابووە مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردی.

لەم بارەیەوە بلاڤۆکی (نیشتمان)، ئۆرگانی حزبی (ژ–ک) بەخەتی درشت نووسیی: (ئەم جەنگەی سەرۆکی گەورەی کورد مەلا مستەفای بارزانی هەڵی ئایساندووە ئەختلالێکی میللی کوردە[٢]» واتە ئەو شەڕەی کە ڕێبەری گەورەی گەلی کورد، مەلا مستەفا دەستی پێ کردووە گۆڕانکاری و داخوازیی نەتەوەیی گەلی کوردە. گومانێک لەوەدا نییە کە پاش بلاوبوونەوەی هەواڵەکان سەبارەت بەکوردستانی عیراق، بەرپرسە

١– سەجادی پێشوو، ل ٢١٠

٢– ڕۆژنامەی نیشتمان، ژمارەی ٢، ساڵی یەکەم، اذر ١٣٢٢، ل ١٨.



پایەبەرزەکانی حزبی (ژ–ک) دەستیان دا بەدروستکردنی پێوەندی لەگەڵ بارزانی و فەرماندەکانیدا.

پێشتریش شۆڕشگێڕانی کوردی تورکیا، ئێران و عیراق پەیمانێکیان بەناوی سێ سنوور پێکەوە ئیمزا کردبوو، کە مەبەستی پەیمانە سێ لایەنییەکە هاوکاری کردنی هەرسێ لایەنی ئیمزاکەری پەیمانەکە بوو بۆ ئەوەی پێکەوە لە بەرامبەر سیاسەتە توندوتیژ و زێدەگاڤییەکانی حکومەتە دراوسێکان سەبارەت بەکێشەی کورد هاوکاریی یەکتری بکەن و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەئامانج بگەیەنن.

کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی و سەرکەوتنی ئینگلیز و هەڤاڵبەندەکانی لەو شەڕەدا بەسەر ئەڵمانیا و لایەنگرەکانی ئەو ترس و دڵەخورتەیەی ئینگلیزی کەم کردەوە کە سەبارەت بەداهاتووی کۆڵۆنییەکانی خۆی بووی لەوەی، هێز و لایەنە ڕزگاریخوازەکانی ئەو سەر زەوینانە بەرەو ئەڵمانیا بکشێن و لێی نزیک ببنەوە. گومان لەوەدا نییە کە وەلانانی تاکتیکی سەبر و لێبووردەیی و ئاشتیخوازی و وتووێژ گرتنەبەری ستراتیژیی شەڕ و سەرکوتکردن لە کوردستانی عیراقیشدا تاڕادەیەکی زۆر لە ژێر کارتێکردنی ئەو گۆڕانکارییە جیهانییەدا بوو کە بەسەر بارودۆخی ئینگلیزەکاندا هاتبوو، هەروەها کە نووسیویانە «لە ئاگۆستی ١٩٤٥ و لەو کاتەدا کە شەڕی دووەمی جیهانی کۆتایی پێ هات، مەلا مستەفا دیسان سەری بەرز کردەوە و شۆڕشی جەماوەری گشتیی ڕاگەیاند بەڵام پاش سەرهەڵدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە دەوڵەتییەکاندا کە بەشێوەی پێوست ڕاهێنانیان پێ نەکرابوو، وەزیری کاروباری ناوخۆی عیراق بڕێکی زۆر پارەی بەسەر دوژمنە لەمێژینەکانی بارزانیدا دابەش کرد. ئەوانیش خۆشحاڵ بوون لەوەی کە بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنە دێرینەکەیاندا پارەیەکی باش و چەک و کەرەستەی فراوانیان لەلایەن دەوڵەتەوە پێ دەدرێت و، دەستبەکار بوون، هێندەی پێ نەچوو بارزانییەکان ناچاربوون پاشەکشێ بکەن و لە ناوەڕاستی مانگی ئوکتۆبەردا لەگەڵ دە هەزار کەس لە هاوڕێکانی کە یەک لەسەر سێی ئەوانە پێشمەرگە بوون و هەمووشیان بارزانی نەبوون، سنووری ئێرانیان بەزاند و بەئاسانی لەو سنوورە تێپەڕ بوون، سنوورەکە ئاوەڵا بوو و بارزانی و هاوڕێکانی لەلایەن ملیۆنان کوردی ناوچەکە و دەوڵەتی نوێباوی کۆماری مەهابادەوە پێشوازییان لێ کرا[١]» هەموو سەرچاوەکان سەبارەت بە چۆنێتیی چوونە

١– جاناتا ڕندل پێشوو، ل ١٦٦

ناوەوەی بارزانییەکان بۆ ئێران هاوڕان بەڵام لەسەر ژمارەی هاوڕێکانی، جیاوازیی بۆچوون هەیە.

سەرچاوەیەکی تر ژمارەی بارزانییەکان بە سی و پێنج هەزار کەس دادەنێ کە، لە پیاو و ژن و پیر و لاو و منداڵ پێک هاتبوون و لە ژێر هێرشی ئاگری چەکەکانی دوژمندا لە ڕێگەی شاخەکانی (کێلەشین)ەوە سنووریان بڕی و چوونە ناو کوردستانی ئێرانەوە[١]. وێڕای پاشەکشێی هێزەکانی بارزانی، هێزی ئاسمانیی عیراق و بەریتانیا و هەروەها تۆپخانە دوورهاوێژەکانی عیراق لەسەر بۆمباران و تۆپباران کردنی ئەو پەنابەرانە بەردەوام بوون. پاشەکشێی بارزانییەکان بەرەو سنووری ئێران بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام درا و شێخ ئەحمەدی بارزانی ڕێبەرایەتیی چەکدارانە و سیاسیی دایە دەستی مەلا مستەفای برای و خۆی وەکو ڕێبەرێکی ئاینی لەگەڵ کۆچەرەکاندا بەرەو کوردستانی ئێران بەڕێ کەوت.

بەپێی نووسینی سەرچاوەکان لەم پاشەکشێیەدا هیچ کام لە لایەنگرانی بارزانی لەلایەن حکوومەتەوە نەگیران، بەڵام سەرمای بێ ئامان و برسێتی و هەروەها ماندوویی زۆری ڕێگا بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک لە ژنان و منداڵان و ژمارەیەکیش لە تەمەندارەکان گیانیان لە دەست بدەن. بەشێ لە سەرچاوەکان ئامارێکی سەرسوڕهێنەریان لەو بارەیەوە خستووەتە بەردەست و ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لە دەست داوە بەچوار هەزار و پێنج سەد کەس نووسیوە[٢]. هێزەکانی بارزانی بەبێ هیچ شەڕ و پێکدادانێک چوونە ناو خاکی ئێرانەوە و سوپای ئێرانی بۆ بەرگریکردن لە چوونە ناوەوەیان هیچ دژکردەوەیەکیان لە خۆیان نیشان نەدا، چونکە لەو کاتەدا زۆربەی ڕووبەری خاکی کوردستانی ئێران (ناوچەی ژێردەسەڵاتی هێزەکانی کۆماری مەهاباد) ناوچەیەک بوو لە نێوان هێزە داگیرکەرەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی و هێزەکانی بەریتانیادا؛ پێشینەی ئامادەبوونی سوپای سوور و نەبوونی داوودەزگای دەوڵەتی ناوەندی لەو ناوچەیەدا بۆ ساڵی ١٩٣١ دەگەڕایەوە، کە لەو ساڵەدا ئینگلیز و یەکێتیی سۆڤیەت لە ترسی مەیل دۆستایەتی و نزیکبوونەوەی ڕەزاخان لە ئەڵمانیا، پاش داگیرکردنی ئێران ئەو شایەیان لە تەختی پاشایەتی خستە خوارەوە و لە وڵات دووریان خستەوە. ئەو بۆشایی دەسەڵاتە دەرفەتێکی زۆر گونجاوی خستبووە دەستی کوردەوە، کە لە کاتی دارمانی ویلایەتی ئەردەڵان لە سەردەمی

١- ڕوحانی بابامردوخ، پیشین ص ٥٣٨

٢- هەمان ل ٥٣٩



قاجارییەکان لە ١٨٧٨ی زاینی تا ئەو کاتە دەرفەتێکی لەو چەشنەیان بۆ ڕێ نەکەوتبوو. کوردستانی ئێران لەو سەردەمە لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەتیدا بوو. سەرەتا یەکێتیی سۆڤیەت لەسەر ئەو بۆچوونەی کە لەوانەیە بارزانی لەلایەن ئینگلیزەوە دانرابێت و بیانەوێ بۆ ئاژاوە دروستکردن لە باکوری کوردستانی ئێران کەڵکیان لێ وەربگرن، بەهەندیان نەگرتن و سەرنجیان پێ نەدان، لێیان بەگومان بوون بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی نەوشیروان مستەفا کە قازی محەممەد و سەرۆکانی حزبی دیموکراتیش گوێیان بەبارزانییەکان نەداوە و مەلا مستەفاش چووەتە ناوچەی میراوای نزیک سەردەشت و لەوێ نیشتەجێ بووە[١]. هاتنی بارزانییەکان بۆ قازی محەممەد وەکو خەڵاتێکی خوایی و ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. چونکە قازی سوپای نەبوو، تا ئەو کاتەش تەنیا پشتی بەئەمەکداریی بێ بێنە و بەرەی خەڵکی مەهاباد و ژمارەیەکی زۆر کەمی تاکەکانی سەر بەعەشیرەتەکان بەستبوو. بارزانییەکان پسپۆڕی شەڕی ناو کوێستان بوون و هێزێکی زۆری زەبروەشێنیان بۆ کۆمارەکەی ئەو، لەگەڵ خۆیان هێنابوو[٢]. هاتنی هێزەکانی بارزانی بۆ کوردستانی ئێران لە ڕاستیدا هەنگاوێکی هەرەگرینگ و تەواوکەر بوو بۆ پێگەیاندنی ڕاپەڕینی نەتەوەیی گەلی کورد کە بەپێی تێپەڕبوونی کات و وێڕای ئەو گشتە هەوراز و نشێوە، لە ڕواڵەتی سەرهەڵدانێکی عەشیرەتی دەرچووبوو و بووبووە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و گشتگر.

## ب: کوردستانی عیراق پاش چوونە دەرەوەی بارزانییەکان

هاوکات لەگەڵ پێکدادانە چەکدارانەکانی نێوان هێزەکانی بارزانی و ڕژێمی عیراق، ئەو ڕژێمە هەوڵی دا بەخێرایی و لە ئاستێکی بەربڵاودا ڕاستییەکان بەگوێرەی مەبەستەکانی خۆی ئاوەژوو بکاتەوە و سەبارەت بەهۆکارەکانی ئاژاوە و پێکدادانەکانی باکوری عیراق بانگەواز و ڕاگەیاندن ئەنجام بدات کە هەمووی دوور لە ڕاستی بوون، بۆ ئەوەی بارزانییەکان بەهۆکاری ئەو ئاژاوە و شێوانکارییە بناسێنێت و لە ژێر کاریگەرێتیی پڕوپاگەندەکانی خۆیدا بیروڕای گشتی جەماوەری خەڵکی عیراق و تری نەتەوەکان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە پاڵ پێوە بنێت کە بەچاوی یاخیگەری و لە یاسا دەرچوون سەیری بارزانییەکان بکەن و، ئەوەی کە بوونی بارزانییەکان لەمپەرە لە بەردەمی هێمنایەتی و

١- نەوشێروان مستەفا ئەمین پێشوو، ل ٥٢

٢- جاناتان ڕندل، پێشوو ل ١٦٧

ئاسایش و گەشەکردنی باکوری عیراقدا و، ئەو ڕاستییە لە ژێر ئەو درۆودەلەسانەدا بشارنەوە کە ڕاپەڕینەکە شۆڕشێکی نەتەوەییە لەلایەن گەلێکەوە بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و دەربازبوون لە ژێر ستەم و بێدادیی ڕژێمێک کە لەمێژە ئەو گەلە بن دەستە دەچەوسێنێتەوە.

لەو ڕاستایەدا پارێزگاری هەولێر بەیانێکی دەرکرد تێیدا باسی لێبووردنی لە بارزانییەکان دەکرد لەلایەن حکوومەتەوە و، لە ناوچەی بارزاندا دەستیان دایە کردنەوەی نەخۆشخانە و قوتابخانە و دروستکردنەوەی ڕێگاوبان، بەڵام مەلا مستەفای بارزانی ناسوپاسیی کرد و قەدری ئەو خەڵاتانەی نەزانی و لە بەرامبەر دەوڵەتدا وەستا و بووە هۆی ئەوەی دەوڵەت بەهەموو توانایەوە هێرش بکاتە سەر ناوچەی بارزان و بەیەکجاری وێرانی بکات[1]».

چاوگێڕانێک بەو سەرچاوە و بەڵگانەی سەبارەت بەپێوەندییەکانی نێوان بارزانی و حکوومەتی عیراق بەدەستەوەن، بەجوانی ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە کامە لایەن لە هەردوو لایەنی نەیار هەوڵیان داوە لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەکان چارە بکەن و لە شەڕ و پێکدادان دووری بکەن و، لە بەرامبەر ئەو هەوڵە ئاشتیخوازانەی بارزانیدا حکوومەت چۆن بەڵێنەکانی خۆی پشتگوێ دەخست و پێبەندی ڕێککەوتنەکان نەبوو بۆ ئەوەی کەمایەتییەکانی خۆی بسڕێتەوە و کەموکوڕییە بەرفراوەکانی لە ناوچە کوردنشینەکان قەرەبوو بکاتەوە. ئەمە لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە بەناردنی هێزی چەکدار بەهەموو کەرەستەیەکی سەربازییەوە بۆ ناوچەی بارزان و لەژێر پەردەی درۆزنانەی ڕاهێنان و مەشقی سەربازیدا، دەستی دایە دامەزراندنی بنکەی سەربازی لەو ناوچەیە و، ئیمکانی چارەسەرکردنی گرفتەکەیان لەناوبرد و هەموو دەرفەتەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و هێمنایەتی و ئاسایش زۆر بەئاسانی پشتگوێ خست. لەوانەیە حکوومەتی عیراق بەدەرکردنی بەیان و ڕاگەیاندنە یەک لەدوای یەکەکانی کە لەوانەدا تاوانی ناسوپاسی و یاخیگەرییان دەخستە پاڵ بارزانییەکان و ئەوانیان وەکو هۆکاری سەرەکیی ئەو ئاژاوە و گرفتانە لە بەندی یەکەمی پەیڕەوە نەنووسراوەکەی ئەو بەیان و ڕاگەیاندنانەدا دەناساند، هەوڵیان دەدا بیروڕای گشتیی جەماوەر هێور بکەنەوە کە بووبووە پێوەری تاوانەکانی حکوومەت و، هەروەها زەبروزەنگ و کردە سەربازییانەکەی خۆیان بەو شێوەیە پاساو بدەنەوە. حکوومەتی عیراق لە ١٩٤٥دا بەیانێکی دەرکرد و سەبارەت بەڕووداوەکانی

١- سەجادی عەلائەدین پێشوو، ل ٢٠٦



باکوری عیراق و کوردستان نووسیی «حکوومەت مەبەستی وابوو کە ناوچەکە ئاوەدان بکاتەوە و هەوڵی مرۆڤانە لە ناوچەکە پەرە پێ بدات و ڕەفتاری باش بکات لەگەڵ مەلا مستەفادا، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد و بەم پێیە پێویست بوو ناوچەکە لە ڕێگەی کردەی سەربازییانەوە بەڕێوە ببرێت[1].» حکوومەتی عیراق پاش دەرکردنی بەیانگەلێکی تر هەر بەو ناوەڕۆکانە و سەبارەت بەکێشەکانی باکوری عیراق دادگای سەربازیشی دامەزراند بۆ سزادانی ئەو کەسانەی بەهاوکاریکردنی فیکری، چەکداری و سیاسی لەگەڵ بارزانییەکاندا تاوانبار کرابوون. هۆکاری سەرەکیی گرفت و ئاژاوەکانی کوردستانی عیراق و ناوچەی بارزان لە دووتوێی وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەردەکەوێت کە ئەو کاتەی حکوومەتێکی ملهوڕ بیەوێ بەناشیرینترین شێوە ڕووبەڕووی گەورەترین کەمینەی نەتەوەیی ناو سنوورەکانی خۆی ببێتەوە و خۆنەبان بکات لە هەموو پوتانسیەل و توانا و ئیمکانە هێزەکییەکان و، خۆی لە ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی کولتووری بدزێتەوە و گوێ نەداتە کەمایەتییە هەرە دیار و بەرچاوەکان و ئەو ناوچەیە لە هەموو مافێکی سروشتی و مرۆڤانە بێ بەری بکات، ئایا ئەو گەلەی وەها ڕەفتارێکی لەگەڵدا دەکرێت و هەموو مافێکی پێشێل دەکرێت، دەبێ چ ڕێگایەک بۆ وەدەستخستنی مافەکانی خۆی هەڵبژێرێت؟

ئەگەرچی تەنگژە و گرفتەکان بوونە هۆی ئەوەی زەبرێکی زۆر لە بزووتنەوەکەی بارزانی بکەوێت و، ڕێبەران و هێزە چەکدارەکانی ئەو بزووتنەویە ڕێگەی کوردستانی ئێران بگرنەبەر و دەست بدەنە کۆچێک کە بارودۆخ بەسەریاندا سەپاندبووی بەڵام وەک گوترا گۆڕانکاری و ڕابوون و پەرەسەندن لە ناو تەنگژەکانەوە خۆ دەردەخەن و بنیاتەکانیان پتەو و قایم دەبێتەوە و بەردەوام دەبن. لەلایەکی تریشەوە ئەو گرفت و تەنگژانە بوونە هۆی ئەوەی کوردی کوردستانی عیراق بەتایبەت ڕۆشنبیران و فێرخوازانی زانستگاکانی دانیشتووی بەغدا دەرک بەناسکیی هەلومەرج و بابەتەکان بکەن و زانیارییەکی تەواو لە گرفت و کێشەکان کە وەکو لەمپەرێک بوون لە بەرامبەر بەدەستخستنی مافە ڕەواکانیان، هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی وەکو هاووڵاتیی ئەو وڵاتە لەگەڵ عەرەبدا مافێکی یەکسانیان بۆ دەستەبەر بکرێت و، بەمتمانەوە لە ڕێگەی بردنە سەرەوەی ئاست و توانای بیری و کولتووری هەنگاوێکی گرینگ هەڵبگرن و یانەی کولتووری کورد لە بەغدا چالاک بکەنەوە بیکەنە بنکەیەکی هەرە کارا بۆ پێوەندیگرتن لە نێوان ڕۆشنبیراندا.

چالاکیکردنی ئەو دەستە و گرووپە کولتوورییانە بووە هۆی تووڕەبوونی حکوومەت و،

١- هەمان، ل ٢٠٦

دژکردەوەی حکوومەتی عیراق لە بەرامبەر ئەو چالاکییانەدا ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆری چالاکی بواری کارە کولتووری و ڕۆشنبیرە کوردەکان بگرێت بەو تاوانەی لە پاڵ بارزانییەکاندا بەرامبەر بەحکوومەت شەڕیان کردووە و پێوەندییان لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەدا هەیە و نامەیان لەگەڵ دەگۆڕنەوە و، لە دادگای سەربازیدا بڕیاری بەندیخانەی درێژخایەنیان بەسەر داسەپا و ژمارەیەکی زۆریشیان کوژران[١].

چینی ناوەنجیی شارنشینە کوردە عیراقییەکان بەگشتی و ئەندامانی حزبی هیوا بەتایبەتی بەشێوەیەکی جیدی و بەنیگەرانییەوە ڕووداوەکانی کوردستانیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە و، حزبی هیوا تا ئەو کاتە وەکو باڵی سیاسی و پروپاگەندەکەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەورێکی گرینگی بۆ ناساندنی گەلی کورد بەوڵاتە گەورەکانی جیهان گێڕابوو. بۆ ئەو مەبەستە نامە و بەیاننامەکانی خۆی بۆ هەموو باڵوێزخانەکانی ئەو وڵاتانە لە بەغدادا ناردبوو و، هەوڵێکی زۆریشی دابوو لە پێناوی ئەوەدا کە پێوەندی لە نێوان کوردی عیراق و ئێران و تورکیادا دروست بکات، ئەو حیزبە وەکو پاڵپشتێک بوو لەو بارودۆخە تەنگژاوییەدا کە مەلا مستەفا کە لە باکوری عیراقدا تیایدا کەوتبوو، تا بۆ وەدەستهێنانی خواردەمەنی و کەرەستەی شەڕ و پارە و داودەرمان و... پشت بەخەباتکارە نەتەوە پەروەرەکانی حزبی هیوا ببەستێت[٢]». بێ گومان یەکێک لەو ئەرکە بنەڕەتی و سەرەکییانەی خرابووە ئەستۆی حزبی هیواوە ئەوە بوو لەگەڵ ئەو کەسێتییە دەوڵەمەندانەدا کە هەستی نەتەوایەتییان هەبوو، پێوەندی دروست بکات و لە ڕێگەی ئەوانەوە پارەی پێویست بۆ بارزانییەکان وەدەست بخات.

پێوەندییەکانی نێوان حزبی هیوا و بارزانییەکان تا ڕادەیەک دەکەوتە ژێر کاریگەرێتیی ئاڕاستە دەرەکییەکانیانەوە، مەلا مستەفا بەپەیڕەوکردنی شێوەی کاری برا گەورەکەی خۆی واتە شێخ ئەحمەد پێوەندییەکی لەگەڵ نوێنەرانی بەریتانیادا هەبوو بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی هیوای بەو حکوومەتە بوو، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە خەباتکارانی هیوا زیاتر لە هەموو لایەنەکان باسی ئیمپریالیزمی بەریتانیایان بەخراپی دەکرد و زیاتر چاویان لە یارمەتیی مۆسکۆ و نوێنەرەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بوو کە دەسەڵاتیان لە کوردستانی ئێرانی دراوسێکانیدا بەدەستەوە بوو[٣].

---

١- هەمان، ل ٢٠٩

٢- کۆچرا، پێشوو ،ل ١٨٦

٣- هەمان ١٨٦



ئەوەش گومانی تێدا نییە کە بارزانی لە پێوەندییەکانی حزبی هیوادا هەمیشە بەخۆپارێزییەوە نزیک دەبووەوە.

ئەگەرچی زۆربەی ئەندامانی لاوی حزبی هیوا خاوەن بیروڕایەکی یەکجار توندڕەوانە بوون کە بارزانییان بەهەموو لێهاتوویی و ئاگاداربوونی لە کاروباری سەربازی، دەخستە بەر ڕەخنەوە، بەڵام هیچ کەسێکی وەهایان پێ نەدەزانی تا ئەرکەکانی ئەو وەکو ڕێبەری بزووتنەوەکە بگرێتە ئەستۆ و ئەوانیش پشتیوانیی بکەن[١]». هەر بەو هۆیەوە بوو ئەندامانی حزبی هیوا و ڕۆشنبیرە کوردەکان ڕێگەچارەیان لەوەدا دۆزییەوە کە پشتیوانیی بارزانی و بزووتنەوەکەی بکەن و هاوکاریی خۆیان لەگەڵ ئەواندا درێژە پێ بدەن. لەم کاتە لە عیراقدا ڕووداوگەلێکی نوێ خەریک بوو ڕووی دەدا و بارودۆخی سیاسی لە عیراق و کوردستاندا ڕوو لە گۆڕان بوو.

### ج- دووفاقی کەوتنەوە لەناو حزبی هیوادا

هەر لەو کاتدا سەبارەت بەپشتیوانی کردن یان نەکردن لە بارزانی، جیاوازیی بۆچوون توند بوو لە نێوان کەسێتییە پایەبەرزەکانی حزبی هیوادا. ئەو ناکۆکی و جیاوازییانە لە نێوان باڵی ڕاست و چەپی حزبی هیوادا بەهاتنە ئارای پرسگەلێکی نوێوە زیاتر بووبوو و گەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە تەشەنەی کردبووە ناو ئەو ئەندامانەی سەر بە یەکێک لە باڵە سیاسییەکانی حزبەکە بوون. یەک لە نموونە ئاشکرا و بەرچاوەکانی دەرکەوتنی ناکۆکیی نێوان ئەندامانی حزبی هیوا، دەرکردنی ڕەفیق حیلمی بوو لەو حزبە، کە خاوەنی ئاڕاستەیەکی فیکریی نەتەوەیی بوو و ڕەنگ و بۆنێکی سۆسیالیستیشی پێوە دیار بوو، ڕەفیق حیلمی لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەندامانی باڵی ڕاستدا دەرکرا کە، بەچاوی کۆمۆنیستێک پێیاندا دەڕوانی و بەناچاری کشایە دواوە[٢]. جیاوازیی بیروڕا و بۆچوونەکان تا ئەو ڕادەیە بوو کە باڵی چەپی حزبی هیوای تووشی دووبەرەکی کرد. حزبەکە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥دا بوو بەچوار بەشەوە، گرووپی شۆڕش کە لە ڕاستیدا حزبی شیوعی کوردستانی عیراق بوو ٣٠٠ تا ٣٥٠ ئەندامی هەبوو گۆڤارێکیان بەناوی "شۆڕش"ەوە دەرکرد. ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە بریتی بوون لە عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، جەمال حەیدەری و ساڵح حەیدەری.

---

١- وتووێژی کریس کۆچرا لەگەڵ نووری شاوەیس، لە ناوپردان، ل ١٧٨

٢- هەمان، ل ١٨٨

گرووپی (ڕزگاری) گەورەترین گرووپی جیاوە بوو و بە ٥ هەزار تا ٦ هەزار ئەندامەوە ڕێکخراوی بەرەی گەل بوو و دواتر بنەمای پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقی پێک هێنا، کەسانێکی وەکو دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم، دکتۆر سەدیق ئەتروشی و تاها محیەدین (جێگری سەرەک کۆماری عیراق لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە) بەڕێوەبەرایەتیی گرووپەکەیان بەدەستەوە بوو. ئازادی و ڕێی ڕاست دوو گرووپی دیکە بوون کە لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی حزبی هیوادا پێکهاتبوون. بەپێی سەرچاوەکان ماجید مستەفا کە لە کابینەی نووری سەعیددا وەزیری ڕاوێژکاری کاروباری کوردستان بوو، هەروەها پێوەندیی نێوان حزبی هیوا لەگەڵ بارزانیدا لەلایەکەوە و دەوری حزبی کۆمۆنیستی عیراقیش لەلایەکی ترەوە لە دابەشبوونی حزبی هیوادا کاریگەر بوون. حزبی شیوعی عیراق کە هەندێ لە سەرچاوەکان ٤٠ ٪ گشتی ئەندامەکانی بەکورد دادەنێن بەشێوەیەکی تایبەت سەرنجی کەمە نەتەوەییەکانی عیراقی بەرەو خۆی ڕاکێشابوو[١].

ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی هیوا کە پاش دابەشبوونی ئەو حزبە لە گرووپە نوێباو و بچووکەکانی وەکو شۆڕش و ڕزگاریدا خەباتیان دەکرد لایەنگری کۆمۆنیستەکان بوون، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە حزبی شیوعیی عیراق ستراتیژییەکی نادیار و تەمومژاویی هەبوو بەرامبەر بەکێشەی کورد، چونکە لەلایەکەوە تاڕادەیەک پشتیوانیی لە ماف و خواستەکانی گەلی کورد دەکرد و هەر لەو ڕاستایەدا کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی حزبی شیوعی عیراق لە سێپتامبەری ١٩٤٥دا، واتە لەو کاتەی بارزانی لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی حکوومەتی عیراقدا خەریکی بەرخۆدان بوو لە بڵاڤۆکێکدا کە بەزمانی عەرەبی و کوردی بڵاوی دەکردەوە، هێرشی سەربازییانەی ئەو دەوڵەتەی بۆ سەر کورد شەرمەزار کرد و داوای وەستانی ئەو هێرشە و ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییە کوردەکانی کرد. ئەم بڵاڤۆکە بەریتانیای بەبەرپرس زانی لە بەرامبەر هەموو ئەو ڕووداوانەی لە کوردستانی عیراقدا ڕوویان دابوو و، هەروەها خوازیاری کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی سەربازییانە بوو لە کوردستاندا. لەلایەکی ترەوە هەرگیز ئاماژەی بەئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی کوردستان نەدەکرد و ئەوەش سیاسەتی یەک بان و دوو هەوای ئەو حزبەی سەبارەت بەکێشەی کورد دەردەخست و تەنانەت جاروبار ئەو حزبە هێرشی دەبردە سەر ئەندامانی (شۆڕش) و (ڕزگاری) و تاوانی جوداییخوازیی دەخستە پاڵیان[٢].

١- لاکر، کمونیسم و ناسیونالیسم در خاورمیانه ص ٢٢٥

٢- هەمان ص ٢٢٦



کۆمۆنیستە کوردەکانی عیراق بڕوایان وابوو کە هەر گەلێک دەبێ حزبێکی کۆمۆنیستی تایبەت بەخۆی هەبێت. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە حزبی شیوعی عیراق ئەو بۆچوونەی ڕەت دەکردەوە و پشتیوانیی لە بۆچوونی کلاسیکی ناو حزبی کۆمۆنیست دەکرد، واتە بڕوایان وابوو کە خەباتێکی هاوبەش لە چوارچێوەی حزبێکی کۆمۆنیستی تاکدا دژی چەوسانەوەی جەماوەری خەڵکی لە ئاکامدا دەبێتە هۆی ئازادبوونی هەمووان بەکورد و عەرەبەوە[١]»، و لە ڕاستیدا هەر ئەو جیاوازی و دژوازییە ناوخۆییە بووە هۆی دابەشبوونی بزووتنەوەی کورد و تەنانەت بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە سەرانسەری جیهانیشدا.

دواتر بەو هۆیەوە کە کۆمۆنیستە کوردەکانی عیراق لە ساڵی ١٩٤٦دا چوونە ڕیزی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە کێشەکە بەتەواوی چارەسەر کرا. بەڵام بەچوونە دەرەوەی بارزانی لە عیراق ئاژاوە و ناکۆکی لە ناو بزووتنەوەی کورددا هەروەها بەردەوام بوو.

### د- بارزانییەکان و کۆماری کوردستان

شۆڕشی ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٤٣ی بارزان، وەکو پێشتر ئاماژەی پێ کرا بەئامانج نەگەیشت و بارزانییەکان لە ناوچەکانی کێلەشین، مەرگەوەڕ و دالامپەرەوە- کە سێگۆشەی سنووری هاوبەشی نێوان ئێران، عیراق و تورکیا بوو، لە حاڵێکدا کە هێزی ئاسمانیی عیراق و بەریتانیا تا سەر سنووری ئێران دوایان کەوتن و بەردەوام بۆمبارانیان دەکردن، چوونە ناو خاکی ئێرانەوە. قازی محەممەد فەرمانی بەئەندامانی حزبی (ژ.ک) دا کە، بەهەموو جۆرێ هاوکاری و خزمەتی بارزانییەکان بکەن. حکوومەتی عیراق و بەریتانیا بەئامانجی خۆیان، کە نابووتکردنی یەکجارەکیی بزووتنەوەکە بوو، نەگەیشتن و ناڕازیبوونی خۆیان لەوەی کە بارزانییەکان چوونەتە کوردستانی ئێران، واتە ئەو ناوچەیەی کە هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو، ڕاگەیاند. هەر بەو هۆیەوە و بەپێشنیازی کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت، بارزانییەکان بۆ ماوەیەک لە ناوچە کوێستانییە دوورە دەستەکاندا نیشتەجێ بوون و لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا بارزانی لەگەڵ بنەماڵە و خێزانەکەیدا چووە شاری شنۆ[٢]».

لە دوایین ڕۆژەکانی یەکەم مانگی ساڵی ١٩٤٦دا یەکەم کۆماری کوردی لە مەهاباد بوونی خۆی ڕاگەیاند و داوا لە بارزانیش کرا بۆ ئەوەی لە ئاهەنگێکدا کە بەو هۆیەوە

١- کۆچرا پێشوو، ل ١٩٠

٢- بارزانی، مسعود، ل ١٤٩

بەڕێوە دەبرا، ئامادە بێت[1]». ئەم داواکارییە کە لەلایەن ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و قازی محەممەد خۆیەوە ئەنجام درا بوو، نیشاندەری ئەوەبوو کە بنیاتنەرانی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی ئێران گرینگیی زۆریان دەدایە بارزانی و هاوڕێکانی و، هەروەها ئەوەشیان دەزانی کە لە داهاتوودا دەورێکی هەرە بەرچاویان دەبێت لە پاراستن و پشتیوانی کردنی کۆمارەکە لە بەرامبەر دوژمنانی دەرەوە و ناوخۆدا. مانگی سەرماوەزی ئەو ساڵە جارێکی تر داوا لە بارزانی کرا بچێتەوە مەهاباد و ئەمە لەو کاتەدا بوو کە بارزانی و قازی محەممەد لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بارزانییەکان بۆ پشتیوانی کردن لە کۆمارە نوێیاوەکەی کوردستان دەوری خۆیان بگێڕن.

دامەزرانی کۆماری مەهاباد لە کوردستانی ئێران هەوری بێ ئومێدیی لە ئاسمانی کوردستان ڕەواندەوە و ئەو کۆمارە بووە چرایەکی ئومێدبەخش بۆ ڕێگەی هەموو کوردە ڕزگاریخوازەکان و بووە شوێن پەنای هەموو کوردە ئازادیخوازەکان و لە هەرسێ پارچەکەی تری کوردستانی عیراق، تورکیا و سووریەوە ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرە کوردەکان ڕوویان کردە سنوورەکانی کۆماری کوردستان و چوونە ڕیزی هێزە پارێزگارەکانیەوە بۆ ئەوەی لە ژێر ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستاندا بحەوێنەوە و بگەنە ئاسایش[2].»

لە کاتی پێشوازییە گەرمەکەی ڕێبەرانی کۆمار لە بارزانی، ڕۆژنامەی کوردستان سەبارەت بە کەسایەتی بارزانی نووسیویەتی: «مستەفا بارزانی پیاوێکی سیاسی و زەعیمی کوردی بارزانە، لە ڕێی سەربەستیی کوردستانا زۆری مەینەت کێشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ئێل و عەشرەتی ئەویان بەتاوانی ئازادیخوازی دەربەدەر و لە نیشتمانی خۆشەویستیان وەدەر ناوە. زاتی نێوبراو بێجگە لەوەی قائیدێکی بەرزە، پیاوێکی زانا و تێگەیشتوو و مەزن و نیشتمان پەرەستە و تەمەنی لەحدودی ٤٥ ساڵدایە[3]».

لەسەر داواکاریی قازی محەممەد، بارزانی هێزەکانی خۆی بەچەند دەستە دابەش کرد و سەرلەنوێ دای مەزراندنەوە و بۆ هەر کام لەو دەستەیانە ئەفسەرێکی وەکو فەرماندە لە ناو کوردە هاوڕێکانی خۆیدا هەڵبژارد. ژمارەیەکی-تری لە ئەفسەرەکانیش لە ژێر چاوەدێریی

١- هەمان، ل ١٤٩
٢- مدنی، حسین، پیشین ل ٢٧٤
٣- کوردستان، ژمارە ١١ و ١٢ ڕەشەمەی ١٣٢٤



خۆیدا دانا بۆ ئەوەی لە بنکەی گشتیی وەزارەتی بەرگریی کۆماری کوردستان بەڕاهێنانی سوپای مەهابادەوە خەریک بوون.

بارزانی لەو دەرفەتەی لە ژێر سایەی کۆماری کوردستاندا دەستی کەوتبوو و بەکەڵک وەرگرتن لە توانای ئەو ئەفسەرە لێهاتووانە، کە ئێستا بووبوونە یەکێک لە ئەندامانی سوپاکەی، توانای سەربازییانەی هێزە هاوڕێکانی خۆی بردە سەرەوە و فەرمانی دا تا هێزەکانی بارزانی لە ژێر چاودێریی ئەو ئەفسەرانەدا، بەمەبەستی ئاشنایی زیاتر سەبارەت بەیاسا و ڕێسای سەربازی لە بنکەکانی سەربازیی نزیک مەهاباددا کە چۆڵ کرابوو، پەروەردە بکرێن. ئەو ڕێنوێنییانە بەپێی شێواز و ڕێسا باوەکانی ناو سوپای عیراق بوو.

چەکدارە پەروەردەکراوەکان لە ماوەی فێرکارییەکەدا تا ئەو ڕادەیە بەشێواز و ڕێسا سەربازییەکان ئاشنا کران کە هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و هەڵبژاردنی قازی محەممەد بەسەرۆک کۆمارێتیی کۆمارەکە، ژمارەی ١٥٠ کەس لەوانە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی گاردی سەرۆک کۆماری هەڵبژێردران و بوونە نزیکترین کەس بۆ کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕێبەرانی کۆمار.

ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، قازی محەممەد سانی لە هێزی گاردی سەرۆک کۆماری (حەرەس شەرەف) بینی و پاش ماوەیەک بێدەنگی پێی وتن «سەرمان بڵندە پێتان، جێی شانازیمانن، ئێوەن نموونەی خەباتی پاڵەوانانەی کوردایەتی، سەد سوپاس بۆ ئێوە و سەرۆکتان مەلا مستەفا بارزانی بەڕێز[1]».

بەهاری ساڵی ١٩٤٦ بارزانی لە شنۆوە بانگ کرایە مەهاباد و سەبارەت بەچۆنێتیی چەکدارکردنی هێزەکانی و وەرگرتنی چەک و پێداویستیی نوێ، پرسی پێ کرا. پاشان ١٥٠٠ کەس لە چەکدارە شایستە و لێهاتووەکان لە سێ یەکانە ڕێک خرابوون و بەشێوەی باوی سەربازانی حکوومەتەکانی دەوروبەر پەروەردە دەکران و فەرماندەیی ئەو یەکانە خرایە ئەستۆی بەکر عەبدولکەریم، عەقید مستەفا خۆشناو و عەقید میرحاج ئەحمەد. بارزانی بەو هێزە ڕێکخراوەی وت: «ئەو کەسەی سەرپێچی لە فەرمانی ئەو سێ فەرماندەیە بکات لە فەرمانی من سەرپێچیی کردووە».

هێزەکانی بارزانی ئامادەی ئەوە بوون کە بۆ بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان فەرمان و کارە پێ سپێردراوەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەو هێزانە نێردرانە بەرەی شەڕی سەقزەوە بۆ

١- بەکر عەبدولکەریم، گەشتێک بەکۆماری مەهاباد، ل ١٤

ئەوەی لە بەرامبەر ئەگەری هێرشەکانی سوپای ئێراندا بوەستن کە بەمەبەستی ڕووخاندنی کۆماری کوردستان ئەنجام دەدران. (ئامادەبوون و بەشداریکردنی ئەو هێزە بۆ ماوەیەک هاوسەنگیی هێزی لە نێوان دەوڵەت و کورد بەسوودی کۆماری کوردستان تێک دا و سەرکەوتنی زۆریان وەدەست خست، شەڕەکانی (مامەشە) و (قارەوا) دوو نموونەی ئەو سەرکەوتنانەن[١]) تەنیا لە شەڕی قارەوا لە ٢٤ ئاوریلدا هێزەکانی بارزانی لەشکرێکی ٨٠٠ کەسی دەوڵەتیان لە باکوری سەقزدا شکاند و خەسارێکی زۆریان لێ خستن. ئازایەتی و دلاوەریی هێزەکانی بارزانی لەو شەڕەدا بەڕادەیەک بوو کە ژەنەراڵ (سەرلەشکر) ڕەزم ئارا سەرپەرشتیاری گشتی سوپای ئێران وتی: «ئەگەر پەنجا هەزار کەس لە هێزەکانی بارزانیم لەژێر دەستدا دەبوو هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم دەگرت[٢]». بارزانییەکان پاش شکستی کۆماری کوردستان بوێرانە لە بەرامبەر سوپای ئێراندا وەستان و دلێرانە بەرگرییان لەو ناوچانە کرد کە پێیان سپێردرابوو.

بارزانییەکان بەقەبووڵ کردنی ئەو ئەرکە قورسەی کە بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان بوو، شایستەیی خۆیان بەو بڕوایەی لەلایەن ڕێبەرانی کۆمارەکەوە پێیان کرابوو، سەلماند. گەورەیی و گرینگی کار و چالاکییەکانی بارزانی، ئەو کاتە دەردەکەوێت کە هەڵسوکەوتەکانیان لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆی کۆمار ڕاڤە بکرێت. هێزەکانی کۆمار تەنانەت نەیانتوانیبوو ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان چارەسەرکەن کە زۆرجار و هەروەها لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا ئەو کاتەی کە بارزانییەکان خەریکی خەبات و بەرگریکردن بوون، ئەوان پێشتر پاشەکشەیان دەست پێ کردبوو.

بارزانییەکان تووشی گرفتێکی هەرە جیدی بوون و ئەویش بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی پەرەئەستێن و گشتگیری تیفۆئید بوو کە بەهۆی نەبوونی پێداویستییەکانی تەندروستی و داودەرمان لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا ١٥٠٠ کەسیان بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە لەناوچوون، ئەم ژمارەیە یەکجار زۆرتر بوو لەو ژمارەیەی لە شەڕەکاندا لێیان کوژرا بوو، ئەو گرفتە بەڕاستی تەنگی پێ هەڵچنین، بەڵام بەهەموو ئەمانەشەوە بەباشی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ کرد و سەرکەوتنی زۆریان بەدەست هێنا.

بارزانییەکان بووبوونە سەرەکیترین ئەو هێزانەی کە دەکرا ڕێبەرانی کۆمار پشتیان پێ ببەستن، بارزانی پاش ڕێکخستنی هێزەکانی خۆی و لە ئەستۆگرتنی کاروباری فەرماندە

١- ڕووحانی بابامردوخ، پیشین، ل ٥٣٨
٢- کوردستان و استراتیژیی دەوڵەتان، ل ٢٧٦



کردنیان لەلایەن ڕێبەری کۆمارەوە دەرەجەی ژەنەراڵیی پێ درا و، لە ئاخافتنێکیدا کە بەو بۆنەیەوە ئەنجامی دا، سیاسەتەکانی حکوومەتی عیراق و تورکیای بەتوندی خستە بەر ڕەخنە کە دژی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دادەڕێژران. چونکە لەم کاتەدا بەڕێوەبەرانی وەزارەتی دەرەوەی هەردوو وڵاتەکە پلانی چۆنێتیی سەرکوتکردن و لەناوبردنی کۆماری کوردستانیان دادەڕشت[١]، کۆتایی ئاخافتنەکەی بارزانی بەم جۆرە بوو: «ئەمە شانازییەکی گەورەیە کە وەکو سەربازێک بۆ ئازادی خەبات دەکەم و ئەوەیش شانازییەکی گەورەترە کە هێزە ئازادیخوازەکان بۆ بەرگری کردن لە کوردستان بەفەرماندەی خۆیان هەڵبژاردم. ئەی لاوانی کورد بەڵێنتان پێ دەدەم کە دوایین دڵۆپەکانی خوێنی خۆم لە ڕێگەی ئازادیی ئێوەدا فیداکەم. لە پێناوی ئازادیی گەلی کورددا وەکو فیداییەک ئامادەم بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی ڕێبەری کوردستان تا گەیشتن بەدیموکراسی و ئامانجەکانمان.»

کەواتە هەموو بەیەک دەنگ بڵێین: «بژی کوردستان و ڕێبەری مەزن بژی خەباتی دژی داگیرکەران و کۆنەپەرستان، بژی یەکێتی سۆڤیەت[٢]». کۆماری کوردستان بەهۆی ئازایەتی و بوێریی بارزانییەکانەوە هێندە دەسەڵاتی پێکەوە نابوو کە حکوومەتی ئێران ناچار بوو بۆ ئەوەی ئەو کۆمارە زیاتر لەوە پەرەنەسێنێت و شەڕ و ئاژاوە زیاتر نەبێت و کوشتار و خەسارەکانی حکوومەت پتر نەبێ، بەرپرسایەتیی وتووێژکردنی لەگەڵ کورد بەمەبەستی وەستاندنی شەڕ خستە ئەستۆی ژەنەراڵ ڕەزم ئاراوە. لە ئەنجامدا ٣ی مانگی مەی ڕەزم ئارا پەیماننامەیەکی ئیمزا کرد کە شەڕ بوەستێنن و کورد تا نزیکی جادەی سەقز و بانە گەڕانەوە[٣]».

کۆماری کوردستان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکاندا و لەسەر ڕەزامەندیی ئەوان دامەزرابوو و لە ڕاستیدا بوونی ڕووس لەو ناوچەیەدا هۆکاری سەرەکی بوو بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمارە و کۆمارە دراوسێکەی، واتە کۆماری ئازەربایجان.

ئەو کاتەی کە هێزەکانی سۆڤیەتی ڕۆژی ١٠ی مانگی مەی ١٩٤٦ و بەپێی پەیماننامەیەک کە لەلایەن ئێران، ئینگلیز و سۆڤیەتەوە ئیمزا کرا، ئێرانیان بەجێ هێشت تا ڕادەیەک ململانێ و ئاژاوەی ناوچەکە کەم بووەوە؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕێکەوتنە وەکو

١- کوردستان ژمارە ٢٧ دووشەممە ٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٥
٢- کریس کۆچرا، هەمان، ل ٢١٧
٣- کریس کۆچرا، پێشوو، ل ٢١٧

ئیمزاکردنی مەرگی کۆماری کوردستان بوو. یەکێتی سۆڤیەت کە لە دامەزراندنی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا وەکو هۆکاری سەرەکی دەوری بینیبوو، بەپێی پەیماننامە پێشووەکان هێزەکانی خۆیان لە باکور و باکوری ڕۆژئاوای ئێران دەبردە دەرەوە و بێ گومان ئەم پاشەکشێیە مامەڵەیەک بوو کە کۆمارە نوێباوەکانی دەکردە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەو بەرژەوەندییانەش لە بەردەوامبوونی پێوەندی لەگەڵ ئێران و دەست گەیاندن بەنەوت و گازی باکوری ئێران دەستەبەر و گەرەنتی دەکران.

سەفەری قەواموسەڵتەنەی سەرەک وەزیری ئەو کاتەی ئێران بۆ سۆڤیەت و وتوویژ لەگەڵ ئیستالیندا هەنگاوێکی گرینگ بوو کە حکوومەتی ئێران بۆ ڕازیکردنی سۆڤیەت لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکەدا هەڵی گرت.

پێوەندیی نێوان کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان لەسەر هەندێ مەسەلە ڕووی لە کزی نابوو. ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان نیازیان وابوو کوردستانی باکور (بەشێک لە خاکی کۆماری کوردستان) بخەنە سەر خاکی کۆمارەکەی خۆیان و ئەم مەسەلەیەش پشتیوانیی ڕووسەکانی لەگەڵدا بوو، بەڵام ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بەتوندی ناڕازیبوونی خۆیان لەو مەسەلەیە دەربڕی. ماوەیەک پاش ئەوە لەسەر دیاریکردنی هێڵی سنوور و خاوەندارێتیی هەردوو کۆمارەکە لەسەر شارەکانی خۆی و سەڵماس و ورمێ کە پێکهاتەی کورد و تورک دانیشتوانی ئەو شارانەیان پێک دەهێنا ناکۆکی کەوتە نێوان ڕێبەرانی ئەو کۆمارانەوە. ئەم ڕووداوەش هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی دەبوو هێزەکانی سۆڤیەت ئێران بەجێ بهێڵن. گومانیش لەوەدا نییە کە حکوومەتی سۆڤیەتی نیازی وانەبوو لە نێوان هەردوو کۆمارەکەدا کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خۆی هۆکاری سەرەکیی بەدیهاتنیان بوو، ناکۆکی و دژایەتی بێتە ئاراوە. هەر بەو هۆیەوە و بەڕێنوێنی و چاودێریی یەکێتیی سۆڤیەت ڕێبەرانی ئەو دوو کۆمارە لە **٣**ی خاکەلێوەی **١٣٢٥** لە شاری تەورێز کۆبوونەوە و ڕێککەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد کە بەو پێیە ئەو دوو کۆمارە پێکەوە هاریکاریی سیاسی، کولتووری، ئابووری و سەربازییان هەبێت[١].» یەک لە بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەوەبوو، کاتێ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی وتوویژ دەکرێت کە هەردوو کۆمارەکە پێکەوە لەسەر ئەو بابەتە ڕێک کەوتبێتن. لە بەندێکی تری ئەو

١- مەدەنی، حسەین، پێشوو، ل٢٧٨.



ڕێککەوتننامەیەدا لەسەر هاریکاری کردنی سەربازی و بەرەڤانی لەنێوان هەردوو کۆمارەکەدا جەخت کرایەوە. (حکوومەتی تاران و قەواموسەڵتەنەی سەرەک وەزیر لە بەیاننامەیەکدا کە بێ گومان دژەکردەوەیەک بوو لە بەرامبەر ڕێککەوتننامەکەی دوو کۆماری مەهاباد و ئازەربایجاندا، ڕای گەیاند کە دەوڵەتی ئێران بەپێی بەندەکانی ٢٠، ٩٠، ٩١، ٩٢، **٩٣**ی یاسای بنەڕەتی کە پێوەندیی بەمەسەلەی ئەنجوومەنی ئەیالەتی و ویلایەتییەوە هەیە، مەبەستی وایە کێشەی ئازەربایجان چارەسەر بکات و بەڕێوەبەرایەتیی ئەو ناوچەیە بداتە دەستی خەڵکی ناوچەکە و زمانی فارسی و ئازەری (تورکی) لە پەنای یەکدا بەزمانی ڕەسمیی ناوچەکە بناسێت. حزب و ئەنجوومەنە سیاسییە دیموکراتیکەکانیش دەتوانن لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا لەسەر چالاکییەکانی خۆیان بەردەوام بن،[١] لەو بەیاننامەیەدا بەهیچ جۆرێ ئاماژە بەچارەسەرکردنی کێشەکانی کۆماری مەهاباد نەکرا، وەکو بڵێی دەوڵەت لە بنەماوە بێ خەبەر بووە لەوەی کە کۆمارێکی وەها بوونی هەبێت! و ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا هێزی سەربازی بەرەو هەردوو کۆمارەکە بەڕێ دەکران. بە لەبەرچاوگرتنی ڕێککەوتننامەیەک کە لە نێوان ڕێبەرانی هەردوو کۆمارەکەدا ئیمزا کرابوو، نوێنەری هەردوو لا بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتدا نێردرانە تاران. خاڵی بەرچاو و گرینگ ئەوەیە کە نوێنەرانی حکوومەت لە وتوویژەکاندا سەبارەت بەکێشەی کوردستان بێدەنگەیان کرد و بچووکترین ئاماژەیان بەو بابەتە نەکرد و هیچ بەڵگە و بڵاوکراوەیەکیشیان بڵاو نەکردەوە. لە دوایین دانیشتندا نوێنەرانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بەیانێکی **٣٣** مادەییان دارِشت و پێشکەش نوێنەرانی حکوومەتیان کرد و بەبێ هیچ ئەنجامێک تارانیان بەجێ هێشت[٢].

بەم پێیە دەوڵەتی ئێران بەتەواوی گوێی لە کێشەی کورد خەواند، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو جۆرە ڕوانینەی حکوومەت بۆ پرسی ئازەربایجان ئەو ڕوانینە نەبوو کە یەکێتیی سۆڤیەت چاوەڕوانی بوو و پێوەبوو کە بەهۆی مامەڵەیەکی ئاشتیخوازانە لەلایەن ئێرانەوە بۆ کێشەی ئازەربایجان و بەخشینی جۆرێ لە ئۆتۆنۆمیی بەڕێوەبەرایەتی بەو کۆمارە، دەوڵەتی ڕووس وەکو بنکەیەک بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچەیەدا کەڵک

١- کوهستان، ژماره ٥٣ از ایران و مشکلات ازربایجان چگونه حل می شود ل ٢ و ٣

٢- مەدەنی، حوسێن، پێشوو، ل ٢٨١

وەربگرێت. وا دەردەکەوێت کە دانیشتنەکان و وتووێژەکانی قەوامولسەڵتەنە تەنیا هەوڵێکی تاکتیکی بوو بۆ ئەوەی حکوومەتی سۆڤیەتی قایل بکات بەوەی هێزەکانی خۆی لە ئێران بباتە دەرەوە. ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوو لەو هەلومەرجەدا ئەوە دەسەلمێنن کە دەستەی دەسەڵاتداری ئێران و لە سەرووی هەموویانەوە حەمە ڕەزاشا هەرگیز بیریان لە ئامانجێکی دیموکراسییانە و سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی لەسەر کەمە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان نەدەکردەوە و هێزە سەربازییەکانی خۆیان ئامادە کردبوو و بۆ دەرفەتێک دەگەڕان هێرش بکەنە سەر سنوورەکانی هەردوو کۆمارەکە و کێشەکان بەشێوەی سەربازییانە و توندوتیژی چارەسەر بکەن و، کشانەوەی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران ئەو دەرفەتە مێژووییەی خستە دەستیانەوە.

هێشتا نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لە تاران بوون کە حکوومەتی ئێران یەکەم دژەکردەوەی نیشان دا و بەجێگەی پێشوازی کردن لە نوێنەرانی هەردوو کۆمارەکە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی وتووێژەوە، فەرمانی بە هێزەکانی سوپا دا تا لە ڕۆژی ٩ی گوڵانی ساڵی ١٣٢٥ ک.هـ. هێرش بکەنە سەر ناوچەی ستراتیژیکی (ملەقەرەنی) کە لە هەشت کیلۆمەتریی جادەی سەقز - بۆکان هەڵکەوتبوو[١].

لقی یەکی هێزەکانی بارزانی لە بەرامبەر ئەو هێرشەدا دژەکردەوەیان نیشان دا و بەدلێری و نەترسییەوە بەرامبەریان وەستان و بەتوندی هێزەکانی دەوڵەتیان شکاند. لەو پێکدادانەدا ١٠٠ کەسیان لە هێزەکانی دەوڵەت کوشت و ٣٩ کەسیشیان بەدیل گرت و ئەوانی تریشیان خستە ناو گەمارۆی خۆیانەوە، بەدیلگیراوەکانیان ناردەوە مەهاباد. قازی محەممەد فەرمانی دا بەوپەڕی ڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت. پاش چەند ڕۆژ هەموو گیراوەکان ئازادکران، ئەمەش نیشاندەری نیەتپاکیی هێزەکانی کۆماری کوردستان بوو، بەڵام ئەو کردەیە هیچ کاریگەرێتییەکی لەسەر بڕیارەکەی دەوڵەت نەبوو.

مەبەستی قازی محەممەد ئەوە بوو هەموو کێشە و گرفتەکانی نێوان کۆماری کوردستان و دەوڵەتی ئێران لە ڕێگەی وتووێژ و بە شێوازی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات. هەرچەن ڕاپۆرت و هەواڵەکان کە لە ناوچەی بانەوە ڕادەگەیەندران نیشانیان دەدا کە هێزەکانی حکوومەت خەریکی ئاز و گوێزن و خۆ بۆ شەڕ ئامادە دەکەن. هێزە فیداییەکانی کۆماریش ئامادەن بۆ بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیان و تەنیا چاوەڕێی فەرمانی قازی

١- هەمان، ل ٢٨٢



محەممەدن، بەڵام قازی محەممەد نامەیەکی بۆ فەرماندەی ئەو هێزانە نارد و تێیدا نووسی: «چونکە نوێنەرانی ئێمە لە تاران خەریکی گفتوگۆن بەهیچ جۆرێ نابێ بچنە سەر دوژمن، لەو جێیەی هەن ڕاوەستن و خۆتان مەحکەم کەن[١].»

وێڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانی قازی محەممەد بۆ ڕێگرتن لە پێکدادان و تێهەڵچوونی سەربازیی ئەو قۆناخە ئاسایشی و سەقامگرتووەی کە چەند مانگێک بوو کۆماری کوردستان لە سایەیدا حەوابووەوە بەتوندی تێپەڕبوو. (شا، پاش ئەوەی لەگەڵ سەرۆک وەزیران و وەزیری شەڕ و سەرۆکی ئەرکان (حەسەن ئەرفەع)دا ڕاوێژی کرد، وێڕای ئەو ترسەی لە دەستتێوەردانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ پشتیوانیکردن لە پیشەوەری (سەرۆک کۆماری ئازەربایجان) لە دڵی قەوامولسەڵتەنەدا بوو فەرمانی دا هێزی سەربازی بەرەو ئازەربایجان ڕێ کەون.

ئەو هێزانە بەبێ هیچ گرفتێک چوونە ناو شاری زەنگان (زنجان)ی ناوەندی ویلایەتی خەمسەوە. شا بە مەبەستی ڕێکوپێک کردن و سیستماتیک کردنی هێرشەکە بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان چووە زەنگان[٢]. بیانووی دەوڵەت بۆ ناردنی هێزی سەربازی بۆ سەر سنووری هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان ئەوە بوو: لەم ڕۆژانەدا هەڵبژاردنی خولی پازدەهەمی پەرلەمانی (مجلس شورای ملی) لە سەرانسەری ئێراندا بەڕێوە دەچێ و ناردنی هێزی سەربازی بۆ ئەو ناوچانە دەستەبەرکردنی هێمنی و ئاسایشە بۆ بەڕێوەچوونی ئەو هەڵبژاردنە، یەکێتیی سۆڤیەت زیاتر لە ئێران چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی ئەو هەڵبژاردنە بوو و بەپەرۆشەوە بۆی دەڕوانی بۆ ئەوەی چاوەڕوانیی ئەوەی دەکرد هەندێ لەو نوێنەرانەی لەلایەن حزبی (توودەوە) پاڵێوراون بچنە پەرلەمانەوە و لە ڕێگەی پێوەندیی دیپلۆماتیکەوە ڕێگە بۆ پەرەپێدانی زیاتر و دەستڕۆیشتوویی ئەو دەوڵەتە (لە ئێران) خۆش بکەن.

لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا کە پێش ناردنی هێزی سەربازی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سەر سنووری هەردوو کۆمارەکە ڕێک خرابوون، پیشەوەری بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی هەردوو کۆمارەکە بەمەبەستی هاریکاری کردن لە هەموو بوارەکاندا ئیمزایان کردبوو، ڕەوتی نابووتی و لەناوچوونی هەردوو کۆمارەکەی خێراتر کردبووەوە.

١- کوهستان با نظری بەواقعه سقز و مهاباد، سربازان اسیر چه می کنند شماره ٥٦ ص ٩.

٢- بڕوانە، کریس کۆچرا، پێشوو، ل ٢٢٣

بەو مەرجەی پیشەوەری وازی لە مەقامپەرەستیی خۆی دەهێنا و بەو هۆیەوە نەدەبووە هۆی ناکۆکی خستنەوە لە نێوان هەردوو کۆمارەکە و پێی نەدەنایە ناو داوی ڕیاکارانەی قەوامولسەڵتەنەوە کە بەزیرەکییەکی وەهاوە تەنیبوویەوە، هەرگیز پیشەوەری و کەسانی وەکو ئەو بەخەیاڵیاندا نەدەهات دەرفەتێکی وەها دەڕەخسا نوێنەرانی هەردوو کۆمارەکە بەیەکێتی و ڕێککەوتنی تەواوەوە لەدانیشتنەکاندا داخوازییەکانی خۆیان دەخستە بەردەست و بەرگرییان لە سنوورەکانی خۆیان دەکرد، بێ گومان ڕەوتی ئەو ڕووداوە مێژووییانە بەجۆرێکی تر دەڕۆیشتە پێشەوە.

پیشەوەری لە ڕێککەوتننامەکاندا و لەسەر کاغەز بەجۆرێ مامەڵەی دەکرد دەتگوت کۆماری کوردستان لەبنەڕەتەوە بوونی نەبووە و ناوچەی باکوری کوردستان بەشێکە لە کۆماری ئازەربایجان. هەر بەو هۆیەوە قازی محەممەد لە سەرەتای مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٢٥ بەمەبەستی وتووێژ و چاوپێکەوتنی بەرپرسە پایەبەرزەکانی دەوڵەت و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی یاسایی، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوان دەوڵەت و کۆماری کوردستان چووە تاران (قازی محەممەد و هاوڕێکانی لەو سەفەرەدا، لە فرگەی میهرئابادی تاران، لەلایەن نوێنەری تایبەتی سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە بەرپرسانی دەوڵەت و هەروەها ژمارەیەکیش لە کوردە دەستڕۆیشتووەکانی دانیشتووی تارانەوە پێشوازییان لێ کرا. هەر لەم دوایین دیدارەدا قازی محەممەد بەشێوەی جیاجیا چاوی بەقەوامولسەڵتەنە و ژەنەراڵ ڕەزم ئارا – سەرۆک فەرماندەی گشتیی سوپای ئێران کەوت و وتووێژی لەگەڵ کردن. پاش چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند بەرپرسێکی پایەبەرزی دەوڵەتیدا، لەگەڵ هەندێ لە پیاوانی کوردی دانیشتووی تاران و نوێنەرانی پارێزگای کوردستان و کرماشان، لەوانە دوکتۆر زەنگەنە، ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان و خەلیل فەهیمی و... دانیشتن و وتووێژی هەبوو و سەبارەت بەداهاتووی کوردستان بیروڕای لەگەڵ گۆڕینەوە. نوێنەران و کوردەکانی دانیشتووی تاران ڕایان وابوو، بۆ ئەوەی قازی محەممەد بتوانێ بە مەبەستەکانی خۆی بگات باشتر وایە لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە و هەروەها وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و شادا بچێتە پێشەوە)(١).

(لە دانیشتنەکانی قازی محەممەد لەگەڵ قەوامدا بڕیار درا ئەیالەتێک بەناوی کوردستانەوە پێک بێت، لە سنووری هەندێ لە سەرچاوەکان نووسیویانە قەوامولسەڵتەنە

١- مدنی حسین، پیشین، ل ٢٩٦



ئەو پێشنیازەی پەسەند کرد، بەڵام مەرجداری کرد بەوەی دوکتۆر جاویدیش پارێزگاری ئازەربایجان بێت. ڕووسەکانیش بەرامبەر ئەو ڕێککەوتنە دژایەتییان کرد(١).

بیانووی ڕووسەکان بۆ دژایەتیکردنی بەو ڕێککەوتنە ئەوە بوو ئەوان بڕوایان وابوو ڕێککەوتنەکە دژی بەرژەوەندییەکانی ئازەربایجانە و ئەمەش لەو حاڵەتەدا بوو کە هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر بەوەی کە ڕێککەوتننامەکان هەموو بەرژەوەندییەکانی کۆماری مەهابادیان پشتگوێ خستبوو، نەگرت. مەهابادییان بەم پێیە بۆیان دەرکەوت کە پشتبەستن بەحکوومەتێکی بیانی هەرگیز ناتوانێ پاڵپشتێکی بڕواپێکراو بێت بۆ نەتەوەیەک کە هیچ دۆست و هەڤاڵێکی لە دونیادا نییە بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانی یارمەتیی بدەن. وا دیارە بۆچوونی نوێنەرانی کوردی ناوچەکانی باشووری کوردستانی ئێران لە پەرلەمان سەبارەت بەچۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان فرە واقیعبینانەتر لە بۆچوونی ئەو کەسانە بوو کە حکوومەتی یەکێتیی سۆڤیەتیان بەپاڵپشتێکی پۆڵایین و بڕواپێکراو دەزانی و، گەلی کورد لە پەنای ئەودا دەیتوانی بگاتە ئامانجەکانی خۆی.

قازی محەممەد پاش ئەو دیدارانە گەڕایەوە بۆ مەهاباد و لەلایەن لایەنگرەکانیەوە کە، وایاندەزانی ڕێبەرەکەیان توانیویەتی دەوڵەتی ئێران قایل بکات بەوەی مافەکانیان بەڕەسمی بناسێت و دەستەبەریان بکات، پێشوازیی لێوە کرا. قازی محەممەد بەلێهاتوویی و زیرەکیی خۆیەوە نەیتوانی بەرامبەر بەسیاسەتی تەفرەدەرانە و بەڵێنی درۆی قەوامولسەڵتەنە و شای ئێران واقیعبینیی خۆی لەدەست نەدا و لەو مەبەستە نەگریسانەی ئەوان بگات. لە یەکەم وتووێژی خۆی لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێبەر، پاش گەڕانەوەی لە تاران، وتی: «ئەمن چەند جەلسە لەگەڵ ئاغای موزەفەر مەعاونی قەوامولسەڵتەنەی سەرۆک وەزیر و ئاغای سەرلەشکر ڕەزم ئارا (دووجار لەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیر ملاقاتم کردووە.) نەزەری ئاغای سەرۆک وەزیرم زۆر تێکەڵ بەحوسنی زەن و چاک نییەتی دیوە. من ئاتییەکی زۆر چاک تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دیموکراسی بەهەمموو ئێراندا بڵاو بکاتەوە(٢).

هەروەها وەک لە وتەکانی قازی محەممەددا دەردەکەوێت، بۆچوونی ئەو وەها بوو کە

١- ڕ.ک- کریس کۆچرا، پیشین، ل ٢٢٢ و جعفر مهدی نیا زندگی قوام‌السلطنه، ملاقات در تهران، ص ٥١٨ و ٥١٩

٢- کوردستان، ژمارە ٦٩ پووشپەڕی ١٣٢٥، وتووێژی قازی محەممەد لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕێبەر.

ڕێبەرانی سیاسیی ئێران بە وتە و بەڵێنەکانی خۆیان کە لە وتووێژەکانی نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرابوو وەفادار دەبن. بەڵام پاشتر دەرکەوت قەواموسەڵتەنە و هەڤاڵەکانی بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکانی خۆیان پشت دەکەنە هەموو بەڵێنەکانیان و بەتایبەت ئەگەر بەرامبەرەکەیان گەلێکی بێ چارە و داماو بێت کە هیچ هێز و دەسەڵاتێکی بیانیش قایل بەوە نابێت کە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی بەهۆی پشتیوانی کردن لە مافەکانی ئەو گەلە بخاتە مەترسییەوە، ئەگەرچی ئەو مافانە، مافگەلێکی بنەڕەتیش بن و ڕێبەرانی ئەو گەلەش، لەوانە قازی محەممەد وێڕای نیەتپاکی و ئەمەکداری بەگەلەکەی خۆیان، ئەوە بوو هێشتا توانای پێویستیان نەبوو بۆ ناسینی خواستی سیاسەتڤانانێکی فێڵباز و ڕیاکاری وەکو قەواموسەڵتەنە، یان ئەگەر ئەو توانایەشیان هەبووبێت بەو هۆیەی کەرەستە و ئیمکانی مالی و سەربازیی پێویستیان بەدەستەوە نەبوو وەهایان بەباش زانیبوو بەجێگەی شەڕ و پێکدادانی سەربازی بەرامبەر بەو دەسەڵاتە مەقامپەرەست و ڕیاکارانە کۆتا بێت، بگرە بتوانن بەهۆی ئەو ستراتیژیتەوە و بەباجدانێکی کەمتر، ئامانج و مەبەستەکانی خۆیان وەدەست بهێنن.

بەهەرحاڵ گەڕانەوەی هێزە سەربازییەکانی سۆڤیەت لە خاکەلێوەی ١٣٢٥ لە ئێران، واتە چەند مانگێک پێش ئەوەی قازی محەممەد سەفەری تاران بکات، چرا سەوزێک بوو یەکێتیی سۆڤیەت نیشانی ئێرانی دا و ئەویش یان بۆ ئەوە بوو دەستی بگاتە سەرچاوە نەوتییەکانی ئێران یان بەهۆی ئولتیماتومێک بوو کە ترۆمەنی سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانە سێ قۆڵییەکەی نێوان ئێران و سۆڤیەت و ئەمریکا بۆ ئێرانی دانابوو تا بارودۆخەکەی پێش شەڕی جیهانیی دووەم بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکە.

شای ئێران لە بیرەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بەو دیاردەیە نووسیویەتی: «یەکێتیی سۆڤیەت پێداگرانە لە ڕاپەڕینە جودایی‌خوازانەکەی قازی محەممەد لە کوردستان و پیشەوەری لە ئازەربایجان پشتیوانیی دەکرد. بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی لە ڕێککەوتننامە سێ قۆڵییەکەی تاراندا گونجا بوو، لە کاتی دیاریکراودا هێزەکانی خۆی لە ئێران نەبردە دەرەوە. سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ٨ی مارسی ١٩٤٦ ئۆلتیماتۆمێکی دایە مۆتۆلۆف، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو کاتەی سۆڤیەت، پاش ئەو ئۆلتیماتۆمە بوو کە هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران چوونە دەرەوە[١]».

بەهەرحاڵ هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران کشابوونەوە و لەمپەرێکی جیدی بوونی نەبوو کە

١- پهلوی محمد رضا، پاسخ بەتاریخ ص ٥٥



بەرگری لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بکات بۆ ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان. کاتی دانیشتن و وتووێژی سیاسی بەسەرچوو بوو، بەڵام هیچ دەستکەوتێکی بەدواوە نەبوو. بیروڕای گشتیی جەماوەری خەڵکی ئێران بەجۆرێ بوو کە نەیدەتوانی داهاتووی سیاسیی وڵاتەکە پێشبینی بکات. ئازەربایجان و کوردستان تووشی ترس و چارەنووسێکی دیاری نەکراو بووبوون و حکوومەتی ناوەندیی ئێرانیش چاوەڕێی دەرفەتێکی باش بوو تا خواستەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

هاتنە پێشەوەی هەڵبژاردنەکانی خولی پازدەیەم دەرفەتێکی زۆرباش و گونجاو بوو تا لە پەنای ئەوەدا دەسەڵاتی خۆی بگەڕێنێتەوە کوردستان و ئازەربایجان. ئەو سیناریۆیە لە سەرەتای پاییزی ١٣٢٥دا دەستی پێ کرد و لە ڕۆژی ١٤ی خەرمانانی ئەو ساڵەدا شا فەرمانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەی دەرکرد[١]» دەوڵەتی ناوەندی ئەوەی دەزانی کە ئەگەر هەڵبژاردنەکە لە ئازەربایجان و کۆماری کوردستاندا بەڕێوە بچێت و چاودێریی هێزەکانی حکوومەتی بەسەرەوە نەبێت، دەسکەوت و ئەنجامەکە ئەوە نابێت کە ئەوان مەبەستیانە، قەواموسەڵتەنە ڕۆژی ١٤ی خەزەڵوەر ڕای گەیاند: «هەڵبژاردن لە ئازەربایجان لە ژێر چاودێریی دەوڵەتدا بەڕێوە دەچێت و بۆ دابینکردنی ئاسایش و هێمنیی ناوچەکە پێویستە دەوڵەت لیژنەی چاودێری و هێزی سەربازی بنێرێتە ئەوێ[٢]» دەوڵەت ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ باڵوێزخانەی ئینگلیزدا باس کرد و ڕاگەیاند، هەر جۆرە بەرگری کردن یان لەمپەر و بەربەست دروستکردن لە بەرامبەر ئەو هێزانەدا بەتوندی سەرکوت دەکرێت. (جۆرج ئالێن باڵوێزی ئەمریکاش پشتگیریی ئەو بڕیارەی کرد[٣]).

قەواموسەڵتەنە لەلایەکەوە لە پشتیوانی کردنی ئەمریکا دڵنیا بوو و لەلایەکیشەوە دەیزانی کە یەکێتیی سۆڤیەت مەسڵەحەت و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەدا دەبینێ و گەفەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجانیش هەر قسەی ڕووتە و هێزە دەوڵەتییەکان بێ ئەوەی لەگەڵ هیچ بەرگرییەکدا ڕووبەڕوو ببنەوە بەرەو شاری تەورێز چوونە پێشەوە. پێش گەیشتنی هێزی دەوڵەتی، جەماوەری ئازەربایجان دژی کۆمارەکە شۆڕشیان کرد. هەوڵەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان بۆ ئەوەی جەماوەر هەڵبنێن تا

١- مرتضی زربخت، از کردستان تا عراق تا... ارارات ص ١٨

٢- کوچرا، ثیشن ص ٢٢٥

٣- بڕوانە ایران و قدرتهای بزرگ در جنگ جهانی دوم دکتر ایرج زوقی، ص ...و پاسخ بەتاریخ ص٥٧.

لە بەرامبەر دەوڵەتدا بەرگری بکەن، دەستکەوتی نەبوو و بەم پێیە لە دە ڕۆژی دوایی مانگی سەرماوەزدا دەوڵەت شاری تەورێزی گرتەوە و ۲۱ی ئەو مانگەی بەڕۆژی ئازادیی ئازەربایجان ناو نا.

(پاش ئەو ڕووداوە) داهاتووی سیاسیی کۆماری کوردستانیش بەئاسانی بۆ هەمووان ڕوون بوو. قەواموسەڵتەنە داوای لە قازی محەممەد کرد هاوکاری بکات بۆ ئەوەی هێزی دەوڵەتی و سەربازی بە مەبەستی چاودێری کردن لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکە! بچنە مەهاباد[1]). قازی محەممەد بەگەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ مەهاباد قایل نەبوو. بەڵام بارودۆخ، بارودۆخێکی یەکجار تەنگژاوی بوو. داڕمان و تێکچوونی خێرای کۆماری ئازەربایجان کە لەلایەن سۆڤیەتەوە پشتگیری دەکرا، کاریگەرێتیی خراپی لەسەر ڕۆحیەی خەڵکی دانابوو. عەشایەری ناوچە و دەوروبەریش بەرەبەرە وەکو ڕۆژگارپەرست هەڵگەڕانەوە و بەرەو پشتگیری کردن لە هێزی دەوڵەتی ئاراستەیان گۆڕی، قازی محەممەد و هاوڕێکانی بۆ ئەوەی بڕیار بدەن بەرگری بکەن یان تەسلیمی دەوڵەت بن کەوتبوونە سەر دووڕیانێکی یەکجار ئەستەمەوە. لە ۱۵ی سەرماوەزدا (شۆرای شەڕ) سازدرا بۆ ئەوەی دوایین بڕیار بدات. بڕیار درا لە بەرامبەر دەوڵەتدا بەرگری بکەن. بەڵام کات کۆتایی هات و ڕێبەرانی مەهاباد تێ گەیشتن سۆڤییەتییەکان دەستیان لێ بەرداون، ئەوەبوو بڕیاریان دا خۆیان تەسلیم بکەن[2]» قازی محەممەد کە لەگەڵ سوپایەکی بەهێزدا ڕووبەڕوو بووبووەوە، بەوەی زانی کە زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان کەسانێکی نان بەنرخی ڕۆژخۆر و فیتنەکەر بوون. لەم نێوانەدا تەنیا هێزەکانی بارزانی و یەکێک لە عەشیرەتەکانی مەهاباد و بەشێک لە عەشیرەتێکی تر وەفادار مابوونەوە. «قازی محەممەد چەند جار لە هێزەکانی بارزانی بۆ سەرکوتکردنی ئاژاوەچێتیی عەشیرەتەکان و شەڕ لەگەڵ سوپای ئێران و کۆماری ئازەربایجاندا کەڵکی وەرگرت[3]» و پاش ئەوەی تێ گەیشت ئیمکانی بەرگریکردن لە بەرامبەر دەوڵەتدا نەماوەتەوە بڕیاری دا بەبێ هیچ مەرجێک خۆی تەسلیم بکات، ئەو مەبەستی وابوو بەخۆ تەسلیمکردن لە کوشت و کوشتاری جەماوەری بێ تاوان بەرگری بکات. بارزانییەکان خاوەنی توانا و ئەزموونی یەکجار زۆری سەربازییانە بوون و لە ناوچەی سەقزدا هێزەکانی ئێرانیان بەتوندی تێک شکاند بوو، هیوایان وابوو تەسلیم نەبن

---

١- مەدەنی، پێشوو، ل ٣٠٧

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٢٤

٣- جعفرنیا، مهدی، زندگی قوام السلطنه (سقوط مهاباد) ص ٥٢٢



و بەرگری بکەن. بارزانی دژی خۆ تەسلیم کردنی بێ مەرج بوو و لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ قازی محەممەد داوای لێ کرد تەسلیم نەبێت و لەگەڵ ئەودا مەهاباد بەجێ بهێڵێت. بەڵام قازی محەممەد لە بەرامبەر جەماوەر و گەلەکەیدا خۆی بە بەرپرس دەزانی و لە وەڵامی بارزانیدا وتی (من لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەمێنمەوە، چونکە سوێندم خواردووە و بەڵێنم داوە بمێنمەوە و بەرگرییان لێ بکەم. حکوومەتی ناوەندی ئێستا تووڕەیە و بەو مەرجەی من بگرن، بەکوشتنی من هێور دەبنەوە. بۆ ئەوەی کوشتاری جەماوەر نەکرێ ناچارم بمێنمەوە)، هەروەها لە وەڵامی پەیامەکەی پیشەوەریدا بۆ پەنابردن بەسۆڤیەت وتی: لەگەڵ گەلەکەمدا دەمێنمەوە و تا ئەو جێگەیە بتوانم ناهێڵم خوێن بڕێژرێت و ئاژاوە بنرێتەوە ئەوەی دەیانەوێ بەسەری گەلەکەمدا بیهێنن، با بەسەری مندا بیهێنن[1].

قازی دەیتوانی وەکو ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان پەنا بباتە بەر سۆڤیەت و یان تەنانەت لەگەڵ بارزانیدا مەهاباد بەجێ بهێڵێت، بەڵام بۆ ئەوەی تینوێتیی بەرپرسانی حکوومەتی بۆ تۆڵەسەندنەوە دامرکێنێ، مایەوە و پاش تەسلیم بوون لە دادگایەکی سەربازیدا لەگەڵ براکەی و کوڕە مامەکەیدا بڕیاری کوشتنیان بەسەردا سەپا. وێڕای هەموو هەوڵی هاوسەرەکەی بۆ بەخشینی قازی لەلایەن دادگاوە ژەنەراڵ (سەرلەشکر هومایۆنی و دادگا فۆرمالیتەکەی لە ڕۆژی ۲۳ ژانیڤەری ۱۹٤۷دا واتە یەک ساڵ و یەک ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بڕیاری کوشتنیان درا.)

سەرلەشکر هومایۆنی کە بۆ درێژەدان بەشەڕ دژی هێزەکانی بارزانی واتە بەئەمەکترین هێزەکانی کۆماری کوردستان، هاتبووە شاری ورمێ، پاش ئەوەی پەیامی پێ گەیشت و لەوەدا لەسەر بڕیاری کوشتنەکە جەخت کرابووەوە، فەرمانی بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارەی لە ڕادیۆوە ڕاگەیاند. قازی محەممەد و هاوڕێکانی هەر لەو مەیدانەی کۆماریان ڕاگەیاند لە سێدارە دران. هێزەکانی حکوومەت کە لە شاری مەهاباددا جێگیر بووبوون و هەموو تووڕەیی خۆیان بە لە سێدارەدانی ڕێبەران و دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان نیشان دا، بەوەش وازیان نەهێنا و بەخێرایی هەموو شوێنەواری ئەو کۆمارەیان لەناو برد، فێرکردنی زمانی کوردییان قەدەغە کرد و سەربازەکان هەموو ئەو کتێب و گۆڤارانەی بەزمانی کوردی نووسرابوون لە مەیدانەکانی مەهاباددا کە باڵی ڕەشی ترس و بێدەنگی سێبەری بەسەریاندا بڵاوکردبووەوە، سووتاند و بەم پێیە خەڵکی مەهاباد و لایەنگرانی کۆماری

---

١- مرتضی رزبخت از کردستان تا عراق تا... آرارات ص ١٨

کوردی مەرگی یەکەمین و دوایین حکوومەتی کوردییان لە سەدەی بیستەمدا بەچاویان بینی[1].»

بەم شێوەیە کۆماری کوردستان چووە ناو مێژووەوە و ئەو حکوومەت و پێکهاتە سیاسییە لەناوچوو و بارزانییەکان کە لە داوێنی ئەو حکوومەتەدا باشترین و لێهاتووترین هێزی سەربازییان لێ دەرچووبوو، دەبوو چارەنووسی خۆیان دیاری کردبا. بارزانی پاش ئەوەی هەوڵەکانی بۆ قایلکردنی قازی محەممەد بۆ دەرچوونی لە مەهاباد لەگەڵ هێزەکانی بارزانیدا ئەنجامێکی وەرنەگرت، لە دوایین چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ قازیدا، ئاڵای سێڕەنگیی کوردستانی لێ وەرگرت و لە کەشوهەوایەکی یەکجار خەماویدا ماڵاوایی لە یەکەمین سەرەک کۆماری مێژووی کورد کرد. «بارزانی هێندە هۆشیار و خاوەن ئەزموون بوو کە ڕەوتی ڕووداوەکانی باشتر لە هەموان پێشبینی کرد». ئەو بەتەواوی لێی ڕوون بوو کەوا ئەو بڕیارانەی دژ بەکورد دەرچوون بڕیارگەلێکی سیاسین و شکستی کورد زیاتر لەوەی شکستێکی سەربازی بێت شکستێکی سیاسییە. هەروەها کە بەهەندێ لە هاوڕێکانی خۆی، لە حاڵێکدا کە لە پشتیوانیی هاوپەیمانێکی وەکو یەکێتیی سۆڤیەت بێ ئومێد بووبوو، وتی: «ئەوە هێزەکانی حکوومەتی ئێران نەبوون کە بەسەر کوردەکاندا سەرکەوتن بگرە ئەوە ئینگلیز و ئەمریکا بوون کە بەسەر سۆڤیەتدا سەرکەوتن». بارزانییەکان تووشی بارودۆخێکی یەکجار ناخۆشی و تەنگژاوی هاتبوون، ئەو وتەیەی بارزانی نیشاندەری ڕۆشنبینی و زانیاری و ڕۆشنبیریی ئەو زاتە بوو. ئەو لە ڕێبەرانی مەهاباد باشتر بەوەی زانیبوو کە هۆکارگەلی نێونەتەوەیی کار دەکەنە سەر چارەنووس و داهاتووی کۆمارەکە. لە ڕاستیدا بۆ یەکەم جار ئەو کاتە ڕەگوڕیشەی کۆماری مەهاباد کەوتە بەر تیغەوە کە هێزەکانی حکوومەتی سۆڤیەت لە ١٠ی مانگی مەی ١٩٤٦دا، یان بەهۆی تەنگژە نێو نەتەوەییەکانەوە، یان بەهۆی مامەڵەکردن بۆ گەیشتن بە سەرچاوە نەوتییەکانی ئێران، ئەو وڵاتەیان بەجێ هێشت و مەیدانیان دایە هێزەکانی حکوومەت بۆ سەرکوتکردنی ئەو کۆمارانەی کە خودی ڕووسەکان لە بەدیهاتنیان دادەوەری سەرەکییان هەبوو. هەڵبەت لە شیکاری و کۆڵینەوە سەبارەت بەهۆکارەکانی شکست هێنانی کۆماری مەهاباددا دەبێ هەندێ هۆکاری گەمەی ناوخۆیی و ڕاڕایی بوون و یەکلایی نەبوونەوەی ئەو عەشیرەتانەی سەرەتا پشتیوانیی خۆیان لەو کۆمارە ڕاگەیاند لەبەرچاو بگیرێن. کێشە

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٢٥



و گرفتی ناوخۆ یان باشترە بڵێین یەک لە سەرەکیترین گرفتە ناوخۆییەکان ئەوەبوو قازی محەممەد نموونەی کلاسیکی ڕۆشنبیرێکی سیاسیی شارستانییە کە لەگەڵ هێزی عەشیرەیی و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی ناسیاسیدا ڕووبەڕووە، کە هیچ ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ بنەماکانی سیاسەت و دامەزراوەیەکی ڕێکوپێک و سیستماتیکی سیاسیدا نییە و بڕواشیان بەبەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی فەرمانی ڕێبەرە سیاسییەکان و بڕیارەکانییان نییە و پێی ڕانەهاتوون. لێکۆڵینەوە سەبارەت بەهۆکارەکانی شکستی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئەم باسە بەدەرە.

## ٥- چارەنووسی بارزانی پاش تێکچوونی کۆمار

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، هێزەکانی بارزانی بەهەموو کەرەستە و پێداویستییە سەربازییەکانیانەوە بەدەست لێ نەدراوی مانەوە. ئەو هێزانە کە بەناوچە جیاجیاکاندا بڵاو بووبوونەوە بانگ کرانەوە و گوێزرانەوە بۆ شاری شنۆ. شێخ ئەحمەدی بارزانیش ژمارەیەک لە گەورە پیاوانی بارزانی چوونە ئەو شارەوە، بۆ ئەوەی پاش ڕاوێژ دوایین بڕیاری خۆیان لەسەر کێشە و چارەسەرییەکان بدەن. لەو دانیشتنەدا سێ هێڵی جیاجیا لە ناوچەکە بۆ بەرگریکردن لە بەرامبەر ئەگەری هێرشکردنی هێزەکانی حکوومەتی ئێران دیاری کرا و هێزە چەکدارەکانی بارزانی لە هێڵەکانی نێوان نەغەدە و مەهاباد و دۆڵی قاسملو و دۆڵی (براندۆز)دا دامەزران و بڕیار درا، تا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەبێت هێزە چەکدارەکانی بارزانی خۆ لە پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتدا بپارێزن و تا بەهار چاوەڕوان بن و بەهاتنی بەهار ئێران بەرەو عیراق بەجێ بهێڵن یان بچنە وڵاتی سۆڤیەت. لەسەر داخوازیی هومایۆنی، مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد چوونە نەغەدە، (بە وتەیەکی تر چوونە مەهاباد) بۆ ئەوەی لەگەڵ هۆمایۆنیدا سەبارەت بەچارەنووسی بارزانییەکان وتووێژ بکەن. لەو چاوپێکەوتنەدا شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا، هومایۆنییان لە بڕیارەکەی خۆیان سەبارەت بەخۆپاراستن لە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتدا ئاگادار کردەوە و داوایان لێ کرد تا بەهار بارزانییەکان لە خاکی ئێراندا بمێننەوە، هومایۆنی داخوازییەکەی پەسەند نەکرد و بەوە پاساوی دایەوە کە بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتە لە دەستی ئەودا نییە و وا باشترە لەگەڵ تاراندا قسە بکەن. بارزانییەکان ئەو پێشنیازەیان پەسەند کرد و، مەلا مستەفا وێڕای ئاگاداربوون لە بێ بەڵێنیی ئێرانییەکان لە چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکاندا بەرەو داوی پەیمانشکێنیی ئێرانییەکان ڕۆیشت و ڕێگەی بۆ هەموار کردن.

(لەگەڵ چەند کەس لە دۆست و نزیکانی خۆیدا و لەوانە: میر حاج، نووری ئەحمەد تاها و عـیـزەت عـەبدولعـەزیز بۆ وتووێژکـردن لەگـەڵ بەرپرسـانی ئێـران و نوێنەری دەوڵـەتە زلهـێـزەکـان چوونە تاران. بارزانی لە تاران پێـشـوازیی گـەرمی لێ کـرا و لە باشگای ئەفسەران بەرامبەر دایرەی فەرماندەی گشتیی سوپا نیشتەجێ بوو. ماوەی مانگێک لە تاران مایەوە، بارزانی لەو ماوەیەدا چاوی بە شای ئێران، سەرۆک وەزیران، فـەرماندەی گشتیی سوپا و ژمارەیەکی تر لە بەرپرسە پایەبەرزە ئێرانییەکان کەوت. شا و بەرپرسە پایەبەرزە ئێرانییەکان بڕیاریان دا بارزانییـەکـان دەبێ یەک لەو دوو ڕێگایەی خوارەوە هەڵبژێرن.[1])

(ئا: دەبێ بارزانییـەکـان لە دەڤـەری ڕۆژئاوای هەمـەدان و لە کـوێسـتـانەکـانی ناوچەی ئەلوەند نیشتەجێ بن و بەکاری کشتوکاڵەوە خەریک بن.

ب: دەبێ بارزانییەکان بەخێرایی لە ئێران بچنە دەرەوە.[2])

بارزانی لە سـەفـەرەکـەی بۆ تاران نیـازی وابوو بەرپرسـانی بەریتـانیـا قـایل بکات بەپاڵەپەستۆ خستنە سەر حکومەتی عیراق، ئەو حکومەتە مەجبوور بکەن لێبووردنی گشتی بۆ بارزانییەکان دەرکات تا بگەڕێنەوە نیشتمان و زێدی خۆیان کە دەڤەری بارزانە. بەڵام کە ئینگلیزەکـان وەڵامی نەرێیـان لەلایەن حکومەتی عـیراقەوە بە بارزانی دایەوە. حکوومەتی ئێران پێشنیازی نیشتەجێبوونی بارزانییەکانی لە ناوچەی هەمەدان کرد[3].

ئایا بارزانی لە ناخـەوە ئەو پێـشـنیـازەی لا پەسـەند بوو یان نا؟ بەبیـانووی ئەوەی کە ڕێبەری بارزانییـەکـان شێخ ئەحـمەدە و، ئەو دەبێ لەسـەر مـەسـەلەکە بڕیار بدات کـۆتایی بەدانیـشـتنەکـەی خـۆی لە تاران هێنا، کـە لەوانە بوو بەمـەرجی مـانەوەی زیاتر خـۆی و هاوڕێکانی تووشی هەڕەشـە و مـەترسـیـەکی جـیـدی ببنەوە، گـەڕایەوە بۆ مـەهاباد و حکومـەتی ئێـران بەهۆی ترسـان لە پێکهـاتنی ئاژاوە و بەدیهـاتنی شـەڕ لەگـەڵ هێـزە خـەباتکارەکـانی بارزانی نەبوایە، مـەیلی لەوە هەبوو بەکـوشـتنی مـیـوانەکـەیان (مـەلا مـسـتـەفـا) بەهۆی بەشـداریبوونی لە دامـەزراندن و مـانەوە و بەردەوامـبـوونی کـۆمـاری کـوردسـتـانـدا تۆڵەی لێ بکەنەوە و هێـز و هاوڕێکانیـشی لە ناوچەیەکی تری دوور لە کوردستاندا نیشتەجێ بکەن.

١- بڕوانە، مەسعود بارزانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ل ١٧٠

٢- بڕوانە مەدەنی، حوسێن، پێشوو، ل ٢١٤

٣- بڕوانە، گۆنتەر دیشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراو غەدر لێکراو: و. حەمەکەریم عارف ل ١٦٧٥



بوونی هێزەکانی بارزانی کە چەکدار و ئامادە و ڕاهاتوو بوون، لەو ناوچە سنوورییەی بەتازەیی کـەوتبـووەوە ژێر دەسـەڵاتی حکوومـەت، بووبووە هۆی نیگەرانیی هومـایۆنی، چونکە شێخ ئەحـمەد پێشنیـازەکەی حکوومـەتی ڕەت کردبووەوە، بەو هۆیەوە هومایۆنی جارێکی تر لەگەڵ شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی دیداری کرد. بارزانییەکان پێیان ڕاگەیاند کە نیازیان وایە بچنەوە عیراق و، وتیان حکوومەتی عیراق و بەریتانیا بیانەوێ و نەیانەوێ ئێـمـە بۆ گەڕانەوە بڕیارمان یەکلایی کـردووەتەوە. هەڵوێـسـتی بارزانیـیـەکـان هومـایۆنیی یەکـجار تووڕە کـرد و لە بەرامـبـەردا پێی وتن: سێ ڕێگە زیاترتان لەبەردەم نییە، یان زۆر بەخێرایی و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی چاکبوونی هەلومەرجەکە بکەن بگەڕێنەوە بۆ عـیـراق، یان دەبێ چەکـەکـانتـان دانێن و خـۆتان تەسلیـمی دەوڵـەتی ئێـران بکەن و ملکەچی دەستوور و بڕیارەکانی بەرپرسانی ئێران بن، دەنا بەپێچەوانەوە ئامادەی شەڕ بن لەگەڵ سوپای ئێران[1]». وەڵامی بارزانییەکان زۆر ڕوون بوو، ئەوان لەسەر گەڕانەوە سوور بوون. بەڵام کاتێ دەبوو بگەڕێنەوە کە بەفری چیاکان توابنەوە دەنا ڕێگەی چوونەوەیان لێ گیرابوو، لە ئاکامدا ئەم دانیشتنە دەستکەوتێکی نەبوو. هێزەکانی بارزانی لە نەغەدەوە چوونە شنۆ و کـاتێ هێـزە سـەربازییـەکـانی ئێـران چوونە ئەو شـارەوە بارزانیـیـەکـان لەوێ نەمابوون.

لەو مـانگە دواییـیـانەدا کە هێزەکـانی بارزانی لە ئێران بوون (واتە لە کـۆتایی مـانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥، دە کـەس لە ئەفسـەرە ئێـرانییـەکـانی سـەر بەحزبی دیموکرات چوونە ناو ڕیزی ئەوانەوە، دەوڵەتی ئێران بەدوای ئەو ئەفسەرانەوە بوو[2]». بارزانییەکان لە شنۆ بوون. حکوومـەتی ئێران لە ٢٤ی ڕەشەمە و ٣ مانگ پاش وتووێژ لەگەڵ سوپای ئەو ناوچەیەی بەهێز کرابوو، فەرمانی دا هێرش بکەنە سەر بارزانییەکان و لە ئێران دەریان کەن.

لە لایەکیشەوە بارزانییەکان باشترین چەک و تەقەمەنی و کەرەستەکانی کۆماریان پێ بوو کـە بریتی بوون لە: ٣٠٠٠ تفـەنگ، ١٢٠ مـوسـەلسـەل (ڕەشـاش، یان دۆشکا) دووقەبزە تۆپی دوورهاوێژ و ژمارەیەک نارنجۆک (ڕۆمانە[3]). ئەو کەرەستە و چەکانەیان لە هەمـاری کـۆمـاری کـوردسـتـان، پێش شکـانی کـۆمـار، وەرگرتبوو و لە ڕاسـتـیدا بەشێکی

١- هەمان ل ١٦٨

٢- ڕزبخت مرتضی از کردستان عراق تا انسوی ارس ١٩

٣- جاناتان ڕندل، با این ڕسوایی چە بخشایشی، ابراهیم یونسی ص ١٧٢

هەرەگرینگی چەک و کەرەستەکانی کۆماری کوردستان بوو. لەوانەیە ژەنەراڵ هۆمایۆنی وای بەباشتر زانیبوو بەلەبەرچاوگرتنی توانای هێزە چەکدارەکانی بارزانی و ئەوەش کە لەوانەبوو عەشیرەتەکان و شکاکەکان و ڕێبەرەکانیان لەو ناوچەیەدا بچنە ڕیزی بارزانییەکانەوە، تا بۆی بلوێ خۆی لە شەڕ دژی بارزانییەکان بپارێزێ، بەڵام شای ئێران نەیتوانی ڕکوکینەی خۆی بەرامبەر باشترین و هەڵبژاردەترین و سەرەکیترین ئەستوونی کۆماری کوردستان، بشارێتەوە، ئەو کەسانەی کە سەر بەگرینگترین و گەورەترین عەشیرەیەکن کە یارمەتیی کۆمارەکەیان دابوو و لە بەرەی شەڕی سەردەشت، بانە و سەقزدا دلێرانە دژی سوپای ئێران شەڕیان کردبوو و، بەهۆی بەرگریی ئازایانە و نەبەزانەوە چەندین یەکەی سوپای ئێرانیان لە بەرەی شەڕی سەقزدا تێک شکاندبوو و خاوەن سیستەم و ئەزموونێکی سەربازییانەی بەرچاو بوون و ئەو ئەزموونە تێکەڵ بەوەفاداریی کۆماری کوردستان بووبوو و ئەرک و بەرپرسایەتیی خۆیان بۆ پاراستنی هێمنایەتیی سنوورەکانی کۆمار لەبەرەی سەقز، بانە، بۆکان و سەردەشتدا بەباشترین شێوە بەڕێوە بردبوو[1]» بەو هۆیەوە شا، پێداگر بوو لەسەر ئەوەی سوپای ئێران دەبێ پەندێکی وەها بداتە بارزانییەکان هەرگیز لە بیریان نەچێتەوە. سەرەتا ئێرانییەکان هەوڵیان دا دووبەرەکی و جیاوازی بخەنە نێوان بارزانییەکان و عەشیرەتە نیشتەجێکانی ئەو ناوچەیە و عەشیرەتگەلێکی وەکو هەرکی بکەن بەگژیاندا، بەڵام ئەمجارەیان ئەو سیاسەتە سەرنەکەوت. لە ئاکامدا سەبری سوپای ئێران دوایی هات و لە ناوچە کوێستانییەکانی ڕۆژئاوای شاری شنۆدا وەدووی بارزانییەکان کەوت.

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی دەوڵەتی ئێران و بارزانییەکان لە لادێی نەلۆس لە نزیکی شنۆ ئەو کاتە ڕووی دا کە دەستەیەک لە هێزەکانی سوپا بۆ دەرکردنی بارزانییەکان دابەزیبوون. لەم پێکدادانەدا سوپای ئێران تێ گەیشتن کە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ بارزانییەکاندا ئەنجامی خراپی بەدواوە دەبێت چونکە بارزانییەکان خاوەن ئەزموونێکی فراوان بوون لە شەڕی پێشمەرگەیی و ناو کوێستانەکاندا.

ئەنجامی شەڕەکە بەسوودی هێزەکانی سوپای ئێران نەبوو و فەرماندەی تیپ، سەرتیپ کەلاشی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و سەربازەکانی کوژران و ژمارەیەکیش بەدەستی بارزانییەکان گیران، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە تەنیا شەش کەس لە بارزانییەکان

١- مجتبی برزویی بررسی اوضاع سیاسی کردستان. ص ٣٤٢



کوژرابوون. لە گشتیی پێکدادانەکانی دواتریشدا ژمارەی کوژراوەکانی دەوڵەتی ئێران یەکجار زۆرتربوو لە بارزانییەکان. بارزانییەکان بەپاشەکشێ کردنیان نیشانیان دا کە دەتوانن ئازاری زۆر بەدوژمنەکەیان بگەیەنن. بەڵام ئەوەی کاری کردە سەر ڕۆحیە و ورەی بارزانییەکان، بۆردمانی بەردەوام بوو کە لەلایەن دوازدە فڕۆکەی قەدیمییەوە ئەنجام دەدرا. لەو بارودۆخەدا بارزانی بۆ دیدار لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی باکوری شنۆدا و ئەگەری ڕێگە خۆشکردن بۆ سەفەر بەرەو سۆڤیەت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەم چووبووە ئەو ناوچەیەوە، یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان هومایۆنی لەوە ئاگادارکردەوە و خۆبەشی لەگەڵ هێزەکانی حکوومەت و ژمارەیەک لە پیاوانی عەشیرەتەکەی، بارزانییان لە ئاواییەکی ناوچەکەدا، گەمارۆ دا، هەوڵدانەکانی بارزانی بۆ خۆپاراستن لە پێکدادانی چەکدارانە بێ ئەنجام مایەوە و هیچ کارێکی نەکردە سەر ئەو بڕیارەی کە دەوڵەت بۆ گرتنی ئەو دابووی. ئاکامی ئەو پێکدادانە بووە هۆی کوژرانی (هەویرکۆ)ی خایەن و هاوڕێکانی و دەربازبوونی چاوەڕوان نەکراو و سەرنجڕاکێشی بارزانییەکان[1]. پاش ئەو تێکهەڵچوونانە حکوومەتی ئێران هێزی تازەی ناردە ناوچەکە و چەکدارەکانی عەشیرەتی مەنگوڕ و مامەشیش کە دژی کۆماری کوردستان بوون چوونە ڕیزی هێزەکانی دەوڵەتەوە و بەو هۆیەوە هێزەکانی دەوڵەت بەهێزتر بوون. هەوڵی بارزانییەکان ئەوە بوو، تا ئەو جێگایەی توانایان هەیە بەرگری بکەن لەوەی ئەو شوێنە ستراتیژیکەی مەبەستیانە لێوەی تێپەڕن و ئێران بەجێ بهێڵن، نەکەوێتە دەستی هێزەکانی حکوومەتەوە. بارزانییەکان لەو کاتە پاشەکشێیان کردبوو و چووبوونە دێی (گوندە وێڵە) کە لەسەر سنووری ئێران و عیراقدا بوو[2].

هاتنەوەی دووبارەی بارزانییەکان بۆ ناوچەی بارزان حکوومەتی عیراقی یەکجار نیگەران کردبوو. دیداری فەرماندەی سوپای عیراق و ژەنەراڵ هومایۆنی لەسەر سنوور و ناوچەی حاجی ئۆمەران وێڕای هەموو ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لا، دەست تێکەڵکردنی هەردوو حکوومەتەکە بوو، بۆ لەناوبردنی کورد.

بارزانییەکان لە کۆتاییدا پاش پێکدادان و کشانەوەی زۆر سنووری ئێرانیان تێ پەڕاند و چوونە خاکی عیراقەوە. حکوومەتی عیراق دەیویست بارزانییەکان بەبێ هیچ مەرجێک خۆیان تەسلیم بکەن. بارزانی ئەوەی دەزانی کە حکوومەتی عیراق چەندە بێ ڕەحم و

١- بڕوانە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، و کورد گەلی غەدر لێکراوی لەخشتە براو، ل ١٦٩
٢- بارزانی، مسعود، پێشوو ل ١٧٩

دڵڕەق بوو و بەڕادەیەکی زۆر توندوتیژیی دەکرد بۆ کوشتنی ڕکەبەرەکانی خۆی و هەر بەو هۆیەوە قایل بەتەسلیم بوون نەبوو و هاوڕێکانیشی هەمان ڕایان هەبوو، بەڵام جەماوەری ئاسایی و ناچەکدار کە چەند هەزار ژن و منداڵ بوون لەبەر بۆردمان و سەرمای زستان جگە لە تەسلیم بوون چارەیەکی تریان نەبوو. هەر بەو هۆیەوە لەگەڵ شێخ ئەحمەد خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی حکوومەت کرد، (پاش ئەوەی شێخ ئەحمەد بڕیاری دەستەبەرکردنی هێمنایەتیی گیانی و ماڵیی لەلایەن دەوڵەتەوە پێ گەیشت لەگەڵ بەشێکی زۆر لە عەشیرەتەکەی خۆیدا، خۆی تەسلیم کرد. چەند ڕۆژێک پاش ئەوەش. واتە لە ١٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ بارزانییش لەگەڵ دەستەیەکی چەند سەد کەسیدا سنووری عیراقی بەزاند و چووە ناوچەی بارزان[1].

بارزانی لە شێخ ئەحمەد و براکانی تری و دۆست و ئاشناکانی ماڵئاوایی کرد و پاش هەڵبژاردنی (٥٦٠) کەسی چەکدار لە نێوان مەرگ و ژیان و، لەو بارودۆخە ناسک و پڕ مەترسییەدا بەرەو داهاتوویەکی نادیار بەڕێ کەوت و ئەم دوورکەوتنەوەیە یازدە ساڵی خایاند و بارزانی پاش ڕوودانی گۆڕانکاریگەلی تازە لە پێکهاتەی دەسەڵات و سیاسەتی عێراق گەڕایەوە. بارزانی هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی بەرگری بکات لە خۆ تەسلیم کردنەوەی ئەو ئەفسەرە کوردانەی هاتبوونە ڕیزی هێزەکانییەوە، بەڵام هەوڵەکانی ئەم هیچ کارێکی نەکردە سەریان و جگە لە میر حاج ئەحمەد و عەبدولڕەحمان موفتی ئەوانی تر واتە عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو و محەممەد مەحموود قودسی و خەیروڵڵا عەبدولکەریم بەئاشکرا خۆیان تەسلیم کرد و پاش دادگایی کردنیان لە دادگای سەربازیدا بڕیاری کوشتنیان بەسەردا سەپا، حکوومەت زۆر ناعادلانە و بەتوندوتیژی لەگەڵ پەنابەرەکاندا ڕەفتاری کرد[2]) و بەجێگەی ئەوە هێمنایەتیی ئەو کەسانە دەستەبەرکات کە بەجێگەی ڕۆیشتن بۆ وڵاتی سۆڤیەت یان مانەوە لە ئێراندا، هاتنەوە وڵاتەکەیان و خۆیان تەسلیم کردەوە (هەموو ئەوانەی ڕاگوێزایە ناسریە، حللە، بەسرە و کەربەلا، خستنیە بەندیخانەوە و هەندێکیشیانی کوشت و ژن و منداڵەکانیان گوێزایەوە بۆ پارێزگای هەولێر و پاشتر واتە لە ساڵی ١٩٤٩ گوێزرانەوە بۆ ناوچەیەکی دوورتر. پاش تەسلیم بوونەوەی ئەو ژمارەیە لە بارزانییەکان، بەفەرمانی دەوڵەت و لە داهاتی ساڵی ١٩٤٧ سەد هەزار

١- کۆچرا پێشوو ل ٢٢٧
٢- بارزانی پێشوو ل ١٨٠



دیناری بۆ جلوبەرگ و خواردەمەنی و پێداویستییەکانی تەندروستیی ئەو جەماوەرە ئاوارە تەرخان کرد. بارزانییەکان لەوپەڕی فەقیری و نەبوونیدا دەژیان و داخوازییەکەی مەلا مستەفا و هاوڕێکانیشی لێبووردنی گشتی لەلایەن دەوڵەتەوە پەسەند نەکرا و جارێکی تر فەرمانی دامەزراندنەوەی دادگای سەربازی لە ناوچەکانی ڕەواندز و زێبار دەرچوو و لەلایەن مەلیک فەیسەڵ پشتگیری کرا و، جارێکی تر ترس و تۆقین ڕووی کردەوە کوردستان[1]).

دادگای سەربازی لە یەکەم چالاکییەکانیدا بڕیاری کوشتنی چوار کەس لە ئەفسەرە کوردەکانی دەرکرد، کە لەگەڵ شێخ ئەحمەد خۆیان تەسلیم کردبووەوە. هەوڵ و کۆششی نوێنەری وەزیرە کوردەکانی کابینەی حکوومەتی عیراق بۆ بەرگریکردن لە بەڕێوەچوونی ئەو بڕیارە هیچ ئەنجامێکی نەخستەوە و، ئەو چوار ئەفسەرە کوردە لە ١٩ی مانگی ژوئێنی ١٩٤٧ و لە بەندیخانەی بەغدا لە سێدارە دران، تەرمی ئەو ئەفسەرانە لە سلێمانی و ئامێدی و هەولێر بەخاک سپێردران. کاتێ مستەفا خۆشناویان بردە پای سێدارە وتی: «داری ئازادی بەخوێنی گەلان ئاو دەدرێ و با خوێنی منیش دڵۆپێ لەو خوێنە بێت کە داری ئازادیی عیراق و گەلی کورد ئاودێری دەکات».

کوژرانی ئەو ئەفسەرە ئازادیخوازانە بووە هۆی بەدیهاتنی شەپۆلێکی گەورەی نارەزایەتیی جەماوەر بەرامبەر بەحکوومەتی عیراق و کابینەی ساڵح جەبر و، یەکێک لەو نووسەرانە کە خۆی شایەتی ئەو ڕووداوە بووە نووسیویەتی:

«پاش کوژرانی ئەفسەرەکان و تیردانی بارزانییەکان بۆ خوارووی وڵات چاوم کەوت بە میستەر دیچبرون ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عیراق (و) لێی پرسیم: ڕات چۆنە بەرامبەر بەخنکاندنی ئەو چوار ئەفسەرە؟ گوتم بۆچی دەپرسی؟ خۆ ئەوان ڕۆیشتوون خەڵکیش زۆر بەداخەوەن بۆ لاوێتیی ئەوان! ئەو بێدەنگ بوو، پاشان گوتم: وەزارەتەکەی ساڵح جەبر بەخنکاندنی ئەو چوار ئەفسەرە دوو هەڵەی گەورەی کرد، یەکەم پەنابەر و پەشیمان بەشەرع و قانوون نابێ بکوژرێ، چونکە خۆی بەدەستەوە داوە، دووەم ئەو کوشتنە ڕق و توورەبوونێکی زۆری لەناخ و دڵی هەموو کوردێکدا چاند، کە هەرگیز لە نێو ناچێ[2].»

١- تاریخ جنبشهای ازادی بخش مردم کرد ل ٢٢٧
٢- مەعرووف جیاووک (ڕووداوە دڵتەزینەکەی بارزانیی زوڵم لێکراو، ل ٢٠٠

حکوومەتی عیراق بنەماڵەی بارزانی و شێخ ئەحمەدیشی گوێزایەوە بۆ ئۆردووگایەک کە بەتوندی لەژێر چاودێریدا بوون، بارزانی هێشتا بەو هیوایە بوو بتوانێ حکوومەتی عیراق مەجبوور بکات بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ خۆی و هاوڕێکانی دەربکات. تێ گەیشت حکوومەت جگە لە خۆ تەسلیم کردنی بێ مەرجی بارزانی و هاوڕێکانی بەهیچ شتێکی تر ڕازی نابێت، (بەم پێیە یەک ڕێگە زیاتر لەبەردەمی بارزانیدا نەمایەوە ئەویش ڕۆیشتن بەرەو تاراوگە بوو، واتە وڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت؛ چونکە وڵاتانی ئێران و تورکیا بەهۆگەلێکی ئاشکراوە وەکو پەنابەر ڕێگای پێ نەدەدان[٢].

---

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٢٧.

# پاژی چوارەم

## ڕاپەڕینی بارزانی لە شکستی کۆماری کوردستانەوە تا کودەتای ١٤ی جولای ١٩٥٨

## ئا- ڕێپێوانە مێژووییەکەی بارزانی بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت

«بارزانی هێزە چەکدارەکانی خۆی لە نیازەکەی خۆی ئاگادار کردەوە کە بڕیاری دابوو بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت بچن. ئەم بڕیارە هێندە زەین و خەیاڵی دەهاتە بەرچاو کە، خەڵک و تەنانەت هەندێ لە هاوڕێکانی خۆی بڕوایان بەوە نەبوو بەئاکام بگات. هەر بەو هۆیەوە پاش ئەوەی بارزانی، هاوڕێکانی خۆی ئاگادار کردەوە ژمارەیەک لەوان، کە لە هەندێ سەرچاوەدا بەزیاتر لە پەنجا کەس دانراون لەگەڵ بارزانی نەچوون و خۆیان بەحکوومەتی عیراق تەسلیم کردەوە. حکوومەتی عیراق لەگەڵ هەردوو حکوومەتی ئێران و تورکیا ڕێک کەوتبوون وەدووی بارزانی و هێزە هاوڕێکانی بکەون، چونکە هێشتا دوژمنی هاوبەشی هەر سێ وڵاتەکە بوو. هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێرانیش بۆ بەرگریکردن لە چوونە ناوەوەی بارزانی لە سنووری وڵاتەکانیانەوە هێزی سەربازییان ناردبووە سنوورەکان. بارزانی هێزەکانی خۆی کرد بە پێنج بەشەوە و بۆ هەر بەشێک کەسێک لە نزیکانی خۆی، وەکو فەرماندە هەڵبژارد[1])، بەم پێیە هەموو شتێک ئامادە بوو بۆ ئەوەی ئەو سەفەرە مێژووییە دەست پێ بکرێت کە لەوانەیە جەبری مێژوو بۆ کامڵکردنی ئەزموونی بارزانییەکان بەسەریاندا سەپاندبووی. وا دەردەکەوێت بارزانی هاوکات لەگەڵ هاتنە ناوەوەی بۆ وڵاتی ئێران لەساڵی ١٩٤٥، بیری لەوە کردبێتەوە ئەگەر نەتوانێ لە ئێران بمێنێتەوە بچێتە ڕووسیە و لە ڕاستیدا پاش ئەوەی چوونە ئێرانەوە چەند دیدارێکیان لەگەڵ ژەنەراڵ لیۆیۆفی ڕووسیدا کردبوو، هەمزە عەبدوڵڵا لەلایەن ئەوەوە نامەیەکی بۆ ئیستالین نووسی و داوای لێ کرد ڕێگەی پێ بدات بۆ بەرگریکردن لە کۆماری مەهاباد لە ئێران بمێننەوە و ئەگەر کۆمارەکە شکستی هێنا بینە پەنابەری یەکێتیی سۆڤیەت.»

بەمەرجێ شتێکی لەو چەشنە ڕووی دابێت، لە لایەکەوە نیشاندەری ئەوە بووە کە بارزانی هەوڵی داوە سەرنجی حکوومەتی سۆڤیەت بەرەو شۆڕشی بارزان ڕابکێشێت و بەو

---

١- بڕوانە بارزانی پێشوو، ل ١٨٧



هۆیەوە پاڵپشتێکی متمانەپێکراو و بەدەسەڵاتی جیهانی بۆ بزووتنەوەکەی بدۆزێتەوە، هەروەها بەئاگاداربوون لە سیاسەتی دەوڵەتانی ئێران و عیراق شکستی کۆمارە نیوبەند (دیفاکتۆ)ەکەی مەهابادی پێشبینی کردبوو و، بۆ ئەوەی پاشتر تووشی هەستی تۆڵەسەندنەوە و تووڕەیی حکوومەتی شا و عیراق نەبێت تێ دەکۆشا حکوومەتی سۆڤیەت ڕازی بکات لە داهاتوودا وەکو پەنابەر لە وڵاتی خۆیاندا قەبووڵیان بکەن. بارزانی جارێکی تر داخوازییەکەی خۆی بۆ پەنابەرێتی لە سۆڤیەت دووبارە کردەوە و لە ١٩٤٧/٥/٢٢دا فەرمانی بەهێزەکانی دا بەرەو سنوور وەڕێ کەون. هێزی ئاسمانیی حکوومەتی عیراق هەموو ئەو لادێیانەی تورکیە کە بارزانییەکان بەمەبەستی پشوودان لایان دەدایێ بۆردمان دەکردن. دوو ڕۆژ پاشتر گەیشتنە لادێی (بێداو) کە دوایین دێی سەر سنووری عیراق و تورکیا بوو. (ڕۆژی ٥/٢٥ پاش دەرچوون لە ئاواییی بێداو، لە ڕێگە کوێستانە بەرز و ئەستەمەکانی (تەشتا- بێداو)ەوە کە بەرزاییەکەی زیاتر لە سێ هەزار مەترە و لەو کاتەدا بەفرێکی زۆری لێ باریبوو، چوونە ناو خاکی تورکیا و ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتنە ئاوایی (بایی) لە کوردستانی تورکیا و خەڵکی ئەوێ بەگەرمی پێشوازییان لێ کردن، لەوێشەوە بەڕێنوێنیی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەرەو سنووری ئێران ڕێگەیان گرتەبەر، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە هێزی سەربازیی تورکیا بەدوویانەوە بوو. بەرزاییەکانی دالانپەڕ کە لەسەر هەرسێ سنووری وڵاتی تورکیا، ئێران و عیراق هەڵکەوتبوو و زیاتر لە سێ هەزار مەتر بەرزاییان هەبوو لەو کاتەشدا بەفر داپۆشیبوون ڕێگەیەکی ئەستەم و سارد و پڕ مەترسی بوو کە دەبوو هێزەکانی بارزانی لێوەی تێپەڕیبان. ئەمانە هەر ئەو بەرزاییانە بوون کە سێ ساڵ پێشتر نوێنەرانی کوردی ئێران، عیراق و تورکیا لەوێدا کۆبوونەوە و پەیمانی سێ سنوورییان ئیمزا کرد. بەپێی ئەو پەیمانە لە کاتی پێویستیدا ئەو سێ لایەنە دەبوو یارمەتیی یەکتریان بدایە و هەر لەوێشدا بڕیاریان دا کە بەمەبەستی بەدیهێنانی حکوومەتێکی یەکگرتووی کوردی هەوڵەکان دەست پێ بکەن. ئەمەش ئەو نیازە بوو کە ئەو دەمە و لەکاتی تێپەڕبوونی بارزانی بەو ناوچەیەدا زیاتر لە ڕابووردوو دەردەکەوت کە ئیمکانی نییە ئەو خەونە بێتە دی. بەم پێیە سنووری تورکیاشیان تێپەڕ کرد و ڕۆژی دواتر لە خاکی ئێرانەوە بەرەو باکور کەوتنەڕێ. پاش ئەوەی لە دۆڵی تەرگەوەر دەرچوون بەبێ ئەوەی هێزەکانی ئێران ڕووبەڕوویان ببنەوە و بێ هیچ گرفتێک لە شاری سەلماس (شاپوور) و قەتووریش دەرچوون، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە هومایۆنی فەرماندەی سوپای ئێران لە شاری خۆی چاوەڕێی هاتنی شای دەکرد. وا

بڕیار بوو کە شا، بۆ بینینی ناوچەی ڕۆژئاوای وڵات بێتە ناوچەکە و لەوانەشە نیازی وەها بووبێت خۆی چاودێریی چالاکییەکانی سوپا، دژی بارزانی بکات.[1]) هەر بەو هۆیەوە فەرمانی دا کە بەخێرایی بارزانییەکان بدۆزنەوە و لەناویان ببەن. لەسەر ئەو فەرمانەی شا هێزی ئاسمانی و زەوینیی ئێران ئامادەبوون و بڕیار درا لە کەمترین ماوەدا، واتە لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا بارزانییەکان لەناو ببەن بەڵام، چونکە بارزانییەکان لە شەڕی پێشمەرگەیی و پارتیزانیدا خاوەن زانیاری و ئەزموونی فراوان بوون گەمارۆی هێزەکانی حکوومەتیان شکاند و بەهۆی یارمەتیی ماڵی و هەروەها ڕێنوێنیی خەڵکی ئاواییەکان درێژەیان بەسەفەرەکەی خۆیان دا. بارزانییەکان لە درێژایی سەفەرەکەدا هەوڵیان دەدا لە بەرەوڕووبوونەوە و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتدا خۆ بپارێزن، هۆی ئەو خۆ پاراستنەش ئەوە بوو کەوا کەرەستە و پێداویستی و چەک و تەقەمەنیی هێزەکانی بارزانی هەندێ چەک و فیشەک و نارنجۆک بوو لە بەراورد لەگەڵ کەرەستە و چەک و تەقەمەنیی هێزە چەکدارەکانی ئێرانیدا کە لەسەر ڕێگەیان بوون و هێز و کەرەستەی تریشیان بەتازەیی بۆ نێردرابوو، یەکجار کەم بوو. هەر بەوهۆیەوە بارزانی پێش ئەوەی بیەوێ لەگەڵ هێزەکانی ئێران ڕووبەڕوو ببێتەوە، بۆ ڕێگایەکی هێمن دەگەڕا و بیری لە چارەسەرییەکی بەمتمانە دەکردەوە کە بتوانێ بەخێرایی لە سنووری ئێران تێپەڕێ و بچێتە خاکی سۆڤیەتەوە، چونکە بەپێچەوانەوە ئێرانییەکان درێژەیان بەهەوڵ و چالاکییە پێداگرانەکەی خۆیان دەدا بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردنیان.

دوایین ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەی هێزەکانی ئێران و بارزانی لە کاتێکدا ڕووی دا کە لە چیاکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی ماکۆ و (خۆی)دا خۆیان شاردبووەوە و ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیش نابەرابەر و نایەکسان بوو. (شا، لەو کاتەدا لە شاری ئەردەبیل بوو و فەرمانی دابوو بەهەر شێوەیەک کە دەلوێت بارزانییەکان لەناو بچن و فەرماندەی ئەو چالاکییە سەربازییەش گەڤەی ئەوەی لەسەر بوو ئەگەر لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەدا سەرکەوتن وەدەست نەهێنێت لە دادگای سەربازیدا دادگایی دەکرێت. بەهەموو ئەمانەشەوە ڕادەی ئەو کەسانەی لە هێزەکانی بارزانی و لە شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکاندا لەناوچوون یەکجار لەو کوژراوانە کەمتر بوو کە بەهۆی سەرما و ناخۆشی ڕێگاکەوە لێیان کوژرا.

١- بڕوانە (کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، ل ١٧٠ و ١٧١ و بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ل ١٨٩.



دوایین بڕیاری ئێرانییەکان ئەوە بوو لە ١٩٤٧/٦/٩ و لە چل کیلۆمەتریی باکوری شاری خۆی (بۆسە)یەک بنێنەوە و بارزانییەکان بخەنە ناوەوە. بەڵام بارزانییەکان دەستیان خستە پێشەوە و هێزەکانی ئێرانیان خستە گەمارۆی خۆیانەوە[1]). بارزانی هێزەکانی بەدوو دەستە دابەش کرد. دەستەی یەکەم بەفەرماندەیی خۆی و دەستەی دووەم بەفەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی. شەڕەکە بەبێ هیچ ئەنجامێک و بێ وەستان دوو ڕۆژی خایاند و لە ئاکامدا بارزانییەکان جارێکی تر ئازایەتیی خۆیان نواند و هێزەکانی ئێرانیان شکاند، لە حاڵێکدا سوپای ئێران کە لە هەموو بوارەکانەوە بەهێزتر بوون و کەرەستە و پێداویستیی سەربازیشیان یەکجار زیاتر بوو. ئەمەش دوایین هەوڵی ئێران بوو بۆ ئەوەی بەرگری بکات لەوەی بارزانییەکان بچنە خاکی سۆڤیەتەوە. بەڵام بارزانییەکان توانییان ئەو هێزانە ڕاوبنێن و پردی ماکۆ بگرن و شەوی ١٩٤٧/٦/١٢ بچنە ئاوایی هاسۆن لەسەر سنوور[2]. پاش ئەو ڕووداوە ئێرانییەکان وایان بەباشتر زانی لە دوورەوە ئاگاداری بارزانییەکان بن و ڕووبەڕوویان نەبنەوە، بەم پێیە ئەو کاتەی کە ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٠، بارزانییەکان، زنجیرە چیا بەفراوییەکانی ئاraratیان بینی وایان دەزانی بەمەبەستی خۆیان گەیشتوون. ئەو بەرزاییانە کە زیاتر لە سەد مەتر بەرزبوون دوایین سنووری ناوچە کوردنشینەکان بوون لە باکورەوە و، کورد بەلووتکە بەرزەکانی ئەو چیایانە دەڵێن چیای نوح.

لە درێژەی سەفەرەکەدا دیمەنێکی تر ڕۆحیەی بارزانییەکانی کردەوە و ورەیانی بەرز کردەوە، ئەویش ئەو دۆڵە بوو کە ڕووباری ئاراسی لێوە دەڕۆیشت و بایەخی مێژوویی بۆ ئەوان هەبوو. تێپەڕبوون لەو ڕووبارە وەکو ئەوە بوو گەیشتبنە جێ و ڕاونان و پێکدادانەکان کۆتایی هاتبێت. ئەو ڕووبارە سنووری ئێران و تورکیا لەلایەکەوە و ئێران و سۆڤیەتیش بوو لەلایەکی ترەوە. بارزانی و هاوڕێکانی لە ژووئەنی ١٩٤٧ لە ئاراس پەڕینەوە و بەو کارەش، ماوەی دوو هەفتە ڕاکردن و پێکدادان کۆتایی هات.

ئەو سەفەرە کە لە نێوان سەرماوسۆڵەیەکی یەکجار سەخت و بەفروبۆرانی تاقەت پڕووکێندا و بەبڕینی ٣٥٠ کیلۆمەتر بەرەو سنووری سۆڤیەت کۆتایی هات و بارزانییەکان چوونە سەر زەوینێک کە دەبوو یازدە ساڵ لەوێدا بمێننەوە. کاتێ هێزەکانی ئێران کە بەدووی بارزانییەکاندا هاتبوون، گەیشتنە سەر ڕووباری ئاراس تەنیا چەند چەک و تەرمی

١- بڕوانە کورد، گەلی لەخشتە بڕوای زوڵم لێکراو ل ١٧١

٢- بڕوانە بارزانی، پێشوو، ل ١٩٣

چەند پێشمەرگەیان دۆزییەوە کە لەناو ئاوەکەدا خنکا بوون[1]. بارزانی و هاوڕێکانی زیرەکانە خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەگەڵ ئێرانییەکان پاراست و لە سنووری ئێران و تورکیاوە بەرەو باکور و تا گەیشتن بەخاکی سۆڤیەت درێژەیان بەڕێگاکەیان دا و لەو ڕێپێوانە مێژووییەدا ئەوەیان سەلماند کە هێزێکی کەم ئەژمار بەڵام خاوەن ئەزموون و بەرگریکەری پێشمەرگەی بەبڕوا و ئامانج، توانای شکاندنی سوپایەکی بەهێز و بەئەژماری دەبێت، بەمەرجێکیش ئەو سوپایە خاوەنی هێزێکی فرە ئەژمار و کەرەستەی زۆری شەڕ بێت. ئەو خۆدەربازکردنە مێژووییە ئەزموونێکی بەنرخ و شایان بوو کە بەرەی داهاتوو کردییە بەڵگە و بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەی چەکدارانەی گەلی کورد کەڵکی لێ وەرگرت. کاتێ کە هێزەکانی بارزانی و مەلا مستەفا لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە هەواڵی ئەو ڕووداوە لە میدیا جیاجیاکانەوە بلاوکرایەوە، ئەمەش بووە هۆی شادی و خۆشی لە نێوان گەلی کورد و لایەنگرانی بزووتنەوەی کورددا.

بەهۆی ئەو سەرکەوتنەوە شاعیری ناوداری کورد (پیرەمێرد) قەسیدەیەکی نووسیوە و هەستی خۆی سەبارەت بەو ڕووداوە دەربڕیوە، (ئەمەش نیشاندەری دەنگدانەوەی ڕووداوەکە و خۆشحاڵیی گەلی کورد و ڕۆشنبیرانی ئەو گەلەیە بەهۆی دەربازبوونی بارزانییەوە لەو هەموو داوەی کە دوژمنانی کورد لەسەر ڕێگایدا نابوویانەوە:

عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە
کەوتوومە ئاراس ئاو بێ بوارە
ڕێم نییە منیش شوێن ئەوان کەوم
پیرم هەنگاوێک بنێم ئەکەوم
لێرەش وا کەوتووم بەدەم دەردەوە
لە ئێشی دووری و ئاهی سەردەوە
دوکتۆر دەوای تۆم ناوێ لێم گەڕێ
بەڵکەم بە ئاهم دەوران وەرگەڕێ
ئینجا تەڵقینم بدەن بە کوردی
بڵێن ئاواتت هاتە جێ و مردی[2]

١- بروانە گونیتەردیشنە، پێشوو، ل ١٧٢
٢- دیوانی پیرەمێرد، ل ١٨٦



هێزە دەسەڵاتدارە ڕۆژئاواییەکان بەباشی ئاگاداربوون لەوەی کە بارزانی بەرەو سۆڤیەت دەچێت و زۆریش لەو مەسەلە دەترسان چونکە، وێنایان ئەوە بوو پاش جێگیربوونی بارزانی لەو وڵاتە، دەتوانێ بەیارمەتیی حکوومەتی سۆڤیەت گرفتی زیاتر و تازەتر بخاتە بەردەم هەرسێ وڵاتی ئێران، تورکیا و عیراقەوە، لەبەرئەوەی ئەو سێ وڵاتە دۆستی زۆر نزیکی ڕۆژئاوا بوون. ڕێبەرێکی خەباتکاری وەکو بارزانی، لەلای ڕووسەکان یەکجار شایانی گرینگی بوو وەکو بەڵگەی براوە سەیر دەکرا، لەبەرئەوەی بارزانی دەستڕۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات بوو، سۆڤیەت دەیتوانی بەهۆی ئەوەوە گۆڕانگارییەکی وەها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێنێتە دی کە بەرژەوەندی و دەستکەوتەگانی ئەمریکا و ئینگلیز لەو ناوچەیەدا بەرەوڕووی مەترسی بکاتەوە و ململانێیەک لە ناوچەکەدا بنێتەوە کە ئەو دوو وڵاتە مەجبوور بکات بەسیاسەتە ستراتیژیکەکانی خۆیاندا سەبارەت بەکەڵک و سوود وەرگرتن لە بەرژەوەندییە هەرە گرینگەکانی خۆیان لەو وڵاتانەدا کە کوردی تێدا دەژین، بچنەوە و گۆڕانکارییان تێدا بکەن. وێڕای ئەمەش دەربازبوونی بارزانی لە هەموو ئەو داوانەی کە وڵاتانی ئێران و عیراق و تەنانەت تورکیاش لەسەر ڕەزایەت و لەوانەیە بەڕێنوێنی و هاوکاریی دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان نابوویانەوە، شکست و شەرمەزاری بوو هەم بۆ باڵی سەرمایەداری و هەم بۆ سوپای پاشایەتیی ئێران. ئەگەرچی ئەو کۆمۆسیۆنەی کە بەفەرمانی شا و بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەشکستی سوپای ئێران بۆ نابوتکردنی بارزانییەکان و وەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان، پێک هاتبوو هۆی ئەو شکستەی بە(ناشارەزایی و لاوازبوونی فەرماندەی ئۆپەراسیۆن و، کەڵک وەرنەگرتن لە هەموو ئەو هێزانەی بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرابوون لە شوێنە دیاریکراوەکاندا و، کەڵک وەرنەگرتن لە توانای سەربازیی هێزی سوارە، خۆپاراستنی لەشکرە سەربازییەکان لە پێکدادان لەگەڵ بارزانییەکاندا، سزانەدان و تەمێ نەکرانی ئەو ئەفسەر و سەربازانەی کە لەشەڕ لەگەڵ بارزانییەکاندا خۆیان دزیبوەتەوە، یان کەم کارییان کردووە، لەلایەن فەرماندەی گشتییەوە، جێبەجێ نەکرانی دەستوور و فەرمانەکانی لەشکر بۆ دۆزینەوەی بارزانی لەلایەن ئەو هێزانەوە کە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرابوون لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا نووسی[1]). بەهەموو ئەمانەیشەوە و تەنانەت بەمەرجێ هەموو ئەو گریمانانە ڕاست بن توانا و دلاوەریی بارزانییەکان لەو ڕێپێوانە مێژووییە و لەو هەلومەرجە ئەستەمەدا نکوولی هەڵنەگرە.

١- بروانە زربخت، مرتضی، از کردستان عراق تا انسوی رود ارس ل ١١٩ و ١١٦

چوونە دەرەوەی بارزانی لە کوردستان و سەقامگرتنی لە یەکێتیی سۆڤیەت بەشێوەیەکی کاتی لە پاڵەپەستۆی سوپای ئێران ڕزگاری کردن، بەڵام بەمە هەموو گرفتەکان دوایی نەهاتن. نیشتەجێ بوون لەو وڵاتە تاراوگەییێکی خۆخوازانە بوو کە بارزانییەکان لە (ڕووی ناچارییەوە) ملیان پێ دابوو و لە داهاتوودا گرفتگەلێکی نوێی دەخستنە بەردەم کە لێیان دەکۆڵینەوە.

**ب- چۆنێتیی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق:**

بوونی بارزانییەکان لە ئێران و سەقامگیربوونیان لە پەنای کۆماری کوردستان، کە بەیەکێک لە باڵە هەرە بەهێزەکانی ئەو کۆمارە دادەنرا بەرامبەر بەعەشیرەتە دژکارەکان لەلایەکەوە و هێرشی هێزەکانی سوپای دەوڵەتی ئێران لەلایەکی ترەوە، لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەرێتیی زۆری هەبوو لەسەر ئەوان و ڕێبەرەکانیان. بینین و ئاگاداربوونەوە لە بارودۆخی سیاسیی ئێران و چۆنێتیی دروستبوون و دامەزراندنی پێکهاتەی سیاسیی حزبی کۆمەڵەی (ژ- ک) کە هێزێکی هەرە گرینگ بوو بۆ داواکردن و بەدواداچوونی داخوازییە سیاسییەکانی گەلی کورد، شتێکی وەها نەبوو کە بارزانی زۆر بەسانایی و بێ گرینگی پێدان لەلایەوە تێپەڕێت. (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) پاشتر و دوای ئەوەی کە قازی محەممەد بوو بە ئەندام، بوو بەپارتی دیموکراتی کوردستان و چالاکییەکانی ئەو حزبە نەک بەشێوەی نهێنی و وەکو ڕابردوو، بگرە ئاشکرایانە ئەنجام دەدران. بارزانییش بەکاریگەرێتی وەرگرتن لەو باردۆخە سیاسییەی بەسەر کوردستانی ئێراندا زاڵ بوو و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەزموونانەی لە پاشەکشێ بەرەو ناو سنوورەکانی ئێران وەدەستی هێنا بوو، بەپێوستی زانی کە دامەزراندن و پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسی بۆ پێشڤەبردنی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی و لایەنگرەکانی لە کوردستانی عیراقدا هەوڵێکی نکوولی هەڵنەگرە و دەبێ ئەنجام بدرێت. هەر لەو ڕاستییەدا بوو کە (مەلا مستەفا و ئەفسەرە هاوکارەکانی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵادا قسەیان کرد بە یەک بۆ دامەزراندنی حزبێکی لەو بابەتە کە جێگەی هەموو ڕێکخراوە کوردییەکانی عیراق بگرێتەوە، بارزانی بۆ ئەم مەبەستە هەمزە عەبدوڵڵای ناردەوە بۆ کوردستانی عیراق، هەمزە لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبەکانی: شۆڕش، ڕزگاری، لقی کوردستانی عیراقی (ژ- ک) بەمەبەستی یەکگرتن لەم حزبە نوێیەدا دیداری کرد[1]).

١- نەوشێروان مستەفا ئەمین، پێشوو ل ٥٣



داخوازییەکەی بارزانی بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق کە بەمەبەستی ڕێنوێنی کردنی دەستە و گرووپە بچووکە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق بەرەو یەکێتی و خێراکردنەوەی ڕەوتەکە هاتبووە ئاراوە، بۆ ئەوەی زووتر بگەنە ئەو ئامانجانەی کە بەگشتی ئامانجی هاوبەشی هەموویان بوو، ئەویش ئازادیی کوردستان و ئۆتۆنۆمی بوو داخوازییەکی گومان هەڵنەگر بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لایەنێکی نێگەتیڤیشی لەخۆدا هەڵگرتبوو ئەویش ئەوە بوو کە بەشێوەییێکی ئۆتۆماتیکی دابەشبوونە ساختەکەی کوردستانی لە نێوان ئێران و عیراقدا ڕەسمی کردەوە کە پێشتر لە نێوان سنوورەکانی ئێران و عوسمانیدا دابەش کرا بوو.

یەک لەو هۆکارانەی کاری کردە سەر بارزانی تا هەمزە عەبدوڵڵا بکاتە لێپرساوی ئەوەی بچێتە کوردستانی عیراق و لەگەڵ بابا عەلی یەکێ لە کوڕەکانی شێخ مەحموود لە ئەگەری گەڕانەوەی بارزانی و هاوڕێکانی بۆ عیراق بکۆڵێتەوە، ئەو ناکۆکییە بوو کە لە نێوان بارزانی و قازی محەممەددا هاتبووە ئاراوە. هەردوو ئەو ڕێبەرانە هەستیان بەبەڵێندەرایتی و بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆیان دەکرد[1]. لە نیشانەکانی ئەو ناکۆکییەش ئەوە بوو کە قازی محەممەد و ڕێبەرانی تری کۆماری مەهاباد لەگەڵ هەوڵەکەی بارزانییدا دژایەتییان کرد، لەم بارەیەوە مەسعوود بارزانی ئاماژە بەوە دەکات، هۆی ناکۆکییەکە ئەوە بووە کە (ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد نیگەرانی ئەوەبوون عیراق و تورکیای دراوسێ وابزانن کۆماری مەهاباد لە بەدیهێنانی ئەو حزب و دامەزراوە سیاسییەدا دەستی هەبووە و لە داهاتووشدا ئەو کۆمارە، حزب و ڕێکخراوەکانی لەو چەشنە پشتیوانی بکات و گەڵاڵەیەک بۆ پێکهێنانی کوردستانی گەورە بەڕێوە ببات کە بەشە کوردنشینەکانی تورکیا و عیراقیش بگرێتەوە و لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە کۆماری مەهاباد لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ڕووبەڕووی بووبووەوە، ئەو حکومەتانە دژایەتیی لەگەڵدا بکەن و دەسەلات و زلهێزە ڕۆژئاواییەکانیش زیاتر ئەو دەوڵەتانە دنە بدەن و کۆماری مەهاباد لەگەڵ مەترسییەکی جدیدا ڕووبەڕوو بکەنەوە[2]).

لە کوردستانی عیراقیشدا هەندێ کەس لەگەڵ پێشنیازی پێکهێنانی حزبێکی لەو چەشنەدا نەبوون و ئیبراهیم ئەحمەد یەک لەوانە بوو، کە دواتر لە مەیدانی سیاسەتی

١- بڕوانە نەوشێروان مستەفا، پێشوو ل ٢٣٦
٢- بڕوانە بارزانی، پێشوو، ل ١٥٩

کوردیدا کەسایەتییەکی بەدەسەڵاتی لێ دەرچوو و بۆ یەکەم جار لەگەڵ چەند دۆستی نزیکی خۆیدا لە بزووتنەوەکەی بارزانی جیابووەوە و دامەزراوەیەکی نوێی پێک هێنا کە زۆربەی ئەندامەکانی لە خوێندەوارە شارییەکان و چینی ناوەنجیی کوردستان بوون. هەرچەندە ئیبراهیم ئەحمەد سەبارەت بەهۆکاری دژایەتییەکەیەوە دەڵێ: «نابێ خەباتکار و شۆڕشگێڕە کوردەکان کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بۆ ئازادی خەبات دەکەن بەچەن لق و دەستەی جیاجیا دابەش بکرێن، چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی لاوازبوونی کۆماری مەهابادیش[1]». بەڵام بەمەیشەوە دەبێ بگوترێ کە، تاکە هۆکاری دژایەتی کردنی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ ئەو سیستەمە سیاسییەدا ئەوە نەبوو چونکە، ئەگەر ئەوە تاکە هۆکار بووبێت، پێشتر کە حزبی بەدەسەڵاتی (هیوا) دابەش بوو نەدەبوو خۆی ڕێبەرایەتیی یەکێک لە بەشەکانی بگرتبایە ئەستۆ، بەهەرحاڵ پێکهێنەرانی ئەو حزبە نوێیاوە هۆکار و بەڵگەگەلێکیان بۆ کردەکەی خۆیان بەدەستەوە بوو، لەوانە ئەوەبوو کە بەڕای ئەوان بارودۆخی گشتیی کوردستانی عیراق لەگەڵ کوردستانی ئێراندا یەکسان نەبوو و ئەو دوو بەشەی کوردستان جیاوازیی زۆریان پێکەوە هەبوو. دامەزرێنەرانی ئەم ڕەوتە ئاماژەیان بەدژواریی پێوەندیی نێوان خۆیان و کۆماری مەهاباد دەکرد و بڕوایان وابوو کە دروشمی کۆماری مەهاباد و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) لەگەڵ بارودۆخی عیراقدا نەدەگونجا.

مەبەست و پاڵپێوەنەرەکانی دامەزرێنەرانی ئەو حزبە هەرچی بووە ئەوە ئاشکرایە کە بڕیارەکە شەپۆلێکی گەورە و بەهێزی ڕازی و ناڕازیی لە ناو چالاکی کارە سیاسییە کوردەکانی دانیشتووی عیراقدا، هەڵساند. لەوانەش ئەوە بوو، هەمزە عەبدوڵڵا بۆ چاوپێکەوتن و ڕاوێژکاری لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕێبەرانی شۆڕش (حزبی شیوعیی کوردستان) چووە بەغدا و بابەتەکەی بۆ باس کردن و ئەو پرسەش لە بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا بووە هۆی ئەوەی کە لایەنێکی کەمینەی ئەو حزبە بەڕێبەرایەتیی جەمال و ساڵح حەیدەری دژایەتیی پێشنیازەکە بکەن و بچنە ناو حزبی شیوعیی عیراق و بنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبەکە، بەڵام زۆرینەی ئەندامەکان دەنگیان دا بەوەی کە حزبی شۆڕش هەڵوەشێتەوە و بچنە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، (لە ١٦ی ئەگۆستی ١٩٤٦دا نوێنەرانی هەموو حزب و ڕێکخراوە کوردییەکان پاش پەسەندکردن و

---

١- کۆچرا پێشوو، ل ٢٣٧



لاگیریی پێشنیازەکانی بارزانی بۆ بەڕێوەبردنی یەکەم کۆنگرەی **حزبی** دیموکراتی کوردستانی عیراق بەنهێنی لە بەغدا کۆبوونەوە؛ بارزانی لە مەهاباد بوو و هەمزە عەبدوڵڵا بەنوێنەرایەتیی ئەو لە کۆنگرەکەدا بەشداریی کردبوو لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بارزانی وەکو ڕێبەری حزب هەڵبژێردرا و شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود و زیاد محەمەد وەکو جێگرانی سەرۆک دەنگیان پێ درا، ئیبراهیم ئەحمەدیش لە کۆنگرەکەدا بەشداریی کرد، بەڵام تا پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆماری مەهاباد نەبووە ئەندامی ئەو حزبە[1].

بەئەندامبوونی ئیبراهیم ئەحمەد لە حزبدا بووە هۆی ڕکەبەریی نێوان ئەو و هەمزە عەبدوڵڵا کە ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبوو. ئەو ڕکەبەرییە هەم لایەنی تاکەکەسی و بنەماڵەیی هەبوو و هەم لایەنی سیاسی، وەکو پلەی ڕێکخراوەیی هەمزە عەبدوڵڵا بووە سکرتێری (دبیرکل) پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

حزب لەسەر شێوازی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت پێک هاتبوو و کۆمیتەیەکی ناوەندی بۆ دانرابوو و کەسانێکی وەکو میرحاج، عیزەت عەبدولعەزیز و نووری ئەحمەد تاها ئەندامی بوون. مەکتەبی سیاسیش کە دەسەڵاتی تەواوی بەدەستەوە بوو لەلایەن هەمزە عەبدوڵڵا، عەلی عەبدوڵڵا و دوکتۆر جەعفەر عەبدولکەریمەوە بەڕێوە دەبرا. گومان لەوەدا نییە کە پێکهاتەی سیاسیی حزبەکە کارتێکراوی سەر چەشنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە، لە ژێر چاودێریی سۆڤیەتدا پێک هاتبوو بەهەرحاڵ گرینگ ئەوە بوو کە ئەو حزبە نوێیاوە بەتەواوی حزبێکی پێشکەوتنخواز بوو و لە پاڵ خواست و مەبەستە نەتەوایەتییەکەیدا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق، مەبەست و ئامانجی کۆمەڵایەتیشی هەبوو کە لەوانە، چاکسازیکاری لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا هەوڵدان بۆ باشترکردنی شێوەی ژیانی چینی کرێکار، چاکسازیکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی، گشتیکردنی سەرچاوە سروشتییەکان، جیاکردنەوەی ئاین و سیاسەت بوون.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای بەدیهاتنییەوە ستراتیژییەکی دژە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستیی گرتەبەر و هەموو توانای خۆی بۆ پێکهێنانی بەرەیێکی نەتەوەیی لەگەڵ حزبی دیموکراتی نەتەوەیی و حزبی شیوعیی عیراقدا خستە کار. پێکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق زیاتر لەو ڕووەوە گرینگایەتییەکەی دەردەکەوێت کە وێڕای نزیکخستنەوە و پێوەندیدانی هەموو لایەن و دەستە و گرووپی

---

١- بڕوانە بارزانی، پێشوو ل ١٦١ و ١٦٠ و کۆچرا، پێشوو، ل ٢٣٨

ماوەتیی حزبەکانی ڕابردوو، باڵکێشان بەسەر هەموویاندا بەرنامە و گەڵاڵەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ و پێشکەوتنخوازانەی کردە ستراتیژیی خۆی کە، وێڕای هەوڵدان بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستان و باشکردنی بارودۆخی ژیانی جەماوەری کوردستان بۆ وەدەستخستنی مافی جەماوەری تری عیراقیش تێ دەکۆشی و ئەمەش نیشاندەری بەدیهاتنی ئاسۆیەکی فیکریی نوێ بوو لە بیر و فیکری سیاسیی خەباتکارانی سیاسیی کوردستان و لەوانە بارزانیدا.

«پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق خێرا حەوتەنامەی (ڕزگاریی) بەزمانی عەرەبی بڵاو کردەوە[1]». ئەو حزبە پێکهاتەیەک بوو لەلایەنە جیاوازەکان و ئەنجامی خوڵقکاریی بارزانی و ئایدۆلۆژیی ڕۆشنبیرانی مارکسیتی (شۆڕش) بوو و لە هەلومەرجی دوولایەنەی سەرکوت و شەڕی ساردا گەشەی کرد و هێشتا زۆری پێ نەچوو بوو هەتیو کەوت، چونکە بارزانی ناچار بوو لە ئاوریلی ١٩٤٧دا پەنا بباتە بەر یەکێتیی سۆڤیەت و پارتی نەیتوانی تا ساڵی ١٩٥٥ بەهیچ شێوەیەک پێوەندیی لەگەڵدا بگرێت.

### ج- بارزانی و هاوڕێکانی لە یەکێتیی سۆڤیەت

هەروەک پێشتر وترا بارزانی و هاوڕێکانی دوای ڕێپێوانێکی زۆر و تاقەت پڕووکێن، پاش سێ جار پێکدادانی جیدی و گەورە و چەند جارێکیش پێکدادانی بچووک و لاوەکی و وێڕای ئەمەش تا پێ نەزانرێن، شەوانە ڕێگەیان دەبڕی، توانییان خۆ لە دەست هێزەکانی ئێران دەرباز بکەن و دوای پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس بچنە خاکی سۆڤیەتەوە. دووری لە نیشتمانەکەیان کە بەو جۆرە دەستی پێ کرد، یازدە ساڵ ماوەی بوو. ڕووسەکان دەمێک بوو وایان دەزانی کە بارزانی لایەنگری ئینگلیزە و سەرەتا هەڵسوکەوتی باشیان لەگەڵدا نەکرد.

بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی ڕووسەکان، کاتێ بارزانی چووە ناو خاکی سۆڤیەتەوە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەپیاوی مۆسکۆیان دادەنا. ئەگەرچی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هەرە پەرگیرانە و بێ ویژدانانەیە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە بارزانی لە ماوەی ڕێبەرایەتییەکەیدا بەرەو دەسەڵاتە گەورە و جیهانییەکان لای دەکردەوە. ئەگەرچی مەبەست لەو لاکردنەوانە ڕاکێشانی سەرنجی دەسەڵاتە گەورەکان بوو بەرەو کێشەی کوردستانی عیراق، بەڵام بەهەرحاڵ نکوولی لەوە ناکرێت کە ئەو دەسەڵاتانە کاریان کردبووە سەر

١- کۆچرا، هەمان ٢٣٩



بارزانی. پاش چوونە ناوەوەی بارزانییەکان بۆ خاکی سۆڤیەت، بارزانی لە هاوڕێکانی جیابووەوە و چووە نەخچەوانی ئەرمەنستان و هاوڕێکانیشی لە ئۆردووگایەکدا نیشتەجێ کران کە لە سارایەکی دوورەدەستدا بەئاسندڕک دەوری گیرابوو و هێزی چەکدار چاودێرییان دەکرد.

باری ژیانی سەخت و نالەبار دەستی پێ کردبوو و بارزانیش دوور خرابووەوە، ئەو دۆخە چەند مانگێکی خایاند و ڕووسەکان یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵسوکەوتی نالەبار و نەگونجاوی خۆیان نیشان دا، ئەویش بەو کەسانەی کە ئەوانی بەدۆست و پشتیوانی خۆیان دەزانی. پاش ٥٢ ڕۆژ ڕێپێوان بۆ دەربازبوون و بەرگریکردن لە لەناوچوونی تەواو، گەیشتنە ئەو جێگایەی کە یازدە ساڵی تەواو لەوێدا مانەوە. لەو مانەوە درێژخایەنەدا دۆخی گشتیی ژیانی ئەو کۆچەرانە بەردەوام لە ژێر کاریگەرێتیی گۆڕانکارییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و بەپێی خواستی ڕێبەرانی حزبی کۆمۆنیست و بەرپرسانی حکوومەت دەگۆڕا، بەڵام هەموو ئەو گۆڕانکاری و هەوراز و نشێوانە نەیتوانی کار بکاتە سەر ئیرادەی ئەوان و لایەنگرەکانیان لە عیراق و، هەوڵەکانیان بەردەوام بوو بۆ ئەوەی پێوەندییان لەگەڵدا بگرن و بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەکەیان تێ بکۆشن. بەڵام بەمەرجێ شۆڕشی جولای ١٩٥٨ی عیراق و بەو بۆنەشەوە هەڵوەشانەوەی حکوومەتی پاشایەتی و بەدیهاتنی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەو وڵاتە ڕووی نەدابا، لەوانەبوو بارزانی و هاوڕێکانی نەتوانن جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکەیان. ماوەیەک پاش جیابوونەوەی بارزانی لە هاوڕێکانی، لە وڵاتی سۆڤیەت ئەفسەرانی چاودێر بەسەر کاروباری پەنابەرەکاندا، میر حاجیان لەگەڵ خۆیان برد و لەو سەفەرەدا میر حاج لەبارەی بارزانییەوە ئاگادار کرایەوە و لە گەڕانەوەیدا ئەو هەواڵە خۆشەی بۆ هاوڕێکانی هێنایەوە. بەرەبەرە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەرپرسانی ئۆردووگا لەگەڵ بارزانییەکان باشتر بوو. مەسعوود بارزانی لەم بارەیەوە دەنووسێت: «بارزانی ڕۆژی ١٩٤٧/٧/١٢ لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی سۆڤیەت سەردانی ئۆردووگاکەی کرد و ئەو بارودۆخە ناخۆش و کارەساتبارەی لە نزیکەوە بینی. بەرپرسەکان فەرمانیان دا کەوا ئاسندڕکی دەوری ئۆردووگا لابرێت و خۆراکی ئاوارەکان زیاد بکرێت و نیازەکانیان دابین بکەن[1]».

پاش چل ڕۆژ بارزانییەکان لەو ئۆردووگایە گوێزرانەوە و برانە کۆماری ئازەربایجان و لە

١- بارزانی مسعود پێشوو، ل ١٩٦

ناوچەکانی ئاغدام، لاچین و ئایۆلاخدا نیشتەجێ کران. بارزانی و چەند کەس لە نزیکانی دەوروبەری نێردرانە شاری شووش و ماوەیەک دواتر بارزانی چووە شاری باکۆی پایتەختی کۆماری ئازەربایجان و لەگەڵ بەرپرسانی پایەبەرزی ئەو کۆمارەدا دیدار و وتوویژی کرد. هاوکات لەگەڵ ئەو دیدارانەدا، بارزانی لە دوو نامەی جیاجیادا بۆ ئیستالین و باقرۆف، وێرای باسکردن لە هۆیەکانی پەنابەرێتیی خۆی و هاوڕێکانی، داواکاری و خواستەکانی خۆیان بۆ ئەو دوو کەسە ڕوون کردەوە[١].

لە سەرچاوە جیاجیاکاندا سەبارەت بە دیداری بارزانی لەگەڵ هەڵبژێردراوان و پایەبەرزانی سیاسیی کۆماری ئازەربایجاندا باس کراوە، کۆچرا لەو بارەیەوە نووسیویەتی: «بارزانی لە سەرەتای چوونە ناوەوەی بۆ خاکی یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵ پایەبەرزترین کەسێتیی ناوچەکە، واتە باقرۆف، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای کۆماری سوسیالیستیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان دیداری کرد، باقرۆف ناوچەی ڕۆژئاوای گۆلاوی (ورمێ)ی بەخاکی ئازەربایجان دەزانی. بارزانی نەیدەویست ببێتە داردەست و گاڵتەجاڕی باقرۆف، لای ئەو، ناوچەی ناوبراو خاکی کوردستان بوو هەروەها کە لەلای قازی محەممەدیش وابوو. زۆری پێ نەچوو پێوەندیی نێوان ئەو دوو کەسە تێک چوو[٢]. ئەوەی بۆ بارزانی گرینگ بوو دەربڕینی خواستەکانی خۆی وەکو نوێنەری گەلی کورد و ڕاکێشانی سەرنجی ڕێبەرانی سۆڤیەت بۆ کێشەی کورد بوو. ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە باقرۆف دەیویست بارزانی و هاوڕێکانی بکاتە کەرەستە و داردەست بۆ ئەوەی مەبەست و ئامانجەکانی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان و دەڤەری باشووری دەریای قەزویندا وەدەست بهێنێت. بارزانی سەبارەت بەدیدارەکەی لەگەڵ باقرۆفدا دەڵێ: «کاتێ باقرۆف پێشوازیی لێ کردم پێم گوت: ئێمە گەلێکی زوڵم لێکراوین و زوڵمەکەشمان هیچ سنووری بۆ نییە، هیوامان هاتووەتە سەر گەلانی سۆڤیەت، ئێمە پێداویستمان بە زانست و سوپایە، جا تکات لێ دەکەم پشتمان بگرە و یارمەتیمان بدە و کێشەی کوردستان بگرن بەدەستەوە، من ئەم تکایەم بەناوی گەلی کوردەوە بەئێوە ڕادەگەیێنم و هیوادارم ئێوەش بیگەیێننە سەرکردایەتیی بەرزی سۆڤیەتی لە مۆسکۆ[٣]».

١- هەمان، ل ١٩٦

٢- بارزانی مسعود پێشوو، ل ١٩٦

٣- کۆچرا پێشوو، ل ٢٤٢



ماوەی مانەوەی بارزانییەکان زیاتر دەبوو و بارودۆخەکەش بەرەو باشی دەچوو، لە مۆسکۆوە فەرمان درابوو کەوا بەباشی لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکرێت و ئیمکانی خوێندن و پرۆڤەی سەربازیش بخەنە بەردەستیان و هەموویان پێکەوە لە یەک شوێندا نیشتەجێ بکەن.

بارزانی خۆی ئەو بڕیارەی بەهاوڕێکانی ڕاگەیاند. بەم پێیە هەموو بارزانییەکان نێردرانە باکۆ و لە ئۆردووگایەکی ڕێکوپێکدا نیشتەجێ کران و دەستەگەلی سەربازی دامەزرێنران و ئەسعەد خۆشەوی کرایە فەرماندەی هێزی سەربازی، ژەنەراڵ (سەرتیپ) کازمۆف کە لە سەردەمی کۆماری مەهابادا لەناو هێزە چەکدارەکانی ئەو کۆمارەدا بە(کاک ئاغا) ناودار بوو، لەلایەن کۆماری ئازەربایجانەوە کرایە بەرپرسی فێرکردنی کاروباری سەربازیی ئەو هێزانە[١]». پرۆڤەی سەربازییانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەستی پێ کرد و بارزانییەکان زۆربەی کات خەریکی پەروەردەی سەربازییانە و کاروباری خوێندەواری بوون.

ئەو پرۆڤانەیان زۆر کاریگەر بوون بۆ ئەوەی هێزەکانی بارزانی توانای پێویست بۆ چالاکییە سەربازیی و پێشمەرگایەتییەکان وەدەست بهێنن[٢].

بەدیهاتنی گۆڕانکاری لە شێوازی مامەڵەکردن و بەرەوڕووبوونەوەی حکومەتی سۆڤیەت لەگەڵ دیاردە و کێشە پێوەندیدارەکان بەکورد و بەهەندگرتنیان و گرینگیدان بەهێزەکانی بارزانی بەشێک لە بەرنامەی ئەوان بوو بۆ ئەوەی زەمینە بۆ بەرێوەبردنی بەرنامە درێژخایەنەکانی خۆیان سازبکەن و بەردەوام بن لەسەر سیاسەتە گشتی و ستراتیژیکەکانیان کە پێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا هەبوو. ڕێبەرانی یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی خۆیان لە نێوان ئەو هێزانەدا پەرە پێ بدەن و کاتێ لە نێوان دەسەڵاتە زلهێزەکان لە کوردستاندا ناکۆکی بێتە ئاراوە لەو هێزانە کەڵک وەربگرن و وەکو کەرەستەی پاڵەپەستۆ خستنەسەر بەکاریان بهێنن. هەر لە ڕاستای پێوەندی دروستکردن لەگەڵ ڕێبەرانی کورددا کۆنگرەی گشتی بەبەشداریکردنی کەسێتییە ناودارەکانی کورد و نوێنەری کوردانی عێراق و ئێران لە شاری باکۆدا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر هەلومەرجی سیاسیی کوردستان بەرێوەچوو. کۆنگرەی ناوبراو لە

١- بارزانی مسعود، پێشوو، ل ١٩٧ و ١٩٦

٢- هەمان، ل ١٩٨ هەمان، ل ١٩٩

١٩/١٠/١٩٤٨دا بەڕێوەچوو و لەناو خەباتکارە سیاسییە کوردەکانی ئێران و عیراقدا کەسانێک هەڵبژێردران و ئەنجوومەنی ڕێبەرانی سیاسیی کوردیان پێک هێنا و بارزانی بووە سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە. بڕیار درا (لە ڕادیۆی باکۆ بەرنامەیێکی ڕۆژانە بۆ بڵاوکردنەوە بەزمانی کوردی تەرخان بکرێ و ڕۆژنامەیێکی کوردیش بڵاوبکرێتەوە.[١]).

بەڕێوەچوونی ئەو کۆنگرەیە، پاش شکستی کۆماری مەهاباد کە، ورەی خەباتکارە نەتەوەخوازەکانی کوردی لاواز کردبوو و تا قۆناخی بێ ئومێدی بردبوونی، هەنگاوێکی یەکجار گرینگ بوو بۆ بەرزکردنەوەی هەست و ورەی نەتەوەخوازانە و ئومێدەوارکردنەوەی هێزە کۆچکردووەکان و هەروەها کاری زۆریشی کردە سەر داهاتووی بزووتنەوەکە. بەڵام بەرەبەرە دژایەتی و ناکۆکی لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و باقرۆفدا زۆرتر بوو؛ باقرۆف لە هەوڵدا بوو کە ڕێبەری بارزانییەکان و هێزە هاوڕێکانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام بارزانی کە خەیانەتەکانی باقرۆفی بەرامبەر بەکۆماری مەهاباد لەبیر نەکردبوو، بەرامبەر بەو ڕەفتارانە هەڵوێستی گرت و ئەو هەڵوێستگرتنەی بارزانیش لای باقرۆف زۆر گران بوو و بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ بارزانییەکاندا دژایەتی و دوژمنایەتی بکات.

لە زستانی ساڵی ١٩٤٩-١٩٥٠دا بارزانی پێشنیازی ڕووسەکانی بۆ سەرۆکایەتیی دەوڵەتی تاراوگە (دوورە وڵات) قەبووڵ نەکرد و بەو کارەی خۆی بووە هۆی تووڕەبوونیان، هەڵبەت ئەو هەڵوێستەی بارزانی هەڵوێستێکی ئایدۆلۆژیک نەبوو، بگرە هەڵوێستێکی تاکەکەسی بوو، ئەو ڕەفتارەی بارزانی بەردڵی ڕووسەکان نەکەوت و هەر بەوهۆیەشەوە گرتیان و دووریان خستەوە بۆ تاشکەند و پاشان مۆسکۆ و... تەنانەت هێندە دووریان خستەوە کە دۆزینەوەی زۆر ئەستەم بوو[٢]. گوێزانەوەی بارزانی لە باکۆوە بۆ تاشکەند بەوتەی مەسعوود بارزانی لەسەر خواستی بارزانی خۆی بوو. بەڵام ئەو گوێزانەوەش نەبووە هۆی ئەوەی کە ڕکوکینە لە دڵی باقرۆفدا بسڕێتەوە. بۆیە دەستی دایە دنەدانی بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەو کۆمارە تا ئەو جێگەیەی کە نیازۆف و یوسفۆف و سەرۆکی حزبی کۆمۆنیست و سەرۆک کۆماری ئوزبەکستانیش بوونە دوژمنی بارزانییەکان و هەر لە درێژەی ئەو دوژمنایەتییەدا ساڵی دواتر ١٣/٣/١٩٤٩ بەفەرمانی بەرپرسانی سۆڤیەت مەلا مستەفا بارزانی دوورترخرایەوە و نێردرایە شارۆچکەی (چەمپای) قەراخی گۆلاوی

١- هەمان، ل ١٩٩

٢- جاناتان ڕندل، پێشوو ل ١٧٥ و ١٧٦



ئۆراڵ و هاوڕێکانیشی بەناو کۆمارە جیاجیاکاندا بڵاوبوونەوە و قۆناخێکی یەکجار دژوار و ئەستەم دەستی پێ کرد و هەموویان لەلایەن تەواوی بەرپرسانی سۆڤیەتییەوە خرانە ژێر چاوەدێری. هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە و هەروەها توندبوونەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر ئەو پەنابەرانە لە وڵاتی سۆڤیەتدا هەواڵی ڕاست و درۆ سەبارەت بەچارەنووسی ئەو گرووپە لە ڕوژنامە جیاجیاکاندا بڵاو دەکرایەوە. لەوانە ڕۆژنامەی ناودار و فرە ژمارەی (نیۆیۆرک تایمزی) ئەمریکایی لە توێژینەوەیەکدا کە لە یەکێک لە ژمارەکانی خۆیدا بڵاوی کردەوە، نووسیی؛ بارزانی لە وڵاتی سۆڤیەت پلەی ژەنەراڵیی دراوەتێ و ئێستا فەرماندەی لەشکرێکە لەسەر سنووری ئێران و سۆڤیەتدا. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە لە خراپترین هەلومەرجدا دەژیان و لە ژێر پاڵەپەستۆی لە ڕادەبەدەردا، بەردەوام ڕادەگوێزران[١]. بارزانی بەتوندی چاودێری دەکرا و هەوڵی بارزانی و هاوڕێکانی بۆ بینین و ئاگاداربوون لە یەکتری هیچ ئەنجامێکی نەبوو. ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە یەکەم ئەزموونی سۆڤیەت بوو لەگەڵ گرووپە پەنابەرەکاندا.

هەر بەو هۆیەوە ئەو مەسەلە سەرنجی هەموو کۆڕ و گرووپە سیاسییەکانی سەرانسەری جیهانی بەرەو خۆی ڕاکێشا و ڕەفتای سۆڤیەت و حزبی کۆمۆنیست لەگەڵ ئەو گرووپەدا بەوردی لەلایەن شیکارە سیاسییەکانەوە توێکاری دەکرا. چونکە ئەم پەنابەرانە بۆ ئەوەی بگەنە وڵاتی سۆڤیەت، کە بەپاڵپشت و پشتیوانی باوەڕپێکراوی خۆیان دەزانی، گرفت و لەمپەری بێ ئەژماریان هاتبووە بەردەم. بەڵام هەروەک وترا لە ژێر کاریگەرێتیی دوژمنایەتییەکاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد و هەڵسوکەوتەکەیان وابوو وەک بڵێی ئەوانە پەنابەری سیاسی نین، شێوە ڕەفتارێک کە لەگەڵ ئەوان دەکرا شێوە ڕەفتارێک بوو کە لەگەڵ تاوانبار و بەندییەکاندا دەکرا. ئەو شێوە ڕەفتارانە لە حاڵێکدا بەرامبەر بە پەنابەرەکان ئەنجام دەدرا کە ڕێبەرانی شۆڕشی ئوکتۆبەر هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنەکەیاندا ڕایان گەیاند کەوا ئامانج و مەبەستیان پشتیوانی کردنە لە هەوڵ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەو گەلانەی لەلایەن ئیمپریالیزمی جیهانییەوە ستەمیان لێ کراوە و لە یاسای بنەڕەتیشیاندا جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە کە سنوورەکانی ئەو وڵاتە هەموو کات بەرەو ڕووی پەنابەران و خەباتکارانی سیاسی کراوەیە. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە ئایا بزووتنەوەی بارزانییەکان بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز نەبوو؟

١- بڕوانە مسعود بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل ٢٠١

یان بەرپرسانی پایەبەرزی حکومەتی سۆڤیەت لە ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانیان دەستیان هەڵگرتبوو؟ وردبوونەوە لە ڕەفتاری باقرۆف و هاوبیرەکانی لەگەڵ پەنابەرەکاندا بەباشی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە، کە کەسایەتییە پایەبەرزەکانی ئەو حکوومەتە و هەروەها حزبی شیوعیش تا چ ڕادەیەک لە ئامانجەکانیان دوورکەوتوونەتەوە.

ئەگەرچی مەسعوود بارزانی وای بۆ دەچێ ئەو کاتەی مەلا مستەفا بەیەکێک لە هاووڵاتیانی ئەو شارەی کە بۆی ڕاگوێزرابۆوە نامەیەکی بۆ ئیستالین نارد و نامەکەیش گەیشتە دەستی ئەو، نیشانەی کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆ بووە لەسەر بارزانییەکان، بەڵام وادیارە تەنیا پاش مردنی ئیستالین و دادگاییکرانی باقرۆف، هەلومەرجێکی باش و گونجاو ڕوو دەکاتە پەنابەرە کوردەکان، بارزانی بە فڕۆکە چووە مۆسکۆ و لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، بەشداریی کرد. لە ئەنجامدا چاوی بەخورۆشچوف و مالینکۆف و مێرتۆلۆف کەوت[1]».

لەم قۆناخەشدا سەرەتا ڕەفتارێکی توند و نەگونجاو لەگەڵ بارزانیدا کرا، بارزانی ناڕازیبوونی خۆی بەرامبەر ئەو شێوە ڕەفتارە دەربڕی و وتی: «ئەو بۆیە داوای پەنابەرێتیی لە یەکێتیی سۆڤیەت کردووە، کە ئەو حکومەتەی بەدۆستی کورد زانیوە» و داوای لەو حکوومەتە کرد ڕێگە بەلاوانی کورد بدرێت، بچنە قوتابخانە تایبەتەکانی حزب و ئیجازەی مانەوە و نیشتەجێبوونی بۆ خۆی و گرووپێکی بچووک لە کادیرەکانی، لە مۆسکۆدا وەرگرت، تا لە قوتابخانە و فێرگەکانی مۆسکۆدا فێری زمانی ڕووسی و زانستی سیاسی و مارکسیزمی بکرێن[2]».

ئەو گۆڕانکارییە چاکانە و نیشتەجێ بوون لە مۆسکۆ ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی پێوەندی لە نێوان بارزانییەکان و کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە و لەگەڵ ئەندامانی تری حزبی (کۆمۆنیست)دا کە پاش چەند ساڵ لە هاتنی کورد بۆ ئەو وڵاتە بەشێوەی پێویست هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەکرا بوو. یەکەم پێوەندی گرتن و دیداری بارزانی لەگەڵ لایەنگرانی خۆی ئەو کاتە بوو کە جەلال تاڵەبانی بۆ بەشداریکردن لە فستیڤاڵی ساڵی ١٩٥٧ی لاوانی کۆمۆنیست، هاتبووە مۆسکۆ و بارزانیی بینی. بەخۆدزینەوە لە چاودێرەکانی و پاش هەوڵدانێکی زۆر لە یەکێک لە ئاپارتمانە

١- کۆچرا پێشوو، ل ٢٤٢
٢- هەمان، ل ٢٤٣



بچووکەکانی مۆسکۆ لەگەڵ بارزانیدا دیداری کرد. لەو چاوپێکەوتنەدا هەندێ وێنەی ئەندامانی ماڵەوە و چەند هەواڵێکی دایە بارزانی. پاش ئەو یەکەم دیدارە تاڵەبانی هەرکات بۆی بلوایە سەبارەت بەداهاتووی کوردستان لەگەڵ بارزانی باسیان دەکرد. تاڵەبانی ئەو دەمە مارکسیستێکی بەباوەڕ بوو، بەڵام بەخێرایی بۆی ڕوون بووەوە کە بارزانی وەها نییە[1]».

بارزانی لەم دیدارەدا پێشنیازێکی دایە تاڵەبانی کە؛ پێوەندییەکانیان لەگەڵ جەماوەری خەڵکیدا پەرە پێ بدەن و چوارچێوەی تەنگەبەری پێوەندیی ناوخۆیی حزبی بڕەوێننەوە.

مانەوەی بارزانی لە وڵاتی سۆڤیەتدا کاری کردە سەر بۆچوونی سیاسەتڤانانی ئەمریکایی سەبارەت بەکەسایەتیی ئەو. بەبۆچوونی ئەمریکاییەکان، بارزانی بەباوەڕەوە کاری بۆ حکومەتی سۆڤیەت دەکرد. هەر بەو هۆیەوە ڕاوێژکاری هێمانەیەتیی نەتەوەیی سەرۆک کۆماری ئەمریکا پێشتر لە ڕاپۆرتەکەی خۆی لە ساڵی ١٩٤١دا جەختی کردەوە کە «سۆڤیەتییەکان لە بەرامبەر ئەوەی بەڵێنی ئۆتۆنۆمییان بەکورد داوە، لە ڕێگەی بارزانییەوە (کە پیاوی خۆیانە) سەرنجێکی تایبەت دەدەنە کورد و بەرامبەر هاوکاری کردنیان لەگەڵ سۆڤیەتدا بەڵێنی ئۆتۆنۆمییان داوەتێ[2]». هەڵبەت ئەو بۆچوونە لە زۆر لایەنەوە یەکجار لە ڕاستەقینە بەدووربوو و پشتی بە بەڵگەیەکی مەنتیقی نەبەستبوو، چونکە بیروبڕوای نەتەوایەتیی بارزانی زۆر لەوە زیاتر بوو کە بەئاسانی پاڵ بەسیستەمی مارکسیستیی سۆڤیەتەوە بدات و دەست لە ئامانجەکانی خۆی هەڵبگرێت. ڕاستی ئەو بابەتە کاتێ دەردەکەوێت کە لە دژوازی و جیاوازییەکانی تیۆر و بۆچوونەکانی قوتابخانەی مارکسیستی و بیروبڕوای ئاینیی مەلا مستەفا بارزانی وردبینەوە. وێڕای ئەوەش کرملین هەرگیز بەڵێنی وەهای بە پەنابەرەکان نەدەدا کە لە پاشەڕۆژدا تووشی دەردی سەری بکات و ئەرکی بەڕێوەبردنی بەڵێنی بخاتە ئەستۆوە. وردبوونەوە لە پێشینەی پێوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ جەماوەری دانیشتووی کوردستاندا، چ کوردستانی ئێران و چ پارچەکانی تری کوردستان ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە سۆڤیەتییەکان، سیاسەتەکانی خۆیان بەو جۆرە ڕێک خستووە کە لەگەڵ ئەو ڕەوتانەدا، لە ڕاستیی دەست گەیاندن بەبەرژەوەندییە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندا ڕووبەڕوو ببنەوە و ئەوەی کە لە داڕشتنی گەڵاڵەکانیاندا

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ١٧٦
٢- هەمان...

لە بەرچاو نەگیرا بوو، دارِشتنی بەرنامەیەک بوو بۆ پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەشێوەیەکی جیدی. هەڵبەت ئەو بابەتە لە داب و یاسای پێوەندیی نێونەتەوەییدا بابەتێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراوە.

یەکێک لەلایەنە چاکەکانی مانەوەی بارزانی و هاورِێکانی لە وڵاتی سۆڤیەتدا فێر بوونی زمانی ڕووسی بوو؛ بارزانی لەگەڵ هەڤاڵە دوورخراوەکانی و میوانە ڕووسییەکانیدا بەتایبەت ئەو کاتانەی نەیدەویست ئەندامانی بنەماڵەکەی، یان کەسانێکی لە بابەتی وتووێژەکە تێ بگەن بەزمانی ڕووسی دەدوا. مانەوە لەو وڵاتەدا بووە هۆی ئەوەی بارزانی لەو وڵاتە نزیکتر ببێتەوە و ئەو نزیکایەتییە بەڕادەیەک بوو تەنانەت لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و تا ساڵی ١٩٧٢ پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا پاراست. لەو ساڵەدا بوو کە یەکێتیی سۆڤیەت پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا ئیمزا کرد، ئەم پەیمانە تا ئەو کاتە گەورەترین کودەتای کرملین بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و؛ یەکێتیی سۆڤیەتی خستە ناو پێچوپەنای دەسەڵاتی وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوت و بازاڕێکی بەربڵاوی کردەوە لە بەردەم ڕاوێژکارانی سەربازی و ناسەربازیی ڕووسدا. ئەو پەیماننامەیە ڕاستەقینە بوون یان نەبوونی پشتیوانی کردنی ڕووسەکانی بەرامبەر بەکورد دەردەخست، بەتایبەت لەو کاتەی ڕووس ناچار بن لە نێوان بەرژەوەندییەکانی خۆیان و پشتیوانی کردن لە کورد یەکیان هەڵبژێرن. لە دوایین ساڵەکانی دانیشتنی بارزانی و هاورِێکانی لە وڵاتی سۆڤیەتدا هەلومەرجی ژیان و کاروباری ئەوان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووەو چاکە دەچوو و لەو کاتەدا مێژووی عیراق ڕووداوگەلێکی تازەی لە خۆیدا هەڵگرت. «سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٤ی جولای ١٩٥٨ ژمارەیەک لە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بەهۆی کودەتایەکی سەربازییەوە، ڕژێمی پاشایەتییان هەڵاوگێڕ کرد و ڕژێمی کۆمارییان بەجێگەی دامەزراند. کەسێتیی یەکەمی کودەتاکە عەبدولکەریم قاسم بوو کە لەلایەن عەبدولسەلام عارفەوە هاورِێیەتی دەکرا.[١]»

«مەلا مستەفا ڕۆژانی یەکەم تەلەگرافێکی بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشەکە نارد و، لایەنگری و پشتیوانیی خۆی دەربڕی[٢].»

١- ع. الجمیلی نگاهی بەتاریخ سیاسی عراق، ت: مورخین زوار کعبە، دفتر ادبیات و حوزە مقاومت ل٦٣.

٢- نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، ل٥٥.



بەم پێیە ڕۆژە پڕ لە خۆشییەکان خۆیان دەرخست، یەکەم مانگەکانی شۆڕش لە ڕاستیدا سەردەمی دۆستایەتیی نێوان کورد و عەرەب و حکوومەتی بەغدا و باکوری عیراق بوو، بەشێوەیەک کە تا ئەو کاتە شتی لەو چەشنە ڕووی نەدابوو. مەلا مستەفا و ئەو چەند سەد کەسەی لە نیشتمان دوورکەوتبوونەوە لەسەر داوای عەبدولکەریم قاسم گەڕانەوە بۆ عیراق، دوازدە ساڵ مانەوە لە وڵاتێکی بەدەسەڵات و زلهێزی جیهانیدا کە لە ڕووی تەکنیکەوە یەکجار لە وڵاتەکەی خۆی پێشکەوتووتر بوو بەهیچ شێوەیەک نەبووە هۆی لاوازبوونی پێناس و هەستی کوردایەتیی ئەو دوورخراوانە[١].» بەم پێیە سەردەمی فرەخایەنی دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و ژیانی تاراوگە بەکۆتایی هات و بارزانی وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی گەڕایەوە نیشتمان و لەلایەن جەماوەری خەڵکەوە بەگەرمی پێشوازیی لێ کرا.

**د- بەردەوامبوونی شۆڕش (بزووتنەوە) لە سەردەمی دوورخرانەوەی ڕێبەرەکەیدا (١٩٥٨-١٩٤٧)**

بەدوورخستنەوە (یان دوورکەوتنەوە)ی خۆخوازانەی مەلا مستەفا و هاورِێکانی، قۆناخێکی نوێ، بەڵام پڕ لە ناخۆشی و سەختی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەستی پێ کرد. چونکە دوورکەوتنەوەی مەلا مستەفا و پاڵەپەستۆی زۆر لە ساڵەکانی ١٩٤٧ تا ١٩٤٩، پارتی لە ڕاستیدا هیچ ڕێبەرایەتییەکی نەبوو و بەهیچ جۆرێ ئیمکانی پێوەندی گرتن یان ئاگاداربوونەوە لە چارەنووسی بارزانی نەبوو. بەمانەیشەوە ئەندامان و کادیرانی پارتی دەور و ئەرکی خۆیان بەڕێوەبرد و کەوتنە هەوڵدان. «لە سپتامبەری ١٩٥٠وە ژمارەیەک لەو کادیرانەی هێشتا ئازادبوون، هەوڵیان دا سیستەمی حزبەکە دروست بکەنەوە؛ ئەو هەوڵانە بووە هۆی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی دووهەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق (١٩٥١). لەم کۆنگرەیەدا مەلا مستەفا بەرِێبەرایەتی حزب هەڵبژێردرا. لە تایبەتمەندییە دیار و سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم کۆنگرەیە کە ئەرکی ساڕێژکردنەوەی برینە کۆنەکانی پێ سپێردرا بوو؛ هەڵکشانی پلە و پایەی ئیبراهیم ئەحمەد بوو بۆ سکرتارییەتی حزب کە، ئەنجامی کودەتایەکی ناوخۆیی بوو بەرامبەر بەهەمزە عەبدوڵلا و، ئیبراهیم ئەحمەد دوو مانگ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە لە بەندیخانە ئازاد کرابوو[٢]».

١- درک کنیان، کردها و کردستان، ل ١٣٦

٢- کۆچرا پێشوو، ل ٢٤٣

لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرەکان هەوڵیان دا بەرنامە و پەیڕەوێکی نوێ بۆ سێیەمین کۆنگرەی حزب ئامادە بکەن. نەوشێروان مستەفا لەو بارەیەوە نووسیویەتی: «کۆنگرەی دووەم لە مارتی **١٩٥٠** لە بەغدا و کۆنگرەی سێیەم کانوونی دووەمی **١٩٥٣** لە کەرکووک جارێکی تر بارزانیی بەڕێبەری حزب هەڵبژاردەوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی مەلا مستەفا لە یەکیەتیی سۆڤیەت بوو (**١٩٤٨- ١٩٥٨**) بێ ئەوەی سەرکردایەتیی پارتی و مەلا مستەفا ئاگایان لە یەکتری بێت پارتی پڕوپاگەندەیەکی بەربلاوی بۆ مەلا مستەفا دەکرد وەکو قارەمانی نیشتمانی کورد و کاوەی سەدەی بیستەم ...[1]».

لەو دەمەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی پڕوپاگەندە و هەوڵی فیکرییەوە دەستی دایە ئەنجامدانی هەندێ چالاکیی کولتووری و سیاسی، بۆ درێژەپێدانی بزووتنەوەکە، مەبەست لەو هەوڵ و تێکۆشانانە ناساندنی مەلا مستەفا بوو وەکو بەرزترین کەسایەتیی بێ سێ و دووی بزووتنەوەکە و، قارەمانی نەتەوەیی گەلی کورد و، بەکەڵک وەرگرتن لەو پڕوپاگەندانە بۆشاییی نەبوون و دووریی ئەو ڕێبەرە لە زەینی جەماوەردا پڕ بکەنەوە، هەر لەو دەمودەستەدا هەمزە عەبدوڵڵا یەکەم سەرۆکی (دبیرکل) پارتی دیموکرات نامیلکەیەکی سەبارەت بەشۆڕشی بارزان بەزمانی عەرەبی نووسی و بڵاوی کردەوە. نامیلکەی ناوبراو لەلایەن یەکێک لەئەندامانی حزب بەناوی محەرەم محەمەد ئەمینەوە کرا بەکوردی، «مەلا مستەفا لای خەڵک کرا بوو بە سەرکردەیەکی ئەفسانەیی لە شکان نەهاتوو[2]». هەڵبەت ئەو هەلومەرجە وێڕای ئەوەی لەلایەکەوە نیشاندەری جێگیربوونی بارزانی بوو لە دڵی جەماوەردا و هەروەها هەوڵدانی بەبەرهەمی هێزەکانی پارتی دیموکرات بوو بۆ کەسایەتی پێدان بەو ڕێبەرە خەباتکارە لە ناو جەماوەردا، لەلایەکی تریشەوە نیشاندەری لاوازبوونی لایەنی سیاسیی ڕێبەران و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بوو، لەوانەیە هەر بەو هۆیەشەوە بووبێت کە لە نەبوون و دووربوونی مەلا مستەفادا هیچ کەسێک نەیتوانی جێگەی خاڵیی ئەو لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشدا پڕ بکاتەوە. هەروەها کە وترا چالاکییەکانی حزب زیاتر سیاسی بوون، بەڵام دووربوونی مەلا مستەفا بووبووە هۆی ئەوەی کەشوهەوای سەربازی لە باکوری عیراقدا نەمێنێت و هیچ چالاکی و بەرگرییەکی سەربازییانە لەو ناوچەیەدا بوونی نەبوو.

١- نەوشێروان مستەفا، پێشوو، ل ٥٤

٢- هەمان، ل ٥٥



هەر بەو هۆیەوە عیراق و کوردستان لە دووری مەلا مستەفا و سەردەمی حکوومەتی نووری سەعیددا، سەردەمێکی هێور و هێمنی تێ دەپەڕاند. لەو سەردەمدا دوو کەس کە سەرۆکەکانی ئەرکانی سوپا - یەک لە دوای یەک - و فەرماندەی هێزی ئاسمانی کورد بوون؛ زۆربەی ئەو کەسانەی کە یەکێک لە دوو لەشکرەکەی سوپای عیراقیان پێک دەهێنا کورد بوون. «زۆربەی سەرەک عەشیرەتەکان بەهاوکاری کردن لەگەڵ حکوومەت ڕازی بووبوون و ئەگەریش خوازیاری ئۆتۆنۆمی بوون یان وایان هەست دەکرد کە چاپەمەنی و خوێندن و گەشەکردنی داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتی بنچینەی دەسەڵاتەکەیان شل دەکاتەوە، خواستەکانی خۆیان دەشاردەوە و بێدەنگییان دەکرد، دیپلۆماتەکانی وڵاتانی دەرەوە بەبێ پارێزەر دەچوونە دوورترین شوێن لە کوێستانەکانی عیراق[1]». خاڵێکی گرینگ کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە، بارزانییەکان هەرگیز نەیاندەویست ئاژاوە بنێنەوە و هێمنایەتیی وڵاتەکە تێک بدەن، ئەوەی کە هێمنیی کوردستانی لەو ساڵانەی پاش دوورخرانەوە و پێش دوورخرانەوەی بارزانی تێک دەدا، هەوڵەکانی حکوومەت بوو کە بەمەبەستی لاوازکردن و تێکشکاندنی بزووتنەوەی بارزانییەکان ئەنجامی دەدا و زۆر ئاساییش بوو کە ئەو هەوڵانە بەرەو ڕووی دژکردەوە دەبوونەوە. ئەو کاتەی کە لە نەبوونی بارزانیدا هێمنی کوردستانی گرتبووەوە مانای ئەوە نەبوو کە حکوومەت نیازەکانی گەلی کوردی دابین کردبوو، بگرە نەبوونی ڕێبەرێکی بەهێز و دەسەڵاتی کاریزماتیکی وەکو بارزانی کە بتوانێ هێزەکان ڕێک بخات ئەو دۆخەی بەدی هێنا بوو. وێڕای ئەمانە پێش دوور کەوتنەوەی بارزانییەکانیش بەرپرسانی وڵاتە بێ لایەنەکان، هەواڵنێران، ڕۆژنامەنووسان و گەڕۆکەکان هەرگیز لەلایەن بارزانییەکانەوە هێرشیان نەدەکرایە سەر و زیانیان لێ نەدەکەوت. وردبوونەوە لە شێوەی هەڵسوکەوتی بارزانی لەگەڵ میوان و تەنانەت بەدیلگیراوەکانی شەڕدا، میهرەبانی و هەستی مرۆڤایەتیی ئەو کەسایەتییە دەردەخات. ناوەڕۆکی بەرنامەکانی پارتی نیشاندەری ئەوەیە کە ڕێبەر و خەباتکارانی ئەو حزبە زیاتر لە حزبی شیوعی حەزیان لە چالاکیی چەپخوازانە بوو. حزب لە هەلومەرجێکی گونجاو دەگەڕا کوردستان بکەوێتە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵەوە و، تا ئەو ڕادەیە بەلای ئامانج و مەبەستەکانی مارکسیستیدا کشان کە خەباتی دژی کۆنەپەرستی و دژی ئیمپریالیزم جێگەی هەوڵدان بۆ ڕزگاریی کوردستان و ئۆتۆنۆمیی کوردستان دەگرێتەوە

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٥٥

کە، ئامانج و مەبەستی بارزانیش بوو؛ نووری شاوەیس لەو بارەیەوە دەڵێ: «بڕیارمان دابوو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان فیدای بەرژەوەندییەکانی کۆماری بکەین، هیچ شتێک بۆ ئێمە بوونی نەبوو جگە لە ئیمپریالیست و سۆسیالیستەکان، ئەوانەی لە نێوان ئەو دووانەدا بوون، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمیان دەکرد[1]». لەو ماوەیەدا بەردەوام ڕکەبەرییەکانی نێوان لایەنگرانی هەمزە عەبدوڵڵا و ئیبراهیم ئەحمەد بەشێوەی نهێنی درێژەی هەبوو و لە ئاکامدا و بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو بۆچوون و ئاڕاستەیە پارتی لە ١٩٥٥دا بەدوو باڵ دابەش بوو. پارتی دیموکرات بەواتای تایبەت لە ژێر دەسەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەد و، (بەرەی پێشکەوتنخواز) بەسەرۆکایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا. پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ماوەیەکی زۆر نەیتوانی لە نێوان پرسە نەتەوەییەکان و پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەی پێویست یەکیان هەڵبژێرێت و ئەم مەسەلەیەش بەهەر جۆرێ بێ سەرەنجامی بەسەر پێکهاتەی حزبەکەدا دەسەپاند. وێڕای ئەم مەسەلەیە و مەسەلەی تری گرفتە ناوخۆییەکان بەرپرسان و بەکرێگیراوانی حکوومەتیش هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حزبەوە بەردەوام پێوەبوون زیانی پێ بگەیێنن. ئەم حزبە لە سەرەتاوە تا ئێستا گەڤەی کەوتووەتە بەردەم. ئەو مەسەلانە بووبوونە هۆی ئەوەی پارتی وێڕای یەک دەیە تەمەن تا گەڕانەوەی مەلا مستەفا نەتوانێ ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراو و داڕێژراو بۆ خۆی هەڵبژێرێت. ساڵی ١٩٥٥ نەتەوەخواز و پێشکەوتنخوازەکان داوایان لە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە سەبارەت بە(ڕەوابوون- بەرهەقبوون) یان نەبوونیان داوەری بکات و حزبی ناوبراویش بڕیارێکی ژیرانەی دا و بۆچوونی وابوو کە دەبێ هەردوو کێشەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی پێکەوە چارەسەر بکرێت و هەردوو سازمانەکە ببنە یەک[2].

پێشنیازی ڕێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کاری کردە سەر هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و هەردووکیان لە ١٩٥٦دا تێکەڵ بوونەوە و پارتی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستانیان پێک هێنا کە هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری حزبەکە بوو و ڕۆژنامەیەکی لە ژێر ناوی (خەباتی کوردستان)دا بڵاوکردەوە[3].

١- کریس کۆچرا پێشوو، ل ٢٥٨

٢- کۆچرا، پێشوو ٢٤٤

٣- هەمان، ل ٢٤٤



### ه- ڕوانگە و بۆچوونی حزبی شیوعیی عیراق سەبارەت بەکێشەی کوردستان

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی بارزانی لە مۆسکۆ بوو، یەکێکی تر لەو حزبە بەهێز و دەسەڵاتانەی لە کوردستانی عیراق و لە ڕاستیدا لە ناو هەموو بزووتنەوە کوردی و عەرەبییەکاندا چالاکیی دەکرد، حزبی شیوعیی عیراق بوو. ئەو حزبە لە ساڵی ١٩٣٤دا پێک هاتبوو، خۆی بەتاکە نوێنەر و بەرەڤانی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و جووتیاری کورد و عەرەب دادەنا. لەو بارەیەوە نووسراوە: «حزبی شیوعی لە چلەکان و پەنجاکاندا تاقە حزب بوو، کە شان بەشانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرنامەی سیاسی و کادر و هەیکەلێکی ڕێکخراوەی وای هەبوو بتوانێ ڕێکخستنی نهێنیی زۆر چالاک و چەلەنگ بەڕێوەبەرێ[1].»

بەگرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن حکوومەتی سەربازییەوە و قەدەغەکردنی چالاکییەکانی حزبی شیوعی لە ساڵەکانی ٩٤٨ و ١٩٥٢ زەمینە بۆ هاوکاری کردن و ڕێککەوتن لە نێوان حزبی شیوعی و نەتەوەخوازەکاندا ساز بوو. ئەو هاوکارییانەش بەتایبەت ئەو کاتە پەرەی سەند کە لە ساڵی ٩٥٢ بۆ یەکەمین جار کوردێک بەناوی خوازراوی (باسم) پلەی سەرۆکایەتیی حزبی شیوعی گرتە دەست، ئەم گۆڕانکارییانە لە جۆری خۆیدا سەرەتایەک بوو بۆ بەدیهاتنی پێوەندیی گەرم و گوڕ لە نێوان حزبی شیوعی و کورددا. (باسم) ڕێبەرانی سۆڤیەت و ئیستالینی بەوە تاوانبار کرد کە سیاسەتێکی نادروست و هەڵەیان بەرامبەر بەکێشەی کورد گرتووەتە بەر و وێڕای پشتیوانی کردن لە گەلی کورد لاگیریی لە هەوڵدانەکانی گەلی کورد کرد، بۆ مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین تەنانەت ئەگەر ١/٣ی گەلی عیراقیش لەو وڵاتە جیا بکاتەوە[2]).

ئەو هەڵوێستەی حزبی شیوعیی عیراق بەرامبەر کێشەی کورد لە دوای مردنی ئیستالین کۆتایی پێ هات. سیاسەتی دژایەتی کردن لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی ناوچەی قەوقاز جگە لە گورجییەکان و بەتایبەت لەگەڵ کورددا لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە پشتگیری کرا. هۆکارەکانی ئەو گۆڕانە لە سیاسەت و بۆچوونەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بەرامبەر بەکێشەی کورد لە گۆڕانکارییەکانی دەیەی پەنجای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەیان دەگرت.

١- گونیتەر دیشنەر، ل ١٧٧

٢- گونیتەر دیشنەر، کورد، گەلی لەخشتە براوی غەدرلێکراو: عبدالسلام برواری بەعربی، هەمان، ل١٧٧.

تورکیا و عیراق دوو وڵات بوون کە کێشەی کورد لە ناو سنوورکانی ئەو وڵاتانەدا هێشتا وەکو یەکێک لە سەرەکیترین گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەردەخست، هەر لەو ساڵانەدا تورکیا بووە ئەندامی پەیمانی ئەتلانتیکی باکور (ناتۆ) و ڕژێمی پاشایەتیی عیراقیش وێڕای ئەو نیمچە ئاسایشەی بەهۆی نەبوونی بارزانییەوە لە کوردستاندا پێک هاتبوو بووە ئەندامی پەیمانی سێنتۆ؛ کە هەردوو پەیمانەکە لە بنەماوە بۆ دژایەتی لەگەڵ سۆڤیەت پێک هاتبوو. کۆی ئەو گۆڕانکارییانە بووە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر سیاسەتڤانانی سۆڤیەت وەکو فاکتەرێکی گرینگ بڕواننە کێشەی کورد بۆ وەدەستهێنانی مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چونکە بەبڕوای ئەوان دەکرا وەکو کەرەستەیەکی گرینگ بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر وڵاتانی تورکیا، عیراق و تەنانەت ئێرانیش کەڵک وەربگیرێت بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی خۆیان بەجۆرێ ڕێک بخەن کە لە ڕاستی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەتدا بێت. حزبی شیوعیی عیراق لە دووەمین کۆنگرەی خۆیدا سەبارەت بەکێشەی بنەڕەتی، واتە کێشەی کورد لە بەڵگەیەکی تێروتەسەلدا هەڵوێستی نواند. ئەم حزبە لە سەرەتاوە ڕای گەیاند «ئەو سەرزەوینەی عەرەبی عیراقی تێدا دەژین بەشێکی جیا نەکراوەی نیشتمانی عەرەبە» و جەماوەری کوردی عیراق بەشێکی جیانەکراوەی گەلی کوردە، کە ئێستا لەنێوان وڵاتانی تورکیا، ئێران و عیراقدا دابەش کراون. گەلی کورد گەلێکی یەکپارچەیە، ئەو گەلە لە ڕاستیدا هەموو تایبەتمەندییەکی پێویستی گەلێکی یەکپارچەی لەخۆیدا هەڵگرتووە و لە جەماوەرە مرۆڤێک پێک هاتووە کە لە درێژایی زەمان و بەپێی قەدەرە مێژووییەکان خۆی گرتووە و بەپێچەوانەی دابەشکردنەکەی لەلایەن ئیمپریالیستەوە، لە نیشتمانێکی یەکپارچەدا دەژین و خاوەنی تاکە زمانێکی هاوبەشن و هەموو توخم و هۆکارێکی پێویست کە ئیمکانی پێکهێنانی ئابووریی نەتەوەیی و یەکگرتوویی بەو گەلە بدات و ئازادیی پێکهێنانی پێناس و خۆ دەرخستنی نەتەوەیی بداتە گەلەکەی، لە خۆیدا کۆکردووەتەوە[1]».

(حزبی شیوعیی عیراق پاشتر بەو جۆرە بیروڕای خۆی دەربڕی؛ «خەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی کورد و عەرەب ئەو دەرفەتە دەخاتە دەستی گەلی کوردیش کە هەلومەرجێکی گونجاو دروست بکات بۆ ئەوەی مافەکانی خۆی وەدەست بهێنێت و چارەنووسی خۆی

---

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٤٥



بگرێتە دەست، کە لەوانە پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆیە لە هەموو نیشتمانی کوردستاندا[1].»

ئەو هەڵوێستەی حزبی شیوعی ئەگەرچی لە خۆیدا و بەلەبەرچاوگرتنی بە(ڕەوا) زانینی خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەستخستنی چارەنووسی خۆی، بەبایەخە، بەڵام هەرگیز ڕوون و دوور لە لێڵی و ئاڵۆزی نەبوو، چونکە ئەو حزبە بڕوای وابوو تەنیا تاکە ڕێگەیەک لەبەردەم ئێمەدا بوونی هەیە؛ ئەویش خەباتێکی هاوبەشە لەگەڵ جەماوەری خەڵکی عەرەبدا دژی ئیمپریالیزم و هەڤاڵبەندەکانی و، خەباتی هاوبەش لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا. ئەو هەڵوێستە لەگەڵ ئەوەی لاگیریی هەوڵدانی بەشێکی کوردستان دەکات، بۆ درێژەدان بەخەبات لە ڕاستیی وەدەستهێنانی هەموو مافەکانی گەلی کورددا؛ لە هەڵوێستگرتنێکی توندوتیژا ئەندێشە نەتەوەخوازییەکانی کوردستانی بەرپرسیار کرد و وتی: «حزبەکەی ئێمە هاوکات ئەو ئەندێشە جوداییخوازانەی کە، ناوەڕۆکێکی ناسیۆنالیستییان هەیە ئاشکرا و شەرمەزار دەکات و لە بەرامبەریاندا خەبات دەکات[2]». بەتەواوی ئاشکرایە کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەو هەلومەرجەدا وەکو پێکهاتەیەکی پێشکەوتنخواز ئەرکی گرینگی پێشڤەبردنی بەرژەوەندی و مەبەستەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە ئەستۆی خۆیدا دەبینی، هەڵوێستی هیچ حزبێک وەکو حزبی شیوعی دژایەتیکردن نەبوو لەگەڵ ستراتیژیی ڕابردووی ئەو حزبەدا، ئەگەرچی هیچ حزبێک وەکو حزبی شیوعی بەڕوونی بەرامبەر کێشەی کورد هەڵوێستی نەگرت بەڵام جەختکردنەوە لەسەر خەباتی هاوبەش، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەرک و بەرپرسایەتیی پارتی دیموکرات لەو خەباتەدا کە وا دیار بوو، هەوڵدانێک بوو بۆ ئەوەی چالاکییەکانی ئەو حزبە بگرێتە ژێر دەسەڵاتی حزبی شیوعی و لە ئاکامدا هەڵوێستگرتن دژی ئەوەی ئەوان ناسیۆنالیزمی بیرتەنگیان ناودەنا، ڕێگەی بۆ دژایەتییەکان خۆش کرد و ئەم دوو حزبەی لێک جیا کردەوە و خستنیە لایەنی بەرامبەری یەکترەوە، بەو شێوەیەی کە «قۆناخی نێوان دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی بارزانی وەکو (هاینز گشتراین)ی پسپۆڕی سویسری، لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەڵێت: پتر قۆناخی ناکۆکیی نێوان پارتی و حزبی شیوعیی عیراق بووە، تا

---

١- بڕوانە عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، ل ١٤٦ و ١٤٧.

٢- هەمان، ل ٢٤٦.

قۆناخێک بێت لە قۆناخەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد[١]».

یەکەم دژکردەوەی توندوتیژی حزبی شیوعیی عیراق بەرامبەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان ئەو کاتە خۆی نواند کە دوا بەدوای پێوەندی گرتنەکانی بەڕێوەبەرانی پارتی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستانی عیراق و بەرپرسانی کوردی «لقی کوردستانی حزبی شیوعی لە ژووئەنی ١٩٥٧دا، لقی کوردستانی حزبی شیوعی بەمەبەستی دابینکردنی یەکگرتوویی ئۆرگانیکی لە نێوان هێزە خەباتکار و دیموکراتیکەکانی کوردستاندا، بڕیاری دا بەشی کوردستانی حزبی شیوعی هەڵوەشێتەوە و تێکەڵ بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق ببێت، ڕەفتاری حزبی شیوعی سەرەتا بەسەرکۆنەکردنی پارتی بەو بیانووەی ئەوان خۆیان بەحزبێک لە دەرەوەی عیراق دەزانن و دەیانەوێ جیاببنەوە، دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەو حزبەدا دەربڕی و وێڕای دامەزراندنەوەی دووبارەی لقی کوردستانی حزبی شیوعی، پارتی دیموکراتی بەداردەستی ئەمریکا دانا و بەحزبێکی دەزانی لەژێر دەسەڵاتی ئەمریکاییەکاندا[٢]). یەکەمجار تۆوی دژایەتی کە بەهۆی خەت و نیشانکێشان لە سەرەتاوە لەلایەن حزبی شیوعییەوە لە بەیانەکانی ئەو حزبە و لەسەر دژایەتی لەگەڵ چالاکییە ناسیۆنالیستییەکاندا، بەدرێژایی زەمان چێنرا بوو بەهۆی نیشانە ئاشکراکانیەوە لەم کاتەدا خۆیان دەرخست.

هەر لەو کاتەدا بزووتنەوەیەکی نوێی سیاسی پێک هات کە هەرگیز و بەهیچ شێوەیەک قایل نەبوو هاوکاری لەگەڵ شیوعییەکاندا بکات و بەمەبەستی بەدیهێنانی یەکێتیی عەرەبی پروپاگەندەی بەربڵاوی دەست پێ کرد، ئەو بزووتنەوەیە لە نێوان لاوەکان و ڕێبەرانی عەرەبدا یەکجار دەستی دەڕۆیشت و دەسەڵاتی هەبوو. ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن جەمال عەبدولناسرەوە ڕێبەرایەتی دەکرا و لە ساڵی ١٩٤٥دا دەسەڵاتی میسری گرتە دەست و بووە ڕووگەی هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەلانی عەرەب.

دەستەیەک کە بەشێوەی هاوبەش لە ڕێبەرانی کورد پێک هاتبوون، پاش دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی (سووریە و میسر) بۆ ئەوەی سەرنجی جەمال عەبدولناسر بۆ هاوکاری کردن (لەگەڵ خۆیاندا) ڕابکێشن پێوەندییان لەگەڵ گرت و لەم دیدارەدا عەبدولناسر بەتەواوی پشتیوانیی خۆی لە مافەکانی کەمە نەتەوەییە ناعەرەبەکانی وڵاتە

١- گونیتەر دیشنەر، پێشوو، ل ١٧٦
٢- گوینتەر دیشنەر، ل ١٧٨



عەرەبییەکان ڕاگەیاند، لەوانەیە لە ڕاستی ئەو بەڵێن و گفتانەدا بوو کە لە ساڵی ١٩٥٨دا و پاش دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی کوردەکانی دانیشتووی سووریش کە ئێستا بەشێک لەو کیانە نوێیە سیاسییە بوون لە ژێر پاڵەپەستۆی لە ڕادەبەدەر کشانە دەرەوە و هەلومەرجێکی نەختێ باشتر لە ڕابوردوو، بەسەریاندا زاڵ بوو. ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عیراق پێوە بوون سەرنجی عەبدولناسر ڕابکێشن، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجەی خۆیان لە ١٤ی ژووییەی ساڵی ١٩٥٨دا عەبدولکەریم قاسم لە کودەتایەکدا ڕژێمی پاشایەتیی هەڵاوگێڕ کرد[١]».

١- هەمان، ل ١٧٨.

# پاژی پێنجەم

# بارزانی لە سەردەمی حکوومەتی کۆماریدا

ساڵی ١٩٥٤ هێزە سەربازییەکانی لایەنگری حزبە سیاسییە نەتەوەییە دیموکراتەکان و حزبی بەعس ڕێکخراوەیەکیان بەناوی ڕێکخراوەی ئەفسەرانی سەربەست دامەزراند و ڕایان گەیاند کە مەبەستی ئەو ڕێکخراوە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیی دەسەڵاتداری عیراقە، کە بەتەواوی لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدایە. سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٤ی ژووییەی ١٩٥٨ هەندێک لەو ئەفسەرانە کودەتایەکی سەربازییان بەڕێوەبرد و لە ئەنجامی ئەو کودەتایەدا ڕژێمی پاشایەتی ڕووخاو ڕژێمی کۆماری دەسەڵاتی گرتە دەست[١]. کەسێتیی یەکەمی کودەتا کە ژەنەراڵ (سەرتیپ) عەبدولکەریم قاسم و هاوڕێکەشی سەرهەنگ (عقید) عەبدولسەلام عارف بوو. کودەتاچییەکان سەرەتا بەبێ ئەوەی لەلایەن لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتییەوە بەرەورووی هیچ چەشنە بەرگرییەکی چەکدارانە ببنەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەوانەی هێرشیان کردبووە سەر کۆشکی پاشایەتی، وێڕای ئەوەی دەیانزانی عەبدولکەریم قاسم نەیدەویست مەلیک فەیسەڵ بکوژرێت، بەڵام بەفەرمانی عەبدولسەلام عارف تەقەیان لە مەلیک کرد. فەیسەڵ نەک هەر هیچ بەرگرییەکی لە خۆی نەکرد، بگرە لێیان پاڕایەوە کە نەیکوژن «مەلیک بەهۆی تەقە لێکردنەکەوە بریندرا بوو و برایە نەخۆشخانە و، هەر بەهۆی ئەو برینەوە، لە کاتێکدا کە تەمەنی سی ساڵ بوو هەمان ڕۆژ مرد[٢].». لە سەردەمی حکوومەتی فەیسەڵی دووەمدا بەتەواوی بەڕێوەبەرایەتیی وڵات و بەتایبەت بڕیاردان دەربارەی سەرکوتکردنی سەرهەڵداوان و ڕکەبەرانی ڕژێمی پاشایەتی لە دەستی شادا نەبوو، بگرە ئەو بەرپرسایەتی و دەسەڵاتە لە نێوان شازادە عەبدوڵڵای خاڵی شا و سەرەک وەزیراندا بەش کرابوو، کودەتاچییەکان، شازادە عەبدوڵڵا، نووری سەعیدی سەرەک وەزیران و چەند کەسێک لە بنەماڵەی شایان کوشت. نووری سەعید پاش کوژرانی شازادە عەبدوڵڵا لە کاتێکدا کە بەجلوبەرگی ژنانەوە خەریک بوو هەڵدەهات لە شوێنێکی تر کوژرا و تەرمەکەیان بە شەقامەکانی بەغدادا ڕاکێشا و لەتوپەت کرا.

١- ع. الجمیلی، پێشوو، ل ٢٦٤

٢- هەمان، ل ٦٠



بەرپرسانی پایەبەرزی تری ڕژێم یەک لە دوای یەک گیران و دادگایی کران. شۆڕشگێڕ و کودەتاچییەکان ماوەیەک پاش سەرکەوتنیان بەرنامەی سیاسیی خۆیان ڕاگەیاند. عیراق لە پەیمانی بەغدا کشایەوە (بنکەی چالاکیی ئەو پەیمانە گوێزرایەوە بۆ ئەستەمبووڵ، ڕاوێژکاری و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوەی کە وڵاتی عیراق بەرەبەرە لەژێر سەرپەرشتیاریی بەریتانیا بچێتە دەرەوە کرا. بۆ ئەو مەبەسەش بەفەرمانی عەبدولکەریم قاسم ئەو ئیمتیازانەی درابوونە کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا کەم کرانەوە و دیناری عیراق لەژێر گەرەنتیی بەریتانیا هاتەوە دەرەوە). پەیماننامەی عیراق – بەریتانیاش کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا لە باتی پەیمانی ١٩٣٠ ئیمزا کرابوو، هەڵوەشێنرایەوە.

«کوردە ناسیۆنالیستەکان زۆر لە پەیمانی بەغدا نیگەران بوون و وای بۆ دەچوون لەو پەیمانەدا بەغدا و ئانکارا دەستیان بۆ زیان گەیاندن بەکورد تێکەڵ کردووە. کشانەوەی عیراق لەو پەیمانە بووە هۆی ئەوەی کورد پشتیوانیی خۆیان بۆ ڕژێمی تازە ڕابگەیەنن[١].»

دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، عەبدولکەریم قاسم بەپەلە و لە ماوەیەکی کورتدا پلە بەرزە سیاسییەکانی بڕی و بووە فەرماندەی گشتیی هێزی سەربازی، سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگریی عیراق، عەقید عەبدولسەلام عارفیش کرایە جێگری گشتیی هێزی سەربازی، جێگری وەزیری ناوخۆ و جێگری سەرۆک وەزیران.

ژەنەراڵ (نەجیب ڕەبیعی)یش کرایە سەرۆکی ئەنجوونی بەڕێوەبەرایەتی. ئەم ئەنجوومەنە خاوەن دەسەڵاتێکی لە ئاست سەرۆک کۆماریدا بوو، بەڵام دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە فۆرمالییە بوو. دەسەڵات لە کردەوەدا لە دەستی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارفدا بوو. هەفتەیەک پاش کودەتاکە، عیراق لە یەکێتیی هاشمی کە پێش کودەتا لە نێوان عیراق و ئەردەندا پێک هاتبوو، کشایەوە[٢].»

بۆ ئەوەی هەندێ زانیاری سەبارەت بەژیانی بەدەسەڵاتترین کەسێتیی کودەتای ١٤ی ژووییەی ١٩٥٨ وەدەست بهێنین پێویستە بەکورتی چاوێک بەژیان و پێشینەی چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەودا بگێڕدرێت. ساڵی ١٩٥٠ چووە ڕیزی ئەفسەرە قەدیمییەکانی ئینگلیزەوە و « لە ٢ی مەی ١٩٥١ پلەی سەرتیپی ستاد (روکن) و لە ٦ی

١- درک کنیان، کردها و کردستان، ل ١٣٦

٢- سەرهەنگ ع. جەمیلی، پێشوو،ل ٦٤ و ٦٥

ژانۆیەی ١٩٥٩دا پلەی سپەهبود(؟)ی ستاد و لە ئەنجامدا و لە ٦ی ژانۆیەی ١٩٦٣دا پلەی ژەنەراڵی (سەرلەشکر)ی ستادی پێ درا. قاسم لە ٥ی مەی ١٩٤٨ بۆ ژووئەنی ١٩٤٩ بەشداری فەلەستینییەکانی لە دژی ئیسرائیلدا کرد و پاش هێرشکردنە سەر بنکەکانی ئیسرائیل لە (راس ئاتێل)دا و شکاندنی هێرشی ئیسرائیلییەکان لەلایەن فەرماندەی هێزەکانی عیراق لە ئەردەندا سوپاسنامەی پێشکەش کرا و وێڕای گرتنەوەی هەندێ لەو بنکە و شوێنانە برێکی زۆر چەک و تەقەمەنیشیان لێ گرتن[١]».

عەبدولکەریم قاسم بۆ ڕزگارکردنی چینی چەوساوە و ستەملێکراو لەو هەلومەرجە نالەبارەدا بیر و ئەندێشەیەکی چاکسازیخوازانەی هەبوو و گەیشتبووە ئەو بڕوایە کە ئەو مەبەستە تەنیا کاتێک دێتە دی ڕژێمی پاشایەتی لاببرێت و عیراق لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا ڕزگار بکرێت.

چالاکی کردنی سیاسی و کۆتایی هێنان بەگۆشەگیریی قاسم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٥، یەکەمین ئەنجوومەنی ئەفسەرە ناسیۆنالیستەکان. کودەتای ١٩٣٦ی (بەکر سدقی) کە یەکێتیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی لە نێوان عەرەب و کورددا هێنایە دی، کاری کردە سەر بیری ئەو و لایەنگریی لەو تاقمە کرد کە کودەتاکەیان ڕێک خستبوو و بەشداریی ڕاپەڕینی ١٩٤١ (ڕەشید گەیلانی)ی کرد. ئەو شۆڕشە لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە کە لە خاکی وڵاتی عیراقدا بوون سەرکوت کرا و شازادە عەبدولڵا هاوکات لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشەکە هەڵات و بەپشتیوانیی هێزەکانی بەریتانیا دەسەڵاتی درایەوە دەست[٢]».

عەبدولکەریم قاسم لە ماوەی ژیانیدا ژنی نەهێنا و هەرچی دایکی لەسەر ئەو بابەتە پێداگریی دەکرد و پێویستییەکانی بۆ ئەو ڕوون دەکردەوە، لە وەڵامدا دەیوت: «تا ئەو کاتەی ئامانجەکانم نەیەتە دی زەماوەند ناکەم»، ئامانجە نهێنییەکەی ئەو هەمان ڕێکخستنی کودەتای سەربازی دژی ڕژێمی پاشایەتی بوو.

---

١- هەمان، ل ٦٦

٢- هەمان، ل ٦٦



### ئا- سەردەمی هیواداری

ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی عیراق و کوژرانی بنەماڵەی هاشمی، کە جگە لە ستەم و سەرکوتکردن بۆ گەلی عیراق بەگشتی و کوردستان و گەلی کورد بەتایبەتی هیچ خەڵاتێکی تریان پێ نەبوو؛ سەرکەوتنێکی گەورە بوو و ئومێدێکی زۆری لەو وڵاتەدا دروست کرد. ڕۆژی دوای کودەتا کەسێتییەکی کورد واتە شێخ خالیدی نەقشبەندی لە بامەڕنی و دوو عەرەب کە یەکیان سوننە و ئەوی تر شیعە بوو بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی.

گۆڕانگاریی تازە نیشاندەری گۆڕانی دید و بۆچوونی دەسەڵاتدارانی عیراق بەرامبەر بەکێشەی کوردستان و گەلی کورد، یەک لە دوای یەک ڕوویان دەدا. بیستەمی ژووییە، واتە حەوتوویەک پاش ڕاگەیاندنی کۆمار، دەوڵەت لێبووردنی گشتیی ڕاگەیاند.

لێبووردن هەموو بەندی و دوورخراوەکانی دەگرتەوە و شێخ ئەحمەد، شێخ لەتیف و گۆرانی شاعیر یەکەم کەسانێک بوون ئەو لێبووردنە گرتنیەوە[١].» بەڵام لەوەش گرینگتر مادەی ٣ی یاسای بنەڕەتیی ڕێکەوتی ٢٧ی ژووییەی ساڵی ١٩٥٨ە کە بەئاشکرا جەخت لەسەر هاوکاری کردنی هەموو هاووڵاتیان دەکات و باس لە دابینکردنی ماف و ئازادییەکانیان دەکات. بەو پێیە عەرەب و کورد پێکەوە لەم وڵاتەدا خاوەنی مافی هاوبەشن و، یاسای بنەڕەتیی عیراق مافە نەتەوەییەکانیان لە ناوخۆی وڵاتدا دەستەبەر و گەرەنتی دەکات[٢].»

بەرابەری و یەکسانیی گەلی عەرەب و کورد لە ناوخۆی وڵاتی عیراقدا کە یەکەم جار بوو پاش پێکهاتنی وڵاتی عیراق باسی لێ بکرێت، لە ئاڵای ڕەسمیی کۆماریشدا کە بریتی بوو لە خەنجەرێکی کوردی و شمشێرێکی عەرەبی لە شێوەی سیمبولێک خۆی نواند.

سەرکەوتنی شۆڕش دەرفەتێکی گرینگ و بەرچاوی بۆ گەشە و پەرەی ئەدەبی کوردی ڕەخساند، ئەگەرچی لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیشدا کورد گۆڤار و ڕۆژنامەی زۆریان لە قۆناخە جیاجیاکاندا چاپ و بڵاو دەکردەوە، بەڵام لەو بڵاڤۆکانەدا زیاتر لە هەموو شتێک بایەخ بەئەدەب و چیرۆک و بەسەرهاتە مێژووییەکان دەدرا و، کەمترین ئاماژە بەڕووداوە

---

١- کۆچرا، ل ٢٥

٢- هەمان، ل ٢٥٠

سیاسییە هاوچەرخەکان دەبینرا. پاش سەرکەوتنی شۆڕش کورد دەستیان دایە چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری نوێ و تێیاندا باسی سیاسییان بەگوێرەی ڕۆژ و سەردەم بڵاو دەکردەوە. لەو گۆڤار و بڵاڤۆکانە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) و (شەفەق) لە سلێمانی و لە کەرکووکیشیدا گۆڤاری (بەیان) و (ڕۆژا نوێ) شیاوی سەرنجن. پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقیش لە ئەوریلی ساڵی **١٩٥٩**دا ڕۆژنامەی خەباتی بڵاو کردەوە.

کورد لە بارودۆخی نوێ و دارمانی ڕژێمی پاشایەتی و بەستنی پەیمانی برایەتی و هاوکاری لەگەڵ عەرەب خۆشحاڵ بوون. ئەو خۆشحاڵییە لە وتار و نووسراوەکانی ناو بڵاڤۆک و چاپەمەنیی کوردیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕەنگی دایەوە و، لە بڵاڤۆکە کوردییەکاندا بەخۆشی باس لەو سەرکەوتنە هاوبەشە کراوە کە بەسەر ڕژێمی پاشایەتی و نۆکەرانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستەکاندا هاتووە و ڕێز لە یەکسانی و برایەتیی کورد و عەرەب گیراوە[١].

مانگەکانی سەرەتای شۆڕش لە ڕاستیدا سەردەمێکی بێ وێنەی هاوکاری و برایەتیی کورد و عەرب و حکوومەتی بەغدا و کوردستان بوو. بەڵام ئەم ڕژێمە نوێیەش لەخۆیدا گرفت و دژوازیی هەبوو، یەکەم بابەت ئەوە بوو کە کەسایەتی و شێوەی بیرکردنەوە و بۆچوونی ڕێبەرە پایەبەرزەکانی شۆڕش، یان بەوتەیەکی تر کودەتاچییەکان زۆر جیاواز بوو. ئەو جیاوازییانە بۆ یەکەم جار تۆوی گرفت و کێشەکانیان لە هەناوی ڕژێمی نوێدا چاند، وێڕای ئەمەش، مادەی **٢**ی یاسای بنەڕەتیی کاتیی دەیگوت: «وڵاتی عیراق بەشی جیایی هەڵنەگری گەلی عەرەبە.[٢]»

گرفتێکی گەورەتر ئەوە بوو کە ئەفسەرانی سەربەست لە یەکەم هەنگاو و قۆناخدا، پاش گرتنەدەستی دەسەڵات، بەرەو ڕووی هەڵبژاردنێکی ئەستەم بوونەوە و یەکەم نیشانەی دژوازی و جیاوازییەکان لە ریزی ڕێبەرانی کودەتادا لەو کاتەدا خۆی نواند کە چەند مانگێک پێشتر واتە فیڤریەی **١٩٥٨** و بەیەکگرتنی میسر و سووریە پێک هاتبوو یان نا؟ عەقید عەبدولسەلام عارف جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ، لایەنگری جەمال عەبدولناسر بوو و لەگەڵ بەعسییەکاندا لایەنگری ئەو یەکگرتنە بوون کە، سەلام لە **١٩**ی ژوویە واتە **٥** ڕۆژ پاش ڕووخانی داوودەزگای پاشایەتی لە دیمەشقدا و

---

١- بڕوانە گویشنەردینتەر، پێشوو، ل ١٨١

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٥١



بەئامادەبوونی دەیان هەزار کەس یەکگرتنی کۆمارە یەکگرتووە عەرەبییەکان و عیراق لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕاگەیێندرا.

ئەو ڕاگەیاندنەش لە حاڵێکدا بوو کە ناسر لە مەسەلەکە ئاگادار نەکرا بووەوە و بەو هۆیەوە وتی «عارف وەکو منداڵ هەڵسوکەوت دەکات[١]».

«عارف هەوڵی دەدا توانای بڕیار لە قاسم بسەنێت بۆیەش، مانگی ئەگۆست سەفەرێکی بەوڵاتی عیراقدا دەست پێ کرد، لە ئاخافتنیدا ئەنجام وای نواند کە چۆن بەدەسەڵاتترین کەسی ڕژێم و گەورەترین بەڵێندەر و یاریدەری کۆماری تازەیە، قاسم تەنیا ژەنەراڵێکی ڕێزدار و بەئیحترامە[٢].»

لەو کاتەدا جموجۆڵێکی زۆر لە کوردستان لە ئارادا بوو و تەنانەت باس لە شۆڕش دەکرا، ئەگەرچی کورد هەوڵیان دەدا سیاسەتەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕکەبەرایەتییەی ناوخۆی عیراقدا بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، بگونجێنن، بەو پێیەش سەرەتا پشتیوانیی خۆیان لە قاسم دەربڕی، بەڵام هەوڵە پڕوپاگەندەیی و پان عەرەبیستییەکەی عارف نیگەرانیی ئەوانی بەرامبەر داهاتووی گەلی کورددا زیاتر کرد. کورد بەنیگەرانی لەو سیاسەتانە پرسیاریان لە خۆیان دەکرد کە، بەمەرجی ئەو سیاسەتانە سەر بکەون و بەڕێوە ببرێن «لە ناوی زەریای سی و شەش ملیۆن کەسیی عەرەبدا، کورد کەمینەن و داخۆ لە کۆمەڵگەیەکی هاوبەشی کورد و عەرەبدا چارەنووسیان چی دەبێت؟ هەر بەو هۆیەوە کورد بەشێوەیەکی واقیعبینانە لەگەڵ ئەو سیاسەتانەدا دژایەتییان کرد؛ هەڵبەت حزبی شیوعیی عیراقیش لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ کورد هاوڕابوو، چونکە بەمەرجی بەڕێوەچوونی ئەو سیاسەتانە ئەو حزبەش لە بازنەی چالاکییە سیاسییەکانی عیراق دەردەکرا.»

ماوەیەک پاشتر و لە ناوەڕاستی سیپتامبەری **١٩٥٨**دا یەکەم ململانێی تاقیکاریی دەسەڵات لە نێوان قاسم و عارفدا ڕووی دا. قاسم سەرکەوتنی وەدەست هێنا و لە **١٣**ی سیپتامبەری **١٩٥٨**دا بەر بەهەموو سیاسەتەکانی عارف دەگیردرێت و جێگریی فەرماندەیی سوپای عیراقی لێ دەسێنێتەوە و لە سێزدەی ئۆکتۆبەردا دەکرێتە باڵوێزی عیراق لە بۆن. بەو پێیە عەرەبە دەستە ڕاستی و لایەنگرەکانی پان عەرەبیزم واتە بەعسییە ڕەگەزپەرستەکان لە قاسم دوورکەوتنەوە یا بە وتەیەکی تر قاسم ئەوانی لە خۆ

---

١- هەمان، ل ٢٥٢

٢- هەمان، ٢٥٣

دوورخستەوە و ناچار بوو بۆ پاراستن و مانەوەی دەسەڵاتەکەی پشت بە کۆمۆنیست و هەڤاڵبەندەکانی خۆی لە کوردستان ببەستێت.

قاسم ئێستا کە ناوی (ڕێبەرێکی بێگانە)ی پێوە لکابوو. حزبێکی سیاسیی نەبوو و ناچار بوو مەبەستەکانی خۆی بخاتە چوارچێوەی هەوڵ و تێکۆشانێکەوە کە ململانێی نێوان هەردوو لایەنی گەورەی ناسیۆنالیستە عەرەب و کۆمۆنیستەکان لەسەر تەختی دەسەڵاتدا ڕاگیری بکات. قاسم بەپارە و دەسەڵاتدان بە سوپا هەوڵی دەدا بەخۆی وەفاداریان بکات[1].

بەڵام ئەو پرسیارەی بۆ نەتەوەخوازانی کورد و حزبی شیوعیی عیراق پێوەندیی نزیکیان پێکەوە هەبوو، وەڵامەکەی لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەهەلومەرجی عیراقی سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی و پشتیوانی کردنی ڕۆژاوا و بەریتانیا لە حکوومەتی پاشایەتی، کە بەبێ ڕەحمی تەواو بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەکانی سەرکوت دەکرد، خۆی دەردەخات، چونکە ئامانج و وادە و بەڵێنی کۆمۆنیستەکان، زۆربەی لاوە کوردە خوێندەوارەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو بەو شێوەیە ئەوان کۆتایی هاتنی دواکەوتوویییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەلەکەیان بەدەستەبەربوون و جێبەجێ کرانی ئەو ئامانج و بەڵێنانە دادەنا، وێڕای ئەمەش ڕێبەری بەتوانا و دەستڕۆیشتووی کورد (بارزانی) چەند ساڵێک بوو خۆخوازانە لە نیشتمانەکەیان دوورکەوتبووەوە و لە وڵاتی سۆڤیەت دەژیا و لە بەستێنی جیهانیدا سەرەڕای هەموو کێشە و گۆڕانکارییەک کە لەو ماوەیەدا و بەهۆی بەرژەوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە تووشی هاتبوو، تەنیا یەکێتیی سۆڤیەت ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردی بەهەند دەگرت و هاوسۆزی و هاودڵیی لەگەڵ کردبوون، بەم پێیە سەرەڕای ئەوەی کە یەکێتیی سۆڤیەت ئەو هاودڵی و هاوسۆزییەی لەپێناو دەستەبەرکردنی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بزووتنەوەی جیهانیی کۆمونیستدا دەردەبڕی، هاوکات لەگەڵ شۆڕشەکەی عیراقدا بەشێکی زۆر لە خوێنەوارانی کورد یان کۆمۆنیست بوون یان هەستیان بەنزیکایەتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان دەکرد. لەو نێوانەدا بوو کە ژەنەراڵ بارزانی پاش ساڵانێکی زۆری دووری و غەریبی گەڕایەوە بۆ نیشتمان.

---

١- هەمان، ل ٢٥٣ درک کنیان، پێشوو، ل ١٣٧



### ب- چۆنێتیی گەڕانەوەی بارزانی بۆ عیراق و پێوەندییەکانی لەگەڵ قاسمدا

ئەو ڕۆژەی بارزانی و هاوڕێکانی بۆ دەربازبوون لە پاڵەپەستۆی هەرە قورسی ئێران و کەشوهەوای نالەباری سیاسیی عیراق، بەناچاری تاراوگەیان هەڵبژارد، کەس بیری نەدەکردەوە دە ساڵ دواتر ئاراستەی گۆڕانکارییەکان وەها بگۆڕێت کە بارزانی و هاوڕێکانی وەکو قارەمانی نەتەوەیی لەلایەن بەرپرسانی پایەبەرزی حکوومەتی عیراقەوە پێشوازی بکرێن؛ تەنانەت زۆربەی هاوڕێکانی بارزانی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەکانی ناوچەی قەوقاز پتەو کردبووەوە و زیاتر لەوەی بیر لە گەڕانەوە بکەن، بیریان لە داهاتوویەکی باشتر لە ژینگە و تاراوگەدا دەکردەوە. ڕەوتی ڕووداوەکان لە عیراق گۆڕانکاریی نوێی هێنایە ئاراوە؛ سەرکەوتنی کودەتای ١٤ی ژووییەی ١٩٥٨ باشترین ڕووداوی ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە کەشوهەوای سیاسیی عیراق و کوردستانی بۆ گەڕانەوەی بارزانی و هاوڕێکانی تەیار کرد. لەم بارەیەوە نووسراوە: «بەسەرکەوتنی شۆڕش، بۆ پیرۆزبایی، مەلا مستەفا لە ڕۆژانی یەکەمدا تەلەگرافێکی بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشەکە نارد، لایەنگری و پشتیوانیی لێ دەربڕی، داوای کردبوو ڕێگای بدەن بگەڕێتەوە بۆ عیراق بۆ خزمەتی کۆمار. ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو کاتە برووسکەکەیان بڵاوکردەوە. نوێنەرەکانی پارتی؛ ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدوڵڵا لە سەردانی کاربەدەستانی عیراقدا داوای بەردانی بارزانییە گیراوەکان و گەڕانەوەی ئەوانەی دەرەوەیان کرد بوو. شۆڕشی ١٤ی تەمموز لێبووردنی گشتیی بۆ هەموو بارزانییەکان دەرکرد چ ئەوانەی لە زیندان بوون و چ ئەوانەی لە دەرەوە پەنابەر بوون شێخ ئەحمەد ئازاد کرا، لە ناو خەڵکدا وەکو قارەمانی نیشتمانی سەیری دەکرا، ڕۆژنامە کوردییەکان لە سەریان نووسی و وێنەیان بڵاو دەکردەوە، گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرد، شێخ ئەحمەد هیچ ئارەزووی سیاسیی نیشان نەدەدا[1]».

بارزانی لە مۆسکۆوە دەچێتە پراگ و ماوەی مانگێک لەوێ دەمێنێتەوە. بە وتەی هەندێ سەرچاوە، ڕووسەکان نەیاندەویست کە جەماوەر ئاگاداری دانیشتنی بارزانی لە وڵاتەکەیاندا بن، بۆیە ناردیانە پایەتەختی چیکۆسلۆڤاکیا، تا لەوێ سەبارەت بەگەڕانەوەی خۆی لەگەڵ بەرپرسانی (عیراقی) گفتوگۆ بکات. بارزانی تەلەگرافێکی بۆ قاسم نارد جارێکی تر داواکارەکەی خۆی بۆ گەڕانەوە دووپات کردەوە. عەبدولسەلام

---

١- لە نەوشێروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٥٥

عارف بەگەڕانەوەی بارزانی قایل نەبوو، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە سەرەتای سێپتامبەری ١٩٥٨ شاندێکی بەمەبەستی دیدار لەگەڵ بارزانیدا نارده پراگ. وەفدەکە بریتی بوون لە، ئیبراهیم ئەحمەد، نووری ئەحمەد تاها و سدیق بارزانی و عوبێدوڵلا بارزانی (کوڕی مەلا مستەفا)[١].

عەبدولکەریم قاسمی ڕێبەری تازەی عیراق، وەک پێشتر وترا، لە ڕۆژانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشدا، هەموو مافەکانی گەلی کوردی بەڕەسمییەت ناسی و وەکو شەریکی خۆی لە بەڕێوەبەرایەتیی عیراقدا قەبووڵی کردن و داواکاریی بارزانیشی قەبووڵ کرد و بەم پێیە بارزانی لە میسر لەگەڵ ناسر دیدارێکی کورتی کرد و ڕۆژی حەوتەمی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ بەفڕۆکە گەڕایەوە بەغدا.

ئەو کوردانەی چووبوونە فرگەی بەغدا بۆ پێشوازی کردن لە بارزانی، ئێستاش باس لە گەرمیی ئەو ئاهەنگە دەکەن. بارزانی چەند ڕۆژی یەکەم دوای گەڕانەوەی لە هوتێل سەمیرئەمیس بوو و پاشان چووە ئەو کۆشکەی قاسم بۆ حەوانەوە بۆی دیاری کرد بوو مانگی ئەوریلی ١٩٥٩ پاپۆڕێکی سۆڤیەتی بەناوی (گرۆزیا) هاوڕێکانی بارزانیی هێنایەوە بۆ نیشتمان کە بریتی بوون لە ٤٦٠ پیاو و ١٨٠ ئافرەت و ٢٢٥ منداڵ کە زۆربەیان تا ئەو کاتە هاووڵاتی پەنابەری سۆڤیەت و بەتایبەت قرغیزستان بوون[٢]).

ئەگەرچی بێ گومان کاتێک ڕووس لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ و پاش ڕووخانی داوودەزگای پاشایەتیی سەر بە بەریتانیا، مەلا مستەفایان بۆ گەڕانەوە هان دەدا، وایان دەزانی ئاژاوەچییەک دەنێرنەوە بۆ ئەو وڵاتە و، بەم پێیە هەوڵیان دەدا لە دەسەڵات دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی عیراق لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی خۆیاندا کەڵک وەربگرن.

ڕاستییەکە ئەوە بوو دوازدە ساڵ ژیانی دەرەوەی کوردستان و میوانیی زلهێزێکی جیهانی، ئەو هەوراز و نشێوانەی کە بەرەو ڕوویان بووبووەوە و پێشکەوتوویی وڵاتی میواندار لە ڕووی تەکنۆلۆژی و گەشەسەندنەوە، هەرگیز کارێکی نەکردبووە سەر هەستی نەتەوەیی و کوردایەتیی بارزانی و هاوڕێکانی، کریس کۆچێرا لەو بارەیەوە نووسیویەتی «بەڵام ژەنەراڵ بارزانی وێڕای مانەوەی درێژخایەنەی لە یەکێتیی سۆڤیەت، بەردەوام کەسێتییەکی ڕۆژهەڵاتی و ڕەمزاوی مایەوە و ڕێگەی لە هەر جۆرە شیکاری و ئانالیزێک

---

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٥٣

٢- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستان، ل ٣٤٨



گرتبوو.[١]» (ژەنەراڵ بارزانی ماوەیەک پاش مانەوەی لە بەغدا چووە بارزان بۆ بینینی شێخ ئەحمەدی برا گەورەی، ئەمەش یەکەم دیدار بوو پاش یازدە ساڵ دوای شکستی کۆماری مەهاباد. شێخ ئەحمەد لە ساڵی ١٩٤٧وە لە بەندیخانەدا بووە و لە ڕووی جسمییەوە لاوازی و پیری ڕووی تێ کرد بوو، دەگوترێ کە شێخ ئەحمەد دەورێکی بەرچاوی هەبووە لە هاندانی قاسم بۆ ئەوەی داوا لە بارزانی بکات بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان[٢]».

مەلا مستەفا هەنووکە لەوپەڕی خۆشەویستی و ناوازەییدا، پاش یازدە ساڵ دووری وەکو قارەمانێکی ئەفسانەیی کە بەرامبەر ئینگلیز و دوو ڕژێمی عیراق و حکوومەتی ئێران خەباتی کردبوو، گەڕایەوە نیشتمان.

بارزانی لە وڵاتی سۆڤیەت لە ئەندێشە و فیکری مارکسیستی ئاگادار بووبووەوە و بەوردی لەسەر ئەو بابەتە خوێندبوویەوە. کاتی گەڕانەوەی کەسێکی پێشکەوتنخواز بوو و لە ئاخافتندا و هەروەها لە وتووێژە سیاسییەکانی لە وشە و زاراوەگەلێک کەڵکی وەردەگرت کە سەر بەکولتووری مارکسیستی بوون و نیشاندەری ئاگاداری ئەو لە باسی مارکسیستی بوون. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو لەو کاتە پێوەندیی نزیک و دۆستانەی لەگەڵ سۆڤیەت هەبوو، گومان لەوەدا نییە کە ئەو پێوەندییە دۆستانەیە کاریگەر بووە لەوەی هەڵوێستگرتنەکانی لە بیروڕای قاسم نزیک بووە و لەگەڵ سیاسەتە پان عەرەبیزمییەکەی عەبدولسەلام عارفدا دژایەتییان هەبووە. بەتێپەڕینی یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕش و هێوربوونەوەی کەش، قاسم زانیی کە دەسەڵات و پێگەیەکی پتەو و بەردەوامی نییە، بۆیە بۆ پتەوکردنەوەی بنەمای دەسەڵات حزبە سیاسییەکانی عیراق ڕووبەڕوو بکاتەوە و ناکۆکی بخاتە نێوانیان. بارزانی کاریگەرترین هەڤاڵبەند و بڕیاردەری حکوومەتی قاسم بوو. ساڵی ١٩٥٩ هێزەکانی بارزانی بەرامبەر خاوەن زەوییە عەشیرەیییەکان کە دژی چاکسازیکاریی زەویی داڕێژراوی قاسم بوون، وەستان و زۆربەی ئەو خاوەن زەوییانە ئەو سەرۆک عەشیرەتانە بوون کە لە سەردەمی سیستەمی پاشایەتیدا لەگەڵ بارزانیدا شەڕیان کردبوو. بارزانییەکان هەروەها (شۆڕشی ژەنەراڵ عەبدولوەهاب) کە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتی لەو ساڵەدا لە مووسڵ هەڵیانگیرساند بوو

---

١- کۆچرا پێشوو، ل ٢٥٤.

٢- نەوشێروان مستەفا ئەمین پێشوو، ل٥٥.

سەرکوت کرد و بەفەرمانی قاسم هێرشیان کردە سەر کۆمۆنیست و بەعسییەکان، کە بەعسییەکان هەرگیز ئەو هێرشەیان لە بیر نەکرد[١].

هەلومەرجە سیاسییەکەی پاش سەرکەوتنی کۆمار، دەرفەتێکی بۆ پارتی دیموکرات بۆ داواکاریی ویستەکانی خۆی لە شێوەی بەرنامەیەکی جیدیتردا ڕەخساند. ١٠ی نۆڤەمبەری ١٩٥٨ بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر حکوومەت کە یاسای بنەڕەتیی هەمیشەیی دابڕێژێت و تێیدا هاوبەشیی عەرەب و کورد بەو جۆرەی لە مادەی ٣ی یاسای بنەڕەتیی کاتیدا ئاماژەی پێ کراوە، گەرەنتی بکات و، لەگەڵ حزبی شیوعیی عیراقدا پەیمانی بەست[٢].

هاتنەوەی بارزانی پاش دە ساڵ دوورخراوەیی بۆ عیراق و کوردستان وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی، کاری کردە سەر چاپەمەنی و ئەدەبیاتی کورد و ڕەنگی دایەوە، وەک نەوشێروان مستەفا نووسیویەتی: «ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە: ژین، هەتاو، پێشکەوتن و... زۆریان لەسەر نووسی ئەگەرچی زۆری هەڵدانە بە شان و باڵی بارزانیدا بەڵام بۆ یەکێ بیەوێ لەسەر ئەو ماوەیە بکۆڵێتەوە، ڕستەی بەنرخیان تێدایە. شاعیرە ناودارەکان: کامەران، دیلان، کاکەی فەلاح، هەژار، قەدری جان، شاعیرە لاوەکان: شێرکۆ بێکەس، جەمال شارباژێڕی ... شیعری درێژیان لە ستایشی بارزانی و بەبۆنەی گەڕانەوەیەوە دانا تەنانەت بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا هەندێ لەم شیعرانەی بەدەنگی شاعیرەکان بڵاو دەکردەوە...[٣]».

پاش شۆڕشی ١٤ی ژووییە، حزبی شیوعیی عیراق بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پەرەی سەندو بەهێز بوو؛ ژمارەیەکی زۆری کەسێتییە چەپخواز و چالاکە سیاسییەکانی عیراق لەو بڕوایە بوون کە تەمەنی چالاکی کردنی حزبەکانی تر بەدوایی هاتووە و تەنانەت ئەگەر ئەوان درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن چۆن حزبی شیوعی گەشەکردووترە، چالاکییەکانی ئەوان دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر بەرەو حزبی شیوعی جەماوەر بکشێن. هەمزە عەبدوڵڵای سەرۆکی پارتی دیموکرات و هەندێ لە هاوبیرەکانی لەسەر ئەو ڕایە بوون و بەئاشکرا لایەنگریی حزبی شیوعییان دەکرد. بەو هۆیەوە ڕکەبەرییەتیی نهێنی لە نێوان ئەو باڵە و

---

١- جاناتان ڕندل، پیشین، س ١٨٦

٢- عیسمەت شەریف وانلی، کردستان، س ١٦٧

٣- نەوشێروان مستەفا ئەمین پێشوو، ل ٥٦



باڵەکەی تری پارتی دیموکرات واتە نەتەوەخوازەکاندا لە ئارادا بوو، هەڵبەت ڕادەی دژایەتی و جیاوازییەکان ئەوەندە نەبوو کە ببێتە هۆی جیابوونەوە و کەرتبوونی حزبەکە و لەوەش گرینگتر دوایین بڕیار سەبارەت بەو کێشە لەلایەن ڕێبەری ڕاستەقینەی بزووتنەوە، واتە مەلا مستەفا بارزانییەوە دەردەچوو. ژەنەراڵ بارزانی بەپێچەوانەوە بێ گومان یەکێک لە کەسایەتییە پێشکەوتنخواز و پێشڕەوەکانی بەغدا بوو. بەشداربوونی چالاکانەی خەباتکارانی کورد بەڕێبەرایەتیی ئەو سەرکردەیە بۆ پارێزگاری لە داوودەزگاکەی قاسم لە هەمبەر ئاژاوەچییە ناسیونالیستە پەڕگیرەکان لە مووسڵدا، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ڕادەی پێشکەوتنخوازیی بارزانی لەو سەردەمەدا. بەڕای بارزانی ئەو مەسەلەیەی لە نوێخوازی گرینگتر بوو سەقامگیرکردنی دەسەڵات لە باکور (کوردستان)دا و دەستەبژێرکردنی ئەو لایەنگرە سیاسییانەی کە لە ناو گلۆڵەی ئاڵۆزی ناسیۆنالیستە شارییەکان و لە سەردەمی دوورەوەخرانی خۆیدا ژمارەیان زیادی کردبوو.

لە ماوەی دوورخرانەوەی بارزانی لە نیشتمان، ژمارەیەکی زۆر لە کوردە شارنشینەکان پاڵیان بەحزبی شیوعییەوە دابوو. لەم قۆناخەدا مەلا مستەفا دەورێکی کاریگەری هەبوو لە نزیککردنەوەی بۆچوونەکانی قاسم و سیاسەتە گشتییەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا. هاوبیروڕایی ژمارەیەک لە کۆمۆنیستەکانیش لەگەڵ مەلا مستەفادا بووبووە هۆی نزیکبوونەوەی زیاتری هەردوو حزبەکە. لە بواری کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتیشدا، مەلا مستەفا و هێزە چەکدارەکانی ئەو باشترین پاڵپشتی قاسم بەرامبەر دوژمنان و نەیارانی کۆمارە ساواکە بوون.

دوژمنانی کۆماری نوێ بریتی بوون لە شێخەکانی عەرەب، ئاغەوات (خان و بەگ)ە کوردەکان و لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتی، زەویدارەکان و ناسریستەکانیش کە پێیوە بوون وڵاتی عیراق ببەنە نێو کۆماری یەکگرتووی عەرەبییەوە. کارتی ناسنامە بەئەندامانی پارتی دیموکرات درا. کارتی ڕەنگ پەمەیی بۆ لایەنگران و کارتی سەوز بۆ ئەندامان. بەو کارتەوە ئەندامان دەیانتوانی چەک لەگەڵ خۆیان هەڵگرن- کە لەلایەن سوپاوە پێیان دەدرا. هەروەها گاردی بەرگریی نەتەوەیی کە تێیدا کۆمۆنیستەکان دەوری سەرەکییان هەبوو لە سەرانسەری عیراق دامەزرا و ژمارەیەکی زۆر لە کوردە بارزانییەکانی سەر بە مەلا مستەفاش چوونە ناو ئەو گاردەوە و سەرپەرشتاریی ئەوانەش خرایە ئەستۆی (کۆلۆنێل) بامەرنی، کە ئەویش کورد بوو.

مانەوەی بارزانی بۆ ماوەی یازدە ساڵ لە سۆڤیەت، بێ گومان گۆڕانکاریی زۆری لە دید و بۆچوونەکانیدا بەدی هێنابوو؛ چونکە لەو ماوەیەدا وێڕای ئاشنایی بە ئەندێشەی مارکسیستی لە ڕووی فیکرییەوە بەتەواوی بیری سەربەخۆییخوازی بۆ هەموو کورد لە زەینی پێک هاتبوو هەر بەو هۆیەوە «لە کۆتایی نۆڤەمبەری ١٩٥٨دا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەمزە عەبدوڵڵا و ئیبراهیم ئەحمەد و نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش تێیدا بەشدارییان کردبوو، پێشنیازی کرد حزبێکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان دابمەزرێت وتبووشی: «لە ڕوانگەی منەوە هیچ سنوورێک بوونی نییە»، بۆ ئەوەی ئەوەش بسەلمێنێت بەیەکێک لە ئێرانییەکانی ناو کۆبوونەوەکە پێشنیازی کرد کە ببێتە سەرۆک (دبیرکل)ی حزبە نوێیەکە».

ئەو بڕیارانە بووە هۆی ناکۆکی لە نێوان بارزانی و کۆمۆنیستەکان. کۆمۆنیستەکان مەبەستیان بەکۆمۆنیستکردنی عیراق بوو و گەشەکردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕێککەوتن و هەماهەنگبوونی بەرنامەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ئەگەرچی ئاراستەکەی سۆسیالیزم بێ، بەڵام لەگەڵ بەرنامەکانی ئەواندا نەدەگونجا، وێڕای ئەوەش قاسمیش خۆی بیری لە عیراقێکی سەربەخۆ و یەکپارچە دەکردەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی عەبدولناسردا نەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا نەبوو کە سەرەتی (امتیاز) گەلێکی بەربڵاوی سیاسی بداتە کورد کە ببێتە هۆی جیابوونەوەی بەشێک لە وڵاتی عیراق. حەسەن ئەرفەع سەبارەت بەو کۆنگرەیە دەنووسێ: «بەهەرحاڵ کۆنگرە لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە نوێنەری کوردەکانی ئێران و تورکیا بەشدارییان تێدا نەکرد، هۆی بەشداری نەکردنی نوێنەرانی ئەو دوو بەشە ئەوە بوو نەبنە هۆی بەدیهاتنی گومانی خراپ لەلایەن دەوڵەتانی وڵاتەکانیانەوە بەرامبەر بەخۆیان، کۆنگرەکەش بەو هۆیەوە کە ئاراستەیەکی سۆسیالیستیی هەبوو و لە بەرنامەکانیدا پرۆژەگەلێکی وەکو چاکسازیکاریی زەوی و دابەشکردنی زەویی کشتوکاڵیی گونجێندرا بوو، ڕووبەڕووی نارەزایەتی و دژایەتی کردنی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بووەوە کە زۆریان خاوەن زەوی و خاوەنی لادێیەک یان چەند لادێیەک بوون[1]». لەو هەلومەرجەدا بارزانی لەگەڵ دژایەتیی کۆمۆنیستەکانی عیراق و سۆڤیەت و هەروەها پێشوازی و پشتیوانی نەکردنی کوردی بەشەکانی تری کوردستان و نامیهرەبانیی وڵاتی عیراق و نارەزایەتیی توندوتیژی خاوەن زەوییە

١- هەمان، ل ١٥٦



گەورەکانی کورددا ڕووبەڕوو بووەوە؛ بەناچار وازی لەو سیاسەت و بەرنامانە هێنا کە بەمەرجی جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامانە دەکرا تا ڕێبەرایەتیی گشتیی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد بگرێتە ئەستۆ.

فێڤریەی ١٩٥٩ عەبدولکەریم قاسم دەرفەتێکی بۆ دروستکردنەوەی کابینەکەی بۆ ڕەخسا و نوێنەرە ڕاستگەراکان واتە لایەنگرانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە کابینەکە دەرکرد. پاشان خەڵکی ئاگادار دەبنەوە کە لە ٥ی نۆڤەمبەری ١٩٥٨ و دوا بەدوای ئاشکرابوونی پلانێکی دژی حکومەت، عەبدولسەلام عارف لە دادگایەکی نهێنیدا دادگایی دەکرێت و بڕیاری مەرگی لەسەر دەردەچێت. لە بەرامبەر ئەو بڕیارەدا لایەنگرانی ناسر بەخێرایی هەڵوێست دەگرن و سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٧ی مارچ لە شاری مووسڵ کە دووەمین شاری وڵات و هاوسنووری سووریایە ڕێپێوان دەکرێت[1]».

«سەرلەبەیانیی ٨ی مارچی ١٩٥٩ عەقید عەبدولوەهاب شەواف فەرماندەی لەشکری پێنجەمی عیراق لە مووسڵ، لە ئاخافتنێکی توندوتیژ لە ڕادیۆی ئەو شارەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەشانازییەوە وڵاتی عیراق لەدەستی دارودەستەی قاسم ڕزگار دەکات. شەواف هەموو ئەو کەسایەتییە چەپخوازانەی بۆ بەشداری بوون لە کۆنگرەی لایەنگرانی ئاشتی (٧ی مارچی ١٩٥٩) هاتبوونە مووسڵ، گرت و ئاڵای کۆماری یەکگرتووی عەرەبیی بەسەر بینای پارێزگاوە هەڵواسی. ئەمەش لە کاتێکدایە کە عەشیرەتە بەدەوییەکانی دەوروبەری ئەو شارە بەدەنگییەوە دێن[2]».

شەواف دەیویست هێرش بکاتە سەر بەغدا ئەو ڕووداوە قاسمی ڕووبەڕووی مەترسی کردەوە؛ چونکە بەمەرجێک بۆ بەرگریکردن بەرامبەر هێرشی شەواف لە سوپای بەغدا کەڵکی وەربگرتایە، لایەنگرانی ناسر لەولاوە هێرشیان دەهێنایە سەری و حکومەتەکەیان دەڕووخاند. ئەگەری ئەوەش هەبوو ژمارەیەک لە ئەندامانی سوپای بەغدا، کاتێ لەگەڵ دۆستان و ئاشنایانی خۆیان لە ناو سوپاکەی شەواف ڕووبەڕوو دەبوونەوە، دەست لە شەڕ هەڵبگرن و بچنە ناو ڕیزی هێزەکانی شەوافەوە[3]». هەنووکە قاسم ناچار بوو پەنا بباتە بەر بارزانی کە ڕێبەرایەتیی ڕێکوپێکترین هێزی چەکداری عیراقی بەدەستەوە بوو.

١- کۆچرا پێشوو، ل ٢٥٦
٢- هەمان، ل ٢٥٦
٣- حەسەن ئەرفەع، ل ١٢٥

بارزانی بەبێ هیچ دوودڵییەک پشتی قاسمی گرت و سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٩ی مارس هێزە شەڕکەرەکانی سەر بە (هێزی بەرگریی جەماوەری) واتە ئەو ڕێکخراوەی ڕۆژی پاش ئاشکرابوونی پیلانەکە واتە ٤ی نوڤەمبەری ١٩٥٨ پێک هێنرابوو، چوونە دەورووبەری مووسڵ و بەخێرایی و زۆر ئازایانە و خاوەن زەوی و فیۆداڵانی پشتیوانی شەوافیان دەمکوت کرد.

«سەرهەڵدانەکەی شەواف پاش بریندار بوونی ڕێبەرەکەی و پاشتر مردنی لە نەخۆشخانە هەڵوەشایەوە. مووسڵ بۆ ماوەی ٤٨ سەعات لە دەستی چەکدارە کوردەکاندا بوو و گەڕەک بەگەڕەک بەدووی گومان لێکراوەکاندا دەگەڕان، سەرهەڵداوەکان کە پاش پێکدادانە یەک لە دوای یەکەکان ئێستا ژمارەیان تا ٤٠٠ کەس دابەزیبوو لە ئەنجامدا لە مزگەوتێک گیریان خوارد و هەموویان کوژران[١]».

بەشداربوونی بەربڵاوی کورد لە سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکەی مووسڵ و هاوکاری کردن و پشتیوانی کردنیان لەگەڵ قاسم بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە ڕابردوو ڕواڵەت و بیچمێکی ئەوتۆ بداتە بلۆکی قاسم واتە حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق کە تا ئەو کاتە دەسەڵاتی بەسەر هەموو کاروباری بەڕێوەبەرایەتیی عیراقدا گرتبوو. بەکورتی ئەو قۆناخە، قۆناخی شادی و خۆشیی نێوان پارتی دیموکرات و قاسم بوو و ڕێگە درایە ئەو حزبە کە لە ٤ی ئاوریلی ١٩٥٩دا ڕۆژنامەی (خەبات) چاپ و بڵاو بکاتەوە. (پازدە ڕۆژ پاش سەرکوتکرانی سەرهەڵدانەکەی مووسڵ، کورد لە شاری سلێمانی لە ئاهەنگێکی شاد و شکۆداردا، ئاهەنگی (نەورۆز)یان بەڕێوە برد و شارەکەیان بەوێنەی ژەنەراڵ قاسم، بارزانی و قارەمانانی نەتەوەیی کورد واتە شێخ سەعید و شێخ مەحموود، ڕازاندەوە. لەو ئاهەنگەدا ڕێبەرانی پارتی لە ئاخافتنەکانیاندا پەسنی ژەنەراڵ قاسم و کۆماری عیراق و یەکێتیی کورد و عەرەبیان کرد و درووديان نارد بۆ گەلی (بەردەوام ستەم لێکراوی کورد).

ئەو ئاهەنگە پڕ شکۆیە بەشانۆیەکی شەقامی دەربارەی ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەر کۆتایی پێ هات: لە شانۆکەدا کاوە هێمای گەلی کورد و زوحاک هێمای ئیمپریالیزمی ئینگلیز و ئەمریکا و (دەمارگرژیی) ناسریزم بوو[٢].

هەنووکە واتە لە کۆتایی وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٥٩ پارتی دیموکراتی کوردستانی

---

١- بڕوانە خاوردور، ١٩٥٩ ژمارە ٩ ماجرای موسل

٢- بڕوانە کۆچرا پێشوو، ل ٢٥٨



عیراق بە بەڕێوەبەرایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا و ڕێبەرایەتیی بارزانی لە هەر کاتێکی تر زیاتر پێشڤەچوونی بۆ وەرگرتنی تیۆرییە نێونەتەوەیییەکانی حزبی شیوعیی عیراق چووبووە پێشەوە. ئەو بەیانەی لەلایەن حزبەوە بڵاوکرایەوە باسەکە ڕوون دەکاتەوە: «حزبەکەی ئێمە هەردەم حزبی خەباتی هاوبەشە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و فیۆدالیزم و هەر لەسەر ئەو بڕوایەش دەمێنێتەوە. حزبەکەمان بۆ هەمیشە لە بەرژەوەندییەکانی گەلی عیراق بەهەموو کەمە نەتەوەیییەکان و هەروەها بەرژەوەندیی چینە دژ ئیمپریالیزم و دژە فیۆدالەکان بەرگری و پارێزگاریی کردووە و لە داهاتووشدا دەیکات. حزبەکەمان لە چوارچێوەی کوردستانی عیراقدا و بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیییەکان و پتەوکردنەوەی یەکێتیی نێوان هەردوو لایەنی چالاک کە دەستیان ناوەتە دەستی یەک و بەرەو دابینکردنی دیمۆکراسی و بەردەوامبوونی کۆمار و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەنگاو هەڵدەگرن، خەبات دەکات و، (لامان وایە) پێوەندیی نێوان عەرەب و کوردی عیراق لەسەر یەکێتیی مەبەست و ئامانج و چارەنووسی ئەو دوو گەلە و، برایەتیی نێوانیان و هەروەها یەکگرتووییەکی ئازادانە بۆ سەقامگیربوونی سەربەخۆیی و دیموکراسی دادەمەزرێت و گەشە دەکات. ئەوانەی ئەندێشەی ناسیۆنالیستی تەریک و کۆنیان هەیە، دوژمنی حزبەکەمانن، کۆنەپەرەستان واتە ئەوانەی لەگەڵ دیموکراسیدا دژایەتی دەکەن، خراپترین دوژمنانی گەلی کورد و حزبەکەمانن».

پێوەندیی نزیکی نێوان بارزانی و کۆمۆنیستەکان و هەڵسوکەوتی توندوتیژی قاسم دژی سەرۆکانی بەئەژماری عەشیرەتەکان بووە هۆی ئەوەی کۆتایی بەهاری ١٩٥٩ دوازدە هەزار کەس بچنە وڵاتی ئێران و تورکیا و لەو دوو وڵاتەدا ببنە پەنابەر، ئەو پەنابەرانە بریتی بوون لە:

١- داود جاف برازای عوسمان پاشا، مێردی عادیلە خانم، فەرماندار (قایم مقام)ی ناوداری هەڵەبجە و چەند هەزار کەسی تر کە تا ئێستاش لە کرماشان دەژین.

٢- عەلی بەگ و عەشیرەتی شەرەف بەیانی کە لە قەسری شیرین دامەزران.

٣- عەشیرەتی تاڵەبانی لە کەرکووک کە بەسەرۆکایەتیی شێخ نەجمەدین چوونە کرماشان.

٤- بنەماڵەی شێخ مەحموود بە سەرۆکایەتیی شێخ حوسێن چوونە مەریوان.

٥- براکانی محەمەد ڕەشیدخان (قادرخانەکان) عیزەت و عەلی لە ناوچەی شلێرەوە

چوونە بانە، بەڵام محەممەد ڕەشید لە عیراق مایەوە.
٦- عەشیرەتی سوایەدا بەسەرۆکایەتیی عەبدولڕەحمان ئاغا چوونە بانە.
٧- عەشیرەتی پشدەری بەسەرۆکایەتیی بەکر ئاغا و حاجی عەباس چوونە سەردەشت.
٨- تایەفەی شێخ (ئەخلال) بەسەرۆکایەتیی شێخ عەلائەدین چوونە پیرانشار.
٩- عەشیرەتی مەنگوڕ بەسەرپەرشتیی عەلی حەسەن ئاغا.
١٠- شێخ عوسمانی نەقشبەندی لە بیارە کە شەرعییەتی جەماوەریی زۆرە، زیاتر لە دووسەد هەزار کەس لایەنگری هەبوو، چووە هەورامان.
١١- شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی و تایەفەکەی تێکڕا چوونە ئێران، بەڵام شێخ محەممەدی کوڕی چووە ڕیزی هێزەکانی مەلا مستەفاوە.
١٢- شێخ محەممەد بەهائەددینی نەقشبەندی لە هەڵەبجەوە چووە سنە.
١٣- عەشیرەتی دیازی چوونە شاری مەهاباد.
١٤- عەشیرەتی هەرکی بەسەرۆکایەتیی فەتاح بەگ.
١٥- عەشیرەتی برادۆست بەسەرۆکایەتیی مەحموود خەلیفە.
١٦- عەشیرەتی شێخ محەممەد ئەمین خان و بنەماڵەکەی.
١٧- عەشیرەتی زێباری بەسەرۆکایەتیی شێخ محەممەد، لەگەڵ چوار هەزار کەسدا چوونە تورکیا، ڕێکانی و بەرواریەکان چوونە ناوچەی شەمزینان و دەوڵەتی تورکیا ناردنیە ناوچەکانی ناوەوەی ئەو وڵاتە[١]».

کۆچکردنی بەکۆمەڵی کورد ئەوەی بۆ قاسم و بارزانیی ڕوون کردەوە کە ئەو گەلە و بەتایبەت لادێییەکان ئامادەی قەبوڵکردنی سوسیالیزم نین و «جەماوەری لادێیی هێشتا جەماوەرێکی خۆپارێزن و بەهۆی هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، شێوەی جیهانبینی و سۆزی نائەقڵانی خۆیانەوە بەڕادەیەکی زۆر پابەندی یاسا و ڕێسای سیستەمی فیۆدالین. (پرولیتاریا) لەناو جەماوەری کورددا بوونی نییە و کرێکاری کورد، ئەو کرێکارانە نین خاوەنی هۆشیاریی سیاسی بن[٢]».

کۆچی بەکۆمەڵی دەستە و عەشیرەتە جیاجیاکان بووە هۆی ئەوەی قاسم و بەرپرسە پایەبەرزەکانی حکوومەت شێوە سیاسەتێکی نەرم و هێورتر بەڕێوەبەرن، گاردی نەتەوەیی

١- حەسەن ئەرفەع، پێشوو، ل ١٢٦
٢- درک کنیان، کردها و کوردستان، ل ١٢٦



هەڵوەشایەوە و گەڵاڵەی چاکسازیی زەوی بەڕێوە نەبرا[١]».

خاڵێکی گرینگی تر کە سەبارەت بەکۆچی بەکۆمەڵی دەوڵەمەند و خاوەن زەوی و خان و ئاغەواتی ناوچەی ڕەواندز دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کۆچکردووانە جگە لە شێخ محەممەد سدیق، کوڕی سەید تاها کە دۆستی بارزانی بوو و ئێستا چوو بووە ڕیزی نەیارانەوە، بەزۆری دوژمنی لەمێژینەی بوون.

هەڵبەت هەڵوێستی سوننەتی و عەشیرەیی جەماوەر بەهۆی چاکسازیکاریی زەوییەوە لە ڕێکەوتی ٣٠ی سێپتامبەری ١٩٥٨ و ترس لە دەسەڵاتی چەکدارە کۆمۆنیستەکان (هێزەکانی بەرگریی نەتەوەیی) کە لە شۆڕشەکەی مووسڵدا نیشانیان دابوو هەرگیز لەگەڵ فیۆداڵ و ئاغەواتدا ڕێک ناکەون، گرینگترین هۆی دژایەتییەکانە، بەڵام پچڕانی پێوەندیی نێوان بارزانی و کۆمۆنیستەکان شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، بەرە بەرە دوولایەن دوور دەکەوتنەوە و هەلپەرستیی کۆمۆنیستەکان بەهۆی پشتیوانیی قاسمەوە و ترس و تۆقین و نارازیبوونی و زۆربەی کوردە چەپخوازەکان بەرامبەر بەوان، دەشێ هۆکانی ئەم دووركەوتنەوە بن.[٢]». لەو دەمەدا لایەنێکی تر لە نێو پارتی دیموکراتدا پەرەی سەند واتە لایەنی نەتەوەییخوازە مەسلەحەتخوازەکان کە خاوەن بەرنامە و گەڵاڵەیەکی ڕوون و مەبەست و ئامانجی سیاسیی نێوانڕەوانە بوون. پشتگیریی چەکدارانەی ئەو دەستە و گرووپە بەڕادەیەک بوو کە ئەو خوێندەوارانەی لێیان جیابووبوونەوە توانای ئەوەیان نەبوو ئەو هێزە پشتگیریکەرە بەدی بهێنن[٣].» گەورەترین و گرینگترین ئەندامی ئەو گرووپە مەلا مستەفا بارزانی بوو و کەسانی تر وەک ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی کە دووهەمیان زۆرجار وەکو سەرپەرشتیاری وەفدی سیاسی دەچووە بەغدا و قاهیرە و ئەورووپا. ناکۆکیی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاکامدا بەسوودی کۆمۆنیستەکان کەوتەوە.

لە درێژەی ئەو ناکۆکییانەدا بارزانی ڕکی لە هەمزە عەبدوڵڵا کە ئێستا سەرۆکی حزب بوو و، پشتیوانیی لە کۆمۆنیستەکان دەکرد، هەڵگرت. بەئاگاداربوون لەوەی بارزانی بەهیچ شێوەیەک بەرەوای نەدەزانی دەسەڵات بدرێتە دەستی خوێندەوارە چەپەکان،

١- حەسەن ئەرفەع، پێشوو، ل ١٣٩
٢- درک کنیان، پێشوو، ل ١٦٠
٣- هەمان، ل ١٤٠

دەتوانرێ بگوترێ بڕیاری لابردنی هەمزە عەبدوڵڵا و دانانەوەی دووبارەی ئیبراهیم ئەحمەد لە جێگاکەی ئەودا لەلایەن بارزانییەوە جێبەجێ کرا، چون هەمزە عەبدوڵڵا لەگەڵ عەشیرەتە خۆپارێزەکاندا، بەهۆی هێزی بەرچاوی ئەوان و پێویستی ناسیۆنالیستە کوردەکان بەو هێزە، ڕێک کەوتبوو، هەروەها بارزانی لە یەکێتیی هەمزە عەبدوڵڵا و کۆمۆنیستەکان بەگومان بوو. پیاچوونەوە بەهەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بەئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و بورژوازی وەبیرهێنەرەوەی کەشوهەوای ٥٠ کان بوو، ڕوونکەرەوەی ئەوەش کە ئەو پەیامانەی لە دروشمەکانی حزب بەرامبەر لایەنی ناوبراو باس دەکرا بۆ زۆربەی کورد بەتایبەت جەماوەری نەخوێندەوار و چیانشین نامۆ بوو. (بەوتەیەک جەماوەر دەرکیان بەدروشمەکانیان نەکردووە[1]). هەڵبەت بەو پێیەش کە عسیمەت شەریف وانلی نووسیویەتی دوور نییە بارزانی بەرامبەر دەستڕۆیشتوویی هەمزە عەبدوڵڵا لە بەشی کوردستانی حزبی شیوعیی عیراقدا نیگەران بووبێت. ئەو دەستڕۆیشتنە بەشێوەیەک بوو «کادیرەکانی پارتی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان» ناچار بوون بەشێوەی نهێنی بژین. (لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووک جەماوەری خەڵکی سەر بەحزبی شیوعی بوون و پەیام و ڕێنوێنییەکانی ئەو حزبەیان جێبەجێ دەکرد[2]). کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەو هەلومەرجەدا و لە حاڵێکدا کە نووسەرانی کورد بێ دەنگ بوون بەڕێوەچوو، گرووپی لایەنگری هەمزە عەبدوڵڵا بەشێوەیەکی نهێنی وەدەرنرا و گرووپی هەڵبژاردەی بارزانی لە جێگایان دانرا. دیسانەوە ئیبراهیم ئەحمەد دەبێتە سەرۆک (دبیرکل) و لە مەکتەبی سیاسیدا لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە پشتیوانیی لێ دەکرێت و دواتر دەبێتە زاوای و، هەروەها عومەر مستەفا و نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا کە بێ سێ و دووبەرە فەرمانەکانی بارزانی بەڕێوە دەبەن، ئەمە یەکەم جارە بۆ کۆتایی هێنان بەناکۆکی و دژایەتییە ئایدۆلۆژییەکانی ناوخۆی حزب، پەنا دەبرێتە بەر توندوتیژی[3].

ئیبراهیم ئەحمەد لەو دەمەدا قۆناخی ناوەنجیی تەمەنی تێ دەپەڕاند و سەرۆکی حزب و سەرنووسەری (خەبات) بوو، ئەو کاتەی ئیبراهیم ئەحمەد خوازیاری مافی دەنگدان و ڕادەربڕینی زیاتری خوێندەواره شارییەکان بوو ئەم خواستانە یەکەم هۆکاری ناکۆکی و

١- جاناتان ڕندل، با این ڕسوایی چە بخشایشی، ابراهیم یونسی، ل ١٨٠
٢- عیسمەت شەریف وانلی، پێشوو، ل ٩١
٣- نەوشێروان مەستەفا ئەمین پێشوو، ل ٥٦



ململانێی ناوخۆیی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرەکانی و بارزانی و لایەنگرەکانی بوو. لە شەشەمی ژانۆیەی ١٩٦٠ ژەنەراڵ قاسم مۆڵەتی چالاکی کردنی سێ حزبی دەرکرد: پارتی دیموکراتی نەتەوەیی، پارتی تازەی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی، بەڵام حزبی شیوعی ئەو حزبە ڕاستەقینە نەبوو کە قاسم پاش ئاژاوەکانی کەرکووک (١٤ی ژانۆیەی ١٩٥٩) هاوپەیمانی کردبوون، بەڵکو باڵی لادەری ئەو حزبە بوو. پارتی دیموکراتی کوردستانیش ڕێگای پێ درا کە بلاڤۆکێکی تر چاپ و بڵاو بکاتەوە[1]، بەڵام قۆناخی دۆستایەتیی نێوان کورد و قاسم هەر لەو کاتەدا کۆتایی پێ هات. لەو بارەیەوە مێژوونووسی کورد عسیمەت شەریف وانلی نووسیویەتی «ژەنەراڵ قاسم لە دیدارێکی دۆستانە و لە سەرەتای ژانۆیەی ١٩٦٠ داوا دەکات بەزوویی ئەو مادەیەی لەناو مەبەستەکانی پارتی دیموکراتدا باس لە بارەی ئۆتۆنۆمیی (کوردستان) لە چوارچێوەی عیراقدا دەکات لاببرێت ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی عیراق ئەو داخوازییە قەبووڵ دەکەن، بەڵام کۆنگرەی پێنجەمی حزب کە لە ٥ تا ١٠ی مەی ١٩٦٠دا بەڕێوەچوو، بەهۆی ئەو کارەوە سەرکۆنەی کردن[2]».

نەوشیروان مستەفایش لەو بارەیەوە نووسیویەتی: «هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆنگرە مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی لە کۆنگرەکە بەشداری نەکات بەدڵ ئێشاوییەوە گەڕایەوە کوردستان و چووەوە ناوچەی بارزان»

ژمارەیەک لە نوێنەر و کەسایەتییە سیاسییەکان بۆ ڕازیکردنی ئەو بۆ بەشداری لە کۆنگرەکە چوونە بارزان. بارزانی بەتوندی ڕای خۆی سەبارەت بەئەندامبوون لەو حزبە دەربڕی و وتی: ئامادەم خراپترین کار بکەم بەڵام ئامادە نیم بکەومە ناو داوودەزگای حزبییەوە[3]). وێڕای ئەو هەڵوێستە توندە، ڕێبەرانی حزب جارێکی تر بارزانییان بەڕێبەرایەتیی حزب هەڵبژاردەوە؛ هۆی پێداگریی زۆر لەسەر هەڵبژاردنەوەی بارزانی بەڕێبەرایەتیی حزب ئەوەبوو بارزانی خاوەن ئەزموون و پێشینەی خەبات و تێکۆشان بوو و هەروەها ڕەوایی و توانای کاریزمایی ئەو بۆ بەرگریکردن لە هەڵوەشاندنەوەی حزبەکە بوو لە هەلومەرجێکدا قاسم توانیبووی ئاژاوە بخاتە ناو حزبی شیوعی و حزبی دیموکراتەوە و

١- کریس کۆچرا پیشوو، ل ٢٦١
٢- وانلی، پێشوو، ل ٨٨
٣- نەوشێروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٥٨

بەرەو دابەشبوون پاڵیان بنێ. لەو قۆناغەدا تواناکانی بارزانی لە ڕادەبەدەر پێویست بوو، چونکە وێڕای هەندێ گرفت و ناکۆکیی نێوان بارزانی و خوێندەوارە چەپەکان، کە هەنووکە لە ئەندامانی پایەبەرزی کۆمیتەی ناوەندیی حزب و ڕکەبەری هێزەکیی ناوخۆیی بزووتنەوەکە و داهاتووی بارزانی دەهاتنە ئەژمار، دیسان بارزانی کەسێتییەکی بێ وێنە و قارەمانی نەتەوەییی گەلی کورد بوو.

بەپێی مادەی ٦ی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم: «پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دەبێ هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ پتەوکردنی پێوەندیی برایەتی و یەکسانی لە نێوان گەلی کورد و عەرەبدا درێژە پێ بدات و هەوڵ بدات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد بەپێی دابین کردنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی وڵاتی عیراقی یەکپارچەدا و بەرجەستەکردنەوەی ئەو مافانە لە یاسای بنەڕەتیی هەمیشەیی عیراقدا[1]».

ئەودەم بارودۆخی عیراق بارودۆخێکی پڕ ئاژاوە و ئاڵۆز بوو؛ شێوەی پێوەندی و هەڵسوکەوتی بارزانی و پێوەندیی شێوە نادیاری کورد لەگەڵ قاسم و کۆمۆنیستەکان گرینگترین هۆکاری بەدیهێنەری ئەو کەشوهەوا نالەبارە سیاسییەی کۆمەڵگای عیراق و کوردستان بوون. قۆناخی دۆستایەتی کۆتایی هاتبوو. بارزانی و کەسایەتییە سیاسییەکان ڕک و نەفرەتی خۆیان بەرامبەر بەقاسم لەبیر نەکرد بوو کە لە دەیەی چلدا فەرماندەیی ئەو چەکدار و هێزە عەشیرەتییانەی لە ئەستۆدا بوو کە هەوڵیان دەدا بارزانی و هاوڕێکانی تێک بشکێنن.

قاسمیش لە دیدارەکانی خۆی لەگەڵ بارزانی و پاش گەڕانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەت بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بارزانی ناکۆکی و پێکدادانەکانی ڕابردووی نێوان خۆی و سەرەک عەشیرە کوردەکان لەبیر بکات و بیر لە تۆڵەسەندنەوە نەکاتەوە. (یەک لەو سەرەک عەشیرەتە بەدەسەڵاتانە کە لەگەڵ بارزانی دژایەتیی دەکرد، ئەحمەد ئاغای زێباری بوو، مەلا مستەفا چەند کەس لە هاوڕێکانی خۆی نارد کە لە ڕێگەی مووسڵ بیکوژن و تۆڵەی ڕابردووی لێ بکەنەوە[2]). بەم پێیە لە نێوان بارزانی و عەشیرەتە دراوسێکانیدا جارێکی تر شەڕ دەستی پێ کردەوە. «شەڕ لەگەڵ ڕێکانی، نیرووەیی، برادۆست، زێباری... هەڵگیرسا. ڕێکخراوەکانی پارتی پشتیوانییان لە

―――――

١- کریس کۆچرا، پێشوو، ل ١٦١

٢- بڕوانە نەوشێروان مستەفا ئەمین پێشوو، ل ٥٨



بارزانییەکان دەکرد، بروسکەی پشتیوانییان بەخەڵک ئیمزا دەکرد و، ڕۆژنامە بڵاوی دەکردەوە[1]...». لەو دەمەدا پێوەندییەکانی نێوان بارزانی و قاسم بەخراپترین شێوە تێک دەچێت. تایبەتمەندیی سەرەکیی ڕژێمی قاسم دووڕوویی و ڕوون نەبوونی سیاسەتەکانی ئەو ڕژێمەیە بەرامبەر بەگەلی کورد. هەڵبەت ئەو ناکۆکییە بەرهەمی بەندی ٢ و ٣ی یاسای بنەڕەتیی کاتیی بوو، چونکە لە بەندی ٢دا مافەکانی گەلی کورد بەڕەسمیی ناسرا بوون، بەڵام بەندی سێ پێچەوانەی بەندی دوو، وڵاتی عیراق بە بەشێکی جیانەکراوەی خاکی عەرەب دادەنێت. وێڕای ئەوەی بەڕوونی و ئاشکرا بارزانی و حزبی شیوعی لێک دوورکەوتبوونەوە، پارتی دیموکرات لەو کۆنگرەی ناوبراوەدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە حزبەکە نوێنەری کرێکاران، جووتیاران، مووچەخۆران، کاسبکارەکان و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە و لە ڕەوتی خەباتی سیاسی لە باسە کۆمەڵایەتییەکانیدا کەڵکی لە تیۆرییە زانستییەکانی مارکسیزم - لینینیزم وەردەگرێ.

لەو کاتەی پێوەندیی نێوان بارزانی و قاسم تێک چووبوو، بارزانی بۆ بەشداریی جەژنی ئاهەنگی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ڕووسیا چووە مۆسکۆ و چاوی بەخرۆشچۆف کەوت و لەلایەن ئەوەوە ڕێزی لێ گیرا و تا ناوەڕاستی ژانۆیەی ١٩٦١ نەهاتەوە. هەندێ کەس وای بۆ دەچوون لەو دیدارەدا بەڵێنی یارمەتیدانی لە سۆڤیەت وەرگرتووە و هەندێکیش بەپێچەوانەوە ڕایان وابوو نەک هەر بەڵێنێکی لەو چەشنە لەلایەن ڕێبەرانی ئەو وڵاتەوە نەدراوەتە بارزانی، بگرە داواشی لێ کراوە کۆتایی بەناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ قاسم بهێنێت و لەگەڵی ڕێک بکەوێت[2].

ڕاستییەکەی ئەوەیە بابەتی وتووێژەکان تا ئێستا لە دەرەوەی پارتی دیموکرات بۆ کەس ڕوون نەکراوەتەوە. مانگی فیڤرییە، ئەو کاتەی بارزانی لە سەفەرەکەی گەڕایەوە بەهەواڵنێری ڕۆژنامەی (نەدا)ی وت کە خواست و داواکاریی ئەوەیە ئاواتە ڕەواکانی کورد بێنە دی، بەبێ ئەوەی خەسارەت لە دەسەڵاتداریی کۆماری عیراق بکەوێت[3].

بەهەرحاڵ بابەتی وتووێژەکانی بارزانی و بەرپرسانی سۆڤیەت هەرچی بووبێت، نەیتوانی بەرگریی لە دژایەتی و پێکدادان بکات و، جارێکی تر عیراق گیرۆدەی شەڕێکی بەرفراوانی ناوخۆیی بوو. بارودۆخ ئامادەی ئەوە بوو هەرچی زیاتر پێوەندییەکان تێک

―――――

١- هەمان، ل ٥٩

٢- هەمان، ل ٦١

٣- بڕوانە درک کنیان پێشوو، ل ١٤٤

بچن و تەنیا بیانوویەکی زۆر بچووک پێویست بوو کە قۆناخی دۆستایەتیی قاسم و کورد بەتەواوی تێک بچێت. سەرەنجام ١٩ی نۆڤەمبەری ١٩٦٠ ناکۆکی و دژایەتییەکان ئاشکرا دەبن. لەو ڕۆژەدا ئیبراهیم ئەحمەد بانگ کرایە دادگا چونکە بەئاشکرا لە سەروتاری (خەبات)دا ئاماژەی بەو دژوازییە کردبوو کە سەبارەت بەکێشەی کورد لە یاسای بنەڕەتیدا گونجێندراون[1]». چەند مانگێک پاشتر باس و مشتومڕ لەسەر ئەو بابەتە و لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (الثورة)ی ئۆرگانی دەوڵەتی دەسەڵاتدار لەژێر ناوی (نەتەوەی عەرەب و کێشەی کەمە نەتەوەکان)دا درێژەی پێ درا. ڕۆژنامەی ناوبراو جەختی کردەوە کە چارەنووسی کەمینەی کوردی عیراق بەسراوە بەچارەنووسی گەلی عەرەبەوە و ئەو کەمە نەتەوەییە دەبێ تێکەڵ بکرێت[2]. هاوکاتی تێکچوونی پێوەندییەکانی نێوان حکوومەتی قاسم و ڕێبەرە ناسیۆنالیستە کوردەکان، گەڤە و هەڕەشەی عەشیرەتە نەیارەکانی بارزانی دژی مەلا مستەفا زۆرتر دەبێت، کە هەڵبەت بارزانی بەتەواوی ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوو. هەنووکە ناکۆکییەکان تا ئەو ڕادەیە زۆر بووە کە لە مانگی ژۆئەندا شاندێکی کوردی ویستی بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەو ستەم و ناڕەواییانەی دەرهەق بەو گەلە وەک پرۆژەی حکوومەت بۆ نیشتەجێ کردنی عەشیرەتە عەرەبەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا و کێشەی کڕینی تووتن لەگەڵ قاسم دیدار بکات. بەڵام قاسم ئەو دیدارەی ڕەت کردەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا ڕژێم ڕێبەرانی سیاسیی کورد دەخاتە ژێر پاڵەپەستۆوە. لە مارسی ١٩٦١دا ئیبراهیم ئەحمەد تاوانی کوشتنی بەگێکی کوردی ناوچەی شەقڵاوە بەناوی سدیق (میران) عوسمانی دەخرێتە پاڵ کە لە ساڵی ١٩٦٠ و لە شەڕی نێوان لایەنگران و نەیارانی بارزانیدا کوژرا بوو. عومەر مستەفا ئەندامی تری مەکتەبی سیاسی، گیرا و دوورخرایەوە بۆ باشووری عیراق. پاشان قاسم کەوتە گیانی بڵاڤۆکە کوردییەکانی (کوردستان) (ئازادی) (دەنگی کورد) و (هەتاو) و یەک لە دوای یەک دای خستن و (خەبات) ئۆرگانی ڕەسمیی حزبیش لە مارسی ١٩٦١دا هەمان چارەنووسی بۆ دیاری دەکرێت[3].

تەنگژەیەک بارودۆخەکەی گرتەوە کە بارزانی لە بەغدا هەست بەئاسایش نەکات و بەپێی نووسینەکەی نەوشیروان مستەفا «مەلا مستەفا کە گەڕایەوە عیراق، دوای

---

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٦٢

٢- عیسمەت شەریف وانلی، پێشوو، ل ٩٤

٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٦٢



ماوەیەک بەناوی سەردانی شێخ ئەحمەدەوە ئیتر بەیەکجاری بەغدای بەجێ هێشت و گەڕایەوە بارزان و دانیشت. بەڕواڵەت گۆشەگیریی هەڵبژاردبوو بەڵام لە ڕاستیدا کەوتبووە پێوەندییەکی فراوان لەگەڵ ئاغا و بەگزادەکانی کوردستان و هانی دەدان خۆیان چەکدار بکەن و بەچەکداری لە جادە و شوێنە گشتییەکاندا خۆیان پیشان بدەن[1]».

بارزانی وەکو ڕێبەری پارتی دیموکرات درێژەی بەهەوڵەکانی خۆی دا بۆ هاندانی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ چەکداری، ڕێبەر و سەرۆک عەشیرە و خاوەندارە کوردەکان کە بەهۆی بەرنامەی چاکسازیکاریی زەوییەوە، زۆر لە حکوومەتەکەی قاسم ناڕازی بوون و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕان دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەو بەرنامانەدا ڕابگەیەنن و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا چەکدار بوون. لەو هەلومەرجەدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزب بەجۆرێکی تر دەیڕوانییە ڕووداوەکان و هەرگیز لەگەڵ کردەوەی چەکدارانەی عەشیرەتە کوردەکان و ئامادەیی ئەواندا تەبا نەبوون. ئەوان پێکدادانی چەکدارانەیان بەخراپترین ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەزانی. وێڕای ئەوەش لەوانەیە بەهۆی ئاگادارنەبوونیان لە دەوری بارزانی و توانایی بەرچاوی بۆ کۆکردنەوە و بەهێزکردنی ئەو لایەن و گرووپە چەکدارانەدا، وەکو کۆمۆنیستەکان وایاندەزانی کە ئەو جووڵانەوەیە بەرنامە و گەڵاڵەی ئیمپریالیزمی جیهانی و بەکرێگیراوەکانیانە و هەروەهاش بەرنامەی ئێرانە بۆ ئاژاوەنانەوە لە وڵاتی عیراقدا.

«جەلال تاڵەبانی وەکو نێردراوی تایبەتی مەکتەبی سیاسیی حزب بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی کوردستان و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و نەهێشتنی ئاژاوە نێردرایە کوردستان: بەڵام کاتێ گەیشتە کوردستان و بارودۆخەکەی لە نزیکەوە بینی و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد و نامەکەی بارزانیی بینی کە بۆ عەباس ئاغای مامەندی ناردبوو و تێیدا داوای لێ کردبوو عەشیرەت و تایەفەکانی ناوچەکە چەکدار بکات و ئامادەیان بکات، بە بۆچوونەکانی خۆیدا چووەوە و چووە پاڵ بارزانی و پشتگیریی دید و بۆچوونەکانی کرد و هاتە سەر ئەوەی کاتی دەستپێکردنی ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکدارانە هاتووە[2]».

هەنووکە ئەو لایەنگری دەستپێکردنی خێرای شەڕی چەکدارانە بوو و کەوتبووە بازنەی

---

١- نەوشێروان مستەفا، پێشوو، ل ٥٩

٢- هەمان، ل ٦١

کەمینەی لایەنگری شەڕەوە. قاسم چەند مانگێک بوو لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا بەینی ناخۆش بووبوو بۆ ئەوەی لەنێوان نەتەوەپەرستە عەرەبەکاندا سەر بەرزکاتەوە و کەسێتی بەدەست بهێنێت، هەروەها بەمەبەستی دوورخستنەوەی گرفتەکانی کوردستان بەپێی نووسینەکەی درک کنیان: لە مانگی ژۆئەندا و بەمەبەسی شەڕخوازانەوە بانگەشەی خاکی وڵاتی کوێتی کرد کە ماوەیەکی کورت بوو سەربەخۆیی لە بەریتانیا وەرگرتبوو و بەهۆیەوە تا ڕادەیەک توانیی پشتیوانیی عەرەب مسۆگەر بکات. ئەو کاتە قاسم تووشی تەنگژەی کوێت بوو و وازی لە پارێزگای سلێمانی هێنا بەو هیوایەی ئەو شۆڕشە خۆی لە کف و کۆڵ بکەوێت[1]. هێنانە ئارای کێشەی کوێت کارێکی سەروو ناسیۆنالیستی و سیاسەتێکی یەکجار زیرەکانە بوو قاسم بەو هۆیەوە خۆی لە ژێر باری هەوڵ و تەقەللاکانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزب و بە مەبەستی خۆ دزینەوە لە پێکهێنانی ئاشتی، دەرباز کرد. هەوڵ و تێکۆشانی کەسایەتییە سیاسییە کوردەکانیش بەمەبەستی بەرگری لە شەڕی چەکدارانە، تەنانەت ئەو کاتەش کە لە سێپتامبەری ١٩٦١ و لە باکوری وڵاتدا شەڕی نێوان بارزانی و هێزەکانی حکوومەت لە ئارادا بوو، هەر لە هەمان مانگ کۆتایی هات. چونکە قاسم نایاسایی بوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند و بەناچار، ئەو حزبە کێشرایە مەیدانی شەڕی چەکدارانەوە. پاشان ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی هێزێکی جیاوازیان لە ناوچەی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا پێکەوەنا کە، لە سلێمانییەوە تا سنووری ئێران دەکەوتە ژێر دەسەڵاتیانەوە. ئەمەش سەرەتای ناکۆکی و جیابوونەوەی ڕیزەکانی شۆڕشی کوردی بوو، چونکە بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد هەر کامەیان خۆیان بەڕێبەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کورد دادەنا[2]». سەردەمی ئاشتی و ئاسایشی سێ ساڵە، پاش کودەتای ١٤ی جولای ١٩٥٨ کۆتایی پێ هات. ئەو سەردەمی کە لە مێژووی کوردەکانی عیراقدا بێ وێنە بوو و وێڕای هەبوونی پەرێشانی و ئاڵۆزیی سیاسی و باس و لێکۆڵینەوەی یەکجار زۆر و درێژخایەن لەسەر مەسەلەی کورد و مافەکانی ئەو گەلە و هەروەها بەهۆی سروشتی تاکەکەسی و دیکتاتۆرانەی قاسمەوە؛ پەرێشانی و ئاڵۆزییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بوون. کورد لەو سێ ساڵەدا ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەیان تا ڕادەیەک پێ درابوو، لە بواری کاروباری کولتووریشەوە چاپەمەنیی کوردی بەچەشنێکی کەم وێنە گەشەی کرد بوو، لە دەورێکی تایبەتی لە دەوڵەمەندکردنی بنیاتە فکری و

١- درک کنیان، پێشوو

٢- جاناتان ڕندل، با این ڕسوایی چە بخشایشی، م یونسی، ێ ١٨١



کولتوورییەکانی گەلی کورددا گێڕا. وەک وترا، کورد بەکەڵک وەرگرتن لەو ماوە کەمخایەنە هەوڵی زۆریان دا تا بەشی خۆیان لە سیستەمی دەسەڵات زیاتر بکەن. ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی کوردی ئێرانیش لە بەغدا نیشاندەری دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عیراق و ڕوونکەرەوەی ڕادەی کاریگەرێتیی کوردی ئەو دەڤەرەیە لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد. پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق کە لەو سەردەمەدا بەهۆی پێوەندیی دۆستانەی قاسم و بارزانییەوە دەرفەتی چالاکی ئاشکرای بۆ ڕەخسابوو، توانیبووی ژمارەیەکی زۆر ئەندام بگرێت و ڕێکخستن دروست بکات، کە ڕێبەرانی عیراق لە ماوەیەکی کورتدا و لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی داهاتووی نێوان هەردوو لایەنەکەدا لەو مەسەلەیە ئاگاداربوونەوە. دیاردەیەکی گرینگی تر ئەوەیە قۆناخی سێ ساڵی پاش کودەتای ١٤ی جولای ١٩٥٨ هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی بارزانی وەکو ڕێبەری ڕاستەقینەی گەلی کورد. بارزانی بەو ئەزموونانەی لە ماوەی چەندین ساڵ و لە قۆناخە جیاجیاکاندا واتە (١٩٢٤-١٩٣١) و یەکەم قۆناخی دوورخرانەوە، (١٩٣٤-١٩٤٣) و قۆناخی کۆچکردنی ناچاری و کۆکردنەوەی ئەزموونی چەکدارانە و سەربازیی نوێ لە ئێراندا، (١٩٤٢-١٩٤٧) و پاش ئەوەش لە کۆچکردنە مێژووییەکەدا بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت و گەڕانەوەی. پاش یازدە ساڵ (١٩٤٧-١٩٥٨) ئیدی لە ڕێبەری گرووپێکی چەکدارەوە بووبووە ڕێبەری سیاسی و چەکداریی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و خاوەن بیرۆکەی ناسیۆنالیستی. بارزانی پاش هاتنە سەر حوکمی قاسم و ئەو گۆڕانکارییانەی لەو قۆناخەدا ڕووی دا، وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی گەڕایەوە وڵات و چارەنووسی کوردی گرتە دەست. دەسەڵاتی بێ سێ و دووی خۆی بەسەر ئەو حزبەدا کە خۆی دامەزرێنەری بوو بڵاو کردەوە. دەسەڵاتی بارزانی لەو حزبەدا بەڕادەیەک بوو کە دەیتوانی نەیار و ڕکەبەرەکان لە حزب دەربکات. هەروەها بارزانی توانیی لەو ماوەیەدا نەک هەروەکو ڕێبەری نەتەوەیی کوردی عیراق خۆی بە جەماوەری خەڵک بناسێنێت بگرە وای کرد لە لای عەبدولکەریم قاسم و، سۆڤیەتییەکان و حکوومەتە دراوسێکانیش بایەخی پێ بدرێت.

هەوڵدانی بارزانی بۆ بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەک کە نوێنەری هەموو کورد بەشداریی تێدا بکەن نیشاندەری ئەوەبوو دەیویست ڕێبەرایەتیی گەلی کورد بەگشتی بگرێتە دەست، کە لەو پرۆژەیە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا و ئەمەش بەگەورەترین و یەکەم ناکامیی ئەو ڕێبەرە دێتە ئەژمار.

وێڕای تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر داڕشتنی یاسای بنەڕەتیی کاتیی ٢٧ی جولای ١٩٥٨دا، کورد و عەرەب هێشتا نەیانتوانیبوو ڕێسایەک بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانی خۆیان لە کۆماری عیراق دابڕێژن. باس و گفتوگۆ لە نێوان ناسیۆنالیستە کورد و عەرەبەکان گەیشتبووە ئاستی پێکدادانی چەکدارانە؛ لەڕاستیدا شەڕ لە ساڵی ١٩٦١دا دەستی پێ کرد و تەنیا بەشێوەی کاتی نەبێ تا ساڵی ١٩٦٧ی خایاند و لە ئاکامیشدا هیچ شتێکی چارەسەر نەکرد. ئەم شەڕە توندوتیژە بریتییە لە زنجیرە شەڕێکی بچووک و درێژخایەن کە بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی هەلومەرجی سیاسی عیراق و بەدیهاتنی ئاگربەستەکانەوە دەوەستان و کاریان دەکردە سەر هەلومەرج و جاروباریش ئەو هەلومەرجانە دەبوونە هۆی بەدیهاتنیان[١]».

لە ماوەی چواردە ساڵدا لانی کەم چوار ڕژێمی جیاواز لە بەغدا جێگایان بۆ یەکتر چۆڵ کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەمووشیان تا ڕادەیەک بەیەک ئەندازە خوێنیان تێدا ڕژا. سیناریۆی ئەو یارییەش تا ڕادەیەک بووبووە باو، کە پاش هەر کودەتایەک دەستەیەکی تر دەسەڵاتیان دەگرتە دەست و کەم تا زۆر لەگەڵ کورددا پێوەندییان دەگرت، کورد کە بەهۆی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ ڕژێمە پێشووەکەدا ماندوو بووبوون بەناچار ئاگربەستیان هەڵدەبژارد. بەم پێیە هەل و دەرفەتێک دەکەوتە دەستی ڕێبەری تازەی دەسەڵاتداری عیراق بۆ پتەوکردنەوە و سەقامگیرکردنی دەسەڵات، کە بەهێز دەبوو و پێویستی بەپشتیوانیی کورد نەدەبوو ڕووی خۆی دەگۆڕی و بەتوندوتیژیی زیاترەوە بۆ کێشەی کوردی دەڕوانی و کوردیش جارێکی تر بڕیاری بەرگرییان دەدا و ئاکام دووپاتبوونەوەی مێژوو، واتە دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادان بوو بە کێشەیەکی بەردەوام و چارە هەڵنەگر.

١- کریس کۆچرا، پێشوو، ل ٢٤٥



### ج- کۆتایی هاتنی پێوەندی و وتووێژەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە

دوژمنایەتی و پێکدادانەکان لە هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک شپرزە و پەرێشاندا دەستیان پێ کرد؛ پاش چوونەوەی ژەنەراڵ بارزانی لە مارسی ١٩٦١ بۆ ناوچەی بارزان، لە نێوان بارزانی و زێبارییەکاندا، کە قاسم بەنهێنی پارە و چەکی پێ دابوون؛ ناکۆکی دەستی پێ کرد[١]. لە مانگی جولایدا مەلا مستەفا هێرشی کردە سەر عەشیرەتەکانی زێبار و برادۆست کە بەپشتیوانیی دەوڵەت ئامادەی هێرش کردنە سەر بارزانییەکان بوون و جارێکی تر بارزانی بەسەریاندا سەرکەوتن و ئەو کەسانەی پاش شەڕ لەو عەشیرەتانە بەجێ مان پەنایان بردە بەر تورکیا. «لەو شەڕەدا بارزانییەکان ٣٥٠ کەسیان کوشت و هەزار کەسیان بریندار کرد و ٦٠٠ پارچە چەکیان دەست کەوت[٢]». بەپێی نووسینی درک کنیان لە درێژەی ئەو شەڕەدا «لە مانگی ئەگۆست خەڵکی هەڵەبجە و چەمچەماڵ هێزەکانی ژاندارمرییان لە ناوچەکە دەرکرد. لە باکوردا ئاکرێ و ئامێدی و دهۆک و زاخۆیش کەوتە دەست هێزە شۆڕشگێڕەکان کە ئاشوورییەکانیش بەشێک بوون لەو هێزانە[٣].»

ماوەیەک پاش ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی دوژمنە عەشیرەییەکانی خۆی لە مەیدان بەدەرکرد و جێگەپێی خۆی پتەوتر کرد، دوایین قسەی خۆی لەگەڵ قاسم کرد و داوای لێ کرد کۆتایی بەقۆناخی گۆیزانەوەیی؛ واتە حکوومەتی تاکەکەسی و پاوانکەرانەی خۆی بهێنێت و ئۆتۆنۆمیی کوردستان بەڕەسمی ڕابگەیەنێت و ئازادییە دیموکراتیکەکان بگەڕێننەوە بۆ وڵات. قاسم لە وەڵامی داواکارییەکەدا لە حەوتووی یەکەمی مانگی سێپتامبەردا هێرشێکی سەربازی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان[٤]. لەو حاڵەدا پارتی دیموکرات تا ڕادەیەک لە ڕەوتەکە دواکەوتبوو، وەک وترا ژمارەیەکی زۆر لە سەرەک عەشیرەتەکان بەبێ ئەوەی پرس بەپارتی دیموکرات بکەن، هێزەکانی خۆیان چەکدار کرد و ئامادەیان کردن بۆ هێرش بردنە سەر سوپای حکوومەتی ناوەندی.

«شەڕی ناوخۆیی وەکو ساڵی ١٩٤٥ لە عیراقدا جارێکی تر دەستی پێ کرا بوو، بەڵام

١- بڕوانە عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی ئیران ... ل ١٠١ و ١٠٥
٢- درک کنیان پێشوو ل ١٤٤
٣- هەمان ل ١٤٤
٤- حەسەن ئەرفەع پێشوو، ل ١٢٧

ئەمجارەیان شەڕەکە زۆر جیاواز بوو. عیراق لەم سەردەمەدا لە ژێر سەرپەرشتیاریی بەریتانیادا نەبوو و هەستی نەتەوەیی کوردیش بەڕادەیەکی زۆر و بەرچاو گەشەی کردبوو. ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی ناو عەشیرەتە جیاجیاکان چووبوونە ڕیزی شۆڕشەوە و ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی سوپا لایەنگری شۆڕشی کوردستان بوون. ڕادیۆی قاهیرە و بۆ ماوەیەکیش ڕادیۆی دیمەشق بەشێلگیری لایەنگری کورد بوون. هەلومەرجەکە وای دەردەخست کە ئەم شەڕە، شەڕی عەشیرەتەکان نییە بگرە خەباتی نەتەوەیەکە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی[1]». ٦ی سێپتامبەری ١٩٦١ پارتی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی ڕێزلێنان لە خۆپیشاندانی خەڵکی سلێمانی و ڕاپەڕینی ٦ی سێپتامبەری ١٩٣٠ و کوژرانی چەند کەسێک لەو شارە، مانگرتنێکی گشتیی ڕاگەیاند، سێ ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە سوپای عیراق هێرشی کردە سەر عەشیرەتە کوردەکان. ڕۆژی شازدەهەمیش ناوچەی بارزان کەوتە بەر هێرش و لە ڕۆژی ٢٤ی دێسامبەردا قاسم لە ئاخافتنێکیدا بۆ ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان هەڵوەشانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند[2]. قاسم لەو کۆنفرانسەدا تاوانی سەرهەڵدانی کوردی خستە ئەستۆی ئەمریکا و ئینگلیز و وێڕای ئەوەی کە بانگەشەی کرد ئینگلیز بۆ هاندانی کوردە سەرهەڵداوەکان ٤٠٠/٠٠٠ پاوەندی خەرج کردووە، ڕای گەیاند کە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە دادەخات و هەروەها وتی لە ماوەی دوو ڕۆژدا پاشماوەی هێزە سەرهەڵداوەکان لەناودەبات و مەلا مستەفا یان مردووە یان بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵهاتووە. هەڵبەت هیچ کام لە بانگەشەکانی ڕاست نەبوون.[3]

قاسم بەهێنانە ئارای ئەو باس و بانگەشانە لەلایەکەوە هەوڵی دەدا؛ ڕەوتێکی گەشەسەندوو و پێشکەوتووی وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عیراق بشارێتەوە و لەلایەکی تریشەوە ئاژاوە و سەرهەڵدانەکان (بەوتەی ئەو) بەدەرەوەی وڵاتەوە ببەسێتەوە و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردی بەداردەست و بەکرێگیراو بناسێنێت. ئەمەش لە کاتێکدا کە قاسم ساڵێک زیاتر و لە سەرەتای حکوومەتەکەیدا تەنیا و تەنیا پشتی بەو هێزانە گەرم بوو و بەیارمەتیی ئەوان توانیی لە بەرامبەر ڕکەبەرەکانیدا بەرگری لە حکوومەتەکەی

١- حەسەن ئەرفەع پێشوو، ل ١٢٨
٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٦٧ و ٢٦٦
٣- درک کنیان، ل ١٤٤



بکات و دەسەڵاتی خۆی بەسەر عیراقدا پەرە پێ بدات. بەپێچەوانەی بانگەشەکانی قاسم هیچ کام لە زلهێزەکانی ڕۆژئاوای سەدەی بیستەم، پشتیوانییان لە سەربەخۆیی کورد نەکرد. هیچ جۆرە پشتیوانییەک بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد لە بەرنامەکانیاندا نەگونجا بوو و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگومانەوە سەیری عیراقیان دەکرد، هۆیەکەشی ئەوە بوو ئەو وڵاتە لە دراوسێکانی خۆی کەوتبووە پێشەوە و ڕێگەی بەکورد دابوو جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەن و لە قوتابخانە و داوودەزگا بەڕێوەبەرایەتی و چاپەمەنییەکاندا بەزمانی خۆیان بدوێن و بنووسن. هەڵبەت پێویستە ئەوەش بزانین کە عیراق ئەو نەختە ئازادییەشی لە ڕووی ڕەزامەندییەوە بەکورد نەدابوو، بگرە ئەوە بەرهەمی چەندان ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی ئەو گەلە بوو بۆ گەیشتن بەئامانجە نەتەوەیییەکانی.

«لەو قۆناخەدا عەبدولکەریم قاسم بەدوو هۆوە لەگەڵ ڕۆژئاوا تووشی ناکۆکی هاتبوو: یەکەم لەسەر کێشەی عیراق و سوود وەرگرتنی کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا لە سەرچاوەکانی ئەو وڵاتە و دووەمیش لەسەر کێشەی وڵاتی کوێت و بانگەشەی خاوەندارێتیی عیراق لەسەر ئەو ناوچەیە کە پاش چوونە دەرەوەی بەریتانیا سەربەخۆیی وەرگرتبوو. قاسم کوێتی بەیەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای بەسرە و شێخی ئەو وڵاتەشی بە فەرمانداری خۆی دەزانی. ئەو بانگەشەیە بووە هۆی ناکۆکی نێوان عیراق و بەریتانیا کە بەرژەوەندییەکانی بەو بانگەشەیە کەوتە مەترسییەوە و تەنانەت ناکۆکی کەوتە نێوان عیراق و وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەوە.

بارودۆخەکە بەجۆرێ بوو تەنانەت وڵاتانی ئێران و تورکیاش لەو سیاسەتە ناڕازی بوون، قاسم بە بەستنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەئینگلیزەوە دەیویست وەها نیشان بدات کە ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیزەوە بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەی ڕووداوەکانی ١٤ی جولای ١٩٥٨ و کشانەوەی عیراق لە پەیمانی بەغدا و هەروەها ناکۆکیی نێوان ئەو وڵاتە و کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاواوە پشتیوانی دەکرێت و هان دەدرێت[1].». ئەگەرچی چەندین ساڵ پێش دەسەڵاتی قاسم و تەنانەت پێش ئەوەی قاسم لە چلەکاندا وەکو ئەفسەری حکوومەتی پاشایەتیی ژێر سەرپەرشتیاریی بەریتانیا شەڕی کورد بکات، کورد شەڕی ئینگلیزیان کردبوو و ئینگلیز چەندین جار حکوومەتی عیراقی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد ناردبووە ناوچەی کوردستان. سەبارەت بەئەمریکاش،

١- نەوشێروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٦٢

نەوشێروان مستەفا نووسیویەتی: «بەڵام ئەمریکا قازانجێکی لە دۆستایەتی کورددا نەبوو، بگرە دۆستایەتیی کورد دڵی دوو دۆستی گرینگ؛ ئێران و تورکیای لێ دەڕەنجاند کە هەردووکیان ئەندامی سێنتۆ و یەکێکیان بەئەندامی گرینگی ناتۆ دادەنرا.[1]». کەوابوو ئەمریکایی هەرگیز نەیاندەویست بەهۆی پشتیوانیکردن لە گەلی کورد، بەرژەوندییە زۆر و زەبەندەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەست بدەن. هەنووکە بە گشتی چوارچێوەی شەڕەکە ڕوون بوو، شەڕ، شەڕێکی پارتیزانی بوو، کورد پێوە نەبوون شارە گرینگەکان داگیر بکەن، هەرچەندە هێرشیان کردە سەر زۆربەی ئەو شارانە، بەڵام هەوڵیان دەدا مۆڵگە سەربازییەکان بگرن و هاوکات هێزەکانی خۆیان بەهێزتر بکەن.

بە فەرمانی قاسم بۆمبارانی لادێکان، دەوار و ڕەشماڵ و تەنانەت شارە بچووکە کوردنشینەکان بەتوندی دەستی پێ کرد. لەو هێرشانەدا، ژنان، منداڵان، ئاژەڵ و باخ و باخات، هێزی شەڕکەر و جەماوەری ئاسایی وەک یەک کەوتنە بەر بۆمباران. بەڵام کورد هەر ورەیان بەرز بوو، هەروەها خێزان و ماڵ و ماڵاتەکەیان لە دۆڵ و شیوەکاندا دەشاردەوە و خۆشیان بەڕۆژ لە پەسێوە سروشتییەکاندا پەنایان دەگرت[2].

لە مانگەکانی سەرەتای شەڕەکەوە سەرباز و دەرەجەدار و ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عیراق بەکۆمەڵ لە ژاندارمیری و سوپا دەهاتنە دەرەوە و بەچەکەکانیانەوە دەچوونە ڕیزی خەباتکارانی کورد. بەغدا پشتی بەیەکە عەرەبەکان بەستبوو و ئەو یەکانەش بەرامبەر بەخەباتکارە کوردەکان کاریگەر نەبوون؛ هێزە عەرەبەکان بەرەوڕووی هەندێ گرفت و لەمپەری وەک، ناشارەزایی بە ناوچەکە و ئاووهەوای کوێستانیی ئەو دەڤەرە دەبوونەوە.[3]»

قورسترین خەسارەت بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانەوە لە کورد دەکەوت. لە یەکەم ساڵی شەڕدا ٥٠٠ لادێی کوردنشین بەهۆی ئەو هێرشانەوە کاول کران. بەپێی ڕاپۆرتی ناسیۆنالیستە کوردەکان، ژمارەی لادێ کاولکراوەکان تا قۆناخی دەستپێکردنەوەی شەڕ نزیکەی ١٠٠٠ لادێ بووە. بەهۆی تەقە لێ کران لەلایەن خەباتکارە کوردەکانەوە ژمارەیەک باڵەفڕ (هێلی کۆپتەر) و فڕۆکەی شەڕکەری عیراقی خرانە خوارەوە. بەڵام کورد

١- هەمان، ل ٦٢

٢- حەسن ئەرفەع پێشوو، ل ١٢٩

٣- درک کنیان، پێشوو، ل ١٤٦



فڕۆکە و چەکی قورسی تەیارەشکێنیان نەبوو، هێزی ئاسمانیش وەکو هێزی زەوینی نەیدەتوانی مەبەستەکانی بپێکێت و لەناویان ببات[1]». لە ڕاستیدا سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکەش بەسوودی کورد نەبوو. لە باشووری کوردستان واتە پارێزگای سلێمانی، سوپای عیراق توانیبووی بنکەکانی تا ڕادەیەک پتەو و بەهێز بکات و قاسم خۆی توانیی بەو هۆوە دەربەندیخان بگرێت و عەشیرەتەکانیش لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتیدا شکان. لە ناوچەی هەولێریشدا هەر بەو شێوەیە شەڕ دەچووە پێشەوە. لەو ناوچەیەدا چەند سەد کەسێک بەفەرماندەیی عەبدوڵڵا ئیسماعیل دوو مانگ لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتدا وەستان.[2]»

ژەنەراڵ بارزانی کە لەو کاتەدا تەنیا ٦٦ کەسی لەگەڵ بوو و ئەو ژمارەیەش تەنیا چەکی ئاساییان پێ بوو، بارزانی بەجێ هێشت و پەنای بردە بەر کوێستانەکانی زاخۆ. زستانی ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٦٢ لەو شاخانە مایەوە و خۆی لە هێرشەکان پاراست، بەڵام بەرەبەرە هاوسەنگیی هێزەکان بەسوودی خەباتکارانی کورد گۆڕا؛ ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتەکان کە سەرەتا سەر بەحکوومەت یان بێ لایەن بوون، چوونە ڕیزی شۆڕشەوە[3]. گرفتی سەرەکیی شۆڕشگێڕەکان نەبوونی پێداویستی پزیشکی بوو، لە سەرانسەری بەرەکانی شەڕدا تەنیا چەند پزیشکێک ئەرکیان بەڕێوە دەبرد. ڕەوتی ژیانی خەباتکاران لێک ترازابوو و تەنیا بەهۆی شاخەکانەوە توانییان درێژە بە خەبات بدەن.

«ئەو هەوڵانەش کە بۆ یارمەتی وەرگرتن لەخاچی سووری جیهانی بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری نەخۆش و بریندار و کوژراوەکان ئەنجام دران هیچ دەستکەوتێکیان نەبوو، ئەوەش بەو هۆیەوە بوو کە ڕێکخراوی خاچی سووری جیهانی لەسەر داواکاریی عیراقیش ئەو داواکارییەی دامەزراوەی خاچی سووری وڵاتێکی تایبەت یارمەتییەکانی خۆی دەنارد و کۆمەڵەی مانگی سووری عیراقیش ئەو داواکارییەی بۆ نەدەناردن[4]».

زستانی ١٩٦١ جگە لە چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بچووک شەڕێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا و هەردوو لا چاوەڕێی بەهار بوون کە ڕێگەوبان بکرێتەوە و بتوانن هاتوچۆی کوێستانەکان بکەن. «لە ناوەڕاستی ئاوریلدا لەشکرێک بەفەرماندەیی عیسا سوار هێرشیان کردە سەر

١- هەمان، ل ١٤٦

٢- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستان ... ل ١٠١

٣- درک کنیان، ل ١٤٦

٤- هەمان، ل ١٤٧

یەکەیەکی سوپای عیراق و لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا چەکدارێکی حکوومەت کوژرا و ١٣٣ کەس بریندار بوون و ٢٢١ کەسیش لەلایەن خەباتکارانەوە بەدیل گیران. خەباتکارەکان بەشێوەیەک لەگەڵ گیراوەکاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد کە دەبووە هۆی نەمانی ویستیان بۆ شەڕ. سەربازە ئاساییەکان دەمودەست ئازاد کران و هۆشدارییان پێ درا کە نەگەڕێنەوە بەرەی شەڕ، بەڵام ئەفسەرەکانیان دەهێشتنەوە[١].»

١- هەمان، ل ١٤٨



**تۆێکاریی هەڵوێستەکانی پارتی دیموکرات و دەوری ئەو حزبە لە شەڕ لەگەڵ حکوومەتی قاسمدا**

پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بۆ ماوەی چەند مانگێک ڕەوتی کاروباری دوادەکەوێت، ڕێبەرانی حزب بەتایبەت ئیبراهیم ئەحمەد، لە بەغدا دەمێننەوە و درێژە بە وتووێژ لەگەڵ قاسم دەدەن. ئیبراهیم ئەحمەد چەند مانگ دواتر بە(ئیریک ڕۆلۆی) نێردراوی تایبەتیی ڕۆژنامەی لۆمۆندی گوت: «پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەی لەسەر ئەو باوەڕە نەبوو کە دەتوانێ بەرامبەر هێزی سوپای عیراق بەرگری بکات، لادێییەکان شەڕێکیان بەسەردا سەپاندین کە پێشەکی دەمانزانی ئەو شەڕە دەدۆڕێنین و لە دێسامبەری ١٩٦١دا حزب بەشێوەی ڕەسمی بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەرایەتیی شەڕەکەی گرتە ئەستۆ.»

لە ڕاستیدا تا مانگی مارسی ١٩٦٢ پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی جیدی بەشداریی شەڕی نەدەکرد. ڕێبەرانی حزب سەبارەت بەو سەبرکردن و چاوەڕوانییە سەرسوڕهێنەرە هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نەدا. لەوانەیە بەو سیاسەتەیان چاوەڕێی ئەوە بووبن کە سوپای عیراق ئەو شۆڕشەی بەبڕوای ئەوان کەمخایەن و بێ هێز بوو، زۆری نەمابوو تێکی بشکێنێت و ئەوانیش بەهۆی بێ لایەنیی خۆیانەوە، مانەوەی حزب لە داهاتوودا گەرەنتی بکەن و بەم شێوە لە دەسەڵاتی بارزانیش -کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبوو- ڕزگاریان بێت.

لەوانەشە هۆی ئەو بێ دەنگییە گوماناوییە، دژایەتیی حزبی شیوعیی عیراق بەرامبەر شەڕی چەکدارانە بۆ وەدەستهێنانی خواستەکانی گەلی کورد لە دەرەوەی خەباتی دیموکراتیکی عیراق دژ بەدەسەڵاتی تاکەکەسیی قاسم، بووبێت. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە کۆمۆنیستەکان دەترسان شۆڕش و بزووتنەوەی کورد بەڕادەیەک پەرە بسێنێت کە ببێتە هۆی خێراکردنی ڕووخاندنی ڕژێمی قاسم پێش ئەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ جێنشینێک لە چوارچێوەی (بەرەی نەتەوەیی)دا بدۆزرێتەوە و بۆیەش لەگەڵ بزووتنەوەی باکوری عیراقدا تەبا نەبوون. خالی گرینگ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ڕێبەرانی پارتی دیموکرات ئەوان کاتێک بڕیاری بەشداری چالاکانەی شەڕیان دەرکرد لە مانگی مارسی ١٩٦٢ حزبی شیوعی بیروڕای گۆڕی و بەسوودی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕای خۆی دەربڕی: مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد بۆ مافی چارەی خۆنووسین، تەنانەت ئەگەر بەڕەسمی ناسین و

بەڕەوا زانینی ئەو مافە ببێتە هۆی جیابوونەوە و دامەزرانی وڵاتێکی سەربەخۆ.

حەسەن ئەرفەع سەبارەت بەکۆتایی هاتنی وتووێژەکانی ڕێبەرانی حزب و ئەندامانی ڕژێمی قاسم نووسیویەتی «بەهۆی بۆمبارانی وەحشییانەی ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە و دڵگرانیی خەباتکارانی کورد، ڕوون بووەوە کە پارتی دیموکرات ناتوانێ درێژە بداتە وتووێژە بێ ئەنجامەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق و حزبە چەپەکان، ئیبراهیم ئەحمەد و ڕێبەرانی تری حزب بەنهێنی لە بەغداوە چوونە دەر و، گەڕانەوە ڕیزی خەباتکارانی شاخ». پارتی دیموکرات لەلایەن پێنج کەسەوە بەڕێوە دەبرا؛ کە هەر کام لەو کەسانە ڕێبەرایەتیی کۆمیتەیەکیان بەدەستەوە بوو؛ ئەو کۆمیتەش وەکو وەزارتخانەیەک ئەرکی بەڕێوە دەبرد و لە بەرامبەر چالاکییەکانی خۆیدا بەرپرس بوو؛ ئیبراهیم ئەحمەدیش سکرتێر (دبیرکل) و سەرپەرشتیاری کاروباری ناوخۆی حزب بوو و پاش مەلا مستەفا بەدووەمین کەسایەتیی حزب دادەنرا[١].»

بەو جۆرە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق چالاکانە چووە بەرەی شەڕەوە. حزب ڕێکخراوەیەکی سەربازی و سیاسیی پێک هێنا و لە سەرانسەری ناوچەی باشووری کوردستاندا پەرەی پێ دا. پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شەڕەدا ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ کە بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەلجەزائیر لە شەڕی دژی فەڕەنسەدا لە ئەستۆی گرتبوو.

هەر تاکە کوردێک کە لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا شەڕی دەکرد، مەلا مستەفای بە ڕێبەری پایەبەرزی خۆی دەزانی. بەڵام لە نێوان مەلا مستەفا و حزب هەندێ ناکۆکی هەبوو. جەلال تاڵەبانی ئەو ناکۆکییانەی بەو شێوەیە باس کردووە؛ هەڵبەت مەلا مستەفا ڕێبەری گەورەی هەموومانە، ئێمە بەبێ ئەو ناتوانین هیچ کارێک جێبەجێ بکەین، ئەویش بەبێ ئێمە ناتوانێ، ناکۆکییەکان زیاتر لە ناکۆکییەکانی نێوان گاندی، حزب و کۆنگرە دەچێت[٢]. کۆکردنەوەی پارە، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات، دابینکردنی پێداویستی و خواردەمەنی بۆ جەماوەری خەڵکی و دامەزراندنی ئۆرگانێکی ڕاگەیاندن و ئۆرگانی زانیاری بەمەبەستی کاروباری نهێنی و دۆزینەوەی خایەنەکان لەو ئەرکە گرینگانە بوون کە ڕێبەرانی حزب لە بەردەم خۆیاندا دەیانبینین[٣]». پارتی دیموکراتی کوردستان

١- کۆچرا پێشوو، ل ٢٦٧
٢- درک کنیان، ل ١٤٩
٣- دیشنەر، ل ١٩٢- ١٩٤



بەهاری ساڵی **١٩٦٢** تا پایزی هەمان ساڵ بەباشترین شێوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە برد بەشێوەیەک کە تەنانەت بچووکترین یەکەی سوپای ڕزگاریخوازی کوردستان مامۆستای (پەروەردەکار)ی سیاسیی بۆ دیاری کرابوو.

هاوکاتی شەڕ دژی ڕژێمی قاسم، مەلا مستەفا دەستی دایە پێکهێنانی دوو جۆرە گرووپی چەکدار. یەکێک لەو گرووپانە شەڕڤانانی ڕێکنەخراوی عەشیرەیی بوون کە لەپڕ لە جێگایەکدا کۆ دەبوونەوە و هێرشیان دەبردە سەر بنکە و شوێنێکی دیاریکراو و پاش کۆتایی هاتنی پەلامارەکە، دەستیان بەژیانی ڕۆژانە و ئاسایی خۆیان دەکردەوە و خەریکی کشتوکاڵ یان ئاژەڵداری دەبوونەوە و لەو کاتانەشدا چەک و تەقەمەنیی خۆیان لە جێگایەکدا دەشاردەوە، تا لەلایەن ڕژێمەوە گومانیان لێ نەکرێت و لە کاتی پێویستیشدا بتوانن کەڵکیان لێ وەربگرن. هەڵبەت ئەو شێوە چالاکیی چەکدارییە، درێژەی ئەو شێوازە بوو کە بارزانییەکان و عەشیرەتەکانی تری کورد لە شەڕی دژی عوسمانییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کەڵکیان لێ وەرگرتبوو. بەڵام چونکە ئەو هێزانە هەمیشە لەبەردەستدا نەبوون کە لەکاتی تەنگەتاویدا چالاکی بکەن، حزب داوای لە مەلا مستەفا کرد هێزێکی ڕێکوپێک و ڕێسامەند پێک بهێنێت چونکە مەبەستی سەرەکی دامەزراندنی (سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان) بوو؛ واتە سوپایەکی خاوەن دیسپلین کە جێگەی هێزە عەشرەیییەکان بگرێتەوە[١].

هێزە دایمییەکە بەناوی لەشکری شۆڕشی کورد و سەربازەکانیشی بە پێشمەرگە ناونران. جلوبەرگی سەربازەکان قوماشێکی زەردی مەیلە و خاکییە کە بەشێوەی ئاسایی کوردی درواوە و جامانەیان بەسەرەوەیە کە نیشانێکی تایبەتی پێشمەرگەیە، بچووکترین یەکەی سەربازی (پەل) و فەرماندەی ئەو یەکەیەش (سەرپەل)ە. پەل لە ١٥٠ تا ٢٠٠ پێشمەرگە پێک هاتووە، چەکەکانیان بڕنەو، پێنج تیری عوسمانی، تفەنگی ئینگلیزی، ڕوومی، تیرباری سووک و قورس و ژمارەیەکیش هاوەن (قومپارە) و چەند پارچە تۆپی کوێستانی و نارنجۆکە[٢].

دیسپلین و خۆڕاگری و توانایی پێشمەرگەکانی ئەو سوپایە کە زۆر بەوردبینی و بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی لەشولار و هەروەها ئاکار و ئیخلاقیانەوە هەڵبژێردرابوون،

١- بڕوانە گوینتەر دیشنەر، پێشوو، ل ١٩٣ و ١٩٤
٢- حەسەن ئەرفەع پێشوو، ل ١٣٢

بەخێرایی سوپایەکی وەهای پێک هێنا کە وێڕای کەمبوونی ژمارە کە ساڵی ١٩٦٢ ژمارەیان تەنیا ٧٠٠٠ کەس بوو، دەیتوانی زەبری کوشندە لە سوپای ڕژێمی قاسم بدات. ڕێبەرایەتی حزب لەگەڵ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە چەکدارەدا ڕێکخراوەیەکی سیاسیشی دامەزراند کە وەکو زنجیرەیەکی بەوردی تەندراو هەموو ناوچەکەی دەگرتەوە[١].

حزب بەباشی بەیەکەکاندا ڕادەگەیشت، دەوروبەری پەنجا کەسی بەتاوانی خەیانەت و سیخوڕی لە شاری سلێمانی و، ژمارەیەکی کەمتریشی لە شاری کەرکووک و هەولێردا کوشت. هاوکات لەگەڵ نوێکردنەوە و ڕێکخستنی هێزە عەشیرەیییەکان، دەسەڵاتی حزب پەرەی گرت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبوو. ئەو ئەفسەرانەی پێشتر لە سوپادا ئەرکیان بەڕێوە دەبرد کادیری سوپای ڕزگاریخوازییان پێک هێنا، بەڵام بارزانی، هەروەها فەرماندەی گشتییە و شۆڕشگێڕەکان بەبێ سێ و دوو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن[٢]».
لە مانگی فێڤەریەی ١٩٦٢ەوە بارزانی لە شاخەکانی نزیک زاخۆوە دێتە خوارەوە و هێرش دەباتە سەر بنکەکانی ژاندارمری و یەکەکانی سوپای عیراق و لە چالاکییەکانیدا لە هەموو کەرەستە و ئەو ئیمکانانەی پێویستی شەڕی پارتیزانین کەڵک وەردەگرێت. لە گەلی سپی و گەلی زاویتەشدا یەک لە دوای یەک سەرکەوتن وەدەست دەهێنێت.

لە کۆتایی مانگی مارسی ١٩٦٢، بارزانی لە ناوچەی سەرسەنگ چاوی بەنێردراوی قاسم واتە ژەنەراڵ عەبوود دەکەوێت. داواکارییەکانی بارزانی لە ئاستێکی ناوەنجیدا بوون! ئەو وێڕای ئەوەی داوای ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکانی کرد، داواشی لە دەوڵەت کرد کە بەخێرایی پەرەپێدانی بەرنامەی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە کوردستاندا دەست پێ بکات و قوتابخانە بکاتەوە زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمیی ناوچە کوردنشینەکان، بەڵام ئەو وتووێژە دەستکەوتێکی بەرچاوی بەدواوە نەبوو[٣].

جارێکی تر شەڕ دەستی پێ کردەوە. لەم قۆناخەدا پاش ئەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دەوڵەتی عیراق و بەکرێگیراوەکانی ڕژێم واتە جاشەکان پاک کرایەوە، ئەرکی فەرماندەیی سەربازیی ناوچەکە درایە دەستی ئەسعەد خۆشەوی کە دۆستی دێرینی بارزانی بوو و لە کاتی دوورخرانەوەی بارزانییەکان بۆ یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵیدا بوو. ماوەی ٣٣ ڕۆژ بنکە سەربازییەکانی حاجی ئۆمەران و ڕایەت کەوتە دەست هێزە خەباتکارە

١- کوچرا پێشوو، ل ٢٦٩
٢- درک کنیان پێشوو، ل ١٥٠
٣- دانا آدامز اسمیت، ل ٢٠٧



کوردەکان. بەم پێیە ڕێی هامیلتۆن کە لە ڕەواندزەوە دەچێتە ئێران و لە قۆناخی داهاتووی شۆڕشدا دەورێکی یەکجار گرینگی دەبینی، کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە.[١]

جولایی ١٩٦٢ بارزانی بەدەرکردنی چەکدارەکانی شێخ ڕەشید لۆلان بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران دەسەڵاتی خۆی لە باکوری کوردستاندا بەگشتی واتە لە زاخۆ و سنووری تورکیا و سووریاوە تا سنوورەکانی ئێران، جێگیر کرد[٢].

لە هەموو ئەو شەڕ و پێکدادانانەدا، بارزانی وێڕای ئەوەی لە ڕووی ژمارەی چەکدار و پێشمەرگە و پێداویستی و کەرەستە سەربازییەکانەوە یەکجار کەمهێزتر بوو لە بەرامبەرەکەی، کە هێزەکانیان پێکهاتەیەک بوو لە هێزەکانی سوپای عیراق و بەکرێگیراوان و هێزە عەشیرەیییەکانی دوژمنی بارزانی، زێبارییەکان و چەکدارەکانی سەر بەشێخ ڕەشید لۆلان و برادۆستەکانی سەر بەمەحموود خەلیفە لەو عەشیرە و تایفانە بوون کە لە پاڵ هێزەکانی ڕژێمدا دژی بارزانییەکان شەڕیان دەکرد.

مەسەلەیەکی گرینگ کە بووە هۆی شکانەوەی هاوسەنگیی هێز بەسوودی بارزانییەکان یان لانی کەم بەهێزبوونیان لە بەرامبەر هێزەکانی ڕژێمی قاسمدا، هەڵهاتنی چەکدار و ئەفسەرە کوردەکان لە سوپای عیراق و چوونە ڕیزی شۆڕش بوو. لەو بارەیەوە نووسراوە «ژمارەیەکی زۆر چەکداری کورد لەناو سوپای عیراقدان - لە نێوان ١-٣ تا ١-٤ی چەکدارەکانی ئەو سوپایە- و زۆربەیان هەڵدێن و بەتایبەت لەم کاتەدا بەرەی شەڕی چوارتا، عەزیز ئەترووشی چووە ڕیزی بارزانییەکان، ئەو ئەفسەری پێشووی سوپای عیراقە و لە ساڵی ١٩٣٨ و لە ئاوایی ئەترووشی سەر بەناوچەی دهۆک لە دایک بووە لە ساڵەکانی ١٩٦٥-١٩٦٦دا فەرماندەی بەرەی سلێمانی و لە قۆناخی دوایی بزووتنەوەدا سەرۆکی بەشی سەربازیی بەرگریکاری کورد بووە[٣]».

ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکان سەبارەت بەهەڵهاتنی کوردە چەکدارەکانی عیراق و ئەفسەرە بەئەزموونەکان بۆ ناو ڕیزی شۆڕش بابەتی جۆراوجۆریان نووسیوە (هەندێ لەو سەرچاوانە ژمارەی ئەفسەرە پایەبەرزەکانیان تا زیاتر لە حەفتا کەس تۆمار کردووە[٤]).

١- ادامسن، جنگ کردستان ل، ١٩٦
٢- کریس کۆچرا پێشوو، ل ٢٧٩
٣- هەمان، ل ٢٨٠ و ادامسن پێشوو، ل ١٩٦
٤- د. ادامسن. ل ١٩٦

لەم قۆناخەدا پارتی دیموکراتی کوردستان دەورێکی یەکجار بەرچاو و چالاکانەی لە خەباتی دژی ڕژێمدا بینی. ئەو ناوچانەی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی حزبدا بوون بەپازدە بەش دابەش کرا. کە لەلایەن (کۆمیتەی ناوچەیی)یەوە بەڕێوە دەبران.

«عەزیز ئاکرەیی لە بەردەم دەروازەکانی هەولێر و عەلی عەسکەری و جەلال تاڵەبانی لە دەشتی کەرکوک خەریکی چالاکی بوون. لەمەولا بەئاسانی پێشمەرگەی کوردی دەستی دەگەیاندە داوودەزگا نەوتییەکان و، شەوانەش شارەکانی کەرکووک، هەولێر، سلێمانی و کۆیە لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون[١]». پایزی ساڵی ١٩٦٢ شەڕ یەکلایی بووەوە. سوپای عیراق هەوڵەکانی خۆی بۆ سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر خەباتکارەکاندا کۆتایی پێ هێنا و تەنیا بەپاراستنی شارە گەورەکان، دڵخۆش بوو. «لە کۆتایی مانگی ئەگۆستدا، کورد بۆ ئەوەی نیشان بدەن، بەمەرجێک بیانەوێ دەتوانن خەسارەت لە سەرچاوە نەوتییەکان بدەن، بۆڕییە نەوتەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراقیان تەقاندەوە. لە ڕاستیدا پێشمەرگە کوردەکان تا ئەو کاتە خۆیان لەوەی هێرشی جیدی بکەن بۆ سەر کۆمپانیای نەوتی عیراق پاراستبوو. بەڵام بارزانییەکان دوو کەس لە ئەندامە ئینگلیزەکانی ئەو کۆمپانیایەیان ڕفاند و بۆ ماوەی دوو حەوتە لەلای خۆیان هێشتنیانەوە. هەڵسوکەوتی کورد لەگەڵ ئەو دوو کەسە زۆر گونجاو بوو و کاتێ ئازادیان کردن دوو قالیچەی بەنرخیان بەخەڵات پێ دان.[٢]»

لەم قۆناخەدا ڕووداوەکانی کوردستان بەزۆری سەرنجی میدیا جیهانییەکانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. ژەنەراڵ بارزانی کە لە یەکەم قۆناخی شۆڕشەکەی (١٩٤٢-١٩٤٥) و لە سەردەمی کۆماری مەهابادا لەلایەن میدیاکانەوە نامیهرەبانیی لەگەڵ کرا بوو و لەو کاتەش کە لە وڵاتی سۆڤییەت دەژیا و تەنانەت پاش ئەوەش «(بە ژەنەراڵی سوور) ناویان دەبرد. لەپڕ سەرنجی گەورەترین ڕۆژنامەکانی ئەورووپا و ئەمریکای ڕاکێشا و نێردراوی ئەو ڕۆژنامانە لە بەرامبەر ئەو کەسایەتییەدا سەریان سووڕدەما. بارزانی لەو کاتەدا ٦٠ ساڵی تەمەن بوو[٣]». قۆناخی چالاکیی بارزانی وەکو کەسایەتییەکی سیاسی لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی یەکجار جیدی دەست پێ دەکات؛ بارزانی تەنانەت لە ناوخۆی حزبیشدا

١- کۆچرا پێشوو،ل ٢٨٠

٢- درک کنیان پێشوو، ل ١٥٢

٣- درک کنیان، پێشوو، ل ١٥٢



لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە ڕەخنەی لێ دەگیرا و یەکجار ئاگای لە خۆی بوو و خۆی دەپاراست تا ئەو ڕادەیەی دوو شەو لە یەک جێگادا نەدەخەوت. بەردەوام لەناو بازنەی ئەو پارێزگارانەدا بوو کە دەهاتن و دەچوون بەبێ ئەوەی کەس ئاگاداری جێگاکەی بێت، تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە دۆستان و متمانەپێکراوەکان شارەزای جێگاکەی بوون. لەم کاتەدا بارزانی دەیتوانی بەزمانگەلی جیاجیای وەکو کوردی، عەرەبی، فارسی و ڕووسی بئاخڤێت، زمانی ئینگلیزیی نەدەزانی. لە بارەیەوە نووسراوە: «وێڕای ئەوەی تەمەنی لە سەرەوە بوو نەختێکیش قەڵەو بوو، خاوەن هێزی جەستەیی یەکجار زۆر و وزەیەکی لە بڕان نەهاتوو بوو. لەشولاری بەجۆرێکە گوایە یەکپارچە لە بەرد داتاشراوە و خاوەن بڕوایەکی پۆڵاییینە[١]».

شتێک لەو چاوپێکەوتنانەدا وەفدەکانی دەرەوەی سەرسام کرد بوو ڕادەی نائومێدی و ماندوویی بوو، هەروەها خەم و کەسەرێکی لە ڕادەبەدەر کە بارزانییان داگرتبوو و بەردەوام دووپاتی دەکردەوە: «کوردەکان هیچ دۆستێکیان نییە[٢]». تەنیا یەک مەسەلە هەبوو بارزانی سەرنجی پێ دەدا و ئەوەش دیپلۆماسیەت بوو لە ئاستی سەرەوەدا. بارزانی بەتەواوی ئاگادار بوو لەوەی بەتەنیا ناتوانی ڕژێم لەناو ببات هەروەها دەوڵەت ناتوانێ ناسیۆنالیزمی کوردی لەناو ببات. هەر بەو هۆیەوە ماوەیەکی زۆر و تا ساڵی ١٩٤٥ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە چارەنووسی کورد بەسراوەتەوە بەئینگلیز و پاشتر ئەو کاتەی لە کاروباری کۆماری کوردستاندا بەشداریی کرد و لەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا پێوەندیی دروست کرد، پشتی بەو هێزە تازەیە بەست. پاش ئەوەش کە بەچاوی خۆی بینیی چلۆن ڕووس قازی محەممەدیان بەتەنیا لە بەردەم سوپای شادا بەجێ هێشت. بۆچوونی سەبارەت بەوانیش گۆڕا و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هێزی دەسەڵاتدار لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەمریکایە و بەوهۆیەوە هەوڵی دەدا ئەو دەوڵەتە قایل بەپشتیوانی کردنی کورد بکات و لە بەرامبەر ئەوەشدا پێشنیازی بۆ ئەمریکا ڕووخاندنی ڕژێمی قاسم و دۆستایەتیی عیراق بوو لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا. سەبارەت بەگۆڕانی بۆچوونەکانی، بارزانی لە جێگایەکدا دەڵێ: «ئەگەر ئەمریکایی گوێ بدەنە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئێران کە ئەو وڵاتانە بەهیچ جۆرێ پێیان خۆش نییە کەس یارمەتیی ئێمە بدات، ئێمەش ناچارین یارمەتیی کۆمۆنیستەکان قەبووڵ بکەین.»

١- کۆچرا پێشوو، ل ٢٧٤

٢- جاناتان ڕندل پێشوو، ل ٢٧٦

پاشان لە جێگەیەکی تردا دەڵێ: ئەگەر شەڕێک ڕوویدات پێویستتان بەئێمە ئەبێت. ئەو ناوچە ستراتیژییەی ئێمە تێیدا دەژین ئەکەوێتە بەردەم هێزەکانی سۆڤیەت. لە قەوقازەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرچاو بگرن و ئەوەش لە بیر نەکەن ئێمە خاوەنی باشترین هێزی ڕێکوپێک و ناڕێکوپێکی سەربازیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین و دەتوانین سوودی زۆر بەوڵاتە یەکگرتووەکان بگەیەنین. هەروەها کە حزبی شیوعی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەتدا هەنگاو دەنێت ئێمەش دەتوانین بۆ ئەمریکا سوودمان هەبێت[1]. «بەڵام بارزانی لە ڕاستیدا پێوەندیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت نەپچڕاند بوو، بەپێی هەندێ زانیاری، سۆڤیەتییەکان لەم سەردەمەدا واتە هاوینی ١٩٦٢، چەندین جار بەهۆی نوێنەرانی حزبی شیوعیی عیراق و حزبی توودەی ئێرانەوە، پێوەندییان لەگەڵ گرتبوو، بەبۆچوونی بارزانی زاراوەی (زلهێزەکان) بەواتای سنووردار کردنەوەی هەڵسوکەوتی حکوومەتەکان بوو. بارزانی خۆی مرۆڤێکی بەشەرەف بوو و لە سەرقسەی خۆی دەمایەوە و متمانەی بە بەڵێنی بەرامبەرەکەشی هەبوو، لە پێوەندییە دەرەوەییەکانیشدا زیاتر زەینییەتێکی ئەخلاقییانەی بوو تا زەینییەتێکی یاسایی (حقوقی)، وای بۆ دەچوو توانا و شانسی ئەوەی هەیە ئەو بڕوا کوردییە بپارێزێت کە کورد گەلێکی جیاوازن- عەرەب، تورک یان فارس نین و شایستەی ئەوەن ڕەفتارێکی باشتریان لەگەڵدا بکرێت[2]». شەڕەکە تا مانگی دێسامبەر درێژەی کێشا و، لەو دەمەدا ورەی سوپای عیراق ڕووخا بوو و ناڕازیبوونی جەماوەری خەڵکی لە بەردەوامبوونی ئەو شەڕە سەرنەکەوتووە زیاتر بووبوو.

هەوڵەکانی قاسم بەرامبەر بەکێشەی کوێت دەسکەوتی نەبوو. حزبی بەعس وێڕای ئەوەی سەدان کەسی گرتبوو، لە پەرەپێدانی بازنەی دەسەڵاتی خۆی بەردەوام بوو. خۆشەویستی و لایەنگری کردن لە قاسم بەزۆری کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوانەوە.

«شەڕی دژی کورد کە سەرەتا چالاکییەکی بەرتەسکی پۆلیسی بوو، هەنووکە بووبووە زەلکاوێکی بەرین و بێ کۆتایی کە بڕێکی یەکجار زۆری لە داهاتی عیراقی قووت دەدا»، و حکوومەتە دیکتاتۆرەکەی عیراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بیانووی بەدەست نەیارانەوە دەدا. لە کردەوەدا بیروڕای گشتیی جەماوەری عیراق دژ بە سیاسەتەکانی قاسم بوون و

١- کۆچرا پێشوو، ل ٢٧٨

٢- جاناتان ڕندل، پێشوو،ل ١٨٣



ئەوانەش کۆمەڵە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، ناسریست و بەعسییەکان و هەروەها بەشێکی زۆری سوپای دەگرتەوە کە توانای شەڕی دژی کوردیان نەمابوو[1].

«لەو دەمەدا ئامانجی سەرەکی و گرینگی بارزانی نەهێشتنی (دووپشکی بەغدا) واتە قاسم بوو: تەنانەت بەو مەرجەش کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە دوژمنەکانی کورد یارمەتی وەربگرێت. هەڵبەت ئەو سیاسەتە پاشتر بەرەنجامی خراپی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەڕێبەرایەتیی بارزانی لێ کەوتەوە[2]. بەرەبەرە لە نێوان ڕێبەرانی شۆڕشی کورد و بەعسییەکاندا کە ڕێکخراوەیەکیان بەناوی ئەفسەرانی ئازاد پێک هێنا بوو پێوەندی دامەزرا. ئەگەرچی کورد هەرگیز بەڵێنی ئۆتۆنۆمییان بەشێوەی نووسین دایکیۆمێنت وەرنەگرتبوو، بەڵام ئەفسەرانی ئازاد لە مانگی ئەگۆستی ١٩٦٢ و لەلایەن فوئاد عارفەوە کە سەر بەدەوڵەتەکەی قاسم بوو و دواتر بووە ئەندامێکی دەوڵەتەکەی حەسەن ئەلبەکر، بەشێوەی سەرزارەکی ئەو بەڵێنەی ڕاگەیاند[3]».

ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر (دبیر کل)ی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بەنامەیەکی درێژ بەڕوونی هەڵوێستی حزبی لەمەڕ گۆڕانکاریی عیراق و ستراتیژیی خۆیان بۆ جێبەجێ کردنی کێشەی کوردستان بەڕێبەرانی حزبی بەعس ڕاگەیاند و هەروەها داوای کرد ئەفسەرانی ئازادیش بەو هەڵوێستە قایل بن و جەنابی مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرۆک وەزیران یان حاکمی کوردستان دابنرێت و ڕێگەی پێ بدرێت دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان پێک بێنێت».

«لە ئاکامدا ڕۆژی هەینی، هەشتەمی فێڤرییە کودەتایەک بەڕێبەرایەتیی عەبدولسەلام عارف ئەنجام درا کە کۆتایی بەحکوومەتەکەی شۆڕشی ١٩٥٨ هێنا و سەعات هەشت و نیوی سەرلەبەیانی لەپڕ بەرنامەکانی ڕادیۆی بەغدا پچڕا و پاش چەند چرکە بێدەنگی کەسێک لە مایکرۆفۆنی ڕادیۆکەوە هاواری کرد «دیکتاتۆری خیانەتکار وەکو مشک لە ژێر دار و پەردووی بینای وەزارەتی بەرگریدا نابووت بووە، ڕۆژی شەممە نۆی فێڤریە قاسم گوللەباران کرا.[4]». دەوڵەتی تازە لە ژێر دەسەڵاتی حزبی بەعسدا بوو، حزبی بەعس

١- کردها و کردستان و جنبش ملی کرد

٢- کورد گوێنەر دیشنەر، ل ١٩٦ و ١٩٧

٣- کۆچرا، پێشوو، ٢٨١

٤- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٨١

بریتییە لە بزووتنەوەیەکی پان عەرەبیستی و جیهانبینییەکی سێکۆلار و سۆسیالیست.
«بەسەرکەوتنی کودەتاکەی ٨ی فێڤریبیە، عەبدولسەلام عارف بووە سەرۆک کۆمار و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بووە سەرۆک وەزیرانی عیراق، یەکەم (بەیان)ی کودەتاچییەکان خوێندرایەوە. بەڵام هیچ شتێکی سەبارەت بەئۆتۆنۆمیی کوردستان تێدا نەبوو، هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا ساڵح یوسفی نوێنەری پارتی دیموکرات لە بەغدا و ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەنوێنەرایەتی لەلایەن حزبەوە پشتیوانیی خۆی لە ڕێبەرانی کودەتاکە ڕاگەیاند[١]».

نەوشێروان مستەفا سەبارەت بەکاریگەرێتی و هەڵوێستی لایەنە جیاجیاکان لەمەڕ، کودەتاکەی ٨ی فێڤریبیەوە نووسیویەتی: «ڕووخانی قاسم و هاتنە سەرکاری بەعس لەلایەن هەموو ناحەزانی ڕژێمی قاسمەوە و لەوانە ئەمریکا بەخۆشییەکی زۆرەوە پێشوازی کرا، کاربەدەستانی بەعس لە ڕۆژی یەکەمی جووڵانەوەکەیانەوە بانگەوازی کوشتاری شیوعییەکانیان دەرکرد، پێوەندیی نێوان عیراق و یەکێتیی سۆڤیەت گرژ بوو. یەکێتیی سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکانی دنیا هێرشێکی پروپاگەندەیی فراوانیان دژی کاربەدەستانی کودێتای شوبات دەس پێ کرد.»

سەرکردەکانی کودێتا بەر لە جووڵانەوەکەیان لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی (کورد) ڕێک کەوتبوون کە لە بەیانەکانی یەکەمین جووڵانەوەدا مافی نەتەوەیی گەلی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بسەلمێنن، بەرامبەر بەپشتیوانی جووڵانەوەی کورد لە کودەتاکەی ئەواندا[٢]».

١- نەوشێروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٦٧
٢- هەمان، ل ٦٧.

# پاژی شەشەم

# بارزانییەکان و ڕژێمی بەعس

یەکەم شەڕی کوردستان بەکوژرانی قاسم بەدەستی بەعسییەکان لە فێڤرییەی ١٩٦٣دا کۆتایی پێ هات و، وتوویژی سیاسی بۆ گەیشتن بەدەستکەوت و ئەنجامە خوازراوەکان دەستی پێ کرد. هەرچەند تا ئێستاش مەسەلەی کودەتای ٨ی فێڤرییەی ١٩٦٣ و ئەو هەلومەرجەی تێیدا ڕووی دا و هەروەها دەوری لایەنی چەکدار و جەماوەری خەڵکی تەمومژاوییە و ڕوون نەکراوەتەوە؛ بەڵام گەلاڵە داڕێژی سەرەکیی ئەو کودەتایە بەعسییەکان بوون.

وێڕای سەرکەوتنی بەعسییەکان و ئەوەش کە بەخەبات و چالاکیی نهێنی ڕاهاتبوون، بەم زووانە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات ئامادەیی پێویستیان نەبوو و ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرەکانیان هێشتا لە گرتووخانەکاندا بوون و وای بۆ دەچوون بەمەرجێ عەبدولسەلام عارف لە سەرەوەی دەسەڵاتەکەوە دابنێن بەهۆی ناوازەیی و متمانەپێکراوی کە ناوبراو وەکو قارەمانێکی شۆڕشی جولای ١٩٥٨ دەستی کەوتبوو، شانسیان بۆ مانەوە لەسەر پلەی دەسەڵات زیاتر دەبێت[1]».

ئەمریکا وەکو بەربەستێک دەیروانییە حکومەتی بەعس بۆ ئەوەی ڕێگە نەداتە سیاسەتی زێدەخوازانە و بڵاوبوونەوەی بیروڕای کۆمۆنیستی لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە. بەو هۆیەوە کە بزووتنەوەی کورد یەک لە گرینگترین هۆکارەکانی ڕووخانی ڕژێمی قاسم بوو و ئەوەش ڕوون و ئاشکرا بوو کە بەمەرجێک کێشەی کوردستان چارەسەر نەکرێت و ئەو بزووتنەوەیە بەردەوام بێت، لە داهاتوودا دەتوانێ ببێتە هۆی داڕووخان، یان لانی کەم لاوازکردنی هەر سیستەمێک کە لەو وڵاتەدا دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەگەرچی بارودۆخی وڵات بەتەواوی لێڵ و تەمومژاوی بوو و لە (بەیانی) یەکەمی حزبی بەعسدا هیچ ئاماژەیەک بەئۆتۆنۆمیی کوردستان نەکرا و لایەنگرانی بارزانی ئامادە بوون بۆ ئەوەی بەخێرایی هێرشەکانیان دەست پێ بکەن و شارە گەورە و گرینگەکانی کوردستان بەتایبەت

١- کۆچرا پێشوو ل ٢٨٥



کەرکووک و سلێمانی بەکەڵک وەرگرتن لە پەرێشانیی بارودۆخەکە بگرنە دەست. «بارزانی بەشێوەی هەمیشەیی خۆی، خۆی لە ئاژاوە پاراست و بڕیاری دا پێش ئەوەی شەڕێکی تازە دەست پێ بکات هەموو ڕێگە و ئیمکانەکانی خەبات بدۆزێتەوە[1]. یەک حەوتوو پاشتر دەوڵەتی نوێباوی عیراق کە دوو وەزیری کوردیشی لەخۆ گرتبوو، ڕای گەیاند کە مەبەستی وایە پاش ئەوەی لە بیروبۆچوونی کورد ئاگادار بوو دەست بکاتە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە. ڕووخانی ڕژێمی قاسم نیشانەیەک بوو بۆ ڕاوکردنی کۆمۆنیستەکان، ئەوەش تەنانەت لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیی عیراقیشدا بێ وێنە بوو. کودەتای بەعسییەکان لە بەغدا بووە هۆی کوژرانی هەزار کەس و، ماوەی یەک حەوتوو، لە حاڵێکدا کە کوشتاری کۆمۆنیستەکان درێژەی بوو، پاش ڕاگەیاندنی قەدەغەبوونی هاتوچۆ، سوپا بە تانک (دەبابە)وە هەموو ڕێگاکانی هاتنە ناوەوە و دەرچوونی گەڕەکە فەقیرنشینەکانی داخست و کەوتە پشکنینی ماڵ بەماڵ لەو شوێنانەدا. ژمارەیەک لە خەباتکارانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەبیانووی ئەوەوە کە کۆمۆنیستن گیران[2]».

بەڵام دۆخەکە سەبارەت بەکوردستان و پارتی دیموکرات بەشێوەیەکی تر بوو، ژەنەراڵ بارزانی لە ٨ی فێڤریەی ١٩٦٣، بەشێوەی یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاندبوو و کورد زۆر بێ تاقەتانە گوێیان لە ڕادیۆ دەگرت و چاوەڕێی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بوون. بەڵام هیچ هەواڵێک لە وتەی سێحراویی ئۆتۆنۆمی نەبوو؛ وتوویژ لە نێوان کورد و دەوڵەتە نوێباوەکەدا دەستی پێ کرد و بارزانی لە ١٩ی فێڤرییەی ١٩٦٣دا جەلال تاڵەبانی و ساڵح یوسفیی بەمەبەستی وەدەست خستنی هەندێ زانیاری ناردە بەغدا. یەکەم پێوەندییەکان یەکجار تەفرەدەرانە بوون: ژەنەراڵ تاهیر یەحیا کە لە بەهاری ١٩٦٢دا ئاگای لە پێوەندییەکانی ئەفسەرانی ئازاد و ڕێبەرانی کورد بوو و لەو دەمەشدا سەرۆکی سوپای عیراق بوو، (زۆر داوای لێبووردن دەکات) ڕای گەیاند هۆی ئەوەی تا ئێستا ئەو بەڵێنانەی کە بەکورد دراوە جێبەجێ نەکراون ئەوەیە لەو کاتەوە ژمارەیەک لە ناسیۆنالیستەکان توانیویانە بێنە ناو شووراوە و ئەوانەش بۆچوونێکی باشیان لەسەر ئۆتۆنۆمیی کوردستان نییە[3].»

١- هەمان، ل ٢٨٦
٢- هەمان ل، ٢٨٣
٣- هەمان ل، ٢٨٦

ڕێبەرە بەعسییەکانی بەغدا بەزیرەکی و لێزانیی تەواوەوە لە درێژەی وتەکانیاندا دەڵێن کە بەخێرایی و پاش گرتنەدەستی دەسەڵات ئیمکانی ئەوەیان نەبووە باکوری عیراق (هەراج کەن) و وڵاتانی تری عەرەب بکەنە دوژمنی خۆیان و ئەو پێشنیازە دەدەنە جەلال تاڵەبانی تا وەفدێکی ڕەسمی بەمەبەستی وتووێژ لەگەڵ سەرۆک کۆمار ناسردا دەچێتە قاهیرە و ئەویش لەگەڵیان بچێتە ئەوێ لە دڵیشەوە هیوادارن ناسر کە، لەو کاتەدا بۆ دروستکردنی یەکێتیی جیهانی عەرەب و بەڕێبەرایەتیی خۆی هەوڵ دەدات وەکو ئەوان چالاکی و هەوڵی جوادییخوازانەی کورد مەحکووم بکات. وێڕای ئەو باسانە گەورەترین هۆی سەرسوڕمانی عەرەبە ئەندامەکانی وەفدە عیراقییەکە واتە عەلی سالح ئەلسەعدی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ، تالیب شەبیب وەزیری کاروباری دەرەوە و ژەنەراڵ عەمماش، وەزیری شەڕ، ئەوە بوو کە، ناسر بەتەواوی پشتگیریی کوردی کرد و وتی: هیچ کەسێک ناتوانێ نکووڵی لە هەبوونی گەلی کورد بکات، کەواتە ئەو گەلە هەندێ مافیان هەیە و یەک لەو مافانە داواکردنی ئۆتۆنۆمییە. پاشان بەڕاگەیاندنی ئەوەی کە عەرەب (دوژمنێکی بەهێزی) وەکو ئیسرائیلیان هەیە وتی: ئێمە پەرۆشی ئەوەمان نییە کاتمان بەکێشە ناوخۆییەکانەوە بکوژین، کورد لە چوارچێوەی عیراقدا دەبێ مافەکانیان وەدەست بهێنن، بۆ هێندە لە وشەی ئۆتۆنۆمی دەترسن[1]؟.

ناسر بەپێچەوانەی ئەوەی هێندە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی نواند، باش دەیزانی کە لە ڕاستیدا بەو مەرجەی بیەوێ یەکێتی لە نێوان میسر و سووریا و عیراقدا پێک بێنێت لایەنگری کردن لە ئۆتۆنۆمیی کورد لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا ئابڕووی دەخاتە بەر مەترسییەوە. بەهەر حاڵ ناسر نایەوێ هێزی سەربازی بنێرێتە کوردستان، ئەویش لەو کاتەدا کە سوپای میسر لەناو کەنداوەکانی یەمەندا گیرۆدە بووبوو[2].

سوپای میسر لەگەڵ هێزە لایەنگرەکانی سەیفولئیسلام بەدر لە یەمەن شەڕی دەکرد کە لەلایەن وڵاتی سعوودیە و ڕۆژئاواوە پشتیوانی دەکرا و بانگەشەی تاج و تەختی یەمەنی دەکرد. وەفدی عیراق لە ئەلجەزیرەشدا تووشی ئەو سەرسوڕمانە دەبن: سەرۆک کۆمار بێن بیلا دەڵێ: «من پێش ئەوەی عەرەب بم مرۆڤم، من ئاگاداری ئەو مەسەلەیە هەم... ئێمە خۆیشمان لە پێناوی وڵاتەکەماندا شەڕمان کردووە[3]». بەم پێیە بێن بیلا بەشێوەی

١- هەمان، ل ٢٨٧

٢- کامل ابو جابر، حزب سوسیالیست عربی، ل ٧٩

٣- کۆچرا پێشوو، ل ٢٨٧



سەرزارەکی ڕای گەیاند کە بزووتنەوەی کورد لە بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی جەزایر گرینگترە.

ڕێبەرانی حزبی بەعسی کە دەسەڵاتی عیراقیان گرتبووە دەست، پێشنیاز و ڕێنوێنی گەورە ناسیۆنالیستەکانی عەرەبیان کە وەکو برای ئەوان بوون بەهەند نەگرت و، بەبیانووگەلێکی جۆراوجۆر هەوڵیان دەدا خۆ لە ژێر وادە و بەڵێنەکان بەنیسبەت گەلی کوردەوە بکێشنە دەرەوە و، هەوڵیان دەدا بیروڕای گشتیی جەماوەری عیراق ئامادە بکەن و وێڕای ئەوەش تەنیا بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە بابەتی سەرەکیی باسەکە پێشنیازگەلی جۆراوجۆریان دەهێنایە ئاراوە. سەرەتا ژەنەراڵ عەمماش ئەو پێشنیازەی کرد کە کۆنفرانسێک بەڕێوە بچێت و تێیدا هەموو حزبە عیراقییەکان سەبارەت بەکێشەی کورد باس و وتووێژ بکەن، دواتر پێشنیازی کرد لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕاپرسێکی گشتی ئەنجام بدرێت و پاش ئەوەش پێشنیازی بەستنی پەیمانێکی نهێنی هێنایە ئاراوە. پێوەندییەکان زۆر بەخێرایی گرژ دەبن؛ وتاری ڕێبەرانی عیراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێڵتر و ئاڵۆزتر دەبوو؛ وێڕای ئەوەش دیدارێکی تر لە نێوان بارزانی و نێردراوەکانی حکوومەتدا ساز درا. وەفدە عیراقییەکە، کە لەلایەن ژەنەراڵ تاهیر یەحیاوە سەرپەرشتی دەکرا بریتی بوون لە سەرهەنگێک (عقید)، فەرماندەی هێزی ئاسمانی و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای فەرماندەیی شۆڕش (لەوانەیە حەردان تکریتی بووبێت). ژەنەراڵ فەتاح شەعالی و سێ کەسایەتیی کورد: باباعەلی، فوئاد عارف کە هەردوو وەزیر کورد بوون و هەروەها حەیدەر سلێمان، باڵوێزی عیراق لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ناوچەی کانی ماران لە نزیکی شاری ڕانیە چاویان بە بارزانی کەوت: «یەکەم چاوپێکەوتنەکە زۆر سارد بوو[1]» ژەنەراڵ تاهیر یەحیا لەو چاوپێکەوتنەدا وتی: «ئەوە ڕژێمی قاسم بوو کە شەڕ و براکوژیی بەسەر کورد و عەرەبدا سەپاند، کورد و عەرەب هەمیشە دوو نەتەوەی سازگار بوون و پێکەوە سازاون. بارزانی بەشێوەیەکی توند و تووڕەوە لە وەڵامی تاهیر یەحیادا وتی: «گەلی کورد ئیدی بڕوایان بەوە نەماوە کە بتوانرێ بەقسەی ساف و لووس ئاشتی و دۆستایەتیی دەستەبەر بکرێت. قاسم زۆر لەو قسانەی لەگەڵ کردین و لەگەڵ ئەوەشدا ژن و منداڵەکانمانی کوشت»[2].

١- نوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٦٤

٢- کریس کۆچرا، پێشوو ،ل ٢٨٨

ڕێبەرانی بەعس بەپێی نووسینەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمین «ئەو بەڵێنەی بە کوردیان دابوو سەبارەت بە مافی ئۆتۆنۆمی، بەبیانووی نالەباری هەلومەرجی سیاسی و ناڕازیبوونی ناسر و ناسرییەکان نەهێنرایە دی، ئەمەش یەکەم پەیمانشکێنی بوو[1]).

ژەنەراڵ بارزانی کە وەکو تاکە کەس تا ئەو کاتە بۆ پشتیوانیی کردن لە سەرکەوتنی بەعسییەکان هیچ هەڵوێستێکی نەنواند بوو، لە دیدار لەگەڵ نێردراوە تایبەتەکانی حکوومەتدا مەبەستی خۆی لەو بێ دەنگییە بەو شێوەیە دەربڕی «هۆی ئەوەی کە من لاگیریی ئێوەم نەکردووە و پشتیوانیم نەکردوون، ڕوون و ئاشکرا پێتان بڵێم ئەوە بوو کە بەغدا بەو جۆرە کە ئێمەش چاوەڕوان بووین هەڵسوکەوتی نەکرد، واتە مافەکانی گەلی کوردی لە چوارچێوەی عیراقدا قەبووڵ نەکرد کە ئەوەیش ئۆتۆنۆمییە بۆ ئەو گەلە. ئەو داخوازییە ئێستاش وەکو دوێنێ کەمترین داخوازیی ئێمەیە بۆ ئەوەی کۆتایی بەدوژمنایەتییەکان بهێنرێت[2]». بارزانی هەندێ لە داخوازییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەو چەشنەی خوارەوە دەخاتە بەردەستی وەفدەکە:

- دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد.
- دانانی ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بەکوردستان و دیاریکردنی سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە کە لە بەرامبەر پەرلەمانی کورددا، کە ئەندامەکانی لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا و بەدەنگی ڕاستەوخۆ و نهێنی هەڵدەبژێردرێن، بەرپرس بێت.
- دانانی جێگرێکی سەرۆک کۆماری کورد.
- قایل بوون بەوەی کە ناوچەی کوردستان پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکووک و هەولێر و ناوچەگەلێکیش لە مووسڵ و دیالە کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردە بگرێتەوە.
- پێکهێنانی ژاندارمری.
- دابەشکردنی داهاتی نەوت[3].

بارزانی بەهۆی داڕشتن و خستنە بەردەستی لیستێکی ڕێکوپێکەوە بەرگری داخوازییەکانی گەلی کورد بوو، بۆ یەکەمجار بەتێگەیشتن و شێوە بۆچوونی کوردی سەبارەت بەئۆتۆنۆمی بەشێوەیەکی وردبینانە و نووسراوەیی لە بەڵگە (دایکیۆمێنت)ێکی

---

١- نوشیروان، پێشوو، ل ٦٥

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٨٩

٣- هەمان، ل ٢٩٠



ڕەسمیدا خستە بەردەست بەجۆرێ داخوازی یەکلاییکەرەوەی خۆی لەگەڵ حکوومەتدا تەسلیمی کاربەدەستانی دەوڵەت کرد؛ هەروەها بارزانی ڕای گەیاندبوو: ئەگەر ئەو داخوازییانە لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ نەکرێن شەڕ دەست پێ دەکاتەوە.

دەوڵەتی بەغدا لەو داخوازییانە کە بەبڕوای ڕێبەرانی حکوومەت زێدەخوازی بوون سەری سوڕما و ڕای گەیاند، ئەو داخوازییانە شایانی ئەوە نین وتووێژیان لەسەر بکرێت و لە ڕۆژی ٦ی مارچ **١٩٦٣** تالیب حوسێن، وەزیری کاروباری دەرەوەی عیراق و یەک لە ڕێبەرانی باڵی ڕاستی حزبی بەعس ڕایان گەیاند «هیچ باسێکمان لەسەر ئۆتۆنۆمی نییە، تا ئێستاش لە ڕادەبەدەر لەگەڵ ئەو (یاخییەدا) کە تەنانەت لەلایەن کوردیشەوە پشتگیری ناکرێت، وتووێژمان کردووە، بەمەرجێ ژەنەراڵ بارزانی مل بەسازشت نەدات لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بۆ هەمیشە کۆتایی بە شۆڕشەکەی دەهێنین[1].

وتەکانی تالیب حوسێن زۆر بێ جێ بوون و زیاتر لە خۆهەڵکێشان دەچوون تا سەرنج دان بەڕووداوەکانی ئەو دەمە و شیکاری ڕاستییەکان، چونکە هەروەها کە ڕەوتی مێژوو شایەتە، بزووتنەوەی بارزانی ماوەیەکی زۆر پاش ئەوەش هەر بەردەوام بوو و وەکو گرینگترین کێشەی عیراق حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە بەردەوام بیریان لەوە دەکردەوە بە چ شێوەیەک لەگەڵیدا ڕێک بکەون. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر بەڕاستی بارزانی لەلایەن جەماوەری کوردەوە پشتیوانی و لایەنگریی لێ نەدەکرا و یاخییەکی ناخۆشەویست بوو، هۆی ئەوە چ بوو کە بەرپرسانی پایەبەرزی عیراق چەندان جار وەفدە نێردراوەکانی بارزانییان قەبووڵ دەکرد و لەگەڵیان دادەنیشتن؟ یان بەرپرسانی پایەبەرزی حکوومەتی بەعس و حکوومەتە پێشووەکانیش بە چ هۆیەکەوە بەمەبەستی دیدار لەگەڵ بارزانی سەفەریان دەکردە کوردستان؟ گومان لەوەدا نییە کە ڕێبەرانی حزبی بەعس و کادیری ڕێبەرایەتیی عیراق هەرگیز بیریان لە دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی وەکو مافی ڕەوای گەلی کورد نەدەکردەوە. وتووێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانی و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە دیدی ڕێبەرانی بەعسەوە لەوانەیە بەو هۆیەوە بووبێت کە بیانپەرژێتە سەر ئەوەی گەلاڵەی پێویست دابڕێژن بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکان و بەتایبەت گاردی نەتەوەیی حزبی دەسەڵاتدار بە وزە و هێزێکی زیاترەوە بکەوێتە کوشتار و لەناوبردنی لایەنگران و ئەندامانی حزبی شیوعیی عیراق و، لەو دەمەشدا حزبی شیوعی گیرۆدەی تەنگژەیەکی یەکجار گەورە بووبوو. بەپێی نووسینەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمین «جەزرەبەیەکی

---

١- هەمان، ٢٩٠.

کوشندەی بەرکەوت. سکرتێرەکەی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتیی و کادیرە ناسراوەکانی گیران و کوژران، تەنیا جێگا کە دەیانتوانی خۆیانی تێدا بگرنەوە کوردستان بوو، مەلا مستەفا بەخۆشییەوە بەرەو پیریان چوو و دالّدەی دان و ماوە و ئیمکانی خۆڕێکخستنەوە پێویستەکانی دابین کردن، مەلا مستەفا چەند مەبەستێکی هەبوو، یەکەمیان لە ناکۆکیدا لەگەڵ م.س، بتوانێ ڕەزامەندیی شیوعییەکان بەدەس بهێنێ، دووەمیان، لەو ڕێگەیەوە پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤیەت دەستەبەر بکات[1]». سەرەنجام ڕۆژی ٩ی مارچی **١٩٦٣** ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕشی عیراق «مافی نەتەوەیی گەلی کوردی بەشێوەی (لامەرکەزی) بەڕەسمی ناسی! لە دیدی میدیای جیهانییەوە کورد سەرکەوتنیان وەدەست هێنا بوو و ڕۆژنامەی لۆمۆند بەخەتێکی درشت نووسیبووی «بەغدا ئۆتۆنۆمی دەداتە کورد. ڕۆژی پێش ئەوەش لە ڕاگەیاندنێکدا لێبووردنی گشتیی بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچەی باکوری عیراقدا شەڕی چەکدارانەیان کردووە، دەرچوو[2]».

دەوڵەتی بەغدا ئەو ڕاگەیاندنەی بەشێوەی یەکلایەنە و بەبێ ڕەزامەندیی بارزانی ئەنجام دا و ئاشکرایە هەرگیز ئەو داخوازییانەی گەلی کورد کە مەلا مستەفا خۆی لە دیدارەکەی ٤ی مارچدا خستییە بەردەستی تاهیر یەحیا، تێدا نەگونجێندرا بوو.

«هەرچەندە سالّح ئەلسەعدی جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق ڕۆژی ١١ی مارچی **١٩٦٣** لە وتووێژیکی ڕۆژنامەوانی لە شاری دیمەشق پشتگیریی بڕیارەکانی دەوڵەتەکەی دەکات و ڕادەگەیەنێت کەوا کورد لە هەموو بوارەکاندا جگە لە کاروباری دەرەوە و کاروباری بەرگری و دارایی کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدایە داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتیی خۆیان دەبێت». بەڵام لە ڕاستیدا هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ کورد لە ئارادا نەبوو، چونکە داخوازییەکانی بارزانی بەتەواوی لە چوارچێوەی ئەو بوارە مالّی و بەرگرییەدا داڕێژراوە و وتووێژەکان بەرەو بەربەست پاڵ پێوە دەنێت[3].

بارزانی کە ئێستا لەلایەن هەندێ دەستە و کۆمەڵەوە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتدا پاڵەپەستۆی لەسەرە، لە کۆنفرانسێکدا جەماوەری کوردستان بانگهێشتن دەکات تا بەشداری دانیشتنەکان بکەن. ئەو کۆنفرانسە لە ڕۆژەکانی **١٧** تا **١٩**ی مارچ لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو و **٢٥٠٠** کەس وەکو نوێنەر کە مافی دەنگدانیان هەبوو بەنوێنەرایەتیی

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٦٩
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٦٨
٣- کۆچرا پێشوو، ل ٢١٩



پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە چەکدارەکان و، هەروەها گەورەپیاوان و ڕۆشنبیرانی کوردیش لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون. هەر لەو دانیشتنەدا جیاوازیی بیروڕا لە نێوان بەرپرسانی حزبی و ڕێبەرایەتیی حزب (مەلا مستەفا)دا بەئاشکرا دێتە ئاراوە و بارزانیش ناڕازیبوونی خۆی لە ڕەفتاری ئەو بەرپرسانە دەربڕی[1]. کۆنفرانسەکە وێڕای ئامادەکردنی لیستێکی نوێ لە داخوازییەکانی گەلی کورد کە بە(ئاگاداریی ٢٤ی ئاوریل) ناودارە، وەفدێکی بەسەرپەرشتیاریی جەلال تاڵەبانی بەمەبەستی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت هەڵبژارد. چەن ڕۆژ پاش کودەتاکەی ٨ی مارچی **١٩٦٣**ی عیراق واتە مانگێک دوای ڕووخانی ڕژێمی قاسم، حزبی بەعس لە سووریا دەسەڵاتی گرتەدەست، وتووێژ بەمەبەستی تێکەڵبوونی میسر و سووریا و عیراق لە کۆمارێکی یەکگرتوو بەناوی (کۆماری یەکگرتووی عەرەبی)دا دەستی پێ کرد. ئەو وتووێژانە جارێکی تر ئەوەیان ڕوون کردەوە کە ڕێبەرانی بەعسی بەغدا گەمەیەکی سیاسیی نادیاریان گرتووەتە بەر و هەرگیز مەبەستیان وا نییە لەگەڵ کورد ڕێک بکەون.

وەفدە نێردراوەکەی بارزانی چەند دانیشتنێکی لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتدا بەڕێوە برد. بەڵام بەپێی نووسینەکەی نەوشێروان مستەفا: «باری سەرنجیان جیاواز بوو، بەعس پڕۆژەی لامەرکەزیی ئیداریی ئامادە کردبوو، ئەمانیش (کورد) پڕۆژەیەکیان ئامادە کردبوو بەناوی حوکمی زاتییەوە کە لە ڕاستیدا حوکمی فیدراڵی بوو، دیار بوو ئەم دوولایەنە ناگەنە یەک. بەتایبەتی دوای ئەوەی بەعس لە سووریاش کاروباری گرتەدەست[2]».

لە نێوان وتووێژە سێ قۆڵییەکەدا کە بەمەبەستی یەکگرتنی سێ وڵاتی میسر و سووریا و عیراق بەڕێوە دەبران سەرۆک ناسر پێشنیازی کرد بەمەبەستی بەشداریکردن لە دوایین قۆناخی وتووێژەکاندا کە بڕیار بوو لە ناوەڕاستی ئاوریل لە قاهیرە بەڕێوە بچێت. نوێنەرانی بارزانیش بانگهێشتن بکرێن.

بەڵام لە وەڵامدا، ڕێبەرانی بەغدا دەڵێن پێویست بەبانگهێشتنی کورد نییە، چونکە کێشەکە لە نێوان عیراقییەکان خۆیاندا جێبەجێ کراوە[3]. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە هاوکات لەگەڵ دانیشتنەکاندا، ڕێبەرانی بەغدا بەو بیانووەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی نەتەوەیی ترازاوە و ناسر لەگەڵ هەر جۆرە ڕێککەوتنێکدا کە خەسارەت لە یەکێتیی

١- هەمان، ل ٦٩
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین پێشوو ل ٦٩
٣- کۆچرا پێشوو، ل ٢٩١

عەرەب بدات تەبا نییە» ، خۆیان لە جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی گەلی کورد دزییەوە.

پرۆژەی (لامەرکەزی) پرۆژەیەکی نوێی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی بوو بۆ پێکهێنانی پارێزگاگەلێک و لە ژێر چاودێریی ئەو پارێزگارانەدا بەڕێوە دەچوون کە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دادەنران و لە بەرامبەر دەوڵەتدا بەرپرس دەبوون[١].

بەرپرسانی حکومەتی بەعس بەبۆچوونی خۆیان ئەو بەرنامەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتیی هەمیشەیی نێوان عەرەب و کورد بەڕێوە دەبەن. لەو پرۆژەیەدا کوردستان بەبێ ئەوەی ناوی بێت بەدوو بەش دابەش کرابوو و بریتی بوون لە دوو پارێزگای سلێمانی و کەرکووک، کە ناوچەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆکی دەگرتەوە و دهۆکیش بریتی بوو لە ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ و زێبار. تاکە سەرەتییەک کە لەو پرۆژەیەدا بەکورد درا بوو، قەبوولکردنی زمانی کوردی بوو وەکو زمانی ڕەسمی لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر، پارێزگای کەرکووک بەر ئەو یاسایە نەدەکەوت[٢]» . بەم پێیە پچڕانی پێوەندییەکان نزیک بووبووەوە. جەلال تاڵەبانی نامەی ئاگادارکردنەوەی ٢٤ی ئاوریلی ١٩٦٣ی کە لەلایەن کوردەوە دەرچوو بوو لە بەغدا بلاو کردەوە. لەو نامەیەدا وشەی ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزی بەرچاو ناکەون، بەڵام داخوازییەکان لە ڕادەبەدەر بوون.

لە ڕاستیدا کورد خوازیاری وڵاتێکی دوو نەتەوەیین کە لەسەر شێوازی وڵاتە ئەوروپییەکان (وەکو یۆگوسلاڤیا و تا ڕادەیەکیش سویسرا) بەڕێوە ببرێت. تاڵەبانی پاش بلاوکردنەوەی ئەو ئاگادارکردنەوەیە کە خۆی لە ڕاستیدا بەواتای پچڕانی پێوەندییەکان بوو ڕای گەیاند: «ئامادەین لە بەغدا بمێنینەوە و وتووێژ بکەین، بەڵام ئەگەر دەوڵەتی بەغدا نیەتپاکیی خۆی نیشان نەدات، حەوتوویەکی تر دەگەڕێینەوە» . جەلال تاڵەبانی ڕۆژی سی و یەکی مەی ١٩٦٣ بۆ چاوپێکەوتنی ناسر چووە میسر، ناسر بەتاڵەبانیی وت بەمەرجێ عەرەب بڕوایان بەرەوابوونی ئاواتەکانی خۆیان هەبێت لەو حاڵەتەدا ئەرکێکی ئەخلاقی دەکەوێتە سەرشانیان و دەبێ مافی ئۆتۆنۆمیی کورد لەبەرچاو بگرن. تاڵەبانیش ناسری دڵنیا کردەوە کە کوردستانی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی ئەو یەکێتییە عەرەبییەی لە داهاتوودا پەرەدەگرێت پشتیوانیی لێوە دەکات. پاشان بەبێ ئەوەی بەشێوەی کردەوەییانە هیچ پشتگیرییەک لە ناسر وەربگرێت گەڕایەوە بۆ کوردستان[٣]» .

---

١- عیسمەت شەریف وانلی، پێشوو ،ل ٣٧٥- ٣٧٢

٢- کۆچرا پێشوو، ل ٢٩٤

٣- درک کنیان، ل ١٥٥ و ١٥٦



## ب: شەڕی کورد لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عیراق

دەوڵەتی عیراق پاش چەندین مانگ وتووێژ و دواخستن و پەلاوپەل کردن، سەرەنجام بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ بەبێ ئەوەی هەوڵبدات بەرپرسایەتیی شەڕەکە بخاتە ئەستۆی کوردەوە پێشدەستیی کرد. ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش (ی عیراق) وێڕای ئەوەی کە شۆڕشگێڕان (کورد)ی بەجەماعەتێکی جوداییخواز، فیۆدال (دەرەبەگ) ستەمکار، جەنایەتکار و دوژمنی کۆماری عیراق ناودەبات کە لە دەوری بارزانی کۆبوونەتەوە، خۆی ئامادەی شەڕ کرد. ڕۆژی ١٠ی ژوئەنی ساڵی ١٩٦٣ دەوڵەتی بەغدا ڕای گەیاند «ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش بڕیاری داوە بەخێرایی چالاکییە سەربازییەکانی خۆی دژی مستەفا بارزانی دەست پێ بکات[١]» .

ماوەیەک پێشتر واتە لە سەرەتای ئەو مانگەدا تاڵەبانی و ژمارەیەک لە ئەندامانی وەفدەکەی نائومێدانە گەڕانەوە کوردستان بۆ ئەوەی لەگەڵ مەلا مستەفا ڕاوێژ بکەن، بەوتەیەک لە ٩ی ژوئەندا بەرپرسانی ڕژێمی بەعس بەئەندامانی وەفدەکە، کە لە بەغدا مابوونەوە ڕاگەیاند کە دەوڵەت پێملی داخوازییەکانی گەلی کورد بووە و ئێستا دەیانەوێ بەفڕۆکە بیانبەنەوە بۆ کوردستان.

بەڵام بەپێچەوانەوە بردنیانە ئۆردوگای ئەلڕەشید، کە گەورەترین بنکەی سەربازی بوو لە نزیک بەغدا و لەوێ خستنیانە بەندیخانەوە[٢]» .

سەعات ٥ی سەرلەبەیانیی ٩ی ژوئەنی ١٩٦٣ تەنانەت پێش ئەوەی دوایین ئاگادارکردنەوەی دەوڵەت بەمەبەستی تەسلیم بوون لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا بگاتە دەستی ژەنەراڵ بارزانی، لە شاری کەرکووک، هەولێر و سلێمانیدا حکومەتی نیزامی ڕاگەیێندرا، سوپای عیراق بەهۆی یەکە زرێپۆشەکانییەوە ئەو شارانەی گەمارۆ دا و دەستی کرد بەگرتنی بەکۆمەڵی خەڵک و چەپاوکردنی بازاڕ و دووکان و هەروەها کوشتاری جەماوەری ئاسایی کە لە ترسی شەڕەکە هەڵهاتبوون. بەتایبەت لە شاری سلێمانی، بەو شێوەیە چەند سەد کەس گیران و ٢٧٢ کەس کوژران و هەموو ئەو کوژراوانە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا پێکەوە نێژران[٣]» .

---

١- کۆچرا- پێشوو، ل ٢٩٣

٢- درک کنیان، پێشوو، ل ١٥٧

٣- خەبات ژمارە ٤٦٩- لە عیسمەت شەریف وانلی وەرگیراوە- ژووئەن ١٩٦٣

پێش مانگی ژوئەن و دەستپێکردنی شەڕ بەشێوەی ڕەسمی، دەوڵەتی عیراق ماوەیەکی بۆ خۆ تەسلیم کردنی خەباتکارەکان دیاری کرد و ڕای گەیاند کە تا ئەو کاتە دیاری کراوە هەر کەسێک خۆی تەسلیم بکات بەر بڕیاری لێبووردن دەکەوێت و دەخرێنەوە سەر کارەکانی خۆیان، ئەو ماوەیە پاش سێ ڕۆژ دوایی هات و جارێکی تر تازە کرایەوە. بەڵام نە ئەندامانی سوپا و نە فەرمانبەرانی هەڵهاتووی دەوڵەت نەگەڕانەوە سەر کارەکانیان و کوردیش چەکیان دانەنا. پاشان دەوڵەت ڕای گەیاند هێرش دەکاتە سەر شۆڕشگێڕان و بەبێ هیچ لێبووردنێک لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەموویان لەناو دەبرێن[١].»

ئەندامانی سوپای نوێی عیراق لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە قاسم مەبەستی ئەوە نەبوو بەسەر کورددا سەرکەوێت، بگرە مەبەستی ئەوە بوو سوپا لە شاری بەغدا دوور بکاتەوە، ئەوان دڵنیابوون لەوەی کە بەمەرجێک چەک و تەقەمەنی و هێزی ئینسانیی پێویست بخرێتە کار لە ماوەی یەک حەوتوودا ئەو شۆڕشە (شۆڕشی کورد) سەرکوت دەکرێت[٢].

بەم پێیە هێرشێکی قورسیان دژی کورد دەست پێ کرد و لەو هێرشەدا لە نوێباوترین و کوشندەترین چەک کەڵکیان وەرگرت لەوانە، ناپاڵم، بۆمبی ئاگرین، دەبابە، تۆپی قورس و بۆمبارانی بەردەوام و... هتد، هێرش بۆ سەر کورد بەشێوەی هاوکات بەهۆی سێ لەشکرەوە کە لە ڕانیە و ئامێدی و ئاکرێ جێگیر بووبوون دەستی پێ کرد و یەکەکانی تری سوپاش لە ناوچەکانی کۆیە، قەڵادزێ، چوارتا، سلێمانی و خانەقینەوە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە هێرشیان دەست پێ کرد و ئەو هێرشەش لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە و بەبۆمبارانی ئەو شوێنانەی گومانی ئەوەی لێ دەکرا کوردی تێدا بن پشتیوانی دەکرا و نزیکەی ٢/٣ی سوپای عیراق لەو هێرشەدا بەشدار بوو[٣].

(هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو جەنایەتە بەربڵاوە، بەعسییەکان هەوڵیان دا بەدیاریکردنی خەڵاتێکی ١٠٠ هەزار دیناری بۆ سەری بارزانی سەری شۆڕش بقرتێنن. ئەو ئەندامانەی لە وەفدە وتووێژکارەکە لە بەغدا مابوونەوە بەشێوەیەکی یەکجار نامرۆیانە ئەشکەنجە دران، ئەشکەنجەکە هێندە سەخت و تاقەت پڕووکێن بوو کە ساڵح یوسفی و عەبدولحوسێن فەیلی نامەی پەشیمانییان نووسی و نووسییان کە لە ئەندامێتی حزب و

١- حەسەن ئەرفەع، پێشوو ل ١٣٥

٢- خەبات، پێشوو

٣- حەسەن ئەرفەع، پێشوو ل ١٣٥ و ١٣٦



پشتگیریی بارزانی پەشیمان بوونەتەوە و ڕقیان لە بارزانییە و ژمارەیەکیش بۆ نائومێدکردنی شۆڕش بەزۆر لە تەلەڤیزیۆندا دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد قسەیان پێ کرا[١]). ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە هێزەکانی دەوڵەت وزە و زەوق و شەوقی پێشوویان لە دەست دابوو؛ بەڵام هێزەکانی بارزانی وەکو خۆیان مابوونەوە[٢]. تاکتیکی کورد ئەوە بوو تا ئەو جێگایەی بۆیان دەلوێت خۆ لە مەترسیی کەوتنە ناو گەمارۆ لادەن، بەو هۆیەی شارەزای بست بەبستی کوێستانەکان بوون، بەردەوام بەدەوری شاخەکاندا لە هاتوچۆدا بوون. لە کاتی مەترسیدا ئاوایی و سەنگەرەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت چونکە لای ئەوان هێزە ئیسنانییە چەکدارەکان گرینگییەکی زیاتری بوو لە زەوین و شوێنە جوگرافییەکان کە نەدەبوو لە شەڕدا هیچ کام لەو شوێنانە بەشوێنگەلێک دابنرێن کە دوژمن نەتوانێ زەفەریان پێ ببات. هەر بەو هۆیەوە و لە ڕاستای ئەنجامدانی ئەو تاکتیکەدا بوو کە تەنانەت بارزان و زێبار کە شوێنی لەدایکبوونی بارزانی بوون بەجێیان هێشتن و پەنایان بردە بەر کوێستانەکانی دەوروبەر.

«لە بەرەکانی تری شەڕیشدا هەلومەرجەکە بەدڵی هێزەکانی سوپای عیراق نەبوو؛ لە بەرەی ڕەواندزدا بەتەواوی لەشکر (گردان)ێک لە دۆڵی عەلی بەگدا کە بۆ ماوەی چەند حەوتوو و تا ناوەڕاستی مانگی ئەگۆست گیرۆدەی شەڕێکی قورس بوون کەوتنە داوی هێزەکانی شۆڕش و پێشمەرگە کوردەکان کە هێزی ئاسمانی بەتوندی بەدوویانەوە بوون؛ لە ئەنجامدا پاش ئەوەی خەسارەتێکی قورسیان لە هێزەکانی سوپای عیراق دا گەڕانەوە دواوە[٣]. دەوڵەتی بەعسی عیراق بۆ بەهێزکردنی زیاتری هێزەکانی بەرەی شەڕ لە کوردستان وێڕای سوپای دەوڵەت و ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە کوردەکانی لایەنگری دەوڵەت (شەرەفانی، زێباری، برادۆست، لۆلان، بەرانی، مەندان لە دەستکەگەلێکی پارتیزانیدا بەناوی سوارەی سەلاحەدین کە ژمارەیان بەچوارده هەزار کەس دەگەیشت و هەروەها لە هۆزە ڕکەبەرەکانیش هێزێکی بەناوی سوارەی خالید بن وەلید نارده بەرەی شەڕی دژی کورد[٤]).

١- نەوشیروان مەستەفا ئەمین، ل ٧٠

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٩٦

٣- هەمان، ل ٢٩٦

٤- حسن ارفع، پێشوو، ل ١٣٦

لە باشووری عیراق، کورد لە ١٧ی ژووئەندا بنکە نەوتییەکانی زەمبوور و لە ٢٢ی هەمان مانگدا بنکە نەوتییەکانی کەرکووکیان تەقاندەوە. بەڵام پێشمەرگە کوردەکان لە بەرامبەر ئەو هێزەدا کە فەرماندەیی سوپای عیراق ناردبوویە بەرەی شەڕەوە ناچاربوون پاشەکشێ بکەن و هێزەکانی سوپای عیراق لە مانگی سێپتامبەردا بنکەی جەلال تاڵەبانییان (کە خۆی لەو کاتدا لە ئەورووپا بوو) لە چەمی ڕێزان داگیر کرد و لە مانگی نۆڤەمبەردا بەناچار بەجێیان هێشت[1]».

لە ماوەی شەڕەکەدا حکوومەتی بەعس دەستی دایە سیاسەتی زەویی سووتاو، بەڵام گرینگترین و بەرچاوترین سیاسەت کە بەعس دایهێنا (تەعریب)ی سیستماتیک و یاسامەندی ناوچەکانی کوردستان بوو و ئەم سیاسەتەش پاش هاتنەوە سەر دەسەڵات لە ١٩٦٨ درێژەی پێ درایەوە؛ هەر لە سەرەتاوە سوپای عیراق دانیشتوانی کوردی ناوچە ستراتیژییەکان، واتە ناوچەکانی سەر سنوور و ناوچە نەوتاوییەکانی دەرکرد و ئاواییە کوردنشینەکانی بۆمباران کرد و بەشۆفڵ کاولی کردن، لە ڕاستای ئەو پرۆژەیەدا تەنیا لە ناوچەی کەرکووک نزیکەی ٤٠٠٠ کورد لە ماڵ و لادێکانی خۆیان دەرکران، لە دەشتی هەولێریش پرۆژەی بەعەرەبکردن (تەعریب) بەشێوەیەکی یاسامەند و بەرنامە بۆ دارێژراو ئەنجام درا. هەزاران کورد لە کەرکووک لە ماڵەکانیان دەرکران و نێردرانە باشووری عیراق[2]. لەو کاتەدا ناوچەکانی باکوری کوردستان، وەکو بادینان، بەدەستی بارزانییەوە بوو و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووریش لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتدا بوون. سوپای ڕژێمی بەعس هاوکات لە سێ لاوە هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد کە لە ڕووی توندوتیژی و بەربڵاویی ئەو هێرشانەوە یەکجار بەزەبرتر بوون لە هێرشەکانی سوپا. لە سەردەمی قاسمدا هێزی زەوینی و ئاسمانی بەمەبەستی کاولکردنی ئاوایی و ئۆردووگا کوردنشینەکان هەماهەنگ کرابوون. بانگەشەکەرانی ئایینی مەسیح ماوەیەک پاشتر لە لەندەنەوە ڕایان گەیاند کە هێزەکانی سوپای عیراق هەندێ لە ئاواییەکانیان گەمارۆداوە و دانیشتووەکانیان لە ئاواییەکاندا هێشتووەتەوە و بەتۆپ و فڕۆکە بۆمبارانیان کردوون[3]».

سەبارەت بەو هێرشانە زانیاریی زۆر نەدەدرایە دەرەوە، بەڵام بۆ هەمووان ڕوون بوو کە

١- دیوید ادافر، جنگ کردستان، ل ١١٧

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٩٢

٣- درک کنیان، پێشوو، ل ١٥٩



بارزانی لەسەر ڕەوتی پێشوو بەردەوام کەڵکی لەو شێوازە وەرگرتبوو و بەشێوەی «لێدان و کشانەوە» درێژەی بەشەڕەکە دەدا و لەو حاڵەتەشدا هێزەکانی سوپای عیراق؛ زاخۆ، ئاکرێ و ئامێدییان داگیر کرد، هەر جارێکیش زەبروزەخت زیاتر بوو بارزانییەکان دەکشانەوە و پەنایان دەبردە بەر کوێستانەکان. هێزەکانی دەوڵەت شار و لادێ گەورەکانیان داگیر کرد، بەڵام شاخەکانی دەوروبەر بەدەستی پێشمەرگە کوردەکانەوە بوو.

لە مانگی ئەگۆستی ١٩٦٣دا سوپای عیراق گەیشتە زێبار (لە سەرەتای ئەو مانگەدا بارزان داگیر کرابوو.) بارزانی وەکو ساڵی ١٩٣٢ بەرەو کوێستانەکانی باکوری بارزان لەسەر سنووری تورکیا پاڵنرا بوو بەڵام هێزەکانی دەوڵەت گوڕ و تینیان نەما بوو. لە ١٤ی جولای ١٩٦٣ واتە مانگێک پاش دەستپێکردنی هێرشەکە، ژەنەراڵ عارف لە ئاخافتنێکدا بەبۆنەی پێنجەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی جولای ١٩٥٨ەوە ئەنجامی دا، ڕای گەیاند کە هێزەکانی سوپای عیراق ناوچەیەکی بەربڵاویان لە هێزە چەکدارە کوردەکان پاک کردووەتەوە[1]»، لەو حاڵەدا بەتەواوی ڕوون بووەوە کە ناوبردنی شەڕی کوردستان لەلایەن ڕێبەرە پایەبەرزە سەربازییەکانی حزبی بەعسەوە، وەکو ژەنەراڵ عەمماش و حەردان تکریتییەوە هاشوهووش زیاتر نەبووە.

شەڕی کوردستان خۆی کێشایە دەرەوەی سنوورەکانی عیراق و وڵاتانی - تریش بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەستیان لەگەڵ عیراق تێکەڵ کرد؛ بۆ نموونە حکوومەتی بەعسی سووریا پشتیوانیی خۆی لە حکوومەتی بەغدا ڕاگەیاند و ٥٠٠٠ سەربازی سووریی ناردە کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردن لە شەڕەکەدا. کۆماری یەمەنیش ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئەوەی لە بەرەکانی شەڕدا دژی کورد یارمەتی عیراق بدات[2]».

دەستێوەردانی ڕژێمی بەعسی سووریا لەو شەڕەدا و بەمەبەستی یارمەتیدانی عیراق لە دیارترین و بەرچاوترین خاڵەکانی ئەو شەڕەیە. ئەو هێزەی کە لە سووریاوە نێردرانە بەرەی شەڕ، بریتی بوون لە تیپی یەرمووک کە زیاتر لە بەرەی شەڕی دژی ئیسرائیلدا شەڕیان دەکرد؛ ماوەی چالاکی کردن و هەروەها ناوچەی چالاکییەکانی ئەو هێزە سنووردار بوو و تەنیا ناوچەکانی زاخۆ و دهۆکی دەگرتەوە. چونکە لابرانی ڕێبەرە بەعسییەکان لە

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٩٢

٢- درک کنیان، پێشوو، ل ١٥٩

دەسەڵات (لە سووریا) لە نۆڤەمبەری ١٩٦٣زۆر بەخێرایی بووە هۆی کشانەوەی هێزەکە[1].

لە ڕووی سەربازییەوە دەستتێوەردانەکەی وڵاتی سووریا هیچ سەرکەوتنێکی بەدواوە نەبوو و کورد خەساری زۆریان لێ خستن، بەڵام لە ڕووی ڕۆحی و دەروونییەوە زەبری لە ورەی پێشمەرگە کوردەکان دا، چونکە ئەو دەستتێوەردانە بەو واتایە بوو کە وڵاتێکی تریش بەدژی ئەوان هاتووەتە بەرەی شەڕەوە. شەڕی کوردستان کاریگەرێتیی زۆریشی کردە سەر بنەمای حکوومەتی عیراق و لە ڕووی کاروباری ناوخۆییەوە وێڕای گرفتی ماڵی و ئابووری، لە ڕووی سیاسیشەوە بووە هۆی ئەوەی چوار وەزیری کابینەی عیراق بەمەبەستی دەنگ هەڵبڕینی دژی شەڕ، خۆ لە کار بکێشنەوە، ئەو چوار وەزیرە بریتی بوون لە: دوو وەزیری کورد، سەرتیپ (ژەنەراڵ) فوئاد عارف وەزیری ئەوقاف و بابا عەلی وەزیری کشتوکاڵ و دوو وەزیری عەرەب، ژەنەراڵ نەجیب تالیب وەزیری پیشەسازی و ژەنەراڵ مەحموود خەتاب وەزیری کاروباری شارەوانی[2]».

### ج- ئاوڕدانەوە لە هەڵوێستی زلهێزە جیهانییەکان

سەرۆک ناسر، ڕێبەری پان عەرەبیستی ئەو سەردەمە، کە ١٠ ڕۆژ پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ، بەگەرمی و بەباوەشی ئاوالاوە پێشوازیی لە جەلال تالەبانی کردبوو، بەڵام هیچ بەڵێنێکی پێ نەدابوو، پاش دەستپێکردنی شەڕ توانای هەڵوێست گرتنی نەمابوو، تەنیا چەند دەنگۆ دەربارەی بڕوای ناسر بەچارەسەرکردنی کێشەکە لە ڕێگای وتووێژەوە، بڵاو بووەوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو دەوڵەتی بەغدا هەروەکو عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانی پێش خۆی نەیدەتوانی و (نەشیدەویست) داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکات و، بەمەرجێک ئەو کارەی بکردبایە بەتەواوی دەکەوتە مەترسییەوە چونکە بەعسییەکان بەڵێنیان دابوو، بۆ پێشڤەبردنی بەرژەوەندیی عەرەب هەوڵ بدەن نەک سنووردارکردنیان. شەڕی کوردستان بەرەبەرە بەربڵاو دەبوو و بەخایاندنی شەڕ وڵاتە بەهێز و خاوەن دەسەڵاتە جیهانییەکانیش بەگوێرەی سیاسەتە دەرەوەییەکانی خۆیان و بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی خۆیان بەنیسبەت شەڕەوە هەڵوێستیان نواند[3].

١- کۆچرا، پێشوو، ٢٩٧

٢- کۆچرا، هەمان و ل ٢١٨

٣- دیوید ارافر، پیشوو ل، ١١٦



وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەبیستنی هەواڵی ڕووخانی ڕژێمی قاسم کە لە دیدی ئەوانەوە ڕژێمێکی کۆمۆنیستی بوو، حەوانەوە. بەتایبەت ئەو حەوانەوەیە لە وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا، پاش ڕاگەیاندنەکەی ڕێکەوتی ١٦ فیڤریەی ١٩٦٣ی حازم جەواد، لە حەوتوویەک پاش مەرگی قاسمدا، زۆرتر خۆی دەرخست. حازم لە ڕاگەیاندنەکەیدا وتبووی دەوڵەتی تازە ڕێز لە هەموو پەیماننامەکانی خۆی دەگرێت کە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکاندا بەستوویەتی[1]».

بۆیە کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت دژایەتیی پروپاگەندەیی خۆی دژی عیراق زیاتر کرد، بەریتانیا و ئەمریکا بەخێرایی ڕایانگەیاند کە ئامادەن جێگای سۆڤیەت لە پێوەندییەکانی عیراقدا پڕ بکەنەوە. لەئاستی دیپلۆماتیکدا، دیپلۆماتیکەکانی بەریتانیا ساڵی ١٩٦٣ ڕێگەیان بۆ وتووێژێک لە نێوان ئێران و تورکیادا خۆش کرد و بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی جێنتێلمانانە کە لەو وتووێژە وەرگیرا، ئێران و تورکیا بەڵێنیان دا بەشێوەی جیدی بۆ گۆشەگیرکردن و بەربەست دروستکردنی کورد هەوڵ بدەن.

دوا بەدوای ئەو ڕێککەوتنە ژمارەیەک لە قوتابیانی کوردی عیراق لە تورکیا گیران و لەلایەن ئێرانیشەوە چاودێری کردنی سنوورەکان توندتر کرا[2].

هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤیەت بەپێچەوانەی هەڵوێستی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەسوودی بارزانی بوو. هێرشکردنە سەر کۆمۆنیستەکان و کوشتنیان، یەکێتیی سۆڤیەتی دڵگران کرد و ئەو وڵاتەی لە حکوومەتی بەعسییەکان دوور کردەوە و سیاسەتی سۆڤیەتیش کە لە سەردەمی قاسمدا سیاسەتێکی سەبرگرانە بوو بەگوێرەی هەلومەرجەکە گۆڕا و، سۆڤیەت کە ڕووبەڕووی کوشتاری کۆمۆنیستەکانی عیراق بووەوە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا پچڕاند. هەرچەند کە (الجماهیر) ڕۆژنامەی نیوە ڕەسمیی حیزبی بەعسی عیراق، بەو هیوایەی بەپچڕانی پێوەندیی لەگەڵ مۆسکۆ بکرێت ڕای گەیاند: «گوللەبارانکردنی کۆمۆنیستەکان نابێتە هۆی ئەوەی ئێمە پێوەندییەکی باش و پتەومان لەگەڵ مۆسکۆ نەبێت (!) دەبێ لەوە تێ بگەین خەباتی دژی کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە هەرگیز خەباتێکی ئایدۆلۆژیک نییە[3].» ئەو لێکدانەوەیە بەخێرایی وەڵامێکی لەلایەن مۆسکۆوە بەدواوە

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٢١٨

٢- دیوید ادافر، جنگ کردستان، ل ١١٦

٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٩٩

بوو و لە ١٦ی فێڤرییەی **١٩٦٣** کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت (حکوومەتی تۆقین و خوێن و ئەو کردەوە سەرکوتکەرانەی لە عیراقیدا هەیە بەتوندی شەرمەزار کرد) لەسەر ئەو بڕوایەی کە بەبەکارهێنانی ئەو سیاسەتە چەتەییانە و کوشتاری باشترین ڕۆڵەکانی، عیراق مەحکووم بەشکستە[١].

پاش هاتنەوە ئارای دژایەتییەکان و ڕۆژی ١٠ی مانگی ژووئەنی **١٩٦٣**، دەوڵەتی کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆڤیەت مەجاز و ئیستیعارە وەلاوە دەنێت و بەئاشکرا دەوڵەتی بەغدا بەوە تاوانبار دەکات کە ئەو دەوڵەتە، تەنیا و تەنیا بەو مەبەستە لەگەڵ کورد وتوویژ دەکات کە دەرفەتێکی زیاتر بۆ ئامادەکردنی خۆی لە ڕووی سەربازییەوە وەدەست بخات و دەوڵەتی ناوبراو تاوانبار دەکات بەوەی وەک هیتلەر هەڵسوکەوت دەکات.[٢]»

لەو ماوەدا دەوڵەتی عیراق گرتن و بەدواداچوونی کۆمۆنیستەکانی درێژە پێ دا. سەدان کەسی گرت و گوللەبارانی کردن و یان خستنیە بەندیخانەوە و، بەتایبەت زەختی زیاتری خستە سەر ئەوانەی لە کوشتارەکەی مووسڵی ساڵی **١٩٥٩** و شۆڕشی شەوافدا بەشدارییان کردبوو، یان ئەو تاوانەیان خرابووە پاڵ. هەر لەو کاتەدا دەوڵەتی سۆڤیەت بەهۆی بۆمبارانکردنی ناوچە کوردنشینەکانەوە نامەیەکی نارەزایەتیی بۆ دەوڵەتی عیراق نارد و هەروەها دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیاشی ئاگادار کردەوە تا دەست لە ناو کاروباری ناوخۆیی عیراق نەدەن و یارمەتی شەڕ دژی کورد نەدەن»[٣].

کوشتاری کۆمۆنیستەکان بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی تەوەرەی ڕۆژهەڵات بەهەستەوەریی زۆرترەوە هەلومەرجی کوردستان چاوەدێری بکەن و بەو پێیە بەشێوەیەکی لاواز و زۆر کەمخایەن لە ڕووی دیپلۆماسییەوە وردە دژایەتییەکیان لەگەڵ ڕژێمی عیراق دەست پێ کرد و پشتگیریی بزووتنەوەی کوردیان کرد. لە درێژەی ئەو هەڵسوکەوتەدا کۆتایی مانگی ژووئەن کۆماری (گەلی مەگوولستان) داوای لە (ئۆتانتی) سەرۆکی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد: «سیاسەتی ژینۆسایدی دژی گەلی کورد لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە شەرمەزار بکات و لە دەستوور و بەرنامەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا بیگونجێنێت[٤]» نوێەمی ژوییە گرۆمێری وەزیری کاروباری دەرەوەی

١- هەمان، ل ٢٩٩

٢- هەمان، ل ٣٠٠

٣- حسن ارفع پێشوو، ل ١٣٧ و ١٣٦

٤- درک کنیان، پێشوو، ل ١٥٩



یەکێتیی سۆڤیەت، یاداشتێکی دایە باڵوێزی عیراق و تێیدا سەرنجی دەوڵەتی عیراقی ڕاکێشا کە (دەستێوەردانی هەندێ وڵات لە باکوری عیراق مەترسییەکی گەورەی بەدواوەیە و ڕادەگەیەنێت کەوا سەرکوتکردن و کوشتاری کورد لە عیراق جگە لە لاوازکردنی وڵاتی عیراق و سوودی وڵاتە زلهێز و چەپاوکەرەکان و خەسارەت گەیاندن بەسەربەخۆیی عیراق، هیچ دەستکەوتێکی تری نابێت. جارێکی تر لە ڕۆژی **٩**ی جولای **١٩٦٣** نیکۆڵای فیدرێنکۆ، نوێنەری هەمیشەیی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نامەیەکدا سەرنجی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی بۆ ئەو بابەتە ڕاکێشا کە: لە باکوری وڵاتی عیراق، دەوڵەتی ئەو وڵاتە خەریکی ستەمکاری و سەرکوتکردنی دانیشتوانی ناوچەکەیە و هەروەها وڵاتانی تر دەست لە کاروباری ئەو ناوچە وەردەدەن، لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە پێویستە کۆتایی بەو دەستێوەردانانە بهێنرێت و بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجوومەنی ناوبراو دانیشتنێک ساز بکات. ناوبراو هەڕەشەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد کە ئەگەری دەستێوەردانی یەکلایەنەی یەکێتیی سۆڤیەت دێنێتە ئاراوە، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە، بەردەوامبوونی دەستێوەردانەکان لەلایەن وڵاتانی بێگانەوە لە ڕووداوەکانی باکوری عیراقدا لەوانەیە وڵاتانی تریش هان بدات بۆ ئەوەی ناچار بن خۆ بخەنە ناو کایەکەوە و بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەو ڕەوتە و بەرگریکردن لە هێمنایەتیی خۆیان دژەکردەوە بنوێنن[١]).

سیاسەت و بۆچوونی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بەو کێشەیە بارێکی هەستیارتری لەخۆ گرتبوو، چونکە بیروڕای گشتیی گەلانی ئەوروپا بەسوودی کورد بوو هاودەردیی لەگەڵ دەکردن و بەگەلێکی نەترس و خۆڕاگریان دەزانین کە بەتەقدیر و ناچاری لە نێوان سێ دەوڵەتاندا بەش کرابوون: واتە بارودۆخەکە وڵات و گەلی پۆلۆنیای وەبیر دەهێنایەوە.

ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە کۆڕە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی وڵاتە گەورە و زلهێزە ڕۆژئاواییەکان، ئەمریکا و ئینگلیز بەجۆرێکی تر و لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەیانڕوانییە ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق. ستراتیژیی داوودەزگای پێوەندییە دەرەوەییەکانی ڕۆژئاوا لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی وڵاتەکانی خۆیاندا بوو، نەک پشتگیری کردنی گەلێکی ستەملێکراو و ژێردەستە کە هیچ شتێکیان بۆ پێشکەش کردن بەو وڵاتانەی لەوانە بوو پشتیوانییان بکەن، بەدەستەوە نەبوو، خاڵی گرینگ ئەوە بوو کە

١- کۆچرا پێشوو، ل ٣٠٠

لەو هەلومەرجەدا بەریتانیا و ئەمریکا بەهۆی بەشداربوونیانەوە لە پەیمانی سێنتۆ، پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ وڵاتانی ئێران و تورکیادا هەبوو و ئەو مەسەلەیەش بەربەستی پشتیوانی لە گەلی کورد بوو. چونکە بەمەرجێ وڵاتانی ڕۆژئاوا یان هەر وڵاتێکی تری جیهان پشتیوانیی لە گەلی کوردی بکردبا، بەپێچەوانەوە پێوەندییەکانی ئێران و تورکیا لەگەڵ ئەو وڵاتە تێک دەچوو. هەر بەو هۆیەوە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان پێشنیازەکەی سۆڤیەتیان ڤیتۆ کرد. هەرچەند (جاناتان بینگام) سەرۆک وەفدی نوێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لێکدانەوەیەکدا سەبارەت بەو کێشەیە و قایل نەبوون بەپێشنیازە ناوبراوەکە ڕای گەیاند، دژایەتیکردن لەگەڵ پێشنیازەکە بەهۆی نرخاندنی مەسەلەکە خۆی نەبووە، بگرە بۆچوونی دەوڵەتەکەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا کات و هەلومەرجەکە بۆ ئەوەی ئەنجوومەن لەسەر ئەو کێشە دانیشتن بکات و گونجاو نییە)[1].

وێڕای کوشتار و خەسارەتێکی بەرفراوان و نابەرابەریی هێز و کەرەستەی شەڕی دوو لایەنی دژکار و درێژەکێشانی شەڕەکە، کورد تەسلیم نەدەبوون.

«میدیای کوردی ورەی دەدا بە جەماوەر و، ڕای گەیاند نەک تەنیا کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت، بگرە وڵاتانی چین، ئیسرائیل و تەنانەت کۆماری یەکگرتووی عەرەبیش لەو شەڕەدا یارمەتیی کوردیان داوە، ئەم ڕاگەیاندنە جگە لە کوردی عیراق لە لای کوردی ئێران و تورکیاش بەدڵنیاییەوە قەبووڵ کرا[2]».

بێ گومان با میدیای کوردیش وا ڕابگەیەنن بەڵام هەرگیز ئەو هەواڵە ڕاست نییە، چونکە وڵاتانی ناوبراو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ گەلی کورد، نەدەخستە مەترسییەوە تەنانەت ماوەیەک پاشتر سۆڤیەتییەکانیش هەڵوێستەکانی خۆیان لەمەڕ کێشەی کوردستان گۆڕی و وازیان لە پروپاگەندە بۆ پشتگیری گەلی کورد، هێنا.

یەکێتیی سۆڤیەت بەهۆی دژکردەوەی توندی وڵاتە عەرەبییەکان، بەخێرایی هەڵوێستەکانی خۆی لەمەڕ پشتیوانیی گەلی کورد گۆڕی و، لە بەڵێنەکەی خۆی کە بڕیار بوو کێشەی کورد لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا بکاتە پرس، کشایەوە. کۆماری گەلی مەگوولستان هاوکات لەگەڵ کرانەوەی کۆڕی کۆبوونەوە گشتییەکاندا داخوازییەکەی خۆی واتە گونجاندنی کێشەی کورد لە دەستوور و بەرنامەی داهاتووی کۆڕدا، کێشایەوە.

١- درک کنیان پێشوو، ل ١٦٠

٢- حسن ارفع، پێشوو، ل ١٣٨



مەگوولستان دواکەوتووی یەکێتیی سۆڤیەت بوو و ئەو کارەشی لەسەر داخوازی و ڕەزامەندیی ئەو کردبوو. ئەو دەم زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە یەکێتیی سۆڤیەت هەرگیز لەبەر کورد نەیدەویست دەوڵەتە عەرەبییەکان لە خۆی بڕەنجێنێ.

ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە هەرگیز بەتەواوی لێک نەدرانەوە. «بەپێی هەندێ سەرچاوە، دەوڵەتی عیراق یەکێتی سۆڤیەتی ئاگادار کردەوە، بەمەرجێ ئەو وڵاتە کێشەی کورد لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێنێتە ئاراوە، زۆربەی وڵاتە عەرەبەکان پێوەندیی لەگەڵ دەپچڕن[1]. دەوڵەتی مۆسکۆ لەوە دەترسا بەمەرجی درێژەدانی پشتیوانیی کورد، عیراق سەرنجی وڵاتانی تر و بەتایبەت وڵاتی چین بەرەو خۆی ڕابکێشێت. جەمال عەبدولناسریش تا ئەو کاتە تەنیا بەشێوەی سەرزارەکی بەڵێنی وتوویژ لەگەڵ ڕێبەرانی عیراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی، پێ دابوون.

ناسر جارێکی تر، بەڵام بەشێوەیەکی یەکجار نەرم و ملکەچانە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەکێشەی کورد ڕاگەیاندەوە و وتی: ڕازییە بەوەی هەندێ سەرەتی (امتیاز) بدرێتە کورد، بەڵام هاوکات بەهیچ شێوەیەک بەدابەشبوونی عیراق و بیروڕای جوداییخوازانە قایل نییە و بەتوندی دژایەتیی لەگەڵ دەکات[2].

هەڵوێستی توندی مەلا مستەفا بارزانی بەرامبەر بەو بابەتە نیشاندەری خۆڕاگری و متمانە بەخۆکردنی ئەو بوو کاتێ ڕای گەیاند «ئێمە نامانەوێ مافەکانی خۆمان لە ڕێگەی وتوویژ و لە پشتی دەرگا داخراوەکانەوە بەدەست بهێنین، بگرە خەباتی بۆ دەکەین و سەرکەوتن ئامانجمانە[3].

بەدرێژایی وەرزی هاوین دەوڵەتی بەعس باسی لەسەر بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە دەکرد کە بەنیاز بوو پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد لە ناوچەکەدا بەڕێوەی ببات. ١٤ی جولای، حەسەن ئەلبەکری سەرۆک وەزیران وتی: بڕی دە ملیۆن پاوەند بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لەلایەن بارزانییەوە کاول کراون تەرخان کراوە[4].

ئیسرائیل کە لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکاندا ناکۆکییەکی یەکجارییان لە نێواندا بوو،

١- واشنگتن پست ١١جولای ١٩٦٣، بە نقل از وهاول ێ ٤٢٢-٤١٣

٢- حسن ارفع، پێشوو، ل ١٣٨

٣- هەمان، ل ١٣٨

٤- درک کنیان، پێشوو، ل ١٦١

سەرنجی دایە کێشەی کورد؛ دەستەیەک لەو یەهوودییانەی کە لە کوردستانەوە کۆچیان کردبووە ئیسرائیل داوایان لە دەوڵەت کرد کە دژی ئەو شەڕە کە بەسەر کوردەکاندا سەپاوە، بوەستێ.

بەپێچەوانەی ئەوەی ڕێککەوتنی نێوان کورد و ئیسرائیل بەسوودی هەردوو لا بوو، وەک کورد هیچ هەنگاوێکیان بۆ ئەو مەبەستە هەڵنەگرت. بێ گومان هۆکارێکی ئەوەی کورد بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئیسرائیل هەوڵێکی ئاشکرایان نەدا، بیروڕای ئاینیی ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە. هەڵبەت نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە کورد ئاگاداربوون لەوەی بەمەرجێ هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی ئیسرائیل و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بدەن، ڕادەی دوژمنایەتیی وڵاتانی عەرەب زیاتر دەکەن. بەڵام وێڕای ئەمانە دەوڵەتی عیراق بانگەشەی پێوەندیی کورد و ئیسرائیلی دەکرد.

لە ماوەی مانگی جوولایدا، سوپای عیراق هەوڵی گرتنی ملەی کوێستانیی نزیکی ڕەواندزی دەدا. چونکە ئەو ملەیە سنووری سروشتیی نێوان بەرەی شەڕی باشوور و باکوری کورد بوو. پاش شەڕ و پێکدادانێکی قورس سوپای عیراق دەستی بەسەر ئەو شوێنە ستراتیژیکەدا گرت؛ بەڵام ئەوە تاکە سەرکەوتنی هاوینی ١٩٦٣ی بەعس بوو. بەم شێوە کورد بەشێکی زۆری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دا، بەڵام پێش کۆتایی هاتنی شەڕ هەموو ئەو ناوچانەیان دیسان گرتەوە[١]. هاوکاتی ئەو ڕووداوانە، بەرپرسانی پایەبەرزی پارتی دیموکرات و پسپۆڕانی دیپلۆماسی سەفەری ئەوروپا و ڕۆژئاوایان کرد بۆ قایلکردنی وڵاتە جیاجیاکان بۆ پشتگیری لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. «سەرەتای وەرزی هاوین جەلال تاڵەبانی وەکو نێردراوی مەلا مستەفا، بەمەبەستی ڕێکخستنی چالاکییە نەتەوەییەکان لە نێوان قوتابییە کۆچکردووە کوردەکانی دانیشتووی ئەوروپادا و هەروەها سەرنجڕاکێشانیان بۆ پشتگیری کردن لە ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد چووە ئەوروپا». دەنگ هەڵبڕینی کورد دژی فرۆشتنی فڕۆکەی شەڕ لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە بەدەوڵەتی عیراق، کاریگەر نەبوو. لە ڕاستیدا بەریتانیا بە نەدانی ڤیزە بە جەلال تاڵەبانی بەئاشکرا دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد دەربڕی[٢]. نەوشیروان مستەفا سەبارەت بەچۆنێتیی هەوڵ و تێکۆشانی دیپلۆماسییانەی کورد بۆ ڕاکێشانی

١- هەمان، ل ١٦١

٢- هەمان، ل ١٦١



بیروڕای گشتیی جیهانی و وەرگرتنی یارمەتیی مادی و پشتگیریی وڵاتانی بەهێز لە بزووتنەوەی کورد، نووسیویەتی: «مام جەلال کە چووبوو بۆ دیتنی ناسر (جەمال عەبدولناسر) دوای سەردانی لوبنان، ئەوروپا و یەکێتیی سۆڤیەت، بەڕێگای ئێراندا گەڕایەوە کوردستان. ژمارەیەک سیناتۆر و کۆنگرێسمان لە ئەمریکا داوایان لە کامەران بەدرخان کرد بوو کە مەلا مستەفا سەردانێکی ئەمریکا بکات، ئەگەر ئەو نەتوانێ، کاربەدەستێکی شۆڕشەکە بچێت، ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عەزیزی شەمزینی بەڕێگای ئێراندا چوونە ئەوروپا، ئیبراهیم ئەحمەد بەنیازی گەشتێکی سیاسی بوو لە ئەوروپا و ئەمریکا.» ئیبراهیم ئەحمەد لەم گەشتەدا بۆ یەکەمین جار لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی، بەتایبەتی ساواک، دانیشت. سەردانی مۆسکۆی کرد و نوێنەرێکی ئیسرائیلی بینی و هەوڵێکی سەرنەکەوتووی بەمەبەستی سەردانی ئەمریکای دا...

یەکێتیی سۆڤیەت بەڵێنی هەندێ یارمەتییان دا، بەتایبەتی بڕێکی کەم پارە و ئێستگەیەکی ڕادیۆ، بەڵام سەردانەکە بەگشتی سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست نەهێنا، بەتایبەتی چونکە زۆری پێ نەچوو هەلومەرجی ناوخۆی عیراق سەرلەنوێ بەقازانجی یەکێتیی سۆڤیەت گۆڕایەوە[١]».

بەریتانیا چۆن پێشتر ڤیزەی چوونە ناوەوەی ئەو وڵاتەی بە جەلال تاڵەبانی نەدابوو ئەو کردەیەی بەرامبەر بە ئیبراهیم ئەحمەدیش دووپات کردەوە. ئیبراهیم ئەحمەد لە سەفەرەکەیدا بۆ وڵاتانی تری ئەوروپا، بەمەبەستی ڕێکخستنی پشتگیری کردن لە بزووتنەوەی گەلی کورد، لەمپەرێکی ئەوتۆی نەکەوتە بەردەم[٢]. شەڕ بەتوندی و وەکو جاران لە کوردستاندا بەردەوام بوو، بەڵام پێوەندیی نێوان کورد و بەغدا بەیەکجارەکی نەپچڕابوو. ڕاپۆرت ڕایان گەیاند دەوڵەتی عیراق ئامادەیە زۆربەی داخوازییەکانی بزووتنەوەکە دەستەبەر بکات، بەڵام بەعسییەکان ملیان بەو کارە نەدەدا بەگشتی ناوچە کوردنشینەکان بچنە ژێر دەسەڵاتی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەوە. پێشنیازی دەوڵەت ئەوە بوو کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بریتی بێت لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و بەشێک لە چەمچەماڵ و دهۆک، بەڵام خانەقین و پارێزگا نەوتاوییەکەی کەرکووک نابێ بچنە ناو ئەو سنوورەوە. وتووێژی ئەم جارەش وەکو قۆناخەکانی ڕابردوو لەسەر بانگەشەی هەردوو لا

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٧٢

٢- درک کنیان. پێشوو، ل ١٦٣

لەسەر کەرکووک و دەڤەرە نەوتییەکان ئەنجامێکی نەخستەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە لە بەغدادا دەسەڵاتیان بەدەستەوە دەگرت، بەگشتی داوای کوردیان لەسەر کەرکووک و نەوتەکەی ڕەت دەکردەوە و بەڵگەشیان ئەوە بوو کە کەرکووک لە سەرەتای ئەو سەدەیەوە و پێش کەڵک وەرگرتن لە نەوتەکەی، لە بنەڕەتەوە شارێکی تورکمان بووە و کۆمەڵێکی زۆری کورد و عەرەبیی تێدا ژیاون[1]».

دۆخێکی ساردوسڕ وتووێژەکانی گرتەوە؛ شەڕەکە پێی نایە زستان و کورد ئەو ناوچەی لە هاویندا لە دەستیان دابوو، گرتنیانەوە و ئەو شارانەشیان گرتەوە کە لە یەکەم حەوتووەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٦١ لێیان گیرابوو[2]».

هاوکات لەگەڵ ئەو پێکدادان و گۆڕانانەدا؛ (هەوڵ و چالاکیی سیاسەتڤانانی کورد و سەفەری ڕێبەران و نوێنەرانی بزووتنەوەکە بۆ ئەورووپا و دەرەوەی ناوچەکە بووە هۆی ئەوەی کێشەی کوردستان لە ئاستێکی بەربڵاوی نێوان ئەنجوومەن و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا دەنگ بداتەوە و: «بیست و هەشتی ئوکتۆبەر ڕێکخراوەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کە لەلایەن ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕەسمی ناسرا بوو، دەوڵەتی عیراقی بە(بەکۆمەڵ کوژی و ژینۆسایدی) کورد تاوانبار کرد. ئەو ڕێکخراوە ناوبراوە بەتایبەت بەو هۆیەوە کە دەوڵەتی عیراق ڕێگەی بەخاچی سووری جیهانی نەداوە، یارمەتییەکانی خۆی بەکورد بگەیەنێت، بەتوندی هێرشی کردە سەر ئەو دەوڵەتە[3].»

## د- ناکۆکیی توند و دژواری ناوخۆیی حزبی بەعس و کودەتای عارف

بەتێپەڕبوونی کات و خایاندنی تەنگژەی باکوری عیراق، نارەزایەتییەکانی سوپا بەرامبەر دەوڵەت زیاتر بوو و پارێزگارانی نەتەوەیی (حرس قومي) بووە ڕێکخراوەیەکی چەکدار کە دەسەڵاتێکی لە ڕادەبەدەری وەدەست هێنا بوو.

سەرەتای نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٣ شەڕ کەوتبووە ناو بێ دەرەتانی و بنبەستێکەوە! ماوەیەکی تر باران و بەفر ڕێگای هەموو چەشنە چالاکییەکی دەبڕی و هەر لەو حاڵەتەدا تالیب حوسێن شەبیب، وەزیری کاروباری دەرەوەی عیراق لە لەندەن و لە دانیشتنێکی تایبەتیدا وتی: «ئێمە چۆن دەتوانین ئەوەی کورد داوای دەکەن پێیان بدەین؟ چما وەکو

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ١٨٤

٢- درک کنیان، پێشوو، ل ١٦٤

٣- درک کنیان، پێشوو، ل ١٦٤



بمانەوێ وڵاتێکی سەربەخۆیان بۆ دروست بکەین! عیراق هەرگیز نابێتە وڵاتێکی فیدراڵی[1]». لەو قۆناخەدا هیچ ڕێگەچارەیەکی سیاسی و سەربازیی کێشەکان لەبەرچاو نەگیرا بوو و جارێکی تر بارودۆخی سیاسیی عیراق ئامادەی کودەتا دەبوو.

دوای ئوکتۆبەری ١٩٦٣، حزبی بەعس بەهۆی ناکۆکی نێوان باڵی چەپی حزب، بەڕێبەرایەتی عەلی ساڵح ئەلسەعدیی سەرۆک وەزیران، کە لەگەڵ ناسر ناتەبا بوو و باڵی ڕاستیی حزب، بەڕێبەرایەتیی تالیب شەبیب و حازم جوادی وەزیری کاروباری ناوخۆ، تووشی تەنگژە بوو.

ساڵح ئەلسەعدی و لایەنگرەکانی پێوە بوون حکوومەت بەرەو سۆسیالیزمی عیلمی و تیۆریک (بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و باردۆخەکە) ببەن، لە کاتێکدا ئابووریی وڵات یەکجار و لە هەموو کاتێک لاواز و خراپتر بوو و هەوڵی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی کورد سەرنەدەکەوتن. بۆیە لە کۆنگرەی حزبی بەعسدا کە لەلایەن ڕکەنەیارانی ساڵح ئەلسەعدییەوە بەڕێوە چوو؛ ناوبراو کەوتە کەمینەوە و بۆ ئیسپانیا دوورخرایەوە[2]».

پاش ئەو ڕووداوە، لایەنگرانی ساڵح ئەلسەعدی لە شەقام و جادەکاندا خۆپیشاندانیان کرد و کۆشکی سەرۆک کۆماری و وەزارەتی بەرگری لەلایەن سوپاوە بۆمباران کران. پاش ئەو ڕووداوانە (دەستەی ڕێبەرایەتیی نەتەوەیی بەعس) لە ١٤ی نۆڤەمبەر و لەسەر داواکاریی ڕادیۆی بەغدا، هاتنە ئەو شارەوە و لەوێدا میشێل ئەفلەقی، دامەزرێنەری حزبی بەعس، ژەنەراڵ ئەمین ئەلحافز سکرتێری ئەنجوومەنی شۆڕشی سووریا و ژەنەراڵ ساڵح جەدید، سەرۆکی سوپای سووریا، هەوڵیان دا ناکۆکی و گرژبوونەوەکانی نێوان دوو باڵی حزبی بەعس چارەسەر بکەن و تا هەڵبژاردنی دەستەیەکی ڕێبەرایەتیی ناوچەیی بۆ حزب، خۆیان ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ: دەستەی ناوبراو بەمەبەستی یەکسانکردنی باڵەکەی تر، تالیب شەبیب و هەندێ لە لایەنگرەکانی ئەویان دوورخستەوە[3]. ئەو کارانە بوونە هۆی بێ ڕێبەریی حزبی بەعس و بۆشاییی نەبوونی ڕێبەرایەتی ڕێگای بۆ دەسەڵاتی هێزە سەربازییەکان خۆش کرد.

ڕۆژی ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣ ڕادیۆی بەغدا لە سەعات شەش و چل خولەکی سەرلەبەیانیدا بەرنامە ئاساییەکانی خۆی بڕی و ڕای گەیاند کە سوپا بەڕێبەرایەتیی

١- دیوید ادافر، پێشوو، ل ١٩٧

٢- دیوید ادافر، پێشوو، ل ١٩٧

٣- کوچرا، پێشوو، ل ٢٠٢

ژەنەراڵ عارف دەسەڵاتی گرتووەتە دەست. بۆ ماوەی یەک ساڵی تەواو هەموو کاروبار و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی درایە دەستی عارف[١]. کودەتاکە لە بارودۆخێکی چاوەڕوان نەکراودا سەرکەوت. لەو کاتەدا ڕێبەرە جیهانییەکانی حزبی بەعس و لەوانە میشێل ئەفلەق لە بەغدا بوون، سوپا ئەو ڕێبەرایەتییەی خستە ژێر چاودێری و لە ڕاستیدا گرتنی و فەرمانی بارودۆخی نائاسایی ڕاگەیاند. ڕێبەرانی بەعس سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، واتە ئەو کاتەی هەموو جموجوڵێکی دژەکودەتا هێور بووبوونەوە ئازاد کران[٢].

بەم پێیە حزبی بەعس لە ماوەیەکی کەمتر لە یەک ساڵدا ڕووخا، زۆربەی نێوان ڕەوەکان پاڵیان بەعارفەوە دا. ژەنەراڵ تاهیر یەحیا بووە سەرۆک وەزیران و حەردان تکریتی بووە وەزیری بەرگری. هەشت لە وەزیری کابینەی پێشووی دەوڵەت مانەوە. لە بەرەی ڕکەبەرانیش یان وڵاتیان بەجێ هێشت یان خۆیان شاردەوە، بەبێ ئەوەی کێشەی کوردیان چارەسەر کردبێت[٣].

«پاش سەرکەوتنی کودەتا شەڕی کوردستان ڕاوەستا، بەڵام بەتەواوی کۆتایی پێ نەهات. کورد بەردەوام وەک ڕابردوو لە دەرفەت دەگەڕان و لە کۆتایی مانگی ژانڤیەی، شاری هەڵەبجەیان گرت و لە هەمان کاتدا وتووێژی نێوان نوێنەرانی دەوڵەت و کورد لە ڕانیە دەستی پێ کرد[٤]».

بەشدارێکی ئەو وتووێژانە، شەوکەت ئاکرەیی، کورد بوو بەتازەیی لە قاهیرە گەڕابووەوە و هەندێ بیروبۆچوونی سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد پێ بوو. هەر چەشنە سەرکەوتنێک لەلایەن ڕێبەری میسرەوە سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەکە، بێ گومان کاریگەرێتیی چاکی دەکردە سەر ناوبانگ و ئابرووی سیاسیی ئەو لە عێراقدا، ئەو ناوبانگەی پاش سەرکەوتنی شۆڕشە دژە بەعسییەکە زیاتر بووبوو.

١- بروانە هەمان. ٢٠٣ و ٣٠٢

٢- هەمان، ل ٣٠٢

٣- هەمان، ل ٣٠٢

٤- درک کنیان پێشوو، ل ١٦٥



## ٥- کۆتایی هاتنی یەکەم قۆناغی دوژمنایەتیی نێوان کورد و ڕژێمی بەعس و بەدیهاتنی نیوە ئاگربەستێک

ڕۆژی ١٠ی فێڤرییەی ١٩٦٤ بارزانی و عارفی سەرۆک کۆمار ئاگربەستیان ڕاگەیاند. عارف مافی نەتەوەیی (برا کوردەکان)ی لە عیراقدا بەڕەسمی ناسی. بڕیار درا هەردوو لا بەزووترین کات دیلەکان ئازاد بکەن و یەکەکانی سوپاش گەڕانەوە بنکەکانیان. بڕیاریش درا، ئەو کوردانەی گیراون و لەسەر کار لابراون، ئازاد بکرێن و دابمەزرێنەوە، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ڕای گەیاند کەوا هەندێ بەرنامەی بۆ دامەزراندنی داوودەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامە بەزمانی کوردی دارشتووە. بارزانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن داوای لە کورد کرد بەپێی ڕێککەوتنەکان بەزووترین کات ئاگربەست بکرێت و هێوریی هەلومەرجەکە بپارێزن. «بارزانی ڕای گەیاند کە پاش شەڕی براکوژی، دەوڵەت هەوڵ دەدات بۆ گەڕاندنەوەی باری ئاسایی ژیان و دابینکردنی ئاسایش لە ناوچەکە و هەموومان پێکەوە بەرەو بارودۆخێکی لەبار و گونجاو لەپێناو دەستەبەربوونی مافە نەتەوەیییەکانی هاووڵاتیانی کورد، لە عیراقێکی یەکپارچەدا، هەنگاو هەڵدەگرین[١]». لەو پەیامەدا هیچ باسێک لە ئۆتۆنۆمی و تەنانەت کوردستانیش ناکرێت و، بەئاماژە بە(مافی نەتەوەیی هاووڵاتییە کوردەکان) کۆتایی دێت. «حەوتوویەک پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەست، فەرماندای سەربازیی عیراق، ژەنەراڵ ڕەشید موسلیح، ڕای گەیاند: کە کۆمیتەیەک بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی باکور پێک هاتووە و بڕێکی زۆری پارەشی بۆ تەرخان کراوە[٢]».

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانە کادیری ڕێبەرایەتی و ئەو گرفت و کێشانەی کودەتا سەربازییەکە بەدیهێنابوون، دەوڵەتی عیراق لە هەلومەرجێکدا نەبوو بتوانێ لەسەر شەڕی کوردستان بەردەوام بێت. بۆیە پاش سەرکەوتنی کودەتا ڕێگە بۆ پێوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا و پارێزگاری سلێمانیدا خۆش کرابوو، بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ.

ماوەیەک پاشتر، ئاگادارییەکی دووردرێژ لە ڕادیۆی بەغداوە بەشێوەی ڕەسمی و لەلایەن سەرۆک عارفەوە خوێندرایەوە کە تێیدا ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە کرابوو:

- گەڕانەوەی داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتی بۆ ناوچەکانی باکور.

١- کریس کۆچرا، پێشوو، ل ١٦٦

٢- درک کنیان، پێشوو، ل ١٦٦

- بانگکردنەوەی فەرمانبەرە لابراوەکان بۆ سەر کارەکانیان.
- لابردنی سنوور و بەربەستی بازرگانی و بەروبووم و خواردەمەنی.
- ئاوەدانکردنەوەی باکور بەزووترین کات.
- تۆڵەکردنەوەی زیانی ئەو خاوەن زەوییانەی زەوییەکانیان دەکەوتنە ژێر سەددەکانی دووکان و دەربەندیخان.
- گەڕاندنەوەی ئاسایش و هێمنایەتی بۆ ناوچەکە[١].

مەلا مستەفاش لە ڕاگەیاندنەکەی خۆیدا ئاماژەی کرد بوو کەوا «... بۆ بەجێهێنانی ئارەزووی سەرۆک کۆمار سەبارەت بەپاراستنی یەکێتیی ڕیزی نیشتمانی و ڕێگرتن لە ڕژانی خوێنی بێ تاوان و... بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی براکوژی، بەڕاگرتنی شەڕ، داوا لە براکانم دەکەم بگەڕێنەوە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان و بکەونە سەر کاری ئازاد و سەر بەرزانەی پێشوویان، بەمەش بواری دەسەڵاتی نیشتمانی دەبێت تا دەسپێشخەری بکات بۆ گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی و ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکە و هەڵخستنی هەلی دانانی بەمافە نەتەوەییەکانی هاووڵاتیانی کورد لەناو گەلی عیراق لە یەکگرتنی نیشتماندا[٢]».

بەڕای بارزانی جەماوەری کورد لە شەڕ ماندوو بووبوون و ئاگربەستەکە بۆ ورەدان بە خەباتکارەکان کاریگەر دەبوو، لەو بارەیەوە ئاماژەی کرد: «جارێکیان بەگیراوێک کە بەدارێکەوە بەستبوویانەوە و دەمیشیان داخستبوو، وترا ئاواتت چییە؟ وتی: لەم درەختەم بکەنەوە و بمبەستن بەو درەختەی ترەوە کە سێ هەنگاو لێم دوورە. پاشان گیراوەکە، کە سەرسامیی چاودێرەکانی خۆی بینی و لە حیکمەتی ئەو کارەی ئەو نەگەیشتبوون وتی: «ئەو داواکارییەم بەو مەبەستەی بتوانم سێ هەنگاو هەڵبگرم[٣]». مەبەست لەو پەندەدا بێ گومان گیراوەکە کوردەکان و سێ هەنگاوەکەش ماوەی ئاگر بەستە. بەوتەی مێژوونووسی کورد، عیسمەت شەریف وانلی، بارزانی زۆربەی کات ئەو فورمۆڵە کورتەی دووپات دەکردەوە: «سەرەتا سوپای ئێمە بەپشتیوانیی جەماوەر دەژیان، بەڵام پاش دوو ساڵ وای لێ هات جەماوەر لەگەڵ سوپادا دەژیان[٤].»

١- کۆچرا پێشوو، ل ٣٠٦
٢- نەوشیروان، مستەفا، ل ٧٤
٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٠٧
٤- کۆچرا، هەمان، ٣٠٧



فورمۆڵ و پەندەکەی سەرەوە، بەڕای بارزانی یەک واتایان هەبوو: پاش دوو ساڵ شەڕ و بەتایبەت پاش ئەو هەموو کاولکاری و وێرانییەی لە شەڕی یەکەمی بەعسییەکان کەوتەوە، جەماوەری کورد ورە و توانای درێژەی شەڕیان نەمابوو. بارودۆخی جەماوەری کوردستان یەکجار ناخۆش بوو، هەموو ئەو گوندانەی کەوتبوونە سەر ڕێگەی سلێمانی بۆمباران و کاول کرابوون. «ڕاکردووەکان لە کەپر و کەوێڵدا دەژیان و... لە ماوەی پێنج مانگدا سێ هەزار لادێ کاول کرا و، دانیشتوانی سەدان ئاوایی تریش ڕاگوێزران.»

بەدەستپێکردنی ئاگربەست «سوپا وازی لە کوردستان هێنا و ڕێگەی بۆ خواردەمەنی کردەوە، دیلەکانی هەردوو لا ئازاد کران و ئەوانەیش کە بەتاوانی بەشداری لە شۆڕش یان یارمەتیدانی شۆڕشی کورد گیرابوون، ئازاد کران. دەوڵەتی عیراق لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا ڕای گەیاند یەکە جاشەکانیش هەڵدەوەشێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە کورد ڕێگایان بۆ هاتوچۆی هێزەکانی سوپا- بۆ گواستنەوەی خواردەمەنی و پێداویستی کردەوە. وێڕای ئەمانەش هێشتا هیچ بڕیارێک دەربارەی ئۆتۆنۆمیی داواکراوی کورد لەلایەن حکوومەتەوە دەرنەچوو بوو، هەرچەندە بەڵێنی بەڕێوەچوونی بەرنامەگەلی بەربڵاوی بواری ئابووری لە هەموو عیراقدا درابوو، کە بەشێکی زۆر لەو بەرنامانە کوردستانی دەگرتەوە و لە بەرنامە دیاریکراوەکان دەتوانرێ ئاماژە بەنوێکردنەوەی خانووبەرە ڕووخاوەکانی بۆمباران و، دروستکردنەوەی ڕێگە، قوتابخانە و نەخۆشخانەکان و... بکرێت.

## و: هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاشکرابوونی جیاوازیی بیروبۆچوونەکان

لە سەرەتای ئاگربەستەکەوە و لە ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکاندا ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان یان بەرپرسە ناسراوەکانی ئەو حزبە، وەکو ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، نەبرا، تاکە ڕێبەرێکی کورد کە ناوی ببرێت، سەرۆکی حزب واتە مەلا مستەفا بارزانی بوو. تا کاتی بەڕێوەچوونی ئاگربەست، پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، هەنگاوی زۆری لەپێناو پێکهێنانی شۆڕشێکی بنەمایی لە کوردستاندا، هەڵگرت[١].

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە چالاکانە لە کاروباری شۆڕش و بەرخودانەکاندا، دژی ڕژێمی بەغدا و بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستاندا تێکۆشابوو. هەندێ لەو دەستە و گرووپانەی لە ناوەندی عیراقدا دەژیان و لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان دووربوون و بێ لایەن مابوونەوە، لەگەڵ ڕووخانی

١- درک- کنیان، ل ١٦٦

قاسم چوونە باکور و لەگەڵ خۆیاندا زانیاری و پسپۆڕی و جیهانبینیی توێژی سەربژێر (نوخبە)ی عیراقیان بۆ شۆڕش بەخەڵات نارد.

بەهۆی هەوڵە لەبار و گونجاوەکانی ئەو حزبەوە هێزی چەکداریی شۆڕش هەڵوەشایەوە و لە شێوەی گرووپ و دەستە عەشیرەییەکانەوە بووە پێنج لەشکری سەربازی. پلە و دەرەجەی سەربازی لەناو سوپایەکەدا بەکارهێنرا و ئاکادیمییەکی سەربازی بەفەرماندەیی ئەفسەرێکی پێشووی گاردی فەیسەڵ دامەزرا. هەموو قوتابیانی ئاکادیمی ئەندامی حزب بوون.[٢] داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتیی حزب وەک شێوەی دەسەڵاتێکی کارا لە ناوچەکەدا دەردەکەون؛ پارتی دیموکرات جەختی دەکرد لە ڕەزامەندی یان ناڕەزامەندیی بەغدا، داوودەزگا بەڕێوەبەرایەتی و حکوومەتییەکانی خۆی دابمەزرێنێت. هەروەها حزب لەسەر دامەزراندنی حکوومەتێکی تاکە حزبی و ناوەندخوازی خاوەن ئایدۆلۆژیی چەپ داکۆکی دەکرد. شۆڕشی کوردستان ئەوەندەی بەپەرۆشی گوێزانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە ڕێبەرە فیۆدال و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە بۆ دەزگای ڕێبەرایەتی کە لە چینی ناوەنجیی شارییەکانەوە هەڵقوڵیبوون، خەریک بوو ئەوەندە بەپەرۆشی دامەزراندنی سیستەمی سۆسیالیزمەوە لە کوردستان نەبوو.

قەبووڵ کردنی ئاگربەست لەلایەن بارزانییەوە بووە هۆی دروستبوونی تەنگژەیەکی گەورە لەناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا و ئەو تەنگژەیە لە ماوەیەکی درێژخایەندا ئەنجامێکی مەرگاویی بۆ بارزانییەکانیش بەدواوە بوو.

ژەنەراڵ بارزانی و ڕێبەرانی پارتی دیموکرات لە کاتی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت (١٩٥٨) پێوەندیی نێوان خۆیان ئاسایی نەکردبووەوە و، پاش گرژبوونی پێوەندیی نێوان قاسم و بارزانی پێوەندییە ناوبراوەکانیش تێک چوو، گرژییەکە بەڕادەیەک بوو ئەو ڕۆژنامەوانانەی ساڵانی ١٩٦٢ و ١٩٦٣ دەچوونە کوردستان باسیان لە تەنگژەیەکی گەشەکەری نێوان ئەو دوو لایەنە دەکرد.[٢]» بارودۆخەکە جۆرێک بوو کە لایەنگرانی حزب تا ئەو ڕادەیەی کەمتەرخەم بوون و بارێکی نائامادەییان لەخۆ گرتبوو کە هەندێ لە ڕۆژنامەوانەکان وای بۆ دەچوون لەوانەیە دەستیان لەگەڵ بەغدادا تێکەڵ کردبێت[٣].

---

٢- هەمان، ل ١٦٦

٢- دانا ، ادام اسمیت، سفر در میان مردان شجاع، ل ١٣١و١٣٢ و دیوید ادافر، پێشوو، ل ١٦١

٣- دیوید ادافر هەمان ١٦٢



ڕێبەرانی پارتی دیموکرات پێیان وا بوو کە دەوڵەتی عیراق پاش کودەتای ١٩٦٣ لە بواری سیاسی و سەربازییەوە لاواز بووە و داوایان دەکرد درێژەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بتوانرێ لەسەر شوێنگەی زاڵەوە لەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکەن. ئەوان سەریان لە ڕاگەیاندنی ئاگربەستی بارزانی سڕمابوو و بەهیوا بوون کە ڕێککەوتنی نێوان بارزانی و عارف، لانی کەم هەندێ خاڵی نهێنیی لەخۆ گرتبێت و تەنانەت جەلال تاڵەبانی بێ ئەوەی بچووکترین نیشانەیەک لە ناڕەزایەتی لە خۆی نیشان بدات لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی ٢٢ی فێڤرییەی ١٩٦٤دا کە بارزانی لە ڕانیە ڕێکی خستبوو بەشداریی کرد. ئەگەرچی بە وتەی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان هۆی ئەو جیابوونەوەیە هەڵوێستی بارزانی سەبارەت بەچارەنووسی سوپای کورد بوو. بارزانی بەتەلەگرافێکدا لە ٢ی مارچی ١٩٦٤ ، داوای لە ڕێبەرانی حزب کرد کە «هێزەکانی دەوڵەت دەیانەوێ ئەو شوێنانەی لە دەستی ئێوەدایە بگرنە دەست، هێزەکانی ئێوە بەرگرییان نەکەن و بگەڕێنە دواوە، لە درێژەی وتەکەیدا دەڵێ: بەمەرجێ بەگژ هێزەکانی دەوڵەتدا بچن لە نێوان ئێمە و ئێوەدا شەڕی چەکدارانە دروست دەبێت[١].

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێبەرانی حزب هەرگیز بۆچوونێکی هاوبەشیان لەگەڵ بارزانی نەبوو و قەبووڵکردنی بارزانی بەڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکە بەهۆی پلەوپایەی تایبەتی و ئەوەوە بوو. ئەو پلەوپایە و کاریگەرێتییەش لە درێژەی خەباتی چەندین ساڵەی پڕ هەوراز و نشێوی هەوڵ و خەباتی بارزانی دژی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا وەدەست هاتبوو؛ کە هیچ کەسێکی تر لە ڕووی ناو و دەسەڵات و ڕادەی دەستڕۆیشتوویی لەلای سەرۆک عەشیرە و چەکدارە کوردەکان پلەی بارزانیی نەبوو. «ماوەیەک پاشتر شەش کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حزب لە قەڵادزێ لەگەڵ بارزانی دیداریان کرد و لێیان پرسی ئایا جگە لەو دوو ڕاگەیاندنە ئاشکرایە هیچ ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان ئەو و عارفدا سەبارەت بەدیاریکردنی مافەکانی گەلی کورد پێک نەهاتووە؟ بارزانی بەڕوونی وەڵامی دانەوە کە هیچ ڕێککەوتننامەیەکی نهێنی لە ئارادا نییە و هەرچی هەبێت هەر ئەوەیە کە بەئاشکرا ڕاگەیەندراوە[٢]». بەوتەی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژەنەراڵ بارزانی لەو دیدارەدا لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی پێداگریی

---

١- کۆچرا، پێشوو،ل ٣٠٨

٢- کۆچرا، هەمان، ل ٣٠٩

کرد و داوای لێ کردن کە گوێڕایەڵی بۆ نوێنەری گەلی کورد و فەرمانده‌ی گشتیی هێزەکان و ڕێبەری حزبەکە بن.

ڕێبەرانی حزب پاش ئەوەی ئەنجامێکیان وەدەست نەهێنا لەسەر ئەو بڕوایەی کە مەبەستی بارزانی لەناوبردنی شۆڕشی کوردە، بڕیاریان دا کۆنفرانسی حزب بەڕێوە ببەن. لەو کۆنفرانسەدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسی و سەربازییەکانی حزب بەشدارییان کرد. کۆنفرانسەکە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر هەڵوێستەکەی بارزانی پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە بنکەی ماوەت بەڕێوەچوو. لە ئەنجامدا پارتی دیموکرات لە بەیاننامەیەکی شازدە لاپەڕەییدا و لە ژێر ناوی، ئایا ڕێککەوتنی بارزانی و عارف پەیمانی ئاشتییە یان تەسلیم بوون؟ هەڵوێستی خۆی نواند و لە ١٩ ی ئاوریلی ١٩٦٤ بەیاننامەکەی بڵاوکردەوە[١].

**لە بەیاننامەکەدا ئەو تاوانانەی خوارەوە درانە پاڵ بارزانی:**

- بەبێ ئەوەی دەوڵەتی ناوەندی هیچ کام لە مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کوردی بەڕەسمی ناسیبێت لەگەڵ بارزانی پەیمانی ئاگربەستیان بەستووە.
- (بارزانی) لە ڕادەبەدەر متمانەی بەدەوڵەت کردووە و ئاسانکاریی کردووە بۆ ئەوەی سوپا و داوودەزگا ئیدارییەکانی عیراق بگەڕێنەوە کوردستان و لە هەمان حاڵیشدا دەوڵەت هەوڵی داوە حزب و ڕێکخراوە سەربازی و چەکدارییەکانی لەناو ببات.
- بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد بەکردەوە دەستی لەگەڵ دەوڵەت تێکەڵ کردووە.

هەندێ لە فەرماندە سەربازییەکان، وەکو جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا و... هتد. لەو کۆنگرەیەدا بەشدارییان نەکرد و لەگەڵ پێشمەرگەکاندا مانەوە، هۆی ئەوەش ئەگەری پشتیوانی کردنی هێزە چەکدارەکانی حزب لە بارزانی بوو. هەندێ لە بەشدارانی کۆنفرانسەکە پێشنیازیان کرد، کە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان دەستەیەک لەلایەن کۆنفرانسەوە لەگەڵ بارزانی دیدار بکەن، ڕێبەرانی حزب لە ڕووی بێ مەیلی و لە ژێر پاڵەپەستۆی زۆرینەی بەشداربووەکاندا، پێشنیازەکەیان قەبووڵ کرد. وەفدێک کە بریتی بوون لە ئەسعەد خەیلانی، عەبدوڵڵا زێباری و عەلی سنجاوی بۆ مەبەستی دانیشتن لەگەڵ بارزانی پێک هێنرا، بەڵام ئەو وەفدە بەبێ ئەنجام گەڕایەوە. مەلا مستەفا ئیبراهیم ئەحمەدی بەتیۆریسیەن و گەلاڵەداڕێژی سەرەکیی بەرنامەکانی حزب و هۆکاری سەرەکیی

١- کۆچرا هەمان، ٣٠٩



ناکۆکییەکان دەزانی و پێوە بوو لە پلەی سکرتاریەت (دبیرکل) لای ببات و جەلال تاڵەبانی لە جێگەی دابنێت، هەر بۆیە نامەیەکی بۆ تاڵەبانی نووسی و داوای لێ کرد کە لایەنگریی ئەو بکات[١]. لە کۆنفرانسێکدا کە بەبۆچوونی بارزانی خاوەنی ڕواڵەتێکی یاسایی نەبوو؛ بڕیار درا بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بارزانی، ئیرادەی بڕیاردان لەسەر ئاشتی، ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عیراق، ئیرادەی لابردن و خستنە سەرکاری فەرماندە سەربازییەکانی بزووتنەوە و بەڕێوەبردنی کۆنگرەی حزب، لە بارزانی بسێنرێتەوە و بارزانی لاببرێت. لە کردەوەیەکی بەرامبەردا بارزانی عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، کەمال موفتی و جەلال تاڵەبانیی لە فەرماندەیی هێزە سەربازییەکان لابرد و کەسانێکی تری هەڵبژارد[٢].

لە کێبەرکێی دەسەڵاتدا بارزانی سەرکەوت و فەرمانەکانی جێبەجێ کران. وێڕای بڕیاری ڕێبەرانی حزب بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بارزانی، هێشتا ئەو وەکو ڕێبەری بێ سێ و دووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەجەماوەرێکی یەکجار زۆری لایەنگرەوە، خاوەن دەسەڵات و فەرمان بوو. ئەو کاتە بارزانی بەکردەوە لەگەڵ دەوڵەت ڕێک کەوت و پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا پچڕی. ڕێبەرانی حزب لە ڕاستیدا کۆنگرەی ٢٥ ژووئەنیان لە ژێر چاودێریی کۆمۆسیۆنێکی بێ لایەندا قەبووڵ کردبوو، بەڵام لەپڕ و بەبێ ئەوەی کەس ئاگادار بێت بارزانی فەرمانی گرتنی عەلی عەبدوڵڵا و عەزیز شەمزینیی دەرکرد. بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد توانیی خۆی بگەیەنێتەوە بنکەی حزب[٣].

بگرە ڕێبەرانی پارتی دیموکرات بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە لەوە بێ ئاگا نەبوون کە ئەگەری درێژەدانی شەڕ نەبوو، بەڵام بێ گومان ئەوان لە دەرفەتێک دەگەڕان لە دەستی بارزانی ڕزگار بن و لەلای جەماوەر وەک بەهاودەستی دەوڵەت بیناسێنن و پاش ئەو کارەش خۆیان لەگەڵ دەوڵەت بکەونە وتووێژ[٤].

بەچاوگێڕانێک بەڕابوردووی بزووتنەوەی کورددا، ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە ڕێبەرانی پارتی دیموکرات لە نێوان وتووێژی ئاشتی و شەڕدا، ڕێگەی یەکەمیان بەلاوە

١- عیسمەت شەریف وانلی، پێشوو ل ٢٢٢
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین پێشوو ل ٧٩ و ٧٨
٣- هەمان، ل ٢٢٣
٤- حسن ارفع، پێشوو، ل ١٣٨

باشتر بووە؛ بەجۆرێ کە لە سەردەمی قاسمدا و تەنانەت ئەو کاتەی کە شەڕێکی قورس لە کوردستاندا لە ئارادا بوو، هەندێ لە ڕێبەرانی حزب لە بەغدا هەوڵیان دەدا کۆمۆنیستەکان بەرەو خۆیان ڕابکێشن و بەو هۆیەوە حکوومەتی عیراق ناچار بکەن بەداخوازییەکانیان قایل بێت. ناکۆکییەکان جیدی و ڕەفتاری لادەرانەی پارتی دیموکرات، بارزانیی ناچار کرد بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پشتگیریی حزب و لایەنگرەکانی، دۆست و هەڤاڵبەندی نوێ بگرێت، بەو پێیە لەگەڵ هەندێ سەرۆک عەشیرەتی بێ لایەن و تەنانەت دۆستی حکوومەتدا ڕێک کەوت و هانی دان لە خەباتدا یارمەتیی بدەن. لەو سەرۆک عەشیرەتانە دەتوانرێ ئاماژە بەشێخ لەتیفی حەفید زادە، کوڕی شێخ مەحموود لە سلێمانی و محەمەد ڕەشید قادرخانی و سەرۆک و ڕێبەرانی پشدەر، بکرێت[١].

سەرەتای جانیڤێری ١٩٦٤ ژەنەراڵ بارزانی شەشەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە ڕانیە و بەبەشداری کردنی ٩٠٠ نوێنەر و بەبێ ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزب بەڕێوە برد[٢]. بێ گومان بارزانی بۆ بەخشینی ڕەوایی حزبی بەبڕیارەکانی خۆی، پێویستی بەپشتیوانی و لایەنگری کردنی ڕێبەرایەتیی نوێی حزب بوو و پێکهاتنی ڕێبەرایەتیی نوێ و دیاریکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش بەبەڕێوەچوونی کۆنگرەوە گرێ درابوو. کۆنگرەی ڕانیە چواردە کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی بەتاوانی (هەوڵدان بۆ جیابوونەوە و ڕەفتاری لادەرانە) دەرکرد و مەکتەبی سیاسیی نوێی کە بریتی بوون لە پێنج ئەندام هەڵبژاردەوە. ئەندامەکان ئەم کەسانە بوون:

حەبیب کەریم سکرتێری گشتیی حزب، دوکتۆر مەحموود عوسمان، ساڵح یوسفی، ئیسماعیل عارف و عەزیز ئاکرەیی[٣] مەکتەبی سیاسیی حزب بەڕێبەرایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد لە وەڵامی ئەو ڕەفتارەدا بارزانی بەکەسێتییەکی عەشیرەیی ناودەبات و ڕادیۆی حزب داوا لە پێشمەرگە خەباتکارە کوردەکان دەکات کە دژی ڕێبەرایەتییە نوێیەکە ڕاپەڕن! بەم شێوەیە بەتەواوی پێوەندییەکان دەپچڕێ و بەپێچەوانەی داواکارییەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، ژمارەیەکی زۆر کەم لە پێشمەرگەکان لەگەڵیان هاوڕا بوون و

١- هەمان ل، ١٤١

٢- کۆچرا پێشوو ل ٣١٢

٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو



ژمارەیان لە هەزار کەس تێ نەدەپەڕی، لە کاتێکدا کە لایەنگرانی بارزانی ١٥٠٠٠ تا ٢٥٠٠٠ هەزار کەس بوون[١].

ناوەڕاستی جولای ١٩٦٤، هێزە وەفادارەکانی بارزانی بەفەرماندەیی (لوقمان)ی کوڕی دەستیان بەسەر ناوچەیەکدا گرت کە تا ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی حزبدا بوو و هێرشیان بردە سەر بنکەی ماوەت. یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە ١٧ی جولای بوو، کە تێیدا یەک کەس کوژرا و چەند کەسێکیش بریندار بوون[٢].

ڕێبەرانی مەکتەبی سیاسیی سەر بەئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری و حیلمی شەریف، بۆ بەرگری کردن لە پەرەسەندنی ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەکان و لەوانەشە لە ڕووی ناچارییەوە پەنایان بردە بەر ئێران. بەم پێیە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق ڕێبەرایەتییەکی لە عیراقدا نەبوو، چونکە دوو ئەندامی تری مەکتەبی سیاسی (عەلی عەبدوڵڵا و عەزیز شەمزینی) لەلایەن بارزانییەوە گیرا بوون و دوایین کەس کە نووری شاوەیس بوو لە ئینگلستان بوو. دەزگای ساواکی ئێران، ئەندامانی حزبی بەکۆمۆنیست دەزانی و بەنیگەرانییەوە و لەودیوی سنوورەوە کردار و ڕەفتاری ئەوانی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، بەڵام ڕەنگە «زیاتر بەهۆی دوژمنایەتیی بەغدا و قاهیرە نەک خۆشەویستیی کورد داڵدەی دابێتن[٣]». ئیبراهیم ئەحمەد چووە تاران، بەڵام عومەر دەبابە و جەلال تاڵەبانی لەگەڵ هاوڕێ دەوڵەتییەکانیاندا لە (دۆڵیکانی)ی نزیکی شاری سەردەشت واتە ١٢ مایلیی سنووری عیراق مانەوە، دەوڵەتی ئێران سەرەتا بردنیە سەقز و پاشان بۆ هەمەدان نێردران.

لە ناوەڕاستی سێپتامبەردا، کۆنگرەی کوردگەلی عیراق بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا لە ڕانیە بەڕێوەچوو و دەسەڵاتی تەواوی کاروباری شۆڕش درایە دەستی بارزانی و داواشیان لێ کرد کە ئەندامانی حزب لە ئێران بانگ بکاتەوە، حەمە ڕەشید کرایە لێپرسراوی جێبەجێ کردنی ئەو داواکارییە؛ کە لەگەڵ پەنابەرەکاندا وتووێژ بکات و لە ئەنجامدا عومەر دەبابە گەڕایەوە عیراق و لەگەڵ ساڵح یوسفی نوێنەری بارزانی دانیشت. پاشان گەڕایەوە ئێران و لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بۆ دیتنی بارزانی چوونە ڕانیە[٤].

١- کۆچرا هەمان ٣١٢

٢- هەمان، ل ٣١٢

٣- هەمان ٣١٣

٤- حسن ارفع پێشوو، ل ١٤٢

بەگشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرەکانی تا دەست پێ کردنەوەی شەڕی کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٦٥ لە ئێران مانەوە و لەو ساڵەدا ڕێگایان پێ درا بگەڕێنەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی. «دەوڵەتی عیراق ئاشتی کردنەوە و گەڕاندنیەوە بۆ وڵات و، بۆ شەڕی دژی بارزانی کەڵکی لێ وەرگرتن، ئەو ڕکەبەرییە زەبری زۆری لە تواناکانی بارزانی وەشاند[1]».

## ٥- لێکدانەوەی ئەنجام و کاریگەرێتییەکانی دووبەرەیی و ناکۆکیی نێوان ڕێبەرانی حزب

بەرجەستە بوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کادیری سیاسیی ڕۆشنبیر و خوێندەواری حزب و ڕێبەری بەتوانا و خاوەن دەسەڵاتی حزب و پچڕانی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە، ئەنجام و کاریگەرێتیی سەلبیی بەرفراوانی بۆ ڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد بەدواوە بوو، لە باری فیکرییەوە گومان لەوەدا نەبوو کە گرووپی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی کوردی لەخۆگرتبوو. پاش ئەو تەنگژەیەی کە ڕووی کردە پێوەندییەکانی نێوان بارزانی و ڕکەبەرەکانی ئەو و بووە هۆی جیابوونەوەیان، ژمارەیەک لەو کەسانەی دەوروبەری بارزانییان گرتبوو لە ڕووی عاتیفییەوە بەبارزانی وەفادار بوون. پاش ئەو ڕووداوە، واتە لە ١٩٦٤ بەدواوە تا ساڵی ١٩٧٠ و بەتایبەت ١٩٧٤ کە ڕۆشنبیرانی کورد بەکۆمەڵ چوونە ڕیزی بزووتنەوەی بارزانییەوە، بیرمەند و ڕەخنەگری خاوەن دەنگی تایبەت بەخۆیان کەمتر بەدی دەکران و بڕیارە گرینگ و چارەنووسسازەکان لەلایەن ژمارەیەکی دیاریکراوەوە دەردەچوون[2]. بەجیابوونەوەی گرووپە ڕۆشنبیرەکە، دژایەتییەکی ئەوتۆ بەرامبەر بارزانی لە ئارادا نەبوو؛ هەڵەی گرووپەکەی ئیبراهیم ئەحمەد ئەوە بوو کە دەسەڵاتی بارزانییان لە بزووتنەوە کوردییەکەدا بەکەم گرتبوو؛ هەڵەکەشیان زیاتر لەوەدا بوو کە بارزانییان نەک بەڕێبەر بگرە بەڕکەبەری خۆیان لە بزووتنەوەکەدا دەزانی. تاک کەوتن و تەریکبوونی ئەو کەسانە، پاش ناکۆکییەکان و پەنابردن بۆ ئێران و هەروەها شێوەی ڕەفتاریان لەگەڵ بارزانی، بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ڕادەی هەڵەبوونی لێکدانەوەکانیان لەمەڕ دەسەڵاتی بارزانی. ئەگەرچی تا هەنووکەش جگە لە ڕکەبەرییەکی ئاشکرا و نهێنی بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات هیچ پاڵنەر و هۆکارێک بۆ پچڕانی پێوەندییەکانی ئەو گرووپە لەگەڵ بارزانی نەدۆزراوەتەوە، بەڵام بەگشتی ئەو کەسانە لە

١- جاناتان ڕندل، پێشوو ل ١٨٤

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٣١٤



لاوازکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورددا بەرپرسیارن. ئەو دەستەیە بەپێکهێنانی دووبەرەکی لەناو بزووتنەوەکەدا و کەمکردنەوەی وزە و پوتانسیەڵ و دینامیزم بۆ خەبات دژی ڕژێمی عیراق، تووشی هەمان هەڵەی ڕێبەرانی حزبی کۆمۆنیستی عیراق ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ بوون؛ پێداگری و نەسازانی ئەوان کاریگەرێتیی ئەوتۆی بوو لەسەر سازانی بارزانی لەگەڵ حکوومەتی بەعسدا.

کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، بەتایبەتمەندیی پچڕانی پێوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ دەستەی پێشووی ڕێبەرایەتیدا، لە هەمان کاتیشدا نیشاندەری ساردبوونەوەی پێوەندییەکانی حزب و دەوڵەتی بەغدا بوو. لەو کۆنگرەیەدا وێڕای ئەوەی بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بەزاراوەی مارکسیزم - لینینیزم لە بەرنامە و ئامانجەکانی حزبدا نەکرا، «بڕیار درا بەمەرجێ تێپەڕبوونی حەوت مانگ و کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی دەوڵەتی عیراق بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد دیاریی کردبوو لە ئاستی کردەوەدا بیکات (بەمەرجی جێبەجێ نەبوونی بڕیارەکان) ئەنجوومەنی شۆڕشی کورد خۆی ئەوەی بۆ وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی پێویست بێت بیکات[1]».

بارزانی و مەکتەبی سیاسیی نوێ بەشەکەی تری ساڵی ١٩٦٤ بەدامەزراندنی ڕێکخراو گەلێکەوە خەریک بوون کە بەکردەوە کوردستان بکەنە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم. ئەنجوومەنێکی شۆڕش و (پەرلەمانی) کە بریتی بوو لە ٥٠ ئەندام مەکتەبێکی بەڕێوەبەرایەتی، واتە لە ڕاستیدا کابینەی وەزیران، هەرچەند لە دیدی کۆمەڵەی لایەنگری جەلال تاڵەبانییەوە وەکو نووسینگەی ناونووسی کردن دەبینرا ئەو مەبەستانەی جێبەجێ دەکرد[2].

هەر ئەنجوومەن (پەرلەمان)ێک بریتی بوو لە ١٦ ئەندام؛ کە ٤ کەس لەلایەن حزب و چوار کەس لەلایەن ڕۆشنبیرە شارییەکانەوە و ٤ کەس لەلایەن بارزانییەوە، پێشنیاز کرا بوون. بەهۆی هەڵبژاردنی شێخ لەتیف حەفید زادە بۆ سەرۆکایەتیی (سەنا)، جەماوەرە ئاینی و خۆپارێز (محافەزە کار)ەکانیش دڵنیابوون و بەرەی چەپی کەوتە کەمینەوە[3].

لەو سەردەمەدا، واتە ١٩٦٤، بارزانی دەسەڵاتی خۆی پتەو دەکاتەوە و ئەو دەسەڵاتە تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ دەمێنێتەوە. ناوچەی دەسەڵاتی ناوبراو کەوتبووە نێوان سنووری

١- حسن ارفع، پێشوو ل ١٤٢

٢- حەسن ارفع، پێشوو، ل ١٤٢

٣- جاناتان ڕندل، ل ١٨٤

ئێران و تورکیەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا خانەقین لەسەر سنووری ئێران و لە ڕۆژئاواوە تا زاخۆ لەسەر سنووری تورکیا و سووریای دەگرتەوە و بەگشتی پانتایی ٣٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە دەگرتە بەر، ئەو ناوچەیە بریتی بوو لە دوو بەشی هەرەگەورەی بادینان کە لەلایەن ئەسعەد خۆشەوییەوە بەڕێوە دەبرا و بەشی ڕۆژهەڵات کە بارزانی بنکەی خۆی لەوێ دامەزراند بوو و نزیک جادە بەناوبانگەکەی هامیلتۆن بوو[١]».

«هیچ کام لە شارە گەورە کوردنشینەکانی سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، ئاکرێ، دهۆک و زاخۆ نەدەکەوتنە ناو سنووری ئەو دەسەڵاتەوە. بەڵام نزیکەی نیوەی دانیشتوانی کوردستان واتە نزیکەی یەک ملیۆن کەس لەو ناوچەیە دەژیان کە لەژێر دەسەڵاتی ناسیۆنالیستە کوردەکاندا بوو. لە ڕاستی و لە کردەوەدا بەگشتی سنووری هاوبەشی عیراق و تورکیا و بەشێ لە سنووری هاوبەشی ئێران و عیراق لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی بەغدا بەدەرە: لەو ناوچەیەدا دەسەڵاتی بارزانی دەسەڵاتێکی ڕەها بوو؛ سنووری دەسەڵاتەکەی زۆر زیاتر بوو لە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم و بارودۆخەکە جۆرێک بوو کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕووی دەسەڵات و توانای جوگرافیای دەسەڵاتەوە دەتوانرێ لەگەڵ سەردەمی ئەفسانەئاسای بەدرخان، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، بەراورد بکرێت.

## و: سەرەتای دوژمنایەتییەکان، شەڕ لەگەڵ عارفدا

ماوەیەک پێش دەستپێکردنی دوژمنایەتی، پێوەندیی نێوان بارزانی و بەغدا سارد بووەوە. نیشانە و خاڵێکی دیاریکەری تێکچوونی، گۆڕینەوەی یاداشتی ئەمرکەرانە و ڕاگەیاندنی هەردوو لا دژی یەکتری بوو، ئوکتۆبەری ١٩٦٤ ژەنەراڵ بارزانی یاداشتێکی دایە دەوڵەتی عیراق کە تێیدا، داوای کردبوو کە یاسای بنەڕەتیی عیراق مافەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای (ئۆتۆنۆمی) بەڕەسمیی بناسێت. لەو یاداشتەدا بەندێک لە پێوەندی لەگەڵ سوپادا گونجێندرا بوو بەو پێیە بارزانی داوای لە دەوڵەت کردبوو هێزە کوردەکانی سەرسنوور بەو جۆرەی کە هەن بمێننەوە تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی ویلایەت پێک دێت و ئەو کاتە ئەو هێزانە دەبنە یەکەگەلی ڕێکوپێکی سەر سنوور و ژمارەیان لە ٢٠,٠٠٠ کەسدا دەمێنێتەوە[٢]. هەرچەندە بەلەبەرچاوگرتنی نادیار بوون و نهێنی بوونی لە ڕادەبەدەری ئەو

١- کۆچرا پێشوو، ل ٣١٥

٢- هەمان، ل ٢٥٨



هەلومەرجەی کە ئاگربەستەکەیساڵی ١٩٦٤ی تێدا بەڕێوەچوو و نهێنییەکانی ئەو ڕووداوە تا ئێستاش ئاشکرا نەکراوە، ناتوانرێ وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە دیاری بکرێت کە، ئایا شەڕی ژەنەراڵ عارف لە دژی ژەنەراڵ بارزانی لە ڕاستیدا شکستی ڕێککەوتنێک بوو یان بەتەواوی کۆتایی هاتنی سەردەمێکی دوورودرێژی لێڵی و بێ ئاکامی.

«لە دێسامبەری ١٩٦٤دا سوپای عیراق بەنیاز بوو ناوچەی چەمچەماڵ لە هێزە کوردییەکان داگیر بکات و لە ناوچەی دەربەندیخان و خانەقینیشدا پێکدادان لە نێوان هەردوو لا ڕووی دا[١]» عیراق تا دوایی، هێزەکانی سوپای بەهێز کرد و ناوچە گرینگەکانی داگیر کرد. بەڵام شەڕ بەتەواوی تا ئەو کاتەی لە ژانیڤەری ١٩٦٥دا عەبدولحەمید سوبحی وەزیری کاروباری ناوخۆی عارف ڕای گەیاند، تا ئەو کاتەی سوپای کورد گۆڕانی بەسەردا نەیەت و چەک و کەرەستەکانی خۆی نەداتەوە دەستی بەرپرسانی دەوڵەت، دەوڵەتی عیراق ئامادەی وتووێژ نابێت و نە ئێستا و نە داهاتووش نایەوێ ئۆتۆنۆمی بداتە کورد، بەتەواوی دەستی پێ نەکردبوو[٢].

بەم پێیە پچڕان و تێکچوونی پێوەندییەکان زۆر نزیکە، مەلا مستەفا بارزانی کە (پێشتر) وازی لە داوای ئۆتۆنۆمی هەڵگرتبوو، هەنووکە لەسەر دابینکردنی هەموو ئەو داخوازییانەی کە ئۆتۆنۆمییان گەرەنتی دەکرد، دادەگرت. کورد هەوڵیان دەدا پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ لایەنە دژکار و ڕکەبەرەکانی عیراق، وەکو کۆمۆنیستەکان و پارتی دیموکرات و بەعسییە چەپخوازەکان دروست بکەن و هێشتاش بەهیوابوون کە ناسر، پاڵەپەستۆی سیاسی بخاتە سەر دەوڵەتی عیراق و ناچاری بکات کە داخوازییەکانی گەلی کورد قەبووڵ بکات، بەڵام چۆن سیاسەتی پێکهێنانی بەرەی هاوبەشی دژی ئیسرائیل جارێ پشتگوێ خرابوو، عەبدولناسر زیاتر لایەنی پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتی عیراقی دەگرت تا دەستەبەرکردنی داخوازیی بارزانییەکان و داروودەستەی ناسرییەکانیش پشتگیریی ئەو سیاسەتەیان دەکرد[٣].

سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە ٢ی ئاوریلی ١٩٦٥ کەرەستەی قورس و کوژرانی ٦٠٠ کەس و برینداربوونی نزیکەی ١٠٠ کەس، ڕاگەیاندنی شەڕ بوو لەلایەن عارفەوە دژی کورد. دوا بەدوای ئەو ڕووداوە سوپای عیراق هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆ

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٣١٨

٢- عیسمەت شەریف وانلی، پێشوو، ل ٢٦٩

٣- حەسەن ارفع، پێشوو، ل ١٤٤

شکاندنی هێڵی بەرگریی کورد دەست پێ کرد تا دەستی بگاتە سنوورەکانی ئێران و تورکیا[1]. دەستدرێژی و پەلامارەکانی ڕابوردوو، سوپای عیراق توانیی لە قۆناخی یەکەمدا زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی وەکو ڕانیە و بارزان داگیر بکات. بەڵام لە ناوچەکانی قەڵادزێ، چوارتا، ماوەت و پێنجوێندا سەرکەوتنی ئەوتۆی وەدەست نەهێناوە و لە زۆربەی ناوچە و شوێنەکاندا پاش ئەوەی خەسارێکی بەرفراوانی لێ کەوت بەناچاری پاشەکشێی کرد و تەنانەت ڕانیە بەردەوام لەلایەن کوردەوە دەستی بەسەر دادەگیرا[2].

دەوڵەتی عیراق سانسۆرێکی قورسی خستبووە سەر ئەو هێرشە و تا چەند حەوتوویەک نکووڵیی لە هێرشەکە دەکرد. تەنانەت ڕۆژنامەوانێکی لەبەرئەوەی لە تەلەگرافێدا کە بۆی نێردرابوو، وشەی کورد بەکارهاتبوو، بانگی کردە ئیدارەی ئاسایش. تەنیا پەیکەری ئەفسەرە کوژراوەکانی شەڕی کوردستان، دەنێردرانەوە بۆ باشوور و داوا لە بنەماڵەکانیشیان دەکرا بەوپەڕی پاراستنەوە بیاننێژن[3].

تایبەتمەندیی شەڕی عارف بەرفرەبوونەوەی لە ڕادەبەدەری پانتایی شەڕ بوو، کورد چەکی قورسیان دەست کەوتبوو و شەڕی بەرەیی جێگای شەڕی پارتیزانی دەگرتەوە. هەموو سوپای عیراق واتە چل تا پەنجا هەزار سەرباز بەفڕۆکەی میک و هانتەرەوە گیرۆدەی شەڕ بووبوو. شەڕێکی یەکجار قورس بۆ ماوەی چەند حەوتوویەک لە ناوچەی هەولێر و زنجیرە چیاکانی سەفیندا ڕووی دا، بەڵام پایزی ١٩٦٥ کورد هێرشیان دەست پێ کرد و چوونە سەر هێڵەکانی پێوەندی تەدار و کاتیی سوپای عیراق کە ئەو کاتە ڕووبەرێکی بەربلاوی گرتبۆوە و زۆربەی ناوچە داگیرکراوەکانی وەک چوارتا و سەفینیان گرتەوە[4]. بۆ یەکەمجار لە مێژووی شەڕی عیراق دژی بارزانییەکان، زستان نەبووە هۆی وازهێنان و دواکەوتنی شەڕ. لە ساڵی نوێی زایینیدا ١٩٦٥ سوپای عیراق لە بەرەی شەڕی پێنجوێندا هێرشێکی دەست پێ کرد و ئەو شەڕە تا مانگی فێبریوەی خایاند. پاش دەرکرانی بەعسییەکان لەسەر دەسەڵات، دوا بەدوای یەک، سێ کابینەی دەوڵەتی جیا هاتنە سەر حوکم و گۆڕان.

سێپتامبەری ١٩٦٥ سەرۆکی دەوڵەت سەربازی نەبوو، بگرە دوکتۆر عەبدولڕەحمان

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٣١٨

٢- حەسەن ئەرفەع، پێشوو، ل ١٤٤

٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٣١٩

٤- هەمان، ل ٣١٩



بەزاز خوێندەواری بواری یاسا و ماف بوو. بەڵام لە ڕاستیدا حکوومەت بەدەستی هێزە سەربازییەکانەوە بوو و بەرپرسی ئاستی سەرەوەی وەزارەتی بەرگری ژەنەراڵ عەقیل بوو کە زۆر دژی کورد بوو.

## ز: دروستکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئێران و ڕەنگدانەوەکانی

«بارزانی هەموو کات لەگەڵ کوردی ئەودیوی سنوور پێوەندیی نزیکی هەبووە، لەمێژەوە؛ واتە لە ئەگۆستی ١٩٤٥ەوە، چەند سەد پێشمەرگەی کوردی ئێرانی هاتنە ڕیزی هەڤاڵانی بارزانییەوە و لە شەڕی دژی عیراقدا یارمەتییان دابوو، کە هێندەی نەمابوو ئەو مەسەلەیە ببێتە تەنگژەیەکی نێونەتەوەیی[1]»، لە ساڵی ١٩٦٢ەوە یارمەتیدانی بارزانی لەلایەن کوردی ئێرانەوە زیاتر بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەم قۆناخەدا یارمەتیدانەکە ڕواڵەتێکی تری لەخۆگرتبوو. کورد لەو ناوچە سنوورییانەوە کە سوپای عیراق توانایی ئیدارەکردنیانی نەبوو. یارمەتییان بۆ بارزانی دەنارد. ئەو یارمەتییانە بارزانییان هان دەدا وێڕای گەمارۆی ئابووریی حکوومەتی لەسەر کوردستان؛ درێژە بەشەڕ و بەرخۆدان بدات.

هەرچی کات تێدەپەڕی پێوەندیی نێوان بارزانی و ئێران پتەوتر دەبوو، ساڵی ١٩٦٤ حکوومەتی ئێران ڕاستەوخۆ لەگەڵ بارزانی پێوەندیی گرت؛ بۆ یەکەمجار شەمسەدین موفتی وەکو نوێنەری بارزانی بەتاران ناسرا[2].

بڕیارەکەی ئەمجارەش لەلایەن بارزانییەوە (دروستکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئێران ئەنجامێکی کارەساتباری بەدواوە بوو ئەگەرچی هەندێ لە سەرچاوەکان نووسیویانە کە پاش تەنگژەکەی هاوینی ١٩٦٤ بەهۆی گرووپەکەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بارزانی بۆ یەکەمجار لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران پێوەندیی گرت و... هەڕەشەی لێ کردن کە بەمەرجێک یارمەتیی سەرهەڵداوە پەنابەرەکانی هەمەدان بدرێت هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی توندوتیژ تۆڵە بکاتەوە[3]. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بارزانی لە هاوینی ١٩٦٢ەوە هێزێکی بەرپێبەرایەتیی عەبدوڵڵا ئیسحاقی لەبەردەستدا بوو و باردۆخەکەش بەجۆرێک بوو کە لە ١٩٦٢ تا ١٩٦٤ پێوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ کوردی ئێران هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕدا گەشەی دەکرد. ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ئێران لە

١- هەمان، ل ٣١٩

٢- هەمان ٣٢٠

٣- دیوید ادامز پێشوو، ل ١٥٧

کوردستانی عیراق لە نزیک بنکەی ژەنەراڵ بارزانی جێگیربوون. بەڵام ئەو پێوەندییانە تاکەکەسی بوون...

یارمەتییەکان لەلایەن ئەو کوردانەوە ئەنێردران کە لایەنگری بزووتنەوەی کورد بوون. بزووتنەوەی بارزانی سنوورە سیاسییەکانی بەزاندبوو و کوردی ئێرانی بە هەناردنی خواردەمەنی و جلوبەرگ و چەک و پێداویستیی جۆراوجۆر بۆ شۆڕشگێڕە کوردە عیراقییەکان بەکردەوە نیشانیان دەدا کە خوازیاری بەردەوامبوونی بزووتنەوەکەن. ئەگەرچی حکومەتی ئێران سەرەتا پەنای دایە سەرهەڵداوەکان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب کە بارزانی لە عیراق دەری کردبوون و، لەوانەیە ئەو مەسەلەیەش بووبێت کە شای ئێران و داوودەزگا حکومەتییەکەی لە نرخاندنی ڕادەی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بارزانی لە بزووتنەوەکەدا، دژکاران و ڕکەبەرەکانی ئەویان بەهاوسەنگی ئەو دانابێت و بوونی ئەو کەسانەیان بەکەرەسەیەک بۆ تەشەنەکردنە نێو کوردستان و پاڵەپەستۆ خستنە سەر حکومەتی بەعس زانیبێ. بەڵام پاش ماوەیەک شای ئێران بۆی ڕوون بووەوە کە لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیەدا کە بارزانی ڕێبەرایەتیی دەکرد، گرینگییەکی بەرچاوی نییە و هەر بەو هۆیەوە هەوڵی دا پێوەندییەکی نزیک و گونجاو لەگەڵ بارزانیدا دروست بکات. ئەوەی ڕاستی بێت شا بەنیسبەت ئەو بابەتەوە دەیویست وا خۆی نیشان دا کە تا ساڵی ١٩٧٠ بەپشتیوانی کردنی ئەو سەرهەڵداوانە بەپشتگیری کردن و بەهێزکردنی ئەوانەوە ببێتە هۆی لاوازی و لە ئاکامدا نابووتکردنی بارزانی. هۆکارێکی تری چوونەوەی، شا بەسیاسەتە نێگەتیڤەکانی بەرامبەر بارزانیدا، لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە بوو کە کوردی ئێران بەشێوەیەکی بەرفراوان یارمەتیی کوردی عیراقیان دەدا و، باشترین و گونجاوترین ڕێگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو یارمەتییە جەماوەرییانە، ئەوە بوو حکومەت خۆی بخاتە ڕیزی ئەوانەوە و خۆی چاودێرییان بکات و دەست بەسەر کردەوەکانیاندا بگرێت.

بارودۆخەکە چووە کەشوهەوایەکەوە کە لە مانگی مەی ١٩٦٥ەوە نێردراوانی تایبەتی میدیا جیهانییەکان هەموو ڕۆژێ بوونە شایەتی چەک و کەرەستەی نوێ و قورس کە لە کوردستاندا کەڵکی لێ وەردەگیرا. زۆری پێ نەچوو جیهانی عەرەب بەرامبەر بەکورد و ئێران دژەکردەوەی نیشان دا، بەرپرسانی وڵاتی میسر لە کۆتایی ئۆکتۆبەردا پاش سەفەری «دکتۆر بەزازی سەرۆک وەزیرانی عیراق بۆ میسر، شەوکەت ئاکرەیی نوێنەری بارزانی لە قاهیرە دەردەکەن، پێوەندی لەگەڵ شا بۆ بارزانی بووبووە کێشەیەک مەلیک حوسێنی شای



ئەردەن لە سەفەرەکەیدا بۆ تاران، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە دەدات.[1]»

ئەو کێشە و ململانێیەی لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ١٩٦٥ەوە لە نێوان ئێران و عیراقدا هاتبووە ئاراوە لە ژانیەڤەری ١٩٦٦ و بەداخوازیی باڵوێزی ئێران لەسەر ئەوەی کەوا دەوڵەتی عیراق زیاتر چاودێریی سنوورەکانی خۆی بکات، ئاشکرا دەبێت: کورد هێرش دەکەنە سەر پێنجوێن و پاش شەڕێکی قورس کە سێ ڕۆژ دەوامی هەبوو خەسارێکی زۆر لە سوپای عیراق دەدەن و پاش گرتنی قەڵای پێنجوێن سێ ئەفسەر و ٤١ سەربازی عیراقی دەکوژرێن. فەرماندەی ئەو چالاکییە عەزیز ئاکرەیی بوو[2]».

دەوڵەتی عیراق لە ٤ی ژانیەڤەری ١٩٦٦ بەڕەسمی دەنگی بەرزکردەوە و ناڕازیبوونی خۆی دژی پشتیوانی کردنی مادی و مەعنەویی ئێران لە کوردە سەرهەڵداوەکان دەربڕی. ژەنەراڵ عەقیلی ئاواتی ئەوەی خواست کە دەوڵەتی ئێران سنوورەکانی خۆی لەسەر کوردە سەرهەڵداوەکان، دابخات چونکە ئەو بۆشاییە سنوورییانە، شوێنی هاتنی یارمەتیی مرۆڤی و مادیی لەوێوە دەگەنە کورد، ئەو هەروەها هەندێ وڵاتی بەوە تاوانبار کرد کە کورد هان دەدەن بۆ ئەوەی لە باکوری عیراقدا ئیسرائیلێکی تر دروست بکەن».

ماوەیەک پاشتر ژەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارف، برای سەرۆک کۆمار و سەرۆکی سوپای عیراق. ئەمیر عەباس هوەیدای سەرۆک وەزیرانی ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە لە دیداری ناوبراو لە سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩٦٥ لەگەڵ بارزانی، دەستی داوەتە پلان و گەڵاڵەی دژی عیراق. ڕاستی ئەوەیە لە زستانی ١٩٦٥-١٩٦٦دا زەمینەی نێونەتەوەیی بۆ شکستی بزووتنەوەی کورد لە دە ساڵی داهاتوودا ئامادە کرا، هەرچەندە ئەم ڕاستییە لەلایەن هەندێ کەسەوە شاردرایەوە.

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٢٠

٢- هەمان، ل ٣٢١

## یەکگرتنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و حکوومەتی بەعس دژی بارزانی

ناکۆکیی نێوان تاخمی مەکتەبی سیاسی و ڕێبەری بزووتنەوە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و لە ژانیڤەری ١٩٦٦دا عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری و حیلمی شەریف سنووریان بڕی و وێڕای خۆپاراستن لە نزیکبوونەوەی ئەو ئاواییبیانەی کە بۆ دانیشتن و حەسانەوەی بارزانی لە گەڕانەوەی لە ئێران تەرخان کرا بوو (هاوینی ١٩٦٥) لەگەڵ بەرپرسانی عیراق دیداریان کرد. زۆری پێ نەچوو کە دەستەیەک لە جاشە بەکرێگیراوە کوردەکان لە پاڵ سوپای عیراقدا هەڵتۆقین، ئەمجارەیان ئەو (جاشانە) هێزێکی عەشیرەیی نین، بگرە ڕۆشنبیرانی پارتی دیموکرات بوون. ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، حیلمی شەریف و عومەر دەبابە بەو بیانووەوە کە دەیانەوێ بزووتنەوەی کورد لە دەستی ڕێبەرە عەشیرەیی و دواکەوتووەکەی (ئەو بۆچوونە سەبارەت بەبارزانی کەمترین شتێک بوو کە لە گۆڤارەکەیاندا (النور) بڵاویان کردەوە» ڕزگار بکەن. ناوبراوان نزیکەی ٢٠٠٠ هەزار کەسیان کۆ کردەوە کە لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە پارە و چەکی پێویستیان بۆ دابین دەکرا و ئەوانە لە شەڕی عیراق دژی بارزانیدا دەورێکی یەکجار گرینگیان بینی[١]».

سەرچاوەی ئەو کردانە کە بوونە هۆی پەرێشانی و دابەشبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەخەسارچوونی بەشێک لە هێزی بزووتنەوە لە هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییبیەکاندا، دەگەڕایەوە بۆ ئەو ڕکەبەرییە لەمێژینە دیار و نادیارە تاکە کەسییانەی کە سکرتێر (دبیرکل)ی پارتی دیموکراتی لەگەڵ ڕێبەرایەتیی بیست ساڵەی حزب ڕووبەڕوو کردەوە. ئەو دژایەتی و ڕکەبەرییانە هەر لەو کاتەوە کە بارزانی هەمزە عەبدوڵڵای بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی عیراق ناردە ئەو وڵاتە، سەریان هەڵدا بوو (١٩٤٥).

مانگی مارسی ١٩٦٥ کوردستان شەڕی زۆرتری بەخۆوەبینی، عارف بەشێوەیەکی گوماناوی لە کەوتنە خوارەوەی کۆپتەردا مرد. بەرپرسانی پایەبەرزی سوپا بۆ دیاریکردنی جێگری عارف کۆبوونەوە و عەبدولڕەحمان عارفی برایان بۆ سەرۆک کۆمارێتی عیراق هەڵبژارد و ئەویش عەبدولڕەحمان بەزازی لە پلەی سەرۆک وەزیراندا هێشتەوە[٢].» (بەزاز لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە کێشەی کورد بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی و کردەوەی سەربازییانە و شەڕ و پێکدادان چارەسەر ناکرێت. لە کۆنفرانسێکی

---

١- کۆچرا، هەمان، ٣٢٢

٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٩١



ڕۆژنامەوانیدا ڕای گەیاند، بەمەرجێ چل یان پەنجا کەسیش لە شاخەکاندا بمێننەوە کێشەکە بەبێ ئەوەی چارەسەر بکرێت دەمێنێتەوە. بەزاز چەندین جار لەسەر دانیشتن و وتووێژ بەمەبەستی چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد قسەی کرد بوو.

لەو هەلومەرجەدا زنجیرەیەک پێوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لە نێوان حکوومەت و بارزانی و تەنانەت لە نێوان حکوومەت و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیشدا دروست بوو[١]. بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی سەرۆک وەزیرانی عیراق لایەنی سەربازیی بەعس کە دەستی بەسەر هەموو لایەن و کاروبارەکاندا گرتبوو و هەموو شتێکیان پاوان کرد بوو؛ جگە لە توندوتیژی و کردەوەی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی هێزەکانی بارزانی بیری لە هیچ ڕێگایەکی تر نەدەکردەوە. بەو پێیە مانگی مەی ساڵی ١٩٦٦ عیراقییەکان هێرشێکی قورسیان دەست پێ کرد و ئامانجی ئەو هێرشەش دوو بەشکردنی بەرەی شەڕی کوردی بوو؛ بۆ ئەوەی بارزانی یارمەتی (لۆژێستیکیی) پێ نەگات و لەگەڵ ئێران پێوەندیی نەبێت. ئەم شەڕە کە بەشەڕی هەندرێن ناوزەد کرا، لاپەڕەیەکی تری لە مێژووی کوردستان هەڵدایەوە: لەو شەڕەدا هێزەکانی عیراق و کورد بۆ یەکەمجار و لە ماوەی چەند حەوتوودا لە شوێن و بەرەی جێگیر و دیاریکراودا بەشێوەی بەرەیی شەڕیان کرد و ژمارەیەکی بەرچاو چەکداریان هێنایە مەیدانی شەڕ. بەرەی دژی بارزانی لەو شەڕەدا بریتی بوون لە دوو لەشکری پڕ چەکی سەر بەسوپای عیراق کە لە لایەن تۆپخانە و هێزی ئاسمانییەوە پشتیوانی دەکرا و هەروەها لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد. شەڕەکە لەسەر دەستگرتن بوو بەسەر شاخی هەندرێندا کە ٢٨٧٥ مەتر بەرز بوو و، بەسەر ئەو ڕێگا و جادانەدا زاڵ بوون کە دەچوونەوە سەر جادەی هامیلتۆن[٢].

چەند ڕۆژ پاش کەوتنەوە خوارەوەی کۆپتەرەکە و کوژرانی عارف، هێزەکانی سوپای عیراق هێرشیان برد و توانییان یەکێک لە بەرزاییبیەکانی چیای هەندرێن بگرن؛ هێرش و دژەهێرش لە ماوەی دە ڕۆژ و بەشێوەیەکی بێ وچان و بەوپەڕی توندوتیژییەوە بەردەوام بوو. ڕۆژی ١٢ مەی ١٩٦٦ پاش دژەهێرشێکی کورد هێزی حکوومەت بەوپەڕی بێ دەرەتانی و سەرسامییەوە مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشت». شەڕی هەندرێن بۆ سوپای عیراق کارەسات بوو، سوپای عیراق بەسەدان کوژراوی لە بەرامبەر ٦٠ کوژراوی کورددا

---

١- بڕوانە، هەمان، ل٩١.

٢- عیسمەت شەریف وانلی، پێشوو، ل ٢٦٦ لەسەر قسەی عەبدوڵڵا پشدەری.

لێ بەجێ ما و سوپای عیراق بڕێکی بەرچاوی کەرەستە و چەکیان لە مەیدانی شەڕدا بەجێ هێشت کە بریتی بوون لە ٤ تۆپی کۆیستانی، ٤ هاوەنی قورس و بەسەدان چەک. وێڕای یارمەتیدانی هێزی سوپای عیراق لەلایەن جاشەکانەوە، بارزانی بەتوندی سوپای عیراقی شکاند و سەرکەوتنێکی گەورەی لە شاخی هەندرێندا بەدەست هێنا[1].

جارێکی تر و بەنهێنی دەوڵەتی عیراق لەگەڵ بارزانی دەستی بەوتووێژ کردەوە. ١٣ی ژووئەن وەفدێکی کوردی بەسەرۆکایەتیی حەبیب کەریم سکرتێری تازەی پارتی دیموکرات کە بریتی بوون لە ساڵح یوسفی، موحسین دزەیی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، چوونە بەغدا و لەلایەن ژەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆک کۆمارەوە پێشوازییان لێ کرا. وتووێژەکە بەشێوەیەکی سەیر دەستی پێ کرد. حەبیب کەریم دەڵێ: «ژەنەراڵ عارف کەسێتییەکی لاواز (بێ دەسەڵات) بوو و جگە لە وتووێژێکی گشتی باسی هیچی ترمان لەگەڵدا نەکرد... لەبەرچی پێکەوە شەڕ دەکەین؟ هەردوو لامان موسوڵمانین... موسوڵمان پێکەوە بران، چ کورد چ عەرەب. ئێمە هیچ دژایەتییەکمان لەگەڵ یەکتردا نییە[2].» وتووێژی سەرەکیمان لەگەڵ عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیران بوو کە لە کاتی خۆیدا و لە زانستگای بەغدا مامۆستای حەبیب کەریم بوو لە بواری مافدا. وتووێژەکە لە کەشوهەوایەکی گەرموگوڕ و دۆستانەدا بەڕێوە چوو. نێردراوەکانی بارزانی، داوا لە دوکتۆر بەزار دەکەن بەشێوەی ڕەسمی ئۆتۆنۆمیی کوردستان ڕابگەیەنێت بەڵام دوکتۆر بەزاز داواکە قەبووڵ ناکات و دەڵێ سوپا بە بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بەو کارە هەڵدەستێت. بەهەرحاڵ سەرۆک وەزیرانی عیراق یەکێک لە گرینگترین داخوازییەکانی کورد قەبووڵ دەکات و بەڕەسمی دان بەوە دادەنێت عیراق وڵاتێکی دوو نەتەوەییە[3]. لە ٢٩ ی ژووئەنی ١٩٦٦، پاش چەند جار هاتوچۆی نێوان بنکەی بارزانی و بەغدا، سەرۆک وەزیرانی عیراق بەڕەسمی و لە تەلەڤیزیۆنی عیراقەوە ئاشتی و ڕێکەوتنی نێوان بەغدا و کوردی لەسەر بنەمای (مافە نەتەوەییەکانی کورد) و قەبووڵکردنی (لامەرکەزی) ڕاگەیاند.

ڕێککەوتنەکەی بەزاز ١٢ مادەی لەخۆگرتبوو، نەوشیروان مستەفا لەو بارەیەوە نووسیویەتی: «بەیانەکەی بەزاز پێک هاتبوو لە ١٢ مادە، ئەگەرچی بەیانەکە دان بەمافی

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ١٨٤

٢- کۆچرا پێشوو، ل ٣٢٤ وتووێژی حەبیب کەریم لەگەڵ کۆچرا لە ناوپردان.

٣- جاناتان ڕندل پێشوو، ل ١٥٨



نەتەوەی کورددا دەنێ، بەڵام هیچ چوارچێوەیەکی بۆ دیاری نەکرد. لەو بەیانەدا باسی چەند کێشەی گرینگ کرابوو، لەوانە کردنی زمانی کوردی بەزمانی ڕەسمیی خوێندن و داوودەزگا، بەشداری کردنی کورد لە پایەبەرزەکانی حکوومەتدا، وەرگرتنی قوتابیی کورد بۆ خوێندن لە دەرەوە. فەرمانبەران لە ناوچەکەدا کورد بن، هەڵبژاردنی گشتی و ڕێگەدان بەحزب و ڕۆژنامەی سیاسی و لێبووردنی گشتی، گەڕانەوەی ئەو کرێکار و فەرمانبەرانەی دەرکرابوون لەسەر کارەکانیان، تەرخانکردنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و گەڕانەوەی جووتیار بۆ شوێنی خۆیان[1].»

وێڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە چەند خاڵێکی تریش کە پاشەکیی ڕێککەوتننامەکە بوو؛ بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی یاسایی بوونی پارتی دیموکرات و ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکان و هەروەها ناوچەیەکی کوردنشین لە ناوچەی دهۆک لە بادینان پێک بهێنرێت[2].

ئەمجارەشیان کورد بەکەمتر لەوەی خەباتیان بۆ کردبوو (ئۆتۆنۆمی) پێمل بوون. هەرچەندە سکرتێری گشتیی حزب سەبارەت بەڕازیبوون لەسەر پەیماننامەکە وتبووی: «دۆخێکی یەکجار نالەبار بەسەرماندا زاڵ بوو. چەک و تەقەمەنیمان نەبوو؛ پاش ١٤ مانگ شەڕ بەڕاستی گوڕوتینمان نەما بوو[3]» لە ڕاستیدا کورد هەر جارە لە شەڕدا سەردەکەوتن لە ئاشتیدا ژێر کەوتن.

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین پێشوو ل ٩٣

٢- عیسمەت شەریف وانلی، ل ٣٨٠ و ٣٧٩

٣- کۆچرا پێشوو، ل ٣٢٥

### گ- عەبدولڕەحمان عارف لە ڕووی کەسایەتییەوە و ڕووکردی سەبارەت بەکێشەی کوردستان

ژەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارف کەسایەتییەکی زیرەک نەبوو و ڕێگای سەرکەوتنی خۆی بەبێ دەرکەوتن و شایستەیی لە پاش داڕووخانی قاسمەوە بڕیبوو.

هاوکات لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی قاسمدا پلەی عارف بەرز دەبێتەوە و دەرەجەی ژەنەراڵیی پێ دەدرێت، عارف لە ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣ و لەو کودەتایەدا کە دژی بەعس ئەنجام درا لە یەکە سەربازییەکەی خۆیدا ڕۆڵێکی تایبەتی گێڕا و، پاشتر بووە جێگری فەرماندەی سوپا و دوای ئەوەش کرایە فەرماندەی لەشکر ١٩٦٤ دواتر کە هەوڵەکانی عەبدولسەلام عارفی برای بۆ داسەپاندنی لە پلەی سەرۆکایەتیی سوپا بەسەر سەربازە عیراقییەکاندا سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا، بووە کەفیلی سوپا؛ لە ڕاستیدا ژەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارف بەشێکی هەرەزۆر لە دەسەڵات و ناوازەیی خۆی بەهۆی عەبدولسەلامی برایەوە بەدەست هێنابوو.

بەرپرسانی پایەبەرزی سوپای عیراق ڕووبەڕووی مەرگی گوماناویی عارف بوونەوە و بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی عیراق، ڕکەبەرییەکی سەرسەختانەیان دەست پێ کرد و لە ئەنجامدا لەسەر دانانی عەبدولڕەحمان لە جێگەی براکەی ڕێک کەوتن: «ژەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارف لە ڕووی فیکرەوە عەرەبێکی سوننەی ڕەگەزپەرست بوو کە یەکجار دژی کورد و عەرەبە شیعەکانی باشووری عیراق بوو و بەهیچ جۆرێ بڕوای بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد نەبوو[1]» ئەوەی عەبدولڕەحمانی ناچار بەئاگربەست و گوێگرتن بۆ داخوازیی گەلی کورد کردبوو، هێزی دینامیکیی بزووتنەوە کوردییەکە بوو، نەک تەنیا ئەو بگرە بەگشتیی حکوومەتە پێشووەکانیش بۆیان دەرکەوتبوو کە ناکرێ بزووتنەوەکە بەزەبروزەنگی سەربازی سەرکوت بکرێت.

ژەنەراڵ عارف ٢٨ی ئوکتۆبەری ١٩٦٦ واتە چوار مانگ پاش ئاگربەستەکە لە ئۆردووگای ئەلمەفرەق لە رواندز لەگەڵ بارزانی دیداری کرد.

خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی ئەو دیدارە ئەوە بوو عارف قورئانێکی بەدیاری دایە بارزانی و بارزانییش لە بەرامبەردا ئەو تۆپانەی لە شەڕی هەندرێندا گرتبوونی پێی دایەوە[2]. لەو دەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە گیراوە سیاسییەکان ئازاد کرا بوون و ماڵ و مڵک و شتومەکە

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٩٤

٢- عیسمەت شەریف وانلی پێشوو، ل ٢٦٩



داگیرکراوەکانیش درایەوە خاوەنەکانیان، هەروەها ڕژێمی عیراق ڕێگەی بەساڵح یوسفی دا گۆڤارێکی بەناوەڕۆک کوردی و بەزمانی عەرەبی بەناوی (التآخي) لە بەغدا بڵاو بکاتەوە، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە ئەو خاڵانەی لەگەڵ بەزاز لە سەریان ڕێک کەوتبوون زۆر لەوانە زیاتر بوو. (بەزاز بەهۆی پاڵەپەستۆی بەرپرسە پایە بەرزەکانی سوپاوە لە مانگی ئاوریلی ١٩٦٦ کشایەوە و کابینەیەکی نوێ بەسەرۆکایەتیی ژەنەراڵ ناجی تالیب پێک هێنرا، کابینەی نوێ بەرامبەر هیچ کام لەو خاڵانەی کە بەزاز و بارزانی لەسەری ڕێک کەوتبوون خۆی بە بەرپرسیار نەزانی، بەم پێیە ڕێککەوتننامەکە بووە پەڕە قاقەزێک و جارێکی تر پێوەندییەکان گرژ بوونەوە[1].

دەسپێکی نۆڤەمبەری ١٩٦٦ ژەنەراڵ عارف لە سەردانێکی یەک حەوتوویی- باکوردا بەگەشبینیی جارانەوە وتی: «کێشەی کورد کۆتایی هاتووە... ژەنەراڵ بارزانی بەئاشکرا پێی وتووین کە خوازیاری ئۆتۆنۆمی نییە و دژی هەر جۆرە جوداییخوازییەکە[2]». بەم پێیە بەبۆچوونی ئەو گرفتەکانی کوردستان چارەسەر کرا بوون. «ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە گۆڤاری (التآخي) بەوردبینی و هەستیاریی زیاتر لە بڵاوڤۆکەکانی تر سەبارەت بەدیاردەگەلێکی وەکو دیمۆکراسی، ئازادی چالاکیی حزبەکان، ڕۆژنامەوانی و مافی ڕۆژنامەوانەکان شتی دەنووسی و هەروەها باسی لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و دەست بەکارکردنی پەرلەمان دەکرد[3].»

«کابینەی حکوومەت بەردەوام تووشی گۆڕان و خۆ دروستکردنەوە دەبوو و هۆکاری سەرەکیی ئەو گۆڕانە، جیاوازیی یەکجار زۆری بیروڕا بوو لە نێوان ئەفسەرە پایەبەرزەکانی سوپا و سیاسەتڤانانی عیراقدا لەمەڕ کێشە و گرفتەکانی وڵاتەوە.

عەبدولڕەحمان بەپێچەوانەی عەبدولسەلامی برای هێور و لەسەرخۆ بوو، هەر بەو هۆیەشەوە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ئەودا زۆربەی حزبە سیاسییەکان چالاکییەکانی خۆیان دەست پێ کردەوە و پەرەیان سەند و؛ کەوتنە دروستکردنەوەی پێکهاتەکانی خۆیان. ژەنەراڵ عارف بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی وڵات، زۆرجار داوای لە ئەفسەرە پایەبەرزەکان دەکرد تا لە کۆبوونەوە گرینگە سیاسییەکاندا بەشداری بکەن و زۆربەی کات ڕای لە، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، عەبدولعەزیز عەقیلی، تاهیر

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، ل ٩٣ تاريخ سياسى عراق، ل ١٥١

٢- کۆچرا پێشوو، ل ٣٢٨

٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ٩٣

یەحیا، ناجی تالیب و... وەردەگرت. وا دیار بوو ژمارەیەک لەو کەسانە و بەتایبەت ئەندامانی حزبی بەعس پێوە بوون کودەتایەک ڕێک بخەن، هیچ کەیفێکیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عیراق و لەوانەش کێشەی کوردستان نەبوو[(١)]. ٢٩ی ژووئەنی ٦٦ کۆتایی بەشەڕی دژی حکوومەتی عیراق هاتبوو، وزە و توانای بزووتنەوەی کورد بەگشتی بەمەبەستی چارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەی ڕکەبەری و دژایەتییە ناوخۆیی و چەکدارییەکان بەکار دەهێندرا. شەڕی نێوان بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لایەنگرەکانیان بەردەوام بوو، بارزانی هەرکات بۆی دەلوا هێرشی دەکردە سەر بنکەکانی ئەو گرووپە و حکوومەتیش لە ژێرەوە و بەخۆشحاڵییەوە لەو هەلومەرجەی دەڕوانی و کەشی نە ئاشتی نە شەڕ، کوردستانی داگرتبوو. لەو بارودۆخەدا ئاشتی و ئاسایش تەنیا لە دەستی بارزانیدا بوو و ئەویش کۆتایی هاتنی ئەو بارودۆخەی بەتەسلیمی بێ مەرجی گرووپەکەی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد مەرجدار کردبوو.

«ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ٢٨ی ئەگۆستی ١٩٦٦ کۆنفرانسێکیان بەڕێوە برد؛ جودابیخوازەکان جارێکی تر دژایەتییەکانیان لەگەڵ بارزانی خستەوە ڕوو. کۆنفرانسەکە پشتیوانیی خۆی لە ڕێککەوتنەکەی ٢٩ی ژووئەن دەربڕی و ستایشی حکوومەتی کرد، بەڵام لەباتی هەوڵدان ڕێگەچارەیەکی گونجاوی نەهێشتنی دژایەتی، کۆنفرانس بەبیانووی کێشەی سیاسی و ئایدۆلۆژیکییەوە بووە هۆی زیادبوونی دژایەتییەکان و ڕێبەری حزب (بارزانی)ی بەخەیانەت و دارەدەستی ئێران تاوانبار کرد[(٢)]».

بارزانی و لایەنگرەکانی لە دژە کردەوەیەکدا و لە کۆنگرەی حەوتەمدا بەرامبەرەکەی خۆی بەخەیانەت بەبزووتنەوەی کوردی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ڕژێمی عیراق بەمەبەستی سەرکوتکردنی بزووتنەوەکە تاوانبار کرد.

«لەو حاڵەتەدا گرووپەکەی تاڵەبانی کە لە ڕواڵەتی حزبێکی نوێدا لەناو پارتی دیموکراتەوە دەرکەوتبوو، خۆی بەمیراتگری ڕەواییبوونە مێژوویییەکەی پارتی دیموکرات دادەنا؛ گرووپی ناوبراو بەمەبەستی دەربڕینی فیکرە و ئیدیاکانی خۆی لە کۆتایی مانگی مارچی ١٩٦٧دا کۆنگرەیەکی لە ناوچەی کەلار بەڕێوە برد؛ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەو کۆنگرەیەدا ئەو مەسەلانەی کەوا لە کۆنفرانسی ماوەتدا خرابوونە ڕوو و لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوە و دووفاقییەکە بوون کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تووشی

---

١- هەمان، ل ٩٤

٢- هەمان، ل ٩٤



هاتبوو، جارێکی تر داکۆکییان لەسەر کرایەوە و پشتیوانیی خۆیان لە سکرتاریەتی ئیبراهیم ئەحمەد دەربڕی و بەڕەسمیی بارزانییان لە حزبەکە دەرکرد؛ بۆ دەرخستن و دەربڕینی زیاتری دژایەتییەکانیان لەگەڵ بارزانی، پێکهێنانی سیستەمێکی سۆسیالیستییان لە وڵاتی عیراقدا بەگشتی وەکو ئامانج و ستراتیژی بۆ خۆیان دیاری کرد[(١)].»

لەو دەمەدا بەشێوەی کردەیی دوو حزبی دژ بەیەک لە ژێر تاکە ناوێکدا (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە ئۆرگانی هەردووشیان (خەبات) بوو، لە کوردستانی عیراقدا بەچالاکیی سیاسی و سەربازی و پڕوپاگەندەوە خەریک بوون.

سەیر ئەوە بوو هەردوو لایەن خۆیان بەمیراتگری شایستە و خاوەن ڕەواییبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دەزانی.

حکوومەتی عیراق هەموو ئەو دژایەتی و ئاژاوە سیاسی و پێکدادانە چەکدارانەی ناو بزووتنەوەکەی بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە گرتبووە ژێر چاودێری و پشتگیریی لایەنی تاڵەبانیشی دەکرد. پاشان کۆنگرەی حەوتەم کە لە (گەڵاڵە) بەڕێوە چوو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی هەڵبژارد کە بریتی بوون لە ٥ ئەندام و هەموویان لایەنگر و دۆستی نزیکی بارزانی بوون و بەم کارەش لایەنگری دەسەڵاتی بارزانییان کرد. ژەنەراڵ بارزانی یاداشتی هەڕەشەی بۆ ژەنەراڵ عارف و ناجی تالیبی سەرۆک وەزیرانی عیراق نارد، لەو یاداشتەدا وێڕای ئەوەی ئاماژەی بەبەردەوامبوونی چالاکیی سەرهەڵداوەکان کرد و ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ئەو گرووپە سەرهەڵداوە لەلایەن هەندێ لە نوێنەری دەوڵەتەوە یارمەتی دەدرێن و ئەو یارمەتییانە ئێستاش هەر بەردەوامن، دەوڵەتیشی تاوانبار کرد کە دەیەوێ وڵات تووشی شەڕێکی ناوخۆیی بکات و داواشی کرد بەخێرایی کۆمیتەیەکی باڵا دابمەزرێت[(٢)].

وێڕای چەندین جار پێکدادانی نێوان بارزانی و حکوومەت، پێوەندییەکانیان بەتەواوی نەپچڕا و نیمچە ئاشتییەک تا بەهاری ١٩٦٩ لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام ڕووداوێکی گرینگی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووی دا و سەرنجی هەمووانی لەسەر کێشەی کوردستان گوێزایەوە، ڕووداوەکە ململانێی قورسی نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان بوو، کە لە شەڕی شەش ڕۆژەی ژووئەنی ١٩٦٧دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. چەند مانگ پاش ئەو

---

١- هەمان، ل ٩٥

٢- کوچرا، پێشوو، ل ٣٢٨

ڕووداوانە حزبی بەعس دیسان دەسەڵاتی گرتەوە دەست.

لە شەڕی شەش ڕۆژەدا، بارزانی بەئاشکرا خۆی لە دەرەوەی ململانێکەوە مایەوە و کاتێ ژەنەراڵ عارف داوای لێ کرد ژمارەیەک پێشمەرگە بنێرێتە بەرەی شەڕی دژی ئیسرائیل، بارزانی وتی: «ماوەی شەش ساڵە کە شەڕمان لەگەڵ دەکەن و هەوڵی کوشتن و نابووتکردنی خەڵکی دەدەن. ئێستا چلۆن چاوەڕێ دەکەن یارمەتیتان بدەم.»

کاتێ عارف پێداگری دەکات و داوا دەکات لانی کەم بەشێوەیەکی سیمبۆلیک هێزێک ڕەوانەی بەغدا بکات. بارزانی وەڵامی دەداتەوە: «من هەر بەو جۆرەی بڕوام بە ئەفسانە نییە بڕواشم بە سیمبول نییە[1]».

بەهەند نەگرتنی کێشەی بنەڕەتیی هەموو جیهانی عەرەب، نیشانەیەکی زۆر ئاشکرای ڕادەی ناکۆکیی نێوان بارزانی و حکوومەتی بەغدایە. ئەگەرچی لە ڕووی تیۆرییەوە ناوچە کۆیستانییەکانی باکوری عیراق کە بارزانی دەسەڵاتی بەسەردا گرتبوون، بەشێک بوون لە خاکی کۆماری عیراق؛ بەڵام بارزانی لەو دەمەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی عیراقدا بوو و بەرەبەرە بەشێوەیەکی هەست پێ نەکراو هەنگاوی بەرەو دیپلۆماسیی سەربەخۆ هەڵدەگرت.

ڕژێمی عارف کە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بێ توانا بوو؛ پاش شکستی ژووئەنی ١٩٦٧یش بەتەواوی سووک بوو، هەنووکە باشترین دەرفەت کەوتبووە دەستی بەعس بۆ ئەوەی ڕژێمەکە بگۆڕن و ماوەیەکی زۆر بوو بۆ ئەو مەبەستە هەوڵیان دەدا، (ماوەیەکی کورت تێپەڕی و دوو کەس لە هاوکارانی نزیکی عارف واتە ژەنەراڵ عەبوود، فەرماندەی گاردی سەرۆک کۆماری و سەرهەنگ (عەقید) نایف، سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی دووەمی سوپا کە سەر بەتۆڕی ئەفسەرە ناسیۆنالیستەکان بوو؛ لە کودەتایەکی سپیدا عارفیان لەسەر کار لابرد و دووریان خستەوە و ناردیانە لەندەن[2]). ژەنەراڵ حەسەن ئەلبەکر، سەرۆک وەزیرانی پێشوو لە حکوومەتەکەی عارفدا (١٩٦٣) بووە سەرۆک کۆمار و سەرهەنگ نایفیش کرایە سەرۆک وەزیران. لە ٣٠ی ژانیوەدا و پاش کودەتایەکی تر سەرهەنگ نایف دوورخرایەوە و ژەنەراڵ حەسەن ئەلبەکر بەتەواوی دەسەڵاتی گرتە دەست و دەوڵەتی دامەزراند، ژەنەراڵ حەردان تکریتی و ژەنەراڵ عەمماش بوونە وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ. بەم پێیە بەعس دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت.

١- هەمان، ل ٣٢٩

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٢٠



## ی: کورد و ڕژێمی نوێی بەعس

هاتنەوە سەر دەسەڵاتی بەعس بەنیسبەت کوردەوە ڕووداوێکی کارەساتبار بوو: لە نێوان هەموو ئەو ڕژێمانەدا کە پاش ڕووخانی پاشایەتیی هاشمی، یەک لەدوای یەک دەسەڵاتی عیراقیان بەدەستەوە گرتووە، بێ گومان بەعسییەکان پێداگر و مەترسیدارترین دوژمنی کورد بوون. بارودۆخ وای لێ هاتبوو کە شەو دادەهات ئەگەر هەر جۆرە جموجوولێک لە باکوری عیراقدا نەدەما و سنوورێکی ڕاستەقینە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ژەنەراڵ بارزانیی لە بەشەکەی تری عیراق جیا دەکردەوە. (ناوچەکانی ئەوبەری ڕەواندز) لە ڕووی تیۆرییەوە بەرنامە «١٢ مادەیییەکەی ژووئەنی ١٩٦٦ هێشتا وەکو بەڵگەیەکی بنەڕەتیی سەیر دەکرێت کە باڵی بەسەر پێوەندییەکانی نێوان بارزانی و دەوڵەتدا کێشاوە».

دەوڵەت بەبێ هیچ بەڵگەیەک بانگەشەی دەکرد کە هەر دوازدە مادەکە بە تەواوی بەڕێوەبراوە... بەڵام کورد گوێیان بەو قسانە نەدەدا.

(بەعس هەوڵیان دەدا هەردوو باڵی بزووتنەوەی کوردی واتە هەم مەلایی و هەم جەلالی لە خۆیان ڕازی بکەن و بەرەو خۆیان ڕابکێشن. هەر بەو هۆیەوە لە نێوان وەزیرەکانی خۆیاندا، بەڕێوەبەرایەتیی دوو وەزارەتخانەیان دایە بارزانی و وەزارەتێکیشیان دایە جەلالییەکان. هەرچەندە کە تەها محیەدین لەلایەن جەلالییەکانەوە نێردرابووە وەزارەتەکە، زیاتر لەوەی جەلالی بێت لایەنگر و گوێڕایەڵی بەعس بوو. بەڵام ئەو کردەوەیەی حزبی بەعس بەتەواوی بارزانیی توورە کرد. پێش مەرجی بارزانی بۆ کردنەوەی ڕێگەی وتوویژ لەگەڵ بەعس چەک دامالینی جاشەکان بوو. مەلا مستەفا بەهیچ جۆرێ بەوتوویژ و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێم قایل نەبوو و ئەو دیاردەیەی بەوە مەرجدار کردبوو کە دەوڵەت واز لە هەموو کەسایەتی و حزبەکانی تر بهێنێت و تەنیا ئەو بەڕێبەری تاقانەی بزووتنەوە کوردییەکە بزانێت[1]. ژەنەراڵ حەسەن ئەلبەکر دوو وەزیری کورد ئیحسان شێرزاد و موحسین دزەیی بردە ناو کابینەکەی خۆیەوە کە ناوبراوان لایەنگری بارزانی بوون، بەڵام هاوکات یارمەتیی بەرچاوی گرووپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیی دەدا بۆ ئەوەی بڵاڤۆکەکەیان (النور) بڵاو بکەنەوە کە هەموو ڕۆژێ بەردەوام هێرشی دەکردە سەر بارزانی و وەکو عەشیرەیی (فئودال) و داردەستی ئیمپریالیزم ناوی دەبرد».

کاربەدەستانی ڕژێم خۆیان لە تێکچوونی پێوەندییەکان دەپاراست و هەر بەوەوە خەریک

١- عیسمەت شەریف وانلی، پێشوو، ل ٢٧٠

بوون کورد دژی یەکتر هان بدەن و هێزەکانی تاڵەبانی بەرامبەر بارزانی بەهێز بکەن. ئەوان وای بۆ دەچوون کە بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بزووتنەوەی کورد ببنەوە، دەتوانن شۆڕش لەناو ببەن، لەو بارودۆخەدا شەڕ لە نێوان هەردوو باڵە کوردییەکەدا لە ئارادا بوو[1].

«باڵی مەکتەبی سیاسی چارەنووسی خۆی بەچارەنووسی بەعسەوە گرێ دابوو. بەعس یارمەتیی لایەنی تاڵەبانییان دەدا. هەندێ لە ئەندامانی ئەو لایەنە کاریان پێ سپێردرا بوو بەشێوەی جۆراوجۆر؛ جۆرێ لە دەسەڵاتی دووانەیی لە ناوچەی کوردنشین پێک هاتبوو، ڕێگە بەم لایەنەیان درابوو لە هەندێ شاری کوردستاندا بنکە و نووسینگە بکاتەوە[2]». «هاوکات لەگەڵ ئەو نزیکایەتی و پێوەندییانەدا دەوڵەتی عیراق هەنگاوگەلێکی زۆر کورت و کەم بایەخی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان هەڵگرت: زانستگایەک لە سلێمانی و ئاکادیمییەک لە بەغدا کرایەوە[3]». ئەمانە هەوڵگەلێکی بێ مەترسین و لە وەڵامدانەوە بەداخوازییەکانی لایەنێکدا ئەنجام دراون ئەگەر لەلایەن خودی ڕژێمەوە پشتگیری نەکرایەن توانای مانەوە و خۆبژێوییان نەبوو، وێڕای ئەوەش ئەو ئیمکانەی دەخستە دەستی ڕژێمی عیراقەوە کەوا بانگەشە بکات گوایە مافی کورد دراوە و لایەنگرانی بارزانی بەچەتە و کرێگرتەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم تاوانبار بکات. لەو حاڵەتەدا بارزانی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو هێزانەی لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە بەشێوەیەکی جیدی پشتگیری دەکران تەنیا بیری لە پتەوکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ڕژێمی ئێران و بەهێزکردنی شۆڕشەکەی دەکردەوە. بەڕاستی ئەو بیری دەکردەوە کەوا کاربەدەستانی بەغدا هەرگیز نایانەوێ هیچ مافێکی گەلی کورد دابین بکەن.

پێوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ ئێران چووە ئاستێکەوە کە بەدەستپێکردنەوەی شەڕ لە ژانیوەری ١٩٦٩دا یارمەتییەکی زۆری لەلایەن ئێرانەوە پێ گەیشت.

١- هەمان، ٢٧٦
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو ،ل ٩٧
٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٣٢



## ک: قۆناخی دووەمی شەڕی نێوان کورد و بەعس و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عیراق

پاش ئەو نیمچە ئاسایشەی پاش ئاگربەستی ژووئەن هاتبووە ئاراوە، پشتگیری کردنی ڕژێمی عیراق لەلایەنی تاڵەبانی کە لە ساڵی ٦٦ەوە پاڵی بەحکوومەتەوە دابوو، پەرەی سەند و ئاسایشی ناوچەکە بەهۆی پێکدادانی ئەو گرووپە و لایەنگرانی بارزانییەوە بەردەوام تێک دەچوو.

بۆیە ڕەنگە نەتوانرێ مێژوویێکی ڕاستەقینە بۆ دەستپێکردنی قۆناخی دووەمی شەڕی بەعس و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دیاری بکرێت. لە ڕاستیدا دەستپێکردنی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە ئەو کاتە بوو کە ڕێبەرانی کورد بڕیاریان دا هێرش بکەنە سەر بنکەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراق؛ مەبەست لە هێرشکردنە بۆ سەر کەرکووک لەناوبردنی کەلوپەل و داوودەزگاکانی کۆمپانیا نەوتییەکان نەبوو بگرە دەربڕینی پەیامێک بوو تا کاربەدەستانی بەغدا بزانن ئەگەر لەسەر کڕینی چەک و کەرەستەکانی شەڕ بەپارەی نەوت پێداگری بکەن، ئەوا سەرچاوەی ئەو پارەیە لە مەترسیدایە. هەروەها پەیامەکە ڕوو دەکاتە کاربەدەستانی کۆمپانیا نەوتییەکان کە کۆنسێرسیۆمێکی نێونەتەوەییبیە[1]» سەرەنجام پاش یەکەم هەوڵی کورد بە مەبەستی وەدەستخستنی زانیاری لە ٢٦ی دێسامبەری ١٩٦٩دا سامی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان) کرایە فەرماندەی هێرشەکە. لە ٢٣ فێڤریەی ١٩٦٩دا دەستەیەکی ٢٠٠ کەسیی پێشمەرگە بەسەد هێستر، ٦ هاوەن و ٢٠٠ گوللەی هاوەنیان بردە شوێنە دیاریکراوەکان و پاش ئەوەی لە هێڵی هێزەکانی عیراق تێپەڕین لە سەعات ٨:٤٧ی شەوی یەکەمی مارسدا، یەکەم هاوەنیان هاوێشتە بنکەکانی (کۆمپانیای نەوتی عیراق) لە باکوری ڕۆژئاوای کەرکووک. پاش ئەوەی نزیکەی ١٠٠ گوللە هاوەنیان بەشوێنە دیاریکراوەکانەوە نا، بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێک لەسەر ڕێگایاندا بەدی بکەن گەڕانەوە باکور. خەسارێکی بەرچاو لە کۆمپانیای نەوتی عیراق کەوت، کە بەبڕی ٢ ملیۆن دۆلار دیاری کرا. کۆمپانیا ناچار بوو بۆ ماوەی یەک مانگ بەرهەمهێنانی نەوت بەبڕی ٧٠٪ دابەزێنێت، دەوڵەتی بەغدا بێ دەنگیی لەو هێرشە کرد[2]». هێرشکردنە سەر ئەو بنکانە و هەروەها هەوڵ و هێرشەکانی تری لەو چەشنە، لەلایەن ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کوردەوە بۆ ئەوە بوو کە سەرنجی ئەو دەوڵەتە

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین پێشوو، ل ٩٧
٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٢٢

ڕۆژئاواییەکانی کۆمپانیاکانیان چالاکانە خەریکی کار بوون و نەوتیان بەرهەم دەهێنا، ڕابکێشن کەوا ئەو هێرشانە بەرژەوەندییەکانی ئەوانی بەشێوەی جیدی دەخاتە مەترسییەوە. ئەمەش دواتر ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی لێ کەوتەوە.

دەوڵەتی عیراق چەند حەوتوو پاش هێرشکردنە سەر کەرکووک، چوار لەشکری بۆ شەڕی دژی کورد ئامادە کرد و بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە بیروڕای گشتیی جیهان ماوەی چەندین مانگ شەڕ لە کوردستان بەردەوام بوو و دەوڵەتی عیراق لە ماوەی ئەو شەڕەدا کە لە وەرزی بەهار ڕووی دا بەشێوەیەکی بەربڵاو هەموو هەواڵێکی سانسۆر دەکرد.

ئەمجارەیان شەڕی دژی کورد لە ژێر کاریگەرێتی ململانێکانی نێوان ئێران و عیراقدا، کە لە ساڵانی داهاتوودا کاری کردە سەر شەڕەکانی کوردستان، بەرتەسکتر بووەوە.

پێوەندیی نێوان هەردوو وڵات (ئێران و عیراق) گرژ بوو. لە ١٩ی ئاوریلدا دەوڵەتی ئێران پەیماننامەی ١٩٣٧ی بەتاڵ کردەوە کە ئەو پەیماننامەیە سنووری ئێران و عیراقی لەسەر لێواری ڕۆژهەڵاتی یەکاوی عەرەبان (شط العرب) دیاری کردبوو؛ دەوڵەتی عیراق لە وەڵامی ئەو کارەی ئێراندا هێزەکانی خۆی لە سنووری ئێران و لە نێوان خانەقین و ئاباداندا جێگیر کرد و کێشەکەی بردە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. پەرەگرتنی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عیراق، هەلومەرجێکی وەهای دروست کرد کە شەڕی کوردی عیراقی لە ساڵەکانی دواییدا خستە ژێر کاریگەرێتیی خۆیەوە و وای لێ هات تا ڕادەیەک ئەو شەڕە بەپێوەرەکانی درێژەکێشانی ئەو ناکۆکیانەوە بەسترایەوە. حکوومەتی تاران دەیویست دەسەڵاتی کەنداوی فارس بگرێتە دەست بەهیچ شێوەیەک لە مەبەستی خۆی کە لەناوبردنی ڕژێمی بەعس، یان بێ هێزکردنی ئەو ڕژێمە بوو، پاشگەز نەدەبووەوە و باشترین ڕێگاش بۆ گەیشتن بەو مەبەستە هەم لە بواری هێزی ئینسانی و هەم لە بواری مادییەوە زۆر هەرزان دەبوو، یارمەتیدانی بارزانی بوو بۆ ئەوەی شەڕی کوردستان بەردەوام بێت. سەرەکی و گرینگترین هۆکاری گرینگایەتیی کوردستان بۆ شای ئێران ئەوە بوو لە ڕێگەی کوردستانەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەیتوانی تەنگ بەڕژێمی عیراق هەڵچنێت.

بارزانی بەباشی لە مەبەستی شا گەیشتبوو، بەڵام بڕوای وا بوو دەتوانێ لە ڕکەبەری و دوژمنایەتیی نێوان تاران و بەغدا بەسوودی گەلی کورد کەڵک وەربگرێت.

«لە ناوەڕاستی ئەگۆستی ١٩٦٩ سوپای عیراق هێزەکانی خۆی لە سنووری ئێران کێشایەوە و لە کوردستاندا کۆی کردنەوە و دژی کورد دەستی دایە هێرش و شاڵاو، لە



ناوچەی زاخۆوە، واتە ئەوپەڕی سنووری ڕۆژئاوای عیراق تا ناوچەی پێنجوێن لەسەر سنووری ئێران، بەگشتی بەرەی شەڕی کوردستان لەلایەن فڕۆکە و تۆپخانەوە کەوتە بەر بۆمبارانی حکوومەتی عیراق[١]».

«لە دەڤەری بادینان، لە ناوچەی زاخۆ و ئاکرێ شەڕێکی یەکجار قورس ڕووی دا، سەعدوون غێدان، ئەندامی ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش و ژەنەراڵ عەمماش، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتیی شەڕەکەیان گرتبووە ئەستۆ، بەڵام سوپای عیراق هەرچەندە بەهۆی گرتنی هەندێ شوێنەوە تا ڕادەیەک سەرکەوتنی وەدەست هێنا، بەڵام نەیتوانی هێزی پێشمەرگە بشکێنێت و بەردەوام پێشمەرگە بەرگرییان دەکرد[٢].»

ئەو شەڕە یەکجار خوێناوی بوو: ناوەڕاستی ئەگۆستی ١٩٦٩ سەربازەکانی سوپای عیراق لە ئاوایی داین، سەر بەناوچەی شێخان و لە باکوری ڕۆژئاوای ئاکرێ ٦٧ ژن و منداڵ، کە پەنایان بردبووە ناو ئەشکەوتێکەوە، (بەکردنەوەی ئاگر) لە بەردەم ئەشکەوتەکەدا خنکاند[٣].» سوپای عیراق بەهۆی زۆری کەرەستە و هێزی سەربازییەوە چەند سەرکەوتنێکی بەدەست هێنا: کۆتایی سێپتامبەری ١٩٦٩ شاری کۆیەی گرت، بەڵام هێرش بۆ کۆنترۆڵی سنوورەکان شکستیان هێنا، ئەو هێرشە بەربڵاو و بێ وێنەیەی هێزەکانی سوپای عیراق پێشمەرگەکانی خستبووە ژێر پاڵەپەستۆوە. ژەنەراڵ بارزانی داوای لە شا کرد بڕی یارمەتییەکان زیاتر بکات: بۆ یەکەمجار یەکەگەلێکی ئێرانی بۆ یارمەتیدانی شۆڕش هاتنە کوردستانەوە و لە ناوەڕاستی مانگی سێپتامبەردا تەلەڤزیۆنی عیراق هەندێ سەربازی ئێرانی نیشان دا کە، لە خاکی عیراقدا گیرابوون[٤]». دەوڵەتی عیراق کە لە ڕادەی بەربڵاوی یارمەتیی ئێران بۆ بارزانی دڵنیا بوو، هەوڵی دا ئێران قایل بکات چیتر یارمەتی کورد نەدات. وەفدێکی عیراقی بەوپەڕی نهێنییەوە چوونە تاران و لەوێ لەگەڵ ئەمیر عەباسی هوەیدا، سەرۆک وەزیرانی ئێران دیداریان کرد. لەو دیدارەدا عیراقییەکان وتیان: «دەوڵەتی عیراق ئامادەیە هەر جۆرە سەرەتییەک بداتە ئێران بەو مەرجەی ئەو وڵاتە سنوورەکانی دابخات.» هوەیدا بەکەسێک کە دواتر لەگەڵ ئەودا

١- هەمان، ل ٣٤١

٢- هەمان، ل ٣٤١

٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین، ل ٩٩

٤- کۆچرا پێشوو، ل ٣٤١

دیداری کردبوو وتبووی: «من پێم وتن (بەعیراقییەکان) ناتوانین سنوورەکان دابخەین، ئەگەر دەتوانن خۆتان دایان بخەن[١]». کۆمەڵە جیهانییەکان، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتە دەسەڵاتدارەکانی جیهان و لەوانە یەکێتیی سۆڤیەت کە لەو سەردەمەدا پێوەندییەکی بەربڵاوەی لەگەڵ ڕژێمی عیراقدا بوو، بەرامبەر ڕووداوەکانی کوردستان هیچ هەڵوێست و دژ کردەوەیەکیان نیشان نەدا، دەوڵەتە ئەوروپییەکانیش بڕوایان وابوو دوایی هاتنی شەڕی شەش ڕۆژەی ئیسرائیل و عەرەب قۆناخێکی نوێیە و هێمنی و ئاسایش دەگەڕێتەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەرچەند ئەو بێ دەنگی و هێمنییە لەو بێ دەنگی و هێمنییە دەچوو کە بەسەر گۆڕستانەکاندا زاڵ بوو. بەڵام لەلای ئەو وڵاتانەوە کە بەرژەوەندییەکانیان لە دەڤەرە نەوتییەکانی ئەو ناوچەیەدا دابین دەکرا، گرینگییەگی ئەوتۆی هەبوو. هەر جۆرە هاودڵی و هاوکاریکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەواتای دوورکەوتنەوە بوو لە ڕژێمی بەغدا و ئەنجامەکەی لە دەستچوونی بەرژەوەندیی ئابووری بوو.

«ڕێبەرانی عیراق لە مانگی جولای ١٩٦٩ بەدواوە، بەهۆی قوتابیانی زانستگای بەغداوە پێوەندییان بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە گرت، بەڵام یەکەم پێوەندی جیدی سیپتامبەری ١٩٦٩ بوو: سەرتیپ (ژەنەراڵ) تارق فەرماندەی هێزی ئاسمانیی عیراق لە بەرەی ڕەواندز و لە ناوچەی ناوپردان لەگەڵ بارزانی دیداری کرد و ڕای گەیاند کە دەوڵەت بەمەبەستی ڕێککەوتن لەگەڵ کورد ئامادەیە وتووێژیان لەگەڵ دەکات[٢].

لە ڕاستیدا هۆی ئامادەیی دەوڵەتی عیراق بۆ قەبووڵکردنی وتووێژ لەگەڵ کورد شکستی هێرشەکانی وەرزی پایز بوو و مەترسیی یارمەتیدانی زیاتری ئێرانیش لە ئارادا بوو، دەنا هیچ هاندەرێکی دەروونی بۆ چارەسەرکردنی ئەو شەڕە و کێشە چەندین ساڵەیە لە ئارادا نەبوو.

پاش دیدارە نیوە ڕەسمییەکەی عەزیز شەریف، سەرۆکی بزووتنەوەی عیراق لە سەرەتای دیسامبەری ١٩٦٩دا یەکەم دیداری ڕەسمی لە ١٩ی هەمان مانگدا کرا. بەعس سەمیر عەزیز ئەلنەجم - ئەندامی ڕێبەرایەتیی نەتەوەیی بەعس و بەرپرسی سەربازییان، لەگەڵ فوئاد عارف ناردە ناوچەی ناوپردان. نوێنەرەکەی بەعس لە وتووێژێکی درێژخایەن لەگەڵ

١- هەمان، ل ٣٤٢

٢- کۆچرا، هەمان، ل ٣٤٢



ژەنەراڵ بارزانی، ئیدریس بارزانی، مەسعوود بارزانی، دارا تۆفیق، دوکتۆر مەحموود عوسمان و سامیدا، هەڵسوکەوتێکی دۆستانەی لە خۆی نیشان دا و ڕای گەیاند دەوڵەت بڕیاری داوە کۆتایی بەشەڕ بهێنێت و وتیشی: «ئێمە دەزانین کورد لە پێناوی چیدا شەڕ دەکەن... ئێوە حزبێکی پێشکەوتنخوازن. ژەنەراڵ بارزانییش بۆ ئەوەی نیشان بدات کە پارتی دیموکراتیش حەز بەوتووێژ دەکات، دارا تۆفیق (کە پاشتر بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزب) لەگەڵ سەمیر عەزیز ئەلنەجم ناردە بەغدا[١]).

لە دەرەوەی وڵاتی عیراقیشدا هەوڵی زۆر بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی بنەمایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لەلایەن داوودەزگا دیپلۆماسییە دەرەوەییەکانی عیراقەوە دەست پێ کرا. هۆی ئەو هەوڵ و تەقەلایانە ئەوە بوو کە، وێڕای ئەوەی هیچ هەڵوێستێکی دژ بەسیاسەتە توندوتیژ و خوێنڕێژییەکانی ڕژێمی عیراق لە کوردستان و هێرشە بەربڵاوەکانی ڕژێم بۆ سەر جەماوەری کوردستان لەلایەن وڵاتە زلهێزە جیهانییەکانەوە نەنوێندرابوو، کەچی ڕژێمی عیراق نەیتوانیبوو بەئامانجی سەرەکیی خۆی واتە سەرکوتکردنی یەکجارەکی و لە ناوبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بگات و گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی دەبێ لە ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ برایانی کوردەوە بگەنە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەکە و وتووێژ لەگەڵ ئەو برا کوردانەی داوودەزگای حزبی دەسەڵاتداری بەعس ڕکوکینەیەکی قووڵی بەرامبەریان لە دڵدا بوو و بەڕواڵەت ناچار بوو بەڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات. هەر بەو هۆیەوە «لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دەسەڵاتی تەواو درایە سەرۆک و ئەمینداری گشتیی سەرکردایەتی حزبی بەعس (میشیل عەفلەق)ی خەڵکی سووریا تا لە بەیروت لەگەڵ کورد دەست بەگفتوگۆ بکات. (بارزانی)یش بۆ هەمان مەبەست نوێنەری سیاسی و سوپایی خۆی، دارا تۆفیق و فوئاد عارفی نارد، فوئاد عارف لە سوپای کورددا پلەی زەعیم بوو[٢]»

١- هەمان، ل ٣٤٢

٢- گوینتەر دیشنەر، پێشوو، ل ٢١٥

## ل: سەدام لە مەیدانی دەسەڵاتدا و گۆڕانکارییەکانی بزووتنەوە

«ڕاستی ئەوەیە ئەو ڕۆژەی حزبی بەعس دوای کودەتاکەی جولای ١٩٦٨، دیسان دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، سەدام حوسێن وەکو کەسایەتییەکی خاوەن دەسەڵات هاتە مەیدانەوە و بەگشتی ڕکەبەرەکانی خۆی یەک لە دوای یەک لەسەر ڕێگای خۆی لادا، وتووێژە سەرەتاییەکان لە نێوان کورد و بەعس دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئەوی لە زنجیرەی پلەوپایەیی ناو پێکهاتەی دەسەڵاتدا پەرە پێ دا[1]. دارا تۆفیق یەکەم دیداری لەگەڵ ئەو کرد و هەر لە سەرەتاوە سەدام حوسێن نیشانی دا کە دەیەوێ شێلگیرانە لەگەڵ کورد ڕێک کەوێت. بەڵام لە هەمان کاتدا بەڕوونی نێردراوەکەی بارزانیی تێگەیاند کە کورد نابێ بۆ گەیشتن بەدەسەڵات پاڵ بەلایەن و هێزی سیاسیی ترەوە بدەن: «سەدام ئاشکرای کرد گوایە پلانێکی پووچەڵ کردووەتەوە کە بەڕێوەبردنی گەڵاڵەیەکی دژی ئەوی تێدا داڕێژرا بوو. سەدام هەندێ کەسی لەلایەن خۆیەوە ناردە ناو پلانگێڕەکان و لە ژانیوەری ١٩٧٠دا هەموویانی گرت و زیاتر لە ٧٠ کەس کە زۆرتریان سوپایی بوون، کوشت[2].»

سەدام حوسێن ٢١ی دیسامبەری ١٩٦٩ پاش وتووێژێکی کەم خایەن لەگەڵ حەسەن ئەلبەکری سەرۆک کۆمار، سەرۆکایەتیی یەکەم دانیشتنی دەستەی کاری لە ئەستۆ بوو کە تێیدا ڕێبەرە پایەبەرزەکانی حزبی بەعس بەشدارییان کردبوو، ئەو کەسانە بریتی بوون لە، ژەنەراڵ عەمماش، مورتەزا حەدیسی ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش، عزەت مستەفا، سەعدوون غێدان، عەبدوڵڵا سەلوم سامەڕایی و ژمارەیەکی تر لە بەرپرسەکان.

لەو کۆبوونەوەیەدا سێ بابەتی سەرەکی خرایە بەرباس: مافی نەتەوەیی کورد، دیاریکردنی سنووری کوردستان و مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ ئێراندا.

وەڵامی دارا تۆفیق سەبارەت بەو بابەتەی دوایی، سەدام حوسێنی ڕازی کرد: دارا تۆفیق وتی: کورد ئامادەن کۆتایی بەپێوەندیی لەگەڵ ئێران بهێنن و هەموو شتێک بەندە بەپێوەندیی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی. دارا تۆفیق پاش چوونە بەیروت و دیدار لەگەڵ میشیل ئەفلەقی دامەزرێنەری بەعس، بەو بڕوایەوە گەڕایەوە بۆ ناوپردان کە بەعس دەیەوێ ئۆتۆنۆمی بداتە کورد و ژەنەراڵ بارزانی دەبێ لە بەعس داوای ئۆتۆنۆمی بکات.

١- الجمیلی، پێشوو، ل ١٤٧

٢- کۆچرا، پێشوو، ٣٤٣



سەدام حوسێن پاش داڕشتن و ڕێکوپێککردنی ڕاوبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەئەگەری ئەو ڕێککەوتنە نزیکەی ٦٠٠ کەس لە ئەفسەرەکانی سوپای لە کۆتایی دیسامبەری ١٩٦٩ لە بەغدا کۆکردەوە تا لە وتووێژ ئاگادارییان کاتەوە ڕای گەیاند؛ «ئەوانەی شەڕ دەکەن کۆمەڵێ یاخی نین[1]».

«لەو کاتە بەدواوە وتووێژەکان بەزۆری بەردەوام بوون؛ لە ٣١ی دیسامبەری ١٩٦٩دا وەفدێکی باڵا چوونە ناوپردان، ئەو وەفدە عیراقییە بریتی بوون لە: حەردان تکریتی عەبدولخالق سامەڕایی، تارق عەزیز و دوو کەسێتیی سەربەخۆ واتە عەزیز شەریف و فوئاد عارف. وەفدێکی کوردییش کە بریتی بوون لە دوکتۆر مەحموود عوسمان، سامی، نووری شاوەیس، دارا تۆفیق، نافیز جەلال، موحسین دزەیی، ساڵح یوسفی و ئیدریس و مەسعوود بارزانی، چوونە بەغدا، هەر لەو کاتەی هەموو ئەندامانی وەفدە کوردییەکە لە بەغدا بوون، سەدام حوسێن بۆ دیدارێکی درێژخایەن لەگەڵ بارزانی چووە ناوپردان[2]».

هەر دوولا پێوە بوون ڕێکەوتنێکی درێژخایەن پێک بێت، دەقی ڕێککەوتننامەکە وشە بەوشە و بەند بەبەند خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. یەکێک لەو کوردانەی خۆی لە دانیشتنەکاندا بەشدار بوو دواتر سەبارەت بە وتووێژەکان وتی: «جاروبار ماوەی دوو ڕۆژ سەبارەت بەیەک خاڵ و پێکهاتەی ڕستە و زاراوەیەک دەدواین[3]».

بەربەستێکی هەرە بەرچاو لەسەر ڕێگەی وەفدە کوردییەکەدا قوت بووبووەوە مەسەلەی دیاریکردنەوەی سنووره جوگرافییەکانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە بوو. لەلای کورد ئۆتۆنۆمی بەبێ خاک و بەبێ سنوورێکی دیاریکراو کە کورد لە چوارچێوەیدا مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن بێ مانا بوو، گرینگ ئەوە بوو بە بەرەکەتی هەوڵە ناوخۆیی و یاسایی ڕسکاوی دیموکراتەوە بتوانن نەک تەنیا لە هەولێر و سلێمانی (واتە کوردستان) بگرە لە بەغدا و بەسرەش مافەکانیان دەستەبەر بکەن.

گرفتی سەرەکی لە بەردەم ڕێککەوتنەکەدا کەرکووک بوو. ڕێبەرانی بەعس هەوڵیان دەدا ناوچە کوردنشینەکانی کەرکووک و دەڤەرە نەوتییەکانی تر، لە کوردستان جیا بکەنەوە.

١- کۆچرا، پێشوو، ٣٤٣

٢- بڕوانە گونیتەر دیشنەر، پێشوو، ل ٢١٩

٣- وتووێژی کۆچرا لەگەڵ دوکتۆر مەحموود عوسمان لە ناوپردان.

## ڕێککەوتننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠

١٠ی مارچی ١٩٧٠ پاش سێ مانگ وتوویژ، ژەنەراڵ بارزانی و سەدام حوسێن لە قوتابخانەیەکی بچووک لە ناوپردان ڕێککەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد کە بە ڕێککەوتننامەی ١١ی مارچی ١٩٧٠ ناونرا.

(هەر لەو شەوە و لەو کاتە کە جەماوەری دانیشتووی بەغدا بەلای تەلەڤزیۆن و ڕادیۆوە دانیشتبوون و چاوەڕێی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستانیان دەکرد، بینییان ئەلبەکری سەرۆک کۆمار لە بەردەم دووربینەکاندا بەشێوەیەکی ڕەسمی پێشوازیی کوڕەکانی بارزانی واتە ئیدریس و مەسعوود کرد و لە باوەشی گرتن؛ ئەمانە هەر کوڕی ئەو بارزانییە بوون کە چەند ڕۆژ پێشتر حکوومەتی بەعس نزیکەی ١٥ ملیۆن مارکی ئاڵمانیی- وەکو خەڵات دیاری کردبوو بۆ کەس یان کەسانێک کە بەزیندوویی یان مردوویی بیدەنە دەست کاربەدەستانی حکوومەت[١].)

ئەلبەکر بەشی ئاشکرای ڕێککەوتننامەکەی سەدام و بارزانیی ڕاگەیاند: ئەو ڕێککەوتننامەیە هەبوونی (نەتەوەی کوردی بەڕەسمی دەناسی، پێشمەرگەی دەکردە گاردی سنوور، ڕێگەی دەدا زمانی کوردی بگوترێتەوە و لە داوودەزگا دەوڵەتییەکاندا بەکار بهێنرێت و، ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم پێک بهێنرێت و ناوەندی ئەو ناوچەیە شاری هەولێر بێت. هەروەها بڕیاردرا بوو یەکێک لە جێگرانی سەرۆک کۆمار و ژمارەیەک لە وەزیرانی دەوڵەت کورد بن. کورد تا ئەمڕۆش چوار ساڵی پاش ئەو بڕیارنامەیە بەسەردەم و قۆناخی زێڕین و کاتی ئاشتی و ئاسایش و داهێنانی کولتووری ناودەبەن[٢]».

سەرەکیترین مادەی ئەو بڕیارنامە ١٥ مادەییە بێ گومان مادەی چواردەی بڕیارنامەکەیە کە «پێشبینیی ئەوەی کرد کورد لە دەڤەرێکی دیاریکراو کە بریتی بوو لە چەند پارێزگا و هەندێ ناوچەی وڵات و لە داهاتوودا سەرژمێری دەکران و زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم پێک بێنن[٣]» بەم شێوە بۆ یەکەمجار، پاش پەیماننامەی سیڤەر sovers دە ساڵ شەڕی وێرانکەر و ماوەیەکی کورت پاش ئاگربەست و ڕێککەوتنە درۆکان، بەشێک لە گەلی کورد ئۆتۆنۆمییان وەرگرت. ئەو ئۆتۆنۆمییەش

١- گوینتەر دیشنەر، پێشوو،ل ١٨٦

٢- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ١٨٥

٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٤٥



بەڵێنێکی وا نەبوو دەسەڵاتێکی بچووک و کەم هێز پێی دابێت، بگرە بڕیارێک بوو لە وتوویژ و لێکۆڵینەوەی یەکسان و بەرابەری دەوڵەتێک و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کەوتبووەوە. ئەگەرچی هەندێ لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گەشبینیی تەواوەوە سەبارەت بەڕێککەوتننامەکە وتبوویان «١١ی مارسی ١٩٧٠ بووە خۆشترین ڕۆژی مێژووی عیراق: ڕۆژی ١١ی مارچ لە هەموو جێگایەکی عیراق، خەڵکی دەستیان کردە شایی و هەڵپەڕکێ[١]» بەڵام ڕاستییەکە لەوە دەچوو کە، جارێکی تر کورد تەفرە درابێتن. بارزانی نەیتوانی دەوڵەتی عیراق قایل بکات لەسەر مەسەلە سەرەکییەکە واتە شاری کەرکووک، دیاریکردنی سنووری ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە و چۆنێتی و کاتی بەڕێوەبردنی سەرژمێریی بۆ سەلماندنی بانگەشەی کورد (لەسەر کوردبوونی کەرکووک) ڕێک بکەون و، بە ڕێککەوتننامەیەکی لێڵ و نادیار ڕازی بوو کە داوای دەکرد لە ماوەی ساڵێکدا سەرژمێرییەک بە مەبەستی دیاریکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەنجام بدرێت. خاڵێکی گرینگی تریش ئەوە بوو کە ڕێککەوتننامەکەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ سەبارەت بە سیستەمی سیاسیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و چۆنێتیی پێوەندییەکانی ئەو ناوچە لەگەڵ دەوڵەتی عیراق، ئاماژەی بەهیچ شتێک نەکردبوو. پرسیاری بنەمایی ئەوەیە کە ڕێبەرانی کورد و بارزانی لە کاتێکدا دەیانزانی دەوڵەتی عیراق هەلپەرستە و سیاسەتی عیراق هیچ کاتێ لەسەر قسەکانی ناوەستێت. چلۆن ملیان بەئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەک داوە کە ئۆتۆنۆمیی لە سنوور و بازنەیەکی دیاریکراودا ڕانەدەگەیاند؟ لە کاتێکدا بوو کە ڕێبەرانی بەغدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی وڵاتدا، بۆ پێکهاتنی ڕێککەوتن ئامادە بوون هەر جۆرە سەرەتییەک بدەن.

ژەنەراڵ بارزانی بەڵگاندنی کرد کە: «حکوومەت ئەو دیاردەیەی (دانانی ماوەیەک بۆ دیاریکردنی سنوور، پاش سەرژمێری) بەگرینگترین مەرجی ئیمزاکردنی بڕیارنامە دانابوو، ئەگەر ئێمە قەبووڵمان نەکردبا، ڕێککەوتننامەکەی ئیمزا نەدەکرد ... دەوڵەت دەیگوت ئەو ماوەیە بۆ ئەوەیە بتوانێ ناوچەکە ئاوەدان بکاتەوە و سەرژمێری بەڕێوە ببات و قسەگەلێکی لەو چەشنەی دەهێنایە ئاراوە بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەکە بوو و ئەوان ئەوەیان دەزانی... بەڵام ئێمە بۆ وەڵامدانەوە بەهەوڵەکانیان بەمەبەستی لەناوبردنی بزووتنەوەی کورد، خۆمان ئامادە کرد بوو و ئێستاش ئامادەین و

١- هەمان، ل ٣٤٦

ئاشتی و ئاسایش لای ئێمە لە هەر شتێکی تر گرینگتر بوو[1].» ڕێککەوتننامەکەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ کە هەبوونی نەتەوەیی کوردی قەبووڵ کرد بوو، بووە هۆی پێکهاتنی گۆڕانکاری لە کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان و عیراقدا. شادی و خۆشی بەهۆی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەوە جۆرێ لەناو گەلی کورددا ڕەگی داکوتابوو کە هیچ کەسێک وای نەدەزانی ڕۆژێ ئەو ڕێککەوتننامەیە بکەوێتە ژێر پرسیار. ڕێبەرانی بەغدا بەڵێنەکانی خۆیان بەڕێوە برد، گیراوە سیاسییەکانیان ئازاد کرد و، لێبووردنی گشتییان بۆ هەموو کوردە چەکدار و ناچەکدارەکان دەرکرد؛ فەرمانبەرە کوردەکانی دەوڵەت دیسانەوە لە داوودەزگا ئیدارییەکاندا خرانەوە سەر کار. سێ کەسایەتیی کورد کرانە پارێزگاری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک و پێنج وەزیری کوردیش چوونە کابینەی دەوڵەتەوە. (پارتی دیموکراتی کوردستان خۆشەویستییەکەی جارانی وەدەست هێنایەوە و دیسانەوە ڕێگەی پێ درا چالاکییەکانی درێژە پێ بدات. ڕۆژنامەی (التآخي) بە بەڕێوەبەرایەتیی دارا تۆفیق سەرلەنوێ بڵاوکرایەوە. دەوڵەت بڕی بیست ملیۆن دینار (شەست میلیۆن دۆلار)ی بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوری عیراق تەرخان کرد.

## کۆنگرەی هەشتەم، سەرەتای ناکۆکییەکان

«کۆنگرەی هەشتەم لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە بارزانی و ڕێبەرانی تری حزب بەهۆی ڕێککەوتنی ١١ی مارس و پشتگیریی لە ڕادەبەدەری دەرەکی و ناوخۆیی لە ڕێککەوتننامەکە، لە نرخاندنی بارودۆخەکەدا وێناکردنەکانیان بڕێک لە سنووری ڕاستییەکان دەچووە دەرەوە. کەسانێکی زۆر لە کۆنگرەکەدا بەشدار بووبوون و تەشکێکی جیاوازی لە ڕواڵەتی سیاسی و نوێکردنەوەی پەیمانی ئەندامەکان لەگەڵ ڕێبەرایەتی واتە بارزانیدا لەخۆ گرتبوو، جیا لە ئەندامانی خودی حزب نوێنەرانی حزبە ڕکەبەرەکانی بەعس، وەکو حزبی شیوعیش بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەکەدا بانگ کرابوون[2].) ئەندامگەلێکی تازەش چوونە ناو کۆمیتەی ناوەندییەوە: ئیدریس و مەسعوود بارزانی و دارا تۆفیق. کۆنگرەی هەشتەم یەکەم کەشوهەوایەک بوو کە جارێکی تر تێیدا دژایەتی و ناکۆکییەکانی نێوان پارتی دیموکرات و ڕژێمی بەعس خۆی دەرخستەوە و شادی و خۆشیی جێگەی خۆی دایە بێ ئۆمێدی و بێ دەرەتانی.

١- وتوویژی کۆچرا لەگەڵ بارزانی لە ناوپردان ئوکتۆبەری ١٩٧٣
٢- بڕوانە، نەوشیروان مستەفا ئەمین پێشوو، ل ١٠٢



«هەڵبژاردنی یەکەم جێگری کوردی سەرۆک کۆمار کە لە ڕێککەوتنەکەی ١١ی مارچدا پێشبینی کرابوو، سەرەتای ناکۆکیی نێوان کورد و بەعسی هێنایە ئاراوە؛ بەعس دەیانویست ژەنەراڵ بارزانی یان لانی کەم ئیدریسی کوڕی بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردرێت... بەڵام کۆنگرەی گەلاڵە داڕشتن، ئەمینداری گشتیی حزب، واتە حەبیب کەریمی پێشنیاز کرد، ڕێبەرانی بەعس بەبیانووی ئەوەوە کە حەبیب کەریم ئێرانی بوو ئەو هەڵبژاردنەیان بەجۆرێ لە (دنەدان) دەزانی و لە مانگی سێپتامبەردا ئەو پێشنیازەیان ڕەت کردەوە[1]» (هەوڵ و تەقەلای بەعسییەکان بۆ ڕازیکردنی بارزانی بێ ئەنجام مایەوە. کاتێ فوئاد عارف جارێکی تر لەلایەن بەعسەوە بابەتەکەی لەگەڵ بارزانی باس کردەوە و گرینگی و ناسکیی دۆخی پلەی جێگریی سەرۆک کۆماری بۆ بارزانی ڕوون کردەوە، بارزانی لە وەڵامدا پێی وت «خۆت ئەو کارە بگرە ئەستۆوە، کەسێکی باشتر لە تۆ بۆ ئەو مەبەستە دەست ناکەوێت[2].» ڕاستییەکەی ئەوە بوو بارزانی متمانەی بەڕێبەرانی حکوومەتی بەغدا و حزبی بەعس نەبوو. لەلایەکی تریشەوە بەمەرجێ بارزانی ئەو داخوازییەی قەبووڵ کردبا، ناچار بوو کۆتایی بەهەوڵی دیپلۆماتیک و نیوە ڕەسمی و نهێنییەکانی کە بەمەبەستی وەرگرتنی یارمەتییماڵی و سەربازی، لە پێناو بەردەوامبوونی بزووتنەوەکەدا، بهێنێت و هەروەها هێزە سوپاییەکانی خۆی پرژ و بڵاو بکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە، بارزانی خۆی بەگەورەتر و بەدەسەڵاتتر لەوە دەزانی مل بۆ یاسا ڕەسمییەکانی وڵاتی عیراق نەوی بکات و پێش ئەوەی کێشە سەرەکییەکانی وەکو ئۆتۆنۆمی و دیاریکردنی سنوورەکانی ئۆتۆنۆمی و هەروەها مەسەلەی سەرژمێریی چارەسەر بکرێن، وەکو هاووڵاتییەکی ئاسایی ژیان بکات و دەست لە ڕێبەرایەتیی سیاسی هەڵبگرێ. هەنووکە کێشەی بنەڕەتیی کە بەربەستی خستبووە بەر جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە، دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە بوو. لە ئوکتۆبەری ١٩٧٠ کاربەدەستانی بەغدا دێنە سەر ئەوەی کە جێبەجێ کردنی سەرژمێرییەکە، کە بڕیارە ئەو بەندانەی ناکۆکییەکانی خستووەتە نێوان هەردوو لاوە بەتایبەت کێشەی کەرکووک چارەسەر بکات، بخرێتە بەهاری ساڵی ١٩٧١وە. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا (١٧ دێسامبەری ١٩٧٠) لە بارودۆخێکدا کە هەرگیز ڕوون نەکرایەوە، هەوڵی کوشتنی ئیدریس بارزانی دەدرێت.

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٥٠
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، ل ١٠٢

دواتر ڕێبەرانی بەعس هاتنە سەر ئەوەی کە جێبەجێ کردنی سەرژمێرییەکە بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو دوا بخەن و ڕێککەوتننامەکەی ١١ی مارس بەپێی سەرژمێری ساڵی **١٩٧٥** جێبەجێ بکەن[١]». کوردی عیراق لەو مەسەلەیەدا پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە دواخستن و ڕەفتاری فریودەرانەی دەوڵەت بۆ ئەوەیە هەرگیز سەرژمێری بەڕێوە نەبرێت و وێڕای ئەوەش «سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردی دەوروبەر و ناوەوەی کەرکووک و ناوچە نەوتاوییەکانی تر بەتوندی لە ئارادا بوو و کرێکارە کوردەکان لە ناوچە نەوتاوییەکان دەردەکران[٢].»

ژەنەراڵ بارزانی لە وتووێژە ڕەسمییەکانی خۆیدا، لەبەرئەوەی بارودۆخەکە خراپتر نەبێت خۆی لە وتار و ئاخافتنی توندوتیژ دەپاراست. بەڵام لە ئاخافتنە تایبەتییەکاندا توندوتیژتر قسەی دەکرد: «١٠ ساڵ لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا خەباتمان کرد، ئەگەر پێویست بکات پێنج ساڵیش لە پێناوی کەرکووکدا شەڕ دەکەین[٣]».

لەساڵی **١٩٧١**دا پێوەندییەکانی نێوان بارزانی و ڕژێمی بەغدا، بەهۆی زنجیرە ڕووداوێکی گرینگەوە. لە قۆناخی بێ متمانەییەوە گوێزرایەوە بۆ دۆخی پچڕانی پێوەندی.

وێڕای بەردەوامبوونی سیاسەتی (بەعەرەبکردن)ی ناوچە کوردنشینەکان و هێنانە ئارای کۆچەرە عەرەبەکان، کێشەی پێدانی مافی هاووڵاتێتی بەکوردە دەرەکییەکان واتە ئەوانەی کە زۆربەیان خەڵکی ئێران بوون و دەرکردنی کوردە فەیلییەکان بەتایبەت و هەروەها کۆبوونەوەی فراوانی هێزی عیراق لە ناوچەی بارزان کە لە حەوتووی دووەمی جولایدا ئەنجام درا و، ئەگەر هەوڵەکانی حەسەن ئەلبەکر بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە لە ئارادا نەبوایە، بێ بێنە و بەرە شەڕ و پێکدادان ڕووی دەدا و، بێ متمانەییەکەی قووڵتر دەکردەوە.

ناکۆکییەکان و دوورکەوتنەوەی بارزانی و ڕژێمی بەغدا بەڕووداوەکەی **٢٩**ی سێپتامبەر واتە هەوڵی تیرۆری بارزانی گەیشتە لووتکە، چەند کەس لە پیاوە ئاینییە شیعەکان بەبیانووی ڕێگەخۆشکردن و دروستکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان بارزانی و حکوومەت،

١- کۆچرا، هەمان، ل ٣٤٩

٢- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٣٤٩

٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٥١



لەگەڵ بارزانیدا دیداریان کرد، هەر لە بەغدا بەمەبەستی تۆمارکردنی وتەکانیان مایکرۆفۆنیان لە ناو پشتبێنەکانیاندا دەشاردەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی لە ناو پشتبێنەکاندا بوو، داینەمیت بوو، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی وتووێژەکەدا شوفێرێک تەقەمەنییەکان دەتەقێنێتەوە. لەو ڕووداوەدا هەمووە مەلاکان کوژران، بەڵام بارزانی بەشێوەیەکی سەیر و بەو هۆیەوە کە لەو کاتەدا یەکێک لە هاوڕێکانی چای بۆ دادەنا و بووبووە سپەری ئەو، ڕزگاری بوو. شوفێرەکانی لە کاتی هەڵاتن و پاش ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانی بارزانیدا تەقەیان لە یەکتری کرد، کوژران و بەو جۆرە بوو کە بارزانی هیچ زەبرێکی لێ نەکەوت[١]. ئەگەرچی جێگری سەرۆک کۆماری عیراق، واتە سەدام حوسێن کە بەتەواوی دەسەڵاتی عیراقی بەدەستەوە بوو، بەخێرایی تەلەگرافێکی بۆ بارزانی نارد و بەسەلامەتەوە پیرۆزبایی لێ کرد؛ بەڵام بارزانی و هاوڕێکانی بەئاگا بوون ئەو کەتنە لەلایەن بەعسییەکانەوە ڕێک خراوە. پاش ئەو ڕووداوە بارزانی هەوڵی بۆ نوێکردنەوەی متمانە و پێوەندیی یان بەڕێوەبردنی وتووێژ نەدا، بگرە چارەسەریی کێشەی کوردی نەک لە بەغدا بگرە لە تاران و واشنتۆن بینیبووەوە. ئەو کاتەی حەسەن ئەلبەکری سەرۆک کۆمار لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەری **١٩٧٣**دا پێشنیازی دایە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو هێزە نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکان کە «بچنە ناو بەرەیەکی یەکگرتووەوە، ژەنەراڵ بارزانی پێشنیازەکەی ڕەت کردەوە و وتی کەوا ناتوانێ متمانە بەو کەسانە بکات کە بەهیچ شێوەیەک ئەخلاقیان پێوە نەلکاوە... گرفتەکە لەوەدایە کە ئەوانە هەرگیز لەسەر قسەی خۆیان نەوەستاون».

گومان و بێ متمانەیی بارزانی بەرامبەر بەبەعس بەڕادەیەک بوو تەنانەت ناوبژی کردنی وەفدە ڕووسییەکەش بۆ ئەوەی بارزانی هان بدەن ناکۆکییەکانی ڕابردوو لە بیربباتەوە و پێوەندی و متمانە لەگەڵ حزبی بەعسدا دروست بکاتەوە، هیچی نەبەستەوە و، تەنانەت بارزانی ئەو کاتەی لەگەڵ وەفدە ڕووسییەکەدا کە بەسەرۆکایەتیی (ام ڕۆمانسۆفی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ دیدار لەگەڵ بارزانی لەمانگی فێڤریەدا هاتبوونە ناوپردان، پێشنیازی پێ کردن کە پێش ئەوەی هەر جۆرە پەیماننامەیەک لەگەڵ ڕژێمی بەغدا ئیمزا بکەن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری عیراقدا ڕاوێژ بکەن[٢]).

١- گوینتەر دیشنەر پێشوو ،ل ٢٣٣، ٢٣٢

٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٢٥٣

بەڵام چەند حەوتوو دواتر (کاسیگێن) بەڕەسمیی چووە بەغدا و تەنیا کاتێ لە ڕادیۆوە ڕایگەیاند کە پەیماننامەیەکی دۆستانە لە نێوان عیراق و سۆڤیەتدا ئیمزا کراوە و ڕێبەرانی کورد لەو پەیمانە ئاگاداربوونەوە و بارزانی هیوای بەسۆڤیەتیش بڕا و جگە لە شای ئێران و ئەمریکا پەنایەک بۆ کورد نەمایەوە[1].

شای ئێران پاش ڕێککەوتننامەکەی ١١ی مارچی ١٩٧٠ پێوەندییەکانی لەگەڵ بارزانی بەتەواوی پچڕی بوو، پاش ئیمزاکردنی پەیمانی عیراق و سۆڤیەت (٨ ئاوریل ١٩٧٢) لە ترسی پەرگرتنی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە عیراق، شا، دیسان لەگەڵ بارزانی پێوەندیی گرتەوە. شای ئێران سنوورێکی دوورودرێژی لە باکورەوە لەگەڵ ڕووس هەبوو لەپڕ ڕووسی لە ڕۆژاوای ئێراندا بینی کە دەیانەوێ دەسەڵاتی کەنداوی فارس کە بە شادەماری ئێران دەژمێردرا بگرنە دەست.

هۆکارێکی دژایەتی ئەمریکا لەگەڵ عیراق پاش کشانەوەی ئینگلیز لە کەنداوی فارس، بەرهەستبوونەوەی دەسەڵات و تەشەنەی سۆڤیەت بوو لەو کەنداوەدا، وێڕای ئەوەش ئەمریکا هۆکار و مەبەستی تایبەتی تری بۆ پشتگیریی بزووتنەوەیەکی ڕکەبەر لە عیراقدا هەبوو – کە لە بەشێکی جیاواز و لە ژێر ناوی ستراتیژی ئەمریکا و زلهێزەکان لە کوردستاندا باسی لەسەر دەکەین. ئەزموونە ناخۆشەکەی بارزانی، پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد و هەڵسوکەوتی نەگونجاوی سوپای ئێران لە کاتی ڕێپێوانە مێژووییەکەیدا بەرەو سۆڤیەت بووبووە هۆی ئەوەی کە بارزانی بەتەواوی بەرامبەر بە شای ئێران ڕەشبین بێت و متمانەی پێ نەکات.

بەڵام هاتنە ناوەوە و دەست خستنەکاری ڕێکخراوەی (سیا) گەرەنتییەک بوو بۆ بارزانی. بەبڕاوی بارزانی هاتنە ناوەوەی ئەمریکا، بەرگریی لە پەیمانشکێنیی (شا) دەکرد.

هەڵەکە لەوەدا بوو بارزانی وای دەزانی کە یارمەتی وەرگرتن لە (سیا) بەو مانایەیە کە بزووتنەوەی کورد بەشێوەیەکی نیوە ڕەسمی لەلایەن ئەمریکاوە ناسراوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو بارزانی بەو زەینیەتی ئەخلاقییەوە ئاگاداری تیۆریی واقیعخوازانەی سیاسەتی ئەمریکاییەکان نەبوو، بۆیە گەشبینانە دەیڕوانییە بابەتەکە و بەهیوا بوو ئەمریکا بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەکەی یارمەتیی بدات.

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، ل ١٠٥



ئەگەرچی سامی، بارزانیی ئاگادار کردبووەوە کە بەپێی پێناسەکان، چالاکییەکانی داوودەزگایەکی زانیاریی وەکو (سیا) بەهیچ شێوەیەک ئەمریکا بەرپرسیار ناکاتەوە، بەڵام بارزانی بڕوای بەئەمریکا هەبوو. بارزانی لە وتوویژەکانیدا ئەوەی بە ئەمریکییەکان وتبوو. هەروەها وتبووشی ئەگەر بزووتنەوەکە سەرکەوێت ئامادەیە (کوردستان) ببێتە پەنجا و یەکەمین ویلایەتی ئەمریکا[1]. متمانەی بارزانی بەئەمریکییەکان لە ڕادەبەدەر بوو، بارزانی ستایشی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکای دەکرد و بۆ ئەوەی پێوەندی پتەو بکاتەوە قاڵیچەیەکی بەخەڵات پێ دا و بەهۆی زەماوەندەکەیەوە ملوانکەیەکی مرواریی پێشکەش بەهاوسەرەکەی کرد. ئەو ڕەفتارانە بەبڕوای بارزانی سەرنجی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەمریکای بەرەو کێشەی کورد ڕادەکێشا[2].

هاوکاتی پێوەندی گرتنی بارزانی لەگەڵ ئێران و ڕێکخراوەی سیادا و وەرگرتنی یارمەتیی ماڵی و سەربازی، پێوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ حکوومەتی بەغدا بەخێرایی گرژ بوو. ئەگەرچی کورد تا ئەو کاتەش پێنج وەزیریان لە کابینەدا هەبوو، بەڵام پاش ئەوەی لە ١٥ی جولای ١٩٧٢ جارێکی تر هەوڵی کوشتنی بارزانی درا، پێوەندییەکان بەتەواوی پچڕان و لە ٣١ی جولایدا مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان هۆشدارییەکی لە پازدە ماددەدا، دایە ڕژێمی بەعس و تێیدا «کاربەدەستانی باڵای وەزارەتی ناوخۆ و ئیدارەی ئەمنییەت تاوانبار دەکات کە گەڵاڵەی تیرۆرکردنی بارزانییان داڕشتووە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پاش ڕێککەوتننامەکەی ١١ی مارچی ١٩٧٠ پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات و حزبی بەعس بەتەواوی تێک چووە و بارودۆخەکە یەکجار ناکۆکە[3]».

ماوەیەک پاشتر گفتوگۆ و ململانێکان ئاشکرا دەبن و ڕۆژنامەی «(الثورة) ئەندامانی پایەبەرزی پارتی دیموکرات بەوە تاوانبار دەکات کە زانیاریی سەربازی و سوییان سەبارەت بەسوپای عیراق داوەتە کاربەدەستانی ئێران و ئەفسەرێکی نێوەنجیی ئیسرائیل». بەهاری ساڵی ١٩٧٣ سنوورەکانی عیراق و ئێران لە ناوچەی کوردستاندا بوو بە سنوورێکی ناڕەسمی و، کوردستانی ئازادی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانیی لە ناوچەکانی تری عیراق جیا کردەوە. پێوەندییەکانی نێوان بارزانی و بەغدا هیچ کات تا ئەو ڕادەیە تێک نەچوو

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٥٥
٢- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٣١٣
٣- کۆچرا پێشوو، ل ٣٥٦

بوو. لەو بارەیەوە حەبیب کەریم، سکرتێری پارتی دیموکرات، دەڵێ: پێوەندییەکانی نێوان بەعس و پارتی دیموکرات کە بەدرێژایی ساڵی ١٩٧٢ بەرەو خراپی دەچوو، سەرەنجام بەتەواوی تێک چوو.» بەبڕوای ڕێبەرانی پارتی دیموکرات ئامانجی سەرەکیی سەدام حوسێن «کوشتنی بارزانی و جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی مارچی ١٩٧٠ بوو لەگەڵ لایەنێکی دۆستی بەعسدا». لەوە بەدواوە کورد هەردەم چاوەڕوانی هێرشی سوپای عیراق بوون، لە کوردستاندا هیچ شتێک سەبارەت بەڕێککەوتنی نێوان ئێران، بارزانی و (سیا) باس نەدەکرا. بەڵام لە نێوان مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیدا ناکۆکییەک بەدی دەکرا. هەندێ لە ئەندامانی ئەو دوو ئۆرگانە -کە لەوانە بوو ئاگاداری بابەتەکە نەبووبن- هێشتا لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەتوانرێ لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە. لە هەمان کاتدا کەسانێکی وەک دوکتۆر مەحموود عوسمان بەهیچ شێوەیەک بڕوایان بەڕێککەوتن نەبوو. ناوەڕاستی ژووئەنی ١٩٧٣ ژەنەراڵ بارزانی وتووێژێکی لەگەڵ نێردراوی واشینتۆن پۆستدا کرد و تێیدا داوای لە ئەمریکا کرد بەشێوەی ئینسانی، سیاسی و سوپایی ئاشکرا، یان بە نهێنی پشتیوانیی گەلی کورد بکات و، هەروەها وتبووی بەمەرجێ ئەمریکا لە بەرامبەر ئەو گورگانەدا پشتیوانیمان بکات بەپێی سیاسەتەکانی ئەمریکا هەڵسوکەوت دەکەین و بەمەرجێ بەڕادەی پێویست پشتیوانیمان لێ بکرێت دەتوانین ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک بگرینە ژێر دەسەڵاتی خۆمان و، بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو دەڤەرە بدەینە دەست کۆمپانیا ئەمریکییەکان، ئەو ناوچەیە خاکی ئێمەیە[١]» بارزانی نەوتی بە کاڵایەکی بەنرخ دەزانی کە بەهۆی ئەوەوە بتوانێ سەرنجی دەسەڵاتە دەرەکییەکان ڕابکێشێت؛ هەڵبەت ئەو هەوڵەش ئەنجامێکی دڵخوازی بەدواوە نەبوو، هەوڵ و تێکۆشانی کاربەدەستانی بەغدایش بۆ هێنانە ناوەوەی ڕێبەرانی پارتی دیموکرات بۆ ناو بەرەی نەتەوەیی بێ ئەنجام بوو. ئەو بەرەیە بەبێ بەشداربوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەنیا بەیەکگرتنی حزبی بەعس و حزبی شیوعیی عیراق پێک هات. دوکتۆر مەحموود عوسمان هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە بەرەی نەتەوەیی بەم شێوەیە دەردەبڕێت: ماوەی سێ ساڵ و نیوە لە پێکهاتەی دەوڵەتدا بەشداری دەکەین، دەستکەوتێکی نەبووە کەواتە ئێمە ناتوانین بچینە ناو ئەو پێکهاتە نوێیەوە[٢].»

پێکهاتنی بەرەی نەتەوەیی ئەنجام و بەدواهاتی گرینگی بۆ کورد بەدواوە بوو: کۆتایی

١- هەمان، ل ٣٥٨

٢- کۆچرا لە خەباتی کورد لە پێناوی خودموختاریدا تا وسوەسەی سەربەخۆیی.



بەپێوەندییەکانیان لەگەڵ حزبی شیوعی دێن و چەند مانگ پاشتر پێوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی بەڕادەیەک گۆڕ دەبێ کە لە نێوانیاندا لە کوردستان پێکدادانی چەکدارانە ڕوو دەدات. لە ١٨ی سێپتامبەری ١٩٧٣ بەولاوە پێکدادان لە سەرانسەری کوردستاندا زیاتر دەبێ. دوو لەشکری سوپای عیراق لە ناوچەکانی-القوش و شیخان- هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگە و لە ١٣ ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا سوپای عیراق هێرش دەکاتە سەر بنکەی هێزەکانی بارزانی لە دەربەندیخان، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە و جێگەیان پێ چۆڵ دەکات و ئەو شوێنانەیان پێ بەجێ دێڵێ[١]».

مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجەکە داوای لێ کرا بوو کۆبێتەوە، ئەمەش هاوکاتی شەڕی نێوان ئیسرائیل و عەرەب بوو. دەستپێکردنەوەی دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل، شەڕی کوردستانی دواخست. بەڕای ڕێبەرانی کورد، ئەگەر شەڕی ئیسرائیل دەستی پێ نەکردایە، ڕێبەرانی بەغدا کارامەترین لەشکرەکانی خۆیان دەناردە کوردستان.

لە مانگی ئۆکتۆبەردا بارزانی لە نامەیەکدا کە ئاگادارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بەناوەڕۆکەکەی بەدەستەوە نییە، بۆ کێسەنجەری نووسیبوو کە ڕای لەسەر هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ سەر سوپای عیراق چۆنە، کێسەنجەریش لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا واتە نۆ ڕۆژ پاش دەستپێکردنی شەڕی ئیسرائیل و عەرەب وەڵامی ئەرێیی بە ژەنەراڵ بارزانی دایەوە[٢]. ڕاستییەکە ئەوە بوو کێسەنجەر و شای ئێران دەیانویست بارودۆخەکە بەبێ ئەنجام بمێنێتەوە بۆ ئەوەی توانای عیراق کەم بێتەوە، ئەگینا هیچ لایەکیان حەزیان لە سەرکەوتنی کورد و ئۆتۆنۆمیی ئەوان نەبوو.

لە ڕاستیدا ئەگەر دەستێوەردانی کێسەنجەر نەبوایە بارزانی دەستووری هێرشی ڕادەگەیاند. گرفت ئەوە بوو تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییانەش لە نێوان پارتی دیموکرات و ڕژێمدا ڕووی نەدایە، دیسان پرۆژەی پارتی بۆ ئۆتۆنۆمی لەگەڵ پرۆژەی ڕژێمی بەغدا ئێجگار جیاواز بوون. ئەو جیاوازییەش لە بەراوردکردنی پرۆژەکانی هەردوو لادا دەردەکەوێت. ئەو پرۆژەیە پێشنیازی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ داڕشتنی یاسای بنەڕەتی؛ پرۆژەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی لە ئاستێکی وردبینانە و گشتگیرتردا، جگە لە خاڵ و لایەنە وردەکانی پرۆژەی ناوبراو داوودەزگایەکی یاسادانەر و بەڕێوەبەرایەتییەکی بۆ کوردستان پێشبینی کردبوو کە جگە لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا، لە چوارچێوەی

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٥٩ و ٣٦٠

٢- هەمان، ل ٣٦٠

هیچ سیستەمێکی تردا نەدەگونجا. «لە کاتێکدا پڕۆژەکەی حزبی بەعس - کە هەر بەو ڕادەیە درێژەدار و باسی لێ کرابوو - زۆر بەرتەسک و دواکەوتووتر بوو. لە پڕۆژەی حزبی بەعسدا سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوبەرایەتیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لەلایەن سەرۆک کۆماری عیراقەوە دادەنرا نەک بە هەڵبژاردنی جەماوەر؛ وێڕای ئەوەش لە پڕۆژەکەی حزبی بەعسدا باسی وەزیر نەکرابوو و تەنیا ئاماژە بەدامەزراندنی ١٠ دامەزراوەی بەڕێوەبەرایەتیی لە ناوچەکە کرابوو کە لە سەروو ئەوانەوە ئەمیندار (دبیرکل)ێکی گشتیی ناوچەیی سەرۆکایەتیی دەکرد[١].

کێشەیەکی تریش ئەوە بوو پڕۆژەکەی حزبی بەعس لە پێشەکییەکەیدا پایتەختی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی یەکێک لە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر و دهۆک) دیاری کردبوو و باسی کەرکووک نەکرا بوو. بەبۆچوونی بارزانی ئەمە ڕاگەیاندنی شەڕ بوو. پایزی ساڵی **١٩٧٣** بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەک سەبارەت بەیارمەتییەکانی شای ئێران و (ئەمریکا) بڵاو بکرێتەوە، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە کوردستانی عیراقدا ڕووی دا، لە ڕووی سوپاییەوە تۆڕێکی بەرگریی فڕۆکەشکێن لە دەوروبەری بنکەی ژەنەراڵ بارزانی لە ناوپردان و قەسرێ و نزیک حاجی ئۆمەران دامەزرا.

زیاتر لە هەزار کورد کە بریتی بوون لە سەرباز و ئەفسەر و دەرەجەدار، ڕیزی سوپای عیراقیان بەجێ هێشت و چوونە ڕیزی هێزەکانی بارزانی[٢]». کەسانێکی تازە لە دەوروبەری بارزانیدا بەدی دەکران، بەشێکیان ئەو لاوانە بوون کە لە زانستگاکانی ئەوروپادا خوێندبوویان و بەپێچەوانەی هەندێ لەو کوردانەی لە بەغدا دادەنیشتن، شاخەکانیان لەبیر نەکردبوو. وێڕای ئەوەش گۆڕانکاری بنەڕەتی و بەرچاویش لە داخوازییەکانی ڕێبەرانی گەلی کورددا بەدی دەکرا و ڕێبەران قەناعەتیان نابووە لاوە و ئاستی داخوازییەکانیان بەرز کردبووەوە، ئامانجی بارزانی و کەسانی تر هەنووکە تەنانەت شتێکی سەرتر لە ئۆتۆنۆمی بوو، هەڵبەت لەمێژ بوو عیراقییەکان بارزانییان بەجودایی‌خواز تاوانبار دەکرد و لە باسکردنەکانیاندا وشەی سەربەخۆییان بەکاردەهێنا. بەڵام کورد تا ماوەیەکی دوورودرێژ و بەتایبەت لە وتوویژ لەگەڵ کەسایەتی و دەسەڵاتە دەرەکییەکاندا باسیان لە سەربەخۆیی نەدەکرد. هەنووکە ئەو قۆناخە تێ پەڕیبوو، هەڵبەت

١- کۆچرا، پێشوو، هەمان ٣٦٢

٢- هەمان، ل ٣٦٢



مەنتیقی کورد یەکجار ناسک و وردبینانە بوو، حەبیب کەریم لەو بارەیەوە دەڵێ: سەربەخۆیی ئەنجامی سروشتیی مێژوویی هەموو گەلانە[١]».

ژەنەراڵ بارزانییش وەکو ڕێبەرە ناسیۆنالیستەکانی کوردی ئەستەمبووڵی پەنجا ساڵ لەمەوبەر دەیویست سەربەخۆیی کوردستان، بەو سامانەی دەدرایە دەستی سەودا بکات، واتە ئەگەر ڕۆژێ کوردستان سەربەخۆ بێت.

بەپێچەوانەی ئەزموونە ناسەرکەوتووانەکەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و هاوڕێکانیان (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی) کە هەوڵیان دەدا بەشێک لە بیروڕای گشتی دژی بارزانی هان بدەن. ڕێبەرانی حزب پێوە بوون سەرلەنوێ بزووتنەوەیەکی دژکار لەناو بزووتنەوەی کورددا پێک بێنن و ئەو کاتەش جیایی و پچڕانی پێوەندییەکانی بارزانی و حزبی بەعس بەتەواوی شتێکی ئاشکرا بوو. ڕێبەرانی بەعس بەنیازبوون بەرنامەی ئۆتۆنۆمی بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەزامەندیی ئەو کوردانەی لەگەڵ بارزانی بوون جێبەجێ بکەن. سەدام حوسێن پاش داڕشتنی پڕۆژەی یاسای بنەڕەتیی ناوچەی ئۆتۆنۆم، ١٧ ئوکتۆبەری **١٩٧٣** و هاوکات لەگەڵ شەڕی ئیسرائیل و عەرەب پڕۆژەکەی ئاراستەی هەندێ کەسایەتیی پێشکەوتنخواز و سەربەخۆی کورد کرد[٢]».

لە دیدی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتەوە ئەو کارە، دنەدەر و شەڕخوازانە بوو. لە دیدی سەدامەوە بارزانی و پارتی دیموکرات نوێنەری هەموو کورد نەبوون. هەڵبەت ئەوە وێناکردنێکی ڕاست بوو، چونکە کەسانێک هەبوون بارزانییان بەڕێبەری کورد نەدەزانی؛ عوبەیدوڵڵای کوڕە گەورەی بارزانی، بەرەو بەغدا هەڵهات و وتی کە باوکی (واتە بارزانی) تەنانەت ئەگەر کەرکووک و هەموو نەوتەکەشی پێ بدەن، نایەوێ بەرنامەی ئۆتۆنۆمی جێبەجێ بکرێت، چونکە قەبووڵکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی هەموو شتێکی لێ دەگرێتەوە و ئەو (بارزانی) پێی خۆشە هەمیشە دەسەڵاتداری ڕەها بێت[٣]. پوختەی قسە: سەدام هەوڵی دەدا بەهەر جۆرێک جەماوەری کورد لە پارتی دیموکرات و بزووتنەوەی بارزانی دووربخاتەوە. ئەو شەڕ و پێکدادانە خێرایەی ساڵی **١٩٧٤** ڕووی دا، ڕوونی نەکردەوە سەدام سەرنەکەوتووە.

١- هەمان، ل ٣٦٣

٢- هەمان، ل ٣٦٦

٣- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٢٨٦

«١٢ی دێسامبەری ١٩٧٤ بەرەی نەتەوەیی ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە لەلایەن حزبی بەعسەوە داڕێژرابوو بەڕەسمی بەپارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند. سەرەتای جولایی ١٩٧٤، وەفدێکی کوردی چووە بەغدا و ماوەی مانگێک لەوێ مایەوە سەدام حوسێن سەرۆکایەتیی وەفدی نوێنەرانی بەرەی نەتەوەیی» لە ئەستۆ بوو[١]. سەرەتا ئەندامانی هەردوو لا بۆچوونەکانیان دەردەبڕن، پاشان لەسەر ڕەزامەندیی هەردوو لا لیستەی ئەو خاڵە جیاوازە دەخەنە بەردەست:

- دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
- کێشەی پێشمەرگە.
- چاودێری کردنی سنوورەکان لەلایەن کوردەوە.
- پێوەندیی کورد لەگەڵ ئێران.
- چوونی کورد بۆ ناو ڕیزەکانی بەرەی نەتەوەیی[٢].

ڕێبەرانی بەعس جیا لە هەر شتێکی تر، بەهەڵبژاردنی حەبیب کەریم بۆ سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی ناڕازی بوون. ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی پێوەندییەکانی حەبیب کەریم لەگەڵ ئێراندا هەڵبژاردنی ئەو بۆ جێگری سەرۆک کۆماری عیراق ڕەت کرابووەوە، لە دانیشتنێکدا سەدام تووڕە دەبێت و لە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان دەپرسێت: تۆ نوێنەری کێیت؟ حەبیب کەریمیش زۆر بەتوندی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: من نوێنەری ئەو هێزەم کە تۆی ناچار کرد چەند جار بێیتە شاخەکان[٣]. لە کۆتایی ژانیڤەریدا کورد و بەعس لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن جارێکی تر و لە مانگی فێڤریەدا دیدارێکی تر پێک بێنن. بارودۆخ گەلێک نالەبار بوو و هەندێ کورد گەڕابوونەوە شاخەکان. لە ڕۆژی دیاریکراوی مانگی فێڤریەدا، حەبیب کەریم و نوێنەرانی تری کورد نەچوونە بەغدا و دوو کەسێتیی سەربەخۆ واتە فوئاد عارف و ئیحسان شێرزاد لە جێگەی ئەوان دانران.

ئامادە نەبوونی نوێنەرانی کورد لە دیدی سەدامەوە ڕاگەیاندنی پچڕانی وتووێژ بوو و ناکۆکییەکان زیاتر دەبوون، لە کاتێکدا وتووێژ بەشێوەیەکی نارێک لە ئارادا بوو، بەغدا ڕای گەیاند بەشێوەی یەک لایەنە ئەو ئۆتۆنۆمییەی خۆی مەبەستیەتی لە چوارەمین

١- کۆچرا، ل ١٨٦
٢- هەمان، ل ٣٦٧
٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٦٩



ساڵوەگەڕی ئیمزاکردنی پەیماننامەکەی ١١ی مارچی ١٩٧٠دا جێبەجێ دەکات. بەلەبەرچاوگرتنی کەشوهەوای بێ متمانەیی کە بەهۆی پێکدادانی جاروباری چەکدارانەوە زیاتر دەبوو، ئەو کردارە لەپڕ و بەپەلەیە مانای ئەوە بوو چیتر بەعس حەجمینیان لەبەر براوە و بەمەرجێک کورد لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵیان ڕێک نەکەون شەڕ دەست پێ بکات[١]. سەدام حوسێن ٧ی مارس لە نامەیەک و لە وەڵامی بارزانیدا نووسیبووی: «دەبێ ڕێگە نەدرێت بارودۆخەکە خراپتر بێت. دەبێ بەشێوەی جیدی وتووێژەکان درێژە پێ بدرێن، هەروەها سەدام سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر ئامادەنەبوونی وەفدی کورد لە کۆبوونەوەکەی مانگی فێڤرییەدا دەردەبڕێت و دەڵێ هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە بارزانی یەکێک لە کوڕەکانی خۆی بنێرێتە بەغدا. ئیحسان شێرزادیش لە نامەیەکدا داوا لە بارزانی دەکات ئیدریس یان مەسعوود بنێرێتە بەغدا و دەڵێ: ئەمە کارێکی لەخۆبوردانەیە و ئێوەش لە ماوەی ژیانتانا کاری لەخۆبووردەییتان زۆر بووە؛ ئەم کارە قازانجی زۆری بۆ دوارۆژ بەدواوە دەبێت[٢].» ڕۆژی دواتر وەفدێکی کوردی کە بریتی بوون لە هەموو وەزیرە کوردەکان، دارا تۆفیق، ئیحسان شێرزاد و لە سەروو هەموویانەوە ئیدریس بارزانی چوونە بەغدا. بەرچاوترین کێشە و بەربەستی دوایین ئەنجام لەم قۆناخەشدا، جیاوازیی بیروڕای هەردوو لا بوو لەسەر بارودۆخی کەرکووک و دەڤەرە نەوتاوییەکان[٣]». بەعس لەسەر کەرکووک دوو ڕێگایان پێشنیاز کرد: یان ئەبێ ناوچەی کەرکووک لە ژێر چاودێریی داوودەزگایەکی هاوبەش و لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا بێ، یان پارێزگای کەرکووک دابەش بکرێت، دوو بەش لەو پارێزگایە بکەوێتە سنووری ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە و ئەو بەشەکانی تریش لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا بێت[٤] ئیدریس بارزانی کارێکی لە بەغدا نەما بوو و بەغانم عەبدولجەلیلی وتبوو: پێشنیازەکانتان بەژەنەراڵ بارزانی دەگەیەنین، بڕیاری دوایی لای ئەوە، ئەگەر ئەو ڕازی بوو، ئەوا دەگەڕێینەوە».

وەفدی نوێنەرانی کورد گەڕانەوە ڕەواندز و ١٠ی مارچی ١٩٧٤ دارا تۆفیق و ئیحسان شێرزاد بەوەڵامی بارزانییەوە دەگەڕێنەوە و خێرا لە ڕێگەی غانم عەبدولجەلیلەوە وەڵامەکە بەسەدام حوسێن ڕادەگەیەنن، پێشنیازەکەی بارزانی سێ ڕێگەچارەی جیاجیای دەگرتەوە:

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ١٨٦
٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٦٨
٣- ڕندل پێشوو، ل ١٨٥
٤- هەمان، ل ٣٧٠

– پارێزگای کەرکووک نابێ دەستی لێ بدرێت و، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەوە کە بریتی بێت لە دەسەڵاتی هەردوو لا، لە ژێر چاودێریی ئۆرگانەکانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەدا بەڕێوە ببرێت بەمەرجێ دەوڵەت ئەو ڕێگەچارەیە قەبووڵ بکات، بارزانییش پرۆژەی پێشنیازکراوی ئۆتۆنۆمیی دەوڵەت بەبێ هیچ قسەیەک پەسەند دەکات.

– پارێزگای کەرکووک بکرێتە دوو بەشەوە: حەویجە و قەرەتەپە بدرێتە دەوڵەت و بەشەکەی تریش بەشاری کەرکووکیشەوە بخرێتە سەر ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە. پارێزگای کەرکووک بەشێوەی سەرەوە دابەش بکرێت، بەڵام شاری کەرکووک دەبێ دۆخێکی تایبەتی بۆ ڕەچاو بکرێت، لەو حاڵەتەدا ئەو پرۆژەیە دەبێ لە داڕشتەی یاسای ئۆتۆنۆمیدا کە لە لای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێشنیاز کراوە بگونجێندرێت[1]. سەعات ١٠ی شەو غانم عەبدولجەلیل لەسەر هێڵی تەلەفۆن بەدارا تۆفیق دەڵێ: «پێشنیازەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەخاڵی گشتی و پاژەکانییەوە لەلایەن بەرەوە ڕەت کراوەتەوە» بەڵام پێی دەڵێت کە دەیەوێ بیبینێت، نیوەشەو دارا تۆفیق بەنائومێدی کۆتایی بەدوایین دیدارەکە دێنێت. هەوڵەکانی کەسێتییە کوردە سەربەخۆکان و کەسانێکی وەکو فوئاد عارفیش کە بۆ دۆزینەوەی فورمۆلێکی ناوەنجی بۆ نزیکبوونەوەی بیروڕای هەردوو لا لەسەر کێشەی کەرکووک، بێ ئەنجام مایەوە: بەعسییەکانیش ڕایان گەیاند کە پرۆژەکانی ئەوانیش شتێکی تازەی تێدا نییە. ژەنەراڵ بارزانی بەتەواوی چاوی بڕیبووە کەرکووک و بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری نەدەبوو، بەڕای ئەو سەدام حوسێن ئامادە نەبوو هیچ هەوڵێک بۆ ڕێککەوتن بدات، سەدامیش بڕوای وابوو بۆ دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبێ ئەو خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیردرێن «ئەو ناوچەیە دەبێ بەگوێرەی ڕێژەی جەماوەری ئەو نەتەوەیەی کە ئۆتۆنۆمیی پێ دەدرێت دیاری بکرێت، خاڵی سەرەکی لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەکە هەر ئەوەیە، بەو مەرجەی ناوچەکە وەکو بەشێکی جیانەکراوەی وڵات و نیشتمانی نەتەوەیی بمێنێتەوە[2]. پاشان دەڵێ: ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە کە دیاریکردنی سنووری ناوچەکە ببێتە هۆی جیابوونەوەی یەکجاری یان گۆشەگیریی تەواو. ئەو کارە بەو واتایەیە کەوا کورد لە کۆمەڵگەی عیراق جیا بکرێنەوە و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا زیندانی بکرێن. ئێمە لەو جۆرە ئۆتۆنۆمییەی عیراقییە

١– هەمان، ل ٣٧١

٢– هەمان، ل ٣٧٢



ناکوردەکان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دووربکاتەوە هیچ تێ ناگەین، ئێمە ئۆتۆنۆمی بەواتای (یەکپارچەیی تەواو) بەڵام وەکو ناوچەیەکی دیاریکراو دەناسین، کە لە ناو سنوورەکانیدا مافەکانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی عیراقدا دابین دەکرێت[1]. پاشان سەدام درێژە بە وتەکانی دەدات: «زۆر ئاشکرایە کە ناتوانرێ بەدووی تاکە تاکەی هەموو تاکەکانی نەتەوەیەکدا بگەڕێین تاکو بە گشتی لە ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەدا جێگایان بکەینەوە[2].» ئەو وتەیەی سەدام لە ڕاستیدا دەربڕی بۆچوونی ئەوە سەبارەت بەو ناوچانەی کەوا هەردوو لایەنکە لەسەر ئەوە جیاوازیی بیروبۆچوونیان هەیە و، دەیەوێ بڵێت ناوچە تێکەڵەکانی وەکو کەرکووک ناکەونە بەر ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە. هەروەها ئەو سەبارەت بە دابەشکردنی داهاتی عیراق بەگوێرەی دانیشتوان و بەمەبەستی دیاریکردنی بوودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆم بەپێی ئەو فاکتەرە بڕوای وایە: «ئەو پێشنیازە نە لەگەڵ ئۆتۆنۆمی دەگونجێ و نە لەگەڵ یەکپارچەیی گەلدا، لەگەڵ هیچ کام لەوانەدا ناگونجێ[3]» ڕاستییەکە ئەوە بوو کە ڕێبەرانی بەعس لە وتووێژەکانی خۆیاندا زاراوەی ئۆتۆنۆمییان بەکار دەهێنا، بەڵام هەرگیز بیریان لە شتێکی زیاتر لە (لامەرکەزی)یەکی سادە و ساکارانە نەدەکردەوە. ڕێبەرانی بەعس زۆریان پێ گران بوو کە بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ کورد هەڵسوکەوت بکەن. ئەوان دەیانویست بەبێ کەموکورتی و بەهەموو جۆرەکانیەوە و بەبێ ئەوەی ڕەقیب و ڕکەبەرێکیان هەبێت بەتەواوی دەسەڵاتی عیراق پاوان بکەن. سەدام و ڕێبەرانی تری عیراق وای بۆ دەچوون کە پاش سەرکەوتن لە بەگشتی کردنی نەوتدا، هیچ شتێک، یان هیچ کەسێک توانای خەبات و بەرگریکردنی لە هەمبەر ئەواندا نامێنێت؛ لەوانەیە هەر بەو هۆوە بێت کە بەوتەی شایەتە کوردەکان، لە ماوەی دوایین قۆناخی وتووێژەکانی ژانیڤەری- مارچی ١٩٧٤دا ڕێبەرانی بەعس، بەتایبەت سەدام بەشێوەیەکی «کەللەڕەقانە و، لەخۆباییبیانە و بێ نیازانە» دەجووڵانەوە.

لە ئاستی سیاسی و دیپلۆماتیکدا بەعسییەکان دەیانتوانی لە بەرنامە و پرۆگرامەکانیاندا کورد بخەنە پەراوێزەوە، چونکە یەکێتیی سۆڤیەت دەستی لێ بەردا بوون و حزبی شیوعیش چووبووە ناو بەرەی نەتەوەیییەوە. لە چالاکییەکی پروپاگەندەییدا دەتوانرا بەڕۆژئاوا بسەلمێنرێت کە ڕێبەرانی بەغدا هەموو بەڵێنەکانی خۆیان بەڕێوە بردووە

١– هەمان، ل ٣٧٢

٢– هەمان، ل ٣٧٢

٣– هەمان، ل ٣٧٢

و ئۆتۆنۆمییان داوەتە کورد، بەڵام مەلا مستەفا قەبووڵی نەکردووە. بەمەرجێ بەعس گەرەنتییەکیان بدایەتە بارزانی؛ بارزانی هەرگیز ڕێککەوتنەکانی دوا نەدەخست، چونکە بارزانی بەباشی لە بارودۆخەکەی خۆی سەبارەت بەوەرگرتنی یارمەتی لەلایەن ئێران و (ئەمەریکا) ئاگادار بوو؛ بۆیە ئەکرێ بڵێین بەمەرجێ بارزانی متمانەی بەبەعس هەبوایە و پێی وابوایە ئەوان دەیانەوێ پێوەندییەکان دروست بکەنەوە و ڕێککەوتننامەکان قەبووڵ بکەن و خەیانەت لە گەلی کورد نەکەن، ئامادە بوو بەخۆشحاڵییەوە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران و ئەمریکادا تێک بدات. بارزانی ئەو کارەی نەکرد، بەڵام شا و ئەمەریکا پاش ئەوەی گەیشتنە مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان، بارزانی و گەلی کوردیان لە بەردەم سوپای عیراقدا بەجێ هێشت و داخوازییەکانی بارزانییان پشتگوێ خست.

## قۆناغی سێیەمی شەڕ لەگەڵ بەعس

ڕێبەرانی بەغدا بەدڵنیاییی لە سەرکەوتن، دەستیان دایە دامەزراندنی ڕێکخراوە و دامەزراوە و داوودەزگاکانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە و چەند حەوتوویەک وایان نیشان دەدا کەوا بارزانییان لە زۆرینەی جەماوەری کورد جیاکردووەتەوە.

«بەکورتی لە مارسی ١٩٧٤دا، بەغدا بەخێرایی ئۆتۆنۆمیی ڕاگەیاند، ئەو ناوچەیە نەختێ زیاتر بوو لە نیوەی ئەو ناوچەیەی کورد دیارییان کردبوو، ڕووبەرەکەی ٢٩٠٠٠ میلی چوارگۆشە بوو، کەرکوک نەکەوتبووە ناو ئەو سنوورانەوە و؛ بەخێرایی شەڕ دەستی پێ کرد[١]».

«٢٦ی مارچی ١٩٧٤ کۆتایی ئەو ماوە ١٤ ڕۆژ بوو کە سەدام حوسێن دیاری کردبوو. ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش لێبووردنی گشتیی دەرکرد بۆ هەموو ئەو کوردانەی لە ماوەی مانگێکدا لە باکور بگەڕێنەوە. مانگی ئاوریل کابینەی دەوڵەتی بەغدا دروست کرایەوە و پێنج کەسایەتیی وەفاداری بەعسیی کورد، لە جێگەی پێنج وەزیری کوردی پێشوو کە لەمانگی فێڤرییەدا پەنایان بردبووە کوردستان، چوونە کابینەی دەوڵەتەوە[٢].»

(لە دۆستانێکی بەعس لە ساڵی ١٩٧٤دا عەزیز ئاکرەیی بوو، ئەو مرۆڤێکی تووڕە و هەڵەشە بوو و زوو هەڵدەچوو و زووتر لەگەڵ بارزانی و پارتی دیموکراتدا نێوانیان تێک

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ١٨٧
٢- کۆچرا، هەمان، ل ٣٧٥



چووبوو. بەڵام تەنیا بەوەی کە لە دەرەوەی بزووتنەوەی کوردەوە بێ، دەستی هەڵگرتبوو و ئازادانە لە کوردستاندا مابووەوە. عەزیز پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و چوونی ئەو بۆ ناو ڕیزی بەعس بێ گومان دەبووە هۆی ئەوەی بەعس پروپاگەندەیەکی زۆری لە دەرەوەی وڵات پێ بکەن و بەسوودی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن[١]). سێ وەزیرە کوردەکەی تر بریتی بوون لە (هاشم ئاکرەیی) و دوو کەسایەتیی پلە خوارتر واتە عەبدوڵڵا ئیسماعیل و عەبدولستار تاهیر شەریف، کە حزبی شۆڕشگێڕی کوردییان دامەزراند، ڕێکخراوەیەک کە تەنیا ناوی هەبوو و چووە ڕیزی بەرەی نەتەوەییەوە.

دانانی ئەو پێنج وەزیرە لە ناوەڕاستی مارچی ١٩٧٤ و چەند ڕۆژێک پاش ئەوەی سەدام یەک لایەنە پێوەندییەکانی داخست، زمانی پێوەندییەکانی بەتەواوی ئاشکرا کرد، سەدام حوسێن چەند ڕۆژ دواتر ڕای گەیاند کە بارزانی جگە لەوەی ئالای سپی هەڵ بکات، چارەیەکی تری نییە[٢]» ناوەڕاستی مارسی ١٩٧٤ واتە چەند ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمیی کوردستان بەشێوەی یەک لایەنە لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە، شەڕی ڕاستەقینە لە ناوچەی زاخۆ لە نزیک سنووری تورکیا دەستی پێ کرد، وەکو ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٩ شەڕ سانسۆری تەواوی خرایە سەر. سەدام حوسێن لە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانی لە ٨ی ئاوریلدا وتی «ئێمە ڕادەگەیەنین کە هەنووکە هیچ چالاکییەکی سەربازی لە ئارادا نییە[٣]». لە کاتێکدا کە پێنج شەش مۆڵگەی سوپای عیراق لە ناوەڕاستی کوردستاندا بەتایبەت مۆڵگەکانی زاخۆ و ڕەواندز، کە بەتەواوی لە بنکە سەربازییەکانی کەرکوک و مووسڵ جیا بووبوونەوە، مابوونەوە. وەکو قۆناخەکانی ڕابوردوو فەرماندەکانی سوپای عیراق بانگەشەی زۆریان دەکرد و دەیانگوت کە لە ماوەی شەش مانگدا کۆتایی بەهەموو شتێک دێنن، بەخۆشحاڵییەوە دەیانگوت مانگی سێپتامبەر خواردنی نیوەڕۆمان لە ناوچەی گەڵاڵە دەخۆین، لە ٢٢ی ئەگۆستدا سوپا هێرشی دەست پێ کرد و ناوچەی ڕەواندز کە ئەو کات بەتەواوی چۆڵ و جگە لە چەند بنەماڵەیەکی کۆمۆنیستی سەر بە بەعس کەسی تێدا نەبوو، داگیر کرد[٤].»

١- بڕوانە عیسمەت شەریف وانلی پێشوو، ل ١٣٠ و ١٣١
٢- کۆچرا پێشوو، ٣٧٧
٣- هەمان ٣٧٧
٤- هەمان ٣٧٩

## جەماوەری کورد، شەڕی سێیەمی بەعس و پشتیوانی لە بارزانی

شەڕی کوردستان بەخێرایی چووە قۆناخێکەوە کە تەنانەت لە خراپترین قۆناخی شەڕە ڕابوردووەکانی بەعسدا بێ وێنە بوو. (بەپێچەوانەی بانگەشەی بەعسییەکان کەوا بارزانی لە گەلی کورد دابڕاوە، هەر لەو کاتە زۆربەی جەماوەری گەلی کورد، بەتایبەت قوتابیان، مامۆستایانی زانستگا، ئەندازیاران و پزیشکان و بەگشتی هەموو خوێندەوارانی شارە گەورەکانی عیراق وەکو بەغدا، کەرکووک، سلێمانی و مووسڵ چوونە پاڵ بارزانی و هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەک سەرۆک عەشیرەتێک دەڕواننە بارزانی، بە قارەمانێکی نەتەوەیی دەزانن[١]).

زانستگای سلێمانی لە بەهاری ١٩٧٤دا بە٤٢٥ کەس لە هەر ٦٠٠ قوتابی و هەموو مامۆستا و کادیری تەکنیکی و بەڕێوەبەرایەتییەکەیەوە، بەتەواوی چووە ڕیزی شۆڕشی کوردییەوە. ئەو کەسانە سەرەتا چوونە قەڵادزێ و پاشان چوونە دۆڵی چۆمان. هەموو قوتابیانی پەیمانگای دهۆک و مامۆستایان و هەروەها ٥٠ کەس لە قوتابیانی زانستگای هەولێریش چوونە ڕیزی پێشمەرگەکان[٢].»

«١٦٠٠ قوتابی و ٢٥٠ مامۆستای فێرگەی باڵا و ٢٥٠ ئەندازیار و ١١٠ پزیشک و نزیکەی ١٠٠٠ قوتابی، جگە لە قوتابیانی سلێمانی- چوونە ڕیزی شۆڕش[٣]. قوتابیانی زانستگا بەتایبەت قوتابیانی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوە، تا هەڵوەشانەوەی بزووتنەوەکە دەستیان لە خوێندن هەڵگرت و هاتنەوە بۆ کوردستان و چوونە ڕیزی هێزەکانی بارزانی، چوونی ئەو قوتابی و مامۆستایانە بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، بەڕادەیەک بوو کە داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتیی بزووتنەوە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیاندا تووشی گرفت بووبوو. هەموو ئەو کەسانەی کە لایەنگریی سیاسیی جیایان هەبوو ئێستا بەیەک هیوا و ئامانجەوە ڕێگەی شاخیان گرتبووە بەر؛ هاوکات لەگەڵ چوونە ناو ڕیزی پێشمەرگەوە بۆ بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد، هێرشی هەمەلایەنەی هێزەکانی حکوومەت بەمەبەستی شکاندنی گەمارۆی مۆڵگەی زاخۆ، کە بریتی بوون لە هەزار کەس لە ١٥ی ئاوریل دەستی پێ کرد، دەبابەکانی عیراق بەبێ بەربەست و لەمپەر چوونە پێشەوە، بەڵام لە ٢٥ی

١- گونیتەر دیشنەر، پێشوو، ل ٢٦٢

٢- کریس کۆچرا، پێشوو، ل ٣٨٠

٣- هەمان، ل ٣٨٠



ئاوریلی ١٩٧٤ گەیشتنە بەر شاخەکان و لە ١٥ کیلۆمەتریی زاخۆدا پێشمەرگەکان بەفەرماندەیی عیسا سوار، ڕێگەیان بەهێزەکانی حکوومەت گرت و هاوکات مۆڵگەی زاخۆیان هاوەن باران کرد، سەرەنجام پاش دوو حەوتوو شەڕی قورس، عیراقییەکان زاخۆیان گرت[١].

ڕژێمی عیراق لە هێرشە هەمەلایەنەکەی خۆیاندا هێزی ئاسمانیشیان بەکارهێنا و بەردەوام بنکەی هێزی کورد و بنکەی ژەنەراڵ بارزانی لە ناوپردان بۆمباران دەکرد. ڕۆژی ٢٧ ئاوریلی ١٩٧٤ فڕۆکەکانی عیراق شاری هەڵەبجەیان بۆمباران کرد، ئەو هێرشە بووە هۆی کوژرانی ٤٣ کەس، سێ ڕۆژ پێش ئەوەش شاری قەڵادزێ بۆمباران کرابوو[٢].

لە مانگی مەی و ژووئەنی ١٩٧٤دا فڕۆکەکانی عیراق درێژەیان بە بۆمبارانکردنی کوردستان دا و هاوکات سوپاش دەستی دایە (بەعەرەبکردنی) ناوچە ستراتیژیکە کوردنشینەکانی شنگار و کەرکووک و خانەقین، ئاواییە کوردنشینەکانی بەشۆڤڵ کاول کران و کۆمۆسیۆنی زەوی (تاپۆ)، زەویی جووتیارە کوردەکانی تاپۆ نەدەکرد و زەویی کشتوکاڵی کوردی دەدایە عەرەب. مانگی جولای هێزێکی زۆر لە هەموو ناوچەکانی عیراقەوە بانگ کران و سوپا فەرمانی هێرشکردنە سەر کوردستانی دەرکرد[٣].» ئەو هێزەی سوپای عیراق بۆ هێرش کۆی کردبووەوە بەراورد بەهێزە کوردییەکان لە ڕادەبەدەر و ترسێنەر بوو.

ئەو هێزانە بریتی بوون لە سەد دەبابەی تی ٥٤ و تی ٥٥ و تی ٦٢- لە شەڕی ڕەواندزدا ١١٥ دەبابە بەکارهێنران. چەندین لەشکر بەپشتیوانیی هێزی ئاسمانی لە شەڕەکەدا بەشدار بوون، لە بەرامبەر ئەو هێزە زەبەلاحەدا، هێزی کوردی یەکجار کەم و بێ هێز بوو[٤]».

هێزی بەرگریی کورد شکا و ١٩ی ئەگۆستی ١٩٧٤ سوپای عیراق شاری قەڵادزێی داگیر کرد. زۆری پێ نەچوو دەرکراوەکانیش چوونە ڕیزی هێزەکانی بارزانی، ئەوانە، ئەو بنەماڵانە بوون کە یەکێک لە ئەندامی بنەماڵەکەیان چووبوونە ڕیزی پێشمەرگەکانی

١- هەمان ل ٣٧٨

٢- هەمان، ل ٣٧٨

٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین پێشوو، ل ١٧٠

٤- گونیتەر دیشنەر، ل ٢٧٢ و ٢٧٣

بارزانییەوە، ژمارەی ئەو ڕاونراوانە لەو پەنابەرانە کەمتر بوون کە لە هێرشەکانی سوپادا لە مانگەکانی ئەگۆست و جولای هەڵهاتبوون، یان بەهۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنەوە لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە دەرکرابوون. شالاوی پەنابەران گرفتێکی زۆری بۆ ڕێبەرانی کورد هێنایە ئاراوە کە چارەسەریان زۆر دژوار بوو، توانای بزووتنەوە تەنیا بەقەد پێداویستییە سەرەکییەکانی پێشمەرگە و داوودەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکان بوو.

«بەو پێیە ژەنەراڵ بارزانی لە کۆتایی مانگی ئاوریلی ١٩٧٤دا ناچار بوو داوا لە شای ئێران بکات ژمارەیەک لە پەنابەران لە خاکی ئێراندا جێ بکاتەوە. لە کۆتایی مانگی سێپتامبەردا دەوروبەری ١٠٠٠ پەنابەری کورد لە سەربازگەی پەنابەران لە ئێران نیشتەجێ کران و هەندێ لە باری قورسی دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی کوردستانی کەم کردەوە[١]. بەڵام شا، وەکو بارمتە دەیڕوانییە ئەو پەنابەرانە.»

ئەگەرچی سەدام لە سەرەتای هێرشەکانی وەرزی بەهاردا بەڵێنی بەفەرماندەکانی سوپای عیراق- دابوو کە لە ١٥ی سێپتامبەردا خواردنی نیوەڕۆ لە گەڵاڵە بخوات و بڕیارەکەی بۆ نەچووە سەر، بەڵام شەڕەکە یەکجارماڵوێرانکەر بوو و بەتەواوی ورەی ڕووخاند بوو و لەگەڵ ئەوەشدا هەستی تۆڵەسەندنەوەی کوردی هەڵگیرساندبوو، پێشمەرگە هەندێ شوێنیان جێ هێشتبوو، لە ماوەی شەش مانگدا ئەو ناوچەیان دایە دەستی دوژمن کە لە ساڵی ١٩٦١ەوە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتدا نەبوو، ماوەیەکی زۆر پێش بەفر بارین، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کورد بەرتەسک بووبووەوە و ڕووبەرێکی باریکی دەگرتەوە کە پاڵی بە سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە دەدا، تۆپخانە لەوێوە زۆر دوور بوو و بەمووشەکی زەوینی ئاسمانیی ئێران پشتیوانییان لێ دەکرا[٢]. گرینگترین بەربەستی هێزەکانی سوپای بارزانی لە ناوپردان و گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران، قەڵا بەرزەکانی زۆزک (٢٢٠٠ مەتر) و هەندرێن (٢٨٧٥) بوون کە دووەمیان لەسەر جادەی بەناوبانگی هامیلتۆن بوو و ڕێگایەکی سەرەکی و ستراتیژیی بەئێرانەوە گرێ دەدا کە بنکەی بارزانی و شوێنی سوپای بزووتنەوەی کورد لەسەر ئەو ڕێگایە بوون. شاخی هەندرێن لە ساڵی ١٩٦٦دا گەورەترین شەڕی مێژوویی کوردستانی بەخۆوە بینی. ئەو بەرزاییانە بەرەی شەڕ و پێکدادانی نێوان هێزەکانی سوپای عیراق و بارزانییەکان بوو کە لە نەبوونی ئیدریس بارزانیدا ئەرکی فەرماندەیی کردنی ئەو هێزانە خرابووە ئەستۆی مەسعوود

١- هەمان، ل ٢٨١

٢- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ١٨٨



بارزانی، وێڕای خۆڕاگری و کۆششی لە ڕادەبەدەری هێزەکانی بارزانی، سەرەنجام پاش چەند ڕۆژ سوپای عیراق بەسەر کورددا زاڵ بوو و ١٣ی ئوکتۆبەری ١٩٧٤ زۆزک داگیر کرا.

هەڵبەت هەموو کوردستان تەنیا چۆمان و ناوپردان نەبوو؛ بەڵام لە ڕاستیدا بۆ کورد کۆتایی هەموو شتێک بوو[١]. پاش داگیر کرانی زۆزک لەلایەن سوپای عیراقەوە لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤دا (کوردستانی ئازاد تووشی تەنگژەی گەورە بوو و ڕێبەرانی کورد ژەنەراڵ بارزانی، ئیدریس و مەسعوود بارزانی و عەبدولوەهاب ئەترووشی بەرپرسی مەکتەبی سەربازی، هاتنە سەر ئەوەی داوا لە ئێران بکەن بۆ بەرگریکردن لە هەڵوەشانەوەی بەرەی شەڕی ڕەواندز دەست بخاتە ناو کاروبارەکەوە. ئێرانییەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو تۆپخانەیان بۆ پشتیوانی بەرە نارد، هاوکاتی پشتیوانی تۆپە ١٧٥ میلیمترییەکان لەناو خاکی ئێرانەوە، چەند یەکەیەکی تۆپخانەش نێردرانە خاکی کوردستان.» یەکەکان لەوێ دامەزرێندران: تا دوایین حەوتووی مانگی فێڤرییەی ١٩٧٥ یەکەیەکی تۆپخانەی ئێران لە نزیک بنکەی ئیدریس بارزانی لە ناوچەی قەسرێ دامەزرا بوو. دوو ئاگرهاوێژی تریش لە دەربەند وەکو هێزی زەخیرە لە ژێر پەنجەرەکانی ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەدا جێگیر بووبوون[٢].

سەرەتا هێزە ئێرانییەکان لە کوردستانەوە بەباشی دەرنەکەوتن، نیشانەگرتنیان باش نەبوو و سەربازە ئێرانییەکان لە فڕۆکەکانی عیراق دەترسان، بەتایبەت پاش ئەوەی کە چەند کەسێکیان بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانەوە کوژران ورەیان شکا. بەڵام پاشتر هاتنەوە سەرخۆ و زۆر چالاکانە شەڕیان کرد. ئێرانییەکان بەمووشەکی زەوینی ئاسمانی پەدافەندی دژەئاسمانی، کوردیان بەهێز کردبوو و لە کۆتایی فێڤرییەی ١٩٧٤یشدا چەکی دژەدەبابە کە لە دوور و بەکێبڵ کۆنترۆڵ دەکران نێردرانە کوردستان.

«سەرەنجام فەرماندەکانی سوپای عیراق ناچاربوون پێمل بن بڵێن شەڕی کوردستان درێژەی دەبێت و ئەرکانی عیراق بەخێرایی و لە هەلومەرجێکی تەنگەتاویدا ١٥٠٠٠٠ دەس جلوبەرگی زستانەی سەربازی لە هیندستان داوا کرد[٣]».

١- کۆچرا پێشوو، ل ٣٨٣

٢- هەمان، ل ٣٩٤ و ٣٩٣

٣- هەمان، ل ٣٩٤

ئەگەرچی یارمەتیی ئێرانییەکان ئەگەری شکاندنی هێرشی بۆ کورد ڕەخساند؛ بەڵام یارمەتییەکان کۆنترۆڵکراو و سنووردار بوون. دیارە بۆ کۆنترۆڵی ڕێبەرانی کورد بووە. هەڵبەت ئەو کۆنترۆڵکردنەش زۆر بەئاسانی ئەنجام دەدرا، چونکە (لە ڕاستیدا کورد بەڕادەیەک پێویستی بە شا بوو کە دەوڵەتی ئێران تەنانەت خواردەمەنی و جگەرەی ئەمریکایی پێشمەرگەکانیشی دابین دەکرد، بەشێوەیەک کە کورد دەستیان لە کشتوکاڵ هەڵگرتبوو[1]).

ئەو بانگەشەیە لەوانەیە هەندێک گەورە کرابێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بارودۆخی کوردستان وای لێ هاتبوو ڕێگە نەمابوو خەڵکی بمێننەوە و خەریکی کاروباری ڕۆژانە و کشتوکاڵ و... بن. بەو پێیە لە ڕووی ناچارییەوە بارزانی و کورد چارەی خۆیان بە(شا)وە گرێ دابوو و ئەمەش تاکە هەڵبژاردنی بەرامبەر پاڵەپەستۆی قورس و پاڵەپەستۆی ماڵوێرانکەری بەعس بوو کە هەوڵی نابووتکردنی یەکجارەکی کوردیان دەدا.

بەردەوامبوونی ئەو ڕەوتە لە درێژخایەندا ئەنجامی کارەساتباری بەدواوە بوو، چونکە شا، نەیدەتوانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیع و چاونووقاندن لەوەی کە مانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی عیراق کار دەکاتە سەر کوردی ئێران، پشتیوانی کردنی بارزانی وەکو ستراتیژییەک بۆ خۆی هەڵبژێرێت. بگرە مەبەستی ئەوە بوو کە بەهۆی یارمەتیی مادی و سوپایی سنوورداری بارزانییەوە، بزووتنەوەکە لە ناو پەیکەرەی سیاسیی پێوەندی عیراقدا بهێڵێتەوە و دراوسێی بێ متمانە و بەهێزی خۆی بەو جۆرە کۆنترۆڵ و لاواز بکات.

### جێبەجێ کردنی ناڕاستەقینەی ئۆتۆنۆمی- نواندنێکی سیمبوولیک

دەوڵەتی عیراق لە دوایین حەوتووەکانی هێرشی پایزی سوپای عیراقدا، داوودەزگای ئۆتۆنۆمیی دامەزراند، ٢٤ سیپتامبەری ١٩٧٤ هاشم ئاکرەیی کرایە سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی. ئەندامانی تری ئەنجوومەن دیاری نەکرا بوون، ٥ی ئەکتۆبەری ١٩٧٤ لە ڕێوڕەسمێکدا یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی ناوچەیی بەڕێوە برا. دەوڵەت هەوڵی دابوو لەو ڕێگایە و بەکەڵک وەرگرتن لە پڕوپاگەندەی بەربڵاو و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ، شەڕێکی ڕۆحی دژی کورد، کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا جێگیر بووبوون دروست بکات، هەر بۆیە نزیکەی سەد ڕۆژنامەوانی لاوەکیی بانگ کردبووە عیراق، ڕۆژنامەوانە

١- جاناتان ڕندل پێشوو، ل ١٨٨



لاوەکییەکان ڕایان گەیاند کە وێڕای ئەو دروشمانەی لە ستایش و پێداهەڵدانی سەدام و حەسەن ئەلبەکری سەرۆک کۆماردا بەدەرگا و دیوارەکانەوە نووسرا بوون و هەروەها دروشمی دژی ئێران و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بەزۆری بەرچاو دەکەوت، جەماوەری خەڵکی یەکجار بەرامبەر دەوڵەت بێ متمانە بوون و نەچوونە ناو کۆڕ و کۆبوونەوە و جێژنەکانی سەرکەوتن.

کورد لەوە تێ گەیشتبوون کە دیاریکەری چارەنووسی ئەوان ئەو شەڕەیە لە شاخەکانی کوردستاندا بەردەوامە، نەک ڕێوڕەسمی خۆپێشاندان و فۆرمالیتەی هەولێر. بۆیەش لە هەموو کوردستاندا جەماوەری خەڵکی وێڕای ئەوەی دەنگی ڕادیۆکان تێکەڵ دەبوون و بەئاسانی نەدەبیسران هەوڵیان دەدا گوێ بگرن.

### ئەندامانی دەوڵەتی کوردستان

ڕێبەرانی کورد بەبێ دەنگی دەوڵەتێکیان دامەزراند کە بریتی بوو لە نۆ وەزارەتخانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەودەمەی کوردستان. لە وتاری ڕۆژنامەوانە لاوەکییەکاندا ئەو وەزارەتخانانە بەئیدارە ناودەبران و بەڕێوەبەرەکانیشیان «بەڕێوەبەر» بوون، بەڵام کورد لەناو خۆیاندا و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دامەزراوانەدا وەزیر و وەزارەتیان بەکار دەهێنا[1].

بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەتی کورد خرایە ئەستۆی (سامی – محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان) کە وەزیری کاروباری دەوڵەتی کوردیش بوو. وەزیرانی تر بریتی بوون لە دوکتۆر مەحموود عوسمان، وەزیری تەندروستی و کاروباری دەرەوەشی ئەنجام دەدا، عەلی عەبدوڵڵا (وەزیری دارایی) دارا تۆفیق (وەزیری پەروەردە و فێرکردن) ساڵح یوسفی (وەزیری داد) نووری شاوەیس (وەزیری کاروباری گشتی)، موحسین دزەیی (وەزیری ناوخۆ) و سدیق ئەمین (وەزیری کاروباری پەنابەران). وەزارەتی بەرگری بەهۆی دۆخی تایبەت و ناسکییەوە نەدرایە دەستی تاکە کەسێک، بگرە لەلایەن مەکتەبی سەربازییەوە بەڕێوە دەبرا کە لەلایەن عەبدولوەهاب ئەترووشییەوە سەرۆکایەتی دەکرا و هەروەها ئیدریس بارزانیش بەڕێوەبردنی دەزگای ئیداریی کوردی بەدەستەوە بوو. لە دوایین ڕۆژە خۆشەکانی کوردستاندا ئەو ناوچەیە بەتەواوی سەرنجی بینەرانی ڕادەکێشا، وەزارتخانەکانی کوردستان لە سەرانسەری جادەی هامیلتۆن و لە حاجی ئۆمەرانەوە تا

١- هەمان، ل ٣٨٤

ناوپردان یەک لە دوای یەک دامەزرابوون[١]).

شارۆچکەی حاجی ئۆمەران کە دوایین ئاوایی کوردستانی عیراق و لەسەر سنووری ئێران هەڵکەوتبوو، «بووبووە پایتەختی کوردستان: ڕێبەرانی ئاستی باڵای کورد لەو ناوچەیەدا دادەنیشتن، ئەو ناوچەیە پڕبوو لە خانووی بەکەرەستە و پێداویستی کەمەوە و دووکان و بازاڕەکان شتومەکی ئێرانییان تێدا دەفرۆشرا.»

ژەنەراڵ بارزانی بنەماڵەکەی خۆی، واتە ئافرەت و منداڵە بچووکەکانی ناردبووە ئێران و خۆی لەو بەرزاییانەدا دەژیا کە بەسەر ناوچە و شارۆچکەی حاجی ئۆمەراندا دەیڕوانی، هۆی هەڵبژاردنی ئەو شوێنەش، شاخاوی بوونی ناوچەکە و پارێزدارێتی بەرامبەر هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی هێزی ئاسمانیی عیراق بوو، بنکەی ئیدریس و مەسعوود بارزانیش چەند سەد مەتر لە خوارترەوە کرابووەوە. بینای ئەو بنکانە کە «ناوەندی گەشت و گوزار» ی عیراق لە ئاگربەستەکەی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٤دا دروستی کردبوون. لە نزیک ئەو بنکە پشوودانی پێشمەرگە بوو و لەلایەن پەدافەندی دژە فڕۆکەوە دەپارێزرا و تێلدووڕی بەدەوردا کێشرا بوو[٢]».

لەو نزیکانە و لە ناو دۆڵەکەدا، خێوەتی وەزارەتی زانیاری و فێرکردن هەڵدرا بوو کە چالاکترین و ڕێکوپێکترین دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی کوردستان بوو، ئەو دەزگایە کە بووبووە شوێن داڵدەی ئەو قوتابیانەی کە چووبوونە ڕیزی بزووتنەوە، لە دۆخێکی مینای پشوودانی هاوین، چالاکانە کاری دەکرد لە کاتێکدا توانای وەزارەتەکە یەکجار کەم بوو.

وەزیری پەروەردە ڕۆژنامەوانێکی بەپێشینە و لێهاتوو بوو. ساڵانێکی زۆر سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التآخي) بوو؛ ئەمەش یەکەمجار بوو کە بزووتنەوەکەی ژەنەراڵ بارزانی بووبووە خاوەنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی چالاک و لێهاتوو.

نووسینگەی سەرۆک وەزیران چەند کیلۆمەترێک لەو شوێنانە دوورتر بوو. نووسینگەی سەرۆک وەزیران چەند بینایەکی بەقوڕ دروستکراوی کووڕ بوون کە لە هەورازێکدا کرا بوونەوە و نووسینگەی کاری وەزیرانی دارایی و دادیش لە دەوروبەری دەربەند ساز کرا بوون. لە داوێنی حاجی ئۆمەرانیشدا و لە چواڕیانی نزیک گەڵاڵەوە، مەکتەبی سیاسیی و سەربازی دامەزرا بوون کە بەردەوام لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە هێرشیان دەکرایە سەر.

---

١- هەمان، ل ٣٨٥

٢- هەمان ل ٣٨٥



بەڵام دۆڵی چۆمان و ڕێگەی حاجی ئۆمەران تا ناوپردان لە ڕاستیدا شانزالیزەی کوردستان بوو. ئەو ناوچە کەم بەرتەسکە لە ناوچەکانی تری کوردستان نەدەچوو، لە ناوچەکانی تری کوردستاندا بارودۆخ بەرەو خراپی دەچوو (بەتایبەت لە ناوچەی بادینان و لە پاییزی ساڵی ١٩٧٤دا بارودۆخ زۆر خراپ بوو). ئەو ناوچەیە کە زاخۆ تا بارزان دەگرێتەوە، لە مانگی ئەگۆستەوە لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە کەوتبووە ژێر گەمارۆی ئابووری: لە باشوورەوە عیراق ڕێگای نەدەدا خواردەمەنی بچێتە ناوچەی باکور و لە باکوریشەوە سوپای تورکیا سنوورەکانی داخستبوو و شەوانەش لەبەر قاچاخ (پڕۆژۆکتۆر) شوێنەکانی ڕووناک دەکران (بۆ ئەوەی هەموو هاتن و چوونەکان کۆنترۆڵ بکات[١]).

تەنیا ڕێگایەک کە دۆڵی چۆمانی لە ڕێگەی مێرگەسوورەوە بەبارزان دەبەستەوە لە ژێر ئاگری تۆپخانەی عیراقدا بوو و بەکەڵکی هاتوچوو نەدەهات. کۆتایی مانگی سێپتامبەری ١٩٧٤ بارودۆخێکی کارەساتبار ڕووی لە ناوچەکە کرد، نرخی خواردەمەنی لە ڕادەبەدەر سەرکەوت: شەکر، چای، برنج و ئارد لە هیچ جێگایەک دەست نەدەکەوت. نرخی نەوت هەشت و نرخی بەنزین شەش بەرانبەر بەرز بووبووەوە[٢].»

نوێنەرانی حکوومەتی کوردی لە بادینان هیچ توانا و کەرەستەیەکیان نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە. ڕێگاکان بەهۆی نەبوونی بەنزین و مەترسیی هێرشی ئاسمانییەوە چۆڵ بوون و قاتوقڕی و برسێتی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا گرتبوو. چەند حەوتوو پاشتر، لە نیوەی دووەمی مانگی نۆڤەمبەردا یەکەم بەفری زستان باری و ڕێگەی بادینان چۆمان، گیرا. ئاخۆ چارەنووسی ئەو چەند دە هەزار پەنابەرە کە زۆربەیان لەو زستانە ساردەی ١٩٧٤-١٩٧٥ی کوردستاندا لە ژێر ئاسماندا دەژیان چ بوو؟ بارودۆخەکە بەشێوەیەک بوو ساڵێک دواتر بارزانی ناچار بوو بۆ بەرگری لە مەرگی حەتمیی خۆی، جەماوەری ناوچەکە بەجێ بهێڵێت، لە ڕاستیدا دۆخێکی یەکجار دڵتەزێن و نالەبار بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو.

لێکدانەوەی گرفتە بنەمایی و ناوەکییەکانی بزووتنەوە و ئەگەری پێشبینی کردنی داهاتوو سانا نەبوو. بەڵام نەک بەو مانای کە بزووتنەوەکە ڕەخنەی لەسەر نەبوو. یەکەم ڕەخنە لەسەر بزووتنەوە ئەوە بوو بارزانی لەو کاتەدا هەواڵی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی پێ

---

١- هەمان، ل ٣٨٧

٢- هەمان، ل ٣٨٨

نەدەگەیشت. ئەو شوێن و کەسانەی بەهۆی ئەوانەوە لە بارودۆخەکە ئاگادار دەکرایەوە زۆر کەم بوون، ئیدریس و مەسعوود بارزانی هەموو کاتیان بۆ پاراستن و دابینکردنی هێمنایەتی تەرخان بوو، سامی زۆربەی کات لە سەفەری دەرەوەی وڵات بوو، دوکتۆر مەحموود عوسمان کاتی خۆی بەسەر کاروباری پزیشکی و مەکتەبی سیاسیدا بەش کردبوو و ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیش زۆر بەکەمی چاویان بەبارزانی دەکەوت. ئەو دەم پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لەوەی حزبێکی سیاسی بێت، بووبووە دەزگایەکی بەڕێوەبەرایەتی کە وەک هەر دەزگایەکی تری بەڕێوەبەرایەتی خەریکی جێبەجێ کردنی کاروباری خۆی بوو: حزب دەبوو ئەو بڕیارانەی لە سەرەوە دەردەچوون جێبەجێی بکات... ڕێکخراوەی قوتابییان و ڕێکخراوەی لاوانی کوردیش بووبوونە ڕێکخراوەگەلێکی ڕواڵەتی.

پێوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ ئێران تا سێپتامبەری ١٩٧٤ بەتەواوی بەشێوەیەکی نهێنی لە ئارادا بوو و پاشان لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ەوە ئاشکرا بوو و هەروەها دەستێوەردانی سوپای ئێران لە کوردستان بێ گومان بووبووە هۆی ئەوەی شێوازێکی تاکڕەوانە بەسەر شۆڕشەکەدا زاڵ ببێت کە لە هەندێ لاوە ڕەخنەی لێ گیراوە و ئەو بابەتە وەکو شێرپەنجە لە ناوەوە بزووتنەوەکەی بەرەو نابووتی دەبرد. هۆکارێکی گرفتسازی تری ناو شۆڕش ئەوە بوو ڕێگا بەخوێندەوارەکان نەدەدرا بەشێوەیەکی کارا چالاکی بکەن و کەڵک لە توانایی لاو وەرنەدەگیرا: ئەمە قسە بوو بەردەوام لە زاری کادیر و قوتابی و لاوەکانەوە دەبیسرا. لەباتی ئەوەی قوتابی بنێردرێنە ناو هێزی چەکداری شۆڕش و لە بەشی پێوەندیی و تۆپخانە و بوارە داواکراوەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن، یان دەنێردرانە ئۆردووگا هاوینییەکان، یان لە نووسینگەکاندا کارێکیان پێ دەسپێردرا، بەم پێیە لەو دەرفەتەی کە بۆ کەڵک وەرگرتن لە زانیاری و توانایی قوتابییان دەست کەوتبوو بۆ ئەوەی لە پێناوی ئامانجەکانیاندا خزمەت بکەن بەباشی کەڵک وەرنەگیردرا. چارەنووسی ئەو ئەفسەرە کوردانەش کە لە سوپای عیراق هەڵهاتبوون و لە پێناوی خزمەتکردن بەشۆڕشدا دەستیان لە کاروباری دەوڵەتی هەڵگرتبوو، وەک قوتابییان بوو و هیچ کام لەوانە لە (نووسینگەی سەربازی) و لە ئاستێکی بەرزدا کاریان پێ نەسپێردرابوو.

فەرماندەکانی ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەرامبەر سوپای پێشکەوتووی عیراق و باشترین لەشکر و سوپای عیراق کە لەلایەن موستەشارە بیانییەکانەوە یارمەتی دەدران درابووە دەستی کەسانێک لە ١٣ ساڵ لەوەوبەر بۆ شەڕی پارتیزانی هەڵبژێردرابوون؛



ئەسعەد خۆشەوی (لە بادینان)، عەلی خەلیل (دهۆک) عەبدوڵڵا پشدەری (باڵەک).

بێ گومان لە نێوان ئەو کەسانەی پاش ١٩٧٤ هاتبوونە ڕیزی شۆڕشەوە، کەسانی هەلپەرستیش هەبوون کە دۆستانی نزیکی بارزانی هەوڵیان دەدا ڕێگەیان پێ نەدەن شوێن و پلەی هەستیار بگرنە دەست و زۆر ئاسایی بوو کە تێ بکۆشن پلەوپایەی خۆیان لە بەرامبەریاندا کە بەزۆریش خوێندەوار بوون، بپارێزن. وەکی تر ئەو کردانە ڕەنگە هەوڵدانێک بووبێت بۆ بەرگری لە دەسەڵاتگرتنە دەستی ئەوانەی تا هەنووکە وەفادارییان بۆ بزووتنەوە ئاشکرا نەبووە.

# پاژی حەوتەم

# پەیماننامەی جەزایر و بزووتنەوەی بارزانییەکان

پێوەندییەکی بەراوەژوو لە نێوان ڕادەی نزیکی پێوەندییەکانی ئێران و عیراق و بەرژەوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هەبوو؛ واتە چەندە پێوەندیی ئێران و عیراق بەرەو گرژی دەچوو ڕێبەرانی کورد زیاتر خۆشحاڵ دەبوون، کاتێک قسە لەسەر نزیکبوونەوەی دوو لایەن دەکرا خەم دای دەگرتن. بەرەچاوکردنی پێوەندیی شای ئێران و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد و بڕوا بەوەی ئێران هەوڵی زۆری بۆ پشتیوانی و بەهێزکردنی بزووتنەوەکە دەدا و ڕقوکینەی شا لە ئیمزا کرانی ڕێککەوتننامەی ١١ی مارچی ١٩٧٠، ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد هەرگیز بڕوایان نەدەکرد ڕۆژێک شای ئێران لەگەڵ حکوومەتی عیراق ڕێک بکەوێت و بەبەرچاوی ئەوان و لەوپەڕی حەیرەتی ئەواندا، سەدام بگرێتە باوەش. کورد پێشتر بووبوونە قوربانیی ئاشتبوونەوەی سۆڤیەت و عیراق، ئەزموونی تاڵی شکستیان کە ئاکامی پشتگیریی سۆڤیەت لە سوپای عیراق بوو لە بیر نەکردبوو. تاقە دیاریکەری چۆنییەتی لە پێوەندیی نێوان دوو وڵاتدا بەرژەوەندی نەتەوەییە، نەک بەڵێنێک، کە زۆربەی کات نەدەکرایە نووسینیش. بۆ دروستکردنەوەی پێوەندیی دیپلۆماتیکی لە نێوان ئێران و عیراقدا، سەرلەبەیانیی پاش هێرشەکەی مانگی ڕەمەزان، وەزیرانی کاروباری دەرەوەی ئێران و عیراق چەندجار لە ئەستەمبووڵ دیداریان کرد. لە هەمان کاتیشدا لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا یەکتریان دەبینی، ئەگەرچی ئەو دیدارانە ئەنجامێکی نەبوو، بەڵام ئەو پێوەندی و دیدارانە بووبوونە نیگەرانیی بەرەی کوردی.

ئەکتۆبەری ١٩٧٤ ئەمیر عەبباس هوەیدا (سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی ئێران) لە وتووێژێکی درێژخایەنی تایبەت بەکێشەی کورد، هەڵوێستێکی نواند، زیاتر نیشاندەری پاشگەزبوونەوە بوو و بەزۆری جەختی لەسەر سوننەت و داوونەریتی مرۆڤدۆستانەی ئێران دەکرد، کە دەڵێ ئێران نەیدەتوانی دەرگای ماڵی خۆی لەو کەسانەی لەبەر ترس و برسێتی و بۆمباران ڕایان کردووە و پەنایان بردووەتە ئەوێ، دابخات[١]».

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٤٠٠



کۆتایی دێسامبەر شای ئێران لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی (السیاسة)ی کوێتیدا، ڕای گەیاند: ئەو هەرگیز کورد بۆ داوای سەربەخۆیی هان نادات، ئەوانە تەنیا داوای ئۆتۆنۆمییەکی بچووک و سنووردار دەکەن لە چوارچێوەی وڵاتی عیراقدا نەک لە دەرەوەی ئەو وڵاتە[١]». بێ گومان دژایەتیی ئاشکرای شا بەرامبەر ئۆتۆنۆمیی تەواوی کوردستان و پێکهاتنی وڵاتێکی کوردی وەک بەشێک لە کۆماری فیدراڵی عیراق، دەبوو گومانی بارزانی و هاوڕێکانیی بەرامبەر (شا) زیاتر بکردایە. وێڕای ئەوەش ئەو پرسیارە دێتە زەینەوە کە بۆ بارزانی پاش ئەو هەڵوێستەی (شا) کۆتایی بەپێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران نەهێنا؟ وا دیارە هۆی ئەو بابەتە گەرەنتی و بەڵێنەکانی ئەمریکا بوو و بارزانیش شای بەنێوانجییەک دەزانی کە دەیتوانی لە نێوان کورد و ئەمریکادا پێوەندییەکی باش دروست بکات (٢٠ی فێڤریەی ١٩٧٥ باڵوێزی میسر لە بەیرووت نوێنەری بارزانیی ئاگادار کردەوە کە سەرۆک کۆمار سادات دەیەوێ لەگەڵ نوێنەری بارزانی دیدار بکات. چل و هەشت سەعات پاش ئەو هەواڵە (سامی) لە کوردستانەوە بۆ ئێران و لەوێشەوە چووە قاهیرە و لەگەڵ ئەنوەر سادات و هەیکەل کۆبووەوە.

لەو دیدارەدا سادات ڕوونی کردەوە کە، لە جەزائیر، لە نێوان ئێران و عیراق ڕێککەوتنێک دروست دەبێت و پێوەندیی بەکوردەوە دەبێت؛ سادات وتبووی شای ئێران داکۆکی لە کورد دەکات[٢]». سامی لە وتووێژەکەی لەگەڵ هەیکەلدا شێلگیرانە ڕای گەیاند: ڕێککەوتنی نێوان شا و سەدام هەرچی بێت، ئەگەر پێویست بکات ئێمە چەند ساڵی تریش درێژە بەخەبات دەدەین و تەسلیم نابین[٣]».

بەهۆی نەهێنی بوونی پێوەندیی سەرەتا، بەئاسانی نەدەزانرا کام بەرپرسی وڵاتانی ناوچە هەوڵی پێکهاتنی ئەو پەیمانەیان داوە. گرینگایەتیی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوان ئێران و عیراق لە دیدی وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکەوە بەو هۆیەوە بوو کە لەو کاتەدا ئەوان بەشەڕی ئیسرائیلەوە خەریک بوون و عەرەب نەیاندەویست بەهۆی پشتیوانیی ئێران بەرەی شەڕێکی تر لە کوردستاندا بکرێتەوە، چونکە عیراق بەشێک بوو لە هێزی شەڕکەری وڵاتە عەرەبییەکان دژی ئیسرائیل. پڕۆژەکەی هەواری بوومدیەن لەمەڕ

١- وتووێژی هەیکەل لەگەڵ سامی- بڵاوکراوە لە (النور)دا، بیرووت سێپتامبەری ١٩٧٥
٢- کۆچرا، پێشوو، ل ٤٠٠
٣- وتووێژی هەیکەل لەگەڵ سامی- النور- بیرووت ١٩٧٥

کۆتایی هێنان بەناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی (ئێران و عیراق) پرۆژەیەکی بەربلاوتر بوو، لە ئاستی ستراتیژیک و جوگرافیادا، بوومدیەن هەوڵی دەدا بەهەر شێوە ڕادەی دەسەڵاتی ئەمریکا و سۆڤیەت لە ناوچەی کەنداوی فارس و دەریای ناوەڕاستدا کەم بکاتەوە، بۆیە گەرەک بوو کۆتایی بەشەڕی کوردستان بهێنرێت، بوومدیەن دەیویست وڵاتی عیراق بگەڕێنێتەوە نێو ڕێکخراوەی (ئۆپێک) و ڕێکخراوەکە بە سێکوچکەی جەزایر، ئێران و عیراق بەهێز بکات. (یەکەم دیدارەکانی کۆنفرانسی ناوبراو لە شاری (ربات) و لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ ئەنجام درا. جەزایرییەکان، کاتێ یەکەم هەنگاویان لەو کارەدا هەڵگرتبوو لە سەدامیان پرسی: «ئایا ئامادەیە لەگەڵ شای ئێران لەسەر یەک مێزدا وتووێژ بکات». بوومدیەن دوای ئەوەی وەڵامی ئەرێی لە جێگری سەرۆک کۆماری عیراق وەرگرتەوە درێژەی بەهەوڵەکانی خۆی دا[1]».

لە ژانیەڤەری ١٩٧٥ شای ئێران بۆ دیدارێکی ڕەسمیی سێ ڕۆژە چووە (عەمان) و ٨ی فێڤرییە چووە قاهیرە و لەوێ بەگەرمی پێشوازیی لێ کرا. بەتایبەت کە پێش چوون بۆ میسر، بڕیاری دابوو بڕی یەک میلیار دۆلار بداتە ئەو وڵاتە[2].

ڕەوتی سەرکەوتووانەی پێکهێنانی ئاشتی هێندە خێرا بوو ئەگەری بۆ سادات ڕەخساند، کەوا پێش بەڕێوەچوونی کۆنفرانس، ڕێبەرانی کورد لە ئاشتی و ڕێککەوتنی داهاتوو ئاگادار بکاتەوە.

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٤٠١

٢- هەمان، ل ٤٠١



## ئا: کۆنفرانسی کاربەدەستانی ئۆپێک و ڕێککەوتنی شەشەمی مارسی ١٩٧٥

کۆبوونەوەی کاربەدەستانی ئۆپێک لە ٤ی مارچی ١٩٧٥ لە پایتەختی وڵاتی جەزائیر ئەو دەرفەتەی دایە دەستی بوومدیەن کە سەدام حوسێن و شا پێکەوە کۆ بکاتەوە. هەموو شەوێک پاش دانیشتنەکەی ئۆپێک شا و (سەدام) دادەنیشتن و تا سەرلەبەیانی بەشێوەیەکی تایبەت پێکەوە دەدوان. بوومدیەن، سەدام حوسێنی بەپیاوێکی یەکجار واقیعبین زانی، کە دەزانێ شەڕی کوردستان زیانی مادی لە عیراق دەدات و ئەگەر ئەو برە پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەدانی عیراق خەرج بکات «بەخێرایی دەتوانێ هەموو کەموکوڕییەکان پڕ بکاتەوە[1]». ڕاستی تاڵ بوو: چارەنووسی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەک لە کوردستان و لە شاخی بەرز کە شوێن داڵدەی پێشمەرگە و مەیدانەکانی شەڕ بوون، بگرە لە پشتی مێزی وتووێژ و لە جەزائیردا دیاری دەکرا. شا باش دەیزانی پشتیوانی لە کورد گەمە بەئاگرکردنە: چونکە نزیکەی ٥ میلیۆن کورد بەبێ هیچ مافێک لە ئێران دەژین و تەنیا بەئێرانییەکی باش دەژمێردران. ئەو خەڵکە لە قوتابخانە و فێربوونی زمانی دایکیی خۆیان بێ بەری بوون و بڵاوکردنەوەی هەر بڵاوۆکێک بەزمانی کوردی قەدەغە بوو، نەتەوەخوازە کوردەکان بەتوندی ئازار دەدران. شا بەیارمەتیدانی بزووتنەوەی بارزانی و کردنەوەی سنووری نێوان کوردستانی عیراق و ئێران دەستی دابووە کارێک کە ئەنجام و بەدواداهاتی نادیار بوو.

هەر مانگ هەزاران پێشمەرگە لە پشووی دوو سێ ڕۆژەیاندا بۆ بینینی ماڵ و منداڵیان دەهاتنە ئێران، ئەو هاتوچووانەش بێ گومان کاری دەکردە سەر هەست و بیرکردنەوەی کوردی ئێران و هەستی ناسیونالیستیی دەبزواندن.

دوای وتووێژێکی شەوانەی درێژخایەنی تر، بوومدیەن ڕای گەیاند «ڕێککەوتنێکی بەربلاو بۆ کۆتایی هێنانی ناکۆکیی نێوان دوو لایەن پەسەند کرا»، شا و سەدام لە بەرچاوی کاربەدەستە سەرسوڕماوەکانی وڵاتان بەشێوەی باوی ڕۆژهەڵات، یەکتریان گرتە باوەش[2]». ئێستا ئەو کاتەی سەرۆک کۆمار عەبدولناسر شای ئێرانی بە(تاقانە موسوڵمانی ئازیز و خۆشەویستی ئیسرائیل دەزانی[3])، تێ پەڕیبوو.

١- هەمان ٤٠٣

٢- هەمان، ل ٤٠٣

٣- کامل ابوجابر، حزبی سوسیالیستی عەرەبی، ل ٢١

ڕێککەوتننامەی جەزایر بەشێوەی ڕەسمی ٤ مادەی گرتە خۆ کە بریتی بوون لەم بەندانەی خوارەوە:

«- دیاریکردنی سنووری زەوینیی ئێران و عیراق، بەپێی پەیماننامەکانی ساڵی ١٩١٣ی قوستەنتینییە و بڕیارەکانی ساڵی ١٩١٤.

- دیاریکردنی سنوورە ئاوییەکان بەپێی هێڵی ناوەڕاستی ڕووبار.

- چاودێریکردنی سنوورەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ بەرگری لە هاتوچۆی تێکدەران.

ئەو خاڵانە، دیاریکراو و هەمەگیرن و لادانیان بەرەو مەترسی کردنەوەی جەوهەری ڕێککەوتننامەکە دەبێ[1]». لە ڕاستیدا ڕێککەوتننامەی جەزایر کە تێیدا بەئاسانی بووبوونە قوربانیی مەسڵەحەتی شا و سەدام، ڕێککەوتننامەیەکی بنەمایی و ستراتیژیک بوو کە بەجێبەجێ کرانی، لە یەکەم قۆناخدا زەبرێکی کوشندە و وێرانکەر لە هەیکەلی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکەوت.

ڕێبەرانی حزبی بەعس بەناسینی هێڵە سنوورییەکان، کە لە کۆمۆسیۆنەکانی ساڵانی ١٩١٣ و ١٩١٤دا دیاری کرابوون وێڕای ئەوەی کێشەی (شەتولعەرەب)یان چارەسەر کرد، دەستیان لە مافی مێژوویی عەرەب لەسەر خووزستان و بە وتەی خۆیان عەرەبستان هەڵگرت، تاکو بتوانن شای ئێران ناچار بکەن دەست لە یارمەتی و پشتیوانیی بزووتنەوەی بارزانی هەڵبگرێت و بەو شێوە کاری ئەو بزووتنەوەیە یەکلایی بێتەوە: جەوهەر و ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی جەزایر و دەستبەردانی شا لە کورد لە کاتێکدا بوو عیراق و سۆڤیەت پەیمانی هاوکاری کردنی دوولایەنەیان بەستبوو و عیراق سوپای خۆی بەکەرەستەی سەربازیی سۆڤیەتەوە تا دوا ڕادە پڕچەک کردبوو. کورد لە بەردەم ئەو سوپا بەهێزەدا پشتیان چۆڵ کرا بوو. کورد هەواڵی ڕێککەوتننامەکەی جەزایریان - نەک لە ڕادیۆی کوردستانەوە - بگرە لە ڕادیۆ بی بی سی، ئەمریکا، قاهیرە و ڕادیۆ ئسیرائیلەوە پێ گەیشت. کورد بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت شەوی شەشەی مارس هەواڵی ڕێککەوتننامەکەیان پێ گەیشت.

بارزانی زۆر خەمگین بوو بەڵام هیچی نەوت. هەر ئەو شەوە تەلەڤیزیۆنی ئێران وێنەی شای بڵاوکردەوە کە لە فڕۆکەخانە دادەبەزی، شا ماندوو بوو بەڵام خۆشحاڵ. شا جگە لە

---

١- کۆچرا، پێشوو، ل ٤٠٣



سەرۆکی گشتیی سوپا لەگەڵ کەس قسەی نەکرد. دزەیی دەڵێ: «دوکتۆر مەحموود عوسمان ئەمجارەشیان ئەو هەواڵەی قەبووڵ نەکرد و بارزانیش هیچی نەوت[1].»

ئەو هەواڵە لە ناو پێشمەرگەکانی بەرەی زاخۆ و ڕەواندوز و قەڵادزێ و هەروەها پەنابەران و فەرمانبەرانی (وەزارەتخانە)کانی دۆڵی چۆماندا دەنگی دایەوە، «بەڵام دژ کردەوەکان بەرامبەر بەو هەواڵە لە پشتەوەی بەرەی شەڕدا جیاواز بوون، لە بەرەکانی شەڕدا پێشمەرگە بڕوایان بەبڕانەوەی هەموو شتێک نەدەکرد و بەهیوابوون شا ببێتە نێوبژیکەر و ئەو ڕێککەوتنە، ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و مەلا مستەفای بەدواوە بێت[2]».

«ڕۆژی دوایی پاش نانی بەیانی، نوێنەری کورد لە تاران هەواڵێکی لەلایەن ئیدریس بارزانی لە کوردستانەوە هێنا، هەواڵەکە یەکجار دڵتەزێن بوو: یەکە سەربازییەکانی ئێران بەتۆپخانە و کەرەستەکانیانەوە، بێ ئاگاداری پێش وەخت گەڕاونەتەوە ئێران هاوکات لەگەڵ ئەوەدا عیراق هێرشێکی بەربڵاوی دەست پێ کردووە[3].» پێشمەرگە بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دەیانڕوانییە کامیۆن و دەبابەکانی ئێران کە بەرەی شەڕ بەجێ دێڵن و زانییان ڕێککەوتننامەی جەزایر ئەنجامی مەرگاویی بۆ کورد بەدواوە بووە. ئێستا هەڵوەشانەوەی بزووتنەوە حەتمی بوو. هەندێ قوتابی کە چەند مانگ، یان چەند حەوتوو بوو هاتبوونە ڕیزی بزووتنەوەکە؛ لە بەر بێ هیوایی دەیانویست خۆیان بکوژن و بەناچار چەک کران. (بەیانی ئەو ڕۆژە واتە ٧ی مارسی ١٩٧٥، هێزی ئاسمانیی عیراق بێ ترسی چەکی تەیارەشکێن و مووشەکە ئێرانییەکان، دۆڵی چۆمان، لە گەڵاڵەوە تا ناوپردان و دەربەند و دەوروبەری سنووری ئێرانی بەبێ بواردن، بۆمباران کرد... هاوکات سوپای عیراق هێرشێکی یەکجار بەربڵاوی دەست پێ کرد و تەنیا لە بەرەی شەڕی ڕەواندزدا لەشکر و نیوێکی بەپشتیوانیی ٢٠٠ دەبابە هێنایە شەڕەوە. سەرەتای شەڕ پێشمەرگە بەوپەڕی دژواری و بەبڕوایەکی پۆڵاینەوە شەڕیان کرد و خۆڕاگرییان نیشان دا و خەسارێکی زۆریان لە سوپای عیراق دا؛ یەک حەوتوو پاش ڕێککەوتننامەکەی جەزایر دەوڵەتی عیراق ڕای گەیاند کە هێرشەکە ڕادەگرێت. ئەو ئاگربەستە لەسەر داواکاریی شا ئەنجام درا و بڕیار بوو

---

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٢١٨

٢- کۆچرا پێشوو، ل ٤٠٤

٣- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٢١٨

تا کۆتایی ئەو مانگە بەردەوام بێت تا کورد بۆیان هەبێ لە نێوان پەنابردن بۆ ئێران و تەسلیم بوونەوە بەعیراق ڕێگایەک هەڵبژێرن.

ژەنەراڵ بارزانی ٢٦ی فێڤرییە بۆ دوایین هەوڵ چووبووە تاران... شا دیداری بارزانیی تا ١١ی مارس دواخست، بەبڕوای هەندێ کورد دواخستنەکە بەو هۆیەوە بوو کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەی بارزانی و دەوڵەتی عیراق بەبێ گوێدان بەبۆچوونی شا بوو؛ بەم شێوە ئەویش دەیویست سووکایەتی بەکورد بکات[1].) دیداری کۆشکی نیاوەران نموونەیەکی بەرجەستەی سەفسەتەبازی بوو، کە بارزانی لەوێدا سووکایەتی کردن بەکوردی بینی. شا وتبووی کورد جگە لە خۆیان نابێ هیچ کەسێکی تر سەرکۆنە بکەن، چونکە ساڵێک لە دەستپێکردنی شەڕەکە تێدەپەڕێت و نەک لەو ماوەیەدا نەیانتوانیوە سەدام لەناو بەرن بگرە ئەوەندە کشاونەتە دواوە کە ئێران ناچار بووە هێزی زیاتر بنێرێتە شەڕەوە و، ئەم کارەش ڕاگەیاندنی شەڕێکی ڕاستەقینەیە لەگەڵ عیراق.

بارزانی باسەکەی کردەوە و وتی: «ئێمە دەستمان نایە ناو دەستی ئێوە و چاوەڕێی ئەوە بووین دەستمان نەقرتێنن[2]».

«هەروەها شا وتی: کورد دەتوانن بەبێ ئێران درێژە بە شەڕ بدەن، تەنانەت ئێران پێشوازیی ئەوەش دەکات پەنابەرەکان پاش ئەو ماوە دیاریکراوەی بۆ ئاگربەستەکە دانراوە و یەکەم ڕۆژی ئاوریل کۆتایی پێ دێت، ئەگەر بیانەوێ بگەڕێنەوە عیراق[3]». کاتێک کورد لە سێ لاوە هێرشی عیراقیان لە ٧ی مارسی ١٩٧٥دا بینی، هەموو هیوایەکیان بەوەی کە لە ڕێککەوتننامەکەی جەزایردا شتێکیش بۆ کورد لە بەرچاو گیراوە؛ بڕا و ناچار وازیان لە هەر چەشنە وەهم و وێنایەکی لەو بابەتە هێنا و ١٠ی مارس لەوپەڕی بێ ئومێدیدا پەیامێکیان بۆ (ئەمەریکا) ناردە تاران و تێیدا نووسییان «بێدەرەتانی و پەرێشانی بەسەر خەڵک و هێزەکانی ئێمەدا زاڵ بووە. مەترسییەکی هەرە گەورە و بێ وێنە ڕووی کردووەتە جەماوەری گەلەکەمان و هەڕەشەی نەمانمان لێ دەکرێت. ئەمانەش هیچ پاساوێک هەڵناگرن. ئێمە پەنا بۆ ئێوە و دەوڵەتی ئەمریکا دێنین و داواتان لێ دەکەین بەڵێنەکانتان بێننە جێ و نەهێڵن هەڤاڵبەندەکانتان نابووت بکرێن، و گیانی

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٢١٩
٢- هەمان، ل ٢٢٠
٣- کۆچرا پێشوو، ل ٤٠٦



ژەنەراڵ بارزانی و شان و شکۆی بنەماڵەکانمان بپارێزن و ڕێگەچارەیەکی شەرافەتمەندانە بۆ کێشەکە بدۆزنەوە[1]. هەمان ڕۆژ ژەنەراڵ بارزانی بۆ کێسەنجەری نووسی: «وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بەجەماوەر و گەلی ئێمە کە بۆ پێشڤەچوونی سیاسەتەکانی وڵاتی ئێوە کەوتووەتە گێژاوەوە، لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسییەوە بەرپرسە و داوای لێ کرد بەر بە هێرش و دەستدرێژییەکانی سوپای عیراق بگرن و بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک «کە ڕواڵەت و کەش و هەواکە بپارێزێت» هەوڵ بدات و وتووێژەکان بەردەوام بن لەو دەمە مێژووییی و خەمبارەدا لە دەسەڵاتی خۆی بۆ یارمەتیدانی گەلی کورد کەڵک وەربگرێت، لانی کەم یارمەتییەکان بەڕادەیەک بن کە جەماوەر و (سوپا)ی ئێمە بتوانن تا ئەو کاتەی کێشەکە لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی گشتیدا چارە بکرێت؛ بتوانن درێژە بە شەڕی پێشمەرگەیی بدەن[2]». بارزانی ١٢ی مارس گەڕایەوە حاجی ئۆمەران لەسەر سنووری ئێران و عیراق. ئەو شەوە باس دەربارەی ڕێبەرایەتی هێزی پێشمەرگە زۆری خایاند: ئەو شەوە بارزانی ناخۆشترین و دوایین پەیامی شای وەرگرت: «ئێوە دەتوانن یان خۆتان تەسلیمی عیراق بکەن یان تەسلیمی ئێمە، هیچ ڕێگایەکی ترتان نییە[3].» «بارزانی تەنگەتاو و هیوابڕاو بووبوو، تەلەگرافێکی بۆ دەوڵەتی عیراق نارد و پێشنیازی وتووێژی کرد. هەر ئەو شەوە بەغدا پێشنیازەکەی بەتەواوی ڕەت کردەوە. ئەو شەوە بارزانی، لە کاتێکدا هەندێ لە پسپۆڕانی بواری یاسا بۆ بیستنی قسەکانی کۆبووبوونەوە، پاش مێژووی خەباتی خۆی و هەموو ئەو خەیانەتانەی گێڕانەوە و هاوکات قسەکانی بۆنی خواحافیزیی لێ دەهات، فەرمانی دا واز لە خەبات و بەرگری بهێنن و بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارەش لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیدا ڕاوێژی نەکردبوو. بارزانی وتبووی: خەسارێک کە بەهۆی وازهێنان لە خەباتەوە لێمان دەکەوێت زۆر کەمترە لە درێژەدان بەشەڕ[4] ئەو بڕیارەی بارزانی بەو بەڵگانەوە بوو، درێژەدانی شەڕ لەگەڵ ئێران و عیراقدا، دەبێتە هۆی کوشتاری گەلەکەی، بەڵام ئەو کارەی ئەو تا ئەمڕۆکەش لە نهێنییەکی هەرەگەورەی بزووتنەوەی کوردە. ئەگەرچی هۆکاری وەک بەساڵاچوویی، ماندووبوون و خەیانەتی شا کاریگەرێتیی زۆری لەسەر دەرکردنی بڕیارەکە هەبوو، بەڵام

١- کۆچرا پێشوو، ل ٤٠٦
٢- هەمان، ل ٤٠٧
٣- جاناتان ڕندل پێشوو، ل ٢٢١
٤- هەمان، ل ٢٢١

ئەو فاکتەرانە هەموو شتەکان ڕوون ناکاتەوە. تەنانەت خودی بارزانیش ڕای لەسەر درێژەی شەڕ بوو، بەڵام دەیزانی جەماوەری سیڤیل و بەتایبەت دانیشتوانی کوردستان توانای درێژەی شەڕ و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ئەویان نەماوە. «کورتەی قسە. دوابەدوای دەرچوونی بڕیار، سوپای بزووتنەوەی نەتەوەیی کە بریتی بوو لە ٥٠ هەزار پێشمەرگە، لە دوو حەوتوودا فەرمانەکەیان بەڕێوەبرد. ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە کاریگەریی خراپی لەسەر دەسەڵاتی بارزانی هەبوو لەو سەردەمەدا.

بارزانی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە هەیکەل دەربارەی هۆی وازهێنان لە خەبات گوتبووی: «تەنانەت ئەگەر سنوورەکانیشیان داخستبا، من هەر دەمتوانی درێژە بەشەڕ و خەبات بدەم، بەڵام بەباشترم زانی زیاتر لەوە نەبمە هۆی ڕژانی خوێنی خەڵکی عیراق. من تەسلیم نەبووم وام بەباش زانی بەشێوەیەکی کاتیی کۆتایی بەبزووتنەوەکە بهێنم[1]» ئەوی ڕاستی بوو بارزانی ڕێگایەکی تری جگە لەوە لە بەردەمدا نەبوو. لەودەمەدا زۆربەی کوردی عیراق ملکەچی فەرمانەکەی بارزانی بوون، ئەوەش بەو هۆیەوە بوو کە لەو کەشوهەوای ترس و بێ دەرەتانییەدا هیچ ڕێگایەکی تریان پێ نەدەزانی. کورد لەوپەڕی ترس و تۆقیندا بەوەشیان زانیبوو تەنانەت ئەگەریش بیانەوێ بەتەنیایی درێژە بە شەڕێکی پارتیزانیی درێژخایەن بدەن چەک و کەرەستەی پێویستیان پێ نامێنێت.

ڕاستییەکی تر ئەوەیە کورد پێویستییان بەتۆپخانەی شا هەبوو، بە وتەیەکی تر ئێران تاکە پەنجەرەی کورد بوو بۆ ڕوانینە دونیای دەرەوە و شا بەڕێککەوتننامەی جەزایر ئەو پەنجەرەیەشی لێ داخستن. پێش ئەوەی بارزانی بۆ دوایین جار سنوورەکان تێپەڕێنێت و لە ڕواڵەتی پیاوێکی خەمباردا بچێتە ئێران، ئەزموونی ڕێبەرایەتییەکەی لەلایەن جەماوەرەوە خرایەوە بەرچاوان و ڕەخنەی لێ دەگیرا کە لە ڕادەبەدەر لە کارەکاندا نهێنکاریی کردووە، زۆر بڕوای بە شا کردووە لە کاتێکدا چەندین جار شا بەڵێنەکانی خۆی بەرامبەر بارزانی و بزووتنەوەی کوردی شکاندووە، یان خراپتر لەوەش پشتی بە سەرابی پشتیوانی کران لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە بەستووە کە پێشینەی دوژمنایەتیی ئاشکرایان لەگەڵ ئامانج و ئاواتەکانی کورد هەبوو.

ئەمانە بابەتی زاڵی پاش شکستی شۆڕش، لە لای جەماوەری کوردی عیراق بوون و خەساری زۆرتریان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی دەدا. هەندێ پێشمەرگە فەرمانەکەیان

١- هەمان، ل ٢٢٤



پشتگوێ خست و درێژەیان بەشەڕ دا. هەندێ خۆیان کوشت و هەندێکی تر پاش ئەوەی هەموو کەلوپەلەکانیان شکاند وماڵیان ئاگر دا بە پێ و لە کوێستان و ڕێگایەکی دژوار و سەهۆڵبەنداندا چوونە لای ئەو پەنابەرانەی پێشتر چووبوونە ئێران و ژمارەیان لە ٢٥٠٠٠٠ کەس تێدەپەڕی. ئەمەش پاشەکشێیەکی ڕێکوپێک و ڕێسامەند بوو، دەیان هەزار کەس لەو خەڵکەی زۆربەیان پێخاوس و جلوبەرگی زستانەیان نەبوو، ڕێگایان گرت. تورکیاش بەهەمان بیانووی کۆنەوە کە جگە لە ئەوروپییەکان ڕێگە بەهیچ پەنابەرێکی تر نادات بچێتە وڵاتەکەیەوە، سنوورەکانی خۆی لەسەر کورد داخست[1].

لە ناوچەی بادینان کە لە سنووری ئێران دوور بوو و خەڵک نەدەگەیشتنە ئێران، ڕووداوگەلێکی دڵتەزین ڕووی دا، عیسا سوار، یەکێک لە فەرماندەکانی بزووتنەوە کاتێک دەیویست هێزەکانی ژێر فەرمانی خۆی بەجێ بهێڵێت بەدەستی ئەوان کوژرا[2]. هەوڵدانەکانی بارزانی بۆ قایلکردنی ئێران و ئەمریکا بۆ تازەکردنەوەی ئاگربەست سەرنەکەوت. ئەو پێشمەرگانەی لەبەر دووربوونی ڕێگا نەیانتوانیبوو بگەنە سنوورەکانی ئێران، ئاگاداری هۆی تۆڵەسەندنەوەی سەدام بوون و، لە ڕاستیشدا هەزاران کورد، کە زۆربەشیان خەڵکی سیڤیل بوون کوژران. زۆربەی ئەو جەماوەرەی بێ ئەنجامیی درێژەی شەڕ و خەباتیان بۆ دەرکەوتبوو، پاش لێبووردنی گشتیی حکوومەتی عیراق لە چەند مانگدا گەڕانەوە. هەندێکی تریش سنووری ئێرانیان لە ڕوو داخرا. پاشان لە درێژەی سیاسەتی، دوژمنانەی ڕژێمی بەغدادا کە کوردی بەدوژمن دەزانی دەستی دایە بنەبڕ و قەڵاچۆیان ١٢٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠٠ هەزار کەسی گواستەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عیراق و ساڵێک لەوێ هێشتنیەوە، پێشمەرگە، بەتایبەت قوتابی و مامۆستا بۆ تۆڵەسەندنەوە هەڵبژێردران و خرانە بەندیخانە و زۆریان پاش ئەشکەنجەی زۆر، کوژران[3].» ماوەیەک پاشتر عیراق بۆ دابڕینی کوردی عیراق لە هاوزمان و هاوڕەگەزەکانیان لە ئێران و تورکیا و سووریا، هەرێمێکی ئاسایشی لەسەر سنووری وڵاتانی ناوبراو بەپانایی پێنج تا پانزە مایل و درێژایی نزیکەی شەش سەد میل پێک هێنا. نزیکەی ١٥٠٠ گوندی بەداینەمیت و شۆڤڵ کاول کرد و باخ و کێڵگەکانی سووتاند

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٢٢٤

٢- کۆچرا پێشوو، ل ٤٠٩

٣- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٢٢٤

و بیره چاڵاو و کانییەکانی بەچیمەنتۆ پڕ کردەوە و ۷۵۰۰۰ هەزار کەس لە دانیشتوانی ئەو گوندانەی لە هەندێ ئۆردووگای تازەدا بەناوی «شارۆچکەی هاوچەرخ» نیشتەجێ کرد. ئەو شارۆچکانەش بۆ ئەوەی بەئاسانی چاودێری و کۆنترۆڵ بکرێن لە نزیک مۆڵگەکانی سوپا و پاراستنی حکوومەتدا کرابوونەوە. ڕژێمی بەعس لە درێژەی سیاسەتی دژە کورددا، جەماوەری عەرەبی هان دەدا زەویوزاری کورد بەناوی ستراتیژیی حزبی بەعسەوە داگیر بکەن: ئەو ستراتیژییە کوردی لە زەویوزاری بەپیتی ناوچەی کەرکووک و نەوت دوور دەخستەوە[1]».

ئەو پرۆژە بە(ژینۆسایدی کەلتووری[2]) ناوزەد دەکرا واتە بنبڕکردنی ژیانی لادێیی جەماوەری کورد کە بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی بوون. شەوی ۳۰ی مارس ژەنەراڵ بارزانی کە لە ۲۲ی مانگ داوای پەنابەرێتیی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد بوو، بۆ دوایین جار لە سنووری حاجی ئۆمەران پەڕییەوە[3]». بارزانی تووشی ژانێکی زۆر لە سنگیدا هاتبوو، پاشتر دەرکەوت تووشی شێرپەنجەی سی بووە و بەشێرپەنجە ڕواڵەتی تێک چوو بوو و دەیویست بۆ دەرمانی نەخۆشی و بۆ پاراستنی گیانی بچێتە ئەمریکا.

بارزانی بەئاگاداری هەستی تۆڵەسەندنەوە و کردەوەی توندوتیژ و زەبروزەنگی عیراق بوو، بەڵگەی زۆری بۆ بڕوانەکردن بەو ڕژێمە هەبوو، وێڕای ئەوەش باش دەیزانی بەمەرجێ لە تاران بمێنێتەوە لەژێر چاودێریی ساواکدا دەبێت و لە بەرامبەر ئەو یارمەتییە زۆر کەمەدا کە ئێران بە پەنابەرەکانی دەکات ڕێگای قسەی لێ دەگیردرێت. سەرەتای مانگی مەیی ۱۹۷۵ ڕۆژنامەیەکی ئێرانی لەگەڵ بارزانی وتووێژی کرد و وێنەیەکی بارزانیی بەجلوبەرگی ئەوروپاییییەوە بڵاوکردەوە. لەو وتووێژەدا بارزانی ڕای گەیاند کە شۆڕشی کورد کۆتایی پێهاتووە، جارێکی تر سەرهەڵناداتەوە و شەڕیش بێ هوودەیە[4]». شا و میدیاکانی ئێران بەدەستکاری کردنی درۆزنانەی وتەکانی بارزانی، بێ بەشکردنی لە سەرەتاییترین مافی تایبەتیی واتە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی کە بەدرێژایی تەمەنی لە

١- هەمان، ل ٢٢٥

٢- ژینۆساید، پاکتاوکردنی نەتەوەیی

٣- کۆچرا پێشوو، ل ٤١٠

٤- کیهان اینترناشنال، تاران، شەممە ١٤ی گولانی ١٣٥٤، ٤ی مەی ١٩٧٥



کاتی خەباتدا لەبەری کردبوون- هەوڵیان دەدا بەو شێوەیە کۆتایی شۆڕشی کوردی ڕابگەیەنن. ئەو هەوڵدانانە ئاستی ڕق و نەفرەتی دەزگای ساواکی بەرامبەر بە هەر جووڵانەوەیەک کە ببوایە هۆی بەخەبەر هێنانەوەی کوردی ئێران بۆ داواکردنی مافە فەوتاوەکانیان ئاشکرا دەکرد، لە کاتێکدا بارزانی لە دیدارێکی تایبەت لەگەڵ هەیکەلدا دوایین پەیامی خۆی بەجیهان ڕاگەیاند: «دەوری تاکەکەسیی من دوایی هاتووە. بەڵام ئەگەری کۆتایی هێنان بەژیانی گەلی کورد نییە و ڕێبەرانێکی تر لە داوێنی ئەو گەلەوە سەرهەڵدەدەن[1]».

١- وتووێژ لەگەڵ هەیکەل، ئوزگورلوک

## ب: دوايين ڕۆژەكانى ژيانى بارزانى (كۆچى دوايى لە ئەمريكا)

لە مـانگى ژووئەنى ١٩٧٥دا ژانى سنگ ئۆقـرەى لێ بڕى و ڕێگەى پێ درا بۆ دەرمـانى نەخۆشى بچێتـە ئەمريكا، لەو سەفەرەدا لێپرسراوێكى ساواک لەگەڵ بارزانى نێردرا. بارزانى زۆر بەو كارە تووڕە بوو. ناخۆشتريش ئەو كاتە بوو كە لە فڕۆكەخانەى (كێنێدى) بەرپرسێكى سيا و مۆريس دێرپييەرى بەرپرسى كاروبارى عيـراق لە وەزارەتى كاروبارى دەرەوە چاوەڕێيان دەكرد. ئەوان لەگەڵ بارزانى سوارى فڕۆكە بوون و تا كلينيكى (مايۆ) لە (وێنچێستـەر) لەگەڵى بوون. لەوێ ڕاى گەياند كە شێرپەنجـەى سييەكـانى بارزانى چارەى نييە و ٦ مانگ زياتر ناژى[1].

بارزانى دەيويست ڕاستـەوخۆ بچێتـە واشـينتـۆن، لەوێ محـەمـەد دۆسكى ديپلۆمـاتى پێشووى عيراق كە دواتر بووە نوێنەرى بارزانى لە ئەمريكا، سەرنجى سێناتۆر هێندى. ئم هێكين و ڕيچارد ئێستـۆد و هەروەها جۆرج مـينيى بەرپرسى «فيـدراسـيۆنى ئيشـوكارى ئەمريكا و كۆنگرەى ڕێكخراوە پيشەسازييەكانى ئەمريكا»ى بەرەو بزووتنەوەى گەلى كورد ڕاكێشا بوو، بارزانى هيـوادار بـوو ئەو دۆستـانە بتوانن بەنهێنى كارێک بكەن. فريشتـە چاودێرەكانى بـارزانى نەخشـەيەكى جيـاوازيـان كێشا بوو، لە كـاتێكدا دۆسكى سـەرى لە نەگـەيشـتنى سـوڕمـابوو، بارزانى و گـرووپە بچـووكـە هاوڕێكەى و چاودێرەكـانى لەوێ دەگەڕێندران. ئەو گەشتوگوزارە مـانگێكى خاياند تا بارزانى نەكەوێتە بەرچاوا[2]. بێ گـومـان لە سـيـا و سـاواكى ئێران دەترسـان بارزانى لە بەردەم دووربينى هەواڵنێـرەكـاندا دەركـەوێت و سـڕى خـەيانەتەكـان هەڵمـاڵێت ئەو خـەيانەتانەى بووبوونە هۆى شكسـتى بزووتنەوەى نەتەوەيى كورد و ئاوارەبوونى ڕێبەرەكەى. زۆرى خاياند تا بارزانى لەو بارەوە بدوێت و كـاتێكيش قسـەى كرد شتى زۆرى ڕوون نەكردەوە. بێ دەنگيى بارزانى، كورد و بيـانييـەكانى سـەرسام كرد بوو. بێ دەنگى و خۆپاراستنى شۆڕشگێرێكى دێرين كـە لە ساڵانى خەباتيـدا تێ گەيشـتبوو نابێ بەوتـەى عـاتيـفى داهاتووى خـۆى خراپ و دواڕۆژ تاريكتر بكات.

«سـەرەنجـام يەكـێک لە هاوڕێكانى بارزانى بەنهێنى لە (ديمک ئەين ويرجينيـا) و لە

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٢٢٦

٢- هەمان ل ٢٢٧، ٢٢٦



كاتێكدا بەتەواوى لە ژێر چاودێريدا بوون و پێوەنديييان لەگەڵ دەرەوە پچڕا بوو، دەرباز بوو و تەلەفۆنى بۆ دۆستێک كرد.

چەند جـارێک باسى ڕۆيشتن بۆ سـويس كرا، بەبۆچوونى مـەسعـوود بارزانى سويس زۆر لەو گـرتووخانەيەى ئەمريكا باشـتر بوو، دۆسكى پێيى سەير بوو كە بارزانى دەيويست لە ڕۆژنامە و ميـدياكـان دوور بێت. ئەو هەوڵى دەدا دەوڵەت ناچار بكات ڕەفتـارێكى باشتر بەرامـبـەر بارزانى بنوێنێ، بەڵام هەوڵدانەكـانى بۆ ڕازى كـردنى بـارزانى بۆچوون بۆ تەلەڤيزيۆنى (سى بى ئێس) بێ ئەنجام بوو، ئەگەرچى بارزانى دەيزانى متمانە بەئەمريكا گـەورەترين هەڵەى ژيانى بووە؛ بەڵام دەيويست لـەوێ بمێنێـتـەوە و نەيدەويست دۆخى لەرزۆكى ميـوانى، تێک بدات. هاوكات بارزانى هەستى بەوە كردبوو كە بەنزيكبوونەوەى هەڵبژاردنى سەرۆک كۆمار، ئەمەريكا بينێرێتەوە ئێران. نۆڤەمبەرى ١٩٧٥ دەرمـانێكى زۆرى پێـدراو لە كـاتێكدا كـە دڵنيـايان كـرد كـە پزيشكە ئێـرانييـەكـانيش زانيـارى و تواناييـيـان لە (پزيشكەكانى كلينيكى مايۆ) كەمتر نييە ناردياناوە تاران. بارزانى لە كـەرەج (نزيک تاران) دادەنيـشـت و بەتوندى چاودێرى دەكـرا[1]. مـاوەيـەک پاشـتـر نەخۆشييەكەى تەنگى پێ هەڵچنى و بەرەو خراپى دەچوو و دەرمانەكانيشى دوايى هات، دەيويست بۆ (چێک ئاپ) بگەڕێتەوە ئەمريكا، بەڵام ڕێگەى پێ نەدەدرا، سەرەتا هەموو هەوڵدانەكانى دۆسكى بۆ گرتنى ڤيزە بۆ بـارزانى بێ ئاكام بوون، بيانووى ئەمريكا ئەوە بوو كە بارزانى بەپەسـاپۆرتى ئێـرانييـەوە سـەفـەر دەكـات و تاران ڕێگە بە سـەفـەرەكـەى نادات.

دۆسكى دەيزانى ئەمـريكا دەيەوێ خۆى لە بەرپرسـايەتى لابـدات و دەوڵەتى فـۆرد حـەز ناكات لە كـاتى هەڵبژاردندا هيچ شتێكى ڕەچاونەكراو ڕووبدات و كار لەسەر چۆنيەتيى هەڵبژاردن بكات، هەڕەشەى لێ كردن كە: «ئێوە لە ڕووى سياسييەوە بارزانيتان كوشت ئێسـتـاش دەتانەوێ لە ڕووى جيـسـمييـەوە بيكوژن، كەوا بوو لەوانەيە بارزانى چۆنێـتيى پێوەندييەكانى ئێوە بۆ خەڵكى جيـهان بگێڕێتەوە». ئەو هەڕەشەيە وەزارەتى كاروبارى دەرەوەى ئەمريكاى هێناوە سـەرخۆ و دۆسكى بەمەبەستى وتووێژ سـەبارەت بەچۆنێـتى و ئەو مـەرجـانەى بۆ مـانەوەى بارزانى لە ئەمـريكا ديارى دەكرێن بـانگ كـرايە وەزارەتى دەرەوە: «بەهۆى بـارودۆخى تايبـەتيى هەڵـبژاردنەوە نابێ لەگـەڵ ڕۆژنامـە و مـيـدياكـاندا

١- جاناتان ڕندل، هەمان، ل ٢٢٧

وتوویژ بکات، بەپێچەوانەی یەکەمجار کە پارەی نەخۆشخانە و داوودەرمانی بارزانی لەلایەن ئەمەریکاوە درابوو، ئەمجارەیان دەبێ بارزانی خۆی ئەو پارەیە بدات... لە بەرامبەر ئەوانەدا دۆسکی پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە بارزانی ئازاد بێ و بتوانێ بەبێ چاودێری سەفەر بکات و لەگەڵ هەر کەسێکدا پێی خۆش بوو دیدار بکات[1]» ئەمریکایی بەو مەرجانە قایل بوون، بەڵام کاتێ بارزانی لە ژووئەنی **١٩٧٦**دا لە فڕۆکەخانەی کێنێدی دابەزی، لێپرسراوێکی ساواک و لێپرسراوێکی سیا چاوەڕێی بوون و بردیانە کلینیک مایۆ. پاش ئەوەی پزیشکەکان چاویان پێی کەوت لە واشینتۆن نیشتەجێ بوو. ژانی سنگی جاروبار زیادی دەکرد و جاری واش بوو هێور دەبووەوە. بۆ بینینی پزیشک بەفڕۆکەی تایبەت دەبرایە مینەسوتا، زۆربەی کات ژانی سنگی لە ڕادەبەدەر بوو، بەڵام مەردانە خۆی ڕادەگرت و تەنیا سیمای هەڵۆ ئاسای بوو نەیدەهێشت ڕادەی ژانەکەی سنگی دەربکەوێت[2]».

بارزانی نەیدەویست بەغوربەت و تاراوگە ڕابێت و پێداگریی لەسەر پاراستنی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا دەکرد و زۆربەی کات میوانداریی دەکردن و، بەنیاز بوو بەپشتیوانیی دۆستانی لە (سەنا) و بزووتنەوەی کرێکاریدا، مێژووی ژیان و خەباتی بگێڕێتەوە و بلێت چۆن لەلایەن تورکیا و ئێران و عیراق و سۆڤیەت و ئیسرائیلەوە بەردەوام خەیانەتی پێ کراوە و ئێستاش لە ئەمریکا و لە هەلومەرجێکی یەکجار نائومێدەواردا دەژی و بڵێ خەباتی کردووە تاکو ئۆتۆنۆمییەکی گچکە بۆ گەلەکەی بێنێتە دی. بارزانی وێڕای هەموو خۆپاراستنێک، یەکجار خۆڕاگر و چاونەترس بوو و بەمەرجێ ئەمریکا ڕەزامەندیی خۆی ڕانەگەیاندبا، هەرگیز خۆی نەدەخستە ناو دۆخی ڕەوتەکەی ساڵی **١٩٧٢**ەوە و ئێرانییەکانی بەخراپتر لە عیراقی دەزانی و هەرگیزیش متمانەی بەتورک نەبوو.

بارزانی بەسەرکەوتنی کارتەر لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا کۆتایی هاتنی کاری کیسنجەر لە وەزارەتی دەرەوە خۆشحاڵ بوو؛ چونکە کارتەر لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەیی خۆیدا کێشەی مافی مرۆڤی لە سەروو هەموو کارەکانەوە باس کردبوو. بارزانی بەهیوا بوو کارتەر سیاسەتێکی گونجاوتر بەرامبەر بەکوردی عیراق بگرێتە بەر، بەڵام ئەو هیوایەش بەخێرایی بڕا.

١- هەمان، ل ٢٢٨

٢- هەمان، ل ٢٢٩



«بارزانی بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی ڕواڵەتی و خواردنەوەی چا و هاودەردی دەربڕین بانگ کرایە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، پێی ڕاگەیەندرا کە هیچ گۆڕانکارییەک لە سیاسەتەکانی ئەمریکا ڕوونادات، چ بگا بەوەی لەگەڵ سەرۆک کۆماردا دیداری بۆ ساز بکرێت. گرینگیی شا بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی یەک لە دوای یەک دەهاتنە سەرکار بەیەک ڕادە بوو و بارزانیش ناچار و بەنیگەرانییەوە چارەنووسی خۆی قەبووڵ کرد[1].» بارزانی لە دیداری کەسایەتییە بیانییەکاندا ئەدەب و سەنگینی و غوروورەوە تووڕەیی و ناهومێدییەکەی دەشاردەوە. ناوەڕاستی ژانیڤەری **١٩٧٩**، کاتێ شای ئێران تووشی شێرپەنجە بووبوو و لەلایەن هێزەکانی شۆڕشی ئێرانەوە دەرکرابوو، لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆن دەرکەوت و بارزانی بەخۆشحاڵییەوە وتی: «بڕوانن ئەو بابایەی ئێمەی تەفرە دا چی بەسەرهاتووە.» بەتێپەڕینی کات بارزانی لاواز دەبوو و تووشی تەنگەنەفەسییەکی قورس هاتبوو و دیار بوو خۆشی دەیزانی وادەی کۆچی دواییە. «دوایین ڕۆژەکانی فێڤرییەی **١٩٧٩**، بارزانی بەبێ هۆشی لە نەخۆشخانەی زانستگای جۆرج تاون و لە ژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو و ئەندامانی بنەماڵەکەی بەنۆبە و بەردەوام ئاگادارییان دەکرد. بارزانی دەیویست لە زێدی خۆی، بارزان بینێژن، واتە ئەو گوندەی دەمێک بوو لەلایەن عیراقییەکانەوە کاول و چۆڵ کرا بوو. شنۆ دووەمین جێگەی بارزانی سێ دەیە پێشتر و سەردەمی کۆماری مەهاباد و پارێزگاریی کۆماردا، بینیبووی، دووەم جێگە بوو بارزانی ئاواتی خواستبوو تێیدا بنێژرێت. بەگشتی ئاواتی ئەوە بوو لە کوردستان و لە باوەشی بنەماڵەکەیدا بۆ هەمیشە بحەوێتەوە.»

بارزانی لەو کاتەدا زۆر نەخۆش بوو نەدەکرا بەفڕۆکەی ئاسایی هاتوچۆ بکات، کەوابوو فڕۆکەیەکی تایبەتیی بۆ تەرخان کرا سیستەم و کەرەستەی ئۆکسیژنی تێدا بوو، بۆ ئەوەی ڕۆژی **٢**ی مارچ بیبەنەوە بۆ تاران. ڕۆژی یەکەمی مانگی مارچ، بارزانی گوتی دەیەوێ دابنیشێت، دۆسکی هەستا بوو کە پاڵپشتی بۆ دابنێت، بەڵام بارزانی گوتی ئەیەوێ لەسەر کورسی دابنیشێت. دۆسکی دەڵێ: «سەری کەوتبوو بەپشتدا- (بارزانی) ماڵئاوایی کرد بوو[2]». بارزانی سی و دوو ساڵ پێشتر لە تاران لەگەڵ (ڕۆزڤێلت) دیداری کردبوو، بارزانییان بانگ کرد بووە تاران کە بەتاوانی پشتگیریی کۆماری مەهاباد

١- هەمان، ل ٢٢١

٢- هەمان، ل ٢٣٢

دادگایی بکەن. بارزانی بەبەرپرسی ئەمریکای وتبوو: «من لە مەرگ ناترسم و تەنیا پابەندی دوو شتم: شەرافەتم و بەڵێنەکانم»، بەڵام ئەمریکایی ئەو دوو شتەشیان لێ دریغ کرد. تەنیا داخوازیی بارزانی کە بێ دواکەوتن جێبەجێ کرابێت گوێزانەوەی تەرمەکەی بوو بۆ کوردستان، تابووتەکەی بەفڕۆکەیەک نێردرایە تاران و لەوێشەوە بەیارمەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران برایە ورمێ. بڕیار بوو تەرمی بارزانی لە ڕێوڕەسمێکدا و لە (ورمێ)وە بەئۆتۆمبێل ببرێتە شنۆ، بەڵام لە ئەنجامدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بیروڕایان گۆڕی[1] و بەوپەڕی پاراستنەوە تەرمەکەی بەکۆپتەر برایە شنۆ.

(تەرمی بارزانی لە شنۆ لەلایەن دەیان هەزار کەسەوە کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران، عیراق، تورکیا و سووریاوە هاتبوون هاوڕێیی کرا و، پاش ڕێوڕەسمێکی پڕ شکۆ بەخاک سپێردرا و جەماوەری کورد ماڵاواییان لە ڕێبەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی گەلی کورد و یەکێک لە ناودار و دیارترین کەسایەتییەکانی مێژووی خۆیان کرد.

ئەوی ڕاستی بێت ئەو ماڵئاواییە تەنیا ماڵئاوایی لە بارزانی نەبوو، بگرە ماڵئاوایی کردن بوو لە ئارمان و هیوا دەروونییەکانی ئەو ڕێبەرە بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی نێوان هەموو هێزە شۆڕشگێڕە کوردەکان لە هەموو ئەو وڵاتانەی گەلی کورد وەکو کەمینەیەک تێیدا دەژیان؛ ئەگەرچی لەو ڕێوڕەسمەدا، کوڕی بارزانی ( )[2] داوای لە جەماوەری گەلی کورد کرد، یەک ڕێگە بگرنەبەر و واز لە ناکۆکی و دوژمنایەتی بێنن و لەپێناوی ڕزگاریی گەلدا هەوڵ بدەن، بەڵام ڕەوتی مێژوو لە دواڕۆژدا ڕوونی کردەوە کە دابەشبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد چارە هەڵنەگر بوو و ئەوانەی کە بانگەشەی خەبات بۆ دابینکردنی مافی گەلی کوردیان بەرزکردبووەوە لە شێوەی دەستە و گرووپی بچووکدا دەرکەوتن و تەنیا لایەنی هاوبەشیان دروشمی دیموکراسی و ڕزگاری بۆ کوردستان بوو[3]». سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ مارکسیستە توندڕەوەکان حورمەت و ڕێزی گڵکۆی سادە و ساکاری بارزانییان نەگرت و تەرمەکەیان فڕاند. بارزانییەکان تەرمەکەیان دۆزییەوە و دیسان لە شاخەکانی (رایان)دا کە لەسەر سنووری خاکی ئێران بوو بەخاکیان

١– هەمان، ل ٢٣٣

٢– لە دەقە فارسییەکەدا ڕوون نەکراوەتەوە کە کام لە کوڕەکانی بارزانی بووە (و.ک).

٣– گوینتەر دیشنەر پێشوو، ل ١٣، ١٤، ١٥



سپاردەوە. پایزی ساڵی ١٩٩٣ لە کاتێکدا کە جەماوەرێکی زۆر بۆ هاوڕێیەتی کردنی پەیکەری هاتبوون تەرمەکەی بەکۆپتەر برایە سنوور و لەوێشەوە بەهاوڕێیەتیی جەماوەرێکی یەکجار زۆری خەڵک برایەوە بارزان، یەکێک لەو کەسانەی کە لەو ساڵەدا هاوڕێیەتیی تەرمەکەی دەکرد، جەلال تاڵەبانی بوو کە سەرەتا هاوڕێ و شاگردی بوو و پاشانیش بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە لێی جیا بووبووەوە. هەروەها مەسعوود بارزانیی کوڕی ئەو ڕێبەرەش لە ناو جەماوەرەکەدا بوو. تەرمەکەی بەپێی وەسیەتی خۆی لە بارزان واتە لە شوێنی لە دایکبوونی بەخاک سپێردرا.

لەو کاتەدا دوو کۆپتەری ئەمریکی بەسەر گۆڕەکەیدا دەفڕین و دوو فڕۆکەی شەڕکەری f16 ش بەنیشانەی ڕێز و حورمەت دوو جار بەسەر گۆڕەکەیدا سووڕان. وادیار بوو ئەمریکا دەیویست بەو کارە خەیانەتەکانی ساڵی ١٩٧٥ پاک بکاتەوە». ئەو کاتە دەوری بارزانی بەڕاستیی دوایی هاتبوو، بەڵام وەک خۆی لە وتووێژ لەگەڵ هەیکەل وتبووی: خەبات سەرەڕای ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەردەوام دەبێ.

## ج- بارودۆخی کوردستانی عیراق ١٩٧٦

ڕێککەوتننامەی ٦ی مارس بۆ بزووتنەوەی کورد وێرانکەر بوو، بەڵام لانی کەم ئەنجامێکی باشیشی لێ کەوتەوە ئەویش ئەم پرۆژەی ئاشتییە سەیرەی نێوان بەغدا و تاران کۆتایی بەهەڤاڵبەندێتیی ناسروشتیی ئێران و کورد هێنا. وێڕای ئەوانە پاش ڕێککەوتننامەی جەزایر پەرێشانیی دۆخەکە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی: لە ڕووی ڕواڵەتی ڕەسمییەوە دەوڵەتی عیراق لەسەر جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی قەراردراوی بەناوەندێتی هەولێر بەردەوام بوو. ئەگەر کاربەدەستانی عیراق شایستەییان نیشان بدایە و کردەوەی ڕابردوویان دووپات نەکردایە و ڕێگەیان بەو پەنابەرانە بدایە بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان و لە شوێنێکی شیاوی خۆیان بمێننەوە ڕەنگە جەماوەر بەڕەزامەندییەوە هاوکاری حکوومەتیان کردبا. زۆربەی کوردی عیراق هیوایان بەکوردستانێکی ئۆتۆنۆم نەمابوو و بەئاسانی دەکرا بەرەو هاوکاریی کاربەدەستانی عیراقی ڕابکێشرێت و ئەگەر حکوومەتی عیراق باوەشی بۆ پەنابەران و جەماوەری کورد ئاوەڵا بوایە، دەیتوانی مەبەست بپێکێت. بەڵام ڕێبەرانی حزبی بەعس جارێکی تر سیاسەتی سەرکوتکردنیان گرتەبەر؛ زانستگای سلێمانی داخرا بوو، هەموو مامۆستاکانی بووبوونە قوربانیی سیاسەتی زەبر و سەرکوت. لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کەرکووک و شنگار و شێخان و خانەقین بەوپەڕی توندوتیژییەوە بەردەوام بوو. خەڵکی گوندە کوردنشینەکان دەستە دەستە بەرەو باشوور دەگوێزران و بنەماڵە عەرەبەکان جێگایان دەگرتنەوە[١].

زەبروزەنگ و پاڵەپەستۆ بە ڕادەیەک بوو کورد سەریان هەڵدابووەوە و دیسان بەئومێدەواری چاویان بڕیبووە شاخەکان؛ بارزانی جارێکی تر شکۆ و شەوکەتی پێ دراوەتەوە و جارێکی تر پێشمەرگایەتی بووبووە وێردی سەر زمانان.

لە ئاستی سیاسیدا بارودۆخ یەکجار شپرزە بوو، لایەنی پێشوو لە ڕوانینی خوێندەوارانەوە بەسووکی سەیر دەکران و جەلال تاڵەبانی کە پەنای بردبووە دیمەشق، هەوڵی دەدا لە لایەنی خۆیەوە خەباتکارانی کورد کۆ بکاتەوە.

نوێنەرانی سێ بزووتنەوە: بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کۆمەڵەی مارکسیست- لینینیستی کوردستان و خەتی پان لە ٣١ی ئەگۆست تا ١٢ی سێپتامبەر

---

١- جاناتان ڕندل، پێشوو، ل ٢٣٣.



لە ناوچەی برادۆست بەسەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی کۆنگرەیان بەست و بڕیاریان دا لە ڕێکخراوەیەکدا بەناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) یەک بگرن. ئەو ڕێکخراوەیە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی هەڵبژارد و جەلال تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا و بەرنامەی بزووتنەوەی نوێی داڕشت[١].

لەو دەمەدا بزووتنەوەی کوردی عیراق بۆ وەدەستهێنانی متمانە و برەو لە نێوان لایەنگران و ڕکەبەرانی بارزانیدا، لە نێوان باڵی چەپ و ڕاستی خۆیدا بووبووە چەند بەشەوە.

هەر لەو دەمانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتیی کاتی) سەری هەڵدایەوە و پۆلی پێشمەرگەکانی ئەم حزبە لە چیا و شاخەکانی کوردستاندا دەرکەوتن و ڕێکخستنەکان لە ناو ئاوارە کوردەکاندا کە لە ئێران نیشتەجێ بووبوون دەستی پێ کرایەوە. ئەمە دەسپێکی شۆڕشی تازەی کوردستان بوو کە ناوی شۆڕشی گوڵانی لە خۆ گرتبوو.

---

١- کۆچرا پێشوو، ل ٤٣٤

# پاژی هەشتەم

# بزووتنەوەی بارزانی و ستراتیژیی زلهێزە جیهانییەکان لە کوردستانی عیراقدا

## ئا: باسێک لەسەر هۆکار و مێژووی ئامادەیی دەسەڵاتە کۆڵۆنیالیستەکان لە کوردستاندا

یەکەمجار لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمی زایینیدا ئینگلیز بۆ بازرگانی هاتنە ناوچەی کەنداوی فارس. مێژووی ئامادەبوونی بەریتانیا لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕکەبەری و کێبەرکێیەکی نێوان بەریتانیا و وڵاتانی تری ئەوروپایی و دەسەڵاتە ناوچەییەکان و عوسمانی. تا ساڵی ١٧٤٧ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە کەنداوی فارس هێشتا لە پاوانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات و بریکارەکانیدا بوو. بەریتانیا بۆ پەرەی کاروباری بازرگانی زنجیرە هەوڵێکی بەرچاوی سیاسی و سوپایی دەست پێ کرد[١]. ئەو کاتەی کە لە ساڵی ١٨٠٦دا کۆمپانیای، (ئیندیا ئۆفیسێت) لە بەغدا پێک هێنرا و ڕیچ کرایە بەرپرسی کۆمپانیاکە، بەریتانییەکان هەوڵیان دا تەشەنە بکەنە ناوچەکانی کوردستان و سەدان کەسی ئاسایی و دیپلۆماتیان نارده ناوچە کوردنشینەکان، بۆ ئەوەی بەبەرتیلدان سەرنجی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. (ماوەیەک پاشتر کلۆدیۆس جەیمز ریچ چووە ناوچە کوردنشینەکان و لە بەغداوە ڕێگەی کفری، کەرکووک، سلێمانی، قەیوان، ئەزمڕ، تەرسوود، پەردی، قشان، ماوەت، سەردەشت و مەهابادی گرتە بەر و دەستی بە لێکوڵینەوە و توێژینەوە کرد و کتێبێکی لە ژێر ناوی (گەشتی ڕیچ لە کوردستان) لە ساڵی ١٨٢٠دا نووسی[٢].

سەدەی نۆزدەهەمی زایینی کاربەدەستانی عوسمانی دەڤەرە نەوتییەکانی ویلایەتی مووسڵیان ناسی و لە ساڵی ١٨٨٨ - ١٨٨٩دا سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی بەدەرکردنی فەرمانگەلێکی تایبەت سەرەتی (امتیاز)ی ویلایەتی مووسڵی دایە ئیدارەی سەڵتەنەتی. وتووێژەکانی ئەو کاتە لەگەڵ وەزارەتی باڵادا بەمەبەستی توێژینەوەی سەرەتایی لەمەڕ ناوچە نەوتاوییەکانی ویلایەتی مووسڵ ئەنجامێکی نەخستەوە.

١- عبدالامیر، منافع بەریتانیا در خلیج فارس، ترجمە علی رجبی یزدی (انتشارات امیرکبیر، تهران ١٣٧٠، س ,٩.

٢- کلودیس جەیمز ڕیچ، گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان، ١٨٢٠ وەرگێڕ: محەمەد حەمەباقی(تەورێز) ١٩٩٢.



ڕکەبەری و کێبەرکێی نێوان وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان لە سەدەی بیستەمدا، بەهۆی هاتنە ئارای شێواز و تەکنیکی تازەوە زیاتر بوو. لەو ڕکەبەرییانەدا وڵاتانی ئەڵمانیا و ئەمریکا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵاتیان زیاتر دەبوو. گەشەی سیاسی، سوپایی و ئابووریی ئەو وڵاتانە دژی بەرژەوەندی بەریتانیا بوو. ئیدی بەریتانیا بەسانایی نەیدەتوانی بواری مادەی خاو وەدەست بێنێ و لە ڕاستیدا هێزی خۆی لە کێبەرکێی ناو بازاڕی وڵاتە ئازادەکانی جیهاندا لە دەست دابوو؛ هەوڵی دەدا بەناردنی نوێنەرانی خۆی بۆ ناوچە تازەکانی ئەودیوی دەریاکان و وڵاتە پێش نەکەوتووەکانی جیهان، گرفت و کێشەکانی خۆی لە کێبەرکێی ئازاددا چارەسەر بکات[١]. ئینگلتەرا دەیتوانی لە ڕێگەی دەست گەیاندن بەسەرچاوە نەوتییەکان، پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات. لەوە بەدواوە ئەو وڵاتە هەوڵی دا کانی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی نەوت لە ناوچەی کەنداو و بەتایبەت ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی عیراقی ئێستا ) پاوان بکات. بەهێزترین ڕکەبەری ئینگلیز بۆ وەدەستهێنانی سەرەتیی نەوتی ویلایەتی مووسڵ، ئاڵمانیا بوو. پسپۆڕانی ئاڵمانیا ویلایەتی مووسڵیان بەدەریای قیر و نەوت و هایدرۆکەربۆن، دەزانی». ئاڵمانیا بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی نەوتاوی، هێڵێکی ئاسنی تا ئەنکارە ڕاخستبوو. دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستیی بەریتانیا لە ناوچەکەدا تاکە بەربەستی ئاڵمانیا بوو لە مووسڵدا. هەوڵی بەریتانیا بۆ بەرگری لە ئاڵمانیا و پاوانکردنی سەرچاوە نەوتییەکان بووە هۆی دروستبوونی کێشە و ململانێی زۆر. (سۆر کۆرزەن) جێگری وەزیری هیندستان بەشێوەیەکی توندوتیژ ڕای گەیاند بوو «وڵاتی بەریتانیا پارێزگاری لە شکۆ و گەورەیی خۆی دەکات[٢]».

هەوڵی نوێنەری وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و ئەمریکا بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتی عوسمانی و ڕێککەوتن سەبارەت بەو کێشەیە، بەهۆی دەستپێکردنی ناکۆکی و ململانێی نێوان عوسمانی و وڵاتانی تری ناوچەکەوە (١٩١٢)، بێ ئاکام مایەوە. ئامادەیی ئەمریکا لەو ڕکەبەرییانەدا ئەڵمان و ئینگلیزی ناچار کرد بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن. ئەوروپایی کە ئێستا ڕکەبەرێکی جیدیتریان لە بەردەم خۆیاندا دەبینی هەوڵیان دەدا بەهەر چەشنە ئەمریکا لەو بەرەیە دەرهاوێژن. ئەوروپایی بۆ وەدەستهێنانی سەرەتی و

١- ویلفرد ڕویش، سیاست بەمثابە علم ت: ملک یحیی یلاحی (تهران: سمت ١٣٧٢)ص ٧٠

٢- کەمال مەزهەر ئەحمەد- کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی، ٢٢ و ٢٣

بەرژەوەندیی زیاتر و، پاڵەپەستۆ خستنە سەری هاوبەش، بۆ سەر وڵاتی تورکیا، ناچاریان کرد لەگەڵیاندا کۆبێتەوە و وتووێژ بکات. (بەپێی ڕێکەوتنی ئاڵمانیا و بەریتانیا کۆمپانیای نەوتی تورکیەیان دامەزراند، ئەو کۆمپانیاش توانی دەوڵەتی تورکیا ڕازی بکات[١]». دوو ساڵ پاشتر و لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی شەڕی جیهانیدا، ئاڵمانیا و ئینگلیز چوونە دوو بەرەی جیاواز و دژی یەک. ئێستا سەرەی فەڕەنسییەکانە. فەڕەنسییەکان دەیانویست سەرەتیی دەستەی ئەمریکا لە ئیمپراتۆریی عوسمانی و ویلایەتی مووسڵدا، هەڵوەشێننەوە. لەگەڵ شەڕی یەکەمی جیهانیدا چونکە کوردستان شوێنێکی یەکجار ستراتیژیک بوو و هەر وڵاتێک دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچەیەدا ڕاگرتبا و کۆنترۆڵی بەشە جیاوازەکانی کردبا، سەرکەوتنێکی باشی وەدەست دەهێنا، ئیتر ناوچەکە بووە مەیدانی سەرەکیی شەڕی یەکەمی جیهانی.

١- مایکل تانزر، بحران انرژی، مبارزه برای کسب قدرت و پروت، ت محمود ریاچی (تهران امیرکبیر ١٣٦٢) ص ٧١



## ب: بەریتانیا و گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عیراق

سیاسەتڤانانی بەریتانی گەلاڵەی پێوەندیی دەرەوەیان بەپێی بیرۆکەی بیرمەندانێکی وەک ماکیاڤێلی و هابز، دادەڕشت و بەڕێوەیان دەبرد. بەپێی ئەو بیرۆکانە ئەوەی خاوەن هێز و دەسەڵات بێ، بۆی هەیە و دەشتوانێ بێ هێز و دەسەڵاتەکان بکاتە بن دەستی خۆی. هەروەها مرۆڤیان بەرامبەر بەیەکتری و لە مەیدانی ڕکەبەرایەتییە سیاسییەکاندا بەگورگێکی دڕندە دادەنا کە بەردەوام دەبێ هەوڵی نەهێشتنی ئەوی تر بدات. بەم پێیە بەپشت بەستن بەو سیاسەت و ستراتیژییە، بەکار بردنی هەر جۆرە کردەوەیەکی وەکو فێڵ و تەفرەدان، ڕیا و تەزویر، خەیانەت و درۆزنییان بۆ گەیشتن بەمەبەست و ئامانجی خۆیان بە ڕەوا دەزانی.

کوردستانی عیراق بەهۆی بارودۆخی سروشتی، جوگرافیایی و سیاسیی تایبەت و هەروەها سەرچاوەی گرینگی نەوتی لە دەڤەرەی نەوتی کەرکووکدا لە مێژبوو سەرنجی زلهێزە جیهانییەکانی وەک بەریتانیای ڕاکێشا بوو. کەڵک وەرگرتن لە جموجووڵ و ناڕەزایەتیی جەماوەری کوردستانی عیراق بەرامبەر بەسیاسەتەکانی حکوومەتی عیراق و پێشتریش بەرامبەر بەکارگێڕانی عوسمانی لە کوردستاندا، لای ئینگلیزییەکان پوتانسیەل و وزەیەکی هێزەکیی گەورەی هەبوو کە ئینگلیز وەک زەمینەیەک پاڵەپەستۆی پێویست لە ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەیریان دەکرد.

گرینگی و بایەخی تایبەتی کوردستان وای کرد بەریتانیا لە سەرەتای سەدەی بیستەوە چەندین جاسووس و لێپرسراوی بەدەسەڵاتی خۆی بنێرێتە ناوچەکە. یەکێک لەو کەسانە (میجەر سۆن) بوو. ئەو بەتەواوی شارەزای زمان و ئەدەبیاتی کوردی بوو، زانیاریی میجەرسۆن لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی بەڕادەیەک بوو پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەم کرایە بەرپرسی چاپ و بڵاوکردنەوەی چەندین ڕۆژنامەی کوردی کە یەک لەوانە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بوو[١].

هەڵبەت هەوڵدانی ئینگلیز بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی کوردستان بۆ ساڵانی پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمەدا ئەوان هەوڵیان دەدا کە

١- کەمال مەزهەر ئەحمەد- دورالشعب الکردي في ثورة العشرین العراقیة، بغداد، مطبعة الحوادث، ص ٣٦، ٣٧

له ئامادەیی مەسیحییەکان لەو ناوچەیەدا بۆ بەهێز کردنی دەسەڵات کەڵک وەرگرن و ناوەندێکیان بەناوی گەشەی ئاینی مەسیحییەوە، لە ئاوایی قوجانس، لە ناوچەی هەکاری دامەزراند کە ئەو ناوەندە کە لە ژێر چاودێریی قونسوڵییەتی بەریتانیا لە شاری وان بەڕێوە دەبرا[1].

لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوە وەکو بابەتی سەرەکی ڕووی کردووەتە بزووتنەوەی بارزانی، بەناچار دەبێ ڕوو بکاتە ڕوونکردنەوەی ڕووکردی هێزە ئینگلیزییەکان سەبارەت بەو سەرهەڵدانە و هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بەهەوڵە سیاسی و سوپاییەکانی بەریتانیا لەسەر ئەو ماوە زەمانییە خۆی بهێڵێتەوە کە تێیدا بزووتنەوەکەی بارزانی هاتووەتە ئاراوە و دەوری گێڕاوە.

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی حکومەتی تورکیا ئاژاوە و ناکۆکی نانەوەی ئاشوورییەکانی سەرکوت کرد و پاشان دەری کردن، هاوکات ئینگلیز لە بیانوویەک بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستانی دەگەڕا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەرکراوەکان مەسیحی بوون، هەلەکەی قۆستەوە و بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامە لەپێشدا داڕێژراوەکانی خۆی دەست بەکار بوو. کۆلۆنێل لیچمن پێشنیازی کرد بەریتانیا کوردە موسوڵمانەکانی سەرسنوورەکانی تورکیا لە زێدەکانی خۆیان بەبیانووی دژایەتیی بارزانییەکان لەگەڵ وڵاتی ئینگلیز و کوژرانی دوو ئەفسەری ئینگلیزی لەو ناوچەدا دووربخاتەوە[2]. ساڵی ١٩٢٠ ویلسۆن پێشنیازەکەی خستە بەردەستی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا و بۆ پاساودانی کارەکەشی ڕای گەیاند: «ئێمە بەرنامەیەکی گونجاومان بۆ نیشتەجێ کردنی نەستوورییەکان داڕشتووە، بەشێوەیەک مایەی ڕەزامەندیی بەریتانیا و وڵاتەکانی تری ئەورووپاش بێت. بەم پێیە کێشەکانی ئێمە لە کوردستاندا بەکۆتایی دێن و ئەو مەترسییەی لە داهاتوودا لە باکوری فورات بەرەو ڕوومان دەبووەوە لەناو دەچێت و ئەمەش دەبێتە پەند و ئەزموونێکی گەورە بۆ دوژمنەکانمان لە ئامێدی[3]. وەک لە وتەکانی ویلسۆن دەردەکەوێت سیاسەتڤانانی بەریتانیا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پەرەسەندنی بزووتنەوەی بارزانییان لە کوردستانی عیراقدا بەمەترسییەکی جیدی بەرامبەر بەرژەوەندیی

١- هەمان، ل ٣٩
٢- ساڵح مەلاعومەر عیسا، پێشوو، ل ٧٥
٣- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية جزء ٦، طبع ٧، ص ١٩٤، ١٩٥



خۆیان دەزانی و چونکە هیچ گەرەنتییەک نەبوو کە دوارۆژ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بەپێی بەرژەوەندی ئەوان هەڵسوکەوت بکەن، بەهێزکردن و پشتیوانی کردنی سوپای عیراقی خستە سەرووی هەموو ئەو بەرنامانەیەوە کە لەسەر عیراق دای ڕشتبوون و ساڵانی دواتریش لە ژێر چاودێریی ئەفسەرە ئینگلیزەکاندا لە عیراق بەڕێوە دەبران، مەبەست لەو کارەش کەڵک وەرگرتن لە حکوومەت و سوپای عیراق بوو بۆ سەرکوتکردنی ئەوەی ئەوان پێیان دەگوت: «مەترسیی باکوری فورات».

هاوکاتی ئەوە بەرنامەی تورکە بۆ گەڕاندنەوەی ویلایەتی مووسڵ کەوتنە جموجووڵ، بەشێوەیەک کە پاراستنی مووسڵ و دەڤەرە نەوتییەکانی بووە گەورەترین دڵەڕاوکەی هێزەکانی بەریتانیا، بەشێوەیەک کە مەسەلەی کۆچاندن و نیشتەجێ کردنی نەستوورییەکانیش کەوتە ژێر کاریگەرێتیی ئەو بەرنامەیەوە. واتە نەتوانن لەو کاتەدا جەماوەری ناوبراو بەرەو ناوچەی بارزان بکۆچێنن[1].

کێشەی نیشتەجێ کردنی نەستوورییەکان هێندە گرینگ بوو کە ئینگلیز نەیاندەتوانی چاوپۆشیی لێ بکەن. پاش ئەوەی مەسەلەی بانگەشەکردنی تورکیا سەبارەت بەخاوەندارێتیی مووسڵ لە وتووێژ و کۆبوونەوەکانی نێوان بەریتانیا و تورکیا و هەروەها بەهۆی بۆچوونەکانی کومۆسیۆن و وەفدی نێردراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕەت کرایەوە، ساڵی ١٩٢٨ نەستوورییەکان لە نزیک سنووری ناوچەی بارزان نیشتەجێ کران، کورد لە وڵاتی خۆیان دەرکران و نەستوورییەکان برانە جێگایان. شێخ ئەحمەدی بارزان زۆر زیرەکانە لە مەبەستی ئینگلیز گەیشتبوو و بۆ بەرگری لە بەڕێوەچوونی ئەو پرۆژەیە هەندێ هەوڵی خستە کار، «شێخ ئەحمەد لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی تردا پەیوەندیی گرت بۆ ئەوەی بتوانێ بەرە لە تێکدانی پێکهاتەی جەماوەر و یەکێتیی نەتەوەیی و ئاینیی ناوچەکە بگرێت. هێزەکانی دەوڵەتی بەریتانیا لە هەوڵدانەکانی شێخ ئەحمەد ئاگاداربوون و دەوڵەتی عیراقیان هان دا هێرش بکاتە سەر ناوچەی بارزان.

بەم پێیە ساڵی ١٩٣١ هێرش کرایە سەر ناوچەی بارزان و لە ئەنجامدا هێزەکانی دەوڵەتی عیراق و بەریتانیا شکستیان هێنا. دەوڵەتی بەریتانیا پاش ئەوەی ڕووبەڕووی بەرگریی هێزەکانی بارزانی بووەوە دەستی دایە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دووبەرەکی نانەوە لە ناو کورد.

١- هەمان، ل ١٩٦

بەریتانیا بۆ لاوازکردنی هێزەکانی شێخ ئەحمەد، دەنگۆیەکیان بڵاو کردەوە گوایە شێخ ئەحمەد چووەتە سەر ئاینی مەسیحییەت و خواردنی گۆشتی بەرازی حەڵاڵ کردووە و بەلایەنگرانی خوی وتووە گۆشتی بەراز بخۆن. مەبەستیش ناکۆکی و دووبەرەکی خستنە نێو ڕیزەکانی گەلی کورد و شێخ ئەحمەد و شێخ ڕەشید لۆلان بوو، کە لە پیلانەکەشدا بەداخەوە سەرکەوتن[١].» چونکە شێخ ڕەشید لۆلان بەوپەڕی سادەیی و ساویلکەییەوە بڕوای بەدرۆودەلەسەکانی ئینگلیز کردبوو، فتوای کافربوونی شێخ ئەحمەدی ڕاگەیاند و جەهادی دژی شێخ دەربڕی.

خاڵی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە وێڕای هاندان و پڕوپاگەندەکانی کاربەدەستانی بەریتانیا و تەفرەخواردنی شێخ ڕەشید لۆلان، کینە و دوژمنایەتییەکی کۆن بەئاشکرا و نهێنی لە نێوان شێخ ڕەشید و شێخ ئەحمەد هەبوو، چونکە هەردوو لا خۆیان بەڕێبەری ئاینیی جەماوەری دەزانی و ئەوەش هۆکارێکی گرینگی ناکۆکیی نێوان هەردوو لایەن بوو، واتە تەنانەت ئەگەری باسی لە دین لادانی شێخ ئەحمەدیش نەبوایە، دیسان شێخ ڕەشید لۆلان وەکو ڕکەبەرێک دەیڕوانییە شێخ ئەحمەد. «هەوڵی شێخ ئەحمەد بۆ بەرگری لە ڕوودانی شەڕ و تەنانەت ڕووکردنە حکوومەتی عیراق، نەیتوانی ببێتە هۆی هێورکردنەوەی شێخ ڕەشید کە ئینگلیز پشتیان گرتبوو». هاوکاتی سەرەتای شەڕی نێوان شێخ ئەحمەد و شێخ ڕەشید، سوپای عیراقیش لە دێسامبەری **١٩٣١**دا خۆی خستە ناو شەڕەکەوە و بەشێوەیەکی جیدی ناوچەی بارزان گەمارۆ درا[٢].

شەڕەکە بەنیسبەت بارزانییەکانەوە، ئەزموونێکی تایبەتتری هەبوو. لەو شەڕەدا یەکێک لە گەورەترین پیاوانی مێژووی کوردستان هەلی بۆ ڕەخسا بۆ یەکەمجار لێهاتوویی و کارزانیی خۆی لە کاروباری سوپایی و دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتیی شەڕ و فەرماندەییدا بەشێوەیەکی بەرچاو بنوێنێت. مەلا مستەفا بارزانی لەو دەمە لە پێکدادانە سەربازییەکاندا فەرماندەیی لایەنگرانی بارزانیی گرتبووە ئەستۆ، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا شێخ ڕەشیدی شکست دا و زەبرێکی قورسیشی بەهێزەکانی سوپای عیراق گەیاند و ناچاری کردن پاشەکشێ بکەن[٣].

---

١- سەجادی، پێشوو، ل ١١٠، ١٠٩

٢- هەمان، ل ١١٣

٣- مەردۆخ، ڕووحانی، پێشوو، ل ٥٣٥



بەم پێیە بەرەی یەکگرتووی عەشیرەتە کوردەکان و هێزەکانی دەوڵەتی عیراق بەپشتیوانیی ئینگلیز کە بۆ نابووتکردنی بارزانییەکان پێک هاتبوو، نەگەیشتە ئەنجامی چاوەڕوانکراو و لەوانەشە گەورەترین ئەنجامی شەڕ ئەوە بووبێت کە بەلایەنی دژکاری سەلماند، بارزانی خاوەن توانایی و لێهاتوویی و بلیمەتییەکی تایبەتی فەرماندەیییە.

ئینگلیز هەرگیز بیریان لە شکستێکی وەها نەکردبووەوە، ماوەیەک پاش ئەوەی ڕادەی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی مەعنەوی و ئاینیی بنەماڵەی بارزانی و ڕادەی ئامادەیی و لێهاتوویی هێزە عەشیرەتییە لایەنگرەکانیان و توانایی ڕێبەرەکانیان لە بواری فەرماندەیی و کاریگەریی، سروشتی کوێستانی و شوێنگەی جوگرافیایی ناوچەکەیان بۆ ڕوون بووەوە، تێ گەیشتن ناتوانن بەشەڕی چەکدارانە بزووتنەوەی نابووت بکەن. کەوابوو بۆ تۆڵەکردنەوەی شکست، «هێزی ئاسمانیی ئینگلیز گوندەکانی ناوچەی بارزانیان بەتوندی بۆمباران کرد و **١٣٦٥** خانوو و **٧٩** گوندی ناوچەکە کاول کران[١]» ئینگلیز بۆ پاساودانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە ڕایان گەیاند، ئەوان هەوڵیان داوە ئاژەڵ و گیانلەبەر و ژن و منداڵە ئیفلیجەکان لەناو ببەن و بەو شێوە ڕەوتی شارستانییەت یەکدەست هاوئاهەنگ بکەن. وەک نێهرۆ ئاماژە دەکات «سەرهەنگ دووەم سێر ئارنۆڵد ویلسۆن لە ئاخافتنی ساڵانە لە ئەنجوومەنی ئاسایی پاشایەتیدا لە لەندەن (٨ی ژووئەنی **١٩٣٢**) وێڕای ئاماژە بەو ڕووداوانە وتی: هێزی ئاسمانیی ئینگلیز شێلگیرانە و بەوپەڕی هێوری و بێ گوێدانە ڕاگەیاندنەکانی ژنێڤ لە دە ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت ڕاگەیاندنەکانی ئەو شەش مانگەی ڕابردوو، کوردی عیراقیان بۆمباران کرد و گوندەکانیان کاول کردن، ئاژەڵ و ژن و منداڵە ئیفلیجەکانیان لەناو برد. بەوتەی هەواڵنێری ڕۆژنامەی (تایمز) ئەو هەوڵانە شایەتی پەرەپێدان و گەشەی شارستانییەتن».

ئەو دیاردە بەباشی ڕادەی پابەندی ئەوسای ئینگلیز بەمافی بەمرۆڤەوە ڕوون دەکاتەوە.

کوردستانی عیراق لەو سەردەمەدا بووبووە یەکێک لە گرینگترین ناوەندەکانی تەنگژەی ناوچەکە؛ جگە لە برەوی مەعنەوی و ئاینیی بنەماڵەی بارزانی لە ناوچەکەدا، هەژاریی لە ڕادەبەدەر و جیاوازی و یەکجار زۆری باری ژیان لە نێوان ناوچە کوردنشین و عەرەبنشینەکانی عیراقدا، هۆکارگەلێکی گرینگی بەدیهاتنی ناڕەزایەتیی جەماوەری کورد

---

١- جواهرلعل نهرو، نگاهی بەتاریخ جهان، ت: محمود تفظلی (تهران، امیرکبیر ١٣٦١ ج **٣** چ **٧** ل ١٤٩٥)

بەرامبەر بەڕژێمی عیراق بوو. لە ئەنجامیشدا جەماوەری کورد هەمیشە دژی حکوومەت پاڵیان بەپێشمەرگە و لایەنگرەکانی بارزانییەوە دەدا.

ئینگلیز کە لەو بابەتە گەیشتبوون، تێ دەکۆشان حکوومەتی عیراق هان بدەن هەندێ بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە و ئابووری- کە لە هەموو جیهاندا هۆی ڕەزامەندیی یان نارِازیبوونی جەماوەر بوون- بەڕێوە ببات تا خەڵکی نەچنە ڕیزی هێزەکانی بارزانییەوە. بەو پێیە باڵوێزی ئینگلیز، کورنۆڤالیس، لە دیدار لەگەڵ وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەو کاتەی عیراقدا پێشنیازی پێ دەکات «بەرنامەی چاکسازی لە کوردستانی عیراقدا دەست پێ بکات تا بارزانی لەمەولا وەکو بەرگریکەر و پارێزەری مافی کورد» خۆی دەرنەخات و جەختیش دەکاتەوە کە نابێ دەوڵەتی عیراق سەربەخۆ و بەبێ ڕاوێژکاری ئەو بڕیارێک دەربکات کە ببێتە هۆی دروستبوونی شەڕی چەکدارانە[١].»

بێ گومان ئینگلیز لە دیاریکردن و دارِشتنی شێوەی هێرشبردن و تەنانەت دیاریکردنی کاتی بەڕێوەبردنی هێرشدا، بەکۆنترۆڵی هێزی عیراقی و کاربەدەستە کرێگرتەکانیان دەکرد.

هێرشی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا بۆ سەر عەشیرەتە ئاساییەکان بەردەوام بوو ئەو خەسارەی لێیان دەکەوت چەند ئەوەندەی پێشمەرگە بوو، ئەوەی ڕاستی بێت حکوومەتی عیراق هەرگیز بەتەنیا نەیدەتوانی بەسەر هێزەکانی بارزانیدا سەرکەوێت[٢]» تەنیا ئەو کاتانەی لەلایەن هێزی ئاسمانیی بەریتانیاوە پشتیوانی دەکران هەندێ سەرکەوتنیان وەدەست دەهێنا و لە یەکەم قۆناخی ئەو سەرکەوتنانەدا، هێزەکانی بارزانی کە لە ئاسمان و زەوینەوە لەلایەن هێزەکانی عیراق و ئینگلیزەوە کەوتبوونە بەر هێرش لە **١٩٣٣**دا شکستیان هێنا و پەنایان بردە بەر تورکیا. لە ناوەڕاستی دەیەی چوارەمی سەدەی بیستەمدا ئەگەرچی هیچ گۆڕانکارییەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان لە سیاسەتەکانی بەریتانیادا ڕووی نەدا، بەڵام ڕەوتی گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەک بوو کە پێوەندیی نێوان ئەو وڵاتە و بارزانییەکان بەتەواوی گرژبوو. ماوەی کاتیی ئەو نیمچە ئاشتییەی بەهۆی وتووێژەکانی نوێنەرانی هەردوو لایەنەکە پێک هاتبوو ئەو دەرفەتەی خستە دەستی بارزانی کە پێوەندییەکی نوێ دروست بکات و لەو ماوەیەدا توانیی دوژمن

١- کۆچرا پێشوو، ل ١٨١
٢- خێباک، پێشوو، ل ٤٢٥



و ڕکەبەرە لەمێژینەکەی خۆی واتە مەحموود ئاغای زێباری بهێنێتە ڕیزی هەڤاڵبەندەکانی خۆی و دەسەڵاتی خۆی تا سنوورەکانی ئێران بڵاو بکاتەوە، بەڵام لەو هەلومەرجەدا گۆڕانکارییەکی نوێ بەڕێگەوە بوو، لە ئاوریلی **١٩٤٥**دا ئێستون هێدنربێرد خرایە جێگەی کۆرنڤالیسی باڵوێزی بەریتانیا لە عیراق، ئەم باڵوێزە تازەیە ئاگادارییەکی بۆ دەوڵەتی عیراق پێ بوو کە تێیدا باسی نیگەرانیی بەریتانیا سەبارەت بەسیاسەتەکانی عیراق بەرامبەر بەکورد بوو، وترابوو شێوە بۆچوون و ڕەفتاری بەریتانیا بەرامبەر بەکورد هەر ئەو بۆچوون و ڕەفتارەیە کە بەنیسبەت بەشەکانی تری کۆمەڵگەی عیراق بۆ خۆی دیاری کردووە و «کاربەدەستانی بەریتانی هەرگیز گوێ نادەنە ئەو کوردانەی خۆیان بەڕێبەری جەماوەری خەڵکی دەزانن و ئەوان تەنیا وەک هاووڵاتییەکی عیراقی دەڕواننە کورد، نەک وەکو کەمینەیەکی تایبەت[١]». بەم پێیە، بەشێوەیەکی شاراوە و پاڵەکی بەوردەکارییەکی زیرەکانەوە بەعیراقییەکان ڕادەگەیەنن کە کاتی هێرش هاتووە. بەم شێوە جارێکی تر هێزەکانی بارزانی و هێزە هەڤاڵبەندەکانی عیراق و بەریتانیا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. شەڕێکی ڕووخێنەر دەستی پێ کرد (**١٩٤٢** تا **١٩٤٧**) هێزە ئاسمانی و زەوینییەکانی ئینگلستان لەو ماوەیەدا بەردەوام بەشێوەیەکی بەربڵاو شەڕی مەلا مستەفایان دەکرد. پشتیوانییەکانی ئینگلیز تا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی بەهۆی شۆڕشی ١٤ی جوولای **١٩٥٨**ەوە کە لەلایەن یەکێک لە ژەنەراڵانی سوپاوە بەناوی عەبدولکەریم قاسم ڕێبەرایەتی کرا، بەشێوەی جیدی بەردەوام بوو، بەسەرکەوتنی شۆڕشەکە دەسەڵاتی ئینگلیز لە بڕیاردانەکانی عیراقدا لەناوچوو، چونکە هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراق بەزۆری گومانیان لە سیاسەتڤانە ئینگلیزەکان بوو و لە بنکەی سۆسیالیزم و بلۆکی ڕۆژهەڵات نزیک بوون. بەم پێیە دەسەڵاتی بەربڵاوی بەریتانیا لە عیراق لەناو چوو و وڵاتانی زلهێزی تر هاتنە مەیدانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عیراق و دەوریان بینی.

١- کۆچرا، جنبش ملی کرد، ل ١٨٢

## ج- ستراتیژی ڕووس لە کوردستانی عیراقدا

لە گرینگترین سیاسەت و ستراتیژیی ڕووسیە بەڕێوەبردنی وەسیەتنامەکەی پیتری گەورە بوو. بەو پێیە ڕێگەی پێشکەوتن و مانەوەی ئەو وڵاتە وەکو دەسەڵاتێکی گەورە لە جیهاندا ئەوە بوو، ڕووسیە بگاتە ئاوە ئازاد و گەرمەکانی جیهان.

تەنیا ڕێگەی ڕووس بۆ گەیشتنە ئوقیانووسی هیند، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بەهۆی هەوڵدانەکانی ڕووسیە بۆ جێبەجێ کردنی وەسیەتنامەی ناوبراو، کوردستان لە هەموو ناوچەکانی تر زیاتر خەسارەی لێ کەوت. ستراتیژیی ڕووس پشتی بە سیاسەتێکی بەردەوام و درێژخایەن بەستبوو و تا ئەو کاتەی ئەو سیاسەتەیان بەمەبەستی دەست گەیاندن بەزەریای ئازاد پەیڕەو کردبا، دەرفەتی ئەوەیان هەبوو بەسوودی خۆیان کەڵک لە ئاژاوە نێونەتەوەییەکان وەربگرن. یەکێک لە ئامانجە لەمێژینە و سوننەتییەکانی سیاسەتی ڕووسیە، بەرینکردنەوەی سەرزەوینەکەیان لە ڕێگای لکاندنی بەشێک یان چەند بەش لە خاکی دراوسێ لاواز و بێ دەسەڵاتەکانیان بە خاکی وڵاتەکەی خۆیانەوە. «ئامانجی سەرەکی و تایبەتی گەیشتنە زەریا و بەندەر و ئاوە گەرمەکان بوو و لە باری مێژووییەوە زیاتر بیریان لە کەنداوی بۆسفۆر و داردەنێل و کەنداوی فارس و دەریای زەرد دەکردەوە[1]».

کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی تایبەتی جوگرافییەوە لەو سەرزەوینانە بوو کە ڕووس هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی خۆیانی تێدا پەرە پێ بدەن. هەوڵدانی ڕووس لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندی لە کوردستان ئەو کاتە شێوەی کردەوەیی وەرگرت کە فەرماندەی سوپای ڕووسیە لە قەوقاز داوای لە ئەفسەرێکی کورد کرد کتێبێک لەسەر بارودۆخی سیاسی و جوگرافیایی کوردستان بنووسرێت و نەخشەی ناوچە کوردنشینەکانیش بکێشرێت[2].

ڕووس دامەزراندنی هێڵی ئاسنی بەرلین - بەغدایان لەلایەن ئەڵمانەوە بە تاکتیکێکی دژ بەبەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانی و دەیانویست کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن[3].»

---

١- جوزف فرانکل، روابط بین الملل در جهان متغیر، ترجمه عبدالرحمن عالم (تهران، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی ١٣٧٠ ٢ ێ ٦٤

٢- کەمال مەزهەر ئەحمەد، پێشوو، ل ٤٦

٣- هەمان، ل ٥١



پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، ڕووسیە ئەفسەرێکی بەناوی ب. ا. تامیلۆف- بۆ ئاگاداری لە بیروڕای کورد سەبارەت بەو هێڵە ئاسنە ناردە وڵاتی عوسمانی. هاوکاتی ئەو هەوڵانە چەندین باڵوێزخانەی ڕووسی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، وەک بەتلیس و وان کرانەوە. هەر لە سەرەتای هاتنی هێزەکانی ڕووسیەی تزاری و دوژمنایەتی لەگەڵ ئیمپراتۆری عوسمانی، دەست کرایە کوشت و کوشتاری جەماوەر و دانیشتوانی کوردی ناوچەکە[1]». ئەو کردەوە سەرکوتکەرانەیە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کورد و، ڕک و کینەی دەوڵەتی خستە دڵیانەوە، بەشێوەیەک کە بە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی کورد پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ڕووسیە پچڕاند و وێڕای ناڕازیبوونی هەرە زۆری جەماوەری خەڵکی بەرامبەر عوسمانی، ڕووسیە نەیتوانی کورد دژی عوسمانی هان بدات. با ئەوەش لە بیر نەکەین کە هۆکاری ئاینی بووە هۆی ئەوەی دوایین تاڵەکانی پێوەندیی کورد و عوسمانی نەپچڕێت.

وێڕای ئەوانەش ڕووس لە نێوان هەموو گەلانی باشووری سنووری خۆیان لەگەڵ ئەرمەن پێوەندییان باش بوو چونکە ئەرمەن مەسیحی بوون، ئەو پێوەندییە باشە بووە هۆی ئەوەی کە ڕووس هێزێکی سوپایی گرینگ و بەرچاو لە ئەرمەن دروست بکەن. نزیکایەتی و پێوەندیی نێوان ڕووسیە و ئەرمەن و ڕکەبەرایەتیی ئاینی لەگەڵ کورد بووە هۆی ناکۆکیی کورد و ئەرمەن. بۆیەش کورد بەشداریی شەڕی دژی ئەرمەنی کرد و ئەمەش کاریگەرێتیی زۆری لەسەر پێوەندیی ڕووسیە و کورد هەبوو، بەشێوەیەک کە یەکێک لە ئەفسەرە پایەبەرزەکانی ڕووسیە خۆی لەو بارەیەوە وتوویەتی «ئێمە لە ساڵەکانی ١٩١٥-١٩١٦ لە کوردستان تووشی گرفتگەلێکی فراوان بووین چونکە کورد دژ بەئێمە بوون[2]». لە بەهاری ساڵی ١٩١٦دا لە شکری قەوقاز بەرەو ترابزۆن و مووسڵ وەڕێ کەوت و لە هەمان ساڵدا ناوچەیەکی بەرفراوانیان داگیر کرد.

هێزەکانی ڕووسیەش بەفەرماندەیی باراتۆف هێرشیان کردە سەر خانەقین. هێزێکی تری ڕووس هاتنە نزیک ڕووباری دیجلە، بەڵام بەهاوکاری نەکردنی لەلایەن بەریتانیاوە، بڕیار درا لە کوردستان بکشێنەوە[3].

---

١- هەمان، ل ٥٣

٢- هەمان ١٥٨

٣- لازاریۆف کێشەی کورد، بغداد، مطبعة الجاحظ ١٩٨٩، ل ٦١٤

ساڵی ١٩١٦ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بوونە مەیدانی شەڕ، بەڵام ڕووس تا ساڵی ١٩١٧ و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە کاریگەرێتیی زۆری کردە سەر بەرنامە نەگریسەکانی دەسەڵاتە گەورەکان، لە ساڵانی سەرەتای شەڕەکدا بووە هۆی ئەوەی ڕووسیە دەست لە بەستنی پەیمانە ئاشکرا و نهێنییەکانی هەڵبگرێت و، لەسەر هەوڵەکانی خۆ بۆ تەشەنە و کردنەوەی بنکەی لە کوردستان بەردەوام بوو. لەو بارەیەوە شازادە شاخۆفیسکی، کونسوولی ڕووسیەی تزاری لە کوردستان دەڵێ: هەوڵی زۆرمان دابوو، بەڵام کودەتاکەی فێڤرییە هەمووی پووچەڵ کردنەوە[1]»

## کاریگەرێتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر ستراتیژیی ڕووسیە لە کوردستانی عیراق

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، سیستەمێکی زانستی و ستراتیژیی نوێی ئایدۆلۆژیکی لە سیاسەتی دەرەوەیی ڕووسیەدا بەدی هێنا[2]. ڕێبەرانی شۆڕش، پاش سەرکەوتنیان، سیاسەتی ئاژاوەنانەوە و داگیرکەرانەی سیستەمی تزاریان خستە بەر ڕەخنە و هێزەکانی خۆیان بانگ کردەوە.

«کوردستانیش پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕووسیە لە ستەم و ئازاری تزار ڕزگار بوو. بەڵام سەرەڕای ئەو ڕووداوانەش، ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەدیهاتنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەدوای خۆیدا هێنانی، نەبووە هۆی ئەوەی ڕووسیە بەشێوەی جیدی پشتیوانی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بکات. بۆ یەکەم جار هەشت کەس لە نوێنەرانی کورد لە کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵات (١٩٢٠ باکۆ) بەشدارییان کرد. بەڵام لەو کۆنگرەیەشدا کەس لە مافەکانی گەلی کورد داکۆکیی نەکرد و هیچ کام لە زلهێزەکان بەشێوەیەکی جیدی پشتگیریی کوردیان نەکرد. بەڵام بەهەر چەشنە بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی لەو چەشنە و بانگکرانی نوێنەرانی کورد بۆ بەشداربوون نیشاندەری گۆڕانکارییەکی بەرچاو بوو لە بەرنامە و سیاسەتەکانی سۆڤیەتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا. ڕک و کینەی لە ڕادەبەدەری گەلی کورد بەرامبەر هێزەکانی ئینگلیز و فەڕەنسە بەهۆی ئامادەبوونیان لە ناوچەکە و ئەزموونی تاڵی دابەشکردنی وڵاتەکەیان بەدەستی ئەوان، زەمینەی دروست کرد کورد تا بەرەو ئایدۆلۆژیای مارکسیستی بکشێت کە لەمەڕ ڕادەی توانایی خۆی بۆ ڕزگارکردنی گەلانی بندەست لەژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتە زاڵ و

١- قاسملو کردستان و کورد، ل ٥٠

٢- فرانکل، پێشوو، ل ٦٥



گەورەکان پڕۆپاگەندە و بانگەشەی زۆری دەکرد. بۆ نموونە کاتێک حزبی شیوعی لە کوردستانی عیراقدا دامەزرا، ژمارەیەکی زۆری لاوی قوتابیی کورد پاڵیان پێوەدا. حزبی تریش لە کوردستانی عیراقدا دامەزران، لەوانە دەتوانرێ ئاماژە بەحزبی (کۆمەڵەی برایەتی) بکرێت (١٣١٨) بەڕێبەرایەتیی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی بەرزنجی و ساڵی دواتریش هەندێ ئەفسەری لاوی ڕۆشنبیر، ڕێکخراوەیەکی حزبیان بەناوی حزبی (هیوا) دامەزراند کە لەلایەن ڕەفیق حیلمییەوە ڕێبەرایەتی دەکرا. حزبی (ڕزگاریی کورد)یش ساڵی ١٩٤٥ و بەیەکگرتنی یەکێتیی ڕۆشنبیران و حزبی (شۆڕش)ەوە کە هەر لەو ساڵەدا دامەزرا بوو پێک هێنرا.

پێکهاتن و دامەزرانی حزبە جۆراوجۆرەکان لە کوردستاندا بەبیروبڕوای مارکسیستییەوە نیشاندەری ڕادەی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئەندێشە بوو لە ناو جەماوەری خوێندەواری کورددا. بەڵام ئەوەی کە مەبەستی ڕووس بوو گەیشتن بەئامانج و مەبەستەکانی خۆیان بوو. پەرەپێدانی کۆمۆنیزم لە ناوچەکە و پشتیوانی کردن لە مافی جەماوەر و گەلانی ژێردەست، دەمامکێکی پڕ خەت و خاڵ بوو کە لە ژێریەوە بەرژەوەندیی تر پەرە پێ دەدران و گەڵاڵەی جێبەجێ کردنیان دادەڕێژرا. سەرکەوتنی عەبدولکەریم قاسم کە لەلایەن کۆمۆنیستەکانیشەوە لایەنگری دەکرا، بووە هۆی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بەڕێبەرایەتیی بارزانی و بەعسییەکان بۆ ماوەیەکی کورت پێوەندیی باشیان پێکەوە بێت و هاوکاریی یەکتر بکەن. کاتێ بارزانی لە مەبەست و ئامانجەکانی قاسم بەرامبەر بەکێشەی کورد تێگەیشت. وەفدێکی نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بەمەبەستی دیدار لەگەڵ خرۆشچۆف چوونە مۆسکۆ؛ دەیانویست ڕێبەرانی سۆڤیەت ڕازی بکەن کە لە بەرامبەر ڕژێمی بەغدادا پشتگیریی مافەکانی گەلی کورد بکەن؛ ئەمەش لە کاتێکدا هەموو داوودەزگاکانی دیپلۆماسیی عیراق کەوتبوونە هەوڵ بۆ پشتیوانیی سۆڤیەت لە عیراق تا کۆنترۆڵی ناوچە کوردنشینەکان بگرنە دەست و هەوڵیش بدرێت کورد لە مەبەستەکانی خۆیان، واتە وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی پاشگەز بنەوە. بەپێی بەرژەوەندیی سۆڤیەت، حزبی شیوعیی عیراق و دەوڵەتی سۆڤیەت، پشتگیریی قاسمیان کرد و ئەوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕە ناوخۆییەکانی ساڵی ١٩٦١[1]». ماوەیەک پاشتر دەوڵەتی سۆڤیەت هەوڵی دا لە نێوان بەعس و

١- احمد فوزی، قاسم والاکراد، خناجر وجبال ١٩٦١، ل ٢٩١

ناسیۆنالیستە کوردەکاندا ئاشتی پێک بێنێت و پێشنیازی دایە حەسەنولبەکری سەرۆک کۆماری ئەو دەمەی عیراق تا بەمەبەستی ئاشتبوونەوە گەلاڵەیەک دابڕێژێت. بەم پێیە ساڵی ١٩٧٠ پارتی دیموکراتی کوردستان و بەعس لەسەر ناسینی مافەکانی گەلی کورد ڕێک کەوتن و پێنج کەس لە کورد چوونە ناو کابینەی دەوڵەتی عیراقەوە[١].» بەڵام بەهۆی هەندێ هۆکارەوە جارێکی تر پێوەندیی نێوان حکوومەتی عیراق و کورد گرژ بووەوە.

ئەنجامی گرژبوونەوەی پێوەندییەکان بەدیهاتنی ناکۆکییەکانی نۆڤەمبەری ١٩٧٣ نێوان یەکەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی و هێزەکانی پێشمەرگە بوو. لەو ڕووبەڕووبوونەوەدا هێزی پێشمەرگە بەسەر هێزەکانی کۆمیتەی ناوەندیی دەربەندیخاندا سەرکەوتن؛ ئەو پێکدادانانە وێڕای ئەوەی کە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە دەستی پێ کرا بوو، شەپۆلێکی بەربڵاوی پڕوپاگەندەی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن حزبە کۆمۆنیستەکانەوە لە سەرانسەری جیهاندا دروست کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان بەئازاردانی کۆمۆنیستەکان تاوانبار کرا. ئەو دەمە حکوومەتی عیراق بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنیی بۆ کوشتاری کورد لە سۆڤیەت وەرگرتبوو[٢]» کە بێ گومان پڕوپاگەندەی بەربڵاوی دژی پارتی دیموکرات کاریگەریی لەسەر ڕووس دانا. هاوسنووریی کوردستان و سۆڤیەت و نیشتەجێ بوونی ناچاری و درێژخایەنی بارزانی و هاوڕێکانی لە وڵاتی سۆڤیەتدا، هۆکارێکی کەڵک وەرگرتن و دەست تێوەردانی ڕووسیە بوو لە کوردستان و، بەگشتی هەموو سیاسەتە دەرەوەییەکانی سۆڤیەت بەرامبەر بەکورد لەو ساڵانەدا، بەنیسبەت حکوومەتی بەغداوە دادەڕێژرا. سۆڤیەت تەنیا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی و بەکارهێنانی کورد بۆ پێوەندیی پێوەگرتن، ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بۆ فریودانی بیروڕای گشتیی جەماوەری کورد بەکار دەهێنا. پێداچوونەوەیەک بەپێوەندیی نێوان سۆڤیەت و کورد ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە؛ کە ئەو پێوەندییانە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا بەچەندین قۆناغی خۆش و ناخۆشدا تێپەڕیون.

تا پێش شۆڕشی ١٤ی جوولای ١٩٥٨ی عیراق، بەهۆی پێوەندیی ڕژێمی پاشایەتیی عیراق لەگەڵ بەریتانیا و دەروەستیی عیراق بۆ پەیماننامەی پارێزگاریی بەرژەوەندیی

١- انصاری، پێشوو، ل ١٨١

٢- کەنداڵ پێشوو، ل ١٩٩، ٢٠٠



ڕۆژئاوا، سۆڤیەت بەبێ گومان و دڵەڕاوکە پشتگیریی کوردی دەکرد و بەو پێیە چەندین حزبی چەپ بەبیروبۆچوونی مارکسیستییەوە لە کوردستان سەریان هەڵدا وەک، کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا. هۆی ئەوەی کە لاوانی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد زیاتر بەرەو لای ئارمانە کۆمۆنیستییەکان دەکشان، ئەوە بوو وایان وێنا دەکرد کە بەگەیشتن بەو ئارمانجانە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەلی کورد کۆتایی دێت.

یارمەتی و پشتگیریی ڕژێمی قاسم لەلایەن سۆڤیەتەوە لە بەرامبەر کورد- کە بۆ گەیشتن بەئامانجە لەمێژینەکانیان پشتیان بەیارمەتی و هاوکاریی سۆڤیەت بەستبوو، بووە هۆی سەرسوڕمانی کورد و جارێکی تر ڕوونی کردەوە وڵاتە زلهێزەکان لە پێوەندییە دەرەوەییەکانی خۆیاندا زیاتر لەوەی ئەخلاقی ئینسانی و وەفاداریی خۆیان بپارێزن و پشتیوانیی گەلانی چەوساوە و بن دەست بکەن، بەدووی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن. پێنج ساڵ پاش سەرکەوتنی قاسم واتە ٨ی فێڤریەی ١٩٦٣ ئەفسەرە بەعسییەکان لە کودەتایەکدا ڕژێمی قاسمیان ڕووخاند و قۆناخێکی پڕ لە ترس و تۆقین باڵی بەسەر کوردستاندا گرت. لەو قۆناخەدا ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری خەڵکی عیراق لەناوچوون. ئەمجارەیان قوربانییەکانی ڕژێمی بەغدا تەنیا کورد نەبوون، بگرە کۆمۆنیستەکانیشی گرتەوە و نزیکی ٧٠٠٠ کەس لەو قوربانییانە کۆمۆنیست بوون[١].

کوشتاری کۆمۆنیستەکان لە عیراق بووە هۆی تێکچوونی پێوەندییەکانی مۆسکۆ و بەغدا و جارێکی تر ڕژێمی بەغدای لەبەرچاوی مۆسکۆ خست. ڕادیۆی مۆسکۆ لە ١٤ی فێڤرییەی ١٩٦٣دا ئەو هەواڵانەی لەلایەن میدیاکانی ڕۆژئاواوە بڵاوکرانەوە و ئەو کردەوانەی بەرامبەر بەلایەنە دیموکراتەکان ئەنجام دەدران، بڵاوکردەوە[٢]» ماوەیەک پاش ئەو ڕووداوە مۆسکۆ هەڵوێستی بەسوودی کورد نواند: شێوەی «بزووتنەوەی کورد لە بنەماوە بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکە». سۆڤیەت بەغدای تاوانبار کرد کە بەبێ هیچ بەڵگەیەک هەوڵ دەدات: «ڕێبەرانی نەترس و ئازای ئەو بزووتنەوەیە بە کرێگرتەی ئیمپریالیزم دابنێت[٣]». پاش گرژبوونەوەی تەواوەتی پێوەندییەکان ١٠ی ژووئەنی ١٩٦٣ دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت نهێنکاریی خستە لاوە و ڕای گەیاند دەوڵەتی بەغدا

١- کەنداڵ، پێشوو، ل ١٩١

٢- ساڵح مەلا عومەر پێشوو

٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٠٠ و ٢٩٩

تەنیا بەمەبەستی بەهێزکردنی خۆی لە بواری چەکدارییەوە و پێکەوەنانی هێزی زیاتر بەمەبەستی شەڕ لەگەڵ کورد کەوتووەتە وتوویژ و تاوانباری کرد کە ڕەفتارەکانی هیتلەر پەیڕەوی دەکات. بەمەرجێ کە وڵاتی سۆڤیەت بەڕاستی دژ بەڕەفتارەکانی ڕژێمی عیراق بەرامبەر بەپارتی دیموکرات بوایە، دەبوو زۆر زووتر بەرامبەر بەزەبروزەنگی عەرەب کە بەمەبەستی نابووتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەنجامیان دەدا هەڵوێستی بنواندایە و بەئاشکرا مەبەستی خۆی دەربڕیبا. چونکە لەمێژ بوو ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی عیراق، ستراتیژیی سەرکوتکردنی کورد و بارزانییەکانیان گرتبووە بەر.

بەپێچەوانەی حکوومەتی سۆڤیەت، وڵاتانی ڕۆژئاوا بەڕووخانی ڕژێمی قاسم گەلێک خۆشحاڵ بوون؛ بەپەرەسەندن و توندبوونەوەی شەڕی پڕوپاگەندەیی یەکێتیی سۆڤیەت دژی عیراق لە مانگەکانی جولای تا نۆڤەمبەری ١٩٦٣، ئەمریکا زۆر خۆپارێزانە پێوەبوو کە لە شەڕی ناوخۆی عیراقدا لایەنی هەڤاڵبەند بۆ خۆی بدۆزێتەوە و جێگای سۆڤیەت لە حکوومەتی عیراقدا بگرێتەوە. کودەتای فێڤرییەی ١٩٦٣ بەو ڕادەیەی کە مەودای خستە نێوان عیراق و سۆڤیەت، بەو ئەندازە پێوەندیی نێوان عیراق و وڵاتانی ئەندامی پەیمانی سێنتۆی پتەو کردەوە[١].

دەوڵەتی بەریتانیا فڕۆکەی شەڕکەری بەدەوڵەتی بەعس دەفرۆشت بۆ ئەوەی ناوچە کوردنشینەکان بۆمباران بکات و ئەمەش بەشێک بوو لە ڕێککەوتننامەکەی دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوەی پەیمانی ناوەندی (سێنتۆ) و مەبەست لەو کارەش بەرگری گرتن لە چالاکیی ناسیۆنالیستی کورد بوو. لە سەروبەندی دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادان لە باکوری عیراقدا، حکوومەتی سۆڤیەت کە جێگا و دەسەڵاتی خۆی چۆڵ کردبوو، لە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی و بەهۆی هەواڵنێری (تاس)ەوە ڕای گەیاند کە یەکێتیی سۆڤیەت ناتوانێ گوێ لەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ لە عیراقدا ڕوودەدەن بخەوێنێت، چونکە سیاسەتی دەوڵەتی عیراق هێمنایەتی و ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە مەترسییەوە[٢].

سیاسەتی دژکارانەی حکوومەتی عیراق بەرامبەر بەکۆمۆنیستەکان و توندوتیژیی لە ڕادەبەدەری لە سەرکوتکردنی حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکان، بووە هۆی ئەوەی گرژبوونی پێوەندیی نێوان سۆڤیەت و عیراق، ئەو دوو حکوومەتەی لە سەردەمە جیاجیاکاندا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد دەستیان لەناو دەستی یەکتری نابوو،

١- هەمان، ل ٢٩٨

٢- کەندال، نازدار، وانلی، پێشوو، ل ١٩١



هەنووکە لێک دوورکەوتبوونەوە و بەرامبەر بەیەکتر وەستا بوون. دەوڵەتی سۆڤیەت هەوڵی دا بەچالاکیی نێونەتەوەیی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر ڕژێمی عیراق، بەو پێیە کۆماری مەگوولستانی هەڤاڵبەندی سۆڤیەت، کۆتایی مانگی ژووئەن داوای لە ئۆتانت، سکرتێری ئەو کاتەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کرد کە «سیاسەتی کۆمەڵکوژی (ژینۆساید) حکوومەتی عیراق دژی گەلی کورد» بخاتە ناو دەستووری کۆبوونەوەکانی داهاتووی کۆڕی گشتیی ئەو ڕێکخراوەوە[١]. بەم پێیە بۆ یەکەم جار و لە هەلومەرجێکی ناسک و ئاڵۆزدا وڵاتێکی ئەندامی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە کرد کە کێشەی کورد بێننە ئاراوە. ئەگەرچی ئەو پرۆژەیە دواتر لێی نەپرسرایەوە، بەڵام نواندنی کێشەی کورد و بەئاگاکردنەوەی بیروڕای گشتیی جیهان کاریگەرێتیی زۆری هەبوو. ئەو کاتەی کە ئاندرێ گرۆمیکۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت نامەیەکی دەنگ هەڵبڕینی دایە باڵوێزی عیراق لە وڵاتەکەیدا و تێیدا بەشێوەی ڕەسمی نارەزایی دەوڵەتەکەی بەرامبەر بەڕووداوەکانی کوردستان دەربڕی، تەنگژەی نێوان هەردوو وڵاتەکە چووە قۆناخێکی نوێوە[٢]».

هەمان ڕۆژ و هاوکاتی ئەو ڕووداوانە، نیکۆلای فێدرینکۆ، نوێنەری هەمیشەیی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، نامەیەکی دایە سکرتێری ئەنجوومەنی ئاسایش و سەرنجی بۆ «ستەم و سەرکوتی دەوڵەتی عیراق لە باکوری ئەو وڵاتەدا» ڕاکێشا و هەروەها ئاگاداریشی کردبووەوە کە وڵاتە بیانییەکان دەستیان خستووەتە ناو کاروباری ئەو وڵاتەوە، لە ئەنجامیشدا بەو ئاکامە دەگات کە لەوانەیە بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەو قۆناخە ئاڵۆزە بدرێت، ئەنجوومەن کۆبوونەوەیەک ساز بکات. هەروەها هەڕەشەی کرد بوو کە بەمەرجێ بەردەوامبوونی دەستێوەردانەکان لەلایەن بیانییەکانەوە لەو ڕووداوانەدا وڵاتانی تر ناچار دەکات کە بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشەیە و بەمەبەستی بەرگریکردن لە ئاسایش و هێمنایەتیی، بێنە نێو کارەکەوە[٣]. ماوەیەک پاشتر دەستەی نوێنەرانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئەنجوومەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا UNESCO پێشنیازی کرد کە سیاسەتی ژینۆسایدی عیراق بخرێتە دەستووری کاری ئەو

١- ساڵح مەلاعومەر، پێشوو، ل ١٥٦ حەسەن ئەرفەع پێشوو، ل ١٣٧

٢- درک کنیان، کرد و کردستان، ئیبراهیم یونسی، ل ١٥٩ و ١٦٠

٣- کۆچرا، پێشوو، ل ٣٠١

ئەنجوومەنەوە. وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی سەرنجی عیراق بەرەو خۆیان ڕابکێشن و ڕکەبەرایەتیی سۆڤیەت بکەن ئەو پێشنیازەیان ڤیتۆ کرد[1].

لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرا، یەکێتیی سۆڤیەت و دەوڵەتە هەڤاڵبەندەکانی لەسەر داخوازییەکانی خۆیان سەبارەت بەهێنانە ئارای کێشەی کوردستان لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێ دابگرن و ئەو دەورەی خۆیان بەنیسبەت گۆڕانکارییەکانی عیراق و بزووتنەوەی کوردەوە بگێڕن کە پارێزگاری لە مافی گەلی کورد لەو قۆناخەدا بکەن، ڕووداوەکان ڕەوتێکی نوێیان بەخۆوە گرت و جارێکی تر بەرژەوەندی و مافەکانی گەلی کورد کرایە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی سۆڤیەت. ترس لە دژەکردەوەی وڵاتە عەرەبییەکان کە بزووتنەوەی کوردی بەڕەسمی نەدەناسی، بووە هۆی ئەوەی سۆڤیەت واز لە داخوازیی خۆی لەمەڕ هێنانە ئارای کێشەی کورد لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بهێنێت. «لە ئەنجامدا مەگوولستان ڕایگەیاند کەوا پێ داناگرێت لەسەر ئەوەی پێشنیازەکەی لە دەستووری کاری کۆبوونەوەکەی سێپتامبەردا بگونجێندرێت[2].» ئەوەی کە بۆ چی لەو کاتە ناسک و هەستەوەرەدا کە سۆڤیەت بەمەرجێ بیویستبا دەیتوانی لە پێناوی بەکردەوەکردنی دروشمەکانی خۆی لەمەڕ پاراستن و پشتگیری کردنی مافی گەلە چەوساوەکان کێشەی کورد لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بهێنێتە ئاراوە، کشایەوە و گوێی لێ خەواند، پرسیارێکی گرینگە کە بۆ وەڵامدانەوەی، دەبێ ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەیی سۆڤیەت بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. سۆڤیەتییەکان ئاگاداربوون لە ئەورووپا و وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵ دەدەن دۆست و هەڤاڵبەندی تازە لە دونیادا پەیدا بکەن و هەوڵەکانیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەوان پێشکەوتووترە، بەم پێیە، بەمەرجێ حکوومەتی سۆڤیەتی لە هێنانە ئارای کێشەی کوردستان دەستی هەڵنەگرتبا و زیاتر لەوە پاڵەپەستۆی بخستایەتە سەر عیراق، دەرفەتێکی باشی دەخستە دەستی ڕکەبەرە ڕۆژئاواییەکانی خۆی تا بەقۆستنەوەی هەلەکە و (بەبیانووی) پارێزگاریکردن لە مافەکانی عیراق وڵاتە عەرەبییەکان، بەرەو خۆیان ڕابکێشن؛ وێڕای ئەوەش خروشچۆف سیاسەتی دەرەوەیی خۆی لەسەر بنەمای پاراستنی پێوەندییە بازرگانی و دیپلۆماتیکییەکان لەگەڵ وڵاتە کاپیتالیستییەکان دامەزراند بوو و دەیویست زۆرترین سوود لەو پێوەندییانە وەربگرێت، کەوابوو پشتگیریی کورد لەلایەن سۆڤیەتەوە تەنیا لە

---

١- کنیان، پێشوو، ل ١٦٠

٢- هەمان، ل ١٦٢



چوارچێوەی دروشمدا مایەوە و هەرگیز بەکردەوە نەکرا. ئەو دروشمانەش تەنیا تاکتیکێکی سیاسی بوون بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر ڕژێمی عیراق و سوودی ئابووری و سیاسی و ستراتیژیی لێ وەربگرێت. ئەگەر ئەوەش نەبوایە و سۆڤیەت لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی پێداگر بوایە، تورکیا لە پێناو بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی خۆیدا بەهۆی ئەندامێتی پەیمانی ئەتلەنتیکی باکور (ناتۆ)، بەتوندی بەرامبەر بەسۆڤیەت هەڵوێستی دەگرت و ئێرانیش کە لەلایەن ئەمریکاوە بەجیدی پشتیوانی دەکرا و دژ بەو پرۆژەیە دەنگی هەڵدەبڕی؛ بەم پێیە ململانێی نێوان زلهێزەکان لە سەردەمی شەڕی ساردا بەربەستێک بوو لە بەردەم ئەوەدا کە سۆڤیەت بتوانێ بەشێوەیەکی جیدی پشتگیریی مافی کورد بکات. «هەوڵەکانی عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی عیراق لە ١٨ی نۆڤەمبەری ساڵی **١٩٦٣**دا بۆ لە سەرکارلابردنی ژەنەراڵ حەسەنولبەکری سەرۆک وەزیران و سەرلەبەری تاقم و لایەنە بەعسییە دەسەڵاتدارەکان زەمینەی بۆ هێنانە سەرکاری تاقمێکی تر لە گۆڕەپانی دەسەڵاتی سیاسیی عیراقدا ئامادە کرد و گرینگترین بەرنامەکانی حکوومەتی بۆ دروستکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکاندا تەرخان کرد[1]». بەهۆی دروستبوونەوەی پێوەندیی نێوان عیراق و سۆڤیەت، خروشچۆف بڕیاری دا بەشێوەیەکی بەربڵاو یارمەتیی عیراق بدات و بەبێ هیچ مەرج دانانێک یارمەتیی سەربازی بدات. تەنانەت پێوەندییەکانی هەردوو لا تا ڕادەی پێوەندییەکانی سەردەمی قاسم بەرەو باشبوون چوو. سیاسەتی تەواوی سۆڤیەت سەبارەت بەعیراق ئەوە بوو لەو وڵاتەدا دەوڵەتێکی لایەنگری خۆی دامەزرێنێت؛ بەمەرجێک دەوڵەتی عیراق بەپێی ئامانجەکانی سۆڤیەت بگەڕابا، سۆڤیەتییەکان نەک هەر پشتگیریی کوردیان نەدەکرد بگرە چەک و کەرەستەی شەڕی دەدایە عیراق و بۆ سەرکوتکردنی کورد هاوکاریی دەکردن. ئامانجی سەرەکیی سۆڤیەت بۆ پەرەدانی دەسەڵات لە کوردستان و عیراقدا بەڕادەی یەکەم بەرگری لە گەمارۆی سیاسیی وڵاتەکەیان بوو تاکو لەو ڕێگەوە نەهێڵن وڵاتانی عەرەب و دەڤەری کەنداو و عیراق پاڵ بەئۆردووگای ڕۆژئاواوە بدەن کە بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لەلایەن ئەو ئۆردووگایەوە بەشێوەیەکی جیدی هەڕەشەی لێ دەکرا و دووەم شت نەوت بوو کە هۆکاری هەرە سەرەکیی گەشەدانی پیشەسازی وڵاتانی پیشەسازیی جیهان بوو، سۆڤیەت تێ دەکۆشا بەکۆنترۆڵی سەرچاوە نەوتییەکانی عیراق، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و دەروونییەوە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر

---

١- کەنداڵ، نازدار، وانلی، پێشوو، ل ١٩١

وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەو شێوە ڕێگا بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی خۆی لە ناوچەکانی تری جیهاندا خۆش بکات و لە ئاکامیشدا سیاسەتڤانانی سۆڤیەتی لەو پاڵەپەستۆیە بۆ تێکدانی یەکێتیی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و دوورخستنەوەیان لە ئەمریکا کەڵکی وەرگرت.

دیاریکەری سیاسەت و بەرنامە و گەڵاڵەکانی سۆڤیەت سەبارەت بە عیراق حکوومەتەکانی کە سەرچاوە نەوتییەکان و پاوانکردنی ئەو سەرچاوانە لەپێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە درێژخایەنەکانی سۆڤیەت لە مەیدانی ململانێ جیهانییەکاندا بوو کە نەوت لەو مەیدانەدا دەورێکی گرینگی دەگێڕا، نەک پشتگیریی گەلی کورد.



### د: ئەمریکا و کوردستانی عیراق

دەرکەوتنی ئەمریکا لە پێوەندی و ڕکەبەرایەتییە جیهانییەکاندا هاوکات بوو لەگەڵ قۆناخێکی نوێی کۆلۆنیالیزم کە بەکۆنیالیزمی نوێ ناودارە. لەو شێوازە نوێیەدا وڵاتانی زلهێز بۆ پاراستن و پەرەدانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان شێوازە کۆنەکان و بەتایبەت شێوازی پێوەلکاندنی جوگرافییان وەلاوەنا، شێوازی نوێ بریتییە لە گرتنە دەستی دەسەڵات بەشێوەی ناڕاستەوخۆ. لەو قۆناخە نوێیەدا تەشەنەکردن و گرتنەدەستی ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وڵاتانی بندەست بووە سەرەکیترین کەرەستەی زلهێزەکان، کۆلۆنیالیستی نوێ بەکورتی بریتییە لە کاریگەرێتی دانان بەشێوەی ئاگایانە و مەبەستمەندی وڵاتە زلهێزەکان لەسەر دامەزراوە سیاسی، ئابووری، کولتووری و سوپاییەکانی وڵاتێک بۆ کۆنترۆڵکردنی هێزی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە. لە جیهانی ئەمڕۆدا دیاردە ئابووری و تەکنۆلۆژیکییەکان یەکجار لێک ئاڵاون و دیاردە کۆنترۆڵییەکان سیما و ڕواڵەتێکی تریان لەخۆ گرتووە. هێمنایەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەم بۆ وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن پیشەسازی و هەم بۆ وڵاتانی پەرە نەسەندوو گرینگییەکی زۆری هەیە. بۆ نموونە وڵاتانی خاوەن پیشەسازی هەرگیز ناکەونە بەر هەڕەشەی سوپاییانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام بەهۆی هەڕەشە لێکردنی گەمارۆی نەوتەوە خەسارەیان لێ دەکەوێت[1].

هەر بەم پێیە وڵاتە زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕکەبەرایەتییان کردووە و هەوڵی زۆریان داوە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی، سیاسەتی نوێ دابڕێژن. ئەمریکا زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر بۆ دەسەڵات گرتنەدەست لەو ناوچەیەدا هەوڵی دەدا: ئەگەرچی تا ساڵی ١٩٤٥ ئەمریکا لە ڕووی دیپلۆماسییەوە پەرەی نەگرتبوو و خاوەن دەزگایەکی زانیاری دەرەوەیی وەک ئینگلیز نەبوو و کەسانی پسپۆڕی پەروەردە نەکردبوو و توانای بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتیی یەکجارگرینگی پاش شەڕی جیهانیی دووەمی تێدا بەدی نەدەکرا، بەڵام لەو کاتەوە تا هەنووکە ئەمریکییەکان گەورەترین و بەربڵاوترین کادیریان لە بواری دیپلۆماسیدا پەروەردە کردووە. سەرەکیترین بوارەکانی سیاسەتی دەرەوەیی ئەمریکا بریتین لە مەسەلەی سوپایی، سیاسی، ئابووری و ئایدۆلۆژیکی[2]. کوردستانی عیراق

١- جلیل ڕوشندل، امنیت ملی و نظام بین المللی، (تهران، سمت، ١٣٧٦) ل ١٧٢
٢- فرانکل، پێشوو، ل ١٨٠

بەهۆی هەڵکەوتەی ستراتیژیک و هەروەها سەرچاوەی بەرفراوانی نەوتەوە، بەردەوام سەرنجی ئەمریکای بەرەو خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام ئەمریکا تا حەفتاکان دەورێکی ئەوتۆی لە کوردستاندا نەگێڕا، چونکە تا ئەو کاتە دەوڵەتی ئینگلیز سەرپەرشتیاری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بووە لە ناوچەی کەنداوی فارسدا. بەڵام بەچوونە دەرەوەی هێزەکانی ئینگلیز لە ناوچە (١٩٧١) ئەو هاوکێشە تێک چوو و کێسەنجەر بەدانانی شای ئێران وەکو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ژاندارمی ناوچەکە، پرۆژەکانی خۆی جێبەجێ کرد. لە ڕوانینی ئەمریکاوە پاراستنی ئەو بارودۆخە و هێمنایەتیی سیاسیی ناوچەکە بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا، گرینگییەکی تایبەتی هەبوو[١].

بەهۆی گرژبوونی پێوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە عیراق و شەڕی حەفتاکان، ئەمریکا هاتە مەیدانەوە و هەوڵی دا بەیارمەتیی محەممەد ڕەزا شا بەسوودی خۆی کەڵک لە شۆڕشی کوردی عیراق وەربگرێت و لە پێناو سیاسەتی ناوچەیی و بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە بەغدادا، هەنگاو هەڵبنێت[٢].

بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٢ی نێوان ئێران و ئەمریکا (سەفەری نیکسۆن بۆ ئێران)، ئێران بەڵێنی دا بەرامبەر یارمەتیی ئەمریکا بۆ ئێران لە بواری ڕاوێژی سوپایی و فرۆشتنی چەک و پێداویستیی سوپایی جگە لە چەکی پێشکەوتووی ناڤۆکی، وێڕای پاراستنی بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ناوچەکە، بەشێوەی نهێنی یارمەتیی کوردی عیراقیش بدات. ئەمەش لە کاتێکدا شا هەرگیز حەزی بەسەرکەوتنی کوردی نەدەکرد و، ئاواتی ئەوە بوو بزووتنەوەی کورد نابووت ببێت.

بەڵام بەو هۆیە، کە سۆڤیەت لەو کاتەدا پشتگیریی عیراقی دەکرد و ئەمریکاش دەیویست وزەی سوپای عیراق لاواز بکات، ملی بۆ ئەو کارە نەوی کرد ١٩٧٢[٣] نیکسۆن، (جان کانالی)ی بۆ یارمەتی ڕاستەوخۆی کورد نارده ئێران، واشینتۆن لە ماوەی ساڵەکانی ٧٥-١٩٧٢دا بڕی ١٦ ملیۆن دۆلار پارە، چەک و کەرەستەی سوپایی ئەمریکایی لە جۆری سیستەمی چەک و پێداویستییە سوپایی ڕووسی و چینی کە

١- همایون، الهی، امپریالیسم و عقب ماندگی، تهران، توسن ١٣٧٢ ج ٢ ێ ٣٠٢

٢- حسین، فردوست، ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، تهران، اطلاعات، ١٣٧٤، ج١و٢ چ ٢، ێ ٥٠١.

٣- غلامرضا نجاتی، تاریخ سیاست بیست و پنج ساله ایران (از کودتا تا انقلاب) تهران، مؤسسه خدمات فرهنگی ڕسا، ١٣٧١، ج ١ و ٢ چ ٣ ێ ٣٥٦



هەمووی لە شەڕی ڤیەتنامدا گرتبوونی، بەهاوکاریی ئێران دایە کورد[١]». ئەگەرچی ئەو یارمەتییە لە ڕووی چەندێتییەوە زۆر نەبوو، بەڵام جۆرێ گەرەنتیدانی لەلایەن ئەمریکاوە دەخستە زەینی پارتی دیموکراتەوە. بارزانی بەپێی ئەزموون و زانیاریی لە شای ئێران و لە ڕووبەڕووبوونەوەکەی لە کۆماری مەهاباد لەگەڵ سوپای ئێراندا هەرگیز متمانەی بە شا نەدەکرد و هەمیشە بەگومانەوە دەیڕوانییە خۆی و مەبەستەکانی. بەڵام هاتنە ناوەوەی ئەمریکا و یارمەتی ڕاستەوخۆی بۆ کورد جۆرێ گەرەنتی بوو. ئەو دەمەی سەدام حوسێن، چووە جێگای خۆی، پێویست بوو ئەمریکا وەکو ڕزگارکەری سوپای عیراق لە شەڕی تێکدەری کورد دەرکەوێت، لەو ڕووداوەدا بەڕاستی کورد بوونە قوربانیی سیاسەتە ماکیاڤیلیستییەکانی ئەمریکا[٢]. بەدوورکەوتنەوەی عیراق لە سۆڤیەت و هەندێ سەرەتی وەرگرتن لە عیراق لەلایەن محەممەد ڕەزا شاوە، لە مارچی ١٩٧٥، بەنێوبژیکەریی سادات و بوومدیەن، لە کۆنفرانسی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک، لە جەزایردا، ئێران لەگەڵ سەدام حوسێن کە بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی لە ناوچەی کەنداوی فارسدا بەڕکەبەری ئەو وڵاتە دادەنرا، ئاشت بووەوە. ئەنجامی ئەو ئاشتبوونەوەیە ئیمزاکرانی پەیماننامەیەکی سنووری و ڕێککەوتنی دراوسێیانە بوو بەناوی (پەیماننامەی جەزایر) شای ئێران بەپێی ئەو پەیماننامە بەڵێنی دا چی تر یارمەتیی کورد نەدات[٣]. بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی نزیکی نێوان ئەمریکا و ئێران و کاریگەرێتیی ئەمریکا لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی شا، دەکرێ بڵێین ئەمریکا لەو بڕیاردانەی شادا دەوری بینیوە، چونکە ئەو دەم سەدام لە سۆڤیەت دوورکەوتبووەوە و ئەمریکا بەپێویستی دەزانی سیاسەتی لاواز و لەناوبردنی توانایی سوپایی عیراقدا، بچێتەوە و بەپێویستیشی نەدەزانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ وەکو ڕابردوو یارمەتیی کورد بدات: «بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی تایبەتی ئەمریکا لە ٩ی ژانیڤەری ١٩٧٦دا نیکسۆن، کێسەنجەری وەزیری کاروباری دەرەوە و شای ئێران هاوڕا بوون و لەسەر شکانی کورد کارێکیان کرد یارمەتییەکان ئەوەندە بگەنە کورد تا توانایی سوپایی عیراق لە ئاستێکدا ڕابگرێت کە مەبەستیان بوو[٤]» بەم پێیە ئەمریکا بەگرتنەبەری سیاسەتێکی ئاڵۆز و لێڵ و بەدیپلۆماسییەکی نادیارەوە، ئومێدی پشتگیریی

١- فردوست، پیشوو، ل ٣٥٦

٢- کۆچرا پێشوو، ل ٣٥٥

٣- فونتن، پێشوو

٤- نجاتی، پێشوو، ل ٣٥٧

دایە ڕێبەرانی کورد، هەڵبەت دڵپاکیی ئەو ڕێبەرانە و ئاگادار نەبوونی شیاویان لە کاروباری مەسەلە نێونەتەوەییەکان و گەشبینیی لە ڕادەبەدەریان بۆ دیاری کردن و ڕوانینێکی واقیعبینانە بەرەو سیاسەتە نائەخلاقییەکانی ئەمریکا و زلهێزەکانی تری جیهان بوونە هۆی دووپاتبوونەوەی هەڵەکان و بەم شێوە خەسارێکی قورس لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کەوت. هەڵبەت دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیردرێت کە جاروبار بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ئەوەی لەو (داو)انەی کە دەوڵەتی دەسەڵاتداری وڵاتەکەیان بۆیان نابوونەوە، ڕزگار بن، ناچاربوون داوای یارمەتی لە وڵاتە دەسەڵاتدارەکان بکەن. ئەمریکا یاداشتێکی بۆ (ترۆمەن) نارد کە ئەو بابەتەی لەخۆگرتبوو «بەبێ هەبوونی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گران دەتوانرێ بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپا جێبەجێ بکرێت.»

کوردستانیش بەو هۆیەوە کە کەوتبووە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێک لە ناوچە ستراتیژییەکانی جیهان بوو، بووە مەیدانی کێبەرکێی دوو زلهێزی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئەو سەردەمە. هۆکاری سەرەکیی ڕکەبەرایەتی و دەستێوەردانی هەر دوو زلهێزی ئەمریکا و سۆڤیەت لە سەردەمی شەڕی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاوانی سەرچاوە نەوتییەکان و بازاڕی ئابووری و دۆزینەوەی لایەنگری سیاسی و ستراتیژی بوو بۆ خۆیان، کە ئەو مەبەستەش بەکەڵک وەرگرتن لە دوژمنایەتیی نێوان وڵاتانی ناوچەکە دەهاتە دی[1].» لە ناوچەی کەنداوی فارسیشدا بەهۆی ڕکەبەرایەتیی هەردوو زلهێزەکەوە خەریک بوو تەنگژەیەک لە نێوان ئێران و عیراقدا ڕووی دەدا؛ تەنگژەی کوردستانی عیراق و ناڕازیبوونی کورد لەو هەلومەرجەی ئەو کاتە، بارودۆخێکی گونجاوی بۆ ئەمریکا دروست کرد تا لە ڕێگەی ئێرانەوە بەکەڵک وەرگرتن لە دیپلۆماسیی نهێنی، تا هەر کاتێک بیەوێ یارمەتیی کورد بدات، ئەمریکا زۆر بەئاسانی ڕووکردی خۆی بەرامبەر بەبزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەسوودی پشتگیریی هێمنایەتی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق دەگۆڕی؛ ئەمریکا و شای ئێران هەموو هەوڵەکانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ناوچەی کەنداوی فارسدا کەم بکەنەوە[2]. هۆی ئەوەی کە

١- البکرە ترکانی، نظری اجمالی بەژئوپلتیک جهانی در قرن اخیر، تهران، سازمان جغرافیایی نیروهای مسلح، ١٣٧٧ چ ٢ ص ٢٩

٢- دیشنەر، پێشوو، ل ٢٣٤



پشتگیریی کوردیان دەکرد ئەوە بوو دەیانزانی کورد لە ماوەی خەباتی ڕابوردووی خۆیاندا زەبری قورس و کوشندەیان لە سوپای عیراق داوە کە سوپای دۆست و هەڤاڵبەندی سۆڤیەتە. هەروەها زۆرجار بوونەتە هۆی ڕووخانی ڕژێمە جیاجیاکانی ئێران. بەڵام ئەوان هەر کاتێ بە مەبەستەکانی خۆیان دەگەیشتن کوردیان لە بەردەم سوپای عیراقدا جێ دەهێشت. تەفرەدانی (گەل)ێک تا سنووری نابووتبوون و توانەوە لە پێناو ئامانجی سیاسی و وەدەستخستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی بێ ویژدانی و بێ مروەتیی تەواوە و بێ گومان ئەو شێوە بۆچوونە نەگریسترین فیکرەی سیاسییە لە جیهاندا و ئەوەش هەمان سیاسەت و بۆچوون بوو کە ئەمریکییەکان بەرامبەر بەگەلی کورد جێبەجێیان کرد.

ڤیلیام سافیر، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی، لە دوو وتار لە ژێر ناوی خەیانەت بەکورد لە (فێڤرییەی ١٩٧٦) کیسەنجەر و جراڵد فۆردی تاوانبار کرد و نووسیی «ئەگەر سەرۆک کۆمار دەیەوێ لە بەرگریکردن لە خەیانەتکردن بە کورد شای ئێران بە بەرپرس بزانێت کەیفی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر دەیەوێ نکوولّی لەو کردەوە ناپەسەند و نائەخلاقییە لە لایەن ئەمریکاوە بکات، پێویستە ئەو ڕاوێژکارەی کە لەسەر ئەو بابەتە پێداگریی دەکرد (واتە کیسەنجەر) لەسەر کار لاببات[1].» ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کێشەی کورد بووبووە مەسەلەی گرینگی ڕۆژ لە میدیای ئەو وڵاتەدا. لەو بارەیەوە ئیدمۆند غەریب، ڕۆژنامەنووسێکی تری ئەمریکایی نووسیبووی: «بارزانی متمانەی بە شا نەدەکرد» ئەو وای دەزانی ئەمریکا پشتی دەگرێت یان لانی کەم پشتگیریی هێزەکانی دەکات، لە وتووێژیکدا کە لە سێپتامبەری ١٩٧٦ لەگەڵ بارزانی کراوە، بەم شێوەیە و بەکورتی ڕای خۆی دەربڕی: ئێمە پشتمان بەئەمریکا ئەستوور بوو؛ ئێمە هەرگیز متمانەمان بە شای ئێران نەبوو[2]» بەهاتنە ئارا و پەرەسەندنی دوو سیستەمی جیاوازی سۆسیالیستی و کاپیتالی زۆربەی تەنگژە و ناکۆکییە ناوچەیی و جیهانییەکان بەهۆی تێکچوون و گرژبوونەوەی پێوەندیی و ڕکەبەرایەتیی ئەو دوولایەنە ڕوویان دەدا. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە ناوچەیەکی ستراتیژیک و بەپیتی سروشتی بوو؛ لە سەردەمی شەڕی سارددا گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو. سەبارەت بەهەلومەرجی عیراق، ئەوان دەیانزانی ئاگربەستی نێوان عیراق و کورد ماوەیەکی زۆر

١- هەمان، ل ٣٦٢-٣٦١

٢- نجاتی، پێشوو، ل ٣٦٢

ناخـایەنێ، چونکە بەعس مـافـەکـانی گـەلی کـوردیان بەهەند نەدەگـرت و لە بیـانوویەک دەگەڕان مـافی کورد بفەوتێنن و چەندین جاریش بۆ تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی پیلانیـان گـێـڕا کە پیـلانەکـان دەبووە هۆی گرژبوونەوەی زیاتری پێـوەندی. نیکسـۆن و کیسەنجەر بۆ نانەوەی شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان کورد و بەعسی لایەنگری سۆڤیەتدا بەشداری ڕاستەوخۆی شەڕیان نەکرد و بۆ بەرگری لە دووپاتبوونەوەی شەڕێکی وەکو شەڕەکەی ڤیەتنام، یارمەتییەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ کورد دەنارد.

ئەو دەمەی سەدام حوسێن دەسەڵاتی کاروباری عیراقی گرتە دەست، ماوەیەک پاشتر لە جەزائیر و لە پەراوێزی دانیشتنەکانی بەرپرسانی ئۆپێکدا، شای ئێرانی وەکو (برا) گرتە باوەش؛ کەم کەس وای بۆ دەچوو پاش ئەو دیدارە کێشەکان نەمێنن و تەنیا گەلێک کە زۆرترین خەساری لە ئاکامی ئەو دیدارە لێ کەوت کورد بوو. ئەوان لەو پەیمانەدا ڕێک کەوتن ئەگەر کورد دەست لە شەڕ دژی سەدام نەکێشنەوە ئەوا ئێرانیش دژی کورد لە شەڕدا بەشداری دەکات. لەو کاتە بەدواوە سەدام بەسیاسەتەکانی ئەمریکا جووڵایە و دەستی لە سیاسەتی دەرەوەی پێشوو هەڵگرت. «خەبات بۆ ڕزگاری فەلەستین، ئەگەرچی لە سەرەتاشدا دروشم بوو، بەڵام بەشێوەی ڕەسمی وازی لێ هێنرا. پشتیوانی لە دەوڵەتە خۆپارێزەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا جێگای دروشم و لایەنگری بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهانی عەرەبی گرتەوە. دروشمی پەرەدانی شۆڕش لە جیهانی عەرەبیشدا جێگای خۆی دایە بەرگری شۆڕشی عیراق و بێ بەڵێنی لە جێگای خەباتی دژی ئیمپریالیزم بووە ستراتیژی نوێ. لە جێگای پەرەپێدانی پێوەندی لەگەڵ گەلی عەرەبدا جەخت لەسەر پەرەدانی پێوەندی لەگەڵ هەموو جیهان دەکرا[1]» لە(١٩٧٧) عیراق ژمارەیەکی زۆری لە کۆمۆنیستەکان کوشت و بەم پێیە ئەمریکا بەئامانجەکانی خۆی لە عیراقدا گەیشتبوو و ڕازی نەبوو کە سوپای عیراق بەتەواوی نابووت بکرێت؛ چونکە دەیتوانی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای سووریا کە وڵاتێکی بەهێزی ناوچەکە بوو، کەڵک لە سوپای عیراق وەربگرێت.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر هەموو جیهاندا، ڕووسیە ئیدی نەیتوانی وەکو ڕکەبەرێکی بەهێزی ئەمریکا هەوڵ بدات بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا

١- ولدانی، جعفری، روابط عراق و کویت، تهران دفتر مطالعات سیاسی وین، ص ١٣٩، الهلی، ١٣٦٩



دەسەڵاتی خۆی پەرە پێ بدات. نیشـانەیەکی ئەو نابەرابەرییە ئازادیی کردەوە بوو کە ئەمریکا بەهۆی تەنگژەکانی کەنداوی فارس بۆ ڕێبەرایەتی کردنی هێزە فرە نەتەوەییەکان دژی عیراق بەدەستی هێنابوو. ئێستا ئەمریکا دەسەڵاتی بەهێز و بێ سێ و دووی ناوچەکەیە و گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عیراقی بەباشی خستبووە ژێر چاودێرییەوە. هەنووکە ئەمریکا هێڵێکی دژەفڕینی لە خولگەی ٣٦ دەرەجەی باکوری عیراق و ٣٢ دەرەجەی باشووری ئەو وڵاتەدا پێک هێناوە و ئامادەبوونی سەربازیی خۆی لە ناوچەکەدا بەهۆکاری سەرەکی دەزانێت بۆ بەرگریکردن لە تێکچوونی ئەو هێمنایەتییە نێوبەندە (دیفاکتۆ) کە لەوانەیە لەلایەن سەدام و هێزەکانی ڕژێمی بەعسەوە بکەوێتە بەر هەڕەشە[1].»

«هێڵی دژەفڕین لە باکوری عیراق، زەمینەیەکی بۆ کورد پێک هێناوە کە لە پەنای ئەوەدا جۆرێ لە سەربەخۆیی دەستەبەر بکەن و تاڕادەیەک ئاکام و بەرهەمی خەباتە درێژخایەنەکانیان وەربگرن، بەکەڵک وەرگرتن لەو هەلومەرجە خولقاوە کوردیش لەسەر داخوازی و داواکانی خۆیان لە حکوومەتی ناوەندی بەشێوەی جیدی پێداگری دەکەن. ئەو پێداگرییەش تا ڕادەیەک بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی دەیەمی خۆیدا داوای ئۆتۆنۆمیی کوردستانی کرد؛ بەڵام بەهۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتەوە کە لە کۆنگرەی یازدەم و لە ساڵی **١٩٩٣** لە هەولێر بەڕێوە چوو، هەندێ لە حزبەکان هەڵوەشانەوە و چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی ناوبراو داخوازییەکەی خۆی گۆڕی و داوای کرد سیستەمێکی فیدراڵی لە کوردستانی عێرقدا پێک بێت. کورد ئێستا سیستماتیکترین گرووپی دژی سەدامن و خاوەنی توانای سەربازی و چەکدارانەی زۆرن و ئەزموونێکی بەرچاو و گرینگیان بەدەستەوەیە، ئەمریکاش بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی سیاسیی عیراق و پەرەپێدانی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەو ناوچەیەدا دەبێ چاو لە کوردستان خافڵ نەکات». کورد ئەو لایەنەن ئەگەر ئەمریکا دوایین بڕیاری خۆی لەسەر نەهێشتنی ڕژێمی سەدام دەربکات، دەتوانن بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتی نوێوە لە عیراقی پاش سەدام ڕۆڵ و دەورێکی بەرچاو بگێڕن[2].

پاش چەند ساڵ هێمنی و ئاسایش لە کوردستانی عیراق و پێکهێنانی پەرلەمانی

١- ساڵح مەلا عومەر عیسا، پێشوو، ل ١٩٨

٢- هەمان سەرچاوە. ل ١٩٩

کوردستان مانگی مەی ١٩٩٤ ئەو هێمنایەتییە بەشەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان تێک چوو و ناهێمنی ساڵێکی خایاند(*)».

لە ئاکامدا بەناوبژیی ئەمریکا شەڕ کۆتایی پێ هات و دوو ڕێککەوتننامەی "دیرۆگهیدا و دووبلن" لە مانگەکانی ئەگۆست و سێپتامبەری ١٩٩٥دا ئیمزا کران و ئاگربەست ڕاگەیەنرا[١].» سیاسەتی سەرەکیی ئەمریکا ئەمجارەشیان ئەوەیە کورد و کۆنگرەی نەتەوەیی عیراق INC کە لەلایەن ئەحمەد چەلەبییەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت لێک نزیک بکاتەوە و یارمەتییەکانی خۆیشی هەر لە ڕێگای INC وە دەگەیەنێتە سەرهەڵداوان لە عیراق.

هەنووکە یەکێک لە گرینگترین هۆکاری دروستبوون و پاراستنی پێوەندیی ئەمریکا لەگەڵ کوردی باکوری عیراق، مەترسیی پێوەندیی حزبە کوردییەکان لەگەڵ ئێرانە. سیاسەتی سەرەکیی ئەمریکا لە عیراق پاش سەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە شەڕی کەنداو، هێشتنەوەی سەدام بوو لەسەر دەسەڵات بەڵام لە بێ دەسەڵاتیدا. ئەوەی کە مەبەستی ئەمریکا لە هێشتنەوەی سەدام چ بووە، لە کاتێکدا دەیتوانی زۆر بەئاسانی لە دەسەڵات لای ببات(**)، هۆکار و مەبەستگەلێکی زۆری بۆ دیاری کراوە و لەوانەیە گرینگترین هۆکار مەترسیی پەرەنەستاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت لە باکوری عیراق بەهۆی پێوەندی گرتن لەگەڵ کورد. ئەمریکا بەتەواوی لە هاوکاری و هاوپەیمانێتیی حزبە کوردییەکان لەگەڵ ئێران دەترسێت، چون پێوەندیی ئێران لەگەڵ حزبە کوردییەکانی باکوری عیراق بێ گومان کار دەکاتە سەر پێوەندیی نێوان ئەو وڵاتە و شیعەکانی باشووری عیراقیش کە دوژمنایەتییەکی بەرچاویان لەگەڵ ڕژێمی سەدام هەیە و ئەو هەلومەرجەش وا دەکات ئەو هێزانە بتوانن ڕژێمی سەدام لابەن و، بەمەرجی وەها ڕووداوێکیش شیعەکان لە پێکهاتەی دەسەڵاتی داهاتووی عیراقدا بەشێکی بەرچاو دەگرن و گۆڕانکاریی زۆر لە پێوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عیراقدا دێتە ئارا لە ئاکامدا. هەر دوو وڵاتەکە سیاسەتێکی تەبا لەسەر کێشە ناوچەییەکان دەگرنە بەر و ئەمەش بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی دەکاتەوە. هۆکارێکی تر

(*) ئەم بابەتە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام نووسراوە (و.ک)

١- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٣

(**) ئەو بابەتە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام نووسراوە و قسە لەسەر هەلومەرجی پێشووی عێراق و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ساڵە دواییەکانی سەدەی بیستەم دەکات.



بۆ هێشتنەوەی ڕژێمی سەدام ئەوە بوو کە بەمەرجی دابەشبوونی وڵاتی عیراق، ئێران دەبووە دەسەڵاتی بەهێزی ناوچەکە و بەهۆی نەبوونی دراوسێیەکی بەهێزەوە دەوری زیاتری لە دیاریکردنی سیاسەتی ناوچەکەدا دەبینی، ئەوەش بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کەنداوی فارسدا مەترسیی هەبوو.

# ئەنجام و داهاتوو

لەم توێژینەوەیەدا کە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر دەوری بارزانی لە گۆڕانکارییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا ئەنجام دراوە، سەرەتا هەوڵ دراوە بۆ پێکهێنانی کەش و هەوایەکی زەینیی گونجاو بیروڕایەکی گشتی سەبارەت بەڕەوتی وەرچەرخان و گۆڕانکارییە مێژووییەکانی گەلی کورد لە سەردەمەکانی پێش زایینەوە تا کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دوایین میرنشینە کوردەکان بهێنرێتە ئاراوە. کورد یەکەم جەماوەری سەر بەڕەگەزی ئاریان کە توانییان لە ئێراندا حکوومەت پێک بهێنن و پاش شکستدانی سوپای ئاشوور لە ٦١٢ی پێش زایندا باشترین خزمەت بەڕۆژهەڵاتی جیهانی کەونارا بگەیەنن.

بەدەرکەوتنی ئاینی ئیسلام، کوردیش وەکو گەلانی دراوسێیان بەهۆی گیانی تەبایی و هەڤگونجان و لەبەرچاوگرتنی بەرزکرانەوەی دروشمی برایەتیی موسوڵمانان لەلایەن عەرەبەوە، ئاینی، نوێیان قەبووڵ کرد و پاشترین بەبڕوای قووڵەوە و بەهۆی ڕێنوێنییە ئاینییەکانەوە خزمەتی زۆریان بەو ئاینە گەیاند و هەوڵی زۆریان لەپێناوی پاراستنی ئیسلام و وڵاتە ئیسلامییەکان دا. فەرمانڕەوا کوردەکان حکوومەتگەلێکی بەهێزی ئیسلامییان بۆ پاراستنی ئیسلام پێک هێنا و خزمەتی زۆریان بەئاینی ئیسلام کرد. پێکهێنانی دەوڵەتی ئەیووبییەکان و قارەمانێتی نواندنی دامەزرێنەری ئەو حکوومەتە، واتە سەڵاحەدینی ئەیووبی، لە شەڕی خاچپەرستاندا و ڕزگارکردنی بەیتولموقەددەس نموونەی ئەو خزمەت و قارەمانێتیانەیە. گومانیش لەوەدا نییە کە ئاینی ئیسلام بەهۆی پەرەگرتن و تەشەنەکردنی بەشێوەیەکی قووڵ لەناو هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە گۆڕینی زۆربەی چمک و داوونەریتە کۆن و نەگۆڕەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا، بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ زۆربەی کورد موسوڵمان و سەر بەئاینزای شافیعین و ژمارەیەکیشیان جەعفەرین.

نیشتمانی کورد کوردستانە، کە کەوتووەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمڕۆکە لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، تورکیا، عیراق و سووریادا دابەش کراوە.



وڵاتی ناوبراو زۆرینەی هەرەزۆری کوردی جیهانیان لە خۆیاندا جێ کردووەتەوە، هەڵبەت جگە لەم وڵاتانە لە هەندێ لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوینیشدا ژمارەیەکی بەرچاو کورد دەژین. لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی هەندێ هۆکار و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ژمارەیەکی بەرچاوی کورد و بەتایبەت بەرەی گەنج و لاو ڕوویان کردووەتە وڵاتانی ڕۆژئاوا (ئەوروپا و ئەمریکا) و لەوێ نیشتەجێ بوون. کوردستان ناوچەیەکی بەبایەخ و گرینگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە چەند ساڵی دواییدا کێشەی کورد بەردەوام بەیەکێک لە گرینگترین کێشە بنەماییەکانی ئەو حکوومەتانە بووە کە بەشێک لە جەماوەری گەلی کوردیان لە خۆیاندا جێ کردووەتەوە. لەم نێوانەدا کوردستانی عیراق خاوەنی بایەخ و گرینگییەکی مێژوویی و ستراتیژیی تایبەتە، کوردستانی عیراق وەکو دڵی هەموو کوردستان حیسابی بۆ کراوە؛ جگە لە هەلومەرجی ستراتیژیی و بایەخی ئەو بەشەی کوردستان بەهۆی ئەوەی بڕێکی زۆری سەرچاوەی ژێرزەوینیی وەک نەوت بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتە جیهانییەکانەوە سەرنجی پێ دراوە.

لە دووەمین پاژی بەشی سەرەتایی ئەم کتێبەدا، لەسەر ڕەگ و بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کورد کۆڵراوەتەوە و ئەو ئەنجامە کەوتە دەست کە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە کوردستانی عیراق و پێشتر لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دیاردەیەکی یەکجار ئاسایی و ڕسکاوی جیابوونی زمان، کولتوور، مێژوو، داوونەریتی گەلی کورد لە عەرەب و تورک بووە و هەروەها وەڵامیان پەرچەکردارێک بووە بەرامبەر پان عەرەبیزم و و پان تۆرانیزم.

هەوڵی وڵاتە بەهێزە ڕۆژئاواییەکان بۆ لاوازکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دابەشکردنی ئەو حکوومەتە لە ڕێگەی دنەدان و هەڵگیرسانی هەستی نەتەوایەتیی نەتەوە ژێردەستەکانی عوسمانییەوە کاری زۆری کردە سەر پەرەسەندنی بیری ناسیۆنالیستی لە نێوان ئەو نەتەوانەدا و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی.

بێ گومان کوردیش وەک گەلانی تری ژێردەستی عوسمانی بەکەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی خولقاو لە پێناو ئامانجەکانی خۆیدا هەوڵی زۆری دا، بەڵام بەهۆی گرفتەکانی نێو ناسیۆنالیزمی کوردی، ناتەبایی و ناکۆکی نێوان بزووتنەوە و سیاسەتە بەرژەوەندی خوازانەکەی ئینگلیز، کورد نەیانتوانی بگەنە ئامانجەکانیان و نەک هەر دەوڵەتی نەتەوەییان پێک نەهێنا، بگرە نیشتمانەکەیان دیسانەوە لەنێوان وڵاتە نوێکاندا دابەش کرا.

یەکەم ئاخێزگە و ناوەندی ناسیۆنالیزمی کوردی، کوردستانی تورکیا (عوسمانی) بووە. بەکۆڵینەوە لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی ناسیۆنالیزمی کوردی، دەردەکەوێت ناسیۆنالیستە کوردەکان ساڵانێک پێش سەدەی بیستەم کەوتبوونە چالاکی. لەوێوە بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن، بیرۆکە ناسیۆنالیستییەکان تەشەنەی کردە پارچەکانی تری کوردستانەوە. دووەمین پارچەی کوردستان کە تێیدا ناسیۆنالیستە کوردەکان دژی ڕژێمی دەسەڵاتداری ناوەندی سەریان هەڵدا، کوردستانی عیراق بوو. بێ گومان خوو و ڕەوشتی ملهوڕی و میلیتاریستیی ئیمپراتۆریی عوسمانی و پاشتر وڵاتانی وەک تورکیا و عیراق کە لەسەر لاشەی ئەو ئیمپراتۆرییە دروست بوون، کاریگەریی زۆری لەسەر ڕووکردنی گەلی کورد لە ڕێبەرە نەتەوەییەکانیان و پشتگیرییان هەبوو کە لە دواییدا هۆکاری پەرەسەندن و بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی پێک بێنن.

دووپات و چەندپات بوونەوەی بەردەوامی کارەساتی نامرۆڤی بەرامبەر بەکورد لەلایەن حکوومەتانی دەسەڵاتداری عیراق و تورکیاوە لە سەرانسەری سەدەی بیستەم، کوشتنی بەکۆمەڵ، کۆچاندنی زۆرەملێ و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و هەوڵ بۆ سڕینەوەی کولتووری کورد لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی گەڵاڵە و بەرنامە درێژخایەنەکانەوە، گرفت و تەنگژەی بەئەژماری بۆ گەلی کورد هێنایە ئاراوە کە ئەو گەلە بەناچار بۆ ڕزگاربوون لەو پرۆژە نامرۆڤانە ڕابوو و بەشێوەیەکی ئۆتوماتیکی بنەماکانی ناسیونالیزمی کوردی دامەزرا. لە نێوان دەسەڵاتە گەورەکانی جیهاندا، ئینگلیز زیاتر لە هەموویان بووە هۆی ناکامیی چالاکییەکانی لایەنە ناسیۆنالیستە کوردەکان. ئەو وڵاتە وەکو یەکێک لەلایەنە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانیی یەکەم، کاریگەرێتیی زۆری لە دابەشکردنی حکوومەتی بەرین بەڵام داڕماو و گەندەڵی عوسمانی و دنەدانی هەستی ناسیۆنالیستیی نەتەوە ژێردەستەکان و بەتایبەت نەتەوەی عەرەبدا هەبوو، هۆکاریش وەدەستهێنانی بەرژەوەندی و مەبەستە دیاریکراوەکانی خۆی بوو. هۆکاری سەرەکیی دیاریکەری ڕەوتی گۆڕانکارییەکان دەستەبەرکردن، یان دەستەبەربوونی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە بوو، کە بەداخەوە سیاسەتڤانانی ئەو وڵاتە گەلی کورد و ئامانجەکانی ئەو گەلەیان کردە قوربانیی ئەو بەرژەوەندییانە. پشتگیری کردنی ئینگلیز لە پێکهێنانی حکوومەتی عیراق بەسەرپەرشتیاریی بەریتانیا و جگە لە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هیچ پاساو و پاکانەیەک هەڵناگرێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێکهاتەی دانیشتوانی عیراق لە ڕووی نەتەوەیی و ڕەگەز و زمان و ئاینیشەوە پێکەوە جیاواز بوون.



لە ڕاستیدا گەڵاڵەی پێکهێنانی حکوومەتی عیراق و بەدیهاتنی ئەو وڵاتە، گەڵاڵەیەکی مەبەستمەندی گەڵاڵە داڕێژانی سیاسەتی دەرەوەیی بەریتانیا بوو؛ هۆی لکاندنی کوردستانیش بەو وڵاتەوە و ناکامکردنی ناسیۆنالیزمی کوردیش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخ و گرینگیی دەڤەرە نەوتاوییەکانی کەرکووکی سەر بەویلایەتی مووسڵ. هەوڵی کورد بۆ ڕازی کردنی دەسەڵاتە گەورەکان بێ ئاکام مایەوە و خودی ئینگلیز کە بەمەبەستی دژایەتیکردن لەگەڵ عوسمانی، سەرەتا پشتگیریی شێخ مەحموودیان کرد، پاش ئەوەی زانییان شێخ مەحموود داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات، بەخێرایی دەستبەکاری تێک شکاندنی شۆڕشەکەی بوون و بەپشتگیری کردنی حکوومەتی عیراق و جێبەجێ کردنی سیستەمی سەرپەرشتیاری (ئینتداب) و چاودێری کردنی سەرلەبەری وڵاتەکە هەموو سەروەت و سامانی عیراقی چەپاو کرد. ئینگلیز بۆ ئەوەی دڵی فەڕەنسەیان نەڕەنجاندبێت بەشێک لە کوردستانیان خستە سەر وڵاتی سووریا کە لەژێر سەرپەرشتیاریی فەڕەنسەدا بوو و هەروەها لەبەرئەوەی کەمال ئەتاتورک پاڵ بەسۆڤیەتەوە نەدات و دەسەڵاتی سۆڤیەتیش لە وڵاتی تورکیا پەرە نەسێنێت، لە ڕووی دەست و دڵبازییەوە بەشێکی تری کوردستانیشی پێشکەش بەو وڵاتە کرد و کوردی کردە قوربانیی سیاسەتی فراوانخوازی خۆی. جێبەجێ کردنی سیاسەتی دابەشکردن زەمینەی بۆ تەنگژەی و ململانێی جیدی لە کوردستان و بەتایبەتیش لە کوردستانی عیراقدا دروست کرد. بێ گومان کە لە ماوەی شەڕی جیهانیدا و لەگەڵ داگیرکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەلایەن وڵاتە شەڕکەرەکانەوە و ڕوودانی کارەسات و جەنایەتی زۆر لەلایەن سەربازە ڕووسی، ئینگلیزی و فەڕەنسییەکان لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا، کورد کەوتنە خۆ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ڕزگاری و خەبات دژی دەستدرێژی و پاڵەپەستۆ. یەکێک لە گرینگترین ناوەندەکانی خەبات و ئاخێزگەی پێگەیشتنی ناسیۆنالیزمی کورد لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم کوردستانی عیراق بوو. بەهۆی پێکهاتەی عەشیرەیی و دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ڕێبەرە ئاینییەکان لەنێو جەماوەری کوردستاندا، زۆر ئاسایی بوو کە کەسایەتییە ئاینییەکان ڕێبەرایەتیی خەباتی گەلی کورد بگرنە ئەستۆ. خەباتی کورد لە کوردستانی عیراق کە ماوەیەکی زۆر پێش پێکهاتنی حکوومەت لە عیراقدا دەستی پێ کردبوو، پاش پێکهاتنی حکوومەت و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئینگلیز و پێشێلکردنی مافی کورد و ڕێگە نەدان بەدەور بینینی کورد لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی وڵاتی عیراق و بەردەوامبوونی ستەمی نەتەوایەتی لەلایەن حکوومەتە جیاجیاکانی عیراقەوە وای کرد خەباتی گەلی کورد

و بەرخۆدانی ئەو گەلە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر و بەهێزتر بێت. لە بەشی سەرەکیی ئەم نووسراوەیەدا باس لە شوێنگە و دەوری بارزانی لە پێگەیاندن و گۆڕانکاری لە بزووتنەوەی گەلی کورددا کراوە. بارزانی نزیکەی سەدەیەک وەکو ڕێبەری ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی عیراقدا لە خەباتی دژی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی عیراق و هاوپەیمانە دەرەکییەکانیدا دەوری هەبووە. هەلومەرجی تایبەتی جوگرافیایی و شاخاوی بوونی ناوچەی بارزان، پێشینەی مێژوویی بنەماڵەی بارزانی و دەستڕۆیشتوویی ئەو بنەماڵەیە وەکو ڕێبەرانی ئاینیی جەماوەری کوردستانی عیراق و پێوەندیی فیکری و موریدو مورادی کە جەماوەری خەڵکی بەهۆی پێوەندیی شێخەکانی بارزانی لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندییەوە دروستیان کرد بوو، کاریگەرێتیی زۆری بۆ دروستکردنی زەمینەی ڕێبەرایەتیی ئەو بنەماڵە خۆش کردبوو.

یەکەم کەسی ئەو بنەماڵە کە بەشێوەی جیدی کاری سیاسی و چەکداریی دەست پێ کرد شێخ عەبدولسەلامی یەکەم بوو. لە یەکەم پاژی بەشی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەدا لە کورتەباسێکدا سەبارەت بەچۆنێتیی بەدیهاتنی بنەماکانی بزووتنەوەی بارزانی تەنانەت پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و پێکهاتنی حکوومەتی عیراق، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە گرینگترین هۆکار بۆ بڕواپێکراویی شێخەکانی بارزان لەلایەن جەماوەرەوە ودم و پیرۆزیی ئاینی بوو. ساڵانی سەرەتای بزووتنەوەکە سەردەمی ململانێی ناوچەیی بوو. لەو سەردەمەدا هەوڵ درا عەشیرەت و هۆزە ڕکەبەرەکانی نیگەرانی پەرەسەندنی دەسەڵاتی بارزانی سەرکوت بکرێن. چونکە ئەوان بارزانییەکانیان بەهۆکاری کەمبوونەوەی دەسەڵاتی عەشیرەیی خۆیان دەزانی و هەر بۆیەش بەرهەڵستی بارزانییەکان دەبوونەوە. بۆیە گرینگترین لەمپەری بەردەم پەرەسەندنی دەسەڵاتی بارزانییەکان کێشەی ناوخۆیی و بەوتەیەکی تر خەیانەتی سەرۆک عەشیرەتەکان بوو کە جاروبار دژی بزووتنەوەکە پاڵیان بەهێزە هێرشبەرەکانی حکوومەتەوە دەدا و زۆربەی کاتیش تەنیا بەهۆی هاوکاری کردنی ئەوانەوە سوپای عیراق دەیتوانی هێزەکانی بارزانی تێک بشکێنێت، یان لە سنوورەکانی عیراق بیانکاتە دەرەوە.

بەرچاوترین گۆڕانکاری لە بزووتنەوەکەی بارزانی دەرکەوتنی برا بچووکی شێخ ئەحمەد بارزانی لە کاتی هێرشی هێزە هاوبەشەکانی حکوومەت و شێخ ڕەشید لۆلاندا بوو، کە ئینگلیز بەبیانووی لادانی شێخ ئەحمەد لە دین دنەی دەدان، بەناوی جیهادەوە لایەنگرەکانی خۆی بەدژی بارزانی نارده بەرەی شەڕ و بەم شێوە زەمینەی ڕێبەرایەتی



شۆڕش لەلایەن مەلا مستەفاوە خۆش کرا. لەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا بارزانی سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی هێزی چەکدار و کەرەستەی شەڕەوە یەکجار لەلایەنی هێرشبەر کەم هێزتر بوو، چەندین سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراوی بەدەست هێنا.

ئەو ڕووداوە مێژووییە، دەستپێکی زنجیرە ڕووداوێک بوو کە یەک لە دوای یەک بوونە هۆی پێشکەوتن و سەرکەوتنی بارزانی و گەیشتنی بەسەرووترین پلە. ڕێبەری کردنی جەماوەری کوردستانی عیراق و خۆشویستنی ئەو کەسایەتییە لەلایەن جەماوەری بەشەکانی تری کوردستان، هەروەها شێوەی پەروەردە و ژیان و گوزەرانی بنەماڵەی بارزانی و گۆڕانکارییە مێژوویی و کارە تێکدەرییەکانی عوسمانی کە هاوکات بوو لەگەڵ تەمەنی مێرمنداڵیی مەلا مستەفادا، بوونە هۆی ئەوەی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لەگەڵ دایکی خۆی تەنانەت بەندیخانەش بناسێت، هەموو ئەوانە لە پێکهێنانی کەسایەتیی سیاسی و سەربازیی بارزانیدا کاریگەرێتیی بەرچاویان هەبووە و بوونەتە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکە لە ئەستۆ بگرێت.

هاوکات لەگەڵ هاتنی بارزانی بۆ مەیدانی کاروباری سیاسیی عیراق لە دە ساڵی سێهەمی سەدەی بیستەمدا، گرینگترین ڕووداو لە بزووتنەوەی بنەماڵەی بارزانیدا ڕووی دا، چونکە لەو ساڵانەدا بارزانییەکان توانییان ئەو هۆز و عەشیرەتانەی دژی خۆیان بوون، تێک بشکێنن و لەگەڵ عەشیرەتەکانی دەوروبەریاندا پێوەندی دروست بکەن و بازنگەی دەسەڵاتی خۆیان لە سنوورەکانی ناوچەی بارزان ببەنە دەرەوە و بۆ گەیشتن بەشوێنگەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد هەنگاوی پتەو بهاوێژن، ئەمەش ڕووداو و گۆڕانکاریی گرینگ و بنەڕەتی بوو. هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بووە هۆی بەدیهاتنی ناکۆکی و ململانیگەلی تازە لە بەردەم بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەی بارزانییەکان، چونکە ئەو هەوڵدانانە هەرگیز لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا کە سەرپەرشتیاریی حکوومەتی عیراقی گرتبووە ئەستۆ، نەدەگونجان. کەوابوو ئەو دیاردەیە بووە هۆی ناکۆکیی ئاشکرای بەریتانیا لەگەڵ بارزانییەکان و لە ئاکامیشدا بووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی چەکدارانەی نێوان دوولایەن، واتە بارزانی و پێشمەرگە لەلایەکەوە و حکوومەتی عیراقیش بەپشتیوانیی بەریتانیا لە لایەکی ترەوە.

وێڕای ئازایەتی و بوێریی هێزەکانی بارزانی، بەهۆی نابەرابەری و ناهاوسەنگیی ئەم هێزانە لە بەرامبەر دوژمن، لە قۆناخی یەکەمی ئەو پێکدادانە و هۆکارگەلێکی تری وەک

نەبوونی خواردەمەنی و چەک و کەرەستەی شەڕ، بارزانییەکان بەناچاری خاکی کوردستانی عیراقیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە وڵاتی ئێران. بارزانی لە کۆتایی دەیەی سێهەم و سەرەتای دەیەی چوارەمی سەدەی بیستەمدا، بەئاگایی و دەرکی گرفتە ناوخۆییەکانی بزووتنەوە و ڕادەی کاریگەرێتیی سەرۆک عەشیرەتەکان لە هاوڕێیەتی کردن یان نەکردنی بارزانییەکان بۆ بەهێزکردنیان، هەوڵی دا بەهەر شێوەیەک زەمینە بۆ دروستکردنی پێوەندیی نێوان خۆی و سەرۆکی عەشیرەتە گەورە و بەهێزەکان دروست بکات و لە درێژەی ئەو بیرۆکەیەدا زنجیرە سەفەرێکی بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە دەستووری کارەکانیدا گونجاند و تەنانەت پێوەندیی بنەماڵەیی و نەسەبیی لە نێوان خۆی و عەشیرەتەکاندا دروست کرد، وەک عەشیرەتی بەهێزی زێباری و، مەبەست لەو کارەش پتەوکردنی پێوەندیی و بەرگرتن لە پاڵدانی ئەو عەشیرەتانە بەحکوومەتی ناوەندییەوە بوو. ئەگەرچی ئەو هەوڵدانانە بەسوود بوون بەڵام بەتەواوی سەرنەکەوتن و ڕەوتی مێژوویی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق دواتر نیشانیان دا کە زۆربەی دەستە و لایەنەکان لە نێوان پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەرگریکردن لە بەرامبەر حکوومەتدا، یان پاڵ پێوەدان بەحکوومەتەوە و دژایەتیکردنی بزووتنەوەکە، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە مادییەکانیان، پاڵیان بەحکوومەتەوە دا. ئەمەش ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆش بوو کە زۆر جار لە کوردستانی عیراقدا ڕووی داوەتەوە و هۆکارێکی هەرە سەرەکیی بێ هێز و ناکامکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و لە ئاکامیشدا تێکچوون و شکستی بزووتنەوەکە بووە.

خاڵێکی تری شایانی سەرنج، کەش و هەوای نێوان ساڵانی سەرەتای چلەکان و شەڕی دووەمی جیهانییە کە تێیدا بارزانییەکان توانییان هێندە بەهێز کرێن کە حکوومەتی عیراق بەپێشنیازی ئینگلیز هەوڵ بدات بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوە و نوێنەرانی پێوەندی دروست بکات، هەڵبژاردنی ماجید مستەفاش وەک وەزیری ڕاوێژکاری کاروباری کوردستان، بەپێی هەمان سیاسەت بوو. بێ گومان ئینگلیز ئاگاداری ڕادەی دەسەڵات و توانایی ڕاستەقینەی بزووتنەوە و ڕێبەرانی بزووتنەوە بوون و، لەلایەکی تریشەوە دەیانویست بەری تەشەنەی حکوومەتانی تر لە کوردستان بگرن تاکو بەرەیەکی تری شەڕ دژی بەریتانیا لەپاڵ دەڤەرە نەوتییەکانی کەرکووک و مووسڵدا دروست نەبێت، بەم شێوەیە سیاسەتی وتووێژ و ڕێککەوتنی تاکتیکی، نەک وەکو ستراتیژی، بەرامبەر بەبزووتنەوەی بارزانی پێڕەو کرا. جیا لە هێزە چەکدارەکانی بارزانی



هەر لەو ساڵانەدا لایەن و دەستەگەلێکی تر چوونە ڕیزی بەرگریکەرانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردەوە؛ ئەو لایەن و گرووپانە کە زیاتر لە چینی ڕۆشنبیر، خوێندەوار، شاری و چینە ناوەنجی و دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری پێک هاتبوون؛ حزبێکیان بەناوی حزبی (هیوا) پێک هێنا. ئەگەرچی دواتر لەبەر هەندێ هۆ دابەش بوو، کە لە دەقی ئەم نووسراوەیەدا باسی کراوە، بەڵام لە قۆناخێکی زۆر ناسکدا هەوڵی زۆری دا لە پێناو بەهێزکردنی مادی و پشتیوانیی بارزانی و هەروەها پڕوپاگەندەی کولتووری بۆ ناساندن و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی کوردستان و ئاشکراکردنی ڕووداوەکانی کوردستان، ئەم کارەش بووە هۆی بەهێزکردن و هێنانەدیی گۆڕانکارییەکی زۆر لە بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورددا.

قۆناخێکی تری گۆڕانکاری لە خەباتی جەماوەری کوردستانی عیراق ئەو کاتەیە بارزانییەکان چوونە ئێران و پاڵیان بەهێزەکانی کۆماری لاوی مەهابادەوە دا. ئامادەبوونی بارزانییەکان لە خاکی ئێران بەهۆی ئەزموونی سەربازی و پێشینەی شەڕی پێشمەرگایەتی و پارتیزانییەوە بارزانییەکان توانییان ببنە باشترین هێز و لایەنی بەرگریکەر بەرامبەر هەڕەشەی عەشیرەتە نەیارەکانی کۆمار، لەلایەکی تریشەوە حکوومەتی ناوەندی کە هەڕەشەیەکی جیدی بوون لەسەر سیستەمی نوێ، ئەو کاتە هێزەکانی بارزانی بڕبڕەی پشتی کۆماری مەهاباد بوون و ڕێبەرەکەیان یەکێک لە چوار ژەنەراڵەکەی ناو سیستەمی کۆمار بوو، ئامادەبوونی بارزانی و هاوڕێکانی لە ئێران و لە پەنای کۆماری مەهاباد کە خۆیان بووبوونە پارێزەری کۆمارەکە دواتر کاریگەرێتیی زۆری لەسەر بەدیهاتنی گۆڕانکاریی فیکری لە ڕێبەری بزووتنەوە نەتەوەییەکەی کوردستانی عیراقدا هەبوو. چونکە ماوەیەک پاش نیشتەجێبوونی لە ئێران، بارزانی دوای ئاشنایی لەگەڵ پێکهاتەی حزبی دیموکرات دەستی دایە دروستکردنی سیستەمێکی هاوشێوە لە کوردستانی عیراقدا و بۆ ئەو مەبەستەش هەمزە عەبدوڵڵای ناردەوە عیراق. بڕیار و هەوڵدانی بارزانی، بۆ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە لە کاتێکدا بوو کە لقی سلێمانیی حزبی دیموکراتی ئێران ماوەیەک پێشتر چالاکییەکانی خۆی دەست پێ کردبوو و لەگەڵ حزبی هیوادا ڕێک کەوتبوون. بڕیارەکەی بارزانی نەکەوتە بەر پەسەندیی ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد و تەنانەت نیگەرانیشی کردن. لە کوردستانی عیراقیشدا ئەو ڕووداوە شەپۆلێکی ڕازی و ناڕازیی بەشوێن خۆیدا هێنا. هۆی ناڕازیبوونەکان ئەوە بوو ئەو کارەی بارزانی دەبووە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی کۆماری مەهاباد و حزبی دیموکرات کە، ئەرکی بەهێزکردنی

ناسیۆنالیزمی کوردیی لە هەموو کوردستاندا لەسەر شان بوو و دانی بەو سنوورانەشدا نەدەنا کە کوردستانی گەورەیان دابەش کردبوو. بەڵام بارزانی و هاوڕێکانی پێیان وابوو کوردستانی عیراق خاوەنی گرفت و کێشەی سیاسیی تایبەت بەخۆیەتی و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق هەنگاوێکی مەزن دەبێت لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کورد. بێ گومان بارزانی بۆ ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەتایبەت لە کوردستانی عیراق خۆی بەشایستەترین کەس دەزانی و هەر ئەو ڕووکردەش بووبووە هۆی ئەو بڕیارە. سەردەمی بەختەوەریی دەوڵەتە ساواکەی کوردستانی ئێران زۆری نەخایاند و یەکێتیی سۆڤیەت کاتێک گەیشت بەئامانجەکانی، وادە و بەڵێنی زۆری لە دەوڵەتەکەی قەوام وەرگرت و لە دەستکەوتنی سەرەتایی نەوتی دڵنیا بوو، لە بەرامبەر ڕقوکینەی دەوڵەتی ناوەندیدا پشتی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستانی بەردا و لە بەردەم سوپای ئێراندا بەجێی هێشتن.

ئەگەرچی هێزەکانی بارزانی بەوپەڕی ئازایەتی و بوێرییەوە بەرگرییان لە سنوورەکانی کۆماری مەهاباد کرد و بەجۆرێ لە بەرامبەر سوپای ئێراندا ئازایەتییان نواند بووە هۆی سەرسوڕمانی هەمووان، بەڵام ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد، بەمەبەستی بەرگری لە کوشت و کوشتاری جەماوەری و بەهیوای چارەسەرێکی گونجاو، فەرمانیان دا هێزی کورد شەڕ نەکەن و خۆشیان تەسلیمی هێزەکانی دەوڵەت بوون، بەڵام ئەو بڕیار و خۆ تەسلیم کردنەش نەیتوانی تووڕەیی و دوژمنایەتی شا هێور بکاتەوە و کار بکاتە سەر بڕیاری کوشتنی ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد و، لە ئەنجامدا ڕێبەری کۆمار واتە قازی محەممەد و برا و کوڕە مامەکەی بڕیاری کوشتنیان درا.

بارزانی هەوڵی زۆری دا قازی محەممەد بۆ بەرگری هان بدات. یان لەگەڵ خۆی لە ئێران بیباتە دەرەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئەنجام مانەوە. بەڕووخانی کۆماری مەهاباد، بارزانی و هاوڕێکانی جارێکی تر کەوتنەوە ناو هەلومەرجێکی تەنگژاوی، چونکە بارزانی حکوومەتی ئێران و شای بەباشی دەناسی، وێڕای هەموو ئەو پێداگرییانەی کە لەلایەن ئەوانەوە بۆ مانەوەیان و نیشتەجێبوونیان لە دەوروبەری هەمەدان، بارزانی بڕیاری چوونە دەرەوەی لە ئێران دەرکرد و لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو چارەنووسێکی نادیار وەڕێ کەوتن.

ڕەفتاری حکوومەتی عیراق لەگەڵ شێخ ئەحمەد و ئەفسەر و ئەو کەسانەی لەگەڵی گەڕابوونەوە عیراق، نیشاندەری ئاستی ڕکوکینەی ڕژێمی عیراق بوو بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی و نەتەوەخوازە کوردەکان. لەو دەمەدا بارزانی نالەبار و تەنگژاویترین قۆناخی



ڕێبەرایەتیی خۆی لە بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردی تێ دەپەڕاند. بارزانی پێی وابوو تەنیا ڕێگەچارەی دەربازبوون لە پاڵەپەستۆی پشتشکێنی بەرەی یەکگرتووی سێ قۆڵی، ئێران و عیراق و تورکیا کە بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی بارزانی دەستیان تێکەڵ کردبوو، چوون بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و پەنابەری بوو. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لەو سەفەرەدا زیاتر لە ٥٠٠ پیاوی لێهاتوو و ئازا لەگەڵ بارزانی بوون، وێڕای ئەوەی لە ماوەی ڕێپێوانەکەیاندا لەگەڵ هێزی سوپای ئێران کە بۆ بەرگری نێردرا بوون، بەرەوڕوو دەبوونەوە و لە نێوانیاندا پێکدادان دەهاتە ئاراوە، بارزانییەکان لەکاتێکدا کەمترین خەساریان لێ کەوت لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە و چوونە وڵاتێکەوە کە زیاتر لە دەساڵی تەمەنیان تێیدا ژیان.

ئەو ڕۆژەی بارزانی بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت بەڕێ کەوت، خۆی و هیچ کام لە هاوڕێکانی، نەیاندەزانی ڕۆژێک گۆڕانکارییەکانی عیراق دەبێتە هۆی ئەوەی پاش زیاتر لە دە ساڵ لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتی وڵاتەکەیانەوە بەشێوەی ڕەسمی داوایان لێ بکرێت بگەڕێنەوە وڵات و لە بەڕێوەبردنی کاروبار بەشداری بکەن و لە گەڕانەوەشدا وەک قارەمانی نەتەوەیی پێشوازییان لێ بکرێت.

پاش چوونە خاکی سۆڤیەت، بارزانی و هاوڕێکانی تێ گەیشتن کە تەنانەت وەک پەنابەرێکی سیاسیی ئاساییش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناکرێت. هۆکارێکی ڕەفتاری خراپی ڕووسەکان باقرۆف بوو کە، کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو وڵاتەی لە کورد هان دەدا، چونکە بارزانی هیچ کاتێک پێشنیاز و ئامۆژگارییەکانی ئەوی کە زیاتر لە فەرمان و دەستوور دەچوون، بەڕێوە نەدەبرد و بەئەنقەست پشتگوێی دەخستن. پاش مردنی باقرۆف بارودۆخی ژیانی کورد تا ڕادەیەک باشتر بوو. بارزانی پاش ماوەیەکی زۆر کە لە هاوڕێکانی دوورخرابووەوە دیسان پێوەندیی لەگەڵیان گرتەوە و پاڵەپەستۆیان بەڕادەیەکی بەرچاو کەم بوونەوە. ئەگەرچی تووشی هەوراز و نشێوی زۆر بوون، بەڵام بەپێچەوانەی داخوازییەکەی ڕێبەرانی حزبی کۆمۆنیست و پڕوپاگەندەی ڕادیۆ و میدیا ڕۆژئاواییەکان لەسەر ئەوەی بارزانی بووەتە کۆمۆنیست و ناسناوی (مەلای سوور)یان پێدا بوو. پاش ١١ ساڵ مانەوەیان وەک میوان، لە وڵاتێکدا کە لە ڕووی تەکنەلۆژیا و بوارە مادییەکانی تری شارستانییەوە یەکجار لە نیشتمانەکەی خۆیان پێشکەوتووتر بوو، کەچی هەرگیز ئەو دیاردانە کاریان نەکردە سەر خواست و بڕوا و ئامانجە نەتەوەییەکانیان و، نەیتوانی هەستی نەتەوایەتییان لەناو ببات. ئەگەرچی بارزانی لە وڵاتی سۆڤیەت بەئەندێشەی

مارکسیستی ئاشنا بوو و لەو ماوەدا کە لە مۆسکۆ بوو لەو بارەوە خوێندیەوە، بەڵام بڕوای بارزانی و قایمبوونی باوەڕی ئەو بەڕادەیەک بوو کە نەیدەهێشت بڕوا بەو ئەندێشانە بهێنێت. شێوەی ڕەفتار و ژیان و گوزەرانی بارزانی پاش گەڕانەوە لە سۆڤیەت ڕوونکەرەوەی ئەو ڕاستییەیە.

وێڕای دووری و ئامادە نەبوونی ماوەیەکی زۆر و درێژخایەنی بارزانی لە وڵات، لەو سەردەمەی ژیان لە ڕووسیە، هەرگیز لە زەین و مێشکی جەماوەری خەڵکدا، وەکو ڕێبەری بێ سێ و دووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد فەرامۆش نەدەکرا.

پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، هەموو توانایەکی خۆی بەکارهێنا تاکو بارزانی وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی و کەسایەتییەکی بەرچاو و لە شکان نەهاتوو لە زەینی جەماوەردا جێگیر بکات. وێڕای ئەمەش بەکاری پڕوپاگەندەی کولتووری هەوڵیدا جەماوەر بەبەردەوامی بزووتنەوە ئومێدەوار بکات. خاڵێکی گرینگیش کە نابێ فەرامۆش بکرێت ئەوەیە پڕوپاگەندەکانی حزب بۆ پاراستنی دەستڕۆیشتوویی کاریزماتیکیی بارزانی و نواندنی وێنەیەکی ئەفسانەیی و لە شکان نەهاتوو کە ڕادەی دەستڕۆیشتوویی بارزانی لەسەر لایەنگرەکانی و نیشانەی ڕادەی وەفاداریی ئەوان بوو بەبارزانی، لە ڕوانگەیەکی ترەوە ئەو هەوڵانە بەرەنجامی خراپ و بێ هیوایی خستەوە، چونکە ئەو وای نیشان دەدا کە کەسایەتیگەلێکی نەتەوەیی لەناو نەتەوەخوازە کوردەکاندا بوونی نییە و تا ڕادەیەک نیشاندەری ئەوە بوو کە حزب بەبێ ئامادەبوونی بارزانی بەمەبەستی درێژەدان بەخەبات، متمانەی بەخۆی نەما بوو و بەکورتی دەبێ بگوترێ، بەگشتی هێزە نەتەوەییەکانی حزب بڕوایان بەدەسەڵاتی کاریزماتیکی و بێ سێ و دووی بارزانی لەسەر ڕەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو قۆناخە لە مێژوودا هەبوو.

یەکەم ڕکەبەریی ئاشکرای ناوخۆی حزب لە نێوان کەسایەتییە پایەبەرزەکانی بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر لە پێکهاتەی حزبدا لە نێوان دوو گرووپی ڕکەبەری سەر بەهەمزە عەبدوڵڵا و ئیبراهیم ئەحمەددا دەستی پێ کرد و لە هەموو تەمەنی حزب و قۆناخە جیاجیاکاندا بەردەوام بوو و بووە هۆی جیابوونەوەی دەستە و گرووپی جیاجیا و دامەزراندنی حزبی نوێ.

سەردەمی سەرکەوتنی کودەتای ١٤ی جولای ١٩٥٨ و دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم، سەرەتای دەست پێکردنی قۆناخێکی نوێی بزووتنەوەی بارزانە. پاش ئەو گۆڕانکارییانە، بارزانی وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی گەڕایەوە و، ئەم سەردەمە بەیەکێک لەو سەردەمانە



دادەنرێت کە ڕێبەر و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە هەرەتی دەسەڵاتی خۆیدا بەهۆی پێوەندیی نزیک و گونجاوی بارزانی و قاسم پێکەوە، مانگی هەنگوینی نێوان ئەو دوو لایەنەیە. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا قاسم و بارزانی پێوەندییەکی نزیک و چڕوپڕ دروست دەکەن، بەڵام بەهۆی جیاوازییە بنەماییەکان لە نیەت و مەبەست و خوازیارییەکانی هەردوو لا ، پێوەندییەکان بەردەوام نەبوون.

قاسم بەهۆی دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ بارزانی دەیویست لە ڕێگەی ئەو ڕێبەر و دامەزراوەی سیاسی و سوپایی کوردییەوە، هەم زەمینە بۆ بەڕێوەچوونی دەستوور و فەرمانەکانی خۆی و سەرکوتکردنی دوژمنەکانی دروست بکات و لە کاتی پێویستیشدا بتوانێ لە مەیدانی سیاسەت بیانکاتە دەرەوە و هەم لە پاڵ ئەوەشدا بۆشایی نەبوونی پشتگیریکردنی دامەزراوەیەکی حزبیی سیستماتیک لە خۆی؛ پڕ بکاتەوە ئەمەش لە کاتێکدا بارزانی پێوە بوو بەهۆی ئەو هەلومەرجە گونجاوەوە و هەروەها بەهۆی پێوەندییە دۆستانەکەی قاسم لەگەڵ سۆڤیەت و نزیکایەتیی خۆی لەگەڵ ڕێبەرانی سۆڤیەت، زەمینە بۆ قایلکردنی قاسم بۆ پشتگیریی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد خۆش بکات، ئەگەرچی قاسم لە سەرەتای حکوومەتەکەیەوە بەڕاگەیاندنی یەکسانی و برایەتیی دوو نەتەوەی کورد و عەرەب دانی بەهەبوونی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد لە ناو پێکهاتەی حکوومەتی عیراقدا نا و، لە یاسای بنەڕەتیی حکوومەتەکەیشیدا بەئاشکرا بەندگەلێک سەبارەت بە لە بەرچاوگرتنی مافی کورد و بەشدارییان لە کاروباری حکوومەتیدا گونجێندرا بوو، بەڵام ئەو برایەتی و یەکسانییە لە کردەوە و لە کاتی دابەشکردنی بنەماکانی دەسەڵاتدا نەچەسپا ، بەو هۆیەشەوە پێوەندییەکانی نێوان قاسم و بارزانی تێک چوو لە ئاکامدا وڵاتی عیراق و کوردستان جارێکی تر بووەوە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە، کێشەکەش تا مردنی قاسم درێژەی هەبوو. قاسم هەوڵی دەدا بەپڕوپاگەندەکانی خۆی جەماوەر فریو بدات کە بزووتنەوەی بارزانی لەلایەن ئیمپریالیزمی جیهانییەوە پشتیوانی دەکرێت تا بەم شێوەیە بەسەر کێشە و کەمایەسییەکاندا زاڵ بێت و بەبەستنەوەی ناکارامەییەکانی خۆی بەدەرەوەی وڵاتەوە، پەردە بەسەر تاوانەکانی خۆیدا بکێشێت. ئەمەش لە کاتێکدا کە پشتیوانیی ئەمریکا لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد چونکە دەبووە هۆی نارەزایەتیی دوو وڵاتی ئێران و تورکیا بەرامبەر ئەمریکا ، ڕێگەی نەبوو و دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو.

کودەتای ٨ی فێڤرییەی ١٩٦٣ و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکانەوە،

ڕۆژانێکی سەخت و دژواری بەخەڵات بۆ بزووتنەوەی کوردی پێ بوو. ئەگەرچی بەعس سەرەتا بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەیان وادە و بەڵێنی فرە و فراوانیان بەکورد دا، کە بەرەبەرە لە ئاژاوە و پێکدادانی سوپایی بەرگری بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا خوێنڕێژ و کەڵلەڕەقترین دوژمنی کورد بوون. لە ماوەی چواردە ساڵەی حکوومەتی بەعسی پاش ڕووخانی قاسم تا پەیمانی جەزایر، لە چوار کودەتادا، چوار دەوڵەت لە عیراق دەسەڵاتیان گرتە دەست. پێوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی بارزانی و حکوومەتە بەعسییە دەسەڵاتدارەکانی عیراق هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوە بینی، جاروبار ئەو پێوەندییانە تا ئەو ڕادەیە دوژمنانە بوون کە لە چەندین قۆناخدا بوونە هۆی دروستبوونی کوشت و کوشتارێکی زۆر و بەڕێوەچوونی سیاسەتی (ژینۆساید) دژی گەلی کورد و جاری واش بوو هەردوو لا سیاسەتی سەبر و لێبووردنیان دەگرتە بەر و، وتووێژیان دەکرد و تەنانەت پەیماننامەگەلی نوێ و گرینگیان پێکەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان ئیمزا دەکرد. وێڕای دوژمنایەتیی بەعس و نەتەوە خوازە کوردەکان، کێشەی بەرچاوی تریش لە بزووتنەوەکەدا خۆی دەنواند. دیارترین گرفت جیاوازیی بیروڕای ڕۆشنبیران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بارزانی بوو.

یەکێکی تر لەو حزب و دامەزراوە بەرچاوە سیاسییانەی لە ٤٠ و ٥٠کاندا چالاکانە لە کاروباری سیاسیی عیراقدا بەشداریی دەکرد و لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستاندا پێوەندیی هەبوو، حزبی شیوعیی عیراق بوو. چۆنێتیی پێوەندیی حزبی شیوعیی عیراق وەکو حزبەکانی تر لەژێر کاریگەرێتیی ئایدۆلۆژیی مارکسیسمدا بوو و بەگوێرەی بەرژەوەندییە سیاسی و ستراتیژییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، پێوەندیی ئەو حزبە لەگەڵ حزب و لایەنەکانی تردا گۆڕانکاری بەسەردا دەهات. هەر کاتێک حکوومەتی عیراق بەنیاز بوو کە پێوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا نزیک بکاتەوە، دەبوو حزبی شیوعیی عیراق چاوەڕوانی دژەکردەوەی خراپی حکوومەت بووبوایە، ئەوەش وای دەکرد حزبی ناوبراو بەسوودی پارتی دیموکرات هەڵوێست بگرێت. بەڵام هەرکاتێ پێوەندییەکانی عیراق و سۆڤیەت ڕوو بەباشی دەچوو، حزبی شیوعی دەکەوتنە بەر لوتف و مەرحەمەتی حکوومەتی عیراق و ڕێبەرانی ئەو حزبە لەخۆبایی دەبوون و لە پشتگیرییەکانی خۆیان سەبارەت بەپارتی دیموکراتی کوردستان پەژیوان دەبوونەوە. پارتی دیموکراتیان لە بەردەم حکوومەتدا بەجێ دەهێشت و دەکەوتنە دژایەتی کردنیان. جاری وا هەبوو ئەو ناکۆکییانە دەبووە هۆی بەرەوڕووبوونەوەی چەکدارانەی هەر دوو حزبەکەش.



لێکدانەوەی مێژووی بزووتنەوەی بارزانی ئەوە ئاشکرا دەکات کە لە هەندێ قۆناخی ناسک و هەستەوەری مێژووییدا، حکوومەتە دەسەڵاتدارەکانی عیراق بەکەڵک وەرگرتن لە بارودۆخ و کەش و هەوای ئاڵۆز و نادیاری ناوخۆیی بزووتنەوەکە و ساردبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان بارزانی و لایەنە ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکەی حزب کە زۆربەیان سەر بە چینی ناوەنجی و شارنشین و بەوتەیەکی تر وردەبورژوازی نوێی کوردستان بوون، توانیویەتی دوولایەن بەرەوڕووی یەکتری بکات و ڕەوتی ئاژاوەنانەوە و ئاڵۆزییەکان خێراتر بکاتەوە.

ڕۆشنبیر و لایەنە چەپخوازەکە بەهۆی لێکدانەوەی ناواقیعییەوە، ڕادەی برەو و دەسەڵاتی کاریزماتیکیی بارزانییان لە نێو جەماوەری عەشایەر و خەڵکی لادێ و تەنانەت جەماوەری شارنشین بەهەند نەدەگرت و هەوڵیان دەدا بەکەم ڕەنگ نیشاندانی پێگەی بارزانی وەک ڕێبەری بێ سێ و دووی بزووتنەوەکە ئەزموونێکی فراوانی لە شەڕی پارتیزانی و پێشمەرگایەتیدا هەبوو، بڵێن دەور و دەسەڵاتی ئەو بۆ ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەکە، بەکۆتایی هاتووە و بەو شێوە لە مەیدانی سیاسەت و ڕێبەرایەتی دەری بکەن.

شێوەی لێکدانەوە و شیکارییەکانی ئەو لایەنە لەسەر ڕادەی دەستڕۆیشتوویی و متمانە پێکراوی بارزانی، لایەنی ناوبراوی بەلاڕێدا برد و بێ متمانەیی هەردوو لای بەیەکتری زیاتر کرد. ساڵی **١٩٦٦** لە جێگەی سەرۆکە نەخوێندەوار و مەقامپەرست و تەفرەدراوە عەشایرە کوردەکان، خۆیان کەوتنە بەرەی ڕکەبەر و دژکاری بارزانییەوە و، چوونە ڕیزی پێشەوەی شەڕی دژی شۆڕشی بارزانی لە سەنگەری بەعسییەکاندا. ئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە و ئاشتبوونەوەی بەعس و بارزانی بووە هۆی قوربانیبوونی ئەو ڕۆشنبیرانەی بەگەشبینی و بەهیوای نابووتکردنی بارزانی دەستیان خستبووە ناو دەستی دوژمن و ئەمەش ڕوونی کردەوە کە ڕۆشنبیرەکان تا چ ڕادەیەک لە لێکدانەوەکانیاندا لەمەڕ دەسەڵات و ڕەوایی بارزانی لە ناو پێشمەرگەی کورددا بەهەڵەدا چوون. هەڵبەت ئەو هەڵە سیاسییە کە بووە هۆی کەمبوونەوەی ڕەوایی و متمانەپێکراویی لایەنی ناوبراو، لانی کەم بۆ ماوەی دە ساڵ، جگە لەوەی خەسارێکی گرانی گەیاندە پێکهاتەی دەسەڵاتی حزب.

پێویستە بگوترێ، بارزانی ڕێبەرێکی سیاسیی وردبین، زیرەک و وشیار بێت، فەرماندەیەکی بوێر و خۆڕاگر و خاوەن خوو و ڕەوشتی پاڵەوانی بوو، هەر بۆیە لە

لێکدانەوەی لایەنی کەسایەتیی تایبەتیدا، لایەنی فەرماندەیی و لێهاتوویی سەربازییانەی ئەو زیاتر لە لایەنەکانی تر خۆ دەنوێنێت تێڕامانێکی خێرا لەسەر هەلومەرجی ئاشتبوونەوەکەی ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ڕژێمی عیراق و لێکدانەوەی بۆچوون و هەڵوێستەکانی بارزانی و دەرخستنی هۆکارەکانی دەستپێکردنەوەی شەڕی ناوخۆیی لە عیراق یارمەتیمان دەدات تا لە ڕادەی توانای سیاسی، یان خاڵی لاوازی کەسایەتیی باڵای بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عیراق تێ بگەین. ڕەخنەگرییەکی تر لە بارزانی ئەوەیە کە، بارزانی زۆر گەشبینانە هیوای بەپشتیوانی کردنی بزووتنەوە لەلایەن دەسەڵاتە دەرەوەییەکانەوە هەبوو و زۆر متمانەی پێ دەکردن.

ئەوەی ڕاستی بێت دەسەڵاتە گەورەکانی جیهان لە داڕشتنی سیاسەتی نێونەتەوەیی و ستراتیژیی پێوەندیی دەرەوەیی خۆیاندا تیۆری واقیعگەرایانەیان لەبەرچاو دەگرت و هەموو شتێکیان لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیاندا دەبینی. بەپێی تیۆرییە واقیعگەرایانەکەی مۆرگنتا، سیاسەتی نێونەتەوەیی بریتییە لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکان، کە دەبێ بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش لایەنی ئەخلاقی لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا بخرێتە لاوە. لە پرۆسەی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکاندا هەڵسوکەوتی حکوومەتەکان لەگەڵ هەڵسوکەوتی تاکەکانی کومەڵگا جیاوازە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەستەبەرکردنی بەژەوەندییە نەتەوەیییەکان دیاری دەکات. بارزانی لە پێوەندیی و متمانەکردن بەدەسەڵاتە زلهێزەکانی جیهان زۆر گەشبینانە مامەڵەی دەکرد. هەڵسوکەوتی بارزانی لەو زەمینەیەدا و ڕادەی متمانە پێکردنی بەو دەسەڵاتە گەورە جیهانییانە و ئومێدەواربوونی بەپشتیوانی کردنی ئەوان هەندێ جار بەڕادەیەک بوو کە بەڵێنی بەلایەنێکی زلهێزی جیهانی دەدا ئەگەر پشتیوانیی بزووتنەوەکەی بکەن ئەوا، کوردستان دەکاتە ویلایەتێکی سەر بەوڵاتەکەی ئەوان، (سۆڤیەت و ئەمریکا ) و لە بەردەم ڕۆژنامەنووسانی ئەو وڵاتانەدا کە بەجاسووسی دەوڵەتەکەی خۆیانیان دەزانی بەئاشکرا ئەوەی ڕادەگەیاند.

ئەگەرچی هەوڵەکانی بارزانی لەلایەکەوە دەکرێ بەهەوڵی چاک، بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی دەوڵەتان لە بزووتنەوەی کوردی بێنە ئەژمار و بەئاشکراکەری ڕادەی دەرک لە کاریگەریی دەسەڵاتی جیهانی لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بزانرێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە نیشاندەری ئەوەیە ئەو متمانەیە تا ڕادەیەک زاڵ بێت کە پشت بەپشتیوانیی ماڵی و سەربازیی وڵاتە زلهێزەکان و بەتایبەت ئەمریکا ببەستێت.



پێویستە لە بیر نەکرێت کە بارزانی ڕۆحی مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتیی هەبوو و لەسەر بەڵێن و بڕیارەکانی خۆی دەوەستا و چاوەڕێی ئەوەشی نەدەکرد لایەنە بەرامبەرەکەی پەیمان شکێنی بکات. واتە: بارزانی زەینییەتێکی ئەخلاقی هەبوو و پێی وابوو وڵاتە دەسەڵاتدارەکانی جیهان لە پێناو پشتیوانی لە بزووتنەوە خەڵکی و جەماوەرییەکاندا پابەندی بەڵێنی ئەخلاقی دەبن. لەوانەیە بارزانی پاشتر زانیبێتی ئەوەی لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان و لە دیدی دەسەڵاتە گەورەکانەوە گرینگیی پێ دەدرێت باری پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی خۆیانە، نەک ڕەچاوکردنی لایەنی ئەخلاقی و پشتگیریی بزووتنەوە خەڵکی و جەماوەرییەکان، با ڕێبەری ئەو بزووتنەوانەش گەشبینانە پشت بەیارمەتی و پشتیوانیی ئەوان ببەستن.

ڕاستە کە دەسەڵاتە گەورەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە سەردەمی شەڕی سارددا بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتی عیراقدا، جاروبار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتیوانیی بزووتنەوەی بارزانییان دەکرد، بەڵام ئەو پشتیوانی و یارمەتیدانانە هەرگیز بەو ڕادەیە نەبوون ببنە هۆی بەهێزبوونی تەواوەتیی بزووتنەوەکە، یان نابووتیی دەسەڵات و دەوڵەتی عیراق. بەکورتی دەسەڵاتە گەورەکان لە سەردەمی شەڕی ساردا وەکو کەرەستەیەک بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر حکوومەتی عیراق، کەڵکیان لە کورد وەردەگرت و کاتێک دەگەیشتنە مەبەستەکانی خۆیان بزووتنەوەیان لە بەردەم هێزەکانی حکوومەتی عیراقدا سەر دەبڕی.

هەنووکە، پاش سێ دەیە دوای کۆچی ژەنەراڵ بارزانی بۆ دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی هەوڵ و تێکۆشانەکانی ئەو پێویستە بەدیدێکی واقیعگەرایانە و زانیارانەوە وەک هەموو ڕێبەرایەتی گەورەی جیهانی، هەموو لایەنە نیگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ژیانی خەباتی سیاسیی ئەو لەبەرچاو بگیرێت و لێک بدرێتەوە.

ڕاستییەکی تریش ئەوەیە بارزانی لە ماوەی خەباتی سیاسی- چەکداریی خۆیدا دژی ڕژێمی عیراق، توانیی بزووتنەوەکە لە ڕکەبەرییەکی هۆزی و عەشیرەیی بەرەو ئاستی خەباتی نەتەوەیی بە مەبەستی وەدەستخستنی مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەی کورد هەڵبکێشێت و، بەردەوامبوونی لەسەر خۆڕاگری و بەرخودان، پاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٥ و پاڵدانی بەڕێبەرانی کۆماری مەهاباد و پشتیوانی کردنیان، بزووتنەوەکەی خۆی لە سنوورەکانی عیراق کێشایە دەرەوە و لە بەشەکانی تری کوردستاندا ڕەواییبوون و ناوازەیی خۆی چەسپاند.

گۆڕانکارییەکی بەرچاوی تر کە بارزانی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عیراقدا هێنایە ئاراوە ئەوە بوو کە توانیی بزووتنەوەکە بەجیهانی بکات، واتە ئەو کاتەی لە ڕووباری ئاراس پەڕییەوە و چووە ناو خاکی وڵاتی سۆڤیەت، سەرنجی زۆربەی ڕۆژنامە و میدیا جیهانییەکان و سیاسەتڤانە گەورەکانی بەرەو بزووتنەوەی کورد ڕاکێشا، لەوە بەدواوە هیچ کەسێک نەیتوانی لە بەجیهانی بوونی کێشەی کورد گومان بکات. بەکورتی دەکرێ بڵێین بارزانی لە ناساندنی کێشەی کورد بەجیهاندا سەرەکیترین دەوری هەبوو.

ڕێبەرێکی سیاسی و ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد لەو بارەیەوە وتوویەتی: «ئەوەی کە خوێندەوارەکان تێی نەگەیشتن، ئەوەی سیاسەتڤانەکان دەرکیان نەکرد، ئەوەی منیش زۆر جار پێم نەزانیوە، ئەوەیە بارزانی تەنیا کەسێک بوو کە توانیی ئەو گەلە بچووکەی کوردی لادێ و ئەو جەماوەرە دواکەوتوو و نەخوێندەوارە- لەگەڵ ڕێبەرایەتیی سیاسیی بزووتنەوەی کوردیدا یەک بخات و لە نێوانیاندا پێوەندی دروست بکات.»

ئەمە داوەریکردن و نرخاندنێکی زیرەکانە و ڕاستی ڕۆشنبیر و لە ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕی کورد و بایەخێکی زۆریشی هەیە. ئەوی ڕاستی بێت بارزانی چ لە ڕووی کاتی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عیراق و چ لە ڕووی ڕادەی ناوبانگ و ناوازەیی و ڕەواییبیەوە لەناو جەماوەری خەڵکی کوردستانی عیراقدا، ناتوانرێ لەگەڵ هیچ کام لە ڕێبەرانی ئەو گەلەدا بەراورد بکرێت و لەو ڕووەوە لە هەمووان سەرترە. ئەمڕۆ کە بارزانی کۆچی دوایی کردووە و چووەتە ناو مێژووی ئەو گەلەوە، بەچاوگێڕانێک بەسەر کردەوە و چالاکیی حزبە سیاسییە کوردییەکاندا کە لە پێگەی بەرگریکارانی مافەکانی گەلی کوردەوە چالاکی دەکەن، بەتەواوی ئەو بانگەشەیە دەسەلمێنێت.

لە سایەی هەوڵ و تێکوشانی بارزانییەوە، دەسەڵاتی هەرێمە ئازادکراوەکەی کوردستان بەهەموو کەموکووڕی و کەمایەسییەکانییەوە بووەتە نموونە و سەر چەشنێکی باش و گونجاو و لەم دە ساڵەدا، وێڕای هێرشی قورسی سوپای عیراق بۆ سەر کوردستان توانیویانە بەڕێوەبەرایەتییەکی ناوخۆیی چالاک بەدی بهێنن و ئەمڕۆکە بەو هۆیەوە بتوانرێ شێوە هزرکردن و هەڵسوکەوتی ڕێبەران و سەرۆک و دەسەڵاتدارە کوردەکان بەرامبەر ڕژێمی عیراق و چالاکی بۆ دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد و بەدەستهێنانی فیدرالیزم یان دامەزراندنی حکوومەتێکی سەر بەخۆ بەڕووکردێکی کوردانەوە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

ڕوویەکی تری ژیان و کەسایەتیی بارزانی، لە ژێر کاریگەرێتیی هەندێ بڕیار و کردەی



سیاسیی ئەودا، هەندێ لایەنی ژیانی سیاسیی ئەو دەخاتە ڕوو. ئەو هەڵسوکەوت و هەوڵدانانەی بووە هۆی ئەوەی ئەو هەموو مەزنایەتی و گەورەیی بارزانی کە لە ساڵانی خەبات و شەڕدا بەدەستی هێنا بوو، بکەوێتە ژێر پەردەیەکەوە و بەشێک لە ژیانی پڕ هەوراز و نشێوی بکشێتە ناو تەمومژەوە و ڕۆڵ و کاریگەرێتیی بێ سێ و دووی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە زەینە کونجکۆڵ و پرسیارگەرەکاندا نیشانەی پرسیاری لە بەردەم دابنرێت. ئەو پرسیارانەش بریتین لە: چ هۆکارێک بوو وایان کرد بارزانی، لە پڕ کۆتایی خەباتەکەی ڕاگەیاند و وازی لە چالاکی هێنا؟ هێنانە ئارای هەندێ هۆکاری وەک تەمەنی بارزانی، ماندوو بوون و تەنیایی گەلی کورد، دەستبەردانی ئێران لە کورد، مەترسیی نابووتیی گەلی کورد؛ ئەگەرچی بانگەشەگەلێکی ڕاستن، بەڵام وەڵامی هەموو پرسیارەکان نین. ئەگەر بارزانی تا دوایی درێژەی بەشەڕ و خەبات بدایە، یان شەهید بووبوایە، یان ئەرکی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکەی بەیەکێک لە کوڕەکانی خۆی یان کۆمەڵێ لە هاوبیر و متمانە پێکراوەکان بسپاردایە، بێ گومان بیروڕای ڕەخنەگران و توێژەران پاش نکسۆی ١٩٧٥ زیاتر بەسوودی بارزانی دەبوو.

بابەتێکی بەرچاوی تر پشکنینی ئەو پرسیارەیە ئاخۆ، بارزانی کە هێزێکی سوپایی گرینگی لە بەردەستدا بوو، بۆچی شەڕی نەکێشایە ناوچەکانی تری عیراق و بەرەی شەڕی زیاتری بۆ خەریککردنی ڕژێمی عیراق دروست نەکرد؟ بارزانییەکان زیاتر لە شێوەی شەڕ کردنی قەڵایی کەڵکیان وەردەگرت و بەچاو گێڕانێک بەسەر مێژووی خەباتەکەیاندا دەردەکەوێت کە پێشمەرگەکانی بارزانی ئەگەرچی لە شەڕی پارتیزانی و پێشمەرگایەتی و لە شاخدا یەکجار ئازا و لێهاتوو بوون و دەیانتوانی ئەو دوژمنەی کە لە دەشتەکانەوە هێرشیان دەکاتە سەر تێک بشکێنن، بەڵام ئاشنای شێوەکانی تری شەڕ نەبوون و نەیاندەتوانی بەباشی کەڵک لە هەلومەرجەکان وەربگرن. گەورەترین هەڵە لە شەڕی بارزانییەکاندا ئەوە بوو کە هیچ کاتێک شەڕەکەیان نزیکی ناوەندی عیراق نەکردەوە، لە کاتێکدا کە ماڵ و حاڵی کورد بەهۆی بۆمباران و برسێتییەوە یەکجار شپرزە بوو و هێز و بڕستیان بڕابوو، جەماوەری دانیشتووی بەغدا بەوپەڕی ئاسایشەوە بۆ خۆیان دەژیان. خاڵێکی تری بارزانی ئەوە بوو کە ڕووکردێکی کلاسیکی بەنیسبەت شەڕکردنەوە هەبوو. هیچ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، چەندەش بەهێز بێت ناتوانێ لە بەردەم سوپایەکی مۆدێرندا خۆی بگرێت کە لە ڕووی هێزی ئینسانی و چەک و کەرەستەی شەڕەوە چەندە ئەوەندەی ئەو بەهێزە.

پێداگریی بەرپرسانی پایەبەرزی بزووتنەوەی کوردستان و بەرگریکردن لە سنوورە مەعریفییەکانی خۆیان لەسەر شێوازە بەسەرچووەکان، هەڵەیەکی گەورە بوو کە بەرەنجامگەلێکی ڕووخێنەر و کارەساتباری لێ کەوتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە جەماوەری کورد واتە ١/٤ جەماوەری عیراق پشتگیریی بارزانییان دەکرد، بارزانی دەیتوانی خەباتێکی بەربڵاوی گشتگیر لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی عیراقدا ڕێبەرایەتی بکات، کە بڕستی تانک و تۆپ و فڕۆکەکانیش ببڕێت.

هەرچەندە بەڵگەی خودی بارزانی بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربڵاو و گشتگیر بکاتەوە و سەرلەبەری وڵاتی عیراقی پێ بتەنێتەوە ئەوە بوو: «ئێمە بڕوامان بەکاری تیرۆریستی نییە و دژ بەکوشتنی جەماوەری ئاسایی خەڵکین». ئەو بۆچوونە لەمەڕ شەڕکردن لە تایبەتمەندی و خووی پاڵەوانی و ئەخلاقی بارزانی و پرۆسەی شێوەی ژیان و بەرهەمی جوامێری و لێبووردەیی بارزانی بوو.

پرسیارێکی تر ئەوەیە چۆنە بارزانی هەوڵی ڕووخاندنی یەکسەری ڕژێمی نەدەدا یان یەکسەر بڕستی نەدەبڕی؟ بۆ نموونە بۆ پێشمەرگەکانی هێرشیان نەدەکردە سەر بنکە نەوتییەکانی کەرکووک؟

هەر کام لەو هۆیانەی سەرەوە بووبێتە بەربەست لە بەرامبەر هێرشی کورد بۆ سەر بنکە نەوتییەکانی کەرکووک، خاڵێکی لاوازی بزووتنەوەکە دەردەخات کەچی بزووتنەوەکە بەو هۆیەوە دەیتوانی دەماری ڕژێمی عیراق بگرن و تەنگی پێ هەڵچنن. هەڵبەت لەوانەشە بەهۆی گرینگی و بایەخی ئەو بنکە نەوتییانەوە، هەوڵی پارێزگاریکردنیان لەلایەن ڕژێمەوە بەئەندازەیەک بووبێت نەتوانرابێ هێرش بکرێتە سەریان و لەم ڕووەوە خەباتکارانی کورد کەمتر بەرپرسیار دەبنەوە.

بارزانی بە تەسککردنەوەی مەیدانی شەڕ و خەبات بۆ ناو سنوورەکانی کوردستانی عیراق، بنەمای ڕێسا و سوننەتێکی دارشت کە سیاسەتڤانانی پاش خۆی، واتە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی عیراق و تورکیا و... هەر لەسەر ئەو شێوازە ڕۆیشتوون و مەیدانی خەباتیان بەرتەسک کردووەتەوە و تەنیا لەو بەشەی کوردستاندا چالاکی دەکەن کە خۆیانی لێوە هاتوون.

# پێڕست

## پێشەکی


پاژی یەکەم – تێڕامانێکی کورد لەسەر مێژووی کورد ........ 17
پاژی دووەم – لێکدانەوەی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کوردی ........ 41
پاژی سێیەم – کاریگەرێتیی شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر بارودۆخی کوردستان ........ 67


## بەشی سەرەکی


پاژی یەکەم – کورتە باسێک لە مێژووی بزاڤی بارزان پێش مەلا مستەفا ........ 105
پاژی دووەم – دەرکەوتنی مەلا مستەفا بارزانی لە گۆڕەپانی خەباتدا ........ 133
پاژی سێیەم – بارزانییەکان و کۆماری کوردستان ........ 177
پاژی چوارەم – ڕاپەڕینی بارزانی لە شکستی کۆماری کوردستانەوە تا کودەتای ١٤ی جولای ١٩٥٨ ... 215
پاژی پێنجەم – بارزانی لە سەردەمی حکوومەتی کۆماریدا ........ 245
پاژی شەشەم – بارزانییەکان و ڕژێمی بەعس ........ 291
پاژی حەوتەم – پەیماننامەی جەزایر و بزووتنەوەی بارزانییەکان ........ 381
پاژی هەشتەم – بزووتنەوەی بارزانی و ستراتیژیی زلهێزە جیهانییەکان لە کوردستانی عیراقدا ...... 403
ئەنجام و داهاتوو ........ 435